# دەروازەیەك بۆ

# شارستانیەتی ئیسلامیی

# دەروازەیەك بۆ
# شارستانیەتی ئیسلامیی


د. عیمادەدین خەلیل

وەرگێڕانی: ئەحمەد حسێن

# دەروازەیەك بۆ
# شارستانیەتی ئیسلامیی


لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە ( ٦٧ )

- وەرگێڕانی:ئەحمەد حسێن
- بابەت:لێکۆڵینەوە
- دیزاین:ڕەوشت محەمەد
- چاپیەکەم. ٢٠١٨ ـ ناوەندی ڕێنوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٥٧٤ )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.



سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆك


سەرەتا.......................................................... ٧

پێشەكی.......................................................... ١٤

**بەشی یەكەم: بنەماكانی شارستانیەتی ئیسلامیی** .............................. ٢٢

یەكەم: گۆڕانكاریی لە بۆچوون و بیروباوەڕدا:.............................. ٢٤

دووەم: گۆڕانێكی زانستی:.............................. ٣٠

سێهەم: گۆڕانكاریی لە میتۆد و ئامانجدا: .............................. ٣٤

**بەشی دووەم: گەشەی شارستانیەتی ئیسلامیی**.............................. ٩٢

دەرئەنجام .............................. ١٠٢

ئەركەكان.............................. ١٥٩

پوختەی ئەركەكانی شارستانیەتی ئیسلامی .............................. ١٧٤

**بەشی سێیەم: دارمانی شارستانیەتی ئیسلامیی** .............................. ١٧٩

١ـ كشانەوە لە جیهاد و بێبایەخ ڕوانین بۆ فەرمان بە چاكە و ڕێگریی كردن لە خراپە:.............. ١٨٧

٢ـ لاوازبوونی واتای یەكتاپەرستی و دزەكردنی شیرك و گومڕایی: .............................. ١٩٠

٣ـ زۆرەملێی سیاسیی: .............................. ١٩٢

٤ـ كەرتبوون و ترازانی نێوان هەردوو سەركردایەتی (فیكری و سیاسی):.............................. ١٩٧

٥ـ لوتبەرزی و ملهوڕی خێڵ و ناوچەگەریی و ڕەگەزپەرستی بەسەر ماناى گەلدا: .............................. ٢٠٠

٦ـ ستەمی كۆمەڵایەتی:.............................. ٢٠٣

٧ـ خۆشگوزەرانی و زیادەڕۆیی:.............................. ٢٠٦

٨ـ سستبوونی ڕەوشت و سلوك: .............................. ٢٠٩

٩ـ گەندەڵی كارگێڕیی:.............................. ٢١٤

١٠ـ مەزهەب و مەزهەبگەرایی: ........................................................ ٢١٥

١١ـ زێدەڕۆیی و توندوتیژیی: ........................................................ ٢١٨

١٢ـ زاڵبوونی دیاردەی هیواخواستن: ........................................................ ٢٢١

١٣ـ بڵاوبوونەوەی سۆفیگەرێتیەکی لادەر و بیدعە و ئەفسانە و خورافات: ........................................................ ٢٢٢

١٥ـ نەمانی زانست و بڵاوبوونەوەی نەفامیی: ........................................................ ٢٢٧

١٦ـ ململانێی نێوان (ثنائیات) دوانەکیەکان: ........................................................ ٢٢٩

١٧ـ مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ ئەزموونی ئەوانی تردا: ........................................................ ٢٣١

١٨ـ خراپ بەکارهێنان و دانەنانی شتەکان لە شوێنی خۆیدا: ........................................................ ٢٣٢

١٩ـ کات بەفیڕۆدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا: ........................................................ ٢٣٤

٢٠ـ هەڵەی سەرکردە ئیسلامیەکان لەو دواییانەدا: ........................................................ ٢٣٥

٢١ـ هۆکارە دەرەکیەکان: ........................................................ ٢٣٨

**بەشی چوارەم: ئێستا و داهاتووی شارستانیەتی ئیسلامیی** ........................................................ ٢٤٢

یەکەم: ڕەوشی فکریی: ........................................................ ٢٦٢

دووەم: ڕەوشی ڕۆشنبیریی: ........................................................ ٢٧٨

سێهەم: ڕەوشی زانستی: ........................................................ ٢٩٠

چوارەم: ڕەوشی شارستانیەت: ........................................................ ٢٩٨

سەرچاوەکان ........................................................ ٣٢٩

# سەرەتا

بەناوی خوای خالق و بەدیهێنەری هەموان، ئەوەی کە مرۆڤەکانی ئافراندووە لە خاك و قوڕ و هەر شتێکی تر، بەو ڕۆحەی کە داویەتی بەو جەستەیە، ژیانی بۆ سازاندوین، تاکە وزە و سەرچاوەی ژیانە بۆ هەمووومان، هەموان دروستکراوی دەستی ئەوین، بۆیە ڕەفتارمان دەبێت مرۆڤانە بێت، ئەوەی کە لەمڕۆدا بەڕەهایی لە سەرجەم کۆڕ و ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و چی و چیەکانی تردا بوونی هەر نیە، ڕوانینمان بۆ ئەویتر، دەبێت مرۆڤانە و برایانە بێت، برا لە خاکدا، لە ڕۆحدا، لە مرۆڤبووندا، هەر لەو زەویەدا تێکڕای شارستانیەتەکان هێز و وزەیان لە ئاسمانەوە پێدراوە، هەر لەو زەویەدا پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) پەیامەکانیان گەیاندوتە گەل و هۆزەکانیان.

لێرەدا دەبێت وردتر لە واتای زەوی بڕوانین، ئەوەی کەوا هۆکاری ژیانە بۆ هەموان، بەبێ جیاوازیی ئاین و نەژاد، پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) پەیامی گفتوگۆی ئاشتی و بەختەوەرییان هێناوە بۆ مرۆڤەکان، چونکە ئەوان لە یەك ماڵدا تێگەیەنران و پێگەیەنران، کە ماڵە گەورەکەمان بوو، ماڵی زەوی.

بوونی ئەو ڕۆحیەتە لەمڕۆدا کە سەرجەم گەلانی دونیا بانگەشەی بۆ دەکەن، گفتوگۆ، لێکگەشتن و لێکنزیکبوونەوەیەیە، نزیکبوونەوەی ڕۆشنبیری (نەك شارستانیەت) سایە بەخشە، چونکە لێرەدا هەمە شارستانیەت بوونی نیە، بەڵکو هەمووی یەك شارستانیەتە، ئەوەی کە جیاوازە لەو نێوەندەدا ڕۆشنبیری مرۆڤەکانە، هەر ڕۆشنبیری مرۆڤەکانیشە شارستانیەتەکانی دەوڵەمەند و بونیات ناوە، شارستانیەت بەرهەمی هەوڵی مرۆڤەکانە، ئەوان برەویان بەوە داوە، هەر شار و شوێن و ئاوەدانیەك، بە تەنها مەسیحی، یان یەهودیی، یان موسڵمان، یان عەلمانی، بونیاتی نەناوە، بەڵکو مرۆڤ بونیاتی ناوە، ئەوانەش هێمای

شارستانیەتێکن کە مرۆڤەکان پێکەوەیان ناوە، هەموان یەك شارستانیەت بونیات دەنێن، بەنێوی شارستانیەتی (مرۆڤایەتی)، بۆیە دەبێت بیرۆکەی (ململانێی شارستانیەت)ەکان بە ڕەهایی ڕەد بکرێتەوە، چونکە شارستانیەت لەو گەردوونەدایە کە نەك هەمە شارستانیەت، بەڵکو ڕۆشنبیری مرۆڤەکان هەمەجۆرە و جیاوازە.

پرسیارەکە لێرەدایە ئەوەیە ئایا ڕەوتی شارستانیەت لەگەڵ کێ و کەی ناتەبایە؟ ناتەبایە لەگەڵ نەزانیدا، لەگەڵ ترس و تۆقاندندا لەگەڵ پاشکۆیی و دواکەوتووییدا، بەڵام مرۆڤی ژێر هەرچی و چۆن بێت، ئاین و ڕۆشنبیری ئەو پێ بەپێ هەماهەنگە بۆ بونیاتنانی شارستانیەتێکی مرۆڤایەتی.

کاتێك مرۆڤەکان گەشتنە سەر مانگ، ناسنامەی ئەوان هەمەجۆر بوو، تەنها ئەمریکی، یان سوڤیەتی نەبوو، بەڵکو ئەوان ناسنامەکەیان ئەوروپی، ئیتالی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، بەلجیکی، عەرەبی بوو، ئەوان تێکڕا ئەو شارستانیەتەیان بوونیات نا بۆ ئەوەی بگەنە سەر مانگ.

دەبێت جارێکی تر چاو بگێڕینەوە بە واتا یان دەستەواژەی (ململانێی شارستانیەت)، چونکە ئەوە خۆی لەخۆیدا مەترسیە، ڕەوتی شارستانیەت بە دابڕین و وەلانانی ئەوانی تر لار و لاسەنگە، ئەوەی کە بووە و هەیە، دەساوی مرۆڤەکانە بەتێکڕا، ئەوانەی وا هەرەمەکانی میصر، یان بورجی لیزایان بوونیاتنا، باپیرانی ئێمە بوون، هاوکات هەر باپیرانی ئێمە هەرەمەکانی (شیلی)یان بونیاتنا، کەواتە: شارستانیەت هەر یەك شتە.

خاڵێکی تر دەبێت لەسەری ڕاوەستین: ئایا شارستانیەت (دین) ئاینی هەیە؟ یان شارستانیەت بەرهەمی ڕۆشنبیری مرۆڤەکانە؟ دواتر ئاین ئاوێزانی دەبێت و بە ئەخلاق و بەهاداری دەکات؟

شیاوە بوترێت شارستانیەتێك نیە بەناو شارستانیەتی ئیسلامی، یان مەسیحی، یان یەهودی، بەڵکو ئاین، شارستانیەت بە بەها و ئەخلاقدار دەكات، ئێمە شارستانیەت بونیات دەنێین، دەساوی مرۆڤە، بەڵام ئاین دانان و دەسكردی خودایە، بۆیە دەبێت شارستانیەت تایبەت نەكرێت بەیەك نەژاد و یەك ناوەوە، هەموان پشكدارین لەوەدا، ئاینیش خودا دایناوە، ئەوەی شارستانیەت بونیات دەنێت مرۆڤەكانە، منم، تۆی، من و تۆ كێین ؟ ئایا تۆ غەیری منی؟ یان تۆ ئەوی تری، (نا) تۆ ئەوی تر نیت، ئاژەڵەكان ئەوانی ترن، بەڵام تۆ برامی، با ئاینت، یان فەرهەنگت هەرچی و چۆن بێ، هەموان لەدایك و بابێكین، دایكە گەورەمان حەوا و باوكە گەورەشمان ئادەمە (سەلامی خوای لێبێت).

با نەوەی نوێ ئاوا پەروەردە بكەین باوەڕیان وابێ ئەوی تر ئاژەڵەكانە، بەڵام مرۆڤەكان هەر شەریعەتێكیان هەبێ، یان نیشتەجێی هەرجێیەك بن، ئەوان بەرەبابێكن، خوێنی ئەوان یەك خوێنە، گیانی ئەوان یەك گیانە، بیری ئەو بیری منە، ئازادی ئەو ئازادی منە، بەڵام ڕۆشنبیری ئەو جیاوازە لە ڕۆشنبیری من، لەو دەلاقەوە بیرۆكەی هەمەئاینی ڕەد دەكرێتەوە، لێرەدا هەمەئاینی نیە (ئیبراهیم و موسا و عیسا و محمد) (سەلامی خوایان لێبێت)، یەك ئاینیان هێناوە، ئەویش (گەورەیی و پیرۆزی خودا) و (كەرامەتی مرۆڤ)ە، بەڵام شەریعەت یان یاسا، ئەوان جیاوازن لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر، دەكرێت شەریعەتەكان جیاوازبن، بەڵام نابێ ئاین جیاوازبێت ﴿وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ (العنكبوت: ٤٦)، ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ (المائدة: ٤٨)، بەو پێودانگە ناشێت ململانێی ئاین هەبێت.

لە بەرەنجامی ئەوەوە ڕاشكاوانە دەڵێین: شتێك نیە بەناوی (جەنگی پیرۆزەوە) لەنێو شارستانیەتەكاندا، هەرگیز شەڕ و پێكدادان پیرۆز نیە، بەڵكو ئاشتی و ئاشتەوایی پیرۆز و بەرقەرارە، ئیتر ئەوە ئەركی هەموانە، نەوەی نوێ دابێنین و

ڕابێنین لە خوێندنگاکان، لە کەنیسەکان، لە پەرستگاکان، لە مزگەوتەکان، بەڕێز و پیرۆز تەنها مرۆڤە، نەك بە تەنها کەعبە، یان مزگەوتی ئەقصا، یان دیواری مەککە، یان کەنیسەکانی مەهد و قیامەت، بەڵکو مرۆڤ پیرۆزترینە لەم گەردوونەدا، خوێنی منداڵێکی بێنەوا بەرامبەرە بە هەموو ئەو پیرۆزییانە، بەڵکو زیاتریشە (لێرەدا مەبەستمان نیە لە پلە و پیرۆزی هیچکام لەوانە کەم بکەینەوە)، بۆ دەبێت ئەوە وەهابێت؟ چونکە کەعبە مرۆڤەکان دروستیان کردووە، باوکە گەورەمان ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) دروستی کردووە، کەنیسەی مەهد مەسیحیەکان دروستیان کرد، ئەی مرۆڤ کێ دروستی کردووە؟ (مرۆڤ خودا دروستکار و داهێنەریەتی)، نەفرەت لێکراوە هەر کەس ئەو بینایە بڕوخێنێت کە خودا سازاندوویەتی، نەفرەت لێکراوە هەر کەس مرۆڤەکان تێکوپێك وەردا، هەر منداڵێك لە هەر گۆشەیەکی ئەم دونیایەدا، بۆ هەر مەبەستێك خوێنی بڕژێت، هەموان بەرپرسن لەبەردەم دادگای (خودا)، چونکە ئەوان پەیکەرێکن، خودا دروستکاری ئەوانە ئێمەش ئەو پەیکەرە تێکوپێك دەدەین، ئایا دەتوانین ژیان بگێڕینەوە بۆ ئەوان؟

بەڵێ ئەگەر کەعبە بڕوخێت، نەوەکانمان دروستی دەکەنەوە، گەر ئەقصا بڕوخێت، نەوەکانمان دروستی دەکەنەوە، گەر کەنیسەکانی مەهد و قیامەت بڕوخێن هەر نەوەی ئایندە دروستی دەکەنەوە، بەڵام گەر مرۆڤێك بکوژرێت و لەنێو بچێت، کێ دەتوانێت ژیانی پێبداتەوە؟

لێرەدا ئەرکی هەنوکەی و سەرەتا، دەبێت هەموان کار بۆ بونیاتنانی کیانێك بکەین دامەزرابێت لەسەر بنچینەی شارستانیەت، نەك لەسەر بنچینەی دین، یان لەسەر بنچینەی تایەفەگەریی، چونکە ئاین و تایەفەگەریی، پەیوەندییەکە لەنێوان تۆ و خودای خالقدا، بەڵام من و تۆ نیشتەجێی ئەو زەویەین، دەبێت بە ئاشتەوایی بژین، نەشیاوە هەرلایەك ئەوی تر ناچار و ژێربار بکات بە ئاین و ئایدۆلۆژیاکەی، ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی ناوخۆییە.

بۆ جارێکی تر دەبێت نەوەی نویٚ باوەڕی وابێت شارستانیەتەکان پرۆژە و کاری هاوبەش بووە هەموان دەستیان لەوەدا هەبووە، بەڕێزترین و پیرۆزترین لەو نێوەندەدا تەنها (مرۆڤە) لە پاش زاتی خودای بەرز و کردگار.

مرۆڤەکان گەر بیانەوێت ئاشتەوایی بەدی بێت لەو گەردوونەدا، دەبێت هەنگاو بۆ ئەوە هەڵگرن، لەبری پەراوێزخستن و دروستکردنی گرژی و بەستەڵەك، با پردی خۆشەویستی ساز بکرێت، یەك لەسەر چواری ئەو پارە و سامانە کە بەخەرج دەدرێت، لە بوارەکانی ئەتۆم و بەهێزکردنی سەربازگەکان، گەر بەگەڕخرێت بۆ دامودەزگای زانستی و پەروەردەیی، ئەوا تێکڕای توێژ و نەژادەکان لە ماڵ و خوێندنگا و دەزگایەکدا کۆدەبنەوە بەبیٚ هیچ جیاوازیەکی ئاینی و فەرهەنگی و کلتووری و چی و چی تر.

لەمڕۆدا هەرچی گردبوونەوەی سەربازیی و جەنگە هەرێمی و هەرچی تریش بەڕیٚ و بەگەڕ دەخرێت هاوڕا لەگەڵ خشەخشی ڕاگەیاندنەکان و لێدانی دەهۆڵی جەنگ و پیرۆزبایی کردنی، کەس لەو نێوەندەدا سەرکەوتوو نابێت، هەموان لەزیاندان، چونکە دروستکراوەکان لەو نێوەندەدا تێکوپێك دەشکێن، سەرکەوتووی ڕاستەقینە لەوێدا ئەوەیە کە کیٚ زۆرتر خەڵکی ڕازیی کردووە بەوەی شیاوی بێت لەو ژیانەدا، گەربمانەوێت جیهان پیرۆز و ساز بێت بۆ ژیان، دەبێت سەرەتا پیرۆزیی مرۆڤ وەك ئەوەی دەبێت ببێت، بهێڵینەوە.

ئێمەی مرۆڤ بە جیاوازیی ئاین و نەژاد، دەبێت ئەو ڕاستیە وەربگرین کە هەموان لە ماڵێکدا دەژین، (ماڵی ژیان) هەر گۆشەیەك لەو نێوەندەدا خراپ ببێت هەریەکە و بەجۆرێك پشك و پرشی بەردەکەوێت ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ (الأعراف: ٥٦)، واتە: "فەساد و خراپەکاری مەکەن لە زەویدا پاش ئەوەی کە خودا چاکی کردووە"، دەبێت هەستی نوێنەرایەتی هەریەکە و بۆ ئەوانی تر لە ناخماندا جێگیر بووبێت، چونکە مرۆڤ هەریەکە لەم گەردوونەدا سەرەتا و بەرەتایان تا ئێرە

هەر بە مرۆڤی هاتووە، لە هەر گۆشەیەك لەمپەر و ئاستەنگ بخولقێت، لەوێدا هەندێك لە تۆ لە مەترسیدایە؟ ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە جیهانی ئیسلامی، ئاگری فیتنە و شەڕەنگێزیی دەسەویەخە بووەتەوە و بەرۆکی بەرنادات، ئەو جیهانەی کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاشتەوایی نەبێت شتێکی تری نەداوە بە گەلانی جیهان، پەیامی هەر پەیامی ئاشتی بووە. ئەگەر لە بەشێکیدا بشێوی و توندوتیژی هەبێت، ئەوە ستەمی هەندێك بووە وەها کاردانەوەیەك هەبێت، مەسیح و مەسیحیەت تەنهاو تەنها ئاشتەواییان ویستووە، گەر لێرەولەوێی مەسیحیەتدا توندوتیژی بەکارهێنرابێت، ئەوانە لە ڕێبازی مەسیحیەت تێنەگەیشتوون و لایان داوە، موسا (سەلامی خوای لێبێت) تەنها و تەنها ئاشتی و دادگەریی کۆمەڵایەتی ویستووە بۆ گەلانی سەرزەوی، هەرکەس خۆی بە شوێنکەوتەی ئەو ڕێبازە ناوازە بزانێت و بڵێت: من موساییم یان عیسایی، یان موسڵمانم، بەڵام شیر و تیری لە گەردنی مرۆڤەکاندا بێت بە ناحەق، ئەوە دورە و بەدەرەو سەرپێچکارە بە ڕێکارەکانی شەریعەتی ئەوان، ئاین هاتووە ژیان ساز بکات، نەك بیشێوێنی»[1].

خوێنەری ئازیز: ئەم نووسراوەی وا دەیخوێنیتەوە، دەقێکی وەرگێڕدراوە لە زمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی کوردی، دەقە عەرەبیەکە بەنێوی (مدخل إلى الحضارة الإسلامیة) (دەروازەیەك بۆ شارستانیەتی ئیسلامی) لە نووسینی زانا و ناوداری بواری فیکر و مێژووی ئیسلام و موسڵمانان (أ. د. عمادالدین خلیل).

زانین و ئاوڕدانەوە بۆ مێژوو پێویستە بۆ زیاتر ناسین و ناساندنی خۆ و بەهرە وەرگرتن لەوەی وا بووە، ئەم نووسراوە باس لە مێژوو دەکات، ئەڵبەت چمکێك لە مێژوو، مێژووی پڕ بەهای موسڵمانان، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: مشتێك

[1] بۆ نوسینی سەرەتای ئەم پێشەکییە سوود لە وتاری بەڕێز موفتی وڵاتی سوریا (احمد بدرالدین حسون) وەرگیراوە، کە ساڵی ٢٠٠٨ لە پەرلەمانی ئەوروپا بانگهێشتکرابوو بۆ کۆنفراسێك، کە سازدرابوو بۆ (حیوار) گفتوگۆی ڕۆشنبیری گەلانی دونیا، (بەڵام بەکەمێك زیاد و لێکەمکردنەوە).

نموونەی خەرمانێکە، ئەمەی والێرەدا نووسراوە ڕاشکاوانە بیلێین: نموونەیەکە لە خەرمانی پڕ سامانی دوێنێی موسڵمانانە. ئەم باسە مێژووییانە بۆ ئەوە نیە کۆمەڵێك زانیاریی لەسەر ڕابردووت بزانی و دواتر خۆت هەڵبڕی و پاڵی لێبدەیتەوە و لە هەر کۆڕ و شوێنێکدا کۆڕەکانی پێ گەرم بکەیت. لە پشت ئەم باسانەوە مەبەستمانە دوو شت بزانین:

١ ـ مێژووت ئەوانەی تێدا بووە و ئاوابووە.

٢ ـ گەر دەتەوێت ناو و ناوبانگت هەبێت، دەبێت گورو تینێك وەبەر خۆت بدەی، دەبێت جێپێی ئەوان هەڵگری.

خوێنەری بەڕێز: ناو بەناو زاراوەکانی (شارستانیەتی عەرەبی، یان ئیمپراتۆریەتی عەرەبی)مان بەکارهێناوە لەبری شارستانیەتی ئیسلامی، ئەوە ڕای بیرمەندە ڕۆژئاواییەکانە لەمەڕ ئەو شارستانیەتە، ئێمەش وەك ئەمانەتی زانستی، دەقەکەمان وەك خۆی وەرگێڕاوە.

**دوا وتە:** هەر نوسراوێك کە دەنووسرێت، بۆ چەند توێژێك دەنووسرێت (بۆ ئەوانەی تازە بای باڵ دەدەن و مەبەستیانە شتێك لە ڕاستی ڕووداوەکان بزانن و بۆ خەڵکی بەگشتی و بۆ زانا و ناودارەکانیش).

لێرەدا زیاتر مەبەستم چینی یەکەمە، بەو هیوایەی دەروازە لەسەر بیر و هزری ئەوان والاّ بکات و توێژینەوە بکەن، بە دوای ڕاستیەکان بکەون، دواجار بە ئینصافەوە هەڵبژێرن و بڕیار بدەن.

وەرگێڕ

٣٠/ ١١/ ٢٠١٧ز

# پێشەکی

میتۆدی لێکۆڵینەوەی شارستانیەتی ئیسلامیی لە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکانماندا گرفتارە بە دەست چەندین کەموکورتیەوە، دیارترینیان بێگومان پێشکەشکردنی ئەم شارستانیەتەیە بە پچڕ پچڕی، ئەمەش وەك لەتکردنی جەستەی ئەم شارستانیەتەیە و مایەی لەدەستدانی کەسایەتی و تایبەتمەندیەتی لە نێو شارستانیەتەکاندا، دواجار وەك چەند چالاکیەکی ڕۆشنبیری و زانیاری و مەدەنیانەی لێدێت لەم بوارەدا، بەچەند تایبەتمەندێکەوە، ئیتر نابێتە دیدگا و بۆچوونی کۆتایی هەڵگرانی ئەم شارستانیەتە بۆ ژیان. پەیمانگا و زانکۆکانمان لەمیانەی ئەم شارستانیەتە و یەك بەندیەکانی پەرت و لێکدابڕاو دەکات، بە بەهانەی پێویستییەکانی ڕۆژگار، جارێکی تر مەنهەج وادەخوازێت، جاری سێهەم بە تایبەتمەندی و پسپۆڕیی و دیراسەی چالاکیە ئابوورییەکان دەکرێت بۆ ماوەیەك و ژیانی کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکی تردا، ڕەوت و جموجوڵی زانستی لە بواری سێهەمدا، سیستمی کارگێڕی لە بوارێکی تردا ئەو بوارانە لێکدادەبڕێنێت بە جۆرێك تایبەتمەندییەکانی بەجارێ ون دەبێت، دواجار وەك دیدی تاکە کەس دەردەکەون، وەك مومارەسەی کۆمەڵە کەسێك دادەبەزێتە نێو واقیعی ژیان.

لێکۆڵینەوە لەبواری شارستانیەتی ئیسلامی ئا بەو جۆرەیە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر بەخەرج دەدەین و ئەنجامێکی ناکارا و بێ کەڵك، لەکۆتاییدا هەر

هەناسەبڕکێمانە و پۆزش و بەهانە دێنینەوە بۆ بەرانبەر لەمەڕ ئەو ئەحکامانەی کە لە قورئاندا هاتووە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاینزاکانی تردا، لەوانە مەسەلەی (جزیە) سەرانە، ئەوەی کە خوادا گوتوویە سەبارەت بە خاوەن کتێب (گاور و جولەکە)کان، دواتر فرکە فرکمانە بە دوای لیستی زەڕیبە و لیستەکانی تردا، هەروەها لێپێچینەوەی پیاوانی (حیسبە) لەکاتێکدا کە لەنێو بازاڕەکاندا لێپرسینەوە دەکەن و سزای سەرپێچیکاران دەدەن هەروەك نمایشێکی شانۆیی دەخرێتەڕوو، هەروەها پێڕەوی تۆمارەکان کە سەرەتا و کۆتاییان نیە لەمەڕ ئیدارە و ململانێکان لەسەر پۆستی وەزارەت و چۆنێتی رێکخستنی بواری ئاسایش و سەربازی و پۆلیس و سووپا. هەر لە سەرەتاوە پۆلێنێکی ناکام کراوە بۆ زانستە نەقلّی و عەقلّییەکان، لە بوارەکانی ئاوەدانکاریی و فێرکاریدا قوتابیەکان زیاتر تەلّقین دەکرێن بەجۆرێکی بێزارکەر، باس هەر باسی پرگاڵ و پێوان و قەبارەیە، دور و بەدەر لەو باکگراوند و دیدەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان دەستی لەسەر داناوە و پێشکەشی کردووە بەو جیهانە، لە هەگبەیدا گووتارێکی بیناسازیی بێ وێنەی هەڵگرتووە لەنێو گشت کلتوور و ڕۆشنبیرییەکانی تردا.

خوێندکارانمان قۆناغەکانی دواناوەندی و بگرە زانکۆش تێدەپەڕێنن، زانیارییەکی وەهایان پێ نیە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی ئیسلام و ئەو فاکتەرانەی کە شارستانیەتی ئیسلامیی جیا دەکاتەوە لەوانی تر، وێڕای ئەوە هیچ فەخر و شانازییەك بەو کلتوور و ڕابردووەوە ناکەن، چونکە لە قۆناغەکانی خوێندندا زانیارییەکی سەرەتایی و بچڕبچڕیان پێدراوە، چالاکیەکانی وانە خوێندن لە مێژووی شارستانییەتدا هاوپێچە بە ڕەهەندە پەروەردەییەکانەوە، بەڵام ئەو ڕەهەندانە لەمڕۆدا فەرامۆشکراوە و شتێکیش شایەنی وتن بێت نادرێت بە خوێندکار، هەتا خوێندکاریش شانازی بە کلتووری خۆیەوە بکات و بە هەڵپەوە ملی لێنێت، بەوپێیەی چەمکەکانی نزیکترە لە تموحی مرۆڤەکانەوە برگەکانیشی جێی

نیاز و له پێویستیه هەنوکەییەکانن بۆ ئەم جیهانه و له کۆتایدا دەگەین به ئامانج گەلێکی هاودژ که هەر ئەوەش واده بکات زۆرێك له دەرچووان، کلتووری شارستانی ڕەدکەنەوه و ئینکاری بکەن، بەرانبەر بەوەش فریوی شارستانیەتەکانی تر دەخۆن، وێڵی بریقه و ڕووکەشی خەڵەتێنەر دەبن، بەتایبەت شارستانیەتی ڕۆژئاوا، بەو پێیه دیراسەکردنی شارستانیەتی ئیسلامی چەکێکه و دژبەخۆمان بەکاری دێنین، بۆ نەهێشتنی متمانه و داڕمانی پێگەی شارستانیەتمان و لاوازکردنی تواناکان، بیّ کەڵك، ناکارا، له نێوجەرگەی دونیایەکدا که چواردەوردراوه به مەترسی، لەکاتێکدا که شارستانیەتی ئیسلامیی لەتوانایدایه نەخشەداڕێژێت، نەخشەی درێژخایەن، نەخشه بۆ ئاینده، بەشداربێت له داڕشتنەوه و ئاڕاستەکردنی ئایندەی مرۆڤایەتی، وەك ئەوەی زۆرێك له بیرمەند و توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسەکان گەواهی بۆ دەدەن.

بێگومان عەقڵیەتی ڕۆژئاوا ـ لەمڕۆدا ـ لەسەروو عەقڵیەتی ئێمەوەیه له دانانی مەنهەج و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی شارستانیەت. مێژوونووسی بەریتانی هاوچەرخ (أرنولد توینبی) له کتێبه بەناوبانگەکەیدا (دراسة للتاريخ) ئەو بەجۆرێك دەڕوانێت بۆ بیست و ئەوەنده شارستانیەتی تر، که لێکۆڵینەوەی هەموو ئەوانەی کردووه له مێژووی مرۆڤەکاندا، هەریەك لەو شارستانیەتانه، هەڵگری ناسنامه و دابونەریتی تایبەتبەخۆیەتی، جیایشی دەکاتەوه لەوانی تر، ڕەوت و ڕەگ و ڕیشەی هەریەك لەوان جیاواز تره لەوی تر.

دۆخەکه هەرچی و چۆن بیّ، ئێمه لەمڕۆدا که هەوڵی ئەوه دەدەین له شارستانی ئیسلامی بکۆڵینەوه، زیاد له هەموو کاتێك پێویستمان به میتۆدێکی نزیك لەو میتۆدەی (ئەڕنۆڵد تۆیبینی)یە، که به جۆرێك مامەڵە لەگەڵ شارستانیەتی ئیسلامی بکات، که خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بێت له سەرجەم بوارەکاندا، هەر دەستپێکیەوه تا گەشەسەندنی و دواجار داڕمانیشیدا، کاتێك زانیمان که ئەم

شارستانیەتە لە نەبوونەوە یەکسەر هەڵنەتۆقیوە و لە شارستانیەتەکانی تر بەشێوەیەکی میکانیکی تایبەتمەندی وەرنەگرتووە تا قەرزارباریان بێت، بەڵکو کاریگەری ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لەسەر بووەو بە گوێرەی کۆمەڵێك مەرج و چەند بنەمایەکی سەرەکی ئەم ئایینە هاتووەتە بەرهەم، لە منداڵدانی ئایینی ئیسلامەوە لەدایکبووە و جێدەستی قورئان و فەرموودەکان بە تەواوی جومگەکانیەوە بەرجەستەیە و دیارە، هیچ توێژەرێك نکوڵی لەمە ناکات، کاتێك ئەمەمان زانی، دەرك بەوە دەکەین کە چەندە تاوانبارین لە لاوازکردنی ئەم شارستانیەتەمان بەوەی بە پارچە پارچەکراوی و دابڕاوانە پێشکەشی خوێندکارەکانمان کردووە! بە جۆرێك مامەڵەمان لەگەڵ کردووە هیچ کاریگەرییەکی بەرچاوی بۆ نەهێڵینەوە، بەڵکو کاریگەرییەکەیمان قەتیس کردووە لە کۆمەڵێك زانستدا کە پێیان دەوترێت زانستی نەقڵی، ئیتر بێئاگاین لەوەی کە دەبێت چ ڕۆڵێکی هەبێت لە ژیانماندا، هەر لە دام و دەزگا و شەقام و قوتابخانە وماڵەکانماندا.

ئێمە لە سەردەمێکداین پێی دەوترێت: سەردەمی ململانێی ژیارەکان، سەردەمی هەوڵی داگیرکردنی هزر و فیکرمان، ئەمەش وتەکەی (تۆبینی)یمان دێنێتەوە یاد کە دەربارەی ئەو شەش شارستانیەتەی ماونەتەوە پێشکەشی کردووە، کە دەڵێت: دوای نەمانی زیاد لە بیست شارستانیەت، ئەو شارستانیەتانەی ماون لە سەرەمەرگدان، بە شارستانیەتی ئیسلامیشەوە، لە بەرامبەر شارستانیەتی ڕۆژئاوادا ڕووبەڕووی لەیەکترازان و هەڵوەشانەوە دەبن.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سەرەنجامە مەترسیدارە، پێویستە لەسەرمان قەڵای شارستانیەتەکەمان زۆر بە پتەوی ڕاگیر بکەین و لە هەوڵی درێژەپێدانیدا بین و لە داڕشتنەوەی پاشەڕۆژی مرۆڤایەتیدا پشکداری بکەین، ئەمەش بە گرتنەبەری پرۆگرامێکی تۆکمەی گشتگیری وەها بێت کە تۆوی شانازیبوون بەم

شارستانیەتەوە لە زەینی خوێدکارانماندا بچێنین و متمانەیان پێی هەبێت، پێیان وابێت کە شارستانیەتی ئیسلامی بەدەرلەوەی کە توانای بەرخوردان و هەستانەوەی هەیە، لەهەمانکاتیشدا ڕزگارکەری تەواوی مرۆڤایەتی دەبێت لەو نەهامەتیانەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ئایینە شێوێنراوەکان بەدییان هێناوە.

هەوانتە و گاڵتەجاڕی نیە کە شارستانیەتی ئیسلامی تاکە شارستانیەتێك بێت لەنێو سەرجەم ئەوانی تردا و لە مێژووی مرۆڤەکاندا، کە توانای ژیانەوە و بوژانەوەی هەبێت بۆ جاری دووەم و سێیەم و چوارەم لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا تەنها شارستانیەتی ئیسلامە، چونکە بەهادارە بە چەندین بنەمای دەقە قورئانیەکان و فەرموودە پیرۆزەکان، ئەمەش بووەتە هۆکارێك کە لە کاتێکی گونجاودا، جارێکی تر شارستانیەتێکی دی لە دایك ببێتەوە و ڕۆڵی هەبێت لە کایەکانی ژیان و توانای گەشەسەندنی هەبێت.

بێگومان شارستانیەتی میسریی، یان سۆمەری و بابلی و یۆنانی و بولینیزی و شارستانیەتەکانی تر، جارێکی تر توانای هەستانەوەیان نیە، چونکە بوونیان وابەستەی کات و شوێنی سەردەمی خۆیان بووە، باکگراوندە هزری و ئایینەکەیان لە چوارچێوەی ئەو مێژووەی خۆیاندا قەتیس بووە، بۆیە لە توانای ئامادەسازیی ئەم سەردەمەی خۆماندا نین، چونکە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی ئەم توانایە نەبوون و هەڵگری خەسڵەتی بەردەوامی و ڕووبەڕووبوونەوەش نین لەمڕۆدا.

شارستانیەتی ئیسلامی تاکە شارستانیەتێکە لەنێو گشت ئەوانی تردا توانای ژیانەوەی هەیە، گرنتی ئەمەش قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) داویانە بە پاراستنی پێوەرەکانی، هاوکات گەواهیدانی مێژوو بۆ ئەوە و واقیعیش هەردەم ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە هیچ دەقێکی ئاینی وەك دەقەکانی ئیسلام لەتوانایدا نەبووە ڕووبەڕووی چەواشەکارییەکان ببێتەوە و سەنگەری گرتبێت لە بەرامبەریان، نەك هەر هێندە، بەڵکو ئەوەی کە ئەمڕۆ زیاتر

خواستی لەسەرە وەك مەنهەجێکی تەندروست بوونی هەبێت و ڕۆڵ بگێڕێت لە ناوەندەکاندا، شارستانیەتی ئیسلامیە.

وەك پێویستیەکیش بۆ واقیعی ئەمڕۆ دەبینرێت، دەبێت ئەوەش بەبیردا بێت لەمڕۆدا خواستی ئەوە کراوە لە موسوڵمانان وەك جێگرەوە پرۆژەکار و نەخشەڕێگا بخەنەڕوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ژمارە نەهاتووانەی کە سەرجەم سیستمە فیکری و ئەزموونە نالەبارەکان دروستیانکردووە، ئەزموونی بیری وجودییەت هەر لە بەرەبەیانیدا داڕمان، بە دوای ئەوەدا ئەزمونی شوعیەت، بەرلەوانیش بانگەشەکەرانی ڕەگەزپەرستی ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی هەرەسیان هێنا، لە نێوەندی ئەوانەشدا تیۆریای باڵادەستبونی ڕۆژئاوا، کە لەسەر ئەساسی هەیمەنە و هەژموونی سپی پێست بەسەر ئەوانی تردا بەجارێك داڕما، پێشتریش ئیمپراتۆرییەتی ئیسپانیا و پورتوگال، ئاینە شێوێنراوەکانیش ڕێیان بزرکرد و بنبەست بوون لە چارەدۆزی، لە هەڵپەی دەلاقە دۆزیدابوون بە هەر نرخێك بێت، ئەگەر لەسەر حیسابی دەقە جێگیرەکانی نێو پەڕتووکی پیرۆزیش بوایە، وەك ئەوەی هەندێك لە کەنیسەکان کردیان، هەرچیان کرد بۆکۆکردنەوەی لایەنگر و حەشاماتی زیاتر، کە ئەوەش  لە سەرەتادا – پێچەوانەی ئاینی مەسیح و دەقە نەگۆڕەکانێتی.

لێرەدا بێجگە لە ئیسلام، هیچ کام لەوانی تر لەتوانایاندا نیە پرۆژەی جێگرەوە بخەینەڕوو بۆ ڕامالّینی ئەو کەف و لێڵ و تێکهەڵهاتنە، شوێن پێی خۆی بکاتەوە لە هەرەتی ڕۆژگاردا، بەشداریی بکات بە دارشتنەوەی ئێستە، گفت بدات بە ئایندە، ئایندەیەکی تەواو مرۆڤانە، بە جیهانێك – کە زیاتر– نزیك لە بارودۆخی مرۆڤەوە، ئەو مرۆڤەی کە لە قەیراندایە. پێویستە لێرەدا هەندێك لە گەواهیدان و بەرهەمی بیری بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان وەبەر دیدو گوێ بخەین (ئەو گوتانە لە بەشی چوارەمدا باسیان دێت) بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە ڕەسەنایەتی و پاراستنی ناسنامەی

ڕۆشنبیریمان، ئەوەش پێویستیەکە نەك تەنها لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا، بەڵکو لەسەر ئاستی تێکڕای مرۆڤایەتییە.

لەم زنجیرە باسەماندا لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی، کە وەك خۆی مافی پێ نەدراوە لە باسکردن و خستنە بەرباس و لێکۆڵینەوە، زیاتر بە هۆی کەرت و پەرتی و لێکترازان و چی و چی ترەوە بووە.

بەردەوام لە خوێندنگاکاندا درێژە دەدەین بە باسەکان، هەندێك جاریش بەکورتی باس لە هۆکارەکانی ڕووخانی ئەم دەوڵەت و ئەوی تر دەکەین (لە دەوڵەتە ئیسلامیەکان) وەك: ئەمەویی و عەباسی و فاتمی و عوسمانیەکان، بەڵام وەك پێویست هەوڵی ئەوە نەدراوە چەنێك ڕاوەستین لەسەر هۆکارەکانی داڕمانی شارستانیەتی ئیسلامی لە خۆیدا لە میانە مێژووییەکەیدا دور لە چوارچێوە سیاسییە دیاریکراوەکەی و هۆکاری لەکارخستنی، داننان بە ڕاستیەکان بەشێوەیەکی قوڵتر و ئاشکراتر، بەجۆرێك کە بتوانێت ئەزموون گەلێکی پڕ بایەخمان پێ بدات، کە گومانی سەرلەنوێ ڕاپەڕینی لێبکرێت لە ڕوانگەی ئەو هۆکارانەی کە پێشڕەوی بۆ کردین لە چەرخەکانی ڕابردوودا و بوو بە مایەی داڕمان و لێکترازان.

جارێکی تر پرۆژەی شارستانیەتی ئیسلامی وەك جێگرەوە ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت ئەگەر سەرجەم هۆکارەکانی بزاوتن جەم و جۆر نەکات، حیساب بۆ ورد و درشتی دیاردەکان بکات، ئەوەی کە ڕابەرانی ئەزموونی ڕابردووی بەرەو گرژبوون و پووکانەوە برد.

ئا لەوێدا و لە ڕوانگەی ئەو بێدارییە شارستانیتەوە، دەکرێت دۆخەکە تێپەڕێنرێت، ڕووە و ئامانج هەنگاوی گەورەتر بنرێت، ئاستەنگ و هۆکارەکانی لەکارخستن لەبەین ببرێت، لەمیانەی ئەو گۆڕانکارییانەی وا کەڵەکەی کردووە بەدرێژایی چەند سەدەی ڕابردوو لە نێو گۆڕەپانی ئیسلامی و دەرەوەشدا.

گرنگی شارستانی ئیسلامی له ڕابردوودا لەوە دابوو وەك سەنتەرێكی ئەكادیمی دیراسەی دیاردەكانی دەكرد، بەڵام لە سەردەمی ئەزموونی هاوچەرخ زیاتر بایەخ بەوە دەدرا، چونكە پاڵپشتە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی شارستانی نویێ، بەوپەڕی ئاگاهی و چاو كراوەییەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوەمان داوە بەردەوام درێژە بدەین بە توێژینەوەی بابەتیانە لەسەر چەمكی شارستانیەت، پیێ دەچێت بۆ یەكەم جاربێت وەها هەنگاوێك نرابێت وەك چەمك و دەستەواژە، بەتایبەت ئەوەی كە پەیوەندیدارە بە ڕەهەندەكانی شارستانیەتەوە، هەوڵی ئەوەمان داوە لێكۆڵینەوە بكەین لەمەڕ هۆكارەكانی گەشەكردنی شارستانیەت، ئەوەش بە توێژینەوە و بەراوردكردن لەنێوان تیۆریای ئیسلامی و ڕۆژئاوا بە هەردوو بەشە مادیمارکسی و لیبراڵییەکەیەوە، بۆ ئەوەی مەزەندەی هەردوو تیۆریاكە بۆ دەربكەوێت، ئەوەی یەكەم دیدو نیازەكان پەیوەست دەكات بە سیستمەكانی گەردوون و مرۆڤ و ژیان و پرۆگرامە هەمە ڕەهەندەكان، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە بە (پەروەردگار)ەوە، دووەمیش پەیوەندییەكان لەنێوان هەموو ئەوانەدا كەرت و دابڕاو دەكات، ئیسلام هاتووە توێژینەوە لەو میانەدا بكات بۆ ئەوەی ئەڵقەكانی تەواوكار بن، بچڕ بچڕو لێكدابڕاو نەبن، وەك ئەوەی بەدی دەكرێت لە توێژینەوەكانی تردا.

❁ ❁ ❁

# بەشی یەکەم
# بنەماکانی شارستانیەتی ئیسلامی

کاتێك کە ئیسلام هات عەرەبەکان خاوەن شارستانیەتێکی وەها نەبوون کە شیاوی باس بێت، ئەوان ژیانی ڕۆژانەیان بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی بەسەر دەبرد، یان بەجۆرێکی تر بلێین کۆمەلێك نەریتی نامۆ ئاوێتە بە دونیای ئەوان بووبوو، تاڕادەیەك دەشوبها بە بارودۆخی ئێمە لە دوو سەدەی ڕابردوودا، گیانی ڕووبەڕووبوونەوە لای ئەوان یەکجار خەفە بووبوو، بۆ وێنە لە عێراقدا هاوردەی زۆرێك لە دەستەواژەی فارسەکانیان دەکرد، شام کەوتبووە ژێر کاریگەریی بێزەنتی و هیلنیەکان، باکووری دورگەی عەرەبی خاوەن هیچ جۆرە دەرهاویشتەیەکی ڕەسەنایەتی شارستانی نەبوون، بێجگە لە شیعر و هەندێك دابونەریتی ئیداری و چالاکی ئابووری. تەنها یەمەن نەبێت هەندێك نەریتی ئیداری و کۆمەلایەتی بۆ مابوویەوە، لەمەعنیەکان و سەبەئی و حەمیریەکان، ئەوەش لەو ئاستەدا نەبوو بەربەرەکانێی ئەوانی تر بکات بەهۆی دابڕان و لاوازی فیکرەوە.

دید و قەناعەتێکی نامۆ باڵی کێشابوو بەسەر ئەو دەوروبەرەدا، بەدەر لە هەندێك دابونەریت و مومارەساتی ئاینی، کە ئەوانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان شێوا بوون، خاوەن هاوسەنگیەکی لۆژیکی نەبوون لە ڕوانگەی ئاینە ئاسمانیەکانەوە، نەك هەرهێندە، بەڵکو لە سنووری دنیابینیشدا، ئەو جاهیلیەتە بوو کە قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە دووابوو. عەرەبەکان لەو دەمەدا لە هەرە دواکەوتووترین ڕۆژگارەکانی بەسەر دەبرد، وێنەی ئەوان وەك هەر گەلێکی تر بوو لەو گۆڕەپانە فراوانەی جیهاندا.[1]

کە ئیسلام هات وای پێویست کرد قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) سەرچاوە و پێوەربێت لەو ململانێیەدا، عەرەبەکان ئاشنا بکات بە دۆخێکی تر، یان وردتر بڵێین: دایانبنێت لە سەرەتایەکی دروستدا بۆ پێکهێنانی شارستانییەتێك، لە پەنا تۆڕێکی چنراو و پڕ لە مەرج توانییان ئەو دۆخە دۆگما فیکرییە تێپەڕێنن، کە خۆی لە خۆیدا فیکری جاهیلیەت ڕەچە شکێنە بۆ هەر دواکەوتنێك، پاشان ببێتە پێگە و داڕێژەری شارستانیەتێکی کەموێنە و دیارکە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بە یەکێك لە هەرە دیارترین شارستانیەتەکان هەژمار بکرێت و کارا و کاریگەرتر بێت لەسەر ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی، ئیسلام لە سەرەتادا چەند هەنگاوێکی جۆری نا، بەو هەنگاوانە وەرچەرخانی بنەڕەتی ئەنجامدا، هەر ئەوەش کەش و زەمینەی ساز کرد بۆ پێکهێنان و دروستکردنی شارستانی، لێرەدا چەند ساتێك دەوەستین لە بەردەم ئەو هەنگاوانەدا.

---

[1] بۆ نموونە، بڕوانە: بەشی یەکەمی پەرتووکی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین)، چاپی پێنجەم، لا٢٤ ‌ ٧٧.

## یەکەم: گۆڕانکاریی لە بۆچوون و بیروباوەڕدا :

ئەوەش دیارترین گۆڕانکارییەك بوو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، وەك بناغەیەك بوو بۆ بونیاتنانی سەرجەم گۆڕانکارییەکان، چونکە هیچ ئایدۆلۆژیایەك نیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا عەقڵی ئازاد کردبێت و لە شوێنی تەندروستی خۆیدا بەگەڕی خستبێت وەك ئەوەی کە ئیسلام کردوویەتی، گۆڕینی ڕووگەی مرۆڤایەتی لە هەمە خواییەوە بۆ یەکتاپەرستی و لە بەندایەتی بەندەوە بۆ بەندایەتی خودای تاکو تەنها، لە عاشقبوون بۆ بەرد و بت و پەیکەر و پەرستنی ئەوانە، بۆ خۆشەویستی خودایەك کە دەستی مرۆڤەکانی پێناگات، چاویش نایبینێت، ئەو بەربەستە مادیەی کەرتوپەرت کرد و ڕووی مرۆڤایەتی بە جیهانی (غیب) نادیار ئاشنا کردەوە ، دواتر مرۆڤەکانی ئاڕاستەکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە دەوروبەر و ماهیەتی شتەکان، بە متمانەوە بچێتە پێش و خۆی هەڵبڕێت بەسەر هەستپێکراوەکاندا، قورئانی پیرۆز سەبارەت بەم گۆڕانکارییە فەرمویەتی، هەر ئەوەش مرۆڤەکانی دەرباز کرد لە ﴿مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ (البقرة: ٢٥٧)، وەرچەرخانێکی تەواو لە ڕەشەوە بۆ سپی، گۆڕانکارییەك لە پێچەوانەوە بۆ پێچەوانە، پاشان فەرمویەتی: ئیسلام هات بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم بار سووك بکات: ﴿ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ (الأعراف: ١٥٧)، جاڕی ئەوەی دا ئەم ئاینە نوێیە ﴿الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ە، هەرچیش لەپشت ئەوەوە بێت، چەوتە، بێ خێرە، ونبوونە، ئارەزووبازیە، گومڕاییە، هیچ عەقڵێك ناتوانێت، با لێهاتوو و وریاش بێت، کار بۆ داهێنان و وەبەرهێنان بکات، لەکاتێکدا ئەو کۆت و بەند و لغاو کرابێت.

بیروباوەڕی نویێ بۆ ئەوە هاتبوو مرۆڤەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سایەی دادگەریی و یەکتاپەرستی، چونکە پێکهاتەکەی داڕێژرابوو بە کۆمەڵە ڕەوشتێك کە لەتوانایدا بوو گوڕو تین و بزاوتن بدا بە شوێنکەوتووانی لەو ئاسۆ فراوانە کە ئیسلام پێیدا بوون، دوور لەوەی وەك دەسەڵاتێك بە زۆرەملێ هەر دیاردەیە بسەپێنێت کە ویستی ئەوان نەبێت، چونکە سەرجەم داخوازییەکان، خوا کردە و لە خواوەیە و لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردایە و هەر ئەو مافی ئەوەی هەیە ڕووی لێ بنرێت و بپەرسترێت.

بۆ ئەوەی دەرك بەو گۆڕانکارییە بێ سنوورە بکەین، کە لە دید و بۆچوونی مرۆڤەکاندایە لە ڕووی بیروباوەڕەوە سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین عەقڵیەتی عەرەبەکان لە سەردەمی نەفامیدا ڕەوتەکانی ژیانیان چۆن بەڕێوە دەبرد، ئەو ڕێچکانەی کە ئەوان دەرکیان پێکردبوو سەبارەت بە جیهان و ژیان، وە شێوازی مامەڵە و بیری ئەوان لەوەی وا بەدییان دەکرد، ئەو هێزەی کەوا هەژموونی هەبوو بەسەر عەقڵی عەرەبیداو ژێرباری کردبوون، ئەمە بەراورد دەکەین بەو ئاستەی کە عەقڵی موسڵمانان پێی گەشتبوون، دوای داڕشتنەوەی بیروباوەڕی نوێ.

(ابن الکلبی) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (الأصنام) دا دە ڵێت: ئەوەی کە خەڵکی مەککەی کرد بە بتپەرست ئەوانە بوون کە هاتوچۆی دەرەوەی مەککەیان دەکرد، هەریەك لەوان بۆ ئەوەی کاری پەرستش ئەنجام بدات بەردێکی لە بەردەکانی کەعبەی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەوەش وەك گەورەییەك بۆ کەعبە و خۆشەویستی مەککە، بۆ هەر شوێنێك بچونایە دایان دەنا و بە دەوریدا دەسوڕانەوە، وەك چۆن تەوافی کەعبەیان دەکرد و دەسوڕانەوە. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەردەکانیان دەپەرست، ئەوەیان لەبیرچوو ئەوانە بەردن و نابێت بپەرسترێن، سەرەنجام لەسەر

ئاینی ئیبراهیم و ئیسماعیل نەمان و دەستیان دایە بتپەرستی، وەك ئەو گەل و هۆزانەی کەپێش ئەوان بتیان دەپەرست.[1]

عەمری کوڕی لحیە فەرمانڕەوا و کاروباری مەککەی بەڕێوە دەبرد، دوچاری نەخۆشیەکی کوشندە بوو، پێیان وت: لە (بەلقا) لە وڵاتی شام گەرماوێك هەیە، ئەگەر بۆی بچی چاك دەبیتەوە، ئەویش چوو خۆی شۆرد و چاکبویەوە، تێبینی کرد خەڵکی شام بت دەپەرستن، وتی: ئەوانە چین دەیانپەرستن؟ وتیان: داوایان لێدەکەین بارانمان بۆ ببارێنن !! و سەرمان بخەن بەسەر دوژمندا، ئەویش داوایلێکردن یەکێك لەو بتانەی پێ بدەن، پێیان دا، ئەویش بردی بۆ مەککە و لەپەنای کەعبەدا داینا.[2]

لەو ڕۆژەوە ژمارەی بتەکان زیادی دەکرد لەنێو کەعبە و دەوروبەریدا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش بتپەرستی پەرەی سەند، ئەفسانە و خورافە و هەڵبەستراوەکان وای کردبوو شتەکان خواوەندن، دەبێت بپەرسترێن، خۆیانی پێ نزیك بکەنەوە لە خوا، ئەو تەرزە باوەڕە نوێیە بڵاودەبویەوە ئاڵۆزتر دەبوو، بەردەوام بت و بتگەری خولیای هەست و نەستیان بوو بوو.

(ابن الکلبی) دەگێڕێتەوە:ئەو بتانەی کە عەرەبەکان هاوردەیان کردبوو و ناوی خوایان لێنابوو: سواع، ود، یەغوس، نەسر، مەنات، لات، ئەقیصەر، نەهەم، ڕائیم، سەعید، زولخولصە، عوززا، هوبەل، ئەسافو، نائلە، زوکەفین، فەلس، یەعسوب و دەیان و بەڵکو سەدان جۆری بت و بتپەرستی نیوە دورگەی عەرەبی تەنی بوو، نەك تەنها لە بیابان و شوێنە دوورەکان ئەو جۆرە بتپەرستیانە باو بێت، بەڵکو لە ناو شار و ناوەندە مەدەنیەکان زیاتر ئەنجام دەدرا، لە دەوروبەری هەر بتێکدا کۆمەڵێك

---

[1] کتاب الأصنام: هیشام موحەمەد سائیبی کەلەبی، لێکۆڵینەوە: ئەحمەد زەکی، دار الکتب المصریة/ القاهرة، چاپی دووەم، ١٩٢٤ز، لا٦١.

[2] هەمان سەرچاوە، لا٨.

خورافات و گومان لێك ئالۆزا بوون هەروەك تۆڕی جالّجالۆكە لە شوێنە چۆڵەكاندا، (ابن الكلبی) ڕشدی نەنواندووە لە باسكردن و خستنەڕووی ئەو دیاردە نامۆ و بێسەر و بەرانە.

هەریەك لەو بت و بتگەلانە، چیرۆكی خۆی هەیە، دەڵێن: ئیساف عاشقی نائیلە بووە لە خاكی یەمەن، لەگەڵ كارواندا دێن بۆ سەفەری حەج، لە نزیك كەعبە بوون، كاتێك زانیان دەوروبەر لەوان بیّ ئاگان، هەردووكیان بەپەنهانی چوونە نێو كەعبە، لەوێدا نامووسی نائیلەی تكان، هەردووكیان بەرنەفرەت كەوتن، لە شێوازی خۆیان گۆڕان، بوون بە بەرد، دواتر خەڵكی بەوەیان زانی، هەردوو پەیكەرەكەیان لە كەعبە هێنایە دەرەوە و لە تەنیشت كەعبە شوێنێكیان بۆ تایبەت كردن، ئیتر لە دوای ئەوە ناوی خوایان لێنان، هۆزەكانی خوزاعە و قوڕەیش و ئەوانەی حەجی ماڵی خوایان دەكرد كڕنووشیان بۆ دەبردن و دەیانپەرستن.[١]

لە سەردەمی نەزانییدا هۆزەكانی ئەوس و خەزرەج و ئەو هۆزە عەرەبانەی تریش كە وەك ئەوان بوون لە (یثرب) مەدینە و دەوروبەریدا، شێوازی حەجكردنی ئەوان وەك هۆزەكانی تری عەرەب نەبوو، ئەوان لە كاتی حەجدا مووی سەریان لا نەدەبرد، بەڵام كاتێك ڕووبەڕووی تەنگەژە و نەهامەتی دەبوونەوە دەچوونە لای (مەنات)، لە كەنار دەریای سوور، لەویّ مووی سەریان لا دەبردو بۆ ماوەیەك دەمانەوە، ئەوان وایاندەبینی حەجەكەیان بەوشێوە نەبێت ناتەواوە ...[٢] ، ئەوس و خەزرەجیش دوو هۆز بوون دواتر (خوا) هیدایەتی دان بۆ ئایینی ئیسلام، بەهۆی ئەوانەوە پێگەی ئیسلام و موسوڵمانان تۆكمە و جێگیر بوو، دواتریش سەركەوتنە یەك لە دوای یەكەكان...

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٤٧.

(هوبەل) یەکێکی تر بوو لە بتە بەناوبانگەکانی عەرەبەکان، لەنێو کەعبەدا دانرابوو، لە نزیك ئەودا حەوت (پەرداخ)، یان (جام) دانرابوو، لەسەر یەکەمیان نووسرابوو (صریح)، لە حەوتەمیشدا نوسرابوو (ملصق) پێوەنوساو،[1] ئەگەر یەکێك لەوان منالّی نەبوایە و سکالاّی منالّبوونی بکردایە، دیاریەکی دەبردو پاشان بەو شێوەیە کە باو بوو لە ناویاندا پەرداخەکانیان لێك دەدا تا مەرامیان حاصلّ ببێت.[2]

لە هەموو مالّێکدا بتێك هەبوو دەیانپەرست، کاتێك یەکێکیان نیازی گەشتکردنی هەبوایە، دوا کارێك کە ئەنجامی بدایە لە مالّەوە پێش گەشتەکەی دەستی بە بتەکەدا دەهێنا بۆ ئەوەی پارێزراوبێت، هاوکات کە دەگەڕایەوە یەکەم کارێك کە پێی هەلّدەستا دەچووە لای بتەکەی و هەمان کاری دوبارە دەکردەوە!!،

هۆزەکانی، خوزاعە، لوخەم، جوزام، شام، بتێکیان دەپەرست بەناوی (الاقیصر)، ئەوان بۆ نیازەکانیان ڕوویان لیّ دەنا و مووی سەریان لا دەبرد و لەگەلّ هەر تالّە مویەکدا مشتێك ئاردیان فڕیّ دەدایە بەردەم بتەکەیان.[3]

مالیکی کوڕی حاریسە هەمیشە باوکی دەنارد بۆ لای (وەد) دۆلّچەیە شیری پیّ دەدا، بۆ ئەوەی دەرخواردی بدات! مالیك دەلّێت: دواتر خالیدی کوڕی وەلید ئەو بتەی تێکوپێك شکاند، هۆزی بەنی حەنیفە بتەکانیان لە خورما دروست دەکرد، هەرکات برسییان بوایە دەیانخوارد.

(ابن الکلبی) دەلّێت: هەندێك لەوان مامەلّەیان بە بتەکانەوە دەکرد، هەندێکی تریشان دەیانپەرستن! هەرکام لەوانیش نەیتوانیایە مالّێکی بکردایە و بتێکی تێدا دابنایە، بەردێکی دەهێنا و لە پالّ کەعبەد،ا یان لە هەر جێیەکی تردا، دایدەنا بۆ پەرستن و بە دەوریدا خولی دەخوارد، ئەو جۆرە بتەیان ناو نابوو (انصاب)، یان

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا٢٨.

[2] هەمان سەرچاوە، لا٣٣.

[3] هەمان سەرچاوە، لا٤٨.

ئەگەر کەسێك لەوان سەفەری بکردایە دەچووە شوێنێك چوار بەردیجوانی بە دڵی خۆی هەڵدەبژارد، یەکێك لەو چوار بەردەی دەکرد بە خوا و پاشان سیانەکەی تری دەکرد بە سێ کوچکە و ئاگردان بۆ قاپ و کتریەکەی، کاتێکیش دەڕۆیشت، بەجێی دەهێڵا، هەرکات لە شوێنێکی تردا هەواری هەڵدایە دوبارەی دەکردەوە، قوربانیە کانیشیان هەر لەوێ ئەنجامدەدا بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لێی. ئەوان بە ئەنجامدانی ئەو کارەیان زیاتر بۆ یادکردنەوە و خۆشەویستی دەربڕین بوو بۆ کەعبەی پیرۆز.[1]

ئا لەو گێژاوەدا، لەو تەنگەژە و تەنگەبەریەدا کە ئەگریێ عەقڵ و ئەبا مێشکی سەر، لەو کاولە چۆڵەوانیە بار کەوتووەدا، دنیایەکلە سادەیی و ساویلکەیی تیایدا لانەی کردبوو، ئیسلام هات بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەو نەهامەتی و واوەیلایە ڕزگار بکات، خودای تاکو تەنها بناسن، بیروباوەڕیان ڕوونبێتەوە بە ویست و نیازەکانیانەوە ڕوو لە کەمالیەت بکەن، بۆ ئەوەی هەست بە کیان و ماهیەتی مرۆڤانەی خۆیان بکەن.

بیروباوەڕی نوێ دامەزرا بوو لەسەر مەملەکەتێك بەها و دیدی تەندروست، وەك: خودا بەدیهێنەرە، پەیامەکەی بۆ گشت مرۆڤەکانە، یەکتاپەرستیە، هاوسەنگە، بزاوتنە، ئیجابی و گونجاو و تەواوکارە، بۆ ئەوەی بیروباوەڕێکی ڕێکخراو و تۆکمە پێکبێنێت، هەروەك ئەوەی یەکخستن و ڕێکخستنێکی تۆکمە بووە لەخۆیدا، هاوکات ئوصول و بنەڕەتە پوختەکانیشی تەواو گونجاو بوو لەگەڵ خواست و سروشتی مرۆڤایەتی و ئاسۆ فراوانەکانی عەقڵ.

ئیسلام کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکە، ڕێکخەر و داڕێژەرەکەی خودای پەروەردگارە، ناگونجێت مرۆڤەکان وەها کردەیەکیان پێ بکرێت، چونکە هەرخودایە دەزانێت چۆن عەقڵی مرۆڤەکان دابڕێژێتەوە، هاوکات پاڵنەر و بزوێنەر بێت بۆ بزاوتن و داهێنانیان.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

## دووەم: گۆڕانێکی زانستی:

گۆڕانکارییەکی تری ئیسلام، یان وەرچەرخانێکی تر، وەرچەرخانی زانستی بوو، ئەوەش لە نێوجەرگەی کۆمەڵگادا ئەنجامدرا لەپێناو ڕێکخستنەوەیەکی نوێ، بۆ ئەوەی ڕێك لەگەڵ دەوروبەردا مامەڵە ئەنجام بدەن، فەلسەفە لە بوونی پەیامی خودایی‌هەر بۆ ئەو ئەنجامەیە، کە ببەخشێت بە ئادەمیزاد. قورئانی پیرۆز بە چەند وشەیەك سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ لای ئەو دیاردەیە: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ١– ٥).

لە ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەدا و بەدرێژایی ئەو ماوەیە، ناو بەناو ئایەتەکانی قورئان نازڵ دەبوون بۆ دڵنیابوونەوە لە قوڵایی ئەو ڕەوتە نوێیە، بۆ ئەوەی متمانەکان بەهێز بێت، هەتا بە سانایی ئەندامانی نێو کۆمەڵگا هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێ بکەن.

بێگومان بانگەوازەکانی قورئان، هاندان بوون بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە، بۆ تێفکرین و تێڕامان، هەر لە سەرەتای ئایەتە مەککیەکانەوە هەتا سەردەمی ئایەتە مەدەنیەکان.

بێ هودە نەهاتووە یەکەم وشە لە قورئاندا (إقرا) بخوێنە، دووبارەبوونەوەشی لە سێ ئایەت بە دوای یەکدا، بێ مەبەست نیە، هاوکات چەند بارەبوونەوەی وشەی (علم) و ئاماژەکردن بۆ وشەی (قلم) پێنووس، کە تاکە ئامێرە بۆ فێربوونی مرۆڤەکان.

پاش ئەمە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار قورئان دادەبەزێت، بەلێزمە داباراندووە، بانگەوازەکان تیایدا بڵند دەبنەوە جار لەدوای جار، بخوێنە، بیرکەوە، عەقڵ بگرە،

وردبەرەوە، تێبگە، بڕوانە.. هتد، ئالێرەدا مرۆڤی موسڵمان خۆی بەدی دەکات و دەبێت پابەندبێت بە لۆژیکی باوەڕەوە، بەوەی کە دەبێت وەرچەرخانێك لە ناخی ئەودا ببێت بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ ئاراستە زانستیەکان، هەرئەوەش ویستی ئاینی نوێ بووە.

﴿فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ﴾ (القيامة: ١٨).

﴿وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ﴾ (الإسراء: ١٠٦).

﴿فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَءُونَ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكَ﴾ (يونس: ٩٤).

﴿عَلِمَ أَنْ لَنْ تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ﴾ (المزمل: ٢٠).

﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (الأعراف: ٢٠٤) .

﴿سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنْسَى﴾ (الأعلى: ٦).

﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ (محمد: ٢٤).

﴿أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ أَمْ جَاءَهُمْ مَا لَمْ يَأْتِ آبَاءَهُمُ الْأَوَّلِينَ﴾ (المؤمنون: ٦٨).

﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (ص: ٢٩).

﴿كَلَّا إِنَّهُ تَذْكِرَةٌ (٥٤) فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ﴾ (المدثر:٥٤– ٥٥).

﴿لِتَسْتَوُوا عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ﴾ (الزخرف: ١٣).

﴿أَوَلَا يَذْكُرُ الْإِنْسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا﴾ (مريم: ٦٧).

﴿وَإِذَا ذُكِّرُوا لَا يَذْكُرُونَ﴾ (الصافات: ١٣).

﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ﴾ (الأحزاب: ٣٤).

﴿خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة: ٦٣).

﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ﴾ (البقرة: ٢٣١).

﴿وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الأعراف: ٦٩).

﴿فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ﴾ (ق: ٤٥).

﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الذاريات: ٥٥).

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا﴾ (الكهف: ٥٧).

﴿وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾ (الفرقان: ٧٣).

﴿وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ (الأنعام: ٨٠).

﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ قَلِيلًا مَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ (غافر: ٥٨).

﴿أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (الرعد: ١٩).

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (الزمر: ٩).

﴿وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ (البقرة: ٢٢١).

﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ (الزمر: ٢٧).

﴿وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (البقرة: ٢٦٩).

﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (آل عمران: ٧).

﴿قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ (الأنعام: ١٢٦).

﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَى وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ (٥٣) هُدًى وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ (غافر: ٥٣- ٥٤).

﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾ (ق: ٣٧).

﴿لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَا أُذُنٌ وَاعِيَةٌ﴾ (الحاقة: ١٢).

﴿إِنَّ هَذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَنْ شَاءَ اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلًا﴾ ( المزمل: ١٩).

یاسا و مەنهەجی قورئان  خۆی لەخۆیدا  دەرهاویشتەکانی حیکمەتگەلێکی خوداییە، لە سەرەتا هەتا کۆتایی، لە بواری بیروباوەڕ و یاسادانان و هەڵسوکەوت و

بەرئەنجامە زانستیەکان، نموونەیەکی واقیعی و زانستی دەرك پێ کراوە، تەنها بە مامەڵەیەکی دڵسۆزانە و ژیرانە و بەرچاوڕوونی، عەقڵی هەر مرۆڤێك دادەچڵەکێت، سەرچاوەی بیر و تواناکان و ویژدانی هەرکەسێك چالاك دەکات، لە پێکهاتە تایبەتەکانی هەرکەسێکدا حەز و ئارەزوویەکی عیرفانانە دروست دەکات، نەك هەر بۆ ئەو کەسە، بەڵکو بۆ دەوروبەر و هەرچییەکیش لەو ناوەندەدا بوونی هەبێت.

دەقەکانی قورئانی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵێك مرۆڤی خامدا دەکرد، کە خاوەن زانستێکی وەها نەبوون کە شیاوی باس بێت، بێجگە لە کۆمەڵێکی کەمیان نەبێت، ئەوانیش بەدەرنەبوون لە دابونەریتی جاهیلی و سادە و ساویلکە بیرکردنەوەیان، بەڵام بەهێز و دڵسۆزی و بە گوڕوتین بوون بۆ بیروباوەڕی نوێ و سەرلەنوێ پێکهاتەیەکی تری عەقڵانی بۆ داڕشتنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوەڕۆکی ئەو پەیامە نوێیە بگەن و داواکارییەکانی جێبەجێ بکەن، دەرکبەو ڕەهەندە فراوانە بکەن کە ئاینی نوێی بۆی هێناون، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بجوڵێنێت و ڕوو لەو ئاسۆ فراوانەش بکەن، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەو سانایییە بەرجەستە نەدەبوو ئەگەر کڵپەی باوەڕ نەبوایە، بۆ ئەوەی پاڵنەربێت بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیار و مشتومڕ لەسەر ڕاستی شتەکان.

سەردەمی ڕاڕایی و دودڵی و بە گومانڕوانین بۆ شتەکان کۆتایی هات، سەردەمی ڕاستیەکان و جوڵەی بەردەوامە، گەڕانە بە دوای ڕاستڕەوی و ئەوەی کە گونجاوە لەگەڵ خواستەکانی ئەو ئاینە نوێیەدا، زۆر بایەخیش نادات بە وردکردنەوەی شتەکان هێندەی بایەخ دەدات بە مرۆڤەکان و ئێستە و کاری بەردەوام، بە دانانی کۆمەڵە مەرج و تایبەتمەندییەك کە بتوانێت ببەخشێت و کاردانەوەی هەبێت لێرە و لەوێ، لە گۆڕەپانی ئاڕاستەکردنی زانستیدا، ئاینی ئیسلام لە توانایدا بوو ئەو کەش و زەمینەیە ساز بکات. کۆمەڵگایەکی وەگەڕخست بە بەردەوام عەقڵی ئەوان

تێدەفکرێت و تێدەکۆشێت. بەرئەنجام ڕێچکەکانی ڕووناك کردەوە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە ڕۆژێکدا ئەوان جمەیان دەهات لە شەوەزەنگێکی تاریکدا.

**سێهەم: گۆڕانکاریی لە میتۆد و ئامانجدا:**

ئەم حاڵەتەش خۆی لە خۆیدا لە ئیسلامدا بایەخێکی ئەوتۆی هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆشی هەیە بە دوو حاڵەتەکەی ترەوە کە پێشتر باسی لێوە کرا، هەڵقوڵاو و بەرەنجامی ئەو دوو گۆڕانکارییە بوو، هەموو لایەك ئەوە دەزانین نەبوونی بەرنامە چەند مەترسی گەورەی هەیە لەسەر بزوتنەوەی فیکری مرۆڤایەتی و شارستانیەت بەگشتی، هاوکات ئەوەش دەزانین بەبێ بەرنامە شتێك نیە لەو ناوەندەدا بمانگەیەنێت بە ئەنجامەکان .

ئەو حاڵەتە بارودۆخێکی ئیجابی ڕەخساند بۆ موسوڵمانان لەم ڕۆژگارەدا، ئامانجەکانی بۆ دیاریکردن، پێکهاتەیەکی عەقڵی فیکری بۆ داڕشتن بۆ ئەوەی گونجاو بن لەگەڵ گوتار و داخوازییەکانیاندا، ئەوەش لە سێ لایەنەوە ڕوویدا: هۆکارەکان، یاسای مێژوو، بەرنامەی گەڕان و دوای هەستپێکراوەکاندا.

پێویستە کەمێك هەڵوێستە بکەین لە ئاست هەریەك لەو فاکتەرانە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەست بکەین بەو ڕەهەندانەی کە ئیسلام پێشکەشی کردووە و بەخشیویەتی بە عەقڵی مرۆڤایەتی، هەر ئەوەش بوو وایکرد مرۆڤەکان پێداچوونەوە و داڕشتنەوەیەکی جۆری بکەن بۆ ڕەوتی ژیان، بۆ ئەوەش ئامێر و کۆمەڵە هۆکارێکی پێی دابوون، تا بتوانن داهێنانی بەردەوام لە شارستانیەتەکاندا ئەنجام بدەن.

**أ ـ هۆکارەکان:**

گەر ورد ببینەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆمان دەردەکەوێت کە خودای مەزن چەندە نهێنی و بەڵگەی پڕ بەهای بەخشیوە بە عەقڵی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی

دیدێکی واقیعی بەرهەم بهێنن لەمەڕ بوونەوەر و ژیان و هەرچی تریش لەو ناوەندەدا بوونی هەیە، یەکانگیر بکات بۆ تەواو بوون، پاشان تێڕوانین و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە و شەکەتبون، لەنێو هۆکار و ڕووداوەکاندا دێت و دەگوزەرێت هەتا پەنجە بخاتە سەر ئەو تاڵەی کەوا پەیوەستی کردووە دیوی دەرەوەی شتەکان بەو کێڵگە بە پیتەوە، قورئانی پیرۆز ویستی عەقڵی عەرەبەکان لەو دەمەدا تێپەڕێنێت لە تێڕوانینە سەرپێیە سادەکان، ئەوەی کە ئەوان ڕووی دەرەوەی شتەکانیان پێ بەدی دەکرد، هەروەك ئەوەی– لە دیدی ئەواندا– شتەکان لێکترازاو بن، دژ بن، دابڕاو و جیاواز بن هەندێکیان لەوانی دیکە.

ئا لەو ناوەندەشدا مرۆڤەکان توانای ناسینەوە و بەراوردکردنی ڕەگەز و لێکچووەکانیان نیە. قورئانی پیرۆز بەشێواز و ڕێگای جۆراو جۆر و بەردەوامەکانی توانی عەقڵە سادەکان لەو دەمەدا داڕێژێتەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بژێتەوە بەو شێوەیەی کە ویستی بوو، عەقڵییەتێکی پێکهاتووبێت، خاوەن توانا و دیدێکی پرشنگدار بێت، حەکیمانە دیاردە تێکجنراوەکان بژار بکات، گەڕانیش بێت بە دوای دیاردە ونبوو هەڵپەسێنراوەکاندا، ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مرۆڤەکانەوە.

یەکێك لە گرنگترین دیدو بۆچوونەکانی قورئانی پیرۆز کە بەردەوام لەسەری دواوە لەڕێی سورەت و ئایەتەکانەوە، پێداگرتنیەتی لەسەر گرنگی هێنانەوەی (هۆ) بۆ دیاردەکان بۆ شتەکان، لەپێناو دەرککردن، یان گەیشتن بە گەورەیی پڕ لە هونەری دروستکراوەکان و تاکو تەنهایی دروستکاری بێ گەرد.

ئا لێرەدا بەبێ بوونی ئەو توانا عەقڵیە ناتوانرێت پەیوەندی دروست بکرێت لەنێوان هۆکار و ئەنجامەکاندا و عەقڵی باوەڕدار متمانەی تەواوی بۆ دروست نابێت، هاوکات لەتوانایدا نیە لە ئایەتە پەرش و بڵاوبووەکانی گەردوون و بوونەوەر تێفکرێت و بە بەردەوام ناخی داچڵەکێت، بۆ ئەوەی ئەوپەیوەندییە هەر بووە پڕ

سەیر و سەرسوڕهێنەرەی بۆ ئاشکرا ببێت، کە لەنێوان بوونەوەر و بەدیهێنەرەکەیدا هەیە.

لێرەدا بوار فراوان نیە بۆ خستنەڕووی ئەو ئایەتانەی کە جار لە دوای جار بانگەشەی موسڵمانانی دەکرد، بۆ ئەوەی دەرك بە نهێنیەکانی نێوان هۆکارەکان بکەن، بەتایبەت ئایەتەکانی سەردەمی (مەککی)، چونکە لەو سەردەمەدا پێویستی پەروەردەکردنی بیروباوەڕ وای دەخواست دڵنیا بن لە بوونی وەها عەقڵیەتێك کە بتوانێت، بەراورد بکات و پێك بێنێت و زەمینە و پەیوەندی ساز بکات لەنێوان هۆکارەکاندا.

لە سۆنگەی ئەم جەختکردنەوەیە کە پەیوەندی پتەوی بە باوەڕەوە هەیە بەگشتی، عەقڵیەتی مرۆڤی موسڵمان گەشتووەتە ئاستێك ئەم دیدە بە پێویست و گرنگ بزانێت و جێبەجێی بکات لە سپێدە و ئێوارەدا و خۆی لەسەری ڕا بهێنێت و تا ئەوەی ببێتە خوو تێیدا، بۆ ئەوەی زۆر بەجوانی بتوانێت زنجیرەی دیاردەکان بەیەکەوە گرێ بدات.

ئەوەی کە گوزارشت دەدات لە گەورەیی دروستکراوەکان، کۆمەڵێك هۆکار و نهێنی هەر ئەوانەش بەڕێوەی دەبات، ئەوانەش هەموو سەرچاوە دەگرن لە یەك ویستەوە، تێگەیشتن لەو نهێنیانە هەرگیز پەی پێ نابرێت، ئەگەر بێت و لە دیدو دەلاقەیەکی عەقڵانیەوە بۆی نەڕوانرێت و گرد نەکرێتەوە، دواتر بەراوردیان پێ بکات و لێیان کەرت بکات و پێکیان بێنێت، بە مەبەستی گەیشتن بە دیوی ڕاستیەکان و ئاشکراکردنی هۆکارەکان و قایل بوون، یان وەرگرتنی مەرجەکان، ئەوەی کە دەبێتە مایەی سەرفرازی عەقڵی مرۆڤەکان، هەر ئەوە دەتوانێت جارێکی تر دایڕێژێتەوە و بەخشەر و داهێنەر بێت.

**ب ـ یاساگەرایی مێژوو:**

بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا، پەردە لا ببرێت لەسەر ئەو ڕاستیانەی کە شارابوونەوە لە ئاست عەقڵی مرۆڤەکاندا، حەقیقەتگەلێکی ئاشکرا کرد کە لەوسەری مەترسیدا بوو. بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گەڕەلاوژە ڕێ تەی ناکات بەبێ ڕێنشاندەرێك، بەڵکو کۆمەڵە فەرمان و یاسا و نهێنییەك بەڕێوەی دەبات، وەك ئەوەی حوکم دەکات بە سەر گەردوون و جیهان و ژیان و شتەکاندا بەتێکڕا، ڕووداوە مێژووییەکان بەڕێکەوت دروست نابن، بەڵکو لە بەرەنجامی کۆمەڵێك مەرجی تایبەت و لەژێر کاریگەریی چەندین فاکتەری دەرەکیەوە دێنە بوون، هەر ئەویش ئاڕاستەی دەکات بەرەو ئامانج ملی لێنێت.

(یاساکان حوکمڕانی مێژوو دەکەن) ئەو گوتارە پەردەی لەسەر لا نەدرا بوو هەتا قورئان نازڵ بوو، ئا لەوەدا قورئانی پیرۆز کۆمەڵێك بنەما و بەرنامەی تێرو تەسەل دەداتە مرۆڤەکان، هەر لەوێوە پێیان دەڵێت: چۆن مامەڵە لەگەڵ مێژوودا بکەن، ئەو هەنگاوانە بۆ ئەو شێوازە مامەڵەیە لە قۆناغی سەرەتا و خستنەڕووی دەقەکان و کۆکردنەوەیان و بەرجەستەکردنی کۆمەڵە یاسایەك کە تەحەکوم بکات بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەك ئەوەی (ابن خلدون) لەو دواییەدا هەنگاوی بۆ هەڵگرت و ڕوونکردنەوەی دا بە دەوروبەرەکەی، ئەوەندەی کرا ڕێنومابییەکەی ئەو پاش پێنج سەدە بەرجەستە بوو و بینای ڕۆشنبیری خۆیان پێ دروست کرد.

ئەو ڕاستیە مێژووییەی کەوا ئەمڕۆ دەرکی پێ دەکەین، لە چیرۆکی پێغەمبەران و مێژووی کۆمەڵگاکان و ڕووداوەکانی گەلانی پێشوو، هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی کۆمەڵە یاسا و فەرمانێك، کە جوڵەی مێژوو ڕەوتی پێشکەوتنەکان چۆکی بۆ دادەدەن، سەبارەت بەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لە بوارە جیا جیاکاندا ڕوویدا زۆرێك لە لێکۆڵەر و مێژوونووسانی هاوچەرخ کەوتنە هەڵەوە لە کاتێکدا

دەیانوت (ابن خلدون) ئەو یەکەم کەس بوو ئەو مەنهەجەی جێبەجێ کردووە، پێش ئەویش هیچ کەسێك خۆی نەداوە لە وەها کۆمەڵە باسێك.

ئەو بەرنامە نوێیەی کە قورئان خستویەتە ڕوو و جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەیە مێژوو گرنگی و کاریگەر نابێت هەتا نەکرێتە گۆڕەپانێك بۆ توێژینەوە و تاقیکردنەوە و بەهای بەنرخی لێوەی وەربگیرێت، بەبێ ئەوە هەر بەرنامە و مەنهەجێك بەرقەرار نابێت هەتا یاساکانی قورئان نەکاتە سەنگی مەحەك، ئەو جۆرە هونەرەی کە قورئان خستوویەتییە ڕوو، پردێکە بۆ گەیشتن، کۆمەڵێك بابەت و ئامانجی لەخۆی گرتووە لە جێبەجێکردنی هەرشتێك لە گۆڕەپانی مێژوودا.

قورئانی پیرۆز بۆ یەکەمجار کۆمەڵێك پرس و فەرمان و یاسا و نەریت دەخاتە بەردەم عەقڵی مرۆڤەکان، ڕەوت و جوڵەی مێژوو بەئاڕاستەیەکدا دەبات، هەڵە ناکات، بە ڕێڕەوێکی تەندروستدا تێی دەپەڕێنێت، چوونە دەرەوە لێی مەحاڵە، چونکە داڕێژراو و شێلراوە لەگەڵ فیترەت و خۆماکی و ڕەوشت و بیر و سۆز و ویژداندا، ئەوانە هەموو لە ناوەرۆکی ئەو پەیوەندییە بەیەکداچووە دیار و نادیارانەیە کە جوڵەی مرۆڤەکان پێیەوە بەندە. ئەوەش بۆ ئەوەیە بارودۆخە قەتیس ماوەکان تێپەڕێنێت بەرەو گشتاندن و ڕێژەی جوگرافی و بارودۆخە ئابوورییەکان، بۆ ئەوەی ئاسۆ فراوانتر بێت بۆ کردە مێژووییەکان.

ئا لێرەدا ئەو حاکمیەتەی کە ئیسلام دەیەوێت جێبەجێی بکرێت لە جموجوڵە مێژووییەکاندا ژیرزانیەکی پەتیە، لەبەر ئەوەی زیاتر بەو پاداشتە دەچێت، کە لە جۆری کردەوە بێت، یان وەك مادە ئەسڵ و ڕەسەنەکەی خۆی بێت، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دادگەریەکی پەتیە، چونکە پاداشتێکی بەجێ و ڕێیە بۆ مرۆڤەکان، چ بۆ تاك و چ بۆ کۆمەڵگا، بەشێوەیەکە بەرامبەرە لەگەڵ سروشتی ئەو جوڵە مێژووییەی کە مرۆڤەکان جێبەجێی دەکەن. وەك ئەوەی قورئانی پیرۆز بیەوێت سەرەنجمان ڕاکێشێت بەلای ئەوەدا کە لە تواناماندایە ڕووداوی مێژوویی ڕێك بخەین،

بەرەنجامەکانیشی دەکرێت زۆر نزیك بن لە دڵنیاییەوە، بە سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە هەیەتی بە ناوەرۆکی پێشینەکانەوە، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو متمانەوە (کە ڕووداو و فەرمانە مێژووییەکان دەبێت بەردەوام کاریگەرییەکانی خۆی بەجێ بێنێت لەو بوونەوەرەدا).

بە پێچەوانەشەوە هەر جۆرە خەمساردی و سستییەك بوونی هەبێت لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەدا، سەرئەکێشێت بۆ تووانەوەی بزافی مێژوویی، هاوکات بەخششەکانیشی خۆگر نابن، بەشێوەیەکی تریش سەر دەکێشێت بۆ دژە هەڵوێست سەبارەت بە تێڕوانین و لێکگەشتنەکان لە هەردوو چەمکی ماف و دادگەریی، جا بۆ ئەوەی دڵنیابین قورئانی پیرۆز، زیاتر لە جارێك گرنگی بوون و بەرجەستەکردنی بیرۆکەکانی دەخاتە ڕوو بۆمان، هاوکات بەبێ لادان و مل پێچدانی واتا و ناوەرۆکی ئایەتەکان، چونکە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ڕێنماییەکانی بوون و پەیوەندی هەبووە لە بنەڕەت و پێکهاتەکانی بوونەوەردا بەگشتی، بەتایبەت لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەردا، ئەو پەیوەندییە دەساودەس هەست پێ دەکرێت. قورئانی پیرۆزیش تەنها پەردەی لەسەر لاداوە بە جۆرێك ئاشکرای کردووە بوون و قورسایی ئەوەی سەلماندوە لە ڕەوتی مێژوودا، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز خۆی بەند و قەتیس ناکات بە درێژەدان بە باسە لاوەکی و شتە کاتیەکان، بەڵکو بەردەوام درێژە دەدات بە بنەما سەرەکییەکان هێدی هێدی بە شێوەیەکی فراوان زەمینەساز دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین ڕووداو لەخۆی بگرێت و خۆی بگلێنێت لە ژمارەیەکی زیاتر لە درێژەدان و وردەکاریی، بۆ ئەوەی بەردەوام کۆتا دەسکەوت بێت و هێما چڕەکان بێت بۆ ئەوەی قەواڵە گەورەکە بێ بۆ بزووتنەوەی مێژوو.

لەو سۆنگەیەوە دەقەکانی قورئان  بەکورتی  ئەوەمان پێ دەڵێن: جموجوڵەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە مێژوودا هەروا بێ هەوانتە و بەڕێکەوت نەبووە، بەڵکو هێزە شاراوەکانی عەقڵ و ڕۆح و ویستی مرۆڤەکان دروستی

کردووە– بە پێچەوانەی ئەوەی کە باوە لە جیهانی غەیری مرۆڤەکاندا  بە گیانی بەرپرسیاریەتێکی تەواو و لە ماوەی جوڵە بەردەوامەکان لە مێژوودا، چونکە هەر کارێکی گاڵتەجاڕیی و بێ فەڕ ڕەد دەکاتەوە، بەڵکو سەرەنجیان دەبات بۆ کاری ژیرانە و نەخشە بۆ کێشراو، کە لەسەر ئەو کارانە مرۆڤەکان لەبەردەم بارەگای خوادا ڕادەگیرێن، بەو بەرپرسیارێتیەی کە لە ئەستۆی نراوە سەبارەت بە دەوروبەر بۆ ئەوەی بەئامانجی بگەیەنێت بە ئاوەدانکاری و پێشکەوتن. بە گوێرەی ئەوەی کە پێغەمبەران هێناویانە ناو بە ناو لە ڕێنومایی و نەخشەدانان بۆ ئەوەی دەستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بگرێ لە ناوەندی ڕاڕەوەکاندا، هەر کات ئەو جۆرە پەیوەندیە ئیجابیە بچڕا لەنێوان مرۆڤەکان و خودا و جیهان، هاوکات خراپ کەڵك وەرگرتن لە چەمکەکانی (ئازادی) و ونبونی بەرپرسیارێتی و نەمانی نەخشەکان کە بزوێنەریهەست و بێداری مرۆڤەکانە، هەروەها بەها ئەخلاقیەکان وەلانێت کە هەڵقوڵاویتوانا عەقڵی و ڕۆحی و ویستەکانی ئادەمیزادە، لێرەدا پاداشتێکی هاوسەنگ لە ڕەگەزی کاری مرۆڤەکان دێتە کایەوە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕوو دەنێت لە نوشست هێنان و پەرتبوون و داڕمان. ئا بەو شێوەیە دەڕوانین بۆ ئیسلام و حساب بۆ یاسا و نەریتەکانی دەکەین، نەك حساب بۆ ساڵەکان.

﴿سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الأحزاب: ٦٢)، ﴿فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ (فاطر: ٤٣)، ﴿سُنَّةَ مَنْ قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنْ رُسُلِنَا وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا﴾ (الإسراء: ٧٧)، ﴿وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَى وَيَسْتَغْفِرُوا رَبَّهُمْ إِلَّا أَنْ تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ قُبُلًا﴾ (الكهف: ٥٥)، ﴿وَلَوْ قَاتَلَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوَلَّوُا الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (٢٢) سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الفتح: ٢٢–٢٣).

قورئانی پیرۆز هەر ئەوەندە نیە کە جەخت بکات لەسەر جێگیربوونی وەها یاسا و ڕێسایەك و پاشان جێی بهێڵێت بۆ مرۆڤەکان و بەس، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئاراستەی دەکات بۆ کۆمەڵە پاڵنەرێك کە پێویست بکات لەسەر ئەو کۆمەڵگا باوەڕدارە شوێنەواری هەڵەکان تێپەڕێنن، کە پێشتر پێشڕەوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردبوو بۆ وێرانکاری، بەرامبەر بەوە مامەڵەی دروست و بەجێ بکات لەگەڵ دیاردە گەردوونیەکان و سروشت، کە کۆی ئەو بەها و ڕێنومايیانەش وەرگیراون لە قوڵایی ڕووداو و جوڵەکانی نێو مێژوودا.

﴿قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (١٣٧) هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِينَ (١٣٨) وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (١٤٠) وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٧ـ ١٤١).

﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَى مَا كُذِّبُوا وَأُوذُوا حَتَّى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ وَلَقَدْ جَاءَكَ مِنْ نَبَإِ الْمُرْسَلِينَ﴾ (الأنعام: ٣٤).

﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ أَفَلَا يَسْمَعُونَ﴾ (السجدة: ٢٦).

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ﴾ (الرعد: ٦).

ج ـ بەرنامەی توێژینەوەی ئەزمونگەرایی:

لێرەدا تەنها پەردەلادان نیە لەسەر هۆکارەکان و یاساگەرایی مێژوویی، بەڵکو فاکتەرە مەعریفیەکان ڕاست دەکاتەوە، بەتایبەت عەقڵی مرۆڤی موسڵمان، هەروەها ئەوەی عەقڵی مرۆڤایەتی بەتێکڕا بەدەستی هێناوە، ئەوەش وەك توێژینەوە و ئەزموونێکی قورئانی پیرۆزە، ئەوەی کە پەردەی لادا لەسەری و ڕێکیخست و جەختی کردەوە لەسەر بەرجەستەکردنی.

قورئانی پیرۆز مرۆڤەکان بەئاگا دێنێت، بۆ ئەوەی بە وردی سەرەنج بدەنە حەقیقەتی بوونی خۆیان و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بوونەوەردا بەهۆی تێفکرانی هەستەوە بۆ خۆیان و بۆ دەوروبەرەکەشیان، سەرەتا لە شوێن پێکانی خۆیانەوە هەتا کۆتایی دێت بە ئاسۆکانی گەردوون و بوونەوەر. بەرپرسیارەتێکی گەورەی خستووەتە سەرشانی مرۆڤەکان لە هەر هەنگاوێك کە هەڵی دەگرن لە بواری توێژینەوە و تێفکران و وردبوونەوە و ناسین و ئەزموونگەراییەکانی ژیان، پێیان دەڵێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾ (الإسراء: ٣٦)، دواتر بانگیان دەکات بە وردی بڕواننە دەوروبەر، بۆ دابینکردنی بژێوی و ڕۆزی ژیان ﴿فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ (٢٤) أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا (٢٥) ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا (٢٦) فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبًّا (٢٧) وَعِنَبًا وَقَضْبًا (٢٨) وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا (٢٩) وَحَدَائِقَ غُلْبًا (٣٠) وَفَاكِهَةً وَأَبًّا﴾ (عبس: ٢٤–٣١)، بۆ دروستبوونی نهێنی مرۆڤ: ﴿فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ﴾ (الطارق: ٥)، بۆ مەلەکوت لە ئاسمانەکان: ﴿أَوَلَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (الأعراف: ١٨٥)، بۆ بزوتنەوەی مێژووی مرۆڤەکان لەسەر زەویدا: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً﴾ (غافر: ٨٢)، بۆ ئەوەی کە خوا ئەفراندویەتی ﴿أَفَلَا يَنْظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾ (الغاشية: ١٧)، بۆ بەڵگە زۆرەکان لە گشت جێیەکدا ﴿انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ﴾ (المائدة: ٧٥)، بۆ یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان ﴿انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ (الإسراء: ٢١) ، بۆ سروشت کە هاتووەتە بوون لەنێو جەرگەی نەبوونەوەبە ویست و ڕەحمەتی خوا ﴿فَانْظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ (الروم: ٥٠)، بۆ لق و پۆپ و بەرهەمی درەختەکان ﴿انْظُرُوا إِلَى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ﴾ (الأنعام: ٩٩) بۆ ژیانی یەکەم جار چۆن دەستی پێکرد؟ چۆن گەشەی کرد؟ ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ﴾ (العنكبوت: ٢٠) بانگی کردن بۆ ئەوەی گوێ بدەنە

دەنگۆکان و بۆ ئەوەی بزانن و بتوانن جیاکاری بکەن لە وەرگرتن و ڕەدکردنەوەدا، چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا باوەڕ گەشە دەکات ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ (الأنفال: ٢١).

قورئانی پیرۆز هەنگاوێکی تری نا و داوای لێیان کرد چاوبگێڕن، چونکە هەر بەوە دەتوانن  هەردەم  حاڵی ببن لە هەستپێکراوەکانی: بیستن و بینین و بەرکەوتەکان، ئەوانەی کە سنووریان بۆ نییە، ئالێرەدا بە چاوکراوەیی و بەرپرسیارێتی خۆی لەئەستۆ دەگرێت لە چۆنیەتی ڕێکخستنی هەستپێکراوەکان و پوختکردنەوەی و بەراوردکردنی و جیاکردنەوەی و لەپێناو گەیشتن بەڕاستییەك کە بەتەنها یاسا و ڕێساکانی بوونەوەر و دروستکراوەکان لەسەر ئەو خۆ بوونیات دەنێن ﴿فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ عَمِيَ فَعَلَيْهَا﴾ (الأنعام: ١٠٤) عەقڵ و نەفس هەردووکیان بەرپرسن، هیچکام لەوی تر جیا نابێتەوە لە مەسەلەی بەدواداچوون و کۆڵینەوە و بژارکردن و هەڵبژاردندا، مرۆڤەکان تاقی دەکرێنەوە بەو بەرپرسیارێتیە، چونکە ماددەی دروستکردنی مرۆڤەکان جیاوازە لە مادەی ئاژەڵەکان ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ (الإنسان: ٢).

ئالێرەدا ئایەتەکان بەدوای یەکدا دادەبەزن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن جار لە دوای جار، کە ئەندامەکانی بیستن، بینین، دڵ بەتێکڕا ئەوان واتای ژیان دەنرخێنن و جیای دەکەنەوە، مرۆڤیش کاتێك هێز و تواناکانی ئەو ئەندامانە دەخاتەگەڕ، دەروازەکان دەخاتە سەرپشت بۆ بەکارهێنانی ئەو هێز و توانا ناوازانە هەتا دوا هەناسە، ئەوکات ئاستی زانستی و ئاینی مرۆڤەکان وەك یەك دەگاتە چڵەپۆپە، چونکە ئەو پیرۆزییانە پێگە و پایەی ئەو نیشان دەدات کە باڵادەستە لەو جیهانەدا و جێنشینە لەو زەویەدا، بەڵام مرۆڤەکان کاتێك دەست بەسەر ئەو تواناناییانەدا دەگرن، دەروازەکانیان لێ دادەخەن، پەردەپۆشیان دەکەن، ئەوا ئەو مرۆڤە خۆبەخۆ پلە و پایەیەکی نزم و کەمبایەخی بۆ خۆی قەرارداوە، ئەوە نیە کە خوا

پێی داوه وپێی ڕازیه، چونکه ڕۆژێك که خوا بەوی بەخشی هێزەکانی بیستن و بینین و دڵ، بۆ ئەوه پێی نەبەخشی خۆی پێ بەرێته ڕیزی ئاژەڵان: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ﴾ (محمد: ٢٣).

کۆمەڵێکی تر لەو ئایەتانەی که نزیکەی پەنجا ئایەت دەبن، هانمان دەدەن بۆ بزواندنی عەقڵ، ئەو گەوهەرەی که خوا بەخشیویەتی به ئادەمیزاد، دەبێت متمانەی لەسەر ئەوەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بەرئەنجامی شتەکان ئاشکرا بکات و مەبەستەکانیان ڕوون و بخاتەگەڕ ﴿كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (البقرة: ٢٤٢).

چەندین ئایەتی تر هەن بانگەشەی مرۆڤەکان دەکەن بۆ ئەوەی ورد بیر بکەنەوه و تێفکرێن له دیاردە گەردوونیەکان و ئەو شتانەی وان له دەوروبەریاندا، له چەند و چۆن و توانا و نهێنیه شاراوەکان لەو بوونەوەرەدا ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴾ (الأنعام: ٥٠).

ئەوەی که دەوترێت سەبارەت به بیرکردنەوه، ئەشێ بوترێت بۆ تێگەشتنه، ئەوه هەنگاوێکی تری عەقڵیه، ماوەکەی فراوانتر و دورتره له بیرکردنەوه، وا دەکات له مرۆڤ زیاتر به ئاگابێت لەوەی وا له دەوروبەریدا دەگوزەرێت، ئامادەباش بێت بۆ گفتوگۆی بەرپرسیارانه بەرانبەر به هەرشتێك لەو گەردوونەدا بخرێته ڕوو بۆی ﴿فَمَالِ هَؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا﴾ (النساء: ٧٨).

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زۆر جەخت لەسەر ئەو شێوازه مامەڵه دەکەن که متمانه لەسەر سەلماندن و بەڵگه و مشتومڕی بەجێ، بۆ ئەوەی بگەن به ئامانجه دروستەکان، ڕاستی بوون و یەکتر خوێندنەوه و بەراوردکردن، هەڵسەنگاندن و پوختکردنەوه، به پاڵپشتی ئەو هەسته دەرەکیانەی که یەکدەنگ بوون لەسەری، ئەو توانا عەقڵیانەی که دەزانێت چۆن مامەڵه بکات لەگەڵ بەخششەکاندا ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (البقرة: ١١١).

کاریگەریی زانست لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین پەروەرن، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت، یان بە بەرنامەی خوایی کە ڕێبازی ژیانی بێت، نەکهەر زانست، بەڵکو وشەی زانست، پیرۆزی ڕەهای هەیە لە قورئانی پیرۆزدا، هاوکات هەمان وشەی وەك دەستەواژەیەك بۆ خودی ئاین بەکارهێناوە، ئەوەی کە بە پێغەمبەرەکاندا ناردوویەتی، دامودەزگای ئاسمان و زەوی پێ بەڕێوە دەبات، بۆ ڕاستیە گەورەکە کە لای خودایە لە (أم الكتاب) ماکی کتێبەکە، وەك ئاماژەیەکیش بۆ بەها ئاینیەکان، ئەوەی کە خوا دایبەزاندووە لە ئاسمانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارەزووبازیی و گومانی مرۆڤەکان، وتەکانی خوای گەورە ئا بەو ئاڕاستەدا دەمان بەن ئاکام و شوێنەوارەکانی زانست و ئاین بینیمان بەرچاو دەخەن، ئەوەی کە بەیەکدا چووە و تەواوکاری یەکترن و ئەوەی کە خودا خۆی مەبەستی کردووە چەند و چۆن بێت، نەك ئەوەی کە خەڵکانێك بە حەزبازی خۆیان بیانەوێت، لە هەوڵ و تەقالای بەردەوامدان بۆ ترازاندن و کەرتکردنی دوو زاراوەی (زانست و ئاین).

﴿وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ (البقرة: ١٢٠)، ﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴾ (آل عمران: ٧)، ﴿مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ﴾ (النساء: ١٥٧)، ﴿قَالَ إِنَّمَا الْعِلْمُ عِنْدَ اللَّهِ وَأُبَلِّغُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ﴾ (الأحقاف: ٢٣).

بواری خستنەڕووی سەرجەم ئەو دەقانەی کە پەیوەستن بەم بوارەوە لەم باسەدا کەمە، بەسە هێندە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی (علم) و موشتەقاتەکانی زیاتر لە حەوت سەد جار هاتووە لە قورئاندا، ئا لێرەدا با ئەوە بەبیردا نەیەت کە ئیسلام تەنها بۆ ئەوە هاتووە جەخت لەسەر هەڵوێستێك، یان دیاردەیەك بکات، یان بنەما شارستانیەتەکان زیندوو ڕاگرێت لە بوارەکانی ئەخلاق و ڕۆحدا بە تەنها. ئەو ئایەتانە کۆمەڵگای باوەڕداران لە نێو جەرگەی جیهاندا دادەنێت، هانیان دەدات بۆ

بەگەڕخستنی هەموو تواناکانی، بۆ پشکنین و کنەکردن بەدوای یاسا و ڕێساکان لەنێو جەرگەی ئەو خاك و گەردوونەدا، لە ناوەرۆکی پەیوەندییە ماددیەکانی گەردیلەکاندا. ئێمە لەبەردەم بزوتنەوەیەکی شارستانی هەمە لایەنەداین کە مەعنی و پەیوەستکارە لەنێوان پرسی باوەڕ و پرسی داهێنان و دۆزینەوەی شتە نادیار و شاراوەکاندا و لە نێوان چۆنیەتی وەرگرتنی ڕێنماییەکانی خودا و خۆ گلاندن لە چۆنیەتی پەیوەندی و ماجەرای سروشت ونهێنیەکانی، هەروەها لە نێوان ساغبوونەوەی ئاستی ئەو ڕۆحە باڵای کە مرۆڤەکان خاوەنداری دەکەن لەو زەویەدا، هاوکات لە نێوان ژێربارکردنی وزەکانی بوونەوەر بۆ بەدەستهێنانی هەمان ئەو سوودانەی لە بوارە ماددیەکاندا، واتە: هاوسەنگ بوون لە نێوان بڵندی ڕۆح و بڵندبوونەوەی ماددەدا، ئاینی ئیسلام بۆ جارێکیش جیاوازی نەکردوە لەنێوان ئەو دوو دیاردەیەدا.

لەمیانەی ئەو سێ گۆڕانکارییەدا کە پێشتر باسی لێوە کرا، ئاینی ئیسلام کۆمەڵێك ئاکاری نوێی پێبوو و ئەو ڕۆڵەی کە ئیسلام گێڕای  لە سەرەتادا  گونجاندن و بەهێزکردنی زەمینەیەکی گونجاو بوو بۆ ئەو کردە مرۆییانە و بەردەوامبوونیان:

**١ـ زانست بەردی بناغەیە:**

یەکەمین وشەیەك کە دابەزی بوو بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە ئەشکەوتی (حیرا) بەرپەرچدانەوە نەبوو، نەرێ نەبوو، نەیفەرموو: مەکوژە، دزیی مەکە، زینا مەکە.. هتد، بەڵکو بۆ دڵنیایی و ئەرێنی بوو، فەرمان بوو بۆ وەگەڕخستنی زانست، ئەویش خوێندنەوە بوو : ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ١– ٥) خوێندنەوە و زانست و پێنووس، تاك تاکی ئەو وشانەی لە

ئایەتی یەکەم، لە سورەتی یەکەمدا هاتووە لە قورئاندا ئەوەیە: بە موسڵمانانی سپاردووە پەیامێك و لە نێوجەرگەی جیهاندا دایناون نەك دوور و بەدەر بن لێیان.

بەو ئەندازەیە ڕازیی نەکرد، بەڵکو ڕێنماییە زانستییەکان درێژبووەوە بۆ قوڵایی ڕۆژگارە دوورەکان، بۆ سەردەمێك کە (ئادەم) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ناوی هەموو شتەکان فێربوو، دواتر ئەو زانیارییانەی گەیاند بە نەوەکانی، بۆ ئەوەی تەواو ئامادە بن لە ڕووی عەقڵ و جەستەوە هەتا هەستن بە کاری ئاوەدانکاری جیهان: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ (البقرة: ٣١– ٣٣).

**٢ـ بەرەوپێش هەنگاو بنێت:**

قورئانی پیرۆز جەخت دەکاتەوە لەوەی کە ئێمە ڕووە و پێش بڕوانین و لا نەکەینەوە بۆ دواوە، جگە لە چەند حاڵەتێکی پێویستدا نەبێت، ئەویش لە باب و باپیرانەوە کەلەپورێکی زانستی وەرگرین و بیکەینە ڕێنیشاندەر بۆ ئاگاداربوون لە ڕاست و هەڵەی پێگەی ئێستەمان، چونکە ئەگەر تەنها بۆ چاولێکردنێکی کوێرانە بێت، ئەوا بە عەیبە و نەنگی ئەژمار دەکرێت و پێچەوانەی ویستی ئەو ئیرادەیەیە کە قورئان بانگەشەی بۆ کرد: ﴿قَالُوا أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ (یونس: ٧٨)، ﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ (الزخرف: ٢٣) ئەو هیدایەتەی کە لە ئایەتەکەدا باسی هاتووە و لەسەر زمانی بێباوەڕانەوە باسیکردووە، ئەو بیرۆکەیە پێچەوانەی دابونەریتەکانی ئاینی ئیسلامە و ئیسلام زۆر بە توندی ڕەتی دەکاتەوە.

مێژوونووسی بەریتانی بەناوبانگ (توینبی) ئاماژە بە دوو جۆر مامەڵە دەکات لەمەڕ ئەوەی کە باوباپیران بۆ ئێمەیان بەجێهێڵاوە وەك کلتوور، شێوازێکی چاولێکەری کوێرانە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکە بۆ داڕمانی شارستانیەت. شێوازی پەیڕەوکردن لە نەوەیەکی داهێنەر، شارەزا و هەمیشە زیندوو، چالاك لە قۆناغی ڕاپەڕین و ژیانەوەی شارستانیدا، قورئانی پیرۆز شێوازی یەکەم ڕەت دەکاتەوە، چونکە جڵەوکێشی دەکات بۆ دواکەوتن و نیشتەنی و خامۆشبوون.

قورئان باوەڕداران لە ئاڕاستە و جێگایەکدا دادەنێت – لە ڕووبەرێکی فراواندا – لەنێوجەرگەی مێژوودا گەڕان بێت بە دوای نێوەرۆکدا، بەئاگا لە شێوازەکانی کار بۆ ئێستا و ئاینده ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (يوسف: ١١١) لەگەڵئەوەشدا ڕزگار و دەربازمان دەکات لە مێژوو، واتە: نایەوێت باوەڕداران لە مێژوودا بخولێنەوە، بەڵکو کار بۆ ئێستە و بزوتن بەرەو ئاینده، بەدەرلەوەی کردەی نەوەکانی ڕابردوو ئاستەنگ و بارگران بن بەسەرمانەوە ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (البقرة: ١٣٤).

**٣ـ وریایی لە بەفیڕۆنەدانی تواناکان:**

لەکاتێکدا بەردەوام ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە باوەڕداران نابێت تواناکانیان بەفیڕۆ بدەن، بەڵکو تواناکان لە بوارە نەخشە بۆ کێشراوەکاندا وەگەڕ بخەن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((تفكروا في آلاء الله ولا تفكروا في الله))[١]، بیر

[١] رواه ابن عمر مرفوعا، كما رواه بلفظ آخر كل من أبي نعيم في الحلية والأصفهاني في الترغيب والطبراني في الأوسط والبيهقي في شعب الايمان والديلمي في الفردوس، ورغم ضعف الأسانيد فإن إجتماعها يكسب الحديث قوة، ومعناه صحيح.

بکەنەوە لە بەخششەکانی خودا، بیر لە خودی خودا مەکەنەوە، لێرەدا ئەوەمان بە بیر دێنێتەوە: هەردەم بیرمان چالاك و گەڕیدەی دروستکراوەکانی خودابێت، ئەوەی کە ڕێنمایمان دەکات بۆ فێربوونی زانست و تەکنەلۆژیا، هاوکات وەك ئاوێنەیەك وردەکاری و داهێنەری کردگار لە کردەوەکانیدا پیشان دەدات لە گەردووندا و باوەڕهێنان بە تاکو تەنهایی خودا دامانئەچڵەکێنێت نەکەن بیر لە زات و ماهیەتی خوا بکەنەوە، چونکە ئەوە لە سەروو بیرکردنەوەدایە، تواناکانی مرۆڤ پەی پێ نابات، ئەوە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیە کە جڵەوکێشمان دەکات بۆ بیرکردنەوە لە (نادیار) ئەودیو بیری مرۆڤەکان، بۆ مامەڵەیەکی تەنها لەگەڵ زاتێکدا کە (واجب الوجودة) سەرەتا و ناکۆتایە، واتە: جیهانی میتافیزیکیا، هەرکەس خۆی لەوە بدات، ئەوە توانا عەقڵیەکانی بەهەدەر دەدات.

خوای پەروەردگار دەیەوێت ئێمە مامەڵە لەگەڵ گەواڵەی گەردووندا بکەین، بۆ ئەوەی لە یاسا و ڕێساکانی ئاشکرا و ئاشنا بین، ئەوەی کە سەرجەم تواناکانی ژێربارکراوە بۆ مرۆڤەکان لەپێناو بەدەستهێنان و سەلماندنی جێنشینی خۆی و ئاوەدانکاریی لە جیهاندا، لەبری ئەوەی کە تواناکانی خۆی بەفیڕۆ بدات لەشتگەلێکدا کە لە دەرەوەی سنووری تواناکانی ئەودایە و لە دەرەوەی پێداویستی و بەدەستهاتە شارستانییەکانە لەم سەرزەوییەدا.

**٤ ـ بنەمای جێنشینی:**

پەروەردگار مرۆڤی کردووە بەجێنشین لەو زەوییەدا، پێی سپاردووە و لەوی دەوێت بایەخ بدات بەپێشخستن و داهێنان و ئاوەدانکردنەوە، ئاستەنگەکان وەلا بنێت، ئامادەی مەیدانخوازی بێت لەپێناو زەمینەسازکردن بۆ ئەوەی زیاتر گونجاو بێت، ژیانێکی دڵ ئارام باڵ بکێشێت بەسەر ویستەکاندا. پاش ئازادبوونی لە کۆت و بەندەکانی ژیانی دونیا، بۆ ئەوەی زیاتر بە توانا و ئامادەشبێت لە کاتێکدا کە ڕوو

لە ئاسمان دەنێت، ڕوو لە خوای بڵند و بێهاوتا دەنێت، هەرگیز کۆت و بەندەکان و نەهامەتییەکان چۆکی پێدانەدەن، ویست و ئارەزووە چەقبەستووەکان کەمەندکێشی نەکەن بۆ دونیاویستی.

بنەمای جێنشینی مرۆڤ لە قورئاندا زیاتر لە جارێك باسی هاتووە: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا﴾ (فاطر: ٣٩)، ﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ (الأنعام: ١٦٥)، ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَنْ جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِنْكُمْ لِيُنْذِرَكُمْ وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الأعراف: ٦٩)، ﴿قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ﴾ (الأعراف: ١٢٩)، ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ﴾ (النمل: ٦٢).[١]

لە ڕوانگەی ئەو ئایەتە پیرۆزانەوە، گرنگی پرسی جێنشین دەردەکەوێت، کە پەیوەستە بەو تاڵە درێژەوە لە هەردوو جەمسەری کار و داهێنان و خۆلادان لە خراپەکاری لەم سەرزەویەدا لەلایەك و پابەندبوون بە ڕێنمایی و زانست و شەریعەتی پەروەردگارەوە لەلایەکی ترەوە، هاوکات بە دڵ پابەند بوون پێیانەوە لە کاتی پیادەکردنیاندا.

پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو مەودایەدا، پەیوەندییەکی بنەڕەتی و ئاڵوگۆڕانەیە بە جۆرێك ئەگەر هەر یەك لەو دوو مەودایە لاواز ببێت، بەرئەنجامی خراپ دروست دەکات، لە دونیا و دوارۆژیشدا، ئەوجا ئاڵوگۆڕەکە لە نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەنێو خۆیاندا دەبێت، هەندێك لەوان دەبێت ببنە قوربانیی، بۆ ئەوەی ئەوانی تر درێژە بە ژیانیان بدەن، بەڵام پابەندبوون بە هەردوو جەمسەری ئەو تاڵە حەبلەوە،

---

[١] بڕوانە: التفسير الإسلامي للتاريخ، د. عیمادالدین خەلیل، ل١٩٢ ـ ١٩٨.

کار بۆ کردن و تێکۆشان و داهێنان، بەردەوامیش وەرگرتنی ڕێنماییەکانی پەروەردگار بۆ زیاتر تۆکمە بوون و دامەزران لە کارەکاندا، هەوڵەکانیش بە دروستی لە ڕێڕەوی خۆیدا خرێتە گەڕ، ئەوە وادەکات بەردەوام مرۆڤەکان لەبەردەم پەروەردگاردا خۆیان ببیننەوە، هەستکردنە بە ئەرکی جێنشینی و ئاوەدانکاری لەم گەردوونەدا ﴿قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ (هود: ٦١).

هەرگیز لە توانای موسڵماندا نیە ئەرکی جێنشینی بە تەواوی جێبەجێ بکات و دڵنیایی تەواو بە خۆی ببەخشێت و ئامانجەکان بپێکێت ئەگەر هەنگاو و جموجوڵە سەرەتاییەکانی بە دروستی نەنابێت  بۆ ئامادەبوون – بۆ بەدەسهێنانی ڕێژەیەکی زیاتر لە بەرقەراری لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیدا. بەبێ ئەوە بیرۆکەی جێنشینی، تەنها و تەنها کۆمەڵە بیردۆزێك، یان بیروباوەڕێکە، لە بۆشاییدا مەلەوانی دەکات.

**٥- بنەمای ڕامکردن:**

ئەم بنەمایەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چەمکەکانی پێش خۆیەوە هەیە و بە دیاردەیەکی سەرەکی هەژمار دەکرێت لە دیدی ئیسلامدا بۆ گەردوون و جیهان و ژیان و مرۆڤەکان، بنەمای ڕامکردن متمانەی تەواوی لەسەر پرۆگرامە زانستی و ئالیەتەکانی هەیە، ئەوەش لە کاتێکدا گەر بمانەوێت لە واقیعدا کاراو کاریگەریی هەبێت و ئامانجەکانی بپێکێت، دەبێت ئالیەتەکان لەپێشچاو بگیرێت.

جیهان و سروشت، لە دیدی ئیسلامدا ژێربارکراون بۆ مرۆڤەکان، خوای پەروەردگار ڕەهەندەکان و سنوورەکانی بۆ دیاریی کردووین و یاسا و ڕێسا و قەبارەی شتەکانیشی بۆ دیاریی کردووین بەجۆرێك کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەرکە بنەڕەتیەکان و جێنشینی مرۆڤەکان لەو جیهانەدا و چەندێتی و چۆنیەتی مامەڵەی ئەو لەگەڵ گەردوون و دەوروبەردا بەشێوەیەکی ئیجابی و کاریگەر.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز چڕوپڕ بۆمان دەدوێن سەبارەت بە بنەمای ڕامکردن و وێناکردنێکی ئەرێنی دەنرخێنێت بەو ڕۆڵەی کە مرۆڤەکان لە پرۆسەی شارستانیدا دەیگێڕن، دوور لەو دیدە نەرێنییەی کە زۆرێك لە فەلسەفە و ڕێڕەوە دانراوەکان دەیلێن و دەیگێڕن، ئەوەی کە مرۆڤی داڕنیوە لە توانا کاریگەرەکانی و لەو سەربەستیەی کە هەیەتی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ قەوارەکانی تری بوونەوەردا، هەندێکیش لەوانە زیادەڕەوانە ڕۆچوون، مرۆڤ بە ژێربار دەبینن بۆ ویستی قەوارەکانی گەردوون، واتە: مرۆڤەکان لە ژێر کاریگەریی هێزە گەردوونیەکاندان و بێ دەسەلاتن لە هەڵسوکەوتەکانیاندا.

ئێمە لە قورئاندا دەستەواژە و گوتارێکی ترمان بەر دیدە و گوێ دەکەوێت سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و گەردوون، هەر لە بنەڕەتدا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە. لە قورئاندا مرۆڤ بە (السيد الفاعل) سەرگەورە و کارا ناوزەد کراوە، شتەکانی بۆ ئەم فەراهەمهێنراون و ژێربارکراون، ئا لەو گەردوونەدا، بۆ ئەوەی وەڵام و ئامادەگی هەبێت بۆ فەرمان و خواستەکانی مرۆڤ، لە کاتی جێنشینی ئەو لەم سەرزەویەدا، لە کاتی ئاوەدانکردنەوەیدا لەم جیهانەدا بە ویست و لە ژێر چاودێری خوادا ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ (النحل: ١٢)، ﴿وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا﴾ (النحل: ١٤)، ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْأَنْهَارَ (٣٢) وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ﴾ (إبراهيم: ٣٢– ٣٣)، ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ (ص: ٣٦)، ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ (لقمان: ٢٠)، ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ (العنكبوت: ٦١).

**٦ـ گیانی کارکردن و داهێنان:**

لە قورئانی پیرۆزدا کۆمەڵە باسێك بە ڕوونی بەدی دەکەین و کە هانمان دەدەن لەسەر کارکردن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (التوبة: ١٠٥)، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((إذا قامت الساعة وفي يد أحدكم فسيلة فاستطاع ألا تقوم حتى يغرسها فليغرسها فله بذلك أجر))[١]. واتە: ئەگەر ڕۆژی دوایی هاتە پێشەوە و لەنێو دەستی یەکێك لە ئێوەدا نەمامێك هەبوو، گەر توانی بیچێنێت با بیچێنێت، چونکە لەوەدا بۆ ئەو پاداشتێك هەیە.

ئا لەو دەلاقەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ڕۆڵی مرۆڤی موسڵمان و خاوەن شارستانیی لە کارکردن و داهێنانی بەردەوامدایە هەر لە سەرەتای تێگەشتنیەوە هەتا دوا ڕۆژی کە ڕۆژی لێپرسینەوەیە، ئەوەش ڕوونە دونیای ئیسلام و موسڵمانان تەنها کارکردن و داهێنانی بەردەوامە.

ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە لە قورئاندا هاتوون و جەخت لەسەر کار و تێکۆشان دەکەنەوە لە پرۆسەی ئاوەدانکاریدا (بەو پێودانگەی کە خودا داوای کردووە) ئەو زاراوانە، بە هەموو لێوەرگیراوە جیاجیاکانیەوە زیاترە لە سێ سەدو پەنجا جێگادا، چ بە نەرێنی هاتبێت، یان بە ئەرێنی، ئەوەمان پێ دەڵێن: مەبەستی سەرەکی لە بوونی مرۆڤ لەم سەرزەویەدا، کار و هەوڵدانی بەردەوامە، کە تاکە پێوەرە بۆ ئەوەی ئایندەی مرۆڤەکان دیاری بکەن لە دونیا و دوارۆژدا، ئەوەش خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکە تەنراوە لەگەڵ هەردوو بیرۆکەی (جێنشینی و ئاوەدانکاریی) لەم سەرزەویەدا.

---

[١] ذكره علي بن العزيز في المنتخب بإسناد حسن عن أنس (رضي الله عنه): بڕوانە: عمدة القاري في شرح صحيح البخاري: بەدرەدینی عەینی (باب: الحرث والزراعة).

قورئانی پیرۆز سەبارەت بە هەردوو دیاردەی مردن و ژیان ئەوەمان پێدەڵێت: لەبنەڕەتدا هەردووکیان بۆ تاقیکردنەوەی ئادەمیزادەکان دروستکراون، هەتا دەرکەوێت کام لەوان چاکترە: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ (الملك: ٢) لە سورەتی (العصر)دا ئەوەمان پێدەڵێت: کردار و هەڵوێستی مرۆڤەکان لەم بوونەوەرەدا بەرئەنجامی هەرەسهێنانە ئەگەر ئەو دوو مەرجە سەرەکیە بوونی خۆی لەدەستبدات (باوەڕ و کردەوەی باش)، بۆیە ئا لەو دەلاقەوە فەرمانی یەکلاکەرەوە دەدات بە گوێی باوەڕداراندا، کە پابەندبن بە ڕۆڵی سەرەکیی خۆتان لە نێو ئەو جیهانەدا: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٠٤) وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (آل عمران: ١٠٤–١٠٥).

لە شوێنێکی تردا پێناسەی کۆمەڵگای باوەڕدار دەکات، ئەوانەی کە پابەندن بە یاسا و ڕێساکانی خوداوە بە ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ (آل عمران: ١١٠)، ئەو باوەڕەی کە شوورە و قەڵای ئاینی لەسەر ڕاست دەبێتەوە، بەردەوام وەك کارگەیەکی پڕ بەهای شارستانیە، ئاسۆی درێژ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ویست و کردەی کۆمەڵگای باوەڕدارانی تێدا کۆ ببێتەوە و دواتر ئاڕاستەیەکی تەندروستیان بکات، بە جۆرێك پێکیان دێنێت کە تەبا و گونجاو بن لە پێکەوەبوون و پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ جوڵەی گەردوون و ڕێساکانی سروشتدا، بۆ ئەوەی لەو ناوەندەدا هێزە ئیجابیەکان کاراتر ببێت، هەروەك چۆن بە شێوەیەکی شاقووڵی لە ناخی مرۆڤدا هەڵکشاوە، بۆ ئەوەی بەردەوام هەستی بەرپرسیارێتی زیندوو بێت، بۆ ئەوەی تواناکانی بخاتەگەڕ و گوزارشت لە هێزە شاراوەکانی ناخ و دەروونی بدات، ئەوەی کە (خوا) لە ئەزەلدا پێی دابوو و باوەڕی پێهێنا بوو، ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدات پێی بگات، ئەوەش

بەتێکڕا  لە دیدی ئیسلامدا  بە پەرستش ئەژمار دەکرێت، بە هۆیەوە لە خوا نزیك دەبنەوە، ئەوەش پڕاو پڕ واتای ئەو ئایەتەیە:﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦).

قورئانی پیرۆز بەوشێوەیە سەبارەت بەو پێشبڕکێ شارستانیەتە دەدوێت، کاتێکیش باسی باوەڕداران دەکات ئەوان ﴿أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ و ﴿لَهَا سَابِقُونَ﴾، لە هەردوو دەستەواژەکەدا بە ڕوونی هەست بە بیرۆکەی (زمن) کات دەکەین، هەوڵدانمان بۆ زیاتر تێکۆشان و...، بەرئەنجام بۆ ئەوەی مرۆڤی موسڵمان هەر لە دۆخێکدا چەقبەستوو نەبێت، بەڵکو بە پێوەرەکانی  چەندو چۆن  قۆناغەکانی سەرەتایی باوەڕ تێپەڕێنێت و بگاتە قۆناغی هەڵکشان و باڵانشینان، ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگادا باسی لێوە کردووە، وەکو: تەقوا و چاکەکاریی، ئەزموونی باوەڕ ئەوە دێنێتە کایە ئەو گوڕو تینە بدا بە ئادەمیزادەکان، نەك ئەوەی بەتەنها شارستانیەتی مرۆڤەکان تۆکمە و بەهێز و ڕازاوە بکات و بیانپارێزێت لە لێکترازان و داڕمان، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕایبگرێت، بەندی بکات بەو دوو ڕەهەندە بنەڕەتیەوە، یەکەمیان: وەك فاکتەرێکی سەرەکیی، تەواوکارە بۆ بەرجەستەکردنی یاسا و نەریتەکانی گەردوون و سروشت: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ (آل عمران: ٨٣)، ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (آل عمران: ٨٥)، دووهەمیش: هێز و توانایەکی پێ دەبەخشێت کە بتوانێت زۆر بە وردیی و بە قووڵی داهێنان لەسەر کەسانێك ئەنجام بدات کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، دەروونیان داچڵەکێنێت، لە بەخشین و کردە مرۆڤ دۆستانەکەیاندا، پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا بکەن، چونکە ئەوان باوەڕیان بە خوا و دواڕۆژ هەیە : ﴿لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا﴾ (القصص: ٨٣).

### ٧ـ بەرەنگاربوونەوەی وێرانكاریی و بەدفەڕیی:

لە بەرانبەر ئەوەشدا قورئانی پیرۆز تانە دەدات لەهەر هەڵوێستێكی هەڵە و پەڵە، كە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەدفەڕی لەم زەویەدا و ببێتە مایەی داڕمانی ئەوەی كە بە هەوڵ و ماندوو بوون و چالاكیی بەردەوام بەرهەمهێنراوە، ئاینی ئیسلام لە وێستگەی خۆیەوە هەوڵی پاراستنی ئەو بەدەستهاتوانە دەدات كە مرۆڤەكان پێشكەشیان كردووە بە شارستانیەت، هەرچیەكیش ببێتە ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەم ڕەوت و گەشەی شارستانیەتی مرۆڤەكاندا ئەو ڕایدەگرێت و بەدواداچوونی هەر هەوڵێكی ناوەكی، كە بیەوێت دوچاری زیان و وێرانكاریی بكات لە ژێر هەر ناونیشانێكدا بێت.

ئەو پارێزگارییە شارستانییە تەنها تایبەت نیە بە بەشە ماددی و مەدەنیەكەیەوە، ئەوەی كە مرۆڤەكان بەدەستیان هێناوە، بەڵكو ئەوە تێدەپەڕێنێت و ڕوو دەنێت لە شتێك كە زۆر بایەخدارترە و لە ناخی مرۆڤەكاندایە، هەر ئەوەشە هەژمار دەكرێت و بە تاكە پاڵنەرو هۆكاری سەرەكی بۆ بەشە ماددیەكە، ئاینی ئیسلام ئەو ڕێگەچارە فەراهەم دێنێت لە بوارەكانی فیكر و ڕەوشت و ڕۆح و.. (ڕۆشنبیریی بە واتا فراوانەكەی)، لەپێناو ئەوەی مرۆڤەكان خۆڕاگربن لە ڕووبەڕووبوونەوەكاندا، یان ئەوەی كە دەیانەوێت پێی بگەن، هەربەو تەرزە بیرە، ڕێ تەی دەكات بۆ ئاوەدانكردنەوەی جیهان، لەڕێی هەوڵ و تێكۆشانی ئەو زنجیرە پێغەمبەرانەی كە خوا هەڵیبژاردوون لە نەوەكانی (ئادەم).

بێگومان ئاوەدانكاری و چاكسازیی پەیوەستە بە ئەركی جێنشینەوە، كۆمەڵێك پرسن سەرجەم چالاكیە مرۆییەكان تێهەڵكێش دەبن تیایدا، ئیتر ماددییە، یان پەیوەستە بە ڕەوشتی مرۆڤەكانەوە، یان لە جیهانی ڕۆحە، هەر زیانێك، یان بەدفەڕیە بگات بە هەر یەكێك لەو دوو دیاردەیە كوتوپڕ كاردانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەوی تر، قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئاماژە بەوە دەدا ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى

تَقْوَى مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَمْ مَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (١٠٩) لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَنْ تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة: ١٠٩– ١١٠)، ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ (الأعراف: ٥٦)، ﴿وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ﴾ (الأعراف: ١٤٢)، ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ (الروم: ٤١)، ﴿وَالَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ﴾ (الرعد: ٢٥)، ﴿وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (١٥١) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ﴾ (الشعراء: ١٥١– ١٥٢)، ﴿وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ﴾ (هود: ٨٨)، ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُوا نَارًا لِلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللَّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ (المائدة: ٦٤)، ﴿الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ﴾ (هود: ١٩).

له ڕوانگەی ئەو ئایەتانەوە کە باس لە خوڕەوشتە نەرێنییەکانی مرۆڤ دەکات (لە هەردوو بەشە ماددی و مەعنەویەکەدا)، ئەوەی کە ببێتە مایەی وێرانکاری شارستانیەتی مرۆڤەکان و ڕێگری لە هەڵکشان و پێشکەوتن بکات، یان ببێتە لەمپەر و ئاستەنگ نەهێڵێت ڕۆڵی خۆی وەك پێویست بگێڕێت وەك ئەوەی جێنشینە و ئاوەدانکاری لەسەرە لەو زەویەدا، ئا بۆ ئەوە دەخوازێت لە گرۆی باوەڕداران کە هیممەت و هەڵمەت بکەن بۆ ڕاگرتنی ئەو دیاردە نەرێنی و نامۆیانە، بۆ ئەوەی پەتاکەی تەشەنە نەکات و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ئاقار و گوزەرە نالەبارەکاندا نەبات، چونکە لەحاڵێکدا خۆ تێنەگەیەنین و بەرەنگاری نەبینەوە ئەوا ستەم و

خراپەکاریی، بەڵا و ناهەمواری دێنێت بۆ کۆمەڵگا بەتێکڕاو بۆ ستەمکار و ستەملێکراو: ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الأنفال: ٢٥)، ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِنْ قَبْلِكُمْ أُولُو بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّنْ أَنْجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ (١١٦) وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ (هود: ١١٦– ١١٧).

دیدو هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە شارستانیەت زۆر بە زەقی دەستەواژە و واتاکانی پەرتبون و جوداکاری و دانانی دیوار لەو ناوەندەدا بۆ بەش بەشکردنی بەرهەمی هەڵوێستی مرۆڤەکان ڕەددەکاتەوە، بەڵکو ئیسلام وادەبینێت، ئەوە خۆی لەخۆیدا یەکەیەکی زیندووە، یەك گیان تێیدا گوزەر دەکات و یەك خوێن تێیاندا دەسوڕێتەوە.

پرس و گرنگی جێنشینی دەردەکەوێت لە ڕوانگەی ئەو ئایەتە پیرۆزانەوە کە پەیوەستە بەو تاڵە درێژەوە لە هەر دوو مەودای، کار و داهێنان و خۆلادان لە خراپەکردن لەسەر زەویدا لەلایەك و وەرگرتنی ڕێنومایی زانست و شەریعەت لە خوای پەروەردگارەوە و پابەندبوونی دڵکارانە پێیانەوە لە کاتی جێبەجێکردندا لەلایەکی ترەوە. پەرت و قتکردنی هەندێك ڕەهەند لە هەندێکی تر، لە کاتی جێبەجێکردنی کرداریدا، نەك هەر تەنها هەڵەیە، بەڵکو مەحاڵە  هەرکارێك  بەرئەنجامێکی نەرێنی و دروست بدات بەدەستەوە گەرپێش وەخت ئەو هەنگاوانەی بۆ نەنرابێت.

## ٨ـ هاوسەنگی لەنێوان دوانەییەکان و یەکخستنیان:

هەندێك زیاتر درێژە بەم باسە دەدەین، چونکە گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە لە دیدی ئیسلامدا و فاکتەرێکی سەرەکیشە لە شارستانیەتدا.

ئاینی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە تەئکید بکاتەوە لە هەڵوێستی خۆی لە کردە شارستانیەکاندا بەو دیدە هاوسەنگیەی کە هەردوو باڵی ڕۆحی ئەخلاقی و ماددی جەستەیی لەخۆ بگرێت لەیەك کاتدا، کاتێکیش کە ئایەتەکانی قورئان یان فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) دەخوێنینەوە، خۆمان دەبینینەوە لەبەردەم چەندین فەرمانی گرنگ و بایەخداردا.

ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان، کۆمەڵگای باوەڕدار لە نێو جەرگەی جیهان و سروشتدا دەهێڵنەوە، لەنێو جەرگەی ململانێ و ئاوزەنگ لێدانی بیرۆکە جۆربەجۆرەکاندا، لێی دەخوازێت هەموو هەوڵ و توانای بخاتەگەڕ لەپێناو کنەکردن لە نێو جەرگەی خاکدا هەتا بە نهێنیەکان، بە یاسا و ڕێساکان ئاشنا ببێت، بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان تەنێکی زەبەلاح و گەردیلە وردەکان و بەشەکانیدا هەیە، مرۆڤەکان بەگشتی لە ئاست بزوتنەوەیەکی شارستانی پەیوەندیدارن، هەر ئەوە وادەخوازێت لە مرۆڤەکان بە وردی بڕوانن ئاسمانەکان و زەوی، وردببنەوە لە پرسەکانی باوەڕ و پرسی داهێنان، لە چۆنیەتی وەرگرتنی فەرمانەکانی (خوا) و هەنگاو هەڵگرتن و چوونە ناو ڕچەو مەوداکانی سرووشت و مەبەستە ئاشکرا و دیارەکان، نادیار و ئاڵۆزەکان، لەهەمانکاتدا ئەو لێکۆڵینەوەیە بکات لەسەر ئاستی ڕۆحی بڵندبووی ئادەمیزاد بە سەر زەمیندا و لەنێوان ژێرباربوونی یاساکانی کیمیا و فیزیا و بیرکاری بۆ بەدەسهێنانی هەمان پلەو بڵندی لە شارستانیەتدا، ئەوەش خۆ بەخۆ لەمیانەی ماددیگەرایدا دەبێت، ئاینی ئیسلام جیاوازی لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا نەکردووە، هەروەك پێشتر جەختمان لەسەر کردەوە بە شێوەیەکی گشتی پاڵپشتی لە پەیوەندی نێوان دیاردەکان دەکات، هەر دیاردەیەکیش کە بیەوێت پەیوەندییەکان کەرتوپەرت بکات و جوداکاری لەو نێوەندەدا بکات و هەڵوێستی خودی بێنێتە کایەوە، ئیسلام بە توندی ڕەتی دەکاتەوە، ئەو یەکخستن و ئاوێزانبوونەش لە نێوان چەمکە باڵاکانی ڕۆح و ماددەدا، بە ئاشکرا

ڕەنگی داوەتەوە بە درێژایی تێپەڕبوونی ئەو چەند سەدەیەی کە شارستانیەتی ئیسلامی پیایدا تێپەڕ بووبوو، بە هاوسەنگیەکی تەواو پارێزگاری لەو دوو مەودایە دەکرد، داهێنانی نوێی بەدەستهێنا و ئاشکرایکرد و زۆرێکی زۆر لە خواستەکانی شارستانیەتی بەئەنجام گەیاند، تەنها گۆشەیەکیش چیە فەرامۆشی نەکردبوو، بەڵکو پەیوەندیەکی تۆکمە و بنەڕەتی دروستکردبوو لەو نێوەندەدا، ئەوانەش هەموو لەسەر دەستی مرۆڤەکان هاتە مەیدان و ڕۆڵی ئەوان بوو لە شارستانیەتدا، چونکە ئاینی ئیسلام و چەمکە فراوانەکانی هەوڵ و تێکۆشانیان لە سایەی کەش و هەوایەکی شارستانی هاوسەنگدا بوو، ڕاستی ئەوەش لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە پیرۆزانەوە دەرك پێدەکەین، کە ئەمە هەندێکیانە: ﴿أَوَلَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ﴾ (الأعراف: ١٨٥)، ﴿فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ إِلَى طَعَامِهِ (٢٤) أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا (٢٥) ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا (٢٦) فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبًّا (٢٧) وَعِنَبًا وَقَضْبًا (٢٨) وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا (٢٩) وَحَدَائِقَ غُلْبًا (٣٠) وَفَاكِهَةً وَأَبًّا﴾ (عبس: ٢٤– ٣١)، ﴿فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ (٥) خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ (٦) يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ﴾ (الطارق: ٥ – ٧)، ﴿أَفَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ (٦) وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ (٧) تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُنِيبٍ (٨) وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُبَارَكًا فَأَنْبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ (٩) وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَهَا طَلْعٌ نَضِيدٌ﴾ (ق: ٦– ١٠)، ﴿انْظُرُوا إِلَى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ﴾ (الأنعام: ٩٩)، ﴿فَانْظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ (الروم: ٥٠) ﴿وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا﴾ (البقرة: ٢٥٩)، ﴿أَفَلَا يَنْظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ﴾ (الغاشية: ١٧– ٢٠)، ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ﴾ (العنكبوت: ٢٠).

بێگومان قورئانی پیرۆز لە ڕێگەی ئەم ئایەتانە و کۆمەڵێك ئایەتی تردا دەیەوێت بمانخاتە نێوجەرگەی سروشتەوە، لەسەر ئاستی بوونەوەر و جیهان، پاشان پێگەیەکی ئەزموونگەراییمان بۆ دیاری بکات، بۆ ئەوەی متمانەی خۆمانی بخەینە سەر لە کاتی تێڕوانین و وردبوونەوە و پشکنین و هەڵسەنگاندندا ، بۆ ئەوەی زووترو زیاتر پەی ببەین بە نهێنیەکان و دیدی نوێ و داهێنان بکەین، بۆ ئەوەی هاوسەنگی شارستانی خۆیان لەدەست نەدەنو بەتەنها ڕوو لە جیهانی ڕۆح و عیرفانیەت بنێن و لایەنە ماددیەکەی تر فەرامۆش بکەین، کە باڵی هاوسەنگە بۆ هەر شارستانیەتێك، ئەو هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا، بوون و مەبەستی مرۆڤەکان لەم بوونەوەرەدا فەراهەم دێنێت، کە بەندایەتی کردن و ڕوونانە لە خوای گەورە، لە وەرگرتن و بەخشیندا.

بەڵگەنەویستە خوای گەورە و پەروەردگار، گوزارشتی تەواوی لە دەسەڵاتی خۆی داوە بەسەر جیهانی ڕۆح و ماددە و مرۆڤ و سرووشتدا، ئا لێرەدا هیچ واتایەك نیە بۆ هەڵوێستی مرۆڤەکان سەبارەت بە جیهانی ماددە و سرووشت و هەڵاتن لەو واقیعە و بە کەمزانین و ڕوانین بۆی و مل نەدان بۆ نەریتەکانی، ئەو هەڵوێستە هەر چۆنێك بێت، نابێتە بەهانە بۆ هەرکەسێك کە ئیسلام و دەقەکانی بە کەم ببینێت و لە ڕۆڵی جێنشینی مرۆڤ کەم بکاتەوە، نەك هەر هێندە، بەڵکو ئەو بۆچوونە بە تەواوی پێچەوانەی خواست و بەڵگەکانی باوەڕە، هەر لە سەرەتاوە لە دیدی ئیسلامدا ناتەبا بووە لەگەڵ واقیعدا، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ڕەتدەکرێتەوە.

قورئانی پیرۆز لەمیانەی ئەو ئایەتانەوە، سەرەنجمان ڕادەکێشێت بە لای کۆمەڵە دیاردەیەکی ماددیی، وەك: خۆراك، تۆو و تنۆکەی هەوەڵ جار، زەوی و ئاسمان و کێوەکان، جیهانی ڕووەك و ئاژەڵان، بانگەشە دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسا و ئەرك و پێکهاتەی ئەو دیاردانە و دەرکی ئەو نهێنی و ڕەهەندانە بکەین کە بۆی دروستکراوە، هەرکام لەوان ئاشکرا و بەرجەستەش نابێت هەتا گرنگی و بوونی

خۆی وەك خۆی نەناسێت و نەیناسێنێت و هەنگاوی بۆ هەڵنەگرێت، لەو پێناوەشدا هیچ شتێك بێزار و سست و پەستی نەكات، قورئان بانگەشە دەكات بۆ شارستانییەتێك، كە بەردەوام لە گەشەدا بێت و بدرەوشێتەوە لەسەر هەموو ئاستەكانی ڕۆح، دەوروبەر، ئەخلاقگەرایی ڕەها. قورئانی پیرۆزیش بڕگە و ئایەتەكانی تایبەت دەكات بۆ داهێنان لە شارستانیەتدا، لە ئاست و دۆخی ئاسایی خۆیدا لە جیهانی مادەدا، بەڵام بەها و پێوەرێكی ئاینی كە لەخواوە دێت، تا ڕێكی بخات و ئاڕاستەی بكات.

هەر كۆمەڵە ئایەتێك، یان هەر بڕگەیەكی قورئان، پرس و باسی سرووشتی لەخۆگرتبێت، یان زیندەوەر، یان هەر بوارێكی ماددی، لە كۆتایدا ئەو پرسانەی پەیوەستكردووە بە كردە و مومارەسەی تەقوا و باوەڕەوە و بانگەشەی ئەوە دەكات هەر یەك لەو دیاردانە پەیوەست بكرێت بە ڕێنماییەكانی (خودا)وە و لەژێر كاریگەری ئەودا ببزوون، جەختكردنەوەی ئەو خواستە و دووبارەكردنەوەی ناوەرۆكەكەی ئاشكرایە، چونكە لۆژیكی (هاوسەنگی لە جوڵەدا) هەر خێچی ولادان و سرەوتیّ ڕەت دەكاتەوە، ئەوەش وەك پێگە و بنەڕەتێكی سەرەكی، لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا هەستی پیّ دەكرێت و دەستەبەری ئەوە دەكات ئەو شارستانیەتە گەشەی دروست بكات، ئەگەر پارێزگاریی لە خاڵی هاوسەنگی بكات لەنێوان ئەزموونی (ڕۆح و مادەدا)، لایەنگری یەكێكان بكات و ئەویتر فەرامۆش بكات، یان یەكیان ژێرباری ویست و ئارەزووی خۆی بكات و مت و بیّ دەنگ و سنوورداری بكات، چونكە هەر بەو هاوسەنگییە شارستانیەت لە گەشە و جوڵەی بەردەوامدا دەبێت، چونكە ئەو ئامانجانەی كە شارستانیەتەكان لەپێش خۆیانی دەنێن لە دیدو ئاستێكی باڵاوە سەرچاوە دەگرێت، ئاسۆ دیاری ناكرێت بۆی، لەمەڕ ئەودا سنوور دیاریكراو نیە، تاكو دەگات بە دابینكردنی داخوازییە سەرەتاییەكانی ژیان، پاش ئەوە بەشێوەیەكی تەندروست، هزر ئاڕاستە دەكات، بۆ ئەوەی پەردە

لەسەر یاسا و پرسە نادیارەکان لا بدات، یان لە سنوور و بوارەکانی گەردووندا، بۆ ئەوەی پەی ببرێت بە نهێنی و موعجیزەکانی، لێرەدا هەنگاوەکان یەك لە دوای یەك هەڵدەنێت بۆ جێبەجێکردنی زۆرترین ڕێژەی دەستەبەرکردنی ئەزموونی ڕۆح بەگشتی، پاشان بیگەیەنێت بەو وێستگەیەی کە سنووری زەوی تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئاسمان، سات و کاتە دیاریکراوەکان تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی بگات بە جیهانی هەمیشەیی.

قورئانی پیرۆز زیاتر لە جارێك بۆ ئێمەی ڕوونکردووەتەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە کەرەستە ماددی و جەستەییەکان، پەیوەندییەکی بەردەوام و ناوەکی هەیە، ئەو حەزەی کە لە مرۆڤەکاندا هەیە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان، چەسپاوە بەو شێوەیەی کە جەستەی مرۆڤ لێی پێکهاتووە، ئەوەی کە دەیجولێنێت ڕۆح و ویستی توانا عەقڵیەکانە: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ﴾ (آل عمران: ١٤).

بەڵام ئەو دۆخە یەکلاکەرەوە کە ئیسلام هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، جیاوازترە لە سەرجەم ڕێڕەو و بیردۆزەکانی تر، ئەوەی کە ئیسلام دایدەڕێژێت کۆمەڵێك ئەنجامی بەرز و کۆمەڵێك بەهای فراوانە، زیاتر گشتگیرترە لە سنووری تەسکی ژیانی مرۆڤەکان، لەوەی تەنها بە دوای تێرکردنی ئارەزووەکانی جەستە بکەون بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە، ئەگەر ئامانجی کۆتایی لای مرۆڤەکان تەنها تێرکردنی جەستە بێت، ئەوکات تەنها دەبەسرێتەوە بەو زەویەوە، دواجار دوور دەکەونەوە لە شوێنەوارە پرشنگدارە گشتگیر و فراوانەکانی باوەڕ ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ﴾ (محمد: ١٢).

چونکە فراوانکردنی سنووری چالاکیەکان و ئامانجە مرۆییەکان بە هەمەجۆری و پەیوەستکردنی بە ئاسۆیەکی بڵند و بەهادارەوە، نرخی ڕاست و دروستی خۆی دەبەخشێت بە ژیان، مرۆڤەکان ئاڕاستە دەکات بۆ ئەوەی ئەرکی جێنشینی خۆیان

لەو زەویەدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئەنجام بدەن، هەر ئەوەش دەیانپارێزێت لە ئەوەی کە چەقبەستوو نەبن بۆ هەمیشەیی و نەچەسپن بەم زەوییەوە، ئەوەش بەرگریکار دەبێت بۆی لە هەر گومانێکی نەرێنی کە بۆی دروست ببێت سەبارەت بە ئاسمان و ڕۆح ﴿ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ (١٤) قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (١٥) الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (١٦) الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ﴾ (آل عمران: ١٤ - ١٧).

ئێمە بە ڕوون و ئاشکرایی لە ڕوانگەی ژمارەیەکی زۆر لە سورەت و ئایەت و بڕگەکانیەوە هەست بە هەڵوێستی قورئان دەکەین بەرامبەر بە مەوداکانی ماددە و جەستە بەگشتی، بەتێکڕا دوواوە سەبارەت بە گەردوون و سرووشت و جیهان، هەروەها ژێربارکردنی ئاسمانەکان و زەوی، یان باسی ڕۆزی و دەسکەوتەکان و هەوڵدان بۆ کاروباری خۆ ماکی و خواستە جەستەییەکان و نهێنیەکانی ژیان بەتێکڕا.

بۆ ئەوە دەبێت هەڵمەت و هیممەت بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی مرۆڤەکان لەم سەرزەمینەدا، هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێرراوە، وەك جێنشینێك کە هاتووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی جیهان، بۆ خۆ ئامادەکردن و متمانە خستنە سەر هێزە ماددیەکان - هاوکات شان بەشانی هێزە ڕۆحییەکان - بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە دژ و نامۆکان، یان بۆ گوڕ و تیندان بە ڕەوت و تێکۆشانی بەردەوام، هەروەها بۆ ڕێکخستنی کاروبارە ئاڵۆزەکانی ڕۆژانە، ئایەتەکان تەواو دڵنیامان دەکەنەوە لە گرنگیدان بە بەشی ماددیگەرایی وەك خۆی.

قورئانی پیرۆز هەردەم لەنێوجەرگەی کاروباری ڕۆژانەماندا ئەو هاوسەنگیە پێشنیاز دەکات بۆمان، نەك لایەکی قورس و ئەویتر سووك و هاوسەنگی لەو

نێوەندەدا نەمێنێ، نا، چونکە لە دیدی ئیسلامدا بیرۆکەی تێکەڵاوکردن بە ڕەهایی ڕەتکراوەتەوە (ئەگەر هاوسەنگی لەنێوان ڕۆح و ماددەدا تێك بدات)، چونکە – ئەو  لە بنەڕەتدا ئەو هاوسەنگیەی لەنێو چەمکەکانی ڕۆح و بەها و ئامانجە باڵاکانی مرۆڤدا داناوە، هەر بەوەش هاوسەنگی لە هەڵوێستی مرۆڤەکاندا ڕادەگرێت لەو زەویەدا، تۆکمە و ڕاوەستاویشی دەکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی جێنشینیدا، ئەوەی کەوا پەیوەست کراوە بە مرۆڤەوە.

لەبەرامبەر ڕەوتی هاوسەنگیدا، ئەوەی کە ئاینی ئیسلام بە هەند وەریگرتووە و بانگەوازی باوەڕدارانی بۆ دەکات بۆ ئەوەی پێوەی بئاڵێن و هەنگاو هەڵگرن بە گوێرەی پێوەرە بابەتی و دروستەکانی، ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەرجەم ئەزموونە مرۆییەکان لەنگەر دەگرن لە جیهانی مادەدا، لەو نێوەندەدا مەوداکانی رۆح بەجارێك فەرامۆشکراون، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئاوەژووکردنی ئەو پێکهاتەیەیە کە لە بنەڕەتدا مرۆڤی لەسەر بنیاتنراوە، کە بەرجەستە بووبوو لەسەر بناغەی تێهەڵکێشی و تەواوکاری و هاوسەنگی لە نێوان بەها ڕۆحی و ماددیەکان وەك یەك، هۆکاری ئەو لادان و شێواندنە لە حاڵەتی یەکەمدا تەنها ڕەوتی ماددیگەرایی نەبوو، یان بیرۆکەی عەلمانیەکان کە جیاکاریان دەکرد لە نێوان کاروباری دین و دونیادا، بەڵکو جێبەجێکردنی سست و پەستی (رەهبانیە) گۆشەگیری و هەڵاتن بوو لە گۆڕەپانی واقیع و مەیدانبازی، ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە بچنە نێو جەرگەی جیهانی ململانێکان، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی بەرهەم بێنێت بە جۆرێك کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەرکی مرۆڤەکان لەم زەویەدا، بەرئەنجامی ئەو لادان و شێواندنە تەنها پەرتکردنی خود و ناخی مرۆڤەکانە.

ئەو دیاردەیەی کە کاردانەوەی دەبێت لەسەر سرووشت و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان هەر ئەوە کار دەکات لەسەر ئەویتر، بۆ پەرتکردن و دابڕان و دووبەرەیی و ونبوونی ئامانج و بڵاوبوونەوەی هەستی تێکدەرانە و عەبەسیەت و

بالآدەست بوونی دیاردەی ڕەشبینی و لێکترازان، ئەوانەش کۆمەڵێك پرسن به هەڵچوونی بەردەوام – دەگەنە ئاستێك له توندوتیژیی، ڕەوتی چالاکی شارستانیش سست دەکەن و بەرەو و داڕمان و کەوتنی دەبەن.

## ٩- ئاوازی پێکهاتن لەگەڵ سروشت و جیهان و گەردوون:

ئەو بنەمایانەی پێشتر باسی لێوەکرا دەمانباته نێو سەرەنج و بینینێکی تر، ئەویش خۆی له خۆیدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، به دیدو بۆچوونی ئیسلام ئەو پەیوەندییەی که لەنێوان مرۆڤەکان و جیهاندا هەیە، وێنەی ڕاسته هێڵێك نیشاندەدات، هێڵێکی تەبا، گونجاو، تەواوکار، کۆك بوون و چوونیەك، پێکەوە گرێدراو له نێوان مرۆڤەکان و سرووشتدا، له نێوان کۆمەڵگای باوەڕدار و جیهاندا، چونکه بەردەوام توانا سروشتیەکان و ئەوەی له دەورو بەردایه ژێرباربوون بۆ خزمەتکردن به مرۆڤەکان، یارمەتیدەر بن بۆ هەڵکشانی ژیاری و ئاوەدانکردنەوەی جیهان، ئەو پەیوەندییەی که جەنگ و هەراو ململانێ و هێرشبردن و کینەبازیی، له نێوانیاندا نیە، بەڵکو پەیوەندیی گونجان و دیدەنیە، لەو بارودۆخەدا زۆرانبازی ناکات لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا، یان دایچڵەکێنێت و دەست بەرز بکاتەوە له ڕووی دا، بەڵکو به کارامەیی و ژیرانه بەکاری دێنێت بۆ ئەوەی ئەرکەکانی به باشی جێبەجێ بکات، له کەش و هەوایەکدا پەیوەندیەکانی گەردنکەچی و خۆشەویستی و داهێنان تیایدا بالآده ست بێت.

بیرۆکەی پێویستی بوونی ململانێ له نێوان مرۆڤ و دەوروبەردا، بیرۆکەیەکی نامۆیه بەو ناوەندە، ئەو دید و بیرۆکه له چوارچێوەی هەر فەلسەفەیەکی ماددیدا له سەرەتادا بەشێوەیەکی لۆجیکی و ماقوڵ دێته پێشچاو، بەڵام گەر ئێمه به تەنها گوزەرکردنێك بەنێو وردەکاری و ئەزموونەکانیدا، دەستبەجێ لۆژیکی ئەو ململانێیه درك پێدەکەین، له چی و له کوێوە سەرچاوە دەگرێت، مەبەست پێی چیه، ئەو

شێوازە ململانێیە بیرۆکەی (هێگڵ)ە، ئەو هێناویەتی بۆ دونیای فیکر، دەیکات بە بەهانە بۆ هەر تاوانێکی شۆڤێنییانە کە ئەوروپیە مەزنەکان جێبەجێی بکەن، بۆ ژێربارکردن و بە کۆیلەکردنی گەلانی چەوساوە و مەینەتبار، هاوکات (مارکس) دەیباتە گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕە مادیەکان، بۆ ئەوەی بیکاتە بەهانە بۆ هەر قەسابخانەیەك کە چینێك دژ بەچینێکی تر جێبەجێی بکات، زیاد لەوەش، ئەو مرۆڤەکان دادەماڵێت لە نێوجەرگەی ئەو ململانێ و گۆڕانکارییە ماددیانە، دایاندەماڵێت لە سەربەخۆیی ویستەکانیان، بەڵکو ئەو دەیانکاتە شوێنکەوتە و کۆیلە بۆ لۆژیکی ململانێی ماددیگەرایی، فەرمانبەربێك بە فەرمانی ئەو، داڕێژراو و پێکهاتبێت بە یاسا و ڕێساکانی ئەو، تەنانەت جگە لە جێبەجێکردنە ماددیەکانیشدا: وەك ئاین و هونەر و سۆز و ڕەوشت و ئاوات و دیدەکان.

بێگومان دید و بۆچوونی ئیسلام لەو نێوەندەدا، بەتێکڕا، پێچەوانەی وەها بیرۆکەیەکە، بەڵکو هاوکێشەیەکی زیندوو و لۆژیکی دەدات بە واقیعەکە دوور و بەدەر لە هەر خەوش و تێکچوونێك، سرووشتی ژیانی مرۆڤ وەهایە، پڕە لە هاوکێشە، هاوکێشەی ئاڵۆز و لێك ئاڵاو لەنێوان ڕۆح و ماددەدا، ئەوەش خوا کردەو لە ناخی مرۆڤەکاندا هەربووە، کەوابوو دەبێت پێگە و بنکەی چالاکی و جێبەجێکردنمان سەرەتا بکرێ بە هاوسەنگی، ئەوەی کە لادان و چەمانەوە قبوڵ ناکات بە هەرجۆرێك بێت، هاوسەنگیەك هەموو جۆرە ململانێیەکی دژ بەیەك ڕەتبکاتەوە، هەوڵی مرۆڤەکان بە بەردەوام ئاڕاستە بکات بەلای کاراکردنی بەها باڵاکان لەپێناو یەکخستن و تەواوکاری و گونجاندن، چونکە هێزە دیارو نادیارەکان بەڕەهایی ژێربارکراوە بۆ ویست و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە سەرزەویەدا، کەوابوو پەیوەندیی نێوانمان هەر لە سەرەتادا نەسازو لەسەر بنچینەی ململانێ و دژە هەڵوێست و هەراو کوشت و کوشتار نیە، بەڵکو ئەوە هەوڵێکە دەخرێتەگەڕ لەپێناو

ئاشكراكردن و كنەكردن و ئاوێتەبوون، بۆ ئەوەی بگەین بە برێكی زیاتر لە لەیەكگەشتن لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەردا.

دۆزینەوە و خستنەڕووی نهێنیەكانی گەردوون لە دید و بۆچوونی ئیسلامدا، هێرشبردنە سەر یەكدی نیە وەك ئەوەی بەدی دەكرێت لای ڕۆژئاواییەكان، بەڵكو ئەوە لێكگەیشتن و ئاوێزان بوون و ڕێكخستنە، (مانگ نەیار نیە هەتا هێرش بكرێتە سەری، بەڵكو خزمەتكارێكی گەردنكەچە فەرمانی پێكراوە و لە ئەركەكەیدا بەردەوامە).

**١٠- تایبەتمەندێتی سەربەست بوون:**

ئاینی ئیسلام هەر لە ساتەوەختی یەكەمەوە دیاردەیەكی ئازادیخوازانە بوو، لەسەر هەموو ئاستەكان، ئەوەش بە ڕەهایی بەدی دەكرێت، لە لاپەڕەكانی پێشوودا ئەندازەیەك دواین لەسەر سەربەستی و سەربەخۆیی لە بیروباوەڕدا، چۆن مرۆڤەكانیشی سەربەخۆ كرد لە گومڕایی و دوودڵی و ملهوڕ و خاوەن زوڵم و زۆرەكان، بەڵام لە گواستنەوەكەی تردا، گواستنەوەی زانستی، هەوڵی سەربەستی و ڕزگاری دا لە: ترس و نەفامی و نەخوێندەواری، بە ئاگای هێنانەوە لەوەی چۆك دانەدەن لە ئاست ڕێكەوتی كوێرانە، بەرچاوڕوون و ئاشنای كردن بە یاسا و ڕێساكانی كار و بزاوتن، ئەوەی كە سەرجەم بوونەوەر و گێتی و ژیارەكان ڕێ تەی دەكەن بە خواست و ویستی ئەو، ئا لێرەدا دەمانەوێت چڕوپڕتر بدوێین لە تایبەتمەندییەكانی (سەربەستی بوون)، ئەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بە یەكێك لە هەرە ڕەهەندە باڵاكانی خۆی دەزانێت و تێكچڕاوە لەگەڵ ڕەنگ و ڕێسەكەیدا، بەردەوام دەستی واڵاو درێژ دەكات، پێداگری دەكات لە سەربەست بوونی حەزی مرۆڤەكان و خواستە ڕۆحی و جەستەییەكانی ئەوان، دەروازەكانیش واڵا بكرێت لە بەردەم پاڵنەر و پێداویستییەكان، ئەوەی كە ئەوان مشتومڕیان هەیە لەسەری، ئەو

ڕووبینی و ئاڕاستەیە بێگومان درێژەدانە بە دیدی ئیسلام لەمەڕ ئەو هاوسەنگییە ڕەسەنەی کە پێشتر باسی لێوەکرا، قورئانی پیرۆز ڕاشکاوانە دەدوێت و پێداگریی دەکات لەسەر خۆڕازاندنەوە، داوا لە مرۆڤەکانیش دەکات وەك خۆی گرنگی و بایەخی پێبدەن، بەتایبەت لە کاتی چوون بۆ مزگەوتەکان، چونکە مرۆڤەکان زیاتر لەوێدا کۆ دەبنەوە، ئامانج و خواستەکانیان بەجێ دێنن، ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ (الأعراف: ٣١) هەر بە دوای ئەوەدا ڕاستەوخۆ ڕێنمایی دەکات بۆ خواردن و خواردنەوە، بەمەرجێ زیادەڕۆیی تێدا نەکرێت ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ (الأعراف: ٣١)، هەر لە پاش ئەمەش بەشێوەی پرسیار، بەڵام ئینکارئامێز لەسەر هەمان حاڵەت دەدوێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (الأعراف: ٣٢).

دیاردەگەلێك هەن لە ئیسلامدا بە توندی حەرامکراوە و ڕەتکراوەتەوە، لەوانە داوێنپیسی، ئەمەش حەرام نەکراوە لەبەر ئەوەی حەزێکی جەستەییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ پچڕاندنی شیرازەی کۆمەڵگا، واتە: لادانە لە سروشتی ئاسایی مرۆڤەکان ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (الأعراف: ٣٣) زۆرن ئەو ئایەتانەی بەشێوەی ڕەخنە و بەگژداچوون، بەتایبەت ئاینزاکانی پێش ئیسلام، ئەوان بە حەز و ویستی خۆیان هەندێ شتیان حەرامکردبوو کە لە بنچینەدا خوای گەورە حەڵاڵی کردبوو، هەر بەرامبەر بەوەش ژمارەیەك ئایەتی تر داوا دەکەن لە مرۆڤەکان بەتێکڕا، ڕزق و ڕۆزییەکان بەکاربێنن، بەڵام زیادەڕۆیی و ڕژدی تێدا نەکەن، دەنا خوای گەورە و پەروەردگار بۆچی فەراهەمی هێناوە؟ ﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ﴾ (آل عمران: ٩٣)، ﴿قُلْ هَلُمَّ شُهَدَاءَكُمُ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ اللَّهَ حَرَّمَ هَذَا﴾

(الأنعام: ١٥٠)، ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَامًا وَحَلَالًا قُلْ آللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ﴾، (يونس: ٥٩)، ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَ جَنَّاتٍ مَعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ (الأنعام: ١٤١)، ﴿لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ١٤٨).

ئەو دوو ئایەتەی دوایی ڕاشکاوانە حەرامکردنی هەراو میزاجی و لەخۆوە بە شیرك و هاوتادانان بۆ خوا دادەنێن و سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات، کە وەها بڕیار و بیرێك دەکەنەوە لە شێواندنی ڕاستییەکان بۆ گشتی و لەسەر خۆشیان، دەشلێن قەدەرێکە و لەلایەن خواوە نازڵ بووە، دەربازبوونیش لێی مەحاڵە، چونکە ئەوە  لە دیدی ئەواندا  حەز و ئارەزووی مرۆڤەکانە، بەهەرحاڵ ناکرێت خەفە بکرێت، ڕچەی شیرك و هاوتادانان بۆ خوا، ئا لەوێوە ئاوزەنگ لێدەدا، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا ترسناکترین حاڵەتێکە لە دنیای مرۆڤەکاندا، لێرەدا ئەگەر جێبەجێکردنی مرۆڤەکان ئامانجی شێواندن و ساختەکاری بێت، لۆژیکی قورئان بە ڕەهایی ڕەتی دەکاتەوە، هەرچەندە مەوداکەی گەورە بێت یان بچووك، چەمکی حەرام و حەڵاڵ لە قورئاندا باس و خواسی هاتووە، ناو بە ناو هەندێك شت کە لە بنەڕەتدا حەڵاڵ بووە، لەسەر هەندێك هۆز و نەوەکانی پێش ئیسلام حەرام کرابوو لەبەر هەر هۆکارێك بوو‌بێت کە بە هۆیەوە سزادرا بوون ﴿فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ﴾ (النساء: ١٦٠)، بڕگە و بڕیارێکی هەمیشەییش نەبووە، چونکە هەردەم لۆژیکی قورئان ئەوەمان پێدەڵێت: بوار و مەودای حەرام فراوان نیە، بەڵام مەوداو گۆڕەپانی حەڵاڵەکان لە قورئانی پیرۆزدا گۆڕەپانێکی فراوانی گرتووە بۆ تێرکردنی حەزەکان و درێژەدانی ژیان، بەڵام حەرامکردن بابەتێکی هاوردەکراوە، گۆڕەپانی سنووردارە، تەنگ و بەرتەسکە، قورئانی پیرۆز ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت: فراوانکردنی سنووری حەرام – بەشێوەیەکی کوێرانە 

کوفر و بوهتان دروستکردنه بۆ خوا: ﴿ وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ﴾ (الأنعام: ١٤٠)، ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ﴾ (النحل: ١١٦).

ئا لەوێوە باوەڕداران بە ئاگا دێنێت لەو جۆرە هەڵسوکەوتە چەوتە، کە پێچەوانەیە لەگەڵ سرووشت و پێکهاتەی مرۆڤەکان، ئەوەی کە خوا لە ئەزەلدا بڕیاری لەسەر داوە و دایڕشتووە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ﴾ (المائدة: ٨٧)، ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ (التحريم: ١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گرنگترین ئەرکە بنەڕەتیەکانی پێغەمبەران ئەوەیە دەبێت هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەوەی ئەرك و فەرمانەکان بگێڕنەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان، بەرهەڵستکارانە بوەستن لە ڕووی ساختەکارییەکاندا، هاوکات ئەوان لە بوارەکانی حەز و ئارەزووەکاندا دێن، بۆ ئەوەی جارێکیتر دەروازەکان والاّ بکەن لەبەردەم خواستەکانی ئەواندا بۆ ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار بە سانایی گوزەر بکات بۆ ئامانجە ڕۆحیەکانی بێ لەمپەر و ئاستەنگ ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾ (آل عمران: ٥٠)، ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ (الأعراف: ١٥٧) لە زۆر جێگادا قورئانی پیرۆز بانگەوازی باوەڕداران دەکات بۆ : ﴿كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا﴾ (البقرة: ١٦٨).

ئەوەی کە وتراوە سەبارەت بە پێداویستی مرۆڤەکان بۆ خواردن و خواردنەوە، وتراوە بۆ هەر پێداویستییەکی تری وەك یەك، خستنەڕووی ئەو بابەتە زیاتر وەك پێوەرێکی بابەتی، کە قورئان خستوویەتییە ڕوو، بۆ ئەوەی لەبەردەستماندا بێت، بۆ ئەوەی بەراورد و ئەندازەگیری پێبکرێت وەك هەڵوێستی ئیسلام لە سەرجەم پێداویستیە زیندووە مرۆییەکان.

❁❁❁

وێڕای ئەو تۆڕە دەوڵەمەندەی کە سەرچاوە دەگرێت لە دیدو بۆچوونی ڕەهەندەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، کە هەڵێنجراوی قورئان و سوننەتی

پێغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر)، پێغەمبەر و هاوەڵانی بە درێژایی سەردەمی پەیامی ئیسلامی، هەوڵ و تەقالایان بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵە ئامانجێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە بووە، هەر ئەوەش  بە ڕۆڵی خۆی  بوو بە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ تۆکمەکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەو تۆڕە گرنگ و داڕێژراوە، لە پێناو گەشەدان بەو شارستانیەتە نوێیە و بووژاندنەوەی، ئەوەش وەرچەرخانێکی ڕیشەیی بوو لە ئەرزی واقیعدا، کاریگەرییەکی ئەوتۆشی هەبوو لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەدارکردنی شارستانیەت، لە دیارترینی ئەو وەرچەرخانانە:

یەکەم: یەکتاپەرستی لە ڕووی شیرك و هەمە خوایەتی.

دووەم: یەکێتی لە ڕووی پەرتەوازەبووندا.

سێهەم: دەوڵەتداری لە ڕووی خێڵەکایەتیدا.

چوارەم: شەریعەت لە ڕووی دابونەریتدا.

پێنجەم: دەزگا و دامەزراوە لە ڕووی لاساییکردنەوەدا.

شەشەم: نەتەوە لە ڕووی هۆزایەتیدا.

حەوتەم: چاکسازیی و ئاوەدانکردنەوە لە ڕووی کاولکاری و خراپەکاریدا.

هەشتەم: بەرنامە و پلان لە ڕووی بیرۆکەی پڕوپووچ و گومان و هەوەسبازیدا.

نۆیەم: زانین لە ڕووی نەزانین و نەخوێندەواریدا.

دەیەم: هەر مرۆڤێکی موسڵمان و خاوەن باوەڕ پابەندە بە ڕێکخراوە و بەها ڕەوشتیەکان و کردە ڕیشەییەکان لە ڕووی کەسێکی نەفام، کە مومارەسەی ئاژاوەگێڕی و ناوزڕاندن و بێزار لە یاساو ڕێساکان دەکات.

پێدەچێت لێرەدا پرسیاری ئەو هۆکارانە بکرێت، کە هەر لە سەرەتاوە شارستانیەتی ئیسلامی دووچاری هەڵپەساردن و پاشەکشەکردن بوو بۆ چەند دەیەیەك، ئەوە بوو کار گەیشتە ئەوەی کە خەلیفەکانی ڕاشیدین هەندێك خەڵکی ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە فارس و ڕۆمەکانەوە هاوردە بکەن،

هەتا سوپای ئیسلام کە دەچوونە هەرجێیەك لەو وڵاتانە ڕازیی بوون بەوەی مومارەسەی نەریت و زمانی ئاخاوتنی خۆیان بکەن، لەو دەمەدا – ڕایەك دەڵێت–: شارستانیەتی ئیسلام نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری لە بوارە جیاجیاکاندا، هاوکات تەواوی متمانەکانی خۆشی نەخستبووە سەر ئەو وڵاتانەی کە ئەوان تێکەڵیان دەبوون، نەشتوانرا لەو دەمەدا تایبەتمەندیەك بۆ شارستانیەتی ئیسلامی بەدی بهێنرێت هەتا ناوەڕاستی سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەویەکان، لە دوای ئەوەوە توانرا ئەو زاراوەو هونەرە ئیداریانە بە عەرەبی بکرێت، ئا لەو دەمەدا چالاکیە زانستییە مرۆییەکان پێکهێنرا، لە بوارەکانی زمانەوانی و مێژوو جوگرافیا و وێژە و هونەر و چەند ئەڵقەیەکی تری زانستی تایبەت، وێڕای زانستەکانی قورئان و فەرموودە و فیقهـ.

بەڵام بەو ساناییە وەها بۆچوونێك کە دەوترێت سەبارەت بە شارستانیەتی ئیسلام  لەو سەرەتاوە  بە ڕەهایی قبوڵ ناکرێت، ڕاستە لە سەرەتادا شارستانیەتی ئیسلام ئەندازێك بە کەمووکوڕ بوو لە بوارە ئیداری و کردە مرۆییەکاندا پێدەچێت ئەوەش بە هۆی دەرکەوتنی هەندێك بیرۆکەی نوێوە بووبێت لای نەوەی نوێ لەو دەمەدا، هەر ئەوەش بە گرنگتر دەبینرا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە سەرەتای پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە مەدەنیەدا بۆ یەکخستنەوەی تواناکان، هاوکات بۆ بەرگریکردن بوو لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی ئەو دەوڵەتە دەبوونەوە، وەك پاشگەزبوونەوەی هەندێك لە خێڵە عەرەبەکان لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، یان ئەو فتوحاتانەی کە ئیسلام لەو دەمەدا دەیکردن و خەڵکی تازە ئاشنا دەبوون بە ئیسلام، دواتریش شەڕە ناوخۆییەکان کە چەند ساڵێکی خایاند، ئەوەش هێندەی نەخایاند لە پاش ساڵی (٤١ك) و دروستبوونی دەوڵەتی ئەمەویەکان، گەلانی موسڵمان جموجوڵێکی بەرچاو لەو دەمەدا کەوتە گۆڕەپانی ئیسلام و موسڵمانانەوە.

بەڵام ئەو تەرزە بیرۆکە و کاروبارانەی کە جێبەجێ دەکران ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی فراوان و وردبینانەتر بۆیان بڕوانین، لە بنەڕەتدا درێژبوونەوەی ئەو شارستانییەتەیە کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) دایڕێژا بوو، کێ دەتوانێت ئەوە بڵێت مومارەسەکردن و گەیاندنی بانگەشەی ئیسلام لە بەرامبەر جاهیلیەتدا لەو دەمەدا و دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی لە بەرامبەر ستەم پیشەکان و زۆرەملەی ئاینیی، لە بنەڕەتدا کارێکی شارستانیانە نەبوو؟

لەو دەمەدا توانرا مرۆڤی مەدەنی و ئامادەکراو و خاوەن پەیام بونیات بنرێت، هاوکات ڕێکخراوی شارستانی خاوەن دەوڵەت و فتوحاتی نوێ و بڵاوبوونەوەیەکی شارستانی بونیات نرا، کاتێك دەڕوانینە چۆنیەتی مامەڵەی ئەو دەوڵەتە نوێیە، لەگەڵ هەردوو دیاردەی: تاڵانی و دووبەرەکی نانەوە، زۆر لێزانانە و دروست بە ڕەهەندێکی شارستانی سەنگەری گرت لە دژی ئەوان، چونکە ئەوەی یەکەم واتە (تاڵانچیەکان) ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خێڵەکی عەرەبە دەشتەکیەکان بوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوون جارێکی تر خەڵکی بگێڕنەوە بۆ کۆنەپەرستی و پەرتەوازە بوون، بەرەنجام کۆتایی هات بە سەرکەوتنی یەکبوون و ویستی نەتەوەیی، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بیرۆکەی شارستانیەت بوو، بەڵام دووبەرەکی ئەویش بیرۆکەی هۆزایەتی لە پشتەوە بوو، ئامانجیشیان لێکترازانی گەل بوو، توانرا ئەوەش بنەبڕ بکرێت، دەوڵەت و یەك هەڵوێستی سەرکەوێت، ئەوەش خۆی لە خۆیدا لە چەقی ڕەهەندەکانی شارستانیەتی ئیسلامە.

ئەو قۆناغەی کە شارستانیەتی ئیسلامی تیایدا جۆرە متبوونێکی بەخۆوە بەدی کرد، ئەوە نەبوو چەقبەستووانە بێت و ئومێدی لێ نەکرێت، چونکە بەردەوام شارستانیتی ئیسلامی لە ململانێی ئەوانی تردا بوو (بانگەشە، دەوڵەت، بڵاوبوونەوە..)، ئەوەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە ڕوودا وەستانەوە و کێبەرکێ کردن، ئەکرێت ڕەتبکرێتەوە یان قبوڵ بکرێت، لە هەرحاڵەتێکدا ئەرکەکان قورستر

دەبن، بوونی ئەو دیاردانەی لەیەك كاتدا واتە: تێك و پەرشكردنی نەریتە خراپ و ڕزیوەكان، لەبری ئەوە داڕشتنەوەیەكی تری گونجاو، (بانگەشەكردن) – بەو دیدە – واتە: هەڵوەشاندنەوەی بتپەرستی و هەمەخوایی. (دەوڵەتیش) واتە: هەڵوەشاندنەوەی خێڵایەتی، یان لاوازكردنی بەشێوەیەكی بەرچاو و كاریگەر، (فتوحاتیش) واتە: ڕامالێنی زۆرەملێ و كۆت و بەندی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی لەسەر ویستەكانی مرۆڤ لەم جیهانەدا، دواتر پێدانی ڕەهەندێكی گەردوونی بۆ هەوڵەكانی مرۆڤ، ڕەهەندێكی مرۆییانەش بۆ پەیوەندیە نێو مرۆی و دەوڵەتیەكان.

بەتێكڕا ئەو لەڕوو وەستانانە دەرفەتێكی مێژووە بۆ تاقیكردنەوەی چەندێتی و چۆنیەتی توانای دامەزراندنی ئەو دیدو بۆچوونانەی پێشتر باسی لێوە كرا لەم وەرزەدا، بۆ ئەوەی ببێتە كردەیەكی مێژوویی دیار و لە ئەرزی واقیعدا بەدی و كاری پێ بكرێت و تۆڕ و مەرجەكانی شارستانیەت تۆكمەتر و لە گەشە دابن بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار.

ڕەهەندەكانی هەر شارستانیەتێك سەراسەر یەكەو جیا ناكرێتەوە ئەگەر سستی و پەستی لە ئەڵقەیەك لە ئەڵقەكانیدا بەدی كرا و وەك پێویست ڕەوتی نەبوو، ئەوە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەكی ئاسایی و هەربووە، پێدەچێت ڕەوتی كارو بارودۆخ وای ئیجاب كردبێت ڕەهەندگەلێك لەو ناوەندەدا پێش بخرێت و بایەخی زیاتری پێ بدرێت، هەندێكی تریش وەلا بنرێت، دواتر چاوەڕێی هەلی كات و شوێنێكی گونجاو بێتە كایەوە بۆ كاراكردنی ئەوی تر، هەر ئەوەش بوو كە ڕوویدا لە ناوەڕاستی سەردەمی ئەمەویەكاندا و چەند سەدەیەكیش لە دوای ئەوان، بەڵام ئەو سستی و چەقبەستنە زوو تێپەڕی هێندەی نەبرد شارستانیەتی ئیسلام لە سەدەكانی سێهەم و چوارەمی كۆچیدا سەرجەم مەودا و ڕەهەندەكانی گوڕو تین و ژیانەوەی بەبەردا هاتەوە، هەرچەندە لە سەدەكانی ڕابردوو  لەم دوایەیدا  هۆكارەكانی ژیانەوە و

دەرچوون لەو دۆخە نەخوازراوە بۆ جارێکی تر تاڕادەیەك فەرامۆش کرابوو، بەڵام هەوڵەکان هەر بەردەوامبوون بۆ گێڕانەوە و بەدەستهێنانەوەی هۆکارەکان.

❁ ❁ ❁

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو گوتەیە بدەین کە دەڵێن: موسڵمانەکان شارستانیەتی ئیسلامیان لە نەتەوە و شارستانیەتەکانی ترەوە بونیات ناوە، بڕگە و بابەتەکانی دەنگدانەوەی ئەوانی ترە و لە ئەوانەوە هاوردەیان کردووە، ئەوەش لەکاتێکدا بوو لە سەرەتادا کە ئاشنا دەبوون بە گەل و نەتەوەکانی تر،[1] بەو بۆچوونە: شارستانیەتی ئیسلامی کۆکراوە و پێکهێنراوە، ئەوان دەڵێن: موسڵمانان کاتێك لە نیوەدورگەی عەرەبی چوونە دەرەوە لە سەردەمی سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا هیچ جۆرە هونەر و بەهرەیەکیان لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبوو، یان هەر شتێك کە پەیوەندی بە شارستانیەتەوە هەبێت.

هەڵە گەورەکەی ئەو توێژەرانە لەوەدایە بێت ئاگابوون لەوەی کاتێك موسڵمانان بزوتن لە جێگا و ڕێگای خۆیان، ڕوویان لە شارستانیەت و گەلانی تری دنیا کرد لەگەڵ خۆیان دیدێکی نوێیان هەڵگرتبوو، ئەگەر تێکەڵ بە شارستانیەتەکانی تر بکرێت شارستانیەتێکی تۆکمە و ڕەسەن دێتە بوون، دواجار هەردوولا سوودمەند دەبن، بەرامبەر بەوەش ئەگەر ئەو دیدو ئایدیایانە ئاوێتە بەهەر دیدێك ببێت وێنەی ئیسلام بە هەموو تایبەتمەندیە ئیجابیەکانیەوە ئەوەی کە بەو ئەندازەو ئاستە لە هیچ شارستانیەتێکی تردا بوونی نەبوو.

بەو پێیە ئامانجی سەرەکی لە شارستانیەتی ئیسلامی بۆ ئەوەیە کاردانەوەی لەسەر ئەوانی تر هەبێت، هەر ئەوەش بوو یەکەم هەنگاو کە لە سەرەتادا هەڵیگرت

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە: تأریخ العرب المطول: د. فیلیب حەتی، چاپی چوارەم.

له بیروباوەڕدا بوو، دواتر ئەوەی تێپەڕاند بۆ یاسا و شەریعەت ئەوەی پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەوە هەبێت، دواجار بۆ چالاکیەکانی بواری زانست و ڕۆشنبیری بە گشتی، بۆ وێنە فەلسەفەی یۆنانی وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی وەك وێستگەیەك بۆ مشتومڕ، نەك ئەوەی ئامانجێکی زانستی بێت، هاوکات ئەدەبی یۆنانیش کە ناسرابوو بە (میثولوجیا) بتپەرستی، کاتێکیش ئەو بیر و هونەرە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبیی، زۆر جێی بایەخ و پێشوازی نەبوو لە ناوەندە زانستییەکاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان وەلا نرابوو لە بیر و هەستی موسڵماناندا.

سەبارەت بە زانستە پەتیەکانیش وەك ماتماتیك، سرووشت، پزیشکایەتی، زانستەکانی تری ژیان، وەك شارستانیەتەکانی تر متمانەی تەواوی خۆی خستبووە سەر (ئەزموونگەرایی)، بۆیە هەنگاوی جۆری و بەرچاوی بەخۆوە بەدی کرد، بەڵکو توانی لەوە زیاتر بڕواو داهێنانی پڕ بایەخ پێشکەش بکات لە پرۆگرامی زانستەکاندا، ئەویش تاقیگە بوو. لێرەدا ڕاستیەك دەردەکەوێت هەرگیز ئیسلام دەستەوسان و چاو لەبەر نەبووە لە بەرامبەر شارستانیەتەکانی تردا، هەمان حاڵەتیش هەیە بۆ یاسا ئیدارییەکان لە سەرەتای هەر شارستانیەتێکدا، چونکە ساتەوەختەکانی وا دەخوازێت لە دەوروبەر هاوردەی بکات، بەڵام هێندەی نەبرد ئەو دۆخە تێپەڕێنرا کەوتە بواری گفتوگۆ و وەرگرتن و لابردن، لە کۆتایدا یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی لە ئەرزی واقیعدا چەسپاند، بەتایبەت ئەو بوارانەی کە پەیوەندیان بە دامەزراوە و کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتداریەوە هەبوو.

ئەو توێژەرانەش کە بەپێچەوانەوە هەڵمەت و هەڵوێستە دەگرن لەسەر شارستانیەتی ئیسلام ئامانجیان لاواز پیشاندانی شارستانیەتی ئیسلامە، وا دەگەیەنن شارستانیەتی ئیسلام پێکهاتەیەکی میکانیکی و وەرگیراوە لە شارستانیەتەکانی تر، ئەو تەرزە بۆچوونە خۆگر نابێت لە ئاست ڕاستییەکاندا،

شکستخواردوو دەبێت، چونکە ئەو نووسەر و توێژەرانە هەر لە سەرەتادا یەکەم هەنگاویان هەڵە هەڵگرتووە ڕاستی پرسەکەیان لێ ون بووە، ئاینی ئیسلام بە دیدی گشتگیرانەی خۆی هەردەم لەتوانایدا بووە دیدە لاوەکی و هێنراوەکان بخاتە ژێر فشار و چۆکیان پێدابدات، بەڵکو بتوێنەوە، لەپێناو بەرجەستەکردن و پێکەوەنانی شارستانیەتێکی دیار و باشتر و نوێدا، ئەوەش ڕێکەوت و ڕووداوێك نەبوو، یان هەوڵێکی میکانیکی □ وەك ئەوان دەڵێن □ واتە هاوردەکردن و کۆکردنەوە بێت، بەڵکو کردەی بەردەوام و ئەزموونگەرایی بوو، زۆر لەوەش قوڵتر و چڕوپڕتر بوو، بەڵکو ئەوە گەڕانەوە و هەوڵدانە بۆ پێکهێنانەوەی ئەو بەشە وەرگیراوانە لە هەر شارستانییەتێکدا کە خاوەنی ئەو دیاردە ناوازە و جیاوازانە بێت، خاوەن دیدێکی سەربەخۆش بێت بۆ گەردوون و جیهان و سەرجەم دیاردەکان و شتەکان بە گشتی.

ئیسلام وەك ئاینێك، بەپێچەوانەی گاورەکان، خۆی لە خۆیدا دامەزراوەیەکی ژیاریە بە تێکڕای واتاکان، بە تاك ڕوانین بۆی وەك ئەوەی سەرمەشق و ڕابەر بێت، ئەوە دەگەیەنێت: پێویستە شارستانییەتێکی تاك و جیاواز و نوێ بوونی هەبێت، بەڵکو لە توانایدایە ئەو سنوورانەش تێپەڕێنێت، فراوانتر بڕوانین، کە ئیسلام چۆن دەڕوانێت بۆ شارستانیەتەکانی تر، یان– وردتر لەوە □، چۆن دەڕوانێت بۆ بەشبەشە فراوانەکانی شارستانییەتەکان، کە سەرجەمی ئەوانە درێژبووەوەی سەردەمەکانی نەفامین بە جۆرێك لە جۆرەکان، ڕوونتر بڵێین: مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە مەبەستی (وەرگرتن و بەرکەوتن)بێت، هەروەك ئەوەی کە ڕوویدا لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا لە سەردەمی نوێدا، لە پلە بالاْ و ڕەسەنی و خۆئامادەکاریی خودیەوە بووە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕەهەندە مرۆییە هیچ زیانێك بگەیەنێت بە شارستانیەتی ئیسلام، ئەوەی کە مامەڵەی کرد لەگەڵ مرۆڤدا لە هەر کوێ بووبێت، سەرجەم بەربەستە جوگرافی و چینایەتی و ڕەگ و ڕەنگەکانی شکاند، بەڵکو تەنانەت بەربەستە ئایینی و مەزهەبیەکانیشی تێپەڕاند.

ئەو توێژەرانەی باسیان لێوە کرا، بارودۆخەکە جارێکیتر ئاوەژوو دەکەنەوە، بەوەی شارستانیەتی نائیسلامی بەردەوام لە سەرەوەی شارستانیەتی ئیسلامیەوە بووە، بەڵام ڕاستی ڕووداوەکان ئەوە دەگەیەنن: شارستانیەتی ئیسلامی هەژموونی هەبووە بەسەر ئەوانی تردا بە درێژایی چەند سەدەیەك توانیویەتی ئەوانیش ڕامالێت لە سەرجەم بوار و ئاستەکاندا، لە ئایین و سیاسەتەوە تا دەگاتە پێکهاتە و دەستەواژەکانی شارستانیەت، لەتواناشیدا بووە چی وەربگرێت و چی بهێڵێتەوە، چی هەڵوەشێنێتەوە و چی بتوێنێتەوە، هەتا ئەو ئاستەی هیچ پێگەو هێزێکی سەربەخۆ نەمابوو بۆ ڕۆشنبیریە ناوخۆییەکان بێجگە لەو دەرهاویشتە و بیرۆکانەی کە هاوڕەوت بوون لەگەڵ شارستانییەتە تازە پێکەوتووەکەدا.

شارستانیەتی ئیسلام گەر بەرپا بووبێ لەسەر حیسابی شارستانیتەکانی تر، هەرگیز لە توانایدا نیە ببەخشێت، یان کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەوانی تر، ئەوەشی کە بەسەر شارستانیەتی ئیسلامدا هات پێچەوانەی هاوکێشەکە بوو بەجارێ، چونکە کاریگەری ئیسلام ڕۆچووبوو لە قوڵایی ناخی ئەواندا، نەك بە تەنها پارێزکار بێت لە کلتووری کۆن و پاکژکردن و بۆ زیادکردن، بەڵکو بە ڕەوتی بەردەوام لە خستنەڕوو و پێدانی ڕەسەنایەتی و داهێنراوی نوێ، بەجۆرێك کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر ڕەوتی شارستانییەتەکان، بەتایبەت شارستانیەتی ڕۆژئاوا، (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باس لەو گۆڕانکارییانە دەکرێت).

بارودۆخەکە هەرچۆن بێت، شارستانیەتی ئیسلام بە درێژایی ڕەوت و ئەو سەدانەی واپیایدا تێپەڕیوە، لە چالاکی و گەشەی بەردەوامدا بووە، هەر ئەوەش جیای کردۆتەوە و تایبەتمەندی خۆی پێبەخشیوە، هەر لە سەرەتادا کاردانەوەی هەبووە لەسەر بەها و پێگە سەرەتاییەکان، ئەو کاردانەوە و پەیوەندیە حاشا هەڵنەگرەی کە دروستی کردبوو لە نێوان بیروباوەڕ و شارستانیەتدا، نموونەیە بۆ سەرەتایەکی تەندروست لە بەرنامە و کاری شارستانیەتی ئیسلامدا، نەك

بەپێچەوانەی ئەمەوە وەك هەندێ لە توێژەران گومان دەبەنو هەر ئەو گومانەش خستونیەتە نێو هەڵە گەلێکەوە، جڵەوکێشی کردوون بۆ بەرئەنجامگەلێکی گوماناوی و گومڕاکەر.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بە هەندێك لە ڕای توێژەرە ڕۆژئاواییەکان زیاتر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانە، بێگومان ئەو دڵنیابوونەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی شارستانیەتی ئیسلامی بە درێژایی مێژوو، بۆ ئەو گەشە ئیسلامیەی کە تەشەنەی کردبوو لە مەودا جۆر بە جۆرەکاندا، ئاشنابوونی گەلانی دونیاش بە کاریگەرییەکان و هاندەر و پێکهاتەکانی، بێگومان بە خستنەڕووی ئەو ڕاستییانە، گومانەکان دەڕەوێنەوە، موسڵمانان وا دەبینن ئەو هەوڵانە تەنها بۆ گومان دروستکردن بووە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، غەیری موسڵمانانیش سەبارەت بەم پرسە هەستیارە وتوویانە:

( ڕۆبەرت برنشفك) مامۆستای زمانەوانی و شارستانیەتی ئیسلامی لە هەردوو زانکۆی (بۆرد) و (پاریس) ئاماژە بەوە دەکات: کاریگەری ئیسلام لە سەرجەم مەیدانە مرۆییەکاندا دەدرەوشێتەوە، لە زمان و هونەر و ڕەوشت و سیاسەت و یاسا و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و چالاکیەکانی، بە جۆرێك ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە وەرگرین، ئەوا ناتوانین تێبینی ئەوە نەکەین کە شارستانیەتێکی سەربەخۆ نەبێت و مۆرکی ئیسلامی پێوە نەبێت، نەك هەر هێندە، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکیش بووە لەو ناوەندەدا[١]، بیروباوەڕی ئیسلامی لە ناوەندەکانی سەدەی دووهەم و سێهەمی کۆچیدا بوو بوو بە یاساگەلێك بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردبوو لە ناوەندە جۆراو جۆرەکاندا، مەبەستی بوو ڕۆڵی هەبێت، هەواداری هەبێت

[١] الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية، نوسینی: فون کرونباوم، وەرگێڕانی: د. صدقی حەمدی، کتێبخانەی دار المتنبی/ بەغداد، ١٩٦٦ز، لا٧٤.

لەسەر هەموو ئاستەکان، هەر بەو شێوە ئیسلام شوێنەوار و پێگەیەکی زانستی بۆ دابینکرا لە زۆرێك لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا.[١]

(برنشیف) ڕاشکاوانە دەڵێت: ڕاستتر وایە ئەوە بدرکێنین بیروباوەڕی ئیسلامی فاکتەرێکی کارا بووە نەك تەنها لەو حاڵەتانەی کە پڕتاو ڕوویدەدا و چارەدۆزی بۆ دەکرد بە هەر جۆرێك بوایە، بەڵکو بۆ هەموو حاڵەتەکان چارەسەری خودی یان دەرەکی بۆ دەبینی، ڕەنگرێژی دەکرد بە تایبەتمەندیەکانی خۆی، ئەوەش خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەر بوو بۆ وەرگرتن و پارێزگاریی کردن لێی، زۆرن ئەو پرس و کردانەی کە پێگە و سەرەتایەکی ئیسلامیان نیە، بەڵام ئیسلام ماکێکی ئیسلامیانەی پێداوە دەکرێت لە کردە و بەرهەمی ئیسلام هەژمار بکرێت، ئەکرێت سیفەتە تایبەتەکانی ئیسلام بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی هۆکاری ڕۆشنبیری بن لە زۆر حاڵەتدا، دوور و بەدەر لەوەی ئەو گومانەی لێبکرێت وەك خوازراوێك خواستبێتی لە شارستانیەتەکانی ترەوە، لە حاڵەتی وەرگرتنیشدا ڕەگەز و ماکێکی پێداوە وەك هەر چەمکێکی تری ئیسلام هەژمار بکرێت.[٢]

(مارسیل بوازار) کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی فەرەنسی هاوچەرخ دەڵێت: ئاینی ئیسلام پێویستییەکە و گومان هەڵناگرێت، چونکە زۆرباش زانیویەتی چۆن کارەکان ئەنجام بدات، بەهۆی ئەو ڕۆحیەتە فراوان و نێوانی شارستانییەکان باڵەخانەیەکە سەرجەم مۆرك و ڕەسەنایەتیەکانی لەخۆگرتووە و سەرجەم ڕەهەندە ڕۆشنبیریەکانی بەرجەستە بووە لەسەر ئەساسی دەستەبەریی و بەرقەراری، یەکتر قبوڵکردن و نموونەی باڵا و گەشە و پێشکەوتن، ڕەنگێکی تایبەتی دا بە بنەما و دیاردەکان بەگشتی، لە هەستێکی باڵا و گونجاوەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەروەك

[١] هەمان سەرچاوە، ل٧٩ ـ ٨٠.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٨٠ ـ ٨١.

چۆن سەرچاوەی گرتبوو لەیەك جۆرە نیگاوە و زۆر مەزنانە بەشداری کایەکانی ژیانی کرد. [1]

بیرمەندی فەرەنسی ناسراو (موریس بوکای) دەڵێت: ئیسلام هەمیشە ئایین و زانستی بە دوو ڕەهەندی پێکەوە گرێدراو باسکردووە، هەر لە سەرەتای ئیسلامدا گرنگیدان بە زانستبەشێکی سەرەکی و هاوپێچ بووە لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە ئیسلام فەرمانی پێکردبوون، هەر بەوەش گەشە و نمایەکی بەرچاوی دا بە زانست بە تێکڕا لە سەدەکانی شارستانیەتی ئیسلامدا، شارستانیەتی ڕۆژئاواش بێبەش نەبوو لەو خێر و بەهرانە پریشك و پرشی خۆی بەرکەوت، بەر لە چەرخی ڕاپەڕین لە ئەورووپادا. [2]

(ئارنۆڵد توینبی) مێژوونووسی بەریتانی باس لەوە دەکات کە چۆن ئیسلام دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی بەدەست هێنا لە شتێکدا کەپێشتر ئەوانی تر تێشکا بوون تیایدا، ئەو توانی کۆتایی بە هێلینیەکان بێنێت و وەدەریان بنێت لە واقیعی سووریادا، دواتریش بیگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەسەڵات و خەلافەتی ئیسلامی، چونکە سووریە لەو دەمەدا ئەسکەندەری گەورە بێبەزەییانە تێکوپێکیدا و دایبڕی لە ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانیەت، بەڵام دواتر ئیسلام هیوای گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای سووریا پاش ئەوەی چەند سەدەیەکی بەسەربرد لە وەستان و دابڕان و ژیان بە تێکڕا، بەڵام هەتا گیان ئاهێکی وەبەردا مابێت لەنێو ناچێت هەتا نۆرەیەکی تر نەکاتەوە، هەر لە بەرەبەیانی ئیسلامدا پاش پێڕەوکە بوونی هەردوو شارستانیەتی عەرەبی و ئێرانی لێوە پەیدا بوو. [3]

---

[1] إنسانية الإسلام: وەرگێڕانی: د. عەفیف دیمەشقی، دار الآداب، بەیروت، ١٩٨٠ز، لا٤٢٥.

[2] بڕوانە : القرآن الكريم و التوراة و الإنجيل ( دراسة الكتب المقدسة في ضوء المعارف الحديثة)، چاپخانەی ، دار المعارف ، قاهیرە ، ١٩٧٨ ز ، لا ١٤ .

[3] مختصر دراسة للتأريخ : وەرگێڕانی: فوئاد محمد شبل، لجنه التأليف والترجمه والنشر/ قاهیرە، ١٩٦٠ ـ ١٩٦٥ز، ( ١/ ٢٤١).

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (دومینیك سوردیل) لە دوو دیوی مێژوویی و جوگرافیەوە دەڕوانێتە هونەری ئیسلامی: وێڕای ئەوەی خواستێکی ڕەهایە بۆ ئیسلام و تەنها بۆ ئیسلام، شایانی ئەو ڕۆشنبیرییە ئیسلامیە مەزنە تاجدار بکرێت ئەوەی کە ناسرا بوو بە ڕۆڵی یەکلایەنەی، وێڕای ئەو خواست و حەزە جیاوازانەی کە لەو ناوەندەدا بوونی هەبوو لە بەرامبەر بە گەلانی تردا، لێرەدا ئێمە ئیسلاممان تەنها وەك ئایین بۆ دەرناکەوێت، هاوکات وەك نەتەوەیەکیش نا، بەڵکو پایە و پەنایەکە بۆ هەر شارستانیەتێکی تر تیایدا بژێتەوە لە ڕووە ئاینی و فیکریی و هونەریەکەیەوە.[1]

بیرمەندی مەجەڕی لیو بولد فایس (محمد ئەسەد) هەموان دڵنیا دەکاتەوە  مێژووش سەلماندوویەتی : هیچ ئایینێك هانی مرۆڤایەتی نەداوە بۆ پێشکەوتنی زانستی وەك ئەوەی کە ئیسلام هانیداوە و ئەو گوڕو زاتەی کە وەبەر زانست و توێژینەوە زانستیەکان نرا لە ئیسلامەوە بوو، کۆتاییەکەی ئەو بەرهەمە ڕۆشنبیریە پڕ بەهرەو دیارە بوو کە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکان و سەردەمەکانی دەوڵەتی عەرەبی بوو لە ئەندەلوسدا، ئەوروپا ڕاست و ڕەوان ئەوە دەزانێ، چونکە ڕۆشنبیری ئەوروپا قەرزاری ئیسلامە بەو ڕاپەڕینەی کە لە سەدەکانی شەوەزەنگ و تاریکیدا ئەنجامیاندا.[2]

(فرانشیسکو کابرییلی) لە هەرە مامۆستا ناودارەکانی زمانی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی ڕۆما دەڵێت: ئیسلام ئەو هێزە سەرسوڕهێنەیە کە پرشنگدەداتەوە لەو بیروباوەڕە نوێیەوە و لەو دەوڵەتەی کە ئەو بیروباوەڕە بەرپای کردبوو، ئەوەی کەوا گەشەی کردبوو بە هەموو لایەکدا بەرئەنجامەکەشی یەك شارستانیەت بوو بە جۆرێك مرۆڤ سەرسام دەبێت لە دەرهاویشتەکانی،

---

[1] الإسلام : وەرگێڕانی: د. خەلیل الجر ، چاپخانەی ، المنشورات العربية ، بەیروت ـ ١٩٧٧ ز ، لا ١٠٢ .

[2] بڕوانە: الإسلام على مفترق الطرق: چاپی شەشەم، لا٧٠ ـ ٧١.

(کابرییلی) دەڵێت: ڕوونە، مەبەستمان بە ئیسلام لێرەدا (هەموو شارستانیەتی ئیسلامە)، ئەوەی کە دەرکەوت بە هەنگاوە چاکسازییەکانی، کە تایبەت بوو بەو لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ زەریای ئەتڵەسی، ئەوەی کەوا جێگیر بوو بوو لەسەر بناغە و بیروباوەڕەکەی (محمد) (دروودی خودای لەسەر)، گومان لەوەدا نیە بیروباوەڕی ئاینی ئازوخەی زۆری خست بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، نەك بەوەی هۆکاری هاوبەش هەبوویێت لە نێوانیاندا، بەڵکو هەموو دیاردەکانی تری ژیان، چ ماددی بێ، یان ڕۆحی، یان سیاسی، یان ئەدەبی، یان ئابووریی، یان کۆمەڵایەتی، لەخۆیاندا هەڵگرتووە مۆرك و ڕەسەنایەتی ڕەگەزی ئایینی و سەرجەم ڕەنگەکان تیایدا، هاوکات گەشە دەکات و فراوان دەبێت لە ژێر کاریگەریی ئەودا،[1] بۆیە یەکێك لەوان دەڵێت: ئیسلام ئاینێکی جیهانی و گشتگیرە زیاتر لە هەر ئاینێکی تر، کاریگەرییەکی گشتگیرانەی لەسەر مرۆڤ بە تێکڕا هەیە. (کابرییلی) لە کۆتایی وتەکەیدا دەڵێت: خووڕەوشتی ئیسلامی ئەگەر زاڵ بوو بەسەر هەر گەل و نەتەوەیەکدا، هەرگیز ناسڕێتەوە.

(ئەدوین کالفرلی) ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی دەڵێت: موسڵمانان بە تەواوی فەلسەفەی هێلینیان هەرسکرد بوو، دواتر گۆڕانکارییان لە تەوەرەکانی هەردوو لادا کردبوو بۆ ئەوەی گونجاوبێت لەگەڵ زانستە نوێکان و ناوەڕۆکی بیروباوەڕە قورئانیەکە.[2]

ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی بەریتانی (هاملتون) دەڵێت: ئەو ژینگە جۆراوجۆرانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوون، هەر لە سنووری چینەوە تا درێژایی باشووری ڕووسیا و ئەندەنوسیا و شیبهە قارەی کیشوەری هیندی و هەتا

---

[1] تراث الإسلام، نووسینی: شاخت و بوزورث، وەرگێڕانی: محمد زوهەیر سەمهوری و هاوڕێکانی، چاپخانەی سلسله عالم المعرفه، کوەیت ـ ١٩٧٨ز، چاپی یەکەم، ( ١/ ١٠١).

[2] الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية: لا ١٢٣.

ڕۆژئاوای ئاسیا و ئەفەریقا و ئیسپانیا، بەردەوام دەیپاراست چ لەسەر ئاستی تاك، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، بە بیروباوەڕ و دابونەریتی ئیسلامی، زۆر بە سانایی خواست و فەرمانەکانی ئیسلام لەو ناوەندەدا بەرقەرار دەبوو[١]، هۆکاری ئەوەش وەك (فون کرو نباوم) ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی دەڵێت: ڕۆشنبیری ئیسلامی بە گشتی، خاوەنی هۆکارگەلێکە، کە خۆی لەخۆیدا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەنێو کلتوور و ڕۆشنبیریە ناوخۆییەکاندا، لەو هۆکارانەش ئیسلام پێی ناسراوە و جیاکراوەتەوە بەتایبەت ئەو کۆدەنگیەیە کە دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە پۆلێنکردن و جیاکردنەوە و پێدانی شەرعیەت بە هەر کار و هەر بیروباوەڕێك کە لەو کۆمەڵگایەدا بێتە بوون، کاتێك کە دیدو بۆچوونێکی دەرەکی سەرهەڵدەدات و مەغزای ڕوون دەبێتەوە لەنێو چوارچێوەی ئیسلامدا، بە تەعبیری ئیسلامی ناسێنرابوو، مۆرکێکی ئیسلامیانەی ڕاستگۆیانە بۆ ئەوە دێتە بوون،[٢] لەلایەکی ترەوە ئەو ڕوونکردنەوە و قۆناغبەندییەی کە دەخرایە ڕوو سەبارەت بە ماهیەتی ئەو ئاینە لە سەرەتادا، کە هیچ جۆرە تێکەڵ و پێکەڵی و ئاوەژووبوونێکی ڕۆشنبیری لەخۆنەگرتبوو، ئەوە وایکرد کە سنووری کارە بنچینەییەکان فراوانتر بکات، ئەوەی کەوا ئاڵوگۆڕی بیر و بینشەکانی تێدا دەکرد لەگەڵ شارستانیەتەکانی تردا،[٣] ئا بەو شێوە ئەوە بەدی دەکەین، کە گەشەی شارستانیەتی عەباسیەکان تەنها نوێنەرایەتی ئاوێتەبوونێکی تر دەکات لەگەڵ شارستانیەتی ئیسلامدا،[٤] ئەوان بواریان فراوانتر ڕەخساندبوو بۆ دابوو نەریتە ناوخۆییەکان، ئەوەی کەوا بەشێکی زۆریان وەرگرتبوو لە بیری بیرمەند و نووسەر و کتێبە نووسراوەکان، زۆربەی

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٤١.

[٢] الشرق الأدنى: مجتمعه وثقافته، تحرير كويلر يونغ، ترجمة: د. عبدالرحمن محمد أيوب، دار النشر المتحدة، القاهرة ـ بدون تأريخ، ص١٧٤ ـ ١٧٥.

[٣] دراسات في حضارة الإسلام: لا٣١ ـ ٤.

[٤] الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية: لا٣٦٥.

ئەوانەش چوونە ژێر هەژموونی ئەو پێکهاتە نوێیە لە ڕووی جێبەجێکردنی ژیانێکی ڕاست و دروستەوە.[1]

بیرمەندی فەڕەنسی (گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: عەرەبەکان کاریگەریەکی ئەوتۆیان هەبووە لە مەدەنیکردنی ئەو زێدو ناوچانەی کە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتیان، یان هەر شوێنێك ئاڵای (محمد) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) شەکابێتەوە لەسەری، هەرزوو وەرچەرخانی جۆریی بەخۆوە بەدی کردووە، زانست و ئەدەب و هونەر و پیشەسازیی و کشتوکاڵ لە گەشەی بەردەوامدا بووە، عەرەبەکان یەکەم کەس بوون جیهانیان فێری ئەوە کرد کە چۆن بتوانن ئازادی بیرورِا لەگەڵ پابەند بوون بە ئاینەوە بگونجێنن.[2]

(سیغرید هونکە) توێژەرێکی ئەڵمانیە، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر دیاردەی نەخوێندەواریی لە ڕۆژئاوادا، کە چۆن تەشەنەی کردبوو، دەڵێت: لە سەدا نەوەد و پێنجی ڕۆژئاواییەکان نەخوێندەواربوون، نەك هەر خەڵکی سادە، بەڵکو دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانیش زۆربەیان نەخوێندەواربوون، هەر لەو دەمەدا ملیۆنەها کوڕ و کچ ڕوویان لە جیهانی ئیسلام و موسڵمانان کرد، هەنگاو بە هەنگاو دەچوونە پێشەوە و بەهرەمەند دەبوون لە زانستەکانی،[3] پاڵنەری ئەوەش حەزی ڕاستگۆیانەی خۆیان بوو بۆ ئەوەی بەڕاستی جێی ئومێدی ئیسلام و موسڵمانان بن، هەروەك ئەوەی کە پێویستە موسڵمانان وابن، ئەوەش بە زۆرەملێ نەبڕابوو بە سەریاندا، بەڵکو پاڵنەرەکە حەز و باوەڕی تەواوبووە لەوەدا، چونکە بەپێویست زانراوە، هەموو باوەڕدارێك دەبێت بزانێت قورئان بخوێنێتەوە و تێگەیشتنێکی جۆریی هەبێت

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ ـ ٣٩.

[2] حضارة العرب: چاپی سێهەم، ل٣١٨.

[3] الإسلام والحضارة العربية: موحەمەد کورد عەلی، لجنة التأليف والترجمة والنشر، قاهیره ـ ١٩٦٨ز، چاپی سێهەم (١/ ٥٤).

لەسەر ئیسلام، ئا لێرەدا مەیدانەکان فراوانتر دەبێت لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، خەڵکی بەگشتی لە ڕۆژئاوادا  لەو دەمەدا  ڕێچکەیەکیان بەدی نەدەکرد بۆ ئەوەی بگەن بە کتێبی پیرۆز و لە ڕاسپاردەکانی سودمەند ببن بێجگە لە پیاوانی ئاینی، کە تایبەت بوو بە ئەوانەوە،[1] هیچ جۆرە ئامادەکاریەکیشیان نەسازاندبوو بۆ ئەوەی خەڵکەکەیان خوێندەوار و ڕۆشنبیر بێت، دواتریش تاکە هۆکاری سەرەکی لە پایەداربوون و بەرپابوونی شارستانیەتی ئیسلامی لە ئیسپانیادا، گرنگی و بایەخدانی بووە بە بوارە فیکری و مادیەکان.[2]

(کویلر یونغ) سەرۆکی بەشی زمانەوانی و ئەدەبی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی (برنستون) دەڵێت: دەستەواژە و ڕێنوێنەکانی ڕۆشنبیری ئیسلام بەشێوەیەکی بەرچاو و دیار بەکارهاتوون بۆ ئەوەی بکرێن بە بەڵگە لەسەر ئەو مەدەنیەتە چوونیەکە  وێڕای ئەوە هەمەجۆرە بوو  ئاینی ئیسلام کردیە ئامانج و کەوتە ژێر هەژموونیەوە بۆ زیاتر لە سیازدە سەدە،[3] کاتێك ئیسلام لەو ناوەندەدا دەرکەوت تەوژمی ڕۆشنبیری وەرچەرخان بەپێچەوانەی ئەو ڕووگە و ڕێڕەوەی کە پێشتر لەسەری بوو لە سەرەتای دەستپێکردندا ئەو وەرچەرخانە وەك دیاردەیەکی کوتوپڕی دەهاتە پێشچاو، وێڕای ئەوە کە مێژوونووسان دەتوانن هۆکاری ئەوە بزانن، کەم کەم ئەو ڕووگە و تەوژمە ڕۆشنبیرییە هاتە بەرهەم، دواتریش لە نیوەدورگەی عەرەبیدا گڕوتینی هەڵگرانی ئەو ئاینە وا پاڵی پێوەنان، کە بە ئاین و

---

[1] بروانە: شمس الله تسطع على الغرب: وەرگێڕانی: فاروق بیچون وکەمال دەسوقی، چاپخانەی المكتب التجاري، بەیروت ـ ١٩٦٤ز، لا٣٩٣ ـ ٣٩٤.

[2] هەمان سەرچاوە، لا٥٣٠.

[3] الثقافة الإسلامية والحياة المعاصرة ، بحوث ودراسات إسلامية: نووسینی: کۆمەڵێك توێژەر، کۆکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسین: موحەمەد خەلەف الله، قاهیرە ـ ١٩٦٢ز، چاپی سێهەم، لا٢٣٢.

زمانەکەیانەوە ڕوو لە سنووری چین بکەن لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا دەگاتە شاخەکانی (ئەلبرانس) لە ڕۆژئاوادا.[1]

ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی هاوچەرخ (مونتکمری وات)، موسڵمانان بەجارێك توانیبوویان لە ڕۆشنبیری دەوروبەر بگەن و پەی بە مەیدانە ڕۆشنبیرییەکان ببەن بەو بیروباوەڕە دامەزراوەی کە ئەوان هەیانبوو، بەوەی کە خۆیان باڵا و بڵندتریش دەبینی لەوانی تر، زۆرێك لەو ئامادەکاریە، موسڵمانان لە ئیسلامەوە وەریانگرتبوو، ئەوان بە ڕوونترین سەرچاوە، دەستەواژەکانیان هەژمار دەکرد، ئەو خۆئامادەکاریەش بە ژاوەژاو و هەراو هوریا نەبوو، بە جۆرێك کە دۆخەکە گوماناوی بکات لای بەرامبەر، بەڵکو بەردەوام لەسەرخۆ هەنگاوەکانی هەڵدەنا، بۆ وەرگرتنی بەهرە و حیکمەت و زانستی نەتەوەکانی تر، زۆر بە قووڵی بۆی دادەچوون و وردیان دەکردەوە و وەردیان دەدایەوە، بەجارێك ئاوێتە دەبوو بە دنیای فیکر و ڕۆشنبیرییان، ئەو کەسانەش کە پێشتر هەڵگری ڕۆشنبیری جیاجیا بوون، خاوەن دابونەریتی خۆیان بوون، کاتێك کە موسڵمان دەبوون، سەرجەم ئەو باکگراوندە زانستیە تایبەتانەیان لە چوارچێوەی دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا تاوتووێ دەکرد و دەتواندەوە، ئەو ئاوێتەبوون و بەشداریی پێکردنە لەگەڵ فیکری ئیسلامیدا، شارستانیەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا،[2] هەروەها تێبینی ئەوە دەکات کاتێك زانستە سەربەخۆکانی ئیسلام، تێکەڵ بە جیهانی ئەورووپا بوو، واتایەکی نوێیان بە جیهان بەخشی، بوو بە سەنتەر و هاندەرێکی سەرسەخت بۆ زانستەکان بەتێکڕا، هەر لەو دەلاقەشەوە، ئەو بینشە گەردوونی و میتافیزیکیە فراوانە گرنگی دا، لەو دەمەشدا ئاینی نەصرانی هیچ متمانەیەکی نەبوو بە توێژینەوە زانستییەکان سەبارەت بە

---

[1] الشرق الأدنی، مجتمعه وثقافته، لا٧.

[2] تأثیر الإسلام علی أوربا في العصور الوسطی: وەرگێڕانی: د. عادل نەجم عەبو، چاپخانەی دار الکتب، موصڵ ـ ١٩٨٢ز، لا١٨.

گەردوون، مرۆڤەکان لەو دەمەدا و دواتریش بەرگەی ئەو هاودژبوونە ڕیشەییە ناگرن لەنێوان حەقیقەتە گەردوونیەکان و بیروباوەڕی ئاینی کەنیسە، بۆیە پیاوانی کەنیسە پەنایان بردە بەر پەکخستن لەنێوان ئاینی مەسیحی و زانستە ئیسلامیە نوێکان.[1]

ئا لێرەدا چەند تێبینیەکی بەپێزی بیرمەندی بەریتانی (روم لاندو) هەیە دەبێت بخرێتەڕوو سەبارەت بەم بابەتە، ناوبراو بەراورد دەکات  بۆ وێنە – لەنێوان بزوتنەوەی زانستی ڕۆژئاوا و ئیسلام، (روم) وادەبینێت ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتای چەرخی ڕاپەڕینەوە، ڕاپەڕینی زانستی بەڕەهایی، ئاینی وەلا نا، یان بە واتایەکی تر، زانست کەوتە دوای ڕێڕەوی خۆی، بەبێ ئاوڕدانەوە لە بەها ئەخلاقیەکان، لەکاتێکدا کە مرۆڤی ڕۆژئاوا سەرگەرمی بەدەسهێنانی زانستە تازە گەشە کردووەکان بوو و زۆر گەورە و گران زاڵ بووبوو بە سەریاندا، لە بەرامبەر ئەمەدا، ڕەوشت لەجێی خۆیدا تەکانی نەدەخوارد، سست دامابوو، پاش سەربەخۆبوونی زانستیش لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا لە دەسەڵاتی کەنیسە، ڕۆژئاوا تەنها زانستی لە بیروباوەڕی ئاینی جیانەکردەوە، بەڵکو زانستی لە سەرجەم چەمکە ئاینی و ئەخلاقییەکان جیاکردەوە و ئەوەشی لەو نێوەندەدا پەیوەندی هەبووبێت پێیەوە جیایی کردەوە، بەڵام ئیسلام هەرگیز ئەو جیاکاریەی نەکردووە، لە واقیعیشدا ئاین نیگابەخش و پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ زانست، لە ئیسلامدا فەلسەفە و زانست پێکەوە دەرکەوتن و هاتنە بوون، بۆ ئەوەی بەڵگەکان لەسەر بوونی (خودا) سەلماوبێت و بە گەورە بیناسێنن، لێرەدا مایەی سەرسامبوون نیە کە زانستی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

ئیسلامی ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سیفەتە مرۆییەکان دانەبڕابوو  وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوویدا ، بەڵکو بەردەوام لە خزمەتی مرۆڤەکاندا بوو.[1]

دواتر (روم) باس لەو زانیاریە سەرەتاییانەی عەرەبەکان دەکات پێش ئیسلام، پاشان لە ماوەی دوو سەد ساڵ پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) چۆن ڕەوتی ئەو پێشکەوتنە ڕۆشنبیریە فراوانەیان پەرەپێدا، ئەوەی کە بەجارێك مایەی سەرەنج و سەرسامبوونە، پاشان ئەو ڕاستیە دەدرکێنێت: ئاینی نەصرانی پێویستی بە هەزار و پێنج سەد ساڵ هەبوو هەتا بتوانێت شارستانیەتێك پێك بێنێت و ناوبەرێت بە شارستانیەتی مەسیحی، پاشان لەو هۆکارانە دەپرسێت کە خۆیان مەڵاس داوە لەو واقیعەدا، لەنێوەندی ئەوانەدا ئەوەی بەدیکرد: حەزێکی گرگرتوو بەردەوامبونی هەبووە بۆ تێگەشتنێکی تەواو وقوڵتر و ڕۆچوون لە مەوداکاندا، وەك ئەوەی کە خوا ئەفراندوویەتی، قایلبوون و ئاوێتەبوونە بە دنیای مادەگەرایی، نەك بەو وەسفە مادییەی کە بۆی کراوە بەدەربێت لە جیهانی ڕۆح و پلە و مەقاماتی ڕۆح، بەڵکو هەماهەنگ و هاوکاربێت لەوێدا، چونکە هەرچی لەو بوونەوەرەدایە سەرچاوەی لە (خوا)وە گرتووە، نهێنی دەسەڵات و توانای ئەو ئاشکرا دەکات، ئا لێرەدا تەنها ئیسلامە شایانی تێبینی و پەند لێوەرگرتنە. لە کۆتایدا (روم لاندو) دەڵێت: ئاین و کردەوەی مرۆڤەکان بۆ ژیان، دوو چەمکی لێکترزاو و هاودژ نەبوون، نا، بەڵکو واقیع دەڵێت ئاین هاندەرێکی سەرەکی بووە لەنێوان ئەو دوو مەودایەدا.[2]

بۆ جارێکی تر، ئەو حەقیقەتە مێژووییەی کە گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە موسڵمانان بەرکەوتووبوون بەدرێژایی پێنج سەدەی تەواو، ئەوان هەنگاوی

---

[1] الإسلام و العرب: وەرگێڕانی: مونیر بەعلبەکی، دار العلم للملايين، بەیروت ـ ١٩٧٧ز، چاپی دووەم، لا٢٨٠ ـ ٢٨١.

[2] هەمان سەرچاوە، لا٢٤٦.

یەکلاکەرەوەیان هەڵنا لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا، بەدەرلەوەی پشت هەڵکەن لە ئاین و حەقیقەتەکانی. موسڵمانان ئەو ئاوێتەبوون و نزیکبوونەوەیان بە هۆکارێکی ئەرێنی و چالاك دەبینی بۆ سەرکەوتن بەرەو ئامانجەکان، نەك بەوەی تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگ بێت .[1]

❁❁ ❁

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

# بەشی دووەم
# گەشەی شارستانیەتی ئیسلامی

هێندەی نەبرد شارستانیەتی ئیسلامی بە گوڕوتینێکی نوێوە بوونی خۆی بە فۆڕمێکی نوێوە سەلماند لە گۆڕەپانی واقیع و شارستانیەتدا لە گشت مەودا ماددی و ڕۆحی و فیکریی و سلوکی و ڕێکخستن و زانستدا، تێکڕای ئەو دەستەواژە و وشانەی لێرەو لەوێ کۆی کردبوونەوە، لە شارستانیەتەکانی یۆنان و فارس و بێزەنتینەکان و هیند و هیلینیەکان و لە ڕۆشنبیری نبطی و سریانی و قیبتیەکان و.. هتد، ئا بەو شێوەیەش کۆتایی بە ڕەوت و بزاوتنی خۆی بەخواستن لەو و لەوی تر نەهێنا، یان هەر لە سنووری شتگەلێك بگەڕێت و کۆگاکان لەسەر یەك تەپە پێبدات و بونیاتی نەنێت، بەڵکو هەوڵێکی بەردەوامی دا بۆ گێڕانەوە و داڕشتنەوەی ئەو کلتوور و نەریتەی کۆی کردبوونەوە بەشێوەیەکی هاوئاواز و گونجاو، تۆکمە و داڕێژراو بە گوێرەی ئەو ڕوئیا و دیدەی کە ئاینە نوێکە نەخشەی بۆ کێشابوو.

ئا لەو قۆناغەدا ڕەوتی شارستانیەت بە هەڵمەت هەڵپەی دەبرد و پرشنگی دەدا بە هەر لادا، بەڵام تاڕادەیەك چڕوپڕ و تێك ئاڵاو بوو، كارو كاردانەوەكان تاڕادەیەك كارلێكیان دەكرد لە مەودا جۆربەجۆرەكاندا، ئەوەش دەكرێت لە سێ بازنە، یان لە سێ بواردا، ئاماژەی پێ بكەین، هەریەك لەوان كۆمەڵێك وردەكاری و لێكدانەوە و بەشی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت ئەوانەش:

یەكەم/ بازنەی چالاكیە زانستی و ڕۆشنبیرییەكان كە خۆی دەبینێتەوە لە مەوداكانی بیروباوەڕدا، وێڕای لایەنە فیكری و ڕۆحیەكان كە خۆی لەخۆیدا گوڕ و جوانیەك دەدات بە شارستانیەت، ڕۆڵی یەكلاكەرەوە دەگێڕێت لەوەی ڕوخسارێكی جیاواز و سەربەخۆ بنوێنێت و كەسایەتیەكی سەربەخۆبێت.

دووەم/ بازنەی چالاكیە ئابووری و تەقەنی و ئاوەدانكاریەكان، كە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەشە مادیەكە پێكدێنێت لە شارستانیەتدا، هەندێكجاریش ناودەبرێت بە شارستانیەت.

سێیەم/ بازنەی چالاكی بەڕێوەبردن و ڕێكخستن، ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەشە هونەرییەكە لەخۆدەگرێت و گوڕوتینی ئەوەش لە دامەزراوە و ناوەندە سیاسی و بەڕێوەبردنیەكاندا جێگیر دەبێت، لە ژێر چاودێریی نەخشە و گونجاندن لە گشت مەوداكاندا و دەستنیشانكردنی پەیوەندییەكان لەو نێوەندەدا بە یەك ڕەوت و ئاواز، كە دەبێت ببێت لە یەك شارستانیەتدا.

شارستانیەتی ئیسلامی هەڵمەتی ناساندنی خۆی گەیاند لەو سێ وێستگەوە، بەردەوام لە گەشەدا بوو خۆی بونیات دەنا بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار پەلی دەهاویشت، ئەو بیروباوەڕە ئیسلامیەی كە ئەو بونیاتی نا پشتوپەنای دەكرد لە بزاوتنە بەردەوامەكەیدا، لەهەر وێستگەیەكدا بە فۆڕمێكی نوێوە ڕەنگی خۆی پێدەدا، دەكرێت لەو نێوەندەشدا لە گۆشەیەكدا شتگەلێك هەبووبێت نامۆبێت لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا لەبەر هەرهۆیەك بووبێت، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ڕەوتەكە ڕەوتێكی

ئیسلامی و ماکی ئیسلامی پێوە دیار بوو، وێڕای ئەوە چواندن و ئەسلەمەکردنی هەر شتێك، ئەشێت تاڕادەیەك کورت و کەم بووبێت، یان لەگەڵ ئاواز و ڕەوتی ئیسلامدا نەیەتەوە.

هەر لە ساتەوەختی یەکەمدا شارستانیەتی ئیسلامی ئەوەی بڕیاری دابوو لەو ململانێیەدا هەڵنەیەت، وەڵامی هەبێت ئاوێزانی بکات لەگەڵ ئەو سێ وێستگەیەدا ئا بەوەش زیاتر دەوڵەمەند و ڕەسەن و ئاسۆ فراوانتر دەبێت، بە تێپەڕبوونی کات دامودەزگا ئیسلامییەکان ئەوەی کە تۆوی چێنرابوو لە سەرەتا و سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خەلیفەکانی ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت)، لە گەشەی بەردەوامدا بوو لە گشت مەیدانەکاندا، ئەوەی کە ئیسلام هەیبوو، بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو بەپێودانگی تایبەت و بۆ دانراو و بۆ داڕێژراو، هێندەی نەبرد لە ماوەی دوو تا سێ سەدەدا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەجارێك تەنی بوو.

ئێمە لێرەدا ناتوانین جیاکاریی بکەین لەنێوان ئەو چەمکانە و لەنێوان ئەو گەلەی کە ئەو چەمکانەی داڕشتبوو، واتە لەنێوان تایبەتمەندییەکانی ئەو چەمکانە و لەنێوان بەها باڵاکان و دیدی ئەو کۆمەڵگا موسڵمانە، کە فیکر و زانست و ئەدەب و ئابووریی و بەڕێوەبردن و ئاوەدانکاری سازاندبووی، هاوکات ناشبێت ئەو تایبەتمەندییانە وابەستە بکەین بە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانەوە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی پابەندبوونیان بەو تایبەتمەندییانەوە، لێرەدا دەسەڵات ڕۆڵی دیاری خۆی جێبەجێ دەکات بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی شارستانیەت و پێدانی تایبەتمەندییەکان لە پێکهێنانیدا، چونکە بەدەستهاتووەکان بەشێوەیەکی گشتی، هەر دەمێنێتەوە، لەسەرو دەسەڵاتەوەیە لە ئاڕاستەکردن و ڕێکخستنەوە و بەگەڕخستنیتواناکان، بۆ ئەوەی دواجار هاوتەریب بێت لەگەڵ قەبارەی کۆمەڵگا، چونکە هەر لەو دەلاقەوە دەتوانرێت درێژە بە ئامانجەکان بدرێت، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت کە باوەڕ و پابەندبوونی ڕەها لەونێوەندەدا هەبێت، چونکە

شارستانیەتە مەزنەکان لەو دەلاقەوە دەڕوانن بۆ واقیعەکە، دواجار شارسانیەت هەرئەوەیە کە لەو گەلەوە گوزەر دەکات.

زیاتر ئەو تایبەتمەندییانە لە بواری شارستانیەتدا دەردەکەوێت وەك ئەوەی لە بازنەی چالاکیە زانستی و ڕۆشنبیریەکاندا بەو پێیەی شارستانیەت کاردانەوەی فیکر و ژیانی ئیسلام و موسڵمانانە، هەرچۆنێك ئاوڕ بدەینەوە بە بەرەنجامەکانی ئەوەی کە گوزەری کردووە لەو ناوەندەدا بەجۆرێك لەجۆرەکان ماك و ڕەنگی ئیسلامەتی پێوە دەردەکەوێت.

بۆ نموونە، با زانستە مرۆیی و ئاداب و هونەرەکان وەرگرین، ئەوەی کە مەودایەکی فراوانی گرتووە لە بازنەی ڕۆشنبیرییدا، لەوێدا چی بەدی دەکەین؟

مێژوونوس/ تێکڕای زانستەکانی بونیات دەنێت بەپێودانگی ئیسلامی، دەرکەوتەکانی پێشکەش دەکات لە چوارچێوەی ئیسلامدا.

جوگرافیاناس/ گەشت و گەڕان دەکات، چاودەگێڕێت بە دیاردەکاندا، بە ئەزموون و شتەکاندا، بە دیدێکی ئیسلامیانە، وێڕای ئەو هەڵە و پەڵە ناوخۆیی و بابەتیانەی کە کەسی مێژوونووس و جوگرافیاناس ئەنجامی دەدەن، یان ئەوانی تر.

فەیلەسوف و لۆژیکناس و زانای زانستی یەکتاپەرستی/ تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی ڕاگرێت لەنێوان بیروڕای پێشینەکان و دیدە ئیسلامیەکەیدا.

پەروەردەکار/ ئەو کار بۆ ئەوە دەکات تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بە ئاڕاستەیەکدا بەرێت، بەگوێرەی بەها و خواستە ئیسلامیەکان.

ئەدیب/ بیرۆکە و دەستەواژەکانی لە دەریای بیروباوەڕە نوێیەکەوە وەردەگرێت و دایدەڕێژێتەوە.

هونەرمەند / ئەو هەرچی بونیات دەنێت و نمایشی دەکات، مۆر و ڕەنگی ئاینی لێدەدات، بەمەرجێك لەگەڵ دیدو داواکارییەکانی ئەو ئاینە نوێیەدا هاودژنەبێت، چەندە توانا و بەهرەکانیش لەو ناوەندەدا بخاتەگەڕ ئەوەندە پێگە و بنەماکان

تۆکمە و جێگیرتر دەبێت، یان وابەستەیە بە چەندێتی و چۆنیەتی هەوڵ و تەقالاکان.

دەکرێت لێرەولەوێ مێژوونوسێك، یان جوگرافیاناسێك، فەیلەسوفێك، ئەدیبێك، هونەرمەندێك، بەپێچەوانەی بنەما گشتیەکانەوە بەرهەمێکی جێبەجێ کردبێت، ئیتر بۆ ئەو کەسەی وەریدەگرێت، یان پێوانەی پێدەکات، بە ڕەهایی و دەگاتە بڕیارێك، ئەوە پێچەوانەی بنەما گشتیەکانی ئاینە.

لەم وەرزەدا بوار هێندە ڕەخساو نیە درێژە بە بابەتەکە بدەین و تێکڕای وردەکاریەکان لەمەڕ چەمکە زانستی و ڕۆشنبیریەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بخەینە ڕوو، لەم میانەدا پەرتوکگەلێك نووسراوە، کە ئاماژەیانداوە بە وردەکاری و بەشە جیاجیاکانی، بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت، پاش ئەوەی بەکورتی ئاماژەماندا بە شت گەلێك لەو بوارەدا، بەڵام دەمانەوێت کورتبڕانە دیاردە بنەڕەتیەکانی زانستی ئیسلامی و ڕۆشنبیری ئیسلامی بخەینە بەردید و گوێ، ئاماژەش بەو نهێنیە پڕ بەهایە بدەین کە خۆی مەڵاس داوە لە پشت دیاردە و شێوازە جۆراو جۆرەکانەوە.

بە گشتی چالاکیە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان لە چوار خولگەدا دەسوڕێتەوە.

ا. زانستەکان بە هەر چوار ڕەهەندە: شەرعی و مرۆیی و زانستی کرداری و بەجێهێنان.

ب. هونەرەکان (دەکرێت ئادابیش لێرەدا خۆی بنوێنێت، یان لەمیانەی زانستە مرۆییەکاندا، بە لای زۆرینەوە).

ج. پەروەردە و فێرکردن.

د.دابونەریت و حەز و ئارەزووەکان بە پێودانگ و ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانیەوە.

زاد ستی ئی سلامی و ڕۆ شنبیری ئی سلامی هەژموونی تەواوی هەبوو لەو مەودایانەدا، لە سەرجەم گۆشە و بڕگە جیاجیاکانیدا، داهێنان و ئەزمونگەلێکی بێ

شوماری خستە بەر دیدو زەینمان، هەزاران کتێب نووسران، سەدان دامودەزگا و پەیمانگا و خوێندنگا و زانکۆ و چی و چی تر بونیاتنران، دە یان هەزار مامۆستا و توێژەر بەر هەمهات، سەدان هەزار خوێندکاری لەئامێز گرت، مارش و ماکی ئیسلامەتی باڵی کێشابوو بە سەر زۆربەی ناوەند و بە شەکانیدا (زاذ ستخوازبن هەر لە لانکەوە هەتا دەچنە نێوگۆڕ)، لەو پێناوەدا بڵابوونەوە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەوەش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ داخوازیەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت).

بە تێڕوانینێکی خێرا بەنێو کتێبەکانی (ژیاننامەی زانایان) کە لە کتێبخانەکاندا جمەی دێت، بە ژمارە و بە ناو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، حەشاماتێك لە خەڵك سەرقاڵی زانستەکان بوون لە سەرجەم مەوداکاندا، سەدان هەزار ناو لە کتێبەکاندا تۆمارکراوە، کە هیچ گەل و نەتەوەیەك لە کۆن و نوێدا هاوشێوە و هاوتای ئەوان نەبووە، بێگومان ئەوەش زەنگێك دەدا لە زەینمان، قەبارەی ئەو ڕەوتە زانستیەی کە موسڵمانان بڕیویانە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، چەندە فراوان و بەلێشاو لێی وەشاوەتەوە.

جارێکی تر بە تێڕوانینێکی خێرا بە (پێشەکی) هەزاران کتێب و تۆمارکراوەکاندا، لە سەرجەم گۆشە و بەشەکانی زانست و ئاداب و هونەرەکان ئەوەی کە باپیرانمان نووسیویانە، بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت چۆن ئەوان نووسراو و بەرهەمەکانیان وابەستە و هاوپێچکردووە بەو تێڕوانینەی کە هەیان بووە بۆ جیهان، بیرکردنەوەشیان بۆ گەردوون و ژیان و دیاردەکان و شتەکان بەتێکڕا، لە هەر کارێکدا ئەوان دەستپێکیان ناوی خوا بوو، کۆتاییەکەشی شوکرانەبژێری خودا بووە، ئەوان دەستێکی باڵایان هەبووە لە زانستەکانی سروشتناسی و ئەندازە و ماتماتیك و جەبر و کیمیا، ئەوان بەچڕوپڕی لێکۆڵینەوەیان لە فەلسەفە و زانستی دیاردەکانی گەردوون و گەردونناسی زانستی سەردەمە کۆنەکانیان دەکرد، ئەوان

بیناسازییان دەکرد، وێنە و زەخرەفە و سروودیان دەکرد، لەکاتێکیشدا گەر ئەوەیان بەدی کردبایە هەندێك لەو هونەرانە ئیسلام حەرامی کردووەو لە جێبەجێکردندا مرۆڤەکان بەرەو هەڵە و هەڵدێری دەبات، هەوڵی ئەوەیان داوە و وزە و تواناکانیان لە بوارەکانی تردا بخەنەگەڕ، ئەوان بەشێوەیەکی هونەری و زانستیانە مزگەوتەکانیان بونیات دەنا، شارەکانیان دەڕازاندەوە بە زەخرەفە سەرەنج ڕاکێشەکان، خەت و نووسینە سەرسامکەرەکان، ئەوان هەرگیز ڕێیان بە خۆیان نەداوە خودا و پێغەمبەر لە خۆیان زویر بکەن، یان هەڵوێستگەلێکی وەهایان نواندبێت (ازدواجیە) دوسەرانەیی لە ڕەفتاریاندا هەبووبێت و ڕچەشکێنی کردبێت بۆ گەندەڵی.

ئەو دابڕانە شوومەی کە لەنێوان ڕۆشنبیری موسڵمان و بنەماکانی ئاینەکەیدا بەدی دەکرێت نامۆیە لەو نێوەندەدا پەژارە و تاڵاوی دەرخواردی نەوەکانمان داوە، لەڕێی (قوتابخانە) و (زانکۆ) و (پرۆگرام)ەوە، لەڕێی پەروەردە و ڕاگەیاندنە هزرییەکانەوە، لەڕێی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە سەرکردەکانی هاوچەرخ گرتوویانە و جێبەجێی دەکەن، وایکردوە ڕۆژئاوا هەیمەنەی عەلمانیەتی خۆی بسەپێنێت، ناوبەناویش مادییەت، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان و دیار لە زانست و ئاداب و هونەر و چالاکیە پەروەردەییەکاندا، بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتوو نەبوون لەوەدا، لەو دابڕانە پڕ شوومە لە نێوان زانست و ئایندا، لەنێوان ڕۆشنبیری موسڵمان بەگشتی و ئەو چوارچێوە ئاینیەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە، ئەوەی کە باوباپیران ڕێوڕەسمیان بۆ گرتبوو هەنگاوە سەرەتاییەکانیان جوڵە پێکرد لە ماوەی زیاتر لە سیازدە سەدەدا، دور و بەدەر لەوەی تەنانەت هەست بە دوسەرانەیی و ئیزدیواجیەت بکەی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بە بیروباوەڕێکی تۆکمە و هێزێکی بێوێنە لە ئەنجامداندا.

ڕۆشنبیریی ئیسلامی بەدرێژایی ئەو مێژووە چی پێشکەشکردووە لە بازنەی زانستە مرۆییەکاندا؟ ئەی چی بەرهەمهێناوە لەمیانەی زانستە ئیسلامیەکاندا، لە: تەفسیر، فەرموودە، فیقە، بیروباوەڕ، زانستەکانی (نەحو، ئەدەب) بە هەموو جۆرەکانیەوە، مێژوو، جوگرافیا، فەلسەفە و مەنتق؟ ئەی لە بوارەکانی پزیشکایەتی، دەرمانگەرایی، گەردووناسیی، ئەندازە، بیرکاریی، ڕووەکناسیی، ئاژەڵناسیی، کیمیا، سروشت، چی بەرهەمهێناوە؟ ئەی لەمیانەی پراکتیزەکردنی زانستە کرداریەکاندا چی بەجێهێناوە؟ چی پێشکەشکردووە هەتا گوزەرانی کۆمەڵگا باشتر بکات؟، ئاستەنگ و پەژارەکانی نێو کۆمەڵگا بڕەوێنێتەوە، گرەنتی بدات بە ژیانی مرۆڤایەتی؟ ئەی چی بونیات ناوە، چ نیگار و زەخرەفەیەکی داوە بە تەلار و باڵەخانەکان، بە مزگەوت و دامەزراوەکان، بە گەڕەك و سەیرانگاکان؟ ئەی چی نووسیوە لە شیعر و چامە شیعری و پیاهەڵدان و لاواندنەوە و سروود؟ چی پێکهێناوە لە سەنتەر و بنکەکانی پەروەردە و فێرکردن و دامودەزگاکان بەگشتی؟ ئەی لە بارگە و بنە و پرەنسیپە کارگێڕیەکاندا چ شێوازێك جێبەجێ کراوەوەك، یاسا، مەنهەج؟

پرسیارگەلێکی چڕوپڕ هەروا سەرپێیانە وەڵامێکی گشتگیرانە نادرێتەوە هەتا نەگەڕێینەوە بۆ ئەو کلتور و کەلەپوورەی کە لە سەدەکانی ڕابردوودا تۆماریان کردبوو لە دوتوێی تۆمار و کتێبەکاندا، پێدەچێت ئەوانە لەجێیەکدا بن هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرابن، وەك ئەوەی کە ناوبەناو پێمان دەگات □ وەك هەواڵ □ لەو گۆڕانکارییانەی کە لە مێژوودا ڕوویان داوە، یان لەڕێی ئەو کتێبانەوە کە ناوبەناو لە پێڕستەکانیاندا[1] ئاماژەی پێدەکەن، مرۆڤ پێی سەرسام دەبێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا تەنهاو تەنها کەمێکی کەموکوڕی بە ئێمە گەیشتووە.

---

[1] بڕوانە:: الفهرست: إبن النديم ئیبن نەدیم، و كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون: حاجی خەلیفە، و تأريخ الأدب العربي: کاڕڵ بڕۆکلمان، و تأريخ التراث العربي: فوئاد سەزگین.

بۆ وەبیرهێنانەوە ـ تەنها نموونەیەك دێنینەوە ـ ئەوەی گۆڕەپانی ئەندەلووسی بەخۆیەوە بینی، چەند "سالێکی کەم بەسەر داگیرکردنی غەرناتەدا تێپەڕی بوو (١٤٩٢ز) ئیسپانیای نەصرانی تاوانە مێژووییەکەی ئەنجامدا بە وێرانکردنی کەلەپووری هزریی ئیسلامی، کە لە سالّی ١٤٩٩دا کردینال خمنیس، فەرمانی کرد بە (طلیطلة)، هەرچی کتێب و کەلەپووری غەرناتەییەکان هەیە کۆبکەنەوە لە (باب الرملە)، کە گۆڕەپانێکی گەورەی ئەو شارە بوو، وێڕای ئەوە، چەندین قورئانی ڕازاوە و ناوازە بە زەخرەفەی جۆراوجۆری تێدا بوو، هەروەها هەزارەها کتێب و نووسراو لە ئاداب و زانستە جۆربەجۆرەکان، کۆکرایەوە و لە ئاهەنگێکدا سوتێنران، تەنها سێ سەد کتێب نەبێت لە بواری پزیشکایەتی، دواتر ئەو کتێبانەی بەخشی بە زانکۆی (الکالا) لە قەلاّی شاردا، ئا لەو نارەحەتییەدا زۆربەی کەلەپووری هزریی ئەندەلووس تیاچووە، مێژوونووسەکان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی دیاریکردنی ژمارەی ئەو دەستنووسە عەرەبیانەی کە لەو دەمەدا بوون بە نێچیری ئەو تاوانە قێزەونە، هەندێك لەوان دەلێن زیاتر لە یەك ملیۆن بووە، بەلاّم (کوندی) مەزەندەی کردبوو بە هەشتا هەزار، ئەو مەزەندەیەی ئەو، زیاتر نزیکە لە ڕاستیەوە، چونکە کتێبخانە بەناوبانگەکەی ئەمەویەکان لە قورتوبە، ـ بەپێی ڕاسترین گێڕانەوە ـ لە شەش سەد هەزار کتێب تێنەدەپەڕی، کە ئەم کۆمەلە زۆرە دەگەڕانەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی بەربەریەکان. لە غەرناتەشدا هیچ کۆمەلێك بەم قەبەییە کۆنەبووبوویەوە، بەلاّم زۆربەی شتە بەنرخ و گرانبەهاکانی شوێنەوارەکانی عەرەب و ئەندەلووسیەکان لەو شارەدا بوو، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا، کۆمەلەی عەرەبی لە (ئەسکوریال) ـ کە نزیکبوو لە مەدریدەوە ـ، نزیکەی دە هەزار کتێب دەبوو، ئەو دە هەزارە لە دەستنووسەکانی ئەندەلووس و مەغریبی لە کۆشکی (ئەسکۆریال) بۆ ماوەی نیو سەدە دەدرەوشایەوە، کە لەو دەمەدا بە دەولەمەندترین و بە بەهاترین کۆمەلە دادەنرا لە ئیسپانیادا، بەلاّم بۆ جارێکی تر

بەڵایەکی تر داباری بەسەر ئەوەی کە ماوە لە کتێب و کەلەپووری فیکریی ئەندەلووسیەکان، کە لە ساڵی ١٦٧١ ئاگر کەوتەوە لە نێو کۆشکی ئەسکوریال و زۆربەی ئەو خەزێنە ناوازەیە سووتا، تەنها دوو هەزار کتێب لەو ژمارەیە مایەوە، ئەوەش وەك دیل کۆتوبەند کراوە لە کۆشکی ئەسکۆریال".[1]

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەوەی کە مەغۆلەکان کردیان لە بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەباسییەکان، ئەوەی کە خاچپەرستان لە شام و فەڵەستینکردیان، لە وێرانکردن و سووتاندنی سەدان هەزار کتێب، یان ئەوەی کە ڕوویدا لە کتێبخانەی قاهیرەدا، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە لە سەردەمی مەمالیکەکاندا، کە شۆڕشگێڕەکان تا پێیانکرا تاڵانیانکرد و دواتر کتێبەکانیان دڕی و بەرگی کتێبەکان کە لە پێست دروستکرابوو، کردیان بە نەعل، ژمارەیەکی زۆریشیان فڕێدایە نێو ڕووباری نیل، هەندێکی تریشیان بڵاوکردەوە بە شار و شوێنە دورەکاندا، هەرچیەکیش مابوو، ڕەشەبا لێی هەڵکردو کەوتە ژێر لم و خاکەوە، چەندین گردۆڵکە لەوێدا دروستبووبوو کە ناودەبران بە گردۆڵکەی کتێبەکان ...[2] .

[1] مواقف حاسمة من تأريخ الإسلام: موحەمەد عەبدوڵلا عەنان، چاپی چوارەم، ل٣٢٦ ـ ٣٢٩.

٢ بڕوانە: في التاريخ الإسلامي (فصول في المنهج والتحليل): عيمادەدين خەليل، ل٦١ ـ ٦٤.

## دەرئەنجام

چالاکیە زانستییەکان بەدرێژایی مێژوو، لە سێ ئاڕاستە تێناپەڕێت. یەکەمیان، کە پانتاییەکی فراوانی گرتووە لە پێکهێنان و کۆکردنەوەی ئەو کەلەپوورەدا، کە فاکتەر و بەرئەنجامی ئیسلامی هەیە، ئەوەش شتێکی سروشتیە، چونکە ئەو زەمینەیەی کە چالاکیەکانی تێدا دەکرێت و ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات، مۆرکێکی ئیسلامیانەی پێوەیە لە هەموو پێکهاتەکانیدا.

ئاڕاستەی دووهەم، کە تاڕادەیەك گۆڕەپانی تەنگە و زانیارییەکانی بێ لایەنە، کە لە هەر بارودۆخێکدا بێت کاریگەر ئیسلامی لەسەر نیە (وەك دەبینرێت بۆ نموونە لەو زانیارییانەی کە لە ئەوانی ترەوە وەردەگیرێت).

ئاڕاستەی سێهەمیش کە لەوەی دووەم بەرتەسکترە، چالاکی گەلێکی زانستیی لەخۆ دەگرێت، کە پڕاوپڕ دژایەتیە بۆ ئیسلام (نموونەی ئەوە، وەك ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئەدەبیاتی گەلان و بەرئەنجامە فیکرییەکانی ڕەوتە هەڵگەڕاوەکان) .

تەنها ئاڕاستەی یەکەم دەمێنێتەوە کە خاوەن ڕووخسارێکی ئیسلامی پەتی بێ، هەرئەوەشە کە گوزارشت دەکات لە ڕەفتار و عەقڵی موسڵمان، ئێمە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ ئەو گوتەیە و ناوێکی پێبدەین، ئەوا دەبێت جۆری ئەو زانیاریانە بزانین کە پێکهاتوون لە بازنەی ئیسلامدا، کە هەریەك لەو شێوازانە دنیایەك تۆمار و دانراوی لەخۆگرتووە، نەك سەدان بەڵکو هەزاران توێژینەوەیە، کە شیکردنەوە و سەلماندن و بەرهەمی یەك لەدوای یەك.. هتد هەیە، لەوانە:

یەکەم/ زانستگەلێك کە چارەسەری پرسە ئیسلامیەکان دەکات (زانستەکانی قورئان و فەرموودە، فیقهو یاسادانان).

دووەم/ زانستگەلێك مشتومڕ دەكات دەربارەی پرسە ئیسلامییەكان (زانستەكانی بیروباوەڕ، فەلسەفە، ئاداب..).

سێیەم/ زانستگەلێك هەڵقوڵاوی پرسە ئیسلامیەكانە (مێژوو، زانستەكانی زمانەوانی، ڕەوانبێژیی..).

چوارەم/ زانستگەلێك پێكهێنراوە بۆ كردنەوەی پرسە ئیسلامییەكان (ژمێریاریی، پزیشكیی..).

پێنجەم/ زانستگەلێك كە پێكهێنراوە بە پاڵنەری ئیسلامی (زانستەكانی وردكردنەوە..).

شەشەم/ زانستگەلێك گوزارشت دەكات لە پرسە ئیسلامییەكان (ئاداب و هونەرەكان..).

حەوتەم/ زانستگەلێك ئامانجی جێبەجێكردنی داخوازییەكانی ژیانی ئیسلامییە (زانستەكانی بەڕێوەبردن، سیاسەت، پەروەردە..).

هەشتەم/ زانستگەلێك شیكاریی بۆ دیاردە ئیسلامیەكان دەكات (زانستی دەروونناسی، كۆمەڵناسیی..).

نۆیەم/ زانستگەلێك كە خولیای گێڕانەوە و دامەزراندنی ژیانی ئیسلامی دەكات (مێژوو، ئاداب، جوگرافیا..).

دەیەم/ زانستگەلێك كە ئامانجی جێبەجێكردنی داخوازییەكانی ژیانی ئیسلامییە و بانگەوازی بۆ دەكات: (ڕەوشت، دلۆڤانی..).

ئەگەر هەنگاوێكی تر هەڵگرین و ئاماژە بكەین بە زانستەكان و دەرهاویشتەكانی تر، ئەوەی كە ئاوێزان بووبوو لەگەڵ چالاكیە زانستییەكان لە مێژووی ئیسلامدا، بەمەبەستی دیاریكردنی سروشتی ئەو كاریگەرییەی كە ئیسلام هەیبووە لەوێدا، ئەوا بەو بەرەنجامە دەگەین كە ئیسلام كاریگەریی لە هەموو زانست و هونەرەكاندا هەیە، ناكرێت هەریەك لەو چەمكانە هاودژ بێت لە بازنەی خۆیدا دژ بە ئەویتر،

بەڵکو هاوئاواز و تەواوکاری ئەویترە، هەندێکی تریشیان هەڵقوڵاو و بەرەنجامی ئەو واقیعەیە کە تیایدا گەشەی کردووە، دەستەیەکی تریش ئەزموونی نوێ زیاد دەکات لەو مەودایەی کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، دواجار تێکڕای ئەزموونەکان مۆرکی ئیسلامیان پێوەیە و خۆڕسکە، چ وەك پاڵنەرەکانی، یان پێکهاتە و ئامانجەکانی.

ئەستەمە بۆ هەریەك لە ئێمە، لە حاڵێکی وەك ئێستادا، بگەڕێین بە دوای گشت زانست و ئادابەکاندا، بەڵکو وەك پێویست ئاماژەشی پێبکەین، هەروەها لەسەرمان گرانە ئەونموونانەش بخەینەڕوو کە جێبەجێ کراوە و بەرکەوتەکانی دەرکەوتووە و تۆمارکراون لە دوتوێی کتێبەکاندا، خۆ ئەگەر بە تێڕوانینێکی ورد و وردبینانە گوزەر بکەین بە ناو پێڕستی کلتووری ئیسلامیدا، زیاتر لەوە بەر زەین و دیدمان دەکەوێت، وەك ئەوەی کە (ابن النديمو حاجی خەلیفە و بروکلمان و فؤاد سزکین) کردیان، ئا لێرەدا ئەوەندەی پێویست بکات  وەك پێویست  ئاماژە دەکەین بەوەی کەوا کراوە.

بۆ وێنە زانستی مێژوو، ئەو زانستە هەر لە سەرەتاوە بنەڕەت دەگرێت لە پەیڕەوی ئیسلامیەوە، لە پەیڕەوی پیاوانی ئەهلی فەرموودەوە، ناسراو بە زانستی (جەرح و تەعدیل)، ئەو ڕێبازەی کە زانایان گرتبوویانەبەر لە گێڕانەوەی فەرموودەدا لەسەر دەستی مێژوونووسانی وەك (تەبەری و دەینەوەری و یەعقوبی و مەسعودی))، دیدو ئاڕاستەیەکی جیهانی هەبوو بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، هێز و تایبەتمەندیەکانی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی دەگرت، کە پشت و پەنای مێژوو بووە، هەرلەو ساتەوە کە پەیامە ئاسمانیەکان نازڵ بووبوون هەموویان بنەمایەکی هاوبەش و یەك ئامانجیان هەبوو، هەتا گەیشت بە کۆتا پەیام، پەیامی ئیسلام، بەو گەلەی کە ئەو ئەمانەتە گەورە و گرانەی هەڵگرتبوو، ئەگەر بڕوانینە ئەو ئاسۆ تەنگ و تەنگەژەی هۆز و هۆزگەرایی ژینگەی دابڕاوگەل و هۆزەکانی پێش ئیسلام، کە چۆن هەژموون و باڵی کێشابوو بە سەر عەقڵی عەرەبەکاندا، تەنها دەرچەیەکیش

نەبوو بۆ دونیای دەرەوەی ئەوان، ئەوجا بۆمان دەردەکەوێت ئیسلام چەندە کاراو کاریگەریی هەبووە لەسەر تێکوپێکدانی ئەو بەربەستانە، هاوکات کردنەوەی دەروازەکان بە ڕووی جیهاندا، ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی لە چیرۆك و شانازیی کردن بە پاڵەوان و ڕووداوگەل و ڕۆژگارێك کە هۆز و بەرەکان لەنێو خۆیاندا تێکپرژابوون، بۆ تۆماری مێژوویی، بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی.

دواجار زانستی مێژوو، هەنگاوگەلێکی بڕی لەسەر دەستی موسڵمانان، بۆ ئەوەی لە ڕەوتی فیکری مێژوودا، شتێك زیاد بکات و دەوڵەمەندی بکات لەسەر ئاستی پرۆگرام و بابەت، بە تێڕوانینێکی خێرا بەسەر ڕەفەی کتێبخانەکاندا، دەتوانین ئەوە بەدی بکەین بەرهەمگەلێکی هەمەجۆری بەپیت و بەپێز بەدی بکەین کە چارەسەری زۆر گرفتیان کردووە لەو گرفتانەی کە لە مێژوودا هەبووە، وەك پرۆگرام تەنها متمانەیان لەسەر چەند ڕووداو و چەند ساڵێك، یان مێژووی شوێنێك، یان شارێك، یان ناوچە و لایەنێکی سیاسیی، هاتوچوویەکی نامەنهەجی، واتە نەگەڕاون بە دوای هۆکارە بنەڕەتی و سیاسی و سەربازییەکان، نووسراو و نەخشەگەلێکی تر بەدی دەکرێت لە جوگرافیای شار و شوێنەکاندا، کە هەموو ئەوانە ماك و مۆری ئیسلامیان پێوە دیارە، بە لێشاو کتێب و نووسراو بەدی دەکرێت لەمەڕ سیرە و ژیاننامەدا، ئیسلام و موسڵمانان ئالەمەدا بەراورد بە گەلانی تری دونیا پێش ئەوان کەوتوون لە ڕووی چەندو چۆنەوە، بەراورد بە گەل و شارستانیەتەکانی تر، ئەگەر ورد بڕوانین لەو جۆرە پەیوەندییەی کە لەنێوان مێژوو و لەنێوان زانستەکانی فەرموودەدا هەیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نووسینەوەی ژیاننامە و کتێبەکانی سیرە، زادەی بیر و ژینگەی ئیسلامە، دەتوانین لەو میانەدا هەزاران نووسراو بەدی بکەین، کە ڕەوت و شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە لە داڕشتن و خستنە ڕوودا، هەندێك لەو نووسراوانە بەگوێرەی پیتە ئەبجەدیەکان دەنووسرانەوە هەندێکی تریش بەپێی زمکان، هەندێکی تریش بەپێی پسپۆڕی و ئاستی زانستی ئەوانەی کە

ژیاننامەیان بۆ دەنوسرا، دەستەی پێنجەمیش تەنها ژیاننامەی کەسە ناودار و سیاسەتمەدارەکانی دەنوسیەوە، شەشەمیش کە لە هەموو ئەوانیتر بەرهەمدارتر بوو ژیاننامەی هەموو ئەوانەیان دەنوسیەوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە دەوڵەمەندکردن و ناساندنی ئیسلامدا، ئەوان بەو کارەیان نمونەیەکی دیارو بەپێزیان نمایشکرد، هەر ئەوەیان کرد کە ئیسلام ویستبووی لە ڕۆڵەکانی.

بزووتنەوەی مێژوو لە ئیسلامدا، تەنها لەو ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو ئەو سنوورەی تێپەڕاند بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر، چونکە هەندێك لەو مێژوونووسانە ڕازیی نەبوون (مێژوو) تەنها ئامێرێك بێت بۆ گێڕانەوە و خستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا، یاخود بەرلەوەش، دەبێت پرۆگرامێك بێت بۆ ڕاڤەکردن و هۆهێنانەوە، ئا لەو میانەدا پیاوانێکی وەك: (طرطوشی و ماوردی و ابن خلدون) دەبینینەوە، زۆر نزیکە نووسراوەکانی ئەوان □ بۆ یەکەمجار لەو بوارەدا □ لە زانستی کۆمەڵناسیەوە، ئەوان لە هەوڵی ئەوەدابوون ڕاڤەیەکی تر بکەن بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە پشتیوانی ئەو مەنهەج و ژینگەیەی کە کاریگەریی ڕەسەنایەتی ئیسلامی لەسەر بووە.

جوگرافیاش یەکێکی ترە لەو زانستانەی کە ڕەگ و ڕیشە دەگرێت لە ژیانی ئیسلامی و ناساندنی ئەو ژینگە و ژیانە، بەوپێیەی کە دەستەواژەیەکی ئیسلامیە و پاڵنەرێکی کارایە لە ڕوانگەی باوەڕەوە بۆ گەشت و گەڕان، ئەوەش وەك هەلێك ڕەخساوە بۆ زیاتر ناساندنی گەورەیی خالق لەو گەردوونەدا، زیارەتی حەج و شوێنە پیرۆزەکانی تر بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ فراوانترکردنی چەندو چۆنی گەشت و گەڕان بۆ زیاتر ئاشنابوون، کاتێك کە لە گەشتەکانی (ابن جبیر) و (ابن بطوطة) و (الهروی) ڕادەمێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بانگەوازی ئاین چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر ئەوان، وێڕای ئەو حەزە زانستییە سەرکێشەی کە هەیانبووە بۆ زیاتر برەودان بە ئەزموون و دیدەنی

له واقیعی شوێن و ئاوەدانییەکان، کە سەرجەم هەنگاو و چرکە ساتەکانیان برەودان بوو بە ڕەوتی ژیانی ئیسلامی، چونکە بەهاکانی ئەو ژیانە خاوەن ڕەگ و بنەڕەتێکی ئیمانیە لە بەها و گرانی ئەو دەناسێنێت، لەکاتێکدا کە لەبارەیەوە دەدوێت.

لێرەدا باسەکە تەنها باسی گەشت نیە، بەڵکو زانستێك بوو خزمەتگوزارییەکانی لەوێوە سەرەتای گرت بۆ خزمەتکردن بە دامودەزگاکانی دەوڵەت، بەتایبەت لە بواری نامەبەری و ساماندا، دواتر سەربەخۆ بوو بەو ئاڕاستە زانستییەی کە هەیبوو، شیاوبوو بۆ ئەوەی زیاتر زیادی بکات بۆ زانستی جوگرافیا، بە هەموو بەشەکانیەوە، مرۆیی، سیاسی، هەرێمی، سروشتی، جوگرافیای ئیسلامی زۆرێك لەو چەمکە هەڵانەی ڕاستکردەوە کە لە جوگرافیای ئیغریقیدا هەبوون، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە جوگرافیاناسە موسڵمانەکان بە هەموو لایەکی ئەو دونیایەدا بڵاوبووبوونەوە، ئەوان لە نووسراوەکانیاندا باس لە ڕێگاوبان و شار و شوێنە نیشتەجێیەکان دەکەن بەگشتی، دەستی باڵایان هەبوو لە فراوانکردنی مەیدانە جوگرافیەکاندا، لە بەناوبانگترینی ئەو جوگرافیاناسانە (المقدسی) لە کتێبەکەیدا (أحسن التقاسیم فی معرفة الأقالیم)، کە ئەو چەندین توێژینەوەی کردووە لەسەر زمانە ناوچەیی و شێوازی ئاخاوتنەکان و ڕەگ و ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان و دابونەریت و ئاینەکان و کێشانە و پێوانە و کانزاکان و.. جوگرافیاناسی تری گەورە و گران هەبوون لەو ناوەندەدا وەك (البلخی، الاصطخری، ابن حوقل)، وێڕای (الآدریسی)، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نزهة المشتاق الی کروية الأرض)، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی جوگرافیاناسە موسڵمانەکان لەوەدا بووە، ئەوان وێنە و نەخشەی جوگرافییان کێشاوە، هەر شار و هەرێم و شوێنێکیان وەك خۆی ناساندووە و پێناسە کردووە.

فەلسەفەش هەر لە بنەڕەتدا ئالەتێك بووە بۆ مشتومڕ و تۆكمەكردنی پێگە و بنەماكانی بیروباوەڕی ئیسلامی، بۆ ڕەددانەوە و بەڵگەهێنانەوە لەگەڵ بەرامبەردا، هەرچەندە لە بنەڕەتدا  بەپلە یەك – پێكهاتەكەی یۆنانیە، كاتێكیش كە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبیی، زۆرێك لە دابونەریت و ڕوئیای جیاواز و نامۆ بە بیروباوەڕی ئیسلامی، وەرگێڕدراو تێكەڵ بە بنەماكانی ئیسلام كرا، بۆ ئەوەش هەوڵ و كۆششێكی بەردەوام و بێ حەسانەوە درا بۆ ئەوەی شەن و كەو و تەتەڵ بێژی بكەن، تاكو بەشێوەیەكی تەندروست ئەركی خۆی جێبەجێ بكات، بۆ ئەوەی گونجاوبێت لەگەڵ قەناعەت و ئەو ژینگەیەی كە بۆی گوازراوەتەوە. تێكۆشان و هەوڵی فەیلەسوفەكانی وەك: (كیندی، فارابی، ابن سینا، ابن ماجە، ابن رشد) لەو میانەدا هەموان دەیزانن، هەرچەندە هەندێك لە ئەوان لەبەردەم نەیارەكانیاندا دارمان و كەوتنە ژێر هەژموون و كاریگەریی ئەوانەوە، دواجار كاریگەریی نەرێنی بەجێهێشت لەسەر دیدی ئیسلامیانەی ئەوان، تەنانەت فەیلەسوفی ئیسلام (غەزالی) هات، ئەو هەڵوێستەیەكی كرد و پەنجەی خستە سەر وشەكان، مشتومڕە بەناوبانگەكەی ئەو لە كتێبی (التهافت) لەگەڵ (ابن رشد)دا، بە جۆرێك لە جۆرەكان بە هەوڵێكی سەركەوتوو هەژمار دەكرێت، ئەو ڕوونكردنەوەیدا لەسەر چەمكە فەلسەفیەكان، تاڕادەیەك بیر و بۆچوونەكان ڕێڕەو و ڕەوتی خۆیان وەرگرتەوە.

چالاكیە فەلسەفیەكان  لە زۆر كاتدا  هەرچەندە دەرهاویشتە و هەڵقوڵاوی بیر و ژینگەی ئیسلامی نیە، وەك هەر زانستێكی تر، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەكان، دانراوە كراوە بۆ خزمەتكردن بە ئامانجەكانی ئیسلام.

لە زانستی كۆمەڵناسیدا كەسێكی وەك (ابن خلدون) دەردەكەوێت، هەرچەندە ئەو تاكە كەس نیە لە گۆڕەپانەكەدا، پێش ئەو هەبوون، لە پاش ئەویش هەر هەبوون، بەڵام (مقدمة)كەی ئەو، وەك بەیداخێكی دیار دەشەكێتەوە، لە ڕێكخستنی عەقڵگەلێكی چالاك كە هۆ دەبیننەوە بۆ شتەكان، ئاڕاستەی چالاكیە مێژووییەكان

بگوازرێتەوە بۆ هەلومەرجێك بۆ ئاشكراكردنی ئەو نهێنیانەی لە ڕەوتی مێژوودا خۆی مەڵاسداوە، كە لەم دواییانەدا ناوبرا بە یاساكانی جوڵەی مێژوو، وێڕای ئەوەی كە وتراوە لەسەر ئەو (مقدمة)یە لەلایەن هەندێك لە توێژەرە ڕۆژئاواییەكان دەڵێن نابەدڵانە–: ئەو نووسراوە هاوێردەكراوێكی ڕۆشنبیرییە بۆ ئەو ژینگە ئیسلامیە لەو دەمەدا (واتە سەرچاوە ڕۆشنبیری و فیكرییەكانی ئیبن خەلدون باكگراوندێكی ئیسلامیانەی نیە كاریگەری دەرەوەی لەسەر بووە) وەرگێڕ. ئەگەر بە وردی گوزەرێك بكەین بەناوی كتێبی (المقدمة)دا، ئەوە بەدی دەكەین ڕەگ و بنەڕەتێكی ئیسلامیانەی هەیە، نووسەرەكەشی یەكێك بووە لە هەرە دڵسۆزەكانی ئیسلام و بیروباوەڕەكەی، ڕۆڵ و كاریگەریی ئەو چەندو چۆن بووە لەسەر ڕەوتی گۆڕانكارییەكان لە كۆمەڵگاكاندا.[١]

لەمیانەی سیاسەتدا ڕووبەڕووی حەشاماتێك دیدو ڕوئیای سیاسی دەبینەوە، وەك (الطرطوشی) لە (سراج الملوك) و (الماوردی) لە (الأحكام السلطانية) و (نظام الملك) لە (سیاسەتنامە) و كەسانی تریش لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە سەرجەم گۆشەكانی سیاسەتی ژیان و بەڕێوەبردنی دامودەزگاكاندا ڕۆڵ بگێڕن، لە هەر بارودۆخێكدا بووبن، ئەوان وابەستەی بنەما بنچینەیی و بنەڕەتیەكانی شەریعەت بوون، وێڕای بەردەوامبوونی دەسەڵاتە یەك لەدوا یەكەكان و دارمانیشیان، بەدرێژایی مێژووی ئەوان بەردەوام چارەسەر و حوكمی یەكلاكەرەوەیان هەبووە لە ژیانی موسڵماناندا.

لە بواری ئابووریيدا هەوڵی بەردەوام و بێحەسانەوەیان داوە بۆ برەودان و باشتركردنی گوزەرانی خەڵكی، چالاككردنی مەودا ئابوورییەكان، لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە ئیسلامیەكاندا، لەسەر داوای خەلیفەی عەباسییەكان (أبو يوسف)، كە

---

[١] عمادەدین خەلیل: إبن خلدون إسلاميا: عیمادەدین خەلیل، المكتب الإسلامي، بەیروت/ لوبنان ـ ١٩٨١ز.

قوتابی ئیمام ئەبو حەنیفە بوو کتێبە بەناوبانگەکەی نووسیەوە (الخراج)، ئەو لەو کتێبەدا باس لە پێویستبوونی مامەڵەی تەندروست دەکات لەنێوان جوتیار و خاوەن زەویەکاندا، دەبێت بەهای دادگەریی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت بەو پێودانگەی کە ئیسلام ئاماژەی پێداوە، پەیوەندی نێوان حاکم و حوکمدراو، لە سەردەمی طاهریەکاندا لە وڵاتی فارس کێشەی ئاو و ئاودێریی، تێکڕای ئەو سێکتەرەی داگرتبوو، چی و چۆن بکرێت بۆ ئەوەی ئاو بەشێوەیەکی دادگەرانە دابەش بکرێت بەسەر جوتیارەکاندا، لیژنەیەك لە فوقەها پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردن، ئەوان بۆ ئەوە کتێبێکیان نووسی بەناوی (الفتي)، بوو بە مایەی ڕەواندنەوە و چارەسەر بە دید و بنەماگەلێکی ئیسلامیانە.

لەمیانەی پەروەردەدا هێندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی وا (ابن خلدون) باسی کردووە لە (المقدمة)دا، یان ئەوەی کە حاجی خەلیفە لە چەند لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکەیدا نووسیویەتی، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە دەرك پێبکەین □ کە پێشتر لەبارەیەوە وترا □ ئەو پەروەردەیەی کە بەرنامەڕێژی بۆ کراوە و کاری لەسەر کراوە بەشێوەیەکی دیاریکراو پەروەردەیەکی ئیسلامیە، نەك هەر پەروەردە، بەڵکو ئەوان زۆر باش هەژموونی تەواویان هەبووە بەسەر تێکڕای جومگەکانی پەروەردەدا بە دیدێکی ئیسلامی و ڕەسەنایەتی، بەڵکو ئەوە بەدی دەکەین ئەوان بەو کارەیان هەماهەنگ و هاوکار بوون لە داڕشتنەوەی بنەما پەروەردەییە ئیسلامیەکاندا، چۆن ئەوان توانییان پرسگەلێکی ناوازە پێشکەش بکەن لەو گۆڕەپانەدا کە پێشتر هیچ ڕەوت و قوتابخانەیەکی پەروەردەیی پەی بە وەها ئەرکێك نەبردووە لە جیهاندا، مەگەر لە چەرخی نوێ و ئێستادا.[١]

---

[١] بڕوانە: من أعلام التربية العربية الإسلامية: نووسینگەی: التربية العربي لدول الخليج/ رياض ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩ز، بەرگی چوارەم، توێژینەوەی (إبن خلدون) و (حاجي خليفة): دکتۆر عیمادەدین خەلیل.

مزگەوت و ئەو دامودەزگایانەی کە بۆ خوداپەرستی بونیاتنرابوون، تەنها و تەنها ئەو ئەرکەیان تێدا ئەنجام نەدەدرا، بەڵکو بەشێوەیەکی بەرچاو و دیار، بووبووە پێگە و دەرچەیەك بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە بەرەنجامەکان ئاوێزانە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو دامودەزگاوە کە ئەو چالاکیانەی تێدا ئەنجام دراوە.

بەڵام زانستی (الفقه وأصوله) بەوپێیەی کە لە بنەڕەتدا دوو زانستی ئیسلامین، وەك زانستەکانی قورئان و فەرموودە، لێرەدا پێویست بەوە ناکات بەهانە بێنینەوە بۆ بە ئیسلامی کردنیان، ئەوەش بەڵگەنەویستە، لێرەدا ئەوە بەبیرماندا گوزەر دەکات چۆن ئەو زانا و ڕابەرانە، هەڵوێستی دامەزراو و توونددویان هەبوو لە ڕووی دەسەڵاتدارەکان، چۆن ئەوان دورخرانەوە، بەندکران، ئەشکەنجەدران، هەر لەبەر ئەوەی ئەو زانا و فەقیهانە دان بەوەدا بنێن کە دەسەڵاتدارەکان فەرمانیان پێدەکەن، چونکە وەرگرتن و قبوڵکردنی دیدو فەرمانەکانی خاوەن دەسەڵات، ئەوان ئەوەیان بە دەرچوون لە دین هەژمار دەکرد، نەك هەر هێندە، بەڵکو خوێنی خۆیان کردبووە کاسە، لەلایەکی ترەوە ئەوان زۆرباش دەیانزانی چۆن هاوسەنگی و یەکخستن بگونجێنن لەنێوان وشە و ڕەفتاردا، چۆن ئەوان پێداگرییان دەکرد لەسەر چالاکیە زانستیەکان کە ماك و ڕەنگی ئیسلامی پێبدەن، نەك هەر لە دەستەواژە و موفرەدەکانیدا، بەڵکو لەو ژینگەشدا، بەپێودانگ و مەرجگەلێکی ئەخلاقی.

قسەکردن لەسەر ئەدەب درێژ دەبێتەوە، بزووتنەوەی شیعر بەجارێك کاریگەریی ئیسلامی پێوە دیاربوو، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە ڕووی چەند و جۆرەوە لە هەڵکشان و برەودابوو، شان بەشانی چالاکیە ئەدەبی و زمانەوانییەکانی تر هەر لە بنەڕەتدا ئاماژە و هێماکانی لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرتبوو. ئەوە ڕاستیەکی سەلمێنراوە، هیچ جۆرە مشتومڕێك هەڵناگرێت، هیچ توێژەرێك ناتوانێت ڕەخنەگرانێکی وەك: (الآمدی، القیروانی، عبدالعزیز الجرجانی، عبدالقاهر الجرجانی، ابن سلام الجمحی، ابن المعتز، قدامة بن جعفر) و غەیری ئەوانیش، بەدەربکات

لەوەی کاریگەریی ژینگەیان لەسەر نەبووبێت، یان دابونەریتەکانی بیروباوەڕ، ئەوەی کە ئەوانی لەسەر گۆش کرابوو و لەژێر سایە و سێبەری ئەودا سەریان سپی بوو بوو، وێڕای ئەوە پانتاییەکی فراوان لە بەرهەم و ئەحکامەکانی ئەوان هەر لە سەرەتاوە نەکەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەرییە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە ئەوان عەودالْ بوون بە دووی خواستە تایبەت و جوانکاریەکان لەو بوارەدا.[1]

هونەرە ئیسلامیەکان هەرگیز دانەبڕاوە لە بنەما و پەیڕەوکردنی ئەو ئەحکامانەی کە بیروباوەڕ بۆی داڕشتبوو، لەو ژینگەیەی کە تیایدا گۆشکرابوو، بەپێچەوانەی زۆرێك لەو هەوڵە ناڕاستانەی کە دەدرا و دەوترا لەمەڕ بابەتەکەوە، بۆیە لێرەدا بۆ چەند ساتێك لەسەر باسەکە دەوەستین.

بیروباوەڕی ئیسلام بەو (انقلاب) هەڵگەڕانەوەیەی کە کردی بەسەر نەزانی و بتپەرستیدا، ئاڕاستەیەکی ڕەسەن و جۆریی دا بە هونەرەکان بەگشتی، ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی مەزن بوو لەو میانەدا، بەجۆرێك بوو هیچکام لە هونەرەکان لە سەردەمە جیاجیاکاندا وەها دەستکەوتێکیان ئەنجام نەدابوو، بێجگە لە سەدەی ڕابردوو، سەدەی بیستەم.

ئاینی ئیسلام ڕێسا و پێوەرگەلێکی داناوە بۆ هونەرمەندەکان، پابەندیشی کردوون پێیەوە، هەر ئەوەش وایکرد دەسبەرداری دەستەواژەگەلێك بن، کە لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا نایەنەوە، بەوەش چەندین بوار و دەروازە والآبوو لە ڕەوتی هونەری ئەواندا، کە پێشتر هیچ کەسێك پەی پێنەبردبوو، لەو دەروازەوە جیهانی ئیسلامی دەرهاویشتە گەلێکی بەپیت و بەرینی وەخۆوە بەدیکرد کەوتە گۆڕەپانی واقیع، هونەرێك خەون و بیروباوەڕێکی ناوازەی پێوە دیاربوو، پابەندیش بوو بە موفرەدە و داخوازیەکان، بۆیە بەردەوام لە داهێنان و هەڵکشاندا بوو.

---

[1] بڕوانە: عمادالدین خلیل، نقد للرؤية الماركسية للجمال: گۆڤاری الأدب الإسلامي، ژمارەی یەکەم، کانوونی یەکەم، ساڵی ١٩٩٣ز.

توانای داهێنان بەردەوام –وەك پێویست – عەودالّی دەروازە و دەلاقەکان بووە بۆ ئەوەی نەفەسی خۆی بدات، بۆ هەل دەگەڕا بۆ نواندن، هونەرمەندی موسڵمان شیاو بوو بۆ ئەوەی بەردەوام بەدیلی گونجاو بڕەخسێنێت و نمایش بکات، ئالێرەدا (غیاب) نەبوونی هونەری پەیکەر و هەڵکۆڵین تاڕادەیەکی دیار وایکرد لە بەرامبەر ئەوەدا هونەری پڕ لە بەها و بالآتر بێتە گۆڕەپانی واقیعەکەوە وەك خەت و زەخرەفە و تەلارسازیی، وەك ئەوەی ئەو توێژەرە ئینگلیزیە (روم لاندو) ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت: ئا لێرەدا بایەخدان بە هونەری (التشبیهی) پەیکەرسازی حەرامکرا لەسەر موسڵمانان، بەدڵنیاییەوە ئەوەش وایکرد بەهرەی هونەری ئەوان دەروازەی تر ببینێتەوە ئەو توانا و بەهرەیە لە بوارەکانی تردا بخەنەگەڕ، هەروایش بوو هونەرێکی تری وایان داهێنا  بەدەرلەوەی کە بێ کەم و کوڕی نەبوو– بەڵام جیهانی سەرسام کرد، یەکێکە لە پوختەترین ئەو هونەرانەی کە ئێمە دەیزانین،[1] هەر ئەو ، واتە: ( روم لاندو) ئاماژە دەکات بە لایەنە بەهێزەکانی ئەو هونەرە، جوانیەکی پوخت و پاك، ڕەدکردنەوەی گەورە ناساندن وەك: ڕێزیك بۆ بیروباوەڕ، تێپەڕاندنی چینایەتی، لە توانایدابوو سنوورە جوگرافیەکان تێپەڕێنێت و قەبوولّ بکرێت.[2]

ئەو بەو عیشقە سەرکەشەی کە هەیەتی بۆ خەت و زەخرەفە، سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت بۆ داهێنراوە سەرسوڕهێنەرەکان لەو بوارەدا کە ڕووبەرێکی فراوانی گرتووە لە دونیای هونەری ئیسلامیدا، بۆ ئەو سیستمە ئالۆزە لە شێوازە ئەندازەی و ڕەگەزە ڕووەکی و خەت و هێڵە عەرەبیەکان، ئەو سیستمە کە دواجار وەك مۆرێك بە پیشەسازیەکانەوە دەردەکەوت، ئەو هونەرە ئیسلامیە حەشاماتێك لە بلیمەتی و داهێنانی پێوە دیاربوو بەجارێك هەوادارانی سەرسامکردبوو، دواجار

---

[1] الإسلام و العرب، چاپی چوارەم، ل٣١٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦  ٣١٧  ٣٢٦  ٣٢٩.

ئەو وا دەبینێت ئەو دوو ڕەگەزەی کە نهێنی زەخرەفە عەرەبی پێکدێنن، (شێواز و وشە)، لەگەڵ (ڕوخسار و واتا)، هەردووکیان ڕۆڵ دەگێڕن لە نیشاندانی نهێنی مادە و ژیان، یان نهێنی ئەوەی کە خودا ئەفراندویەتی، ئەو هونەرە بووە بە هۆکارێك تا ئەوەی لە ناخی خاوەنەکەیدایە لەڕێی ئەو هونەرەوە دەرکەوێت بۆ دروستکاری هونەرەکان کە (الله)یە و بۆ ئەو دەوروبەرەی کە ئەو تێیدا دەژی.

(روم لاندو) پەردە لەسەر دیاردەیەکی تر لا دەدات، لەکاتێکدا کە ئەو سەبارەت بە هونەری زەخرەفە و خەت دەڵێت: ئەوانە خۆی لەخۆیدا ئاوازێکی یەکخراون لە شارستانیەتی ئیسلامیدا لەنێوان هونەرمەند و بیرمەند و زاناکاندا، عیشق و ئاوازێکی یەکخراوبوو، ڕۆچوون و تێڕامان بوو بە یاسا: هونەرمەندی موسڵمان بە هاوبەشی لەگەڵ بیرمەند و زانا موسڵمانەکان بە سیستم و بە یەك نەخشە کار و ئاوازەکانیان دەچڕاند، وەك ئەوەی زانراوە فەیلەسوفەکان شیکاری عەقڵانی جۆراو جۆریان کردووە بۆ ئەو گەردوونەی کە خوا ئافراندویەتی،[1] ئەوان دڵارام نەدەبوون هەتا ڕاڤە و شیکارییەکانیان هاوئاواز نەبایە لەگەڵ گەردوون و دەوروبەر، بەڵام زانایانی بیرکاری و فەلەکناسەکان ئەوان تێر و تەسەلترین شکڵ و شێوازیان جێبەجێیان دەکرد لەو میانەدا، مەبەستمان هاوکێشە بیرکارییەکانە، لەهەمانکاتدا هونەرمەندی موسڵمان بایەخ بەوە دەدات جۆرە نەخشەیەك بسازێنێت کە هاوساز، دەنگدانەوەیەك بێت بۆ زانستەکان.[2]

جیٚ پەنجە و خەونی ئیسلام بۆ گەردوون و جیهان لەڕێی هونەرەوە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی تەلار و تەلارسازیی ڕێڕەوی تەواوی خۆی وەربگرێت، هەر لە مزگەوتەوە کە سەرەتا و کۆتا بوو لەو میانەدا، لەبەر ئەوەیدیاردە بنەڕەتیەکانی لە سروشتی ئەو ئەرکەوە بەدەستهێناوە، کە دەبێت جێبەجێی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

بكات، هەتا دەگات بە شار و شوێنە ئیسلامیەکان کە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاوبووبوویەوە: بوخارا، سەمەرقەند، دەلهی، ئەصفەهان، بەغداد، ئەستەنبوول، دیمەشق، قاهیرە، قورتووبە، غەرناتە، ئیشبیلیە. بەردی بناغەی هەریەك لەوانە، بەناوی خوداوە دانرابوو، هەر لە قوڵایی تورکستانەوە هەتا نێوجەرگەی ئەندەلووس، دواتر بە کەناری بیابان و نیشتنیەکاندا، شارە سەرەتاییەکان بونیاتنرا لە بەصرە و کوفە و فوسطاط و قەیرەوان.[١]

ڕۆجیە گارودی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وعود الاسلام)[٢] باس لە مزگەوتەکان دەکات و دەڵێت: "هەرلەوەدا بووە بەردی مزگەوتەکان نزا و پاڕانەوە بکەن"،[٣] چونکە ئەو شوێنە "بنکەیەك بووە بۆ سەرجەم چالاکیە ئیسلامیەکان، مزگەوت پێگەیەك بووە بۆ لەخۆگرتن و کۆکردنەوەی تێکڕای هونەرەکان"، چونکە "هەموو هونەرەکان دەگەڕانەوە بۆ مزگەوت، مزگەوتیش بۆ نوێژ و نزا و پاڕانەوە بووە".[٤]

گارودی بە سەرەنج و تێبینیە ئامانجدارەکانی، گرنگی پەیوەندیەکانی نێوان دیدگا و تەلارسازیی باس دەکات، ئەو نهێنیەمان بەبیر دێنێتەوە، هەروەك ئەوەی پێشتر (روم لاندو) ئاماژەی پێکرد، پاڵنەرێکی نادیار لە ماڵەکانی خوادا زەمینە ساز دەکات بۆ گرێدان و ئاوێزانکردن لەنێوان ناخی مرۆڤەکان و ئاسماندا، هەرئەوەش بوو موسڵمانەکانی هاندەدا بۆ بونیاتنانی گومزەکان بەشێوازێکی ئەندازەیی ڕازاوە، ڕاشکاوانە دەتوانین ئەوە بڵێین (قوبە) و سەقفی چوار گۆشەیی مزگەوتەکان

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣٢.

[٢] وەرگێڕانی: زوقان قەرقوت، الوطن العربي/ قاهیرە ـ بەیروت ـ ١٩٨٤ز.

[٣] وعود الإسلام: لا١٤٥.

[٤] بڕوانە: في سبيل حوار الحضارات: وەرگێڕانی: د. عادل عەوا، چاپخانەی عویدات، بەیروت ـ ١٩٨٢ز، چاپی دووەم، لا٧٧.

ڕەمزێکی پڕاو پڕ بوو بۆ ماهیەتی ئیسلام، بۆ یەکخستنی هەردوو جیهان ، بینراو و نەبینراو، جیهانی ئەرز و ئاسمان".[1]

جاك لیسەر دەڵێت: لە بیناسازیی مزگەوتەکاندا ئاوازی بیروباوەڕ دەبینی و دەبیستی: دڵی ئیسلام لە مزگەوتەکاندا لێدەدات، لە هەموو گۆشەکانیدا مرۆڤ هەستێکی زیندوو دای دەچڵەکێنێت کە لەحزوری خوادایە، بەڕاستی لە مزگەوتەکاندا هیچ شتێك نیە تەنها سادەیی و جوانی و هاوئاوازی نەبێت".[2]

لە کاتێکدا کە دروستکردنی مزگەوتەکان هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا دەگەیشتە چین بڵاوبوویەوە، هەر لە ڕۆژئاوایشەوە هەتا دەگەیشتە ئەندەلووس، "دابو شێوازی بونیاتنانی مزگەوتەکان تێکەڵ دەبوو بەو شێوازە بنەڕەتیە تەلارسازیە ناوچەییە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەر شێوازە بنەڕەتیەکەیدا بێت. کاتێکیش کە مزگەوت شوێنێك بوو بۆ بەندایەتی، ئیتر بونیاتنانیشی بەگشتی خۆی لەخۆیدا گوزارشتێکی مەزن بوو بۆ ئیسلام. ئەو پێشکەوتنەش کە بە درێژایی مێژوو ڕوویدا، وێنەیەکی بچوککراوە بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیری ئیسلامی، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە مزگەوتەکان لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروستبوون بۆی، ئەوەی پەیوەندی بە گەل و نەتەوە جیاجیاکانەوە هەیە، مزگەوتەکان بەشێوەیەکی هەستپێکراو بوون بە نوێنەری ئەو ئاوێتەبوونە لەنێوان ئیسلام و دراوسێکاندا".[3]

تەنها مزگەوتەکان نا، بەڵکو بەرەنجامە تەلارسازییەکان بەتێکڕا هەموویان هەمان هەناسە و نەفەس دەدەن و گوزارشت لەسەر دیدگایەکی ئیسلامی ڕەسەن دەکەن، بەهەرحاڵ، وەك ئەوەی کە مێژوونووسی دیاری بواری هونەر جۆرج مارسیە

---

[1] الإسلام و العرب: ل٣٢٢ ـ ٣٢٣.

٢ الحضارة العربية: وەرگێڕانی: غەنیم عەبدون، چاپخانەی الدار المصریە، قاهیرە، ل٣٦.

[3] الإسلام منهج حياة: وەرگێڕانی: د. عومەر فەروخ، چاپخانەی دار العلم للملایین، بەیروت ـ ١٩٧٢ز، ل٣٠٦ ـ ٣٠٧.

دەڵێت: "وای لێهاتبوو لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دەزگایەك یان دامەزراوەیەکی تایبەت یان گشتی نەبوو کە مۆرکی ئایینی پێوە نەبێت، ئیسلام پەلی هاویشتبوو بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، هەروەك چووبووە ناو ژیانی کۆمەڵگاوە، ئەو سرووشتەی کە بڵاودەکرایەوە، بەگوێی دەکرا لە شێوازی خانوو و دەرووندا"،[1] هەر بەوشێوەیە "ئیسلام سروشتی خۆی کێشا بەسەر ژیانی ڕۆژانەیاندا، تەنانەت کاتێکیش لە کاروباری دونیایدا بەکاردەبران، ئەوا هونەری وڵاتانی ئیسلامی بە هونەرێکی ئیسلامیانە دەمایەوە"،[2] تەنانەت (گارودی) زۆر لەوە دورتر دەڕوات، ئەو ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە لەنێوان ئیسلام و تێکڕای هونەرەکانیدا، ساز و ئاواز و ئاڵوگۆڕکردن هەبووە، دەڵێت: لە ڕوانگەی ئەو تێڕامان و وردبوونەوەیەم بۆ هونەرە ئیسلامیەکان و مزگەوتەکانی، ئەوەم بۆ ئاشکرابوو، کە بیروباوەڕی ئیسلامی بەو جەختکردنەوە ڕیشەییەی کە دەیەوێت لە بڵندبوونەوەدا ئاماژەیە بۆ گەشت، بۆ هەڵکشانی موسڵمان وەك تاك، وەك کۆمەڵگا لەڕێی وێستگەکانی ئیسلامەوە، وێستگەی باوەڕ تەقوا چاکەکاریی، بەوەی جوڵە بکات بە مرۆڤەکان و وەدەریانێ لە تەنگەژە و بارگرانی دونیا بۆ فراوانی.[3]

سەرباری ئەوەی کە تەلارسازە موسڵمانەکان کاریگەری ڕۆمانی و فارسی و بێزەنتیەکان کەوتبووە سەر لە تەلارسازییدا، لەگەڵ ئەوەشدا "سەرکەوتووبوون لە داهێناندا کە گومان نەبێت لە سیمای ڕەسەنی ئیسلامییان"[(٤)] ، توانیشیان چەند رەگەزێکی دەرکەوتووی نوێی هاوچەشن تێکەڵ بکەن لەو سەرچاوانەی کە زۆر

---

[1] الفن الإسلامي: وەرگێڕانی: دوکتۆر عەفیف بیهنەسی، چاپخانەی وزارة الثقافة، دیمەشق/ سوریا ـ ١٩٦٨ز، لا ١٥.

[2] هەمان سەرچاوە: لا١٦ ـ ١٧.

[3] في سبيل حوار الحضارات: لا٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل٣٢٣، ٣٢٤.

دژایەتیان هەیە لە دروستکردنیدا (synthesis) [1]، نەك هەر هێندە، بەڵکو ئەوان ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی کە ئەوەی بەدەستیان هێناوە پێشکەشی بکەن بە گەلانی تر، لە داهێنانەکانی تەلارسازیی کە لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان لەبارەیانەوە زۆر بە درێژیی دوواون.[2]

زۆر بە کورتی، هونەری تەلارسازیی ئیسلامی، بەشێوەیەکی تێرو تەسەل پەیوەندیدارە  هەر وەك ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لەگەڵ زۆرێك لە چەمکەکانی تری شارستانیەتی ئیسلامی  بە دیدگای ئەم ئاینە، هەرئەوەش بوو وایکرد لە (ئولیغ غرابار) بڵێت: "ئەوە هەمووی گواستنەوەی دیاردە گەردوونیەکانە بە دیدگای موسڵمانەکان لەڕێی بیروباوەڕەوە".[3]

لەکاتێکدا دەگەینە زانستە شیکاریەکانی وەك: (فەلەك، فیزیا، کیمیا، بیرکاریی، ئەندازیاری، ڕووەك، ئاژەڵ، دەرمان، پزیشکایەتی.. هتد) دەبینن کە چۆن ئەوان چالاکییەکانیان زۆر سەربەستانە بەڕێوەبردووە، کە ئەویش ئەم ئاینە فەراهەمی هێناوە بۆ ئەوەی باشترین پێکەوەبوون و سەرکەوتوویی تیا بەدی بێت لەگەڵ هەر هەوڵێکدا بۆ دەرخستنی سونەتی گەردوونی، هەروەها بۆ ئەوەی پەردە لادرێت لەسەر ئەو هێز و وزانەی کە خودا سازاندویە و ژێرباری کردووە بۆ بەردەوامی دان بە ڕەوتی ژیان لەسەر دەستی بەندە بە توانا و لێهاتووەکانی هەتا زیاتر ئاشکرا بکەن. ئەم ڕاستییە زیاتر بوو، کە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) دووپاتکراوەتەوە و لە جێبەجێکردنە مێژووییەکاندا لە نێوان دەسەڵاتدار و هاووڵاتیدا، خزمەتیان کرد بە شارستانیەت و بە مرۆڤایەتی بەتێکڕا، لەو دەلاقەوە، ئا بەو بەرهەمە بەپێزو ناوازەوە، بەو بەها زانستییەش، کە بەخشی

---

[1] بڕوانە: الفن والعقیدة، عیمادەدین خەلیل، مؤسسة الرسالة، بەیروت ، ١٩٩١ز.

[2] بڕوانە: الفن والعقیدة : عیمادەدین خەلیل، مؤسسة الرسالة، بەیروت ـ ١٩٩١ز.

[3] وعود الإسلام : ڕوجیە گارودی، لا ١٥٣.

به کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەتێکڕا، گوزارشتی لە بوونی خۆیدا، هەر ئا بەوەش ڕۆژئاواییەکان دان بەو سەرکەوتن و ڕاستییانەدا دەنێن.

لە زانستی ژمێریاریدا، موسڵمانان گەیشتبوونە ئاستێك ڕێگەچارە بدۆزنەوە بۆ نادیارەکان، بە هۆی گونجاندن و بابەتەکانیەوە، هەروەها یاسا و بنەماکانی حساب لە چارەسەرکردنی پرسەکانی سێگۆشە و فەلەکدا، ئەوان گەیشتبوونە چەندین ڕێگەچارەی جۆراوجۆر بۆ شیکارکردنەوەی ئەو پرسە حسابیانەی کە پەیوەستن بە کەرتەکان، کەرتی دەیی (ڕێژەیی)، ئەو ڕێگاچارەیەش هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی ئێستای سەردەمدا، هەروەها ئەوان توێژینەوەیان دەکرد بۆ دیاریکردنی نادیارەکان بەهۆی کەرتەکان و دوو لا و نیوە لا، نووسراوە عەرەبیەکان لەو سەردەمانەدا دەردەکەوتن بەزۆری نموونە و ڕاهێنانی هەمەجۆر و ئاڵۆز، چالاککردنی لە بوارەکانی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و ڕەهن و میرات و دابەشکردنی دەستکەوتەکان و مووچە و...، موسڵمانەکان بە هێنانی سفر بۆ نێو ژمارە حسابیەکان، ئاسانکاریەکی بێوێنەیان پێشکەشکرد بۆ پێکهێنانی ژمارەکان، هەرچەندە گەورەش بێت، بەتایبەت بۆ لێکدان و دابەشکردن، هەروەها بەهۆی دانانی سفر لە پاڵ ژمارەکاندا، زۆرێك لە پرسە حسابیە ئاڵۆزەکان، چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، سەرجەم گۆشە و بەشەکانی ئەو زانستە پێشکەوتنی جۆری بەخۆیەوە دی، نووسراو و تۆماری موسڵمانەکان لەوبارەوە کاریگەریی و گوڕوتینی بەرچاویدا بە زانستی ژمارە و ژمێریاریی لە ڕۆژئاوادا، لە گرنگترین ئەو کتێب و نووسراوانەی، کە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو ڕاپەڕینە زانستییە، کتێبێك بەناوی (علم الحساب) لە نووسینی (الخوارزمی)، مەخابن ئەو کتێبە دەستنووسە، ئەصڵە عەرەبیەکەی نەماوە، بەڵام وەرگێڕدراوە لاتینیەکەی ماوە، کاریگەربی دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەر زۆرێك لە زانایانی ڕۆژئاوا، وێڕای خوارزمی، ژمارەیەکی زۆر زانا و کەڵەپیاو هەڵکەوتن لەو میانەدا، لەوانە (أبو کامل شجاع) لە سەدەی سێهەمی کۆچی و

نۆیەمی زاینی، دوو کتێبی نووسی (الجمع والتفريق) و (كتاب الخطاين)، (سنان بن فتح الحرانی) ئەو یەکێك بوو لە هەڵکەوتووەکانی سەدەی سێهەمی کۆچی، کتێبی زۆری نووسی لە زانستی بیرکاریدا، لەوانە: (التخت فى الحساب الهندى) و (كتاب حساب الوصايا)، (يعقوب بن محمد الرازى)، ئەو لە زاناکانی سەدەی سێهەمی کۆچی بوو، کتێبی (الجامع فى الحساب) و (كتاب الثلاثين مسألة غريبة)، دواتر قوتابیەکەی (احمد بن طيب) ساڵی ٢٨٦ك/ ٨٩٩ز کۆچی دوایی کرد، ئەو کتێبێکی نووسی بەناوی (الارثماطيقى في الأعداد)، (أبو حنيفة الدينوري) ساڵی ٢٩٠ك/ ٩٠٢ز کۆچی دوایی کرد، دوو کتێبی نووسی (البحث في حساب الهند) و (الجمع، التفريق)، دواتر (ابو برزة الجيلى) ساڵی ٢٩٨ك/ ٩١٠ز - کۆچی دوایی کرد، ئەو کتێبی (المعاملات) نووسی، (الكلواز البغدادي) ساڵی ٣٧٦ك/ ٩٨٦ز - کۆچی دوایی کرد، کتێبەکانی (التخت الكبير) و (تفسير الارثماطيقى) نووسی، (ابو الوفا البوزجانی) ساڵی ٣٨٨ك - ٩٥٩ز کۆچی دوایی کرد، کتێبێکی نووسی بەناوی (ما يحتاج اليه العمال والكتاب في صناعة الحساب)، (ابو القاسم المجريطى) ساڵی ٤١٠ - ٤٢٠ك/ ١٠١٩ - ١٠٢٩ز کۆچی دوایی کرد، کتێبی (الكافى) نووسی ئەو ڕێچکەی جۆراو جۆری تۆمارکردووە بۆ ئاسانکردنی کردارە حسابی و لێکدانەکان، هەروەها چۆنیەتی دەرهێنانی ڕەگی نزیکەیی بۆ ژمارەکان، (القاضي النسوي) ٤٢١ك - ١٠٣٠ز کتێبی (المقنع في الحساب الهندى) نووسی، (ابو فتاح الخازن) ساڵی ٥٥٠ك - ١١٥٥ز کۆچی دوایی کرد، کتێبی (المسائل العددية)ی نووسی، (أبو عباس المراكشى) ساڵی ٧٢١ك - ١٣٢١ز کۆچی دوایی کرد، کتێبی (تلخيص اعمال الحساب)، ئەو لەو کتێبەدا بە لێشاو باس لە کەرتەکان و یاسای کۆکردنەوەی چوارگۆشەکان و شیکارکردنی هاوکێشەکان دەکات، هەموو ئەوانەی بە یاسا و ڕێسا باسکردووە.

موسڵمانان گەشتنە ئاستێکی باڵا لە زانستی جەبردا، ئەو زانستەش یەکێکە لە شوێنەوار و پاشماوەکانی کەلەپووری ئیسلامی، یارمەتیدەربوو بۆ شیکردنەوەی هاوکێشە قورسەکانی زانستی بیرکاریی، توێژینەوەکانی ئەوان بەجۆرێك فراوان و داهێنانی تێدا کرابوو، کە زاناکانی ڕۆژئاوای سەرسام کردبوو، لەو توێژەرانە: ثابت بن قرة، ابن جعفر الخازن، عمر الخيام، الخدندی، ابن الهيثم.. هتد، ئەوان شیکارییان کرد بۆ هاوکێشە پلە چوارەکان، ئا بەوەش ئەوان پەردەیان لادا لەسەر بیردۆزگەلێکی حیسابی لە زانستی جەبردا، ئەوەش وەك بنەمایەك هەژمار دەکرێت بۆ بیردۆزی (فرما fermat) ئەوەی کە دەڵێت: کۆی دوو سێجا نابێتە ژمارەیەکی سێجا، بەدەر لەوە، ئەوان ئەندازەیان بەکارهێنا وەك هۆکارێك بۆ شیکارییکردنی پرسیارە جەبرییەکان، ئا بەوەش ئەوان یەکەم کەس بوون کە بنەماکانی ئەندازەی شیکارییان داهێنا، ئەوەش کە دەبێتە بەڵگەی بوونی دوو کرداری ئەندازەیی شیکاریکراوە بە ڕێگایەکی جەبری، لە کتێبی (الجبر والمقابلة)ی (خوارزمی)دا هاتووە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەوڵ و کۆششەکانی خوارزمی لە جەبردا سەرەتایەکی نوێی دروستکرد لە مێژووی زانستی بیرکاریدا، لەوێدا ڕێبازی شیکاری هاتە کایەوە، شوێنەوار و قورسایی خۆی هەبوو لەو ناوەندەدا، وەك خودی ئەو ڕێبازە ئەندازەییانەی کە شیکاری پێدەکرا بۆ پرسیارە ئەندازیارییەکان، ئەو بیرۆکە و ڕێبازەش هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی وا لەمڕۆدا هەیە، شایەنی باسە بیرکاریی زانە موسڵمانەکان پاش (خوارزمی)، پێش ڕۆژئاواییەکان کەوتبوون لە بەکارهێنان و دانانی (رموز) هێما بۆ زانستی بیرکاریی، هەرئەوەش بوو بە مایەی پێشخستنی زۆرێك لە پرسە جۆراو جۆرەکانی زانستی بیرکاریی.

وێڕای ئەوە، موسڵمانان بیرۆکەی هاوکێشەیان بەکاردەهێنا، ئەوەی کە بایەخێکی نەبوو لای (دیموفنطس)، ئەوان زۆرێك لە پرسیارەکانیان شی دەکردەوە، ئەوەی کە سەری دەکێشا بۆ هاوکێشە و شیکردنەوەی جۆراو جۆر، ناویان لێنا ئەو

پرسانەی کە پرسیاری زیاتر لەخۆدەگرن، چونکە وەڵامەکان جۆراو جۆر دەبن و هەمووشیان ڕاست دەردەچن. ئەوان لەو گۆڕەپانەدا بەجارێك بەرکەوتووبوون، داهێنانیان دەکرد لە هەموو گۆشە و کوچەکانیدا، بیرۆکەی (الجذور الصماء) ڕەگی خەیاڵییان داهێنا، قۆناغێکی بەرفراوانیان بڕی لەو میانەدا، خوارزمی یەکەم کەس بوو ئەو وشەی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی بیکات بە بەڵگە لەسەر ئەو ژمارانەی کە ڕەگیان نیە، هەروەها موسڵمانان ڕێچکەی جەبری نوێیان دۆزییەوە، بۆ ئەوەی ڕێژەی نزیکبوونەوە و چەندێتی ژمارەکان بدۆزنەوە، مەبەست ئەو ژمارانەیە کە ناکرێت ڕەگەکانیان بدۆزرێتەوە، ئا لەو دەلاقەوە، موسڵمانان یەکەم کەس بوون لە دانانی زانستی جەبر بەشێوەیەکی زانستی ڕێکخراو، یەکەم کەسیش کە لەو میانەدا نووسی (خوارزمی) بوو لە سەردەمی خەلیفە (مەئموندا)، ناوەکەشی هەر لەو زاراوە وەرگیراوە (Algorithm) فەڕەنسی.

بەدەر لە (خوارزمی)، جیهانی ئیسلامی کەلەپوور و بەرهەمگەلێکی زانستی بێشوماری لابوو لە جەبردا، وەك (الكامل في الجبر والمقابلة) و (الوصايا بالجبر والمقابلة) و (كتاب الجبر والمقابلة) و (الشامل)، لە نووسینی (ابن اسلم) ئەو یەکێك بوو لە زانایانی سەدەی سێهەم، (كتاب الجبر والمقابله) لە نووسینی (ابن حنيفة الدينوري) و کتێبی (في تصحيح مسائل الجبر بالبراهين الهندسية) نووسینی (ثابت بن قرة) ٢٨٨ك کۆچی دوایی کرد، (الجبر والمقابلة) لە نووسینی (ابن الحاسب المصيصي)، (الفخري في الجبر و المقابلة) نووسینی (أبي بكر الكرجي) ساڵی ٤٠٧ك  ١٠١٦ز، کۆچی دوایی کرد، (الجبر والمقابلة) نووسینی (عومەر الخيام) ٥١٥ك  ١١٢١ز، کۆچی دوایی کرد، ئەوان لەوەدا هەنگاوی دیار و بەرچاویان نا بۆ پێشەوە لەو ڕێچکانەی کە پەیڕەو دەکران لە حیسابی سێگۆشە و هاوکێشەکان، ئەوەی کە لە پلە سێ و چوار بوون بەهۆی (قطع المخروط) بڕوانە (المنجد في اللغة، الاعلام) بەشی (خرط)، ئەوەش دیارترین پلەیەك بووە کە موسڵمانان پێی گەیشتبوون لە

زانستی جەبردا، بەڵکو دیارترین پلەیە کە زانایانی بیرکاری سەردەمی نوێ پێی گەیشتبوون لە شیتەڵ کردنی هاوکێشەکاندا، وێڕای ئەوە (خیام) ئەو هاوکێشانەی شیتەڵ کردبوو بە ڕێگا ئەندازەییەکان، نەك لە ڕێگای ڕەگەکانەوە، هەرچەندە ئەو بیرۆکە سەرەتاییەکانی هەر لەڕێی ڕەگەکانەوە وەرگرتبوو، (کاردان)یش هەر ئەوەی کرد لە سەدەی شازدەهەمی زاینیدا، وێڕای ئەوەی کە خرایەڕوو، دەیان تۆمار و نووسراوی تر هەیە لە زانستی جەبردا، بوار هێندە ڕەخساو نیە هەتا ئاماژەیان پێبدەین.

زانا موسڵمانەکان بنەما سەرەتاییەکانیان دانابوو بۆ حسابی (لوغاریتم)، بواریان ڕەخساندبوو بۆ تەواوکردنی یاساکانی و خشتەیان دانابوو بەر لە ڕۆژئاواییەکان، لە دەوروبەری ساڵەکانی (٢١٠ك  ٨٢٥ز) (سنان بن الفتح الحرانی) کتێبێکی نووسی بەنێوی (الجمع و التفریق)، ئەو باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کرداری لێکدان و دابەشکردن دەکات بە هۆی کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردنەوە، (بن یونس الصدفی المصری)ساڵی (٣٩٩ك  ١٠٠٩ز) کۆچی دوایی کرد، ئەو توانی یاسا دابنێت بۆ حسابی سێگۆشەی بازنەیی، گرنگیەکی ئەوتۆی لەخۆگرتبوو، ئەوەش لەکاتێکدا بوو پێشتر زانایانی فەلەك زانستی لوغاریتمیان نەدۆزیبویەوە، هێندەی نەبرد (ابو الحسن النسوی) کتێبێکی نووسی لەبارەی لوغاریتمەوە بەشێوەزاری فارسی لە ساڵی (٤٢١ك  ١٠٣٠ز) دواتر وەریگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی بەنێوی (المقنع فی الحساب الهندي)، هەروەها کتێبێکی تری نووسی بە زمانی عەرەبی، بەڵام زۆربەی ئەو کتێبە لە دەستی ئێمەدا نیە، پاشان (ابن حمزة المغربي) کە لە زانایانی دەیەمی کۆچیە بەرامبەر بە شازدەی زاینی، ئەو باس لە – (المتوالیات) بڕوانە (المنجد في اللغة) بەشی (ولی)  ئەو ژمارە و حیسابە ئەندازەییانە دەکات، توێژینەوەکەی ئەو بوو بە سەرەتایەك و لوغاریتماتی لەسەر

بونیاتنرا، له کۆی نووسینه‌کانی ئه‌و (تحفة العدد لذوي الرشد والسدد) و (تحفة الأعداد في الحساب).

به‌ڵام له زانستی ئه‌ندازه‌دا، موسڵمانه‌کان داهێنان و بایه‌خیان که‌متربوو له‌وه‌ی که له زانستی جه‌بردا هه‌یان بوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی زانستی ئه‌ندازه له‌سه‌ر ده‌ستی یۆنانیه‌کان قۆناغگه‌لێکی گه‌وره‌ی بڕیبوو، ئه‌وان هیچ شتێکیان نه‌هێشتبوویه‌وه بۆ پاش خۆیان بۆ توێژینه‌وه و نووسین له‌و بواره‌دا، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا زانا موسڵمانه‌کان هه‌ر به‌وه نه‌وه‌ستان ته‌نها ڕاڤه و قسه له‌سه‌ر نووسراو و تۆماره‌کانی ئه‌وان بکه‌ن، به‌تایبه‌ت له‌سه‌ر کتێبه‌که‌ی (اقلیدس)، به‌ڵکو گوڕو تینیان دا به بیردۆزه‌کان، پرسگه‌لێکی ئه‌ندازه‌یی نوێیان خسته بازاڕه‌وه، هونه‌ری جۆراو جۆریان به‌کارهێنا له شیکردنه‌وه‌ی بیردۆزه‌کاندا، له‌وانه‌یه له دیارترینی ئه‌و بیردۆزانه‌ی که ئه‌وان به‌شداربوون تیایدا، بیردۆزی هێڵه ته‌ریبه‌کان بووبێت، ئه‌وه‌ی که له سه‌ده‌کانی هه‌ژده و نۆزده‌دا بوو به ئه‌ندازه‌ی (اللااقلیدیه) بڕوانه (المنجد فی اللغة) به‌شی (قلد).

له‌ڕاستیدا ئه‌وروپیه‌کان زانستی ئه‌ندازه‌ی یۆنانییان له عه‌ره‌به موسڵمانه‌کانه‌وه وه‌رگرت، دواجار نووسراوه عه‌ره‌بیه‌کانیان وه‌رگێڕدراوه‌ته سه‌ر زمانی لاتینی، هه‌تا کۆتایی سه‌ده‌ی شازده‌هه‌م توێژینه‌وه‌یان له‌سه‌ر ده‌کرد، ئه‌وه‌ش له‌کاتێکدا بوو له ساڵه‌کانی (٩٩١ك  ١٥٨٣ز) ده‌ستنووسێکیان دۆزیه‌وه له کتێبی (اقلیدس) که به زمانی یۆنانی نووسرا بوو.

یه‌کێکی تر له به‌ره‌نجامه‌کانی موسڵمانان له زانستی ئه‌ندازه‌دا ئه‌وان توانیان زانستی ئه‌ندازه بچه‌سپێنن به زانستی لۆژیکه‌وه، حه‌سه‌نی کوڕی هه‌یسه‌م زۆرێك له‌و نموونانه‌ی ئه‌نجامداوه له تۆمار و نووسراوه‌کانیدا، هه‌روه‌ها ئه‌و ڕێچکه‌یه‌کی فه‌له‌کی داهێنا که ده‌توانرێت به‌هۆی ئه‌وه‌وه به‌رزی جه‌مسه‌ره‌کان دیاریی بکرێت له هه‌ر شوێنێکه‌وه، هاوکات هێڵی پانی ئه‌و شوێنه، ته‌نانه‌ت ئه‌مڕۆش ئه‌و ڕێبازه

بەکاردەهێنرێت، لە پاڵ ئەوەشدا (ابن الهیثم) یاساگەلێکی دروستی دانا بۆ ڕووبەرە خڕەکان و قوچەکەکان و شێوە هەرەمی و لولەی لار و پارچە و پارچەی شێوە بازنەیی، لەگەڵ ئەوەدا ئەو ئەندازەی ڕوو تەخت و قەبارەداری ژێربار کردبوو لە توێژینەوە ڕووناکیەکاندا، ئەوەش بە ئامانجی دانانی کاردانەوە ڕووناکیەکان لەسەر ئەو ڕووبەرانەی کە ڕووناکی دەدەنەوە وەك ئاوێنە خڕەکان و لولە قوچەکیەکان بە هەردوو جۆرەکەیەوە، قۆقزی و قووڵ، ئەو کتێبەکەی (وەرگێڕدرا بۆ زمانەکانی لاتینی و ئیتاڵی، هەریەك لە (کیبلر، ١٦٣٠ز) (لیۆناردۆ دافنشی/ ١٥١٩) سودمەند بوون لەوەی واپەیوەستبوو بەو بابەتەوە.

لەڕاستیدا موسڵمانان زیاتر تەرکیز و بایەخیان بە لایەنە کرداریەکە دەدا لەوەی بایەخ بدەن بە لایەنە تیۆریەکە، ئەوان زۆر لێهاتووانە زانستە تیۆریە هەندەسیەکانیان جێبەجێ دەکرد لە هونەری بیناسازیدا، بینای تۆکمە و شکۆداریان بونیاتنا، کە تیایاندا کۆکرابویەوە ڕێکخستن و گونجان، وەك ئەو مزگەوتە ڕازاوانەی کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروستکرابوون، کۆشکە سوورەکان و باخچە ڕازاوەکانی، کۆشکە گەورەکان، باخچە ڕازاوەکان بە گوڵ، فوارە ئاویەکان ئەوەی کە ئاودێریی باخچە و بێستانەکانی پێدەدرا، وێڕای زەخرەفە و نەخش کە لەسەر دار و دیوارەکانی نەخشێنرابوون، ئەوان بایەخێکی ئەوتۆیان دەدات بە ئەندازەی ئاودێریی، چونکە ڕێکخستنی کاروباری ئاودێری زانیاری وردی دەوێت لەمەڕ ڕووبەری تەخت و چەماوەی زەوییەکان، لە چەندێتی خێرایی و ڕۆیشتنی ئاو بە نێو جۆگەکاندا، لە کەرەستەی بیناسازیی و هەڵبژاردنی جۆری باشتر و چۆنیەتی دروستکردنی بەربەستەکان بۆ کۆکردنەوی ئاوی ڕووبارەکان لەمەڕ ئەو پاڵەپەستۆی کە دەکەوێتە سەر بەربەستەکان.

زانستی ئەندازە لای موسڵمانەکان ناسرابوو بە زانستی (ڕێژەیی) لەبەر ئەوەی شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، هەر پێزانینێکیش لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان،

چونكە ئەوان كردیانە زانستێكی ڕێكخراو و یاسادار، جیاواز بوو لە زانستی فەلەك و سەربەخۆبوو لە زانستی بیركاریی، ئەوان بەوەش بوون بە دامەزرێنەری زانستی سێگۆشەكان، ئەوەی كەوا هیچ نەتەوەیەك پێشتر نەیزانیوە.

لە كۆتایی سەدەی سێهەمدا موسڵمانەكان توانیان ئەو یاسا و بنەمایانە دابنێن كە پەیوەندیی بە زانستی سێگۆشەی خڕ و گۆشەی وەستاو هەیە، هاوكات چارەسەریان بۆ ئەو پرسیارانە دۆزیەوە كە پەیوەندی بە سێگۆشەی بازنەیی ئەوەی كە گۆشە چەماوەیە، ئەوان بەریەككەوتن و یەكتربڕین و هاوشێوەكانیان لە پێوانەی گۆشە و سێگۆشەكاندا بەكاردەهێنا، بە تەواوی یاسا بنەڕەتیەكانیان دەزانی بۆ ڕووبەری سێگۆشە خڕەكان، ڕێبازی جۆراوجۆریان داهێنا، هەندێكی لە داهێنانی خۆیان بوو، هەندێكی تریش نزیك بوو لە ڕێبازەكانی (بطلیموس). زانای فەڕەنسی (شاسل) دەڵێت: موسڵمانان بە بەكارهێنانی یاسای (تماس) بەركەوتن پێشكەوتنێكی جۆرییان داهێنا لە زانستەكاندا، چونكە ئەوە خۆی لەخۆیدا بوو بە مایەی چارەسەركردنی زۆرێك لە پرسە ئاڵۆزەكانی زانستی بیركاری، زانایانی ڕۆژئاوا بۆ یەكەمجار لە ساڵەكانی ١٤٦٤ز كتێبێكیان بڵاوكردەوە لە زانستی سێگۆشەكاندا ئەو كتێبە زۆرێك لە برگە و بابەتەكانی لە تۆمارە عەرەبیەكانەوە وەرگیرابوو.

(البتانی) ٣١٧ك – ٩٢٧ز كۆچی دوایی كرد، بە یەكێك لە دامەزرێنەر و زانا ناودارەكانی زانستی سێگۆشەكان هەژمار دەكرێت، ئەو وای كرد سێگۆشەكان زانستێكی سەربەخۆبێت، لە گرنگترین نووسراوەكانی ئەو زانایە لەو بوارەدا (رسالة في تحقيق اقدار الاتصالات)، (ابو الوفاالبوزجانی) (٣٨٨ك – ٩٩٨ز) زیاتر لەوە هەنگاو دەنێت بۆ برەودان بە بابەتەكە، ئەو كتێبی (المثلثات)ی نووسی، پاش ئەویش هەریەك لە زانایان (ابن یونس المصری) ساڵی (٣٩٩ك – ١٠٠٩ز) كۆچی دوایی كرد، (ابو نصر الخوارزمی) ساڵی (٤٢٥ك – ١٠٣٤ز) كۆچی دوایی كرد، (جابر

بن افلح) له نيوەی سەدەی شازدەهەمی كۆچی بەرامبەر بە دوازدەی زاينی كۆچی دوايی كرد، (ابوعلی بن عمر المراكشی) له نيوەی سەدەی حەوتەمی كۆچی بەرامبەر بە سيازدەی زاينی كۆچی دوايی كرد).

وێڕای ئەوەی كه موسڵمانان هەستان بە وەرگێڕانكردنی زۆرێك له تۆمارەكان بۆ زمانی عەرەبی له زانستی فەلەكناسيدا له گەل و نەتەوەكانی ترەوە، وەك يۆنان، كلدان، بابلييەكان، سريان، هيند، بەڵام ئەوان ئەو زانستەيان ژياندەوە و گوڕو تينيان بە بەردايەوە، بۆيان زيادكرد و لێيان ڕاستكردەوە، تەنها لەوەدا نەوەستان توێژينەوەی بيردۆزەكان بكەن، بەڵكو وێستگە و دەزگاگەلێكی كردارييان بەرهەمهێنا بۆ زياتر زانينی نهێنيەكان لەو بوارەدا.

لەو پرسە گرنگانەی كە ئەوان پێی گەيشتبوون و (ابن الهيسم) سەركەوتووبوو تيايدا، ئەوەيان ئاشكرا كرد بەرزی جەمسەر يەكسانە بە پانی ئەو شوێنە و ئەو دوريەی كە لەنێوان هەسارەيەك و زەويدا هەيە بەنيسبەت نيوەتيرەی گۆی زەويەوە زۆر گەورەيە، هەتا ئەمڕۆش هەمان ئەو ڕێبازە جێبەجێ دەكرێت، وێڕای ئەوەی ئامێرەكان لەمڕۆدا يەكجار جياوازە، يەكێكی تر لەو دياردانە بەردەوام هەتا ئەمڕۆش بەكاردێت و زانستی سەردەم پشتی پێدەبەستێت، بينينی هەسارەكانە لە ئاسۆدا، يان كە نزيك دەبێتەوە لە ئاسۆ گەورەترە، يان كاتێك كە دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان گەورەترە، ئەوەی كە دەبێتە بەڵگە بۆ موسڵمانان تا چەندە گرنگيان داوە بە زانستی فەلەكناسيی، چەندە لێهاتووبوون لە بونياتنانی سەنتەر و دەزگاكانی لێڕوانين بۆ گەردوون و بۆ هەسارەكان، ئەوان هەستان بەپێوانەی كەوانە لە بازنەی نيوەی ڕۆژدا بەشێوەيەكی زانستييانە لە سەردەمی خەليفە (مەئمون)دا، زانايان لەوەدا يەكڕا نەبوون پاش هەزار ساڵ ئەوجا گەشتنە راستی ئەوەی كە ئەوان ئاشكرايان كردبوو، هەروەها (ابو ريحان البيرونی) ٤٤٠ك □ ١٠٤٨ز، بيردۆزێكی ئاسانی دانا بۆ پێوانەی تيرەی زەوی، لە كتێبەكەيدا (الاسطرلاب)،

ئەوەی کە زانا موسڵمانەکان خەملاندبوویان بۆ دیاردە گەردوونیەکان و ساڵەکانی ڕۆژ و دوری خۆر لە زەویەوە و دیاریکردنی شوێنی ئەستێرەکان و گۆڕانی شوێنەکانیان و سەرجەم دیاردە گەردوونیەکانی تر لەگەڵ ئەوەی کە زانایانی سەردەم پێی گەیشتوون جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە.

فەلەکناسە موسڵمانەکان توانیان وێنەی ڕووی زەوی بکێشن، ئەوان وتیان زەوی خڕە و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها شێوازی جوڵەی خۆریان دیاری کردبوو لەو جێگۆڕکێیەی کە ڕوودەدات لە هەڵهاتن و ئاوابوون لە وەرزەکاندا، لەوەدا بەر لە ئەوروپیەکان نووسراویان هەبووە و خشتەی زۆر وردیان دانابوو بۆ هەسارە وەستاوەکان، لە توێژینەوەکانیاندا گوزارشتیان لە یەکبوونی سیستمی گەردوونی دابوو و بەجۆرێك بالأدەستی ئەوان لە زانستی ئەندازەدا دەردەکەوت، بەر لە (کوبرنیکوس) بە چەند سەدەیەك، وتیان زەوی خڕە و بە دەور خۆردا دەسوڕێتەوە.

لەوەدا پێزانینێکی ڕەها دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانان، کاتێك کە زانستی گەردوون و بیرکارییان دا لە یەك، لەو دەلاقەوە بنەما ژمێریاری و ئەندازەکانیان کرد بە هۆکارێك بۆ دیاردە گەردوونی و جیهانیەکان، ئا بەو پرۆگرامەی کە وەبەریان گرتبوو بەرەنجامێکی نوێ بەدەستهات، جیاواز لەوەی کە پێشینەکانی پێش ئەوان پێی گەیشتبوون، ئەوان بەپێچەوانەی یۆنانیەکانەوە تەنها چۆکیان دانەدا لە بەردەم بیردۆزەکاندا، بەڵکو هەستان بە پێکهێنانی (مرصد) ڕوانگەکان، بۆ ئەوەش ئامێری تایبەتیان دروستکرد، گەردوونیان پوختکردەوە لە پیسی ئەستێرەگەری و خورافات، ڕۆژئاواییەکان سودمەندبوون لەو بەهرانە.

موسڵمانان لە زانستی سرووشتناسیدا زانیاریی گەلێکی ئەوتۆیان ئاشکرا کرد، ئەوان لە توێژینەوەکانیاندا بۆ زانستی زەویناسی پشتیان بەستبوو بە تێڕامان و شیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی گەل و نەتەوەکانی تر

لێکیان دابویەوە لە کۆندا، (ابن سینا) تیۆریا و ڕای تایبەتی هەیە لەو زانستەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ زانستی سەردەمدا، هەرئەوەش وایکردووە ئەو دامەزرێنەری زانستی (جیۆلۆجیا) زەمینناسی بێت لای موسڵمانان، کتێبەکەی (ابن سینا) (الشفا) لە پڕ بایەخترین ئەو سەرچاوە زانستییانەیە کە ڕۆژئاواییەکان لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا متمانەیان خستبووە سەری، ئەو لە کتێبەکەیدا باسی لە بەردەڵانە نیشتووەکان و چینە بەردیەکانی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەی (هاتنی چینە بەردەکان بەدوای یەکدا)ی داناوە، هەروەها ئەو باسی هۆکارەکانی ڕوودانی پلە و جۆرەکانی بومەلەرزەی کردووە، ئەوەی ئەو باسی لێوەکردووە جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لەگەڵ ئەوەی وا لە سەردەمی نوێدا دەوترێت لەبارەیەوە، (ماهیروف) دەڵێت: ڕۆژئاواییەکان قەرزاری (ابن سینا)ن بەوەی وا ئەو تۆماری کردووە لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە پێکهاتەی کێوەکان، بەردەکان و کانزاکان.

(ابو ریحان البیرونی) ئەویش قۆناغگەلێکی بەرچاوی بڕیوە لە زانستەکانی زەویناسیدا، توێژینەوەکانی ئەو باس لە: شێوازی زەوی، بەرز و نزمی، چینەکان، سرووشتی زەوی، شوناسی ئاو، زانستی ژینگە لە کۆندا، زانستی هەڵکۆڵین، سروشتی مێژوو..، بەرهەمەکانی پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ زانستی (جیۆلۆجیا) لەمڕۆدا، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە پێکهاتەی توێکڵی زەوی و چڕی بەردەکان، موسڵمانان گرنگی ئەوتۆیان داوە بە زانستی کانزاکان، پێدەچێت کتێبەکەی بەیرونی (الجماهر في معرفة الجواهر) باشترین نووسراوێك بێت لەو بوارەدا، ئەو باس لە ژمارەیەکی زۆر دەکات لە کانزاکان وەك (الفلزات، الأحجار الکریمة) بەردی بە نرخ و بەهاگرانن، بۆ توێژینەوە لە کانزاکان پەنای بردوەتەبەر مەنهەجی ئەزموونگەرایی ئەو زۆر بە وردی کێش و بەهای داناوە بۆ هەژدە جۆر بەرد و کانزا، زۆر لە یەکەوە نزیك بوون، بەوپێوەرە ڕاستەی کە کراوە بۆ جۆر و

کێشی کانزاکان لە سەردەمی ئەمڕۆشدا بە ئامێرە پێشکەوتووەکان هەمان زانیاریی دەدەن.

لە زانستی کەشناسیدا (ابن سینا) هەموو وردەکارییەکانی باسکردووە لەمەڕ (هەورەکان، بەفر، تەمومژ، خەرمانەی مانگ، پەلکەزێڕینە، نەیزەك، ڕەشەبا، هەورە بروسکە، هەورە گرمە و.. زۆرێك لە بۆچوونەکانی ئەو لەو میانەدا دەقا و دەق وەك ئەوەیە کە زانستی سەردەم دەیخاتەڕوو).

بەیرونی لە هەردوو کتێبەکەیدا (تحقيق ما للهند من مقولة) و (القانون المسعودي) باس لە هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاکان دەکات، ئەو وادەبینێ زەوی هێزی کێشکردنی هەیە، زۆر زانستیانە باس لە هێزی کێشکردن دەکات، ئەو تەنانەی لە ئاسمانەوە بەردەبنەوە بەرەو چەقی گۆی زەوی دەکشێن، باسی لە ڕێژەی خێرایی ئەو تەنانە کردووە کە بەردەبنەوە، بەدەر لەوانیش چەندین زانای تر وەك (ابن سينا) و (الإدريسی) باسیان لە هێزی کێشکردن کردووە، ئەوان بە سەدان ساڵ پێش ئیسحاق نیوتن (١٧٢٧ز) کەوتوون لەوەدا.

زانا موسڵمانەکان بەجۆرێك باسیان لە دەنگ و ڕووناکی و بینابییەکان کردووە کە کەموکوڕی هەڵناگرێت، لەو میانەدا زۆرێك لە هەڵە و پەڵەی یۆنانییەکان ڕاستکرایەوە، کندیی و ڕازیی تێکڕای ڕێچکەکانیان والآکرد، کاتێك کە (حەسەنی کوڕی هەیسەم) ٤٣٠ك  ١٠٣٩ز، هات توێژینەوەکانی چڕوپڕ کردەوە لە زانستی چاو و چاویلکەکاندا، ماکێکی زانستی مەنهەجی لەخۆگرتبوو، ئا بەوەش ئەو بە یەکێك لە پێشەنگەکان دادەنرێت لەو زانستەدا، کتێبەکەی ئەو (المناظر) زیاتر لەوانیتر باس لە وردەکارییەکان و توێژینەوەکان دەکات لەو میانەدا، هیچی کەمتر نیە لەو کتێبانەی کە لە سەردەمی ئێستادا باس لە بابەتەکانی شکانەوەی تیشك و شیکاری چاو و چۆنیەتی پێکهاتەی ڕووناکیەکان دەکەن لەسەر تۆڕی چاو، پێدەچێت گرنگترین بەرهەمی (ابن الهيسم) لە ڕووناکیدا ئەوەبێت کە بیردۆزە

کۆنەکانی بەجارێك هەڵوەشاندەوە، ئەوەی کە لە سەردەمی یۆنانیەکانەوە باو و بڵاوبوو و هەتا سەردەمی (کوڕی هەیسەم) بینراوەکان ئەوەیە کە لە چاوەوە تیشکێك دەردەچێت و بەر بینراوەکە دەکەوێت، بەڵام ئەو پێچەوانەی ئەوەی سەلماند، هاوکات زۆر بە وردی باس لە ئامێری وێنەگرتن دەکات لە سەردەمی نوێدا، هاوکات لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاوێنەی قوڵ و چۆنیەتی کۆکردنەوەی تیشکی خۆر لە یەك خاڵدا (بیلبیلە) ئەو مەبنای توێژینەوەکانی خۆی لەسەر بناغەی خوێندنەوەی بابەتییانە، بەراوردکردن، دۆزینەوە، ئەنجام دەدا.

بەو ئەزموونە زانستییانە کە لە گۆڕەپانی پراکتیکیدا ئەنجامیان دەدا، دەچوونە مەیدانی ململانێکانەوە، تێکڕای زانستەکانیان لە هێما و ئاڵۆز و نادیاریەوە بردە جیهانی واقیع و ئاشکرا و دیار لە واتا و ناوەڕۆکدا، بەتایبەت ئەوەی کە (جابری کوڕی حەییان) گەورەی کیمیازانەکان ئەنجامیدا لە مێژووی ئیسلامدا، هەر لە زانستی کیمیادا چەندین کتێبی نووسیوە.

(ئیبن حەییان) زۆرێك کرداری هەمەجۆری ئەنجامداوە لە زانستی کیمیادا، زۆر بە وردی پێناسەی هەموو ئەوانەی کردووە وەك کرداری بەهەڵمکردن و دڵۆپاندن و بە قسڵکردن و تووانەوەی مادەکان لە دۆخی شلەوە بۆ دۆخی بەغازبوون، کریستاڵ، بەدەر لەمانەش لە تاقیکردنەوە بنەڕەتیەکان لە زانستی کیمیادا زۆرێك لە گیراوەکانی ئامادە دەکرد، وەك ترشی (الاوزوتيك) و (كلوروز الفضة) و (نترات الفضة المتبلورة) ماددەیەکی کیمیاییە زۆر بەخێرایی دەتوێتەوە ژەهراوییە، بەکاردێت بۆ زانستی پزیشکایەتی و پیشەسازیی، زۆر بە وردی باسی لە دروستکردنی پۆڵا کردووەو چۆنیەتی پاڵفتەکردنی کانزاکان و بۆیاخکردنی قوماش و خۆشەکردنی پێست و چەورییەکان، بۆ ئەوەی جلوبەرگەکان پارێزراوبن لە ئاو، چۆنیەتی پاراستنی ئاسن لەوەی ژەنگ هەڵنەهێنێت، ئەو زۆر باش پیشەسازیی ترشی سرکەی دەزانی، ڕێگەچارەیەکی داهێنا بۆ جیاکردنەوەی زیوو لە ئاڵتون

بەهۆی ترشیەکانەوە، تەنانەت ئەمڕۆش هەر ئەو ڕێبازە جێبەجێ دەکرێت، دەستێکی باڵای هەبوو لە ئامێرەکانی سەنگ و پێوانەکردنی ئاڵتون و خشتە ئاڵتونیەکان، بەرهەم و مەنهەجی زانستی (جابر) و نووسراوەکانی لە بواری کیمیادا، بەجارێك سەرنجی (سارتون) مێژوونووسی بەناوبانگی ئەو زانستەی بردبوو دەڵێت: ئەستەمە کیمیازانێکی تر بتوانێت وەها بەرهەم و نووسراوێکی زانستی گشتگیر بخاتە ڕوو کە لەخۆی گرتبێت، وەها زانیارییەکی فراوان بە ڕابردووی ئەو زانستە لە کۆن و سەردەمدا، ئەو لە زانستی کیمیادا وەك (ئەرەستۆ) وایە لە (منطق)دا و لە گەورەترین زاناکانی چەرخی ناوەڕاست بوو.

(ئەبوبەکری ڕازیی) ٣١٣ك/ ٩٢٥ز، وێڕای ئەوەی ناوبانگی هەبوو لە هەردوو زانستی پزیشکی و فەلسەفە)دا، هاوکات دەستێکی باڵاشی هەبوو لە زانستی کیمیادا، چونکە هەموو ئەزموونەکانی چڕکردبویەوە لە تاقیگە کیمیاییەکاندا، زیاتر لە کیمیا گشتی و کریمانەکانی وا باو بوو، ڕازیی خاوەن ڕێبازێك بوو لە لێکۆڵینەوەی کیمیادا، بە هەماهەنگی و هەوڵی توێژەرەکان ئاسۆ و بوارەکانی کیمیایی، جار لە دوای جار فراوانتر دەکرد، لە ئەزموونەکانیدا مادەی جۆراو جۆری بەکاردەهێنا، لەوانە سەرجەم ئەو کانزا ناسراوانەی کە لە سەردەمی ئەودا هەبوون، یەکەم کەس بوو سیستمی پۆلێنکردنی داهێنا بۆ ئاژەڵ و ڕووەك و کانزاکان، گیراوەی کیمیایشی بەکارهێنا لە پزیشکیدا، بەرەنجامەکانیشی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بەکاردەهێنا، ترشی (کبریتیك)ی وەك گیراوەیەك ئامادە کرد، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پیشەسازییە کیمیاییەکاندا، یەکەم کەس بوو (الفحم الحیوان)ىخەڵوزی ئێسکی داهێنا بۆ سپی کردنەوە و پاککردنەوەی قوماشەکان، هاوکات خەڵوزی بەکاردەهێنا بۆ زۆرێك لە ئەزموونەکانی. (ڕازیی) بە هۆی سەرقاڵبوون و ڕۆچوونی لە تاقیگەکاندا، نووسینەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان،

چاوەکانی بینایی لەدەستدا، زاناکانی ئەوروپا ڕێز و گەورەیی ئەو بەرز دەنرخێنن، بەڕاستی ئەو دامەزرێنەری کیمیای سەردەمە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

وێڕای (ئیبن حەییان و ڕازیی) زۆر زانای تر هەبوون هەماهەنگ و هاوکار بوون بەشێوەیەکی بەرچاو و دیار لەبرەودان بە زانستی کیمیادا، بەرەنجامە کیمیاییەکانیان دەوڵەمەند دەکرد بە توێژینەوە زانستی ئەزموونەکانیان، لەوانە: الکندی، ابن سینا، البیرونی، ابو المنصور الموفق، المجریطی، ابوالقاسم محمد بن احمد العراقی، الجلدکی.

لە زانستی ڕووەکناسیدا دەگەین بە زانای سرووشتناس (القرطبي أبو جعفر الغافقی) ساڵی ٥٦١ك/ ١١٦٥ز کۆچی دوایی کرد، ئەو جۆری ڕووەکەکانی دەستە دەستە کۆدەکردەوە و پۆلێنی دەکرد لە باشووری ئەفریقا، بە زمانەکانی عەرەبی و لاتینی و بەڕبەری ناوی بۆ دادەنان، بە وردی پێناسەی هەریەك لەوانی کردبوو لە کتێبەکەیدا (الأدوية المفردة)، دواتر دەگەین بە دەرمانناس و زانای ڕووەك (ابن البیطار)، کە ساڵی ٦٤٦ك/ ١٢٤٨ز کۆچی دوایی کرد ئەو لە توێژینەوەکانیدا زیاتر متمانەی خستبووە سەر بەرهەمەکانی (الغافقی)، دواتر گەڕانی دەسپێکرد لە باکووری ئەفریقاوە هەتا سووریا، تاکو زانیاریی و ئەزموونی زیاتر وەرگرێت لەسەر ژیان و جۆری ڕووەکەکان، ناوبانگی ئەو زانایە کاتێك دەرکەوت کە دوو کتێبی نووسی لەوبارەوە (المغني في الأدوية المفردة) و (الجامع في الأدوية المفردة) ئەوەی یەکەمیان لە مادە پزیشکییەکان دەگەڕێت، دووەمیش لە زانستەکانی ئاژەڵ و ڕووەك و مادە کانزاییەکان، ئەوەی کە تایبەتمەندی پزیشکایەتی تێدایە، بەرهەم و زانیارییەکانی ئەو، بەرئەنجامی ئەوانی پێش خۆی بوو، بەڵام ئەو (٣٠٠) ماددەی نوێی بەخشی و زیادکرد بۆ ئەوانی تر، ژمارەی گشتیش هەزارو چوار سەد مادەی جۆراو جۆربوو.

هەر لە زانایانی ڕووەکناس (ابوحنیفة الدینوری)، کە لە ساڵی ٢٨٢ك/ ٨٩٥ز کۆچی دوایی کرد، ئەو یەکێك بوو لە پێشەنگەکان لە بواری ڕووەکناسیدا بەرهەم و نووسراوی دیار و بەرچاوی هەیە، (ابو العباس بن الرومیه) ساڵی ٦٣٨ك/ ١٢٤٠ز کۆچی دوایی کرد، (ابن العوام الإشبیلی) ئەو لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە، (داود الأنطاکی) ساڵی ١٠٠٨ك/ ١٥٩٩ز کۆچی دوایی کرد.

گرنگی و بایەخدانی موسڵمانەکان بە زانستی ئاژەڵەکان، کەمتر نەبوو لە بایەخدانی ئەوان بە هەر زانستێکی تر، ئەوان لەوەدا داهێنانیان کرد، تۆمار و نووسراوی زۆریان بڵاوکردەوە، (ابن سینا) لە کتێبەکەیدا (الشفا) نموونەگەلێکی پڕ سەیر و سەرەنجڕاکێشی سەبارەت بە جۆری ئاژەڵ و باڵندەکان هێناوە، سروشتی ژیانی ئاژەڵە ئاویەکانی پۆلێنکردووە بە: هەندێك لەوان لەگەڵ شەپۆل و گێجی دەریا و ڕووبارەکاندا دەژین، هەندێکی تریشیان لە کەنار ڕووبار و دەریاکاندا دەژین، هەندێکی تریش لەنێو قوڕ و لیتەکاندا، چوارەمیش لەنێو بەردەڵانەکاندا، هەندێکی تریش لکاون بەشوێنێکەوە وەك گیانەوەرە لەپکەدارەکان، هەندێکی تریش لە جوڵەی بەردەوامدان وەك ماسی و بۆق و.. هتد، ئەو زۆر بە وردی دواوە لەسەر ئێسك و کڕکڕاگەکان، خوێنهێنەر و خوێنبەرەکان، لەهۆشچوون و جوڵەی لائیرادی و ئاسایی، زۆر بە وردی باس لە ئامێرە وردبینەکان دەکات، دواتر لە ڕیشۆڵە درێژبووەکانی نێو ڕیخۆڵەکان بۆ کرداری هەرس و هەڵمژینی وزە و خواردەمەنی لەڕێی مەمیلەکان و چەندین جوڵە و کارلێکی تر لەو نێوەندەدا.

لەو نێوەندەدا زانای تر هەبوون خزمەت و دەستی باڵایان هەبووە لەو زانستەدا، بە توێژینەوە و بەرهەمە ناوازەکانیان بابەتەکەیان یەکجار دەوڵەمەند دەکرد، لەوانە: (الجاحظ) ساڵی ٢٥٥ك/ ٨٦٨ز، کۆچی دوایی کرد لە کتێبەکەیدا (الحیوا)، (زکریا القزوینی) ساڵی ٦٨٢ك/ ١٢٨٣ز کۆچی دوایی کرد لە کتێبەکەیدا (عجائب

المخلوقات وغرائب الموجودات)، (الدميری) سالّی ٨٠٨/ ١٤٠٥ز کۆچی دوایی کرد، له کتێبەکەیدا (حیاة الحیوان الکبری).. هتد.

له بواری دەرمانسازیدا موسڵمانان یەکجار ڕۆچووبوون و داهێنانیان کرد، له ڕووەك و گژوگیاکان دەرمانیان بەرهەم دەهێنا، لەوانە: کافور و صندل و راوند، جۆرێکن له ڕووەك، میسك، تەمەرهیند، حنظل: ڕووەکێکه لەبەرەی شووتی و کاڵەکە، جوز الطیب: جۆرێکه له گوێز، توێکڵەکەی سووره، هاوکات کحول و گوشراوەکانی تریان وەردەگرت بۆ بۆنخۆشی.

(ڕازیی) بۆ یەکەمجار جیوەی بەکارهێنا بۆ دروسکردنی مەرهەم، بەردەوام کاریگەریەکانی تاقی دەکردەوە، پزیشکه موسڵمانەکان یەکەم کەس بوون قاوەیان بەکاردەهێنا بۆ نەخۆشیەکانی دڵ، هاوکات قاوەی هاڕراو وەك دەرمان بەکاردەهێنا بۆ هەوکردنی لەوزەکان و زەحیری و هەوکردنی برین، کافوریان بەکاردەهێنا بۆ بووژانەوەی دڵ، هەندێك له دەرمانەکان لەبەر ئەوەی تاڵ و تفت بوون له کاتی خواردنەوەیدا، بۆ ئەوەی به سانایی قوت بدرێت تێکەڵ به شەربەتی لیمۆ و پرتەقاڵ و گوشراوەکانی تریان دەکرد، بۆ یەکەمجار ئەوان بەرگی شیرینیان بۆ دەرمانه تاڵەکان دروستکرد، ئەوەی که نەخۆشەکان به ئەستەم بۆیان دەخورایەوە (وەك حەبی گولاجی ئێسته)، ئەوان زۆر لێهاتووانه کەرەستەکانی برینپێچییان دروست دەکرد، بۆ ئەوەش گیراوەی هاڕڕاو و مەرهەم و لەزگەیان بەکاردەهێنا، جۆرێکیتر له مەرهەمیان داهێنا، که له ماوەیەکی کەمدا لەگەڵ برینەکاندا وشك دەبویەوە، وەك ئەو شەمعانەی که ئەمڕۆ له برینەکان دەدرێت، ئەوان بەرهەمی ئەزموونەکانیان تۆمار دەکرد له دوتوێی کتێبێکدا ناویان نابوو (الاقراباذین)، که له بنەڕەتدا ئەو وشەیە یونانیە، له عەرەبیدا به واتای (الرسالة الصغیرة) پەیامه بچوکەکه دێت، لەڕاستیدا موسڵمانەکان یەکەم کەس بوون که دەرمانخانەیان دانا، لەوەشدا داهێنان و پێکهاته و زیادەکاری جۆرییان داهێنا که پێشتر نەزانرابوو،

ئەوان یەکەم کەسبوون کە لەسەر داودەرمان نووسراویان تۆمار دەکرد، لە کردەکانی ئەوان لەو بوارەدا سیستمی چاودێرییان هەبوو بەسەر دەرمانەکانەوە، بۆ ئەوەی ڕێگریی بکەن لە دەرمانخانەکان فێڵ و گزی نەکەن، وێڕای ئەوە دەبوو ئەمینی دەرمانخانەکان تاقیکردنەوەیان بکردایە، ئەوجا بڕوانامەیان پێدەدرا گەر شیاو بوایە.

لە بەناوبانگترین دەرمانخانەی موسڵمانەکان (ماسویە الماردینی) ساڵی ٤٠٦ك/ ١٠١٥ز کۆچی دوایی کرد، کتێبێکی نووسی بە ناوی (العقاقیر) کە لە دوازدە بەش پێکهاتبوو، بە درێژایی چەندین سەدە ئەوروپییەکان متمانەیان خستبووە سەری، لە ناو قوتابخانەکاندا بە کتێبی یەکەم ناسرابوو لەومیانەدا، (عبدالرحمن بن الواقد) ساڵی ٤٦٧ك/ ١٠٧٤ز کۆچی دوایی کرد، کتێبی (الأدویة المفردة)ی نووسی، کە یەکێکی تر بوو لە کتێبە متمانەپێکراوەکان لە ئەوروپا، وێڕای ئەوە چەندین بەرهەم و نووسراوی تری هەیە لەو زانستەدا، (أبو منی کوهن العطار) ساڵی ٦٥٨ك/ ١٢٦٠ز، ئەو لە قاهیرە کتێبێکی نووسی لەو دەمەدا بووبووە جێی سەرەنجی هەموان، بەناوی (منهاج الدکان ودستور الأعیان في أعمال وترکیب الأدویة النافعة للأبدان).

لە بواری پزیشکیدا موسڵمانەکان زانیاریی جۆراو جۆریان وەرگرت لە بیردۆزی (ئیغریقیەکان)، بەڵام زانیارییەکان بنەمایەکی جێگیر و دڵنیاییان نەدا بەدەستەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، بۆ ئەوەش ئەوان هەوڵەکانیان چڕکردەوە لە چەند مەودایەکی زانستی تر بەدەر لەو بیردۆزانەی کە گرتبوویانەبەر بۆ چارەسەرکردن، زۆر نهێنییان لە بواری پزیشکیدا ئاشکرا کرد، هەنگاوی گەورەتریاننا لە هونەری پزیشکیدا، داهێنانی کەرەستەکانی نەشتەرگەریی، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان، هەروەها سیستمی (فحص) پشکنینی نەخۆشەکان، ئەوان زۆر بە وردی دەدوان لەسەر حاڵەتە جۆراو جۆرەکانی پزیشکایەتی و نەخۆشییەکان، لەوەدا خاوەن بەهرەی تیۆری و پراکتیکی بوون لە پۆلێنکردنی ئەو زانستەدا، هەموو

ئەوانەیان دەنووسیەوە و تۆمار دەکرد لە دوتوێی کتێبەکاندا بۆ پزیشك و خوێندکارەکان بەگشتی، گەورەترین بەرەنجام و خزمەتێك کە موسڵمانان کردبێتیان لەومیانەدا دروستکردنی نەخۆشخانەکان بوو و چۆنیەتی ئیدارەکردنی بوو بەشێوەیەکی زۆر ورد و زانستییانە، کە هەتا ئەمڕۆش ئەو ڕەوتە ئیداریە هەر بەردەوامە.

لە کلتووری پزیشکی شارستانیەتی ئیسلامیدا (ابوبکر بن زکریا الرازی) لەسەروو لیستی ناوی پزیشکە گەورەکانەوە دادەنرێت، کتێبەکەی (الحاوی) بە گرنگترین نووسراوی (ڕازیی) دادەنرێت لەو بوارەدا، هەرچیش سەبارەت بە نەخۆشی و چارەسەر کردنی نەخۆشەکان نووسرابوو، پێشتر لە کتێبەکانی پێش خۆی و سەردەم هەموو ئەو نووسراوانەی کۆکردوەتەوە، هەرچیش وتراوە ناوی بێژەرەکەی تۆمار کردووە، کتێبەکەی (ڕازیی) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی لاتینی، یەکێك بووە لە تۆمارە متمانەلەسەرەکان لە زانکۆکانی ئەوروپا لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا.

هەر لە نووسراوەکانی (ڕازیی) لەو بوارەدا، کتێبی (المنصوری) و (في الجدری والحصبة) و (دفع مضار الأغذية) و (إلى من لا يحضره الطبيب) و (كتاب المرشد) و (الفاخر في الطب).

(ڕازیی) لە کتێبەکانیدا چارەسەری زۆرێك لە پرسە هەرە گرنگەکانی زانستی پزیشکایەتی کردووە، ئەو لێدانی ترپەی دڵ و میزی نەخۆشەکانی وەك ئاماژەیەك بۆ چەندێتی و چۆنیەتی نەخۆشەکان ئەزموون دەکرد، دواتر گرنگی بە مێژووی ئەو نەخۆشییە داوە کە لە جەستەی نەخۆشەکاندا هەبووە و هۆکارەکانی بەرز بوون و نزمبوونەوەی، چۆنیەتی هەناسەدان و جۆری پیسایی و ڕشانەوە و پشکنینی هێز و توانای نەخۆشەکانی دەکرد و چارەسەری دەنواند بۆ ئەوەی جەستەی نەخۆشەکە بەرگریی و هێزی هەبێت، دواتر بەدواداچوون بۆ باری دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی نەخۆشەکە دەکرد، ئەوەش بۆ ئەوەیە حاڵەتە نهێنیەکان بزانرێت،

هاوکات جیاوازیی دەکرد لەنێوان ئەو نەخۆشییانەی نیشانەکانیان هاوشێوەن، دواتر پەیامێکی نووسی لەسەر نەخۆشیەکانی (سورێژە و ئاوڵە) ئەو پەیامەش دادەنرێت بە یەکەم هەنگاو لە مەنهەجی ئەزموونگەرایی، گرنگیەکی ئەوتۆی هەبووە بۆ دەستنیشانکردنی چەند و جۆری نەخۆشییەکە و چارەسەرنواندن بۆی، ئەو یەکەم کەس بوو دەزووی داهێنا بۆ دورینەوەی برینەکان، مەرهەمی جیوەی بەکارهێنا بۆ برینەکان، سەبارەت بە نەخۆشی منداڵان، نووسین و سەرەنجی تایبەتی هەبوو، دەرمانی خەوی بەکاردەهێنا بۆ نەخۆشەکان، نەخۆشیی سیلی چارەسەر دەکرد بە شیر و شەکر، ئەو لە ڕێگای بە هەڵمکردنەوە، چارەسەری زۆرێك لە نەخۆشیەکانی دەکرد، (ڕازیی) لەنێو دونیای پزیشکایەتیدا، جیا دەکرایەوە بە تێبینیە وردەکانی، بۆ زیاتر ئاشکراکردنی جۆری نەخۆشییەکان، نەخۆشەکەی لە نەخۆشخانە دەخەواند، بەردەوام پشکنینی بۆ دەکرد.

یەکێکی تر لە زانا ناودارەکانی جیهانی پزیشکایەتی (خلف بن العباس الزهراوی) ساڵی ٤٢٧ك/ ١٠٣٥ز کۆچی دوایی کرد، ناوبانگی ئەو زانایە کەمتر نەبوو لە ناوبانگی ڕازیی، ئەو نووسراو و تۆماری بەپێز و پڕ ئەزموونی هەیە، دیارترینیان کتێبە بەناوبانگەکەیەتی (الزهراوی)، هەر لە کۆی بەرهەمەکانی (التصریف لمن عجز عن التألیف)ە، کە ئەوەش لە گەورەترین و بەناوبانگترینی تۆمارەکانی زەهراویە، بەشێکی دیاری باس لە نەشتەرگەرییەکان دەکات، کە هەژمار دەکرێت بە گەورەترین خزمەت لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا.

ئەو زۆر بە وردی باس لە نەشتەرگەریی و چۆنیەتی نەشتەرگەریی دەکات، ناوبانگی دەرکردبوو بە گەورەترین نەشتەرگەر، بۆ ماوەی پێنج سەدە لە ئەوروپا سەرچاوەی یەکەم و جێی متمانە بووە لە نەشتەرگەرییەکاندا، دواتر وەرگێڕدرا بۆ زمانەکانی تر، زەهراوی جیاوازیی کردووە لەنێوان نەشتەرگەریی و بابەتە

پزیشکیەکانی تردا، بۆ ئەوەش گرنگی داوە بە پشکنینی توێکاریی، ئەوەشی بە بەشێکی گرنگ هەژمار کردووە لە زانستی پزیشکایەتیدا.

زەهراوی یەکەم کەس بوو نەشتەرگەری ئەنجامدا بۆ دەرهێنانی بەردی نێو میزەڵان، هاوکات کەرتوپەرتکردنی بەردەکان لە میزەڵاندا، ئەو زۆر سەرکەوتووانە نەشتەرگەریی بۆ (قورقوڕاگە) بۆری هەوا ئەنجام دەدا، توێژینەوەی هەبوو بۆ جومگەکان، دواتر ئامێرێکی داهێنا بۆ گەورەکردنی دەرگای ڕەحم بە نەشتەرگەریی، بۆ ئەوەش ئەو کچە پەرستارەکانی ڕادەهێنا و ڕێنومایی دەکردن لە کاتی نەشتەرگەرییەکاندا، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونەکان ئاسوودە بن، بەر لە نەشتەرگەریەکان، ئامێرەکانی نەشتەرگەریی (تعقیم) پاك دەکردەوە بە مادەیەکی شل ناودەبرا بە (الصفرا) وەك دیتۆڵ بە زاراوە و زانستی سەردەم، ئا لەو دەلاقەوە نازناوی (باوکی نەشتەرگەری)یان پێبەخشی.

(ابن سینا) بە سێهەم گەورە پزیشکی کەلەپووری ئیسلامی هەژمار دەکرێت، لە بەناوبانگترین کتێبەکانی (القانون)ە، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە زانکۆکانی ئەوروپا وەك وانە بە خوێندکارەکان دەوترایەوە، ئەو کتێبە سەرمایەیەکی بەپیتی لەخۆگرتووە لە زانیاریی و ئەزموونی پزیشکیی، کە لەپێش ئەودا کەس پەی بەو زانیارییانە نەبردبوو، ئەگەر ئەو کتێبە بەش بەش بکەی، بەراورد بە کتێبە پزیشکییە نوێکان، بەو جۆرەیە: توێکاریی، زانستی ئەرکی ئەندامەکان، جۆری نەخۆشییەکان، زانستی چارەسەر.

لە پاشماوە و بەرهەمەکانی (ابن سینا) لە پزیشکیدا، پێناسەیەکی وردیی کردووە بۆ هەوکردنی پێست، یان کاژی مێشك، جیاوازییەکی وردی باسکردووە لەمەڕ ئەو نەخۆشیە و هەر نەخۆشیەکی تر کە هاوشێوەی ئەو بێت، هاوکات جیاوازی کردووە لەنێوان فەلەج بونێك کە بە هۆکاری ناوەکی بێت لە مۆخی سەردا، لەوەی کە هۆکارەکەی دەرەکیە، بە وردی باسی لە هەوکردن و تەنگەنەفەسی و

ئازارەکانی سنگ بەگشتی کردووە، باسی جەڵدەی مێشکی کردووە کە بە هۆی فشاری خوێنەوەیە، زۆر بە وردی ئەو هۆکارانە باس دەکات کە بەردی نێو میزەڵان دروست دەکات، هەروەها جۆرە نەخۆشییەکی ترسناکی ئاشکرا کرد (الأنكلستوما) بە هۆی کرمێکەوە، کە لە ڕیخۆڵەکاندایە ناوی نابوو (الدودة المستديرة) کرمە چەماوەکە، نۆ سەد ساڵ پێش ئەوروپیەکان ئەو زانیارییەی ئاشکرا کرد، باسی نەخۆشی سیلی سییەکانی کردووە، پێناسەی زۆر لە نەخۆشیەکانی کردووە وەك نەخۆشییەکانی: پێست، زاوزێ، تێکچوون و هەڵچوونی دەروونی، بۆ چارەسەرکردنەکان هەندێك هۆکاری دەروونی بەکارهێناوە، دواتر باس لەو نەخۆشییانە دەکات کە بە هۆی ئاوی خواردنەوەوە دەگوازرێتەوە، هۆکاری ئەوەشی گێڕاوەتەوە بۆ جۆرە ئاژەڵێکی زۆر ورد، کە بە چاو نابینرێت و دەچێتە نێو جەستەی مرۆڤەوە بێئەوەی هەستی پێبکات.

لە بواری دەرمانکردنی چاو و نەشتەرگەری چاودا (عمار بن علي الموصلي) ساڵی ٤٠٠ك/ ١٠١٠ز کۆچی کرد، ئەو بە گەورەترین پزیشکی چاو و داهێنەر هەژمار دەکرێت لە کەلەپووری ئیسلامدا، لە کتێبەکەیدا (المنتخب في علاج أمراض العين) باس لە شەش جۆر نەشتەرگەریی چاو دەکات بۆ لابردنی ئاوی سپی، ئەوەی کە لە چاو دێتە خوار، لەمڕۆشدا هەمان ئەو ڕێچکەیە بەکاردێت.

مێژووی ئیسلام ژمارەیەکی زۆر پزیشکی لە سەرجەم بوارەکاندا بەخۆوە دیوە، لە وەها نووسراوێکدا بوار نیە ناو و بەهرە زانستیەکانی ئەوان بخەینەڕوو، بەڵام بۆ هەرکەس بیەوێت زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ناو و ناوبانگی پزیشکی ئەوان، با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (عيون الأنباء في طبقات الأطباء) لە نووسینی (ابن أبي اصيبعة).[١]

---

[١] بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە بڕوانە: لويس يونغ: العرب وأوربا، جەلال مەزهەر: أثر العرب في الحضارة الأوربية، عەقاد: أثر العرب في الحضارة الأوربية، د. ئەحمەد حەمەد عیسی: آلات الطب والجراحة والكحالة

بەڵام لە بواری زانستە کردارییەکان دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین زانستی ئیسلامی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەکارهێنان و پێکهێنانی ئاودێریی و میکانیك و باشکردنی پیشەسازیی شووشە و کاغەز و پاڵاوتن و خاوێنکردنی شەکر، گۆڕینی تیۆریای پزیشکی بۆ جێبەجێکردنی پراکتیکی توێکاری، ئەوان پێداچوونەوە و پوختکردنیان دەکرد بۆ ئەو زانیارییانەی کە یۆنانیەکان ئاشکرایانکردبوو لە زانستی پزیشکیدا بۆ دەستکەوتی زانستی، دواتر عەدەسەی چاویان داهێنا، ڕێگەچارەی زانستی و پراکتیکی جۆراوجۆریان دۆزییەوە بۆ ئەو حاڵەتە و گرفتەکانی، ڕێگەچارەیان دۆزیەوە بۆ ئەو مادە سەرەتاییانەی، کە چۆن پێکهاتە و گیراوەی لێبەرهەم بێنن لە پیشەسازییە هەمەجۆرەکاندا، پێشخستنی ئامێر و ئالیەتەکانی بازرگانی و گواستنەوەی کەرەستەکان، دواتر باروتی تەقینەوەیان دروستکرد، جۆرەکانی (سەعات) کاتژمێرەکان، هەروەها (القبة الفلكية) گومەز بۆ چاودێریی دیاردە و دیمەنەکانی ئاسمان و هەسارەکان و.. بۆ هەریەك لەو مەودا زانستییانە تۆماری تایبەت هەبووە، چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە.

بۆ ئامێرەکانی گواستنەوە موسڵمانەکان ناوێکیان دانابوو (الحيل) واتە: فێڵ، یان تەکتیك و تەکنیکی گواستنەوە، سەرەتا موسڵمانەکان ئەو زانستەیان لە یۆنانیەکانەوە وەرگرت، دواتر داهێنان و.. برەویان دا بە کەرەستەی گواستنەوەکان بە نەخشە و دیزاینی جۆراو جۆر، موسڵمانەکان ئەو زانستەیان کرد بە دوو بەشەوە، یەکەمیان بە ڕاکێشانی تەنە قورسەکان بە ئامێر و بە هێزێکی

---

عند العرب، د. عەبدولحەلیم مونتەصیر: تاريخ العلم ودور العلماء العرب في تقدمه، عومەر فەروخ: تأريخ العلوم عند العرب، قەدوری حافظ طوقان: تراث العرب العلمي في الرياضيات والفلك، د. یاسین خەلیل: التراث العلمي العربي، عەبدوڵڵا جەراری: تقدم العرب في العلوم والصناعات، حیکمەت نەجیب عەبدولڕەحمان: دراسات في تأريخ العلوم عند العرب، إدوارد براون: الطب العربي، د. تۆفیق طویل: العرب والعلم، دومەیلی: العلم عند العرب وأثره في تطور العلم العالمي، کارلو نللينو: علم الفلك، تأريخه عند العرب في القرون الوسطى، ماجید عەبدوڵڵا شەمس: مقدمة لعلم الميكانيك في الحضارة العربية.

سەرەتایی، دووەمش بەهۆی ئامێر و كەرەستەگەلێكەوە تایبەت بەوە دروستكرابوو،[1]– بڕوانە (آلات النقل) لە كتێبی (المنجد في اللغة الاعلام)  ئا لێرەدا كتێبێك دەبینینەوە (الأب وأبنائه الثلاثة) نووسینی (بنی موسی بن شاكر)، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (مەئمون)، باس لە فێڵ و پیشەسازیی ئەوان دەكات بۆ یەكەمین جار لە دروستكردنی كەرەستەی میكانیكیدا، نزیكەی سەد جۆر كەرەستەی میكانیكی و گواستنەوەی تێدا باسكراوە.[2]

بەشێوەیەكی گشتی بەرەنجامی موسڵمانەكان لە چەند و چۆنی كەرەستە میكانیكی و شێوازەكانی هەمەجۆر بووە، دیارترینیان: كاتژمێر، كێشانە و پێوانە،[3] ئامێرەكانی گواستنەوە[4]، مادده شل و تووانەوەكان[1]، ئامێرەكانی (رصد) چاودێریی[2]،

---

١ دراسات في تاريخ العلوم عند العرب: حیكمەت نەجیب عەبدولڕەحمان: زانكۆی موصڵ، ساڵی ١٩٧٧ز، ل٢٨٣.

٢ مفاتيح العلوم: خوارزمی: چاپخانەی الطباعة المنيرية/ قاهیرە، ل١٤١.

٣ بڕوانە: عەبدولڕەحمان ئەردەبیلی: خلاصة الذهب المسبوك، مكتبة المثنى، بەغداد، ل٢٨٧، ئیبن بەتوتە: تحفة النظار، المكتبة التجارية، قاهیرە ـ ١٩٦٤ز، ١/ ٥٥، كاظم تەمیمی، صفحات مشرقة من الحضارة العربية، دار الجاحظ، بەغداد ـ ١٩٨١ز، ل٦٢، سیغرید هونكە؛ شمس العرب تسطع على الغرب، ل١٤١، ١٤٢، كارلو نللینو: علم الفلك تاريخه عند العرب في القرون الوسطى، ڕۆما ـ ١٩١١ز، ل٣٠٧، قەدوری حافظ طوقان: العلوم عند العرب، (سلسلة الألف كتاب) قاهیرە، ل٣٦ ـ ٣٧، ١٤٢ ـ ١٤٣، ٢٠٢، حیكمەت نەجیب: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧ ـ ٢٨٨، حاجی خەلیفە: كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، ئەستانبول ـ ١٩٤١ز، ١/ ٩٠٦، ٢/ ١١١١، ٢/ ١٥٢١، د. ئەحمەد یوسف حەسەن: تقي الدين والهندسة الميكانيكية العربية، زانكۆی حەڵەب ـ ١٩٧٦ز، ل١٨، ٢٦، ٣٣، ٧٥، موحەمەد عەبدوڵڵا عەنان: تراجم إسلامية، مكتبة الخانجي، قاهیرە ـ ١٩٧٥ز، ل٢٧٦، عەبدولڕەحمان خازن: ميزان الحكمة، حيدرآباد الدكن، هیند ـ ١٣٥٩ك، ل١٠٣، د. عەبدولحەلیم مونتەصیر: تاريخ العلم ودور العلماء العرب في تقدمه، زانكۆی موصڵ ـ ١٩٧٤ز، ل١٥١.

٤ ئیبن ئەبی ئوصەیبیعە: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، دار الفكر، بەیروت ـ ١٩٥٧ز، ٢/ ٥٣، قەدوری حافظ طوقان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١ ـ ١٤٢، عەبدولحەلیم مونتەصیر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩، حیكمەت نەجیب: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢، د. جەلال شەوقی: تراث العرب في الميكانيكا، قاهيرة ـ

چەك و جۆرەكانی[3]، كەرەستەكانی یاری و خۆشگوزەرانیی[4] و خزمەتگوزارییەكانیش[5]، لە سەرجەم ئەو مەیدانانەدا پرشنگی دابویەوە، بەجۆرێك

---

١٩٧٣ز، لا٥٦١، تەقیەدین موقریزی: الخطط المقريزية، مطبعة الساحل، لوبنان ـ الشياح، ١/ ٥١، موحەمەد عەبدوڵلا عەنان: سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٨ ـ ٢٦٩.

١ ئەبو ڕەیحانی بەیرونی: الآثار الباقية من القرون الخالية، لا٢٦٢ ـ ٢٦٣، ئەحمەد یوسف حەسەن: سەرچاوەی پێشوو، لا٣٣، هونكە: سەرچاوەی پێشوو، لا١٢١ ـ ١٢٢، قەلقەشەندی: صبح الأعشى في صناعة الإنشا، چاپخانەی الأميرية، قاهیرە ـ ١٩٦٣ز، ٢/ ١٨٧، ليفي بروفنسال: الإسلام في المغرب والأندلس، وەرگێڕانی: د. مەحمود عەبدولعەزیز و موحەمەد سەلاح حیلمی، چاپخانەی نهضة مصر ـ، لا١٢٩، ئیبن بطوطة، سەرچاوەی پێشوو، ١/ ٥٥، ١٤١.

٢ هونكە: سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٥، ١٩١، عەبدولحەلیم مونتەصیر: سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٠، ئیبن حەجەری عەسقەلانی: الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، الدكن، الهند ـ ١٣٤٩ك، ٢/ ٣٠٨، عیمادەدین خەلیل: الإمارات الأرتقية في الجزيرة الفراتية والشام: مؤسسة الرسالة، بەیروت ـ ١٩٨٠ز، لا٤٥٦ ـ ٤٥٧، عەبدولحەلیم مونتەصیر: سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٩ ـ ١٤٠، ١٦٧، ١٦٩، ١٧١، حیكمەت نەجیب: سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠١ ـ ٢٣٣، مەسعودی: مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الأندلس، بەیروت ـ ١٩٦٥ز، ١/ ١٠٢.

٣ قەلقەشەندی: سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ١٤٥، د. مەحمود رزق سەلیم: الأشرف قانصوه الغوري، سلسلة أعلام العرب، دار مصر، قاهيرة، لا٩٦، د. عەبدولحەلیم مونەتصیر: سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٠، د. موحەمەد بەشیر عامری: التأثيرات الأندلسية العسكرية على اللغة الإسبانية والجانب الحربي الإسباني (توێژینەوەیەكی پێشكەشكراو بۆ ندوة الوجود العربي الإسلامي لە ئەندەلوس، زانكۆی موصڵ، ٦ـ ٧، كانون الأول، ١٩٩٢ز)، (بڵاونەكراوەتەوە).

٤ یاقوت حەمەوی: معجم البلدان، چاپخانەی ويستفلد، ليبزك ـ ١٨٦٧ز، ٢/ ٥٢٠، موقریزی: سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٩٥ ـ ٩٦ ـ ٩٧، ئەبو حەسەنی شابشتی: الديارات، لێكۆڵینەوەی گورگیس عەواد، چاپخانەی المعارف، بەغداد ـ ١٩٦٦ز، لا١٨٧، كاظم تەمیمی: سەرچاوەی پێشوو، لا٨٧ ـ ٨٨، ئیبن دانیال: خيال الظل، لێكۆڵینەوەی ئیبراهیم حەمادە، چاپخانەی مصر، قاهیرە ـ ١٩٦٣ز.

٥ ئیبن ئەبی ئوصیبعە: سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٦٤، سەلاحەددین صەفدی: نكت الهميان في نكت العميان، لێكۆڵینەوەی ئەحمەد زەكی، چاپخانەی الجمالية، قاهیرە ـ ١٩١١ز، لا٢٠٦ ـ ٢٠٨، عیمادەدین خەلیل: الإمارات الأرتقية، لا٥٠٦، پەراوێزی ژمارە ١، ماجد عبدالله شمس: الجزري رائد التطبيق الميكانيكي العربي، دار الجاحظ، بەغداد ـ ١٩٨٢ز، لا١٠١ ـ ١٠٦.

که نمایشی هێزێکی خەیاڵیی دەکرد، توانایەکی لەڕادەبەدەر لە داهێنان و جێبەجێکردندا، هەر ئەوەش زەمینەی ڕەخساندبوو چالاکیە زانستی و پراکتیکیەکان بەرەنجامی زیاتر بخەنە ڕوو.

لێرەدا تەنها بەسە ئاماژە بە کتێبەکەی (أبي العز اسماعيل بن الرزاز الجزري) بکەین بەنێو (الجامع بين العلم والعمل النافع في صناعة الحيل)،[1] یەکێکە لە تۆمارە گرنگەکان لە بواری میکانیکدا، ئەو نووسراوە بە تەواوی لەبەردەستدایە، وێڕای ئەوەی چەندین تۆمار و نووسراوی تر پەرش و بڵاو و ونبوون.

کتێبەکەش وەك ناوەرۆك و وەك ئەوەی ناونیشانەکەی ئاماژەی پێدەدات، لە دوو دەستەواژە دەدوێت (کار و پیشەسازیی)، بایەخ دەدات بە جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە میکانیکیە تایبەتەکان، ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا پێویست بووە بۆ کاروباری ڕۆژانە لەمڕۆدا ناودەبرێت بە: شێوازە زانستییەکان ئەوەی کە یاسا میکانیکیەکان ژێربار دەکات، وادەکات شتەکان جموجوڵ و ئەرکی پڕ سەیر و سەمەرە جێبەجێ بکەن، ئەوەی کە مرۆڤەکان پێی ئاشنا نین.

لێرەدا ئەندازێك دەچینە نێو ئەو کتێبە و چەند بڕگەیەکی لێوەردەگرین وەك بەڵگەنامەیەك لەسەر عەقڵیەتی موسڵمانان و بایەخدانی ئەوان بە هەردوو لایەنی چالاکی زانستی ئیسلامی: باوەڕ و ئەزموون، هەوڵی ئەوانیش بۆ ئاشکراکردن و داهێنان، دواتر گوڕو تیندان بە بەرهەمە پیشەسازییەکان، بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان ئاسان و جوانتر بێت.

ناوبراو پێشەکی کتێبەکەی دەستپێدەکات بە پەیوەستکردنی چالاکیە زانستیەکان بە باوەڕەوە، بابەتەکانی نێو ئەو کتێبە، بەڵگە و هێمان بۆ ئەوە کە

---

١ لێکۆڵینەوەی ماجید عەبدوڵڵا شەمس بە ناونیشانی: مقدمة الميكانيك في الحضارة العربية، بەشی یەکەم کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی پەرتووکی جەزەری بە ناونیشانی: الجامع بين العلم والعمل النافع في صناعة الحيل، زانکۆی بەغداد، سەنتەری إحياء التراث العلمي العربي ـ ١٩٧٧ز.

بیروباوەڕ فاکتەرێکی کارا و بەهێز بووە بۆ گوڕو تیندان بە چالاکیە زانستیەکان، ئەو ئاماژە بەوە دەکات، برەودان بە ڕەوتی زانست و پیشەسازیی، لە هەرە پێویستیەکانی باوەڕە، کە جەختی لەسەر دەکات، دەڵێت: سوپاس بۆ خودای دروستکار و داهێنەری ئاسمان، نهێنی و حیکمەتەکانی لەوێدا سپاردووە، ئەوە تەنها وێنەیەکە لە دەسەڵاتی ئەو، بەڵگەیەکی سەلمێنەرە لەسەر هێزی بێسنووری خودایی، سوپاسی دەکەم لەسەر ئەوەی وا دەیزانم، داوام وایە فەیزی نیعمەتەکانی بەردەوامیان بێت، نیعمەتی حیکمەت و دانایی، سوپاسەکانم شیاو بن بۆ هەندێك لە چاکە و منەتەکانی ئەو.

بەدوای ئەمەدا، دەستەواژەیەك دێت پڕ لە بەها و بایەخ و ئاماژە، هەرئەوەشە کە ئێمە مەبەستمانە و عەودالێنی، دەڵێت: گوزەرم کرد بەنێو کتێبی ئەوانەی پێش ئێستا نووسرابوون و ئەوانەی سەردەمیش، دواتر لە هۆکارەکانی ئەو کەرەستانەم کۆڵییەوە کە شتەکانیان پێ ئازوگوێز دەکردن لە کەرەستەکانی ئاو و کاتژمێر و گواستنەوەی تەنە قورسەکان بە ئامێرەکان، دواتر سەرەنجمدایە ئەو بابەتانەی کە تۆمارکرابوون لەوبارەوە، بۆ چارەدۆزی ڕۆژگارێك سەرقاڵبووم، دید و ڕای کۆن و نوێم تاوتوێ کرد، شوێنپێی ئەوانم ون نەکرد، هەوڵ و تەقالای بێبڕانەوەم دا، شەوەزەنگی بیرم بەجارێك ڕووناك بوویەوە، ئاگایی هەمەجۆر و بە بەهام دەستکەوت، سەرەنجمدا کۆمەڵێك زانا و دانای لێهاتوو بیر و ئاواتگەلێکی بێشوماریان هەبووە و تۆمارکردووە، بەڵام بۆ زۆرێك لەوانە بە ئاوات نەگەیشتبوون، بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕیەکان خەمسارد بوون، چونکە هەر زانستێکی پیشەسازیی گەر بەرجەستە نەکرێت، بەردەوام لەنێو بەرداشی ڕاست و ناڕاستیدا سووڕ دەدرێت، ئا لەوێدا نووسراوگەلێکی لێکدابڕاو و پەرتەوازەم یەکخستەوە، هەرچیش ئەوان بەڕاست و دروستیان زانیبوو زانستیانە بەش بەشمکرد، لەوانە هونەر و بەهرەی زۆرم لێهەڵێنجا، دواجار بۆ ئەوەی هەوڵ و تەقالاکانم بەزایە نەچن،

هەست و نەستم پێی گەیاندم، ئەو هونەر و ئەو بەهرانە دەبێت نەوەکانی تر لێی بەهرەمەندبن و بیزانن.

لێرەدا بەوە دەگەین (جەزەری) سەرەتای کارەکانی بە خوێندنەوەی کتێب و تۆمارەکانی پێش خۆی دەستپێکردبوو، لە کەرەستەکانی گواستنەوە و میکانیکدا، هێندەی نەبرد بە هۆی شارەزایی و ئەزموونی پێش خۆی توانی کەموکورییەکان بدۆزێتەوە و چارەسەریان بکات و زیادەکاری بکات لەوەی وائەوان دایانهێنابوو، تەنها لە هەنگاوی یەکەم، یان لە هەواڵ و نووسراوێکەوە قەتیس نەمێنێت، بەڵکو بۆ ئەزموونکردن، ئەزموونی کرداری، جەزەری ڕاشکاوانە ئەوە دەڵێت: پێشینەکانمان هونەر و بەهرە و ئاواتی زۆر لە خولیای هزر و بیریاندا هەبووە، بەڵام ئەوان هەر مابوونەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا لە هەردوو مەودای پراکتیزە و تیۆریدا دواتر کەمو و کورتی و هەڵەکانیش هەروەك خۆی مابوونەوە، هەر خاوەن زانیاریەك، گەر ئەزموونی کرداری نەکات بۆ زانیارییەکەی، بەردەوام لەنێوان بەرداشی ڕاستی و ناڕاستیدا سووڕ دەخوات، لێرەدا جەزەری بەرپرسیارێتی لەئەستۆگرت لەمەڕ ئەزموونەکانی ئەوان دەبێت بەرەنجام بۆ ئەوانە هەبێت، هەربەوەش نەوەستا، بەڵکو هونەر و بەهرەی تری پێگەیاندن.

لێرەدا بەپێویستی زانی هەرچی کراوە و کردووە، بۆ ئەوەی بەزایە نەچێت، تۆماری بکات، بۆ ئەوەی نەوەکانی دواتر بیزانن و بەهرەی لێبەرن، زانا موسڵمانەکان ئەوەیان بە هەند وەرگرتبوو، تەنها زانیاریەکانیان پەیوەست نەدەکرد بە چۆن کارپێکردنی، یان بیردۆزەکان بە پراکتیکی بکەن، بەڵکو دەبوو لەوێدا خوێندنگا هەبێت، خوێندکار هەبێت، هەتا زانیاریەکان برەو پێبدرێت و بڵاوببێتەوە دواتر ئەزموونە ئەزموونکراوەکان کۆبکرێتەوە.

جەزەری لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە دەکات بە بنەماگەلێکی بنەڕەتی بۆ زانستە ئەزموونکراوەکان: سودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشینەکان، هەوڵدان بۆ

تاوتوێکردن و ئەزموونکردنی ئەو ئەزموونانە، دواتر بۆی زیاد بکرێت و باشتر بکرێت، ئەوجا بڵاوبکرێتەوە لە ناوەندەکاندا.

هەرچەندە ئەو لە پێشەکیەکەیدا ڕاڕاییەکی خۆی باس دەکات لەمەڕ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بە بەهانەی ئەوە سەربکێشێت بۆ ڕەخنە و ڕەدکردنەوە و چی و چیتر، زانایانیش کەم تا زۆر وتوویانە سەبارەت بە تۆمارەکەی جەزەری، کاتێکیش کە هەواڵ و ناوبانگی زانستی و هونەری تۆمارەکانی جەزەری گەشتە لای پاشا ئەرتەقی (محمود بن قرا أرسلان) فەرمانڕەوای دیاربەکر، جەزەری هەندێك لە بەرهەمە دەستیەکانی خۆی خستەڕوو بۆ پاشا، ئەویش سەرسامبوو بەو بەرهەمانە پێشنیازی بۆ کرد دەبێت ئەوانە تۆمار و بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی نەمان و تیاچوون پارێزراوبن، بۆیە پێی وت: ماندووبوونت بەفیڕۆ مەدە. پێمباشە هەموو ئەوانە تۆمار بکەیت و وێنەکێشیان بۆ بکەیت، (جەزەری)ش داخوازیەکەی پەسەندبوو هەستا بە نووسین و تۆمارکردن، ئەو دەڵێت: لەو کارەمدا هەندێك کردەی لەڕادەبەدەر و زانیاری ورد و داهێنانم هەبوو، نەمزانیبوو پێشتر وەها زانیاری و داهێنانێك لای کەس تۆمارنەکراوە.

ئەوەی کەوا مەبەستمانە لێرەدا ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت (شێوەگەلێك بوون نەمزانیبوو پێشتر وەها زانیاری و داهێنانێك لای کەس تۆمارنەکراوە)، یان (لە بیردۆزی سەر کاغەزەوە بۆ پراکتیزەکردن)، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (ابن الرزاز) چەندە لە هەوڵی داهێنان و جێبەجێکردنی بیردۆزەکاندا بووە، هیچ کەسیش پێشتر پەی پێنەبردووە، ئەو هەڵمەتبردنە بۆ تازەگەرایی ناوکرۆکی چالاکی زانستە عەمەلیەکانە و فاکتەری سەرەکیشە لەو نێوەندەدا، دواتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت دەسەڵاتی سیاسی لەو دەمەدا چەندە چالاکبووە لە هەڵنان و پاڵپشتیکردنی ڕەوتی زانست، هەرچەندە ئەوەش دیاردەیەکی زانراو و باوبووە لە مێژووی موسڵماناندا، هەردەم بەپەرۆشبوون بۆ بەهێزکردنی جموجوڵە زانستیەکان.

پاشان ئاماژە بەوە دەكات كتێبەكەی پەنجا جۆر شكڵ و شێوازی لەخۆگرتووە، ئەوەشی كردووە بە شەش بەشەوە بەگوێرەی ئەرك و شێوازە میكانیكیەكەی، بە وردی باس لە ئەرك و وردەكاریەكانی هەر بەشێك لەو بەشانە دەكات، بەدەر لەوەی وردەكاری زمانەوانی و.. ئەودەستەواژە زانستیانەی كە تایبەتە بە هەر بەشێك لەو بەشانە لە شوێنی خۆی داناوە، چونكە پێشتر ئەو زاراوانە تێكهەڵچووبوون و ئاڵۆزیی پێوە دیاربوو، ئەو كارێكی كرد گونجان لەنێوان زاراوەكان و داهێنراوە نوێیەكاندا بسازێنێت، ئەو دەڵێت: زاراوە عەجەمیەكانم بەكارهێنا ئەوەی كە زاناكانی پێشینە بەكاریان هێنابوو، هاوكات زاراوەگەلێكی تریش كە واقیع ئیجابی دەكرد، دواتریش هەمان ئەو زاراوانە بەكارهات و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە، چونكە بۆ خەڵكی هەر سەردەمێك شێوە زمانێكی تایبەت هەیە، بۆ هەر كۆمەڵێكیش لە زاناكان دەستەواژەی زانراو و ناسراو هەیە لەنێوانیاندا، هەروەها ئەوەی لەبیرنەكردووە بۆ هەر دەستەواژەیەك وێنە و شێوەیەكی داناوە هەتا خوێنەر بە سانایی مامەڵە لەگەڵ دەستەواژەكاندا بكات، لە زەین و بیردا بەئاسانی لێكدانەوەی بۆ بكرێت.

گرنگتر لەوەی كە باسی لێوەكرا لەسەر ئاستی بابەتە زانستیەكان، موسڵمانەكان لەسەر ئاستی پرۆگرام داهێنانی جۆرییان خستەڕوو، ئەوان بە عەقڵ و دەستیان دابونەریتەكانی پرۆگرامی توێژینەوەی زانستیان چەسپاند، ئەوەش وەك پێویستییەك بۆ توێژینەوە زانستیەكان، هیچ كەس ناتوانێت نكوڵی ئەو ڕۆڵە بكات كە گێڕای لەو مەیدانەدا، بێگومان لەپێشترینیان ئەو هەنگاوە پرۆگرامیە هەستیارە بوو كە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەكات و بانگەشەی بۆ دەكات، وێڕای ئەوەی قورئانی پیرۆز، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە پەردە لادەن لەسەر نهێنیە شاراوەكان، ئەوەی كە ژێربارکراوە و دانراوە بۆ خزمەتكردنی مرۆڤەكان، قورئانی پیرۆز ئەوەشی هەژمار كردووە بە (عیبادەت) بەندایەتی و نزیكبوونەوە لە خودای

مەزن[1]، ئەو وێڕای ئەوەی ئەو دوو فاکتەرەی بە گەورە و گرنگ باسکرد، بەدەر لەوە، هۆکارێکی تر زیاد دەکات وەك پێویستییەك بۆ واقیعەکە، ئەویش ژینگەی ئازادە، ئەوەش توێژەرەکانی والێکردبوو ئەسپی خۆیان تاو بدەن و هەست بە هەر جۆرە فشارێك، یا دەست بەسەرداگرتنێکیان نەکردووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە واقیعی ئەوروپادا هەبوو، لەو ڕووەوە وەك گەواهیدان دەکرێت ئاماژە بە ڕاو شەهادەی چەندین پیتۆڵ و بیرمەندی ڕۆژئاوا بکەین لەمەڕ ئەو بەرەنجامە زانستی و مەعریفیە گرنگەی کە موسڵمانەکان بەدەستیان هێنابوو، ئەوەش خۆی لەخۆیدا پەیامێکی ڕوون و واتاداری هەیە.

(دومییلی) ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی، ئەوەی کە هەموو ژیانی تەرخانکردبوو بۆ ناسینی مێژووی زانستەکان، سەبارەت بە کتێبەکەی ابن الهیثم (المناظر) دەڵێت: ئەو کتێبە کاریگەریەکی قووڵی جێهێشتووە لە واقیعی ئەو زانستەدا، نەك هەر هێندە، بەڵکو لەم دواییانەدا فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ توێژینەوە و کارەکانی (ڕۆجەر بیکون) (Roger Bacon) لەومیانەدا.[2]

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (ئارنست بانرث) دەڵێت: گومان لەوەدا نیە شارستانیەتی ئیسلامی لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا گەیشتبووە ئاستێکی باڵا، بەجۆرێك بڵند بووبوویەوە هیچ گەل و نەتەوەیەکی تری پێنەگەیشتبوو، بێگومان ئەو هەڵکشانە، بەرهەمی هەوڵی چڕ و بێوچان بووە لە هەموو گۆشەکانی زانست و ڕۆشنبیری و سەلماندنی بەشێوەیەکی کرداری،[3] دواتر دەڵێت: بۆ جارێکی تر شنەبایەکی نوێ هەڵیکرد بەسەر ئەوروپادا، چونکە ئەوروپیەکان زۆرباش دەیانزانی ئەو ڕێچکە

---

[1] بڕوانە: بەشی یەکەم و چوارەمی ئەم پەرتووکە.

[2] العلم عند العرب، وأثره في تطور العلم العالمي، وەرگێڕانی د. موحەمەد یوسف موسی و د. عەبدولحەلیم نەجار، دار القلم، قاهیرە ـ ١٩٦٢ز، لا٢٠٦ ـ ٢٠٧.

[3] تأثیر الفلسفة الإسلامیة في تطور الفکر الأوربي، سیمینارێکبوو لە زانکۆی موصڵ پێشکەشکرا ساڵی ١٩٥٥، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی مامۆستایان، موصڵ ـ ١٩٥٥ز، لا٨ ـ ٩.

زانستیانەی کە عەرەبەکان کاری لەسەر دەکەن گونجاوترە بۆ ناسینەوەی ڕاستیەکان لەو نەریتە تەقلیدیەی کە چەندین سەدەیە ئەوان پێیەوە ئالوودە بوون[1]، یەکەم کەس کە ئەو ڕێچکەیەی شکاند و نەریتی موسڵمانەکانی ئەزموونکردەوە قەشە (ڕۆجەر بیکون) بوو لە ئینگلتەرا، تەنانەت ئەمڕۆش زانا سروشتناسەکانی ئەوروپا پێزانینی خۆیان دەردەبڕن لەمەڕ ئەو ئەزموون و ئالیەتەی کە موسڵمانان خستیانە گۆڕەپانی زانستەکانەوە، بووە مایەی پێشخستنی زانستەکان لە سەرجەم مەیدانەکاندا.[2]

توێژەری ئەمریکی (میلر بروز) دەڵێت: موسڵمانەکان لە چەرخی زێڕیندا – واتە: لە سەردەمی عەباسیەکاندا  تێکڕای بنەماکانیان دانا بۆ زانستەکانی سەردەمی ئێستە.[3]

نووسەری ئەمریکی هاوچەرخ (وڵ دیوڕانت) دەڵێت: زانستی عەرەبەکان لە زانستی کیمیاوە سەرچاوە دەگرێت، بە ئەزموونی پراکتیکی گەشەی کرد، ئەوەش خۆی لەخۆیدا لە گرنگترین ئامێرەکانی عەقڵی سەردەمە و شانازیی پێوە دەکات، کاتێك کە (روجر بیکون) ئەو زانست و ئەزموونەی گەیاندە ئەوروپیەکان، شاد و سەرسامبوون، کە پێشتر (جابری کوڕی حەییان) بەر لە پێنج سەد ساڵ ئاشکرای کردبوو، ئەوە خۆی لەخۆیدا ڕووناکیەك بوو لە (ئەندەلووسەوە)، سەرجەم ڕێچکەکانی ڕووناك کردبویەوە، ئەوەش تەنها پریشکێك بوو لە دەریایەك ڕووناکی لە ڕۆژهەلاتی موسڵمانەکانەوە.[4]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو: لا٩٧  ١٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو: لا١٠  ١١.

[3] الثقافة الإسلامية والحياة المعاصرة: موحەمەد خەلەف الله، بحوث ودراسات إسلامية: دانانی کۆمەڵێك توێژەر، کۆکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسین: موحەمەد خەلەف الله، چاپی دووەم، لا٤٢.

٤ قصة الحضارة : چاپی دووەم، ١٣/ ١٩٦.

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بەناوبانگ (فرانز روزنسال)، سەبارەت بە چالاکی زانستی و جێبەجێکردنەکانی موسڵمانان لە گۆڕەپانەکەدا دەڵێت: گەورەترین خزمەت و داهێنانێك کە موسڵمانان ئەنجامیان داوە لە میانەی چالاکیە فیکریەکاندا، زانستە ئەزموونکراوەکانە، ئەوەشیان دەوڵەمەند کردووە بە سەرەنج و تێبینی و تاقیکردنەوەکانیان، ئەوان بەردەوام بە تێبینی و پوختکردن و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەکانیان، چالاکی و ئەزموونی سەرەنجڕاکێشیان تۆمار دەکرد لە گۆڕەپانی زانستەکاندا.[١]

مێژوونووسی بەناوبانگی ئەمریکی (جورج سارتون) دەڵێت: زانا عەرەبەکان بارودۆخێکیان فەراهەمهێنا، ئێمە لەمڕۆدا –کوڕانی ڕۆژئاوا  لە پەنا ئەوەدا بتوانین بۆ خۆمانی پێکەوە بنێین، دابونەریتێکی ڕۆشنبیری کە پێشتر هیچ گەل و نەتەوەیەك وەها کلتوورێکی پێنەگەیاندووین.[٢]

ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (لویس سیدیو) دەڵێت: قوتابخانەی بەغداد هەر لە سەرەتاوە دیاردەیەکی زانستی بوو، زانست باڵی کێشابوو بە سەر هەموو گۆشە و بەشەکانیدا، نەریتی مامۆستاکان وابوو بەردەوام لە شتە دیار و زانراوەکانەوە دەچوون بۆ نادیار و نەزانراوەکان، ئەوان وردبینانە سەرەنجیان دەدا لە ڕووداو و دەرکەوتەکان بۆ ئەوەی زانیارییەکان و هۆکارەکان یەکبخەن، ئەوان تەسلیم بە هەرشتێك نەدەبوون گەر ئەزموون نەکرایە، عەرەبەکان لە سەدەی نۆهەمی زاینیدا خاوەنی ئەو پرۆگرامە بەپێز و بەپیتە بوون، لە دوای ئەو بەرەبەیانە، ئیتر ئەو

---

١ مناهج العلماء المسلمين في البحث العلمي: وەرگێڕانی د. ئەنیس فەریحە، دار الپقافە، بەیروت ـ ١٩٦١ز، لا١٥.

٢ کویلر یونغ: الشرق الأدنی: مجتمعە وثقافتە، نووسینی کۆمەڵێك توێژەر، داڕشتنەوەی: کویلر یونغ، لا١٦٠ ـ ١٦١.

ئەزموونانە کەوتە دەست زاناکانی سەردەم، ئەوانیش جوانترین داهێنان و تەکنەلۆژیایان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد.[1]

توێژەرە بەناوبانگە ئیتالیەکە (لورا فاغلیری) دەڵێت: ئایا عەرەبەکان یەکەم کەس نەبوون ڕێبازی ئەزموونگەراییان داهێنا، بەرلەوەی (بیکون) ئاماژە بە گرنگیەکەی بکات بە ماوەیەکی زۆر؟ کیمیا پێشکەوت، زانستی گەردووناسی، بڵاوکردنەوەی زانستی ئیغریقیەکان، تۆکمەکردن و توێژینەوەی پزیشکایەتی، دەرخستنی یاسا جۆراو جۆرەکانی، فیزیا، ئایا ئەوانە لە کلتوور و بۆماوەی عەرەبەکان نەبوو؟[2]

بیرمەندی ئەڵمانی (لیوبولد فایس) ناسراو بە (محمد أسد) دەڵێت: شار و نیشتەجێ موسڵمانەکان زۆر لە داهێنراو و پیشەسازیی و هونەر و ئەوەی کە لە شۆڕشی پیشەسازیدا ڕۆڵی هەبووە، گەیاند بە ئەوروپا، زیاترلەوەش خودی بنەما بنەڕەتیەکانی ئەو ڕێچکە زانستییانە بوو، ئەوەی کە لەمڕۆدا زانستی نوێ و شارە نوێکە متمانەی دەخاتە سەر. [3]

نەشتەرگەر و مێژوونووسی پزیشکایەتی پرۆفیسۆر (فورغ) دەڵێت: عەرەبەکان هەر لە بنەڕەتدا بڕیاری ئەوەیان دابوو دەبێ زانست لەسەر کۆمەڵە بنەما و ڕێچکەیە ڕەوتی خۆی بەرێکا، هەر چمکێك لە زانستەکان ناکرێت قبولْ بکرێت کە ئەوە حەقیقەتی ڕەهایە، هەر دەبێت ئەزموون بکرێت لە تاقیگەکاندا و سەلمێنرا بێت،

---

١ تأريخ العرب العام: وەرگێڕانی، عادل زوعەیتر، دار إحياء الكتب العربية، قاهیرە ـ ١٩٤٨ز، لا٣٩٢.

٢ دفاع عن الإسلام: وەرگێڕانی مونیر بەعلەبەکی، دار العلم للملايين، بەیروت ـ ١٩٧٦ز، چاپی سێهەم، لا١٣٠ ـ ١٣١.

٣ الطريق إلى مكة، لا٣٧٥.

هەر لە سەرەتای چەرخی یازدەهەمی زاینیەوە، ئەوان سەلماندیان خاوەن ڕێبازێکی زانستی ڕاست و دروستن.[1]

ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (کارادی فو) دەڵێت: دابونەریتە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ئیسلام، سەرجەم گۆشە و بەشەکانی زانستی تەنی بوو، ڕۆحی زانستی ئەوان بەجارێ لە هەڵمەت و جوڵەدابوون، ئامادەبوون بۆ داهێنان لەوەی وا دێت.[2]

(کلود کاهین) دەڵێت: موسڵمانەکان حەزێکی شێتانەیان هەبوو بۆ تاقیکردنەوە، ئەو پێشکەوتنە زانستیە یەك لە دوای یەکانە ڕادەی ئەو شەیدابوونەی ئەوانی دەرخست، ئەو زانستەی کە عەرەبەکان تۆماریانکرد بۆ پاش خۆیان، زانستێکی جێبەجێ کراوبوو لە ژیانی ئەواندا، هەر ئەوەش بوو مانەوە و ژیانی بەردەوامی پێبەخشی، گەر بڕوانی لە زانایەکی وەك (ڕازیی) چۆن بەردەوام توانا زانستیەکانی وەگەڕدەخست بۆ خزمەت بە زانست و دەوروبەر، نەك هەر ئەو، بەڵکو ئەو ڕۆحیەتە لای زۆرێك لە زانا و بیرمەندەکانی سەدەی ناوەڕاست هەبووە.[3]

ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری بەریتانی (هاملتۆن) دەڵێت: زانا موسڵمانەکان زۆر لێهاتووانە مەیدانە زانستیە تاقیگەییەکانیان فراوان کردبوو، زیاترلەوەی کە زاناکانی یۆنان و ئەسکەندەریەکان کردبویان، هەموان بەجۆرێك یەکدەنگن لەوەدا، هەر فەزڵ و پێزانینێك لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانەکان، چونکە ئەوان بە هەوڵ و

١ لوثروب ستودارد: حاضر العالم الإسلامي، وەرگێڕانی جاج نویهض، دار الفكر، بەیروت ـ ١٩٧١ز، چاپی سێهەم، ١/ ١٣٤ ـ ١٣٥.

٢ تراث الإسلام: سەرپەرشتی تۆماس ئارنۆڵد، وەرگێڕانی جەرجیس فەتح الله، دار الطليعة، بەیروت ـ ١٩٧٢ز، چاپی سێهەم، ل٥٦٣ ـ ٥٦٥.

٣ تأريخ العرب والشعوب الإسلامية، وەرگێڕانی د. بەدرەدین قاسم، دار الحقيقة، بەیروت ـ ١٩٧٢ز، ١/ ٣٢٩ ـ ٣٣٠.

توێژینەوە چالاکیە مەعریفیەکانیان تاودا، ئەوان بوون ڕێبازی ئەزموونگەراییان داهێنا و ڕچەیان بۆ ئەوروپیەکان شکاند.[1]

بیرمەند و ڕەخنەگر (روم لاندو)، ئەو گوتەیەکی (بریفو)مان بۆ دەهێنێت لە کتێبەکەیدا (تکوین الإنسانیة)، دەڵێت: لەڕاستیدا زانست لە دیارترین ئەو خزمەتانەیە کە شارستانیەتی عەرەبی پێشکەشی کردووە بە جیهانی نوێ، ئیغریقیەکان ڕێکیانخست، گشتگیریانکرد، بیردۆزەکانیان دانا، بەڵام ڕۆحیەتی توێژینەوە و تەپەدانی زانستی ئەزموونکراو، ڕێچکە زانستیە وردەکان و تێبینیە بەردەوام و درێژخایەنەکان، شتێکی نامۆبوو بە نەریت و کرداری ئیغریقیەکان، هەر فەزڵ و پێزانینێك لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکان، چونکە ئەوان بوون ئەو زانستانەیان گەیاند بە ئەوروپیەکان، تەنها بە وشەیەك بڵێین زانستی ئەوروپی ئا بەو شێوەی کە هەیە قەرزاری عەرەبەکانە.[2]

ڕۆژهەڵاتناس و بیرمەندی فەڕەنسی (گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: عەرەبەکان کاتێك کە خوێندکاربوون و متمانەیان لەسەر کتێب و نووسراو و تۆماری یۆنانیەکان بوو، دەرکیان بەوەکرد ئەزموونکردنی هەر بیردۆزێك باشترە لە باشترین کتێب، هەرچەندە ئەو ڕاستیە شێوێنرا و ئاشکراکردنی چەندین زانیاری ئەزموونکراو درایەپاڵ هەندێك لە زاناکانی ئەوروپا، بەڵام ڕاستیەکەش وەهایە پاش هەزار ساڵ ئەوجا زاناکانی ڕۆژئاوا گەیشتن بە بیر و بۆچوون و ئەزموونەکانی ئەوان، دواجار هەردەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین، ئەوە عەرەبەکان بوون یەکەمجار ئەوەیانکرد، سەرجەم ئەو زانایانەی کە لێکۆڵینەوەی لە تۆمار و نووسراوی عەرەبەکانی کردبێت

---

١ الإتجاهات الحدیثة في الإسلام: وەرگێڕانی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، المکتب التجاری، بەیروت ـ ١٩٦١ز، لا٣٤ ـ ٣٥.

٢ الإسلام والعرب، چاپی دووەم، لا٢٤٥ ـ ٢٤٦.

هەمان ڕاو ڕاستی دەدرکێنێت[1]، (لۆبۆن) بۆ جارێکیتر دەڵێت: زۆر نهێنی گەورە و گرنگزانرا بەهۆی مەنهەجی ئەزموونگەراییەوە، زاناکان ئەوەشیان لە ماوەی سێ تا چوار سەدەدا ئەنجامدا، لەکاتێکدا ئیغریقیەکان ڕۆژگارێکی زۆر لەوە زیاتریان تێپەڕاندا[2]، زانا عەرەبەکان یەکجار باڵادەستبوون بەسەر زانستە ئەزموونکراوەکاندا.[3]

پزیشك و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (مایرهوف) داخ و پەژارەیەکی زۆر دەردەبڕێت بۆ ونبوون و لەناوچوونی نووسراوەکەی کیندی (المجموعة الكاملة لآثار الكندى العلمية)، بەڵام ئەو بەشەی کە بەئێمە گەیشتبووە (بصرياته) بە تەرجەمە لاتینیەکەی، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر (رجر بيكن) و چەندین زانای تر لە ئەوروپا.[4]

توێژەری ئەڵمانی (زيغريد هونكه) هەموو ئەوانە کۆدەکاتەوە لە وتەیەکیدا: عەرەبەکان بە ئەزموون و توێژینەوەکانیان پێشکەوتنێکی گەورەیان دا بە مادە خام و سەرەتاییەکانی ئیغریقیەکان، بەپێکهاتەیەکی نوێ پێکیان هێنایەوە، لەڕاستیدا ئەوان ئەوە بوون ڕێچکەی توێژینەوە زانستیەکانیان داهێنا، بەرەنجامە زانستیەکانیش هەر بەو ئەزموونانە دەسەلمان، لەنێو زانا ئیغریقیەکاندا حەزی توێژینەوە و گەڕان بە دوای وردەکاریەکاندا هەبوو تاکو بگەن بە ڕاستیەکان، بەڵام زۆربەی کات ئەوان پابەندی ڕاو بیردۆزەکان دەبوون، بەڵام ئەزموونکردنی توێژینەوە زانستیەکان تەنها لای عەرەبەکان جێبەجێ دەکرا، ئەوان عەودالّی ئەزموونی پراکتیکی بوون متمانەی دەرەنجامەکانیان لەسەر ئەزموونکراوەکان بوو،

---

١ حضارة العرب، چاپی سێهەم، لا٤٣٥.

٢ هەمان سەرچاوە: لا٤٣٧.

٣ هەمان سەرچاوە: لا٤٣٧.

٤ تراث الإسلام: لا٤٦٠.

هەنگاوەکانیان تێدەپەڕاند لە بەشەکانەوە بۆ گشتییەکان، ئیتر لە ناوەندەکاندا تاکە متمانە لەسەر مەنهەجی بەرهەمهێنراوبوو، تاکە ڕێگایەکی زانستی ئاسان و تەندروست بوو بۆ توێژەرەکان، زانستە ڕاست و سەلمێنراوەکان لەو نێوەندەدا بەرەنجام و بەرهەمهێنراوی چەندێتی هەوڵ و تەقالاکان بووە، بە بەراوردکردن و تێبینی و ئارامگرتنێك بەدەر لە هەر بێزاربونێك، هەربەو ئەزموونە زانستیانە کە نایەتە ژماردن، عەرەبەکان تێکڕای بیردۆز و بنەما و ڕاو بۆچوونە زانستیەکانیان جار لە دوای جار تاقیدەکردەوە، لەو دەلاقەوە هەندێکیان بە ڕاست دەزانی، هەندێکی تریش هەڵە بوون، ڕاستیان دەکردەوە، دواتر بەدیلیان بۆ هەڵەکان دادەنا، سەربەستانە لە فیکر و لە توێژینەوەکاندا ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، لەسەر ئەو بنچینەیە ڕێیان تەی دەکرد و هەنگاوی گەورەیان نا، دواتر ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر بیرمەند و زاناکانی ڕۆژئاوا، وێنەی (رۆجەر باکون، ماکنوس، فینلیو، دافنچی..)، عەرەبەکان دانەری ڕێبازی ئەزمونگەرایین لە کیمیا، سروشت، حیساب، جەبر، زەمینناسی، سێگۆشەکان، کۆمەڵناسی، وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە ئاشکراکردن و داهێنان لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا، زۆرێك لەوەی باسی لێوەکرا دزران، هەندێکی تریش لابەلا درانەپاڵ کەسانی تر، عەرەبەکان گرانترین دیارییان پێشکەش بە توێژینەوە زانستیەکان کرد، ئەوەی کە ئەمڕۆ زەمینەی ساز و لەبارکردووە بۆ ڕۆژئاوا ئەسپی خۆی تاوداو نهێنیەکان ئاشکرا بکاتەوە و هەژموونی تەواوی هەبێت بەسەریدا.[1]

موسڵمانەکان توانیان ئەو پەیوەندی و گرێیەی کە هەبوو لەنێوان هەندێك لە زانستەکاندا داڕنن، وەك جیاکردنەوەی فەلەك لە کیمیا و ئەو پەیوەندیەی کە دروست کرابوو لەنێوانیاندا، دواتر بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەبرا بۆ خورافە و ئەستێرەگرەوە و سیحر و شتی ناعەقڵانی، ئەوانە هەموو بگێڕنەوە بۆ ڕێڕەوی

---

١ شمس العرب تسطع على الغرب: ل٤٠٠ ـ ٤٠٢.

تایبەت و دروستی خۆی، بۆ پرۆگرامی زانستی، کە ڕۆڵی خۆی ببینێت و ئامانجەکانی بپێکێت، ئەم بینشە زانستە کرداریە زیاتر لە بۆچوونەکانی (ابن خلدون)دا دەردەکەوێت، وەك لە (مقدمة)کەیدا ئاماژەی پێدەکات: ئەستێرەگرەوەکان وادەزانن ماهیەتی بونەوەرەکان دەزانن، کاتێك کە لە قۆناغە سەرەتاییەکەدان،[1] واتە: بەرلەوەی ڕوو بدەن، یان بەرجەستە بن، گوایە ئەو زانیارییانە لەڕێی هەسارەکانەوە دەزانن و کاریگەریی ئەوان لەسەر ئەو ڕەگەزانەی کە سەرەتای بونیانە چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ،[2] ئا بەوەش بارودۆخی گەردوون و هەسارەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات لەنێو بوونەوەرەکاندا. [3]

(ابن خلدون) بە ڕەهایی ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لێبێت) وەها کارێکیان کردبێت، ئەو پاش ئەوەی گوتەکانی (بطليموس) و قوتابیەکانی دەخاتەڕوو لەو میانەدا، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بە بەڵگە و سەلماندنی عەقڵی، دواتر دەگاتە ئەوەی بڵێت: کاریگەریی هەسارەکان لەسەر ئەوەی کە لە خوار هەسارەکانەوەیە تەنها درۆ و چەواشەکاریە.

هەر لەو ڕوانگەوە (ابن خلدون) ئەزموونە کیمیاییەکان ڕەد دەکاتەوە، ئەڵبەت نەك وەك ئەو ئەزموونەی کە لە تاقیگەکاندا بەدەسهاتووە بە درێژایی کات، بەڵکو بەو مانا سەیر و جادوییەی کە لە کۆندا باوبووە و وتراوە: کانزا بێکەڵك و خراپەکان  بە ئاڵوگۆڕی کیمیایی– دەگۆڕرێت بە کانزای بە کەڵك و گرانبەها، ئەو خورافەیە هیچکام لە زاناکان باسیان لێوەنەکردووە و لە کتێبەکانیاندا ئەو ڕێوڕەسمەیان

---

١ مقدمة إبن خلدون: لێکۆڵینەوەی د. عەلی عەبدولواحید وافی، چاپخانەی لجنة البيان العربي، قاهیره ـ ١٩٦٢ز، ٤/ ١٢٠٧.

٢ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٠٧ ـ ١٢٠٨.

٣ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٠٧ ـ ١٢١٢.

تۆمار نەکردووە، بەڵام هەتا ئەمڕۆش هەوادارانی هەر باسی لێوە دەکەن، لە هەر گریمانەیەکیشدا گەر ئەوە ڕاست بوایە دەبوو قوتابیەکەی، نەوەکەی، هاوەڵەکەی، بیزانیبایە، یان لە پاش خۆی هاوەڵ و دۆستەکانی ئەو پیشەیان ون نەدەکردایە و درێژەیان پێدەدا و دواتر دەگەیشت بە نەوەکانی تر، ئا لەو ڕووەوە هەرچیش لەو بارەوە وتراوە لە ڕێی هەندێك لە زانا و دەسەڵاتدار و ئەوانی ترەوە، تەنها و تەنها خۆخەریککردن بووە بە (لغز) گرێیەکەوە کە ناکرێتەوە.[1]

---

١ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٢٣ ـ ١٢٢٤.

## ئەركەكان

ئەو ئەركە بنەڕەتيانە چين كە شارستانيەتی ئيسلامی جێبەجێی كردوون لەسەر ئاستی جيهان بەگشتی؟ ئەی چ ڕۆڵێكی گێڕاوە بۆ بەرجەستەكردنی زانستە هەمەجۆرەكان لە مێژووی مرۆڤايەتيدا؟

شارستانيەتی ئيسلامی ڕۆڵی گێڕاوە بۆ ئەوەی لە سێ ڕوانگەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، هەر ئەوەش بوو لە كۆتايدا ئەو شارستانيەتەی بەهێز و دەوڵەمەند كرد، ئەوە لە لايەكەوە، لە لاكەی تريشەوە بۆ ئەوەی بەگشتی شارستانيەتی مرۆڤايەتی دەوڵەمەند بكات بە پێدانە هەمەجۆرەكانی ڕێڕەوی خۆی وەرگرێت.

يەكێك لەو ئاكارانەی كە لە ڕوخساری شارستانيەتی ئيسلاميدا دەدرەوشێتەوە، ڕێزگرتنی بووە لەو كلتوور و نەريتە مرۆييانەی كە لەپێشتر و هاوچەرخی بوون، هەرگيز عەقڵی موسڵمانەكان دووچاری تەشەنوج نەبووە لەنێو بازنەی خودگەرايدا بخولێتەوە، هەر خوليای (تەنها هەر خۆم) بووبێت، بەڵكو بيروباوەڕ وای پێگەياندبوو، كراوە بێت لەگەڵ هەموو ئەو زانستە مرۆييانەدا، يان هەر حيكمەت و داناييەك كە عەقڵی مرۆڤەكان عەودالی بوون، ئەو نەريتە ئا بەو ڕيتم و ئاوازە پيشەی ڕۆژانەيان بووە، ئەوە هەموو گۆشەكانی ژيانی ئەوانی تەنيبوو بۆ ئەوەی باڵ بكێشێت بە سەر ئەو كەرنەڤاڵە درێژخايەنەدا.

موسڵمانەكان بۆ تەنها جارێكيش دەرهاويشتەكانی ئەوانی تريان ڕەدنەكردووەتەوە، بەڵام لەهەمانكاتدا بەگشتی هاوردەی نەكردووە، بەڵكو داڕشتنەوەيەكی تری بۆ دەكرد بەپێوەر و پێودانگ و ديد و ڕێنومايیەكانی بيروباوەڕ، تێكڕای ئەو دەرهاويشتانە بە فلتەری تايبەتدا تێدەپەڕی، زۆرباش دەيانزانی بە پێوەرێكی دادگەرانە چی وەردەگرن و چی وەلادەخەن، چونكە ئەو

نەیویست بنەما بنەڕەتیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بونیات بنێت بە سودوەرگرتن لە هەر ئەزموونێك لە ئەزمونکراوەکانی ئەوانی تر، ئەوەش زۆر بەکەمی ڕوویداوە، چونکە لەو مەیدانەدا شتگەلێك هەبوون نامۆبوون بە ڕەوت و ڕێسای شارستانیەتە نوێیەکە، هەرچیش شیاو و گونجاوبوایە پێگە و مەقامی خۆی پێدەدرا.

هەموو شارستانیەتە مرۆییەکان، ئیتر لە سەرچاوەیەکی ئاینیەوە هەڵقوڵابێت، یان لە دیدی مرۆڤەکانەوە. باوەڕدار داڕشتنەوەی بۆ کردبێت، یان بێباوەڕ، شارستانیەتی ئیسلام بە سنگی فراوانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بەڵام هەر ڕەگەز و ئاکارێك لەو دوو سەرچاوەوە هەروا مۆڵەتی هاتنە ناوەوەی پێنەدراوە بگات بەئامانج، هەتا ڕێگەپێدانی پێنەدرابایە، سەرجەم شارستانیەتەکانی یۆنانی، ڕۆمانی، بێزەنتی، هیلینی، فارسی، هیندی، تورکی، چین، یان کلتوور و نەریتی ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەو ناوچانەدا ژیاون وەك: ئارامی، نبطی، سریانی، فینیقی، قیبطیەکان... هتد، ئەوانە هەموو وەك کێڵگەیەکی بە پیت وابون بۆ موسڵمانان، بە چواردەوری ئەوەدا گەڕاون لێیان وەرگرتووە و لێشیان ڕەدکردووەتەوە، پاکو پوختی کردووە و دواتر تاقیکردووەتەوە، موسڵمانان زۆرباش دەرکیان بەوە کردبوو لەنێو ئەو کێڵگە فراوانەدا، چی گونجاو و بەرقەرارە و دەژێتەوە، کام لەوانیش هەڵگری ڤایرۆسە کوشندەکانە، دەرد و بەڵایە، لەوێدا هەندێکی ڕەد دەکردەوە و هەندێکی تریشی وەردەگرت.

تەنها وەرگرتن نەبوو، بەڵکو بووژانەوە و پێدان بوو بە هەزاران جۆر ڕووەك و بەروبووم، شێواز و تامیان جۆراوجۆر بوو، بەڵام بە یەك ئاو ئاودەدران، ئەو هەڵوێست و کرانەوە، ئامانجگەلێکی مێژوویی بەدەست هێنا، نەك تەنها لەسەر ئاستی شارستانیەتی ئیسلام، بەڵکو لەسەر ئاستی شارستانیەتەکان بەگشتی، چونکە ڕەگەز و دانە دانەکانی باش و سازاوبوون لەو شارستانیەتەدا، لەو دەلاقەوە ڕۆڵی خۆی بینیوە، کە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین هیچ شارستانیەتێکی تر لەپێشدا

وەها ڕۆڵێکی نەبینیوە، کە بتوانێت کلتووری مرۆڤەکان بپارێزێت لە زایەبوون و لەبیرچوونەوە.

لویس یونگ دەڵێت: ئا بەو شێوەیە موسڵمانەکان لە ئیمپراتۆریەتە نوێکەیانداپەیوەندیەکی تەواویان هەبوو بە شارستانیەتێکی فراوانەوە، کە ئەدەبێکی فراوانی لەخۆ گرتبوو، بە خەتی یۆنانی و سریانی و پەهلەوی نووسرابوویەوە، لەپاڵ ئەوەشدا، سەرجەم زانستەکانیان وەرگرتبوو کە عەرەبەکانی سەردەمی نەزانیی هیچیان لەبارەوە نەدەزانی، چۆم و کانیاوی زۆر ڕژایە سەر ڕووباری شارستانیەتی ئیسلامی، پێدەچێت کاریگەری زیاتر لەو نێوەندەدا شارستانیەتی هیلینیەکان بووبێت، دواتر شارستانیەتی فارسەکان، ئەوەی کەوا کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبوو لەسەر فیکری سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، پاشان شارستانیەتی هیندیی، کە لەوێوە زانستەکانی پزیشکی و گەردوونناسی و بیرکاری زەمزەمەیانکرد، عەرەبەکان هەموو دەروازەکانیان خستبوویە سەرپشت بۆ وەرگرتنی ڕۆشنبیری و زانست و زانیاریە کۆنەکانی سەردەمی یۆنانیەکان و ئەوانی تریش، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا زەمینەی ڕەخساند بۆ ڕاپەڕینێکی گەورە لە بواری وەرگێڕاندا، پێدەچێت سەرەکیترین پاڵنەر بۆ وەرگێڕان، ئاشنابوونی ئیسلام بووبێت بە زانستەکان و بانگەوازیش بووبێت بۆ ئاشنابوون بە زانستەکان، ئەوەش ئاواتێکی مەزن بوو لە ژیانی ئەواندا، موسڵمانەکان لە دەلاقەی وەرگێڕانەوە ئاشنابوون بە گەوهەرەکانی فەلسەفەی کۆن و پزیشك و زانستە سروشتیەکان، مەیدانەکانی وەرگێڕان لای موسڵمانەکان، سنووری بۆ نەبوو، تەنانەت زۆرێك لە نووسراوە یۆنانیەکان گەیشت بە ئەوروپا لەڕێی وەرگێڕانی عەرەبیەوە، چونکە نوسخە یۆنانیە ئەصلیەکان ونبوو بوون.[١]

---

[١] العرب وأوربا: وەرگێڕانی میشیل ئەزرەق، دار الطليعة، بەیروت ـ ١٩٧٩ز، لا٣٤ ـ ٣٦.

(غرونباوم) دەڵێت: بەرەنجامی ئەو مشتومڕ و بەربەرەکانەیە وایکرد ئیسلام توانستە فەلسەفی و کردارییەکانی خۆی بە فیعلی بسەلمێنێت، جارێکیتر بە دەستەواژەیەکی تر دایڕێژێتەوە، بە نموونەی بەپێز و پڕ سەرەنجەوە مامەڵە لەگەڵ بۆچوون و نەریەتە کۆنەکاندا بکات، ئەوان زۆر بەباشی زانستە کۆنەکانیان وەرگرتبوو، وەرگێڕانیشی بۆ زمانی عەرەبی کارئاسانیەکی ئەوتۆی بۆ کردن هەتا لە ئاست ئەو خواست و نوێنەرایەتیەدا بن.[1]

(دی لاسی اولیری) دەڵێت: بەوپێیەی کە عەرەبەکان حاکمی سوریا بوون، تا ئاستێکی بەرفراوان لە پەیوەندی بەردەوام و ڕۆشنبیریەکی پێشکەوتوودا بوون، ئەو ڕۆشنبیریەیان لە گشت بوارەکاندا بەکاردەهێنا: لە بونیاتنانی کۆمەڵگا و یاسا کۆمەڵایەتیەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، لە هونەر و پیشەسازییەکاندا، لە ژیانی عەقڵگەراییدا، بۆیە دەکرێت ئەو ماوەیە هەژمار بکرێت بە ماوەی ژیانەوەی بەردەوام، هەر لەو دەمەدا ئەوان ئاشنابوون بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و ئاینێکی نوێ، هەموو ئەوانە کەوتنە ژێر سایە و سێبەری خەلافەتەوە، ڕۆشنبیری و نەریتەکان یەکیان گرت بۆ ژیانێکی هاوبەش، تاکە بەڵگەش لەسەر ئەو گونجان و ڕاهاتنە لەنێوان واقیعی ئەو کۆمەڵگا و بیری ئیسلامی نوێدا، زیادبوونی بەرهەمە فیکریەکان بوو لە وەرگێڕانی کتێبەکان بۆ عەرەبی، ئەوەی کە چارەسەری گونجاوی دەدۆزیەوە بۆ پرسە فەلسەفی و زانستیەکان، لە پاش نەمانی ئەمەویەکان زۆربەی کتێبەکانی (ارسطو طالیس) ئەو ڕاڤە گەورانە کە کرابوون بۆ کتێبەکانی (افلاطون)، هەروەها بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی (جالینوس) و زۆر بەرهەمی تر لە جیهانی پزیشکایەتی و ڕاڤەکراوەکان لەو بوارەدا، زۆر کتێبی تری زانستی

---

[1] الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية: نووسینی کۆمەڵك توێژەر دارشتنەوەی: کروبناوم، ل٣٨ - ٣٩.

یۆنانیەکان، هیند و فارس و، زۆری تریش وەرگێڕدرا بوون بۆ زمانی عەرەبی، لە هەر گۆشەیەك لە جیهانی ئیسلامیدا چەندین نوسخە لەو کتێبانە هەبوون.[1]

(گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: هەموو پێزانینەکان دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکان لە کۆکردنەوە و گەیاندنی زانستە کۆنەکان لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، چونکە زانکۆکانی ڕۆژئاوا بۆ ماوەی پێنج سەدە هیچ زانیاریەکیان لەوبارەوە نەبووە، تەنها متمانەیان لەسەر چەند بەرهەمێکی زانستی نێوخۆ هەبوو، ئەوە ئەوانبوون مەدەنیەت و مادە و عەقڵ و ڕەوشتیان گەیاندە ئەوروپا...[2] لەڕاستیدا لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپا زانیاری لەسەر نووسراو و تۆماری یۆنانیە کۆنەکان نەبوو، دواتر شوێنکەوتەکانی (محمد) (دروودی خودای لەسەر) هەستان بە وەرگێڕان و گەیاندنی ئەو تۆمار و زانیاریانە، بەهۆی ئەوەوە توانییان زانیاری سەبارەت بە نووسراوی یۆنانیەکان پەیدا بکەن، چونکە وێنەی ئەصلی کتێبەکان نەمابوون، وەك کتێبەکەی (ابولونیوس) سەبارەت بە قوچەك و گومەزەکان، کتێبەکەی (جالینوس) سەبارەت بەو نەخۆشییانەی بڵاودەبنەوە، پەیامەکەی (ارسطو) لەسەر (بەرد).. هتد، ئەگەر کەسێك بەبیریدا هات خۆی بە قەرزاری نەتەوەیەك بزانێت، چونکە زانیاری چەرخە کۆنەکانی پێگەیاندووە، ئەو نەتەوەیە عەرەبەکانن، نەك ڕاهیبەکانی چەرخی ناوەڕاست، چونکە ئەوان هەتا ناوی یۆنانیشیان نەبیستبوو، دەبێت هەموو جیهان بۆ هەمیشەیی دان بەوەدا بنێت، عەرەبەکان ئەو کانزا مەزنەیان پاراست، ئەوان زانستەکان و ئادابیان پاراست کە هەموو جیهان فەرامۆشی کردبوون، لە هەموو جیهان  بێجگە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی – ئا لەو ڕۆژگارەدا نیشتیمانێك نەبوو وانەی تێدا بوترێتەوە بێجگە لە

---

[1] الفكر العربي ومركزه في التاريخ: وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەیطار، چاپخانەی دار الكتاب اللبناني، بەیروت ـ ١٩٧٢م، ص٦٢، ٧٦ ـ ٧٧.

٢ هەمان سەرچاوە: ل٩٣.

ئەندەلووس کە عەرەبەکان سەرقاڵ بوون تیایدا، گاورەکان لە هەموو جێیەکی ئەوروپاوە ڕوویان دەکردە ئەندەلووس تاکو بەهرەمەندبن لە زانست و هونەرەکان، سەرجەم ئەو زانستانە، ئەوروپیەکان لە چەرخی پانزەی زاینیدا پێی ئاشنابوون، نووسراو و تۆمارەکان بەلێشاو لەبەریان دەگیرایەوە زاناکانی سەرقاڵ کردبوو وەك: روجر بیکون، لیونارد البیزی، ارنود الفیلنوفی، ریمون لول، سان توما، البرت الکبیر، الازفوش العاشر القشتالی...

لە کتێبی (الحضارة الأوروبیة سیاسیة وإجتماعیة وثقافیة)دا هاتووە، کە نووسەرەکەی چەند مامۆستایەکی فەلسەفەن: جیمس، ستفال توسون، فرانکلین شارلزبام، فان نوستراند، دەڵێن: هەرچی ئیغریقیەکان بەرهەمیان هێنابوو لە کلتووری زانستی لە ماوەی دوو سەدەدا وەریانگێڕایە کردە سەر زمانی عەرەبی، لەو دەمەدا بەغداد، قاهیرە، قەیرەوان، قورتووبە، بووبوونە بنکەیەکی پرشنگدار بۆ توێژینەوەی زانستەکان و بڵاوکردنەوەی.[١]

لەو ئاڵوگۆڕە ڕۆشنبیری و زانستیەی ئیغریقی ـ عەرەبیەدا، زانستەکان گەیشتە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە کۆتایی چەرخەکانی یازدە و دوازدەدا، لەوێوە پیاوە زاناکان پێشبرکێیان بوو هەتا زووتر بگەنە شارەکانی (بلارمة، طلیطلة)، بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی فێربن و خوێندنی زانستە عەرەبیەکان، وەك: ادلارد اوف بات، دانیال اوف مورلی، روجر اوهیرفورد، اسکندرنکوام، پاشان ادلارداوف بات پەیامێکی نووسی لە مەسەلە سروشتیەکاندا، ئەوەش یەکەم نووسراوێکی زانستی بوو ئاڕاستەی ئەوروپای ڕۆژئاوا کرا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دواجار هەندێك قوتابی هەموو تەمەنی خۆیان تەرخانکرد لە خوێندنگاکانی ئیسپانیادا بۆ وەرگێڕانی نووسراوە زانستیە عەرەبیەکان بۆ زمانی لاتینی، لەو دەلاقەوە ئەوروپا لە سەرەتای سەدەی

---

[١] حضارة العرب: چاپی سێهەم، ٢٦.

سیازدەهەمدا توانی سەرجەم تۆمارە زانستە ئیغریقی و عەرەبیەکان لەخۆی کۆ بکاتەوە بەتێکڕا.[1]

بەڵام شارستانیەتی ئیسلامی لەو سنوورەدا نەوەستا، چونکە لە پێشیەوە ئەرکێکی تر چاوەڕوانی دەکرد، ئەوەش هەژمار دەکرا بە وێنەی ئامانجێکی حەتمی بەو پێودانگەی کە پێشتر لەسەری بوو، بەڕاست لێهاتووانە ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد: بۆ زیادکردن، نوێبوونەوە، دەوڵەمەند بوون، سەرلەنوێ پێکهێنانەوە بۆ پێدانی مەعریفەت گەلێك کە لەوپەڕی پێویستیدا بوو بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردن و فراوانکردن و بونیاتنان، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان گونجاو نەبوو بۆ خواستەکانی سەردەم و داخوازیی مرۆڤە باوەڕدارەکان بە ئاینە نوێکە.

زۆرێك لە بەها شارستانیە کۆنەکان لە ڕۆژگارێکدا بووبوو بە شتێکی کۆنپەرستی بێکەڵك، بەڵام ئیسلام کە هات بەرگێکی □ وەك پێویست □ نوێی بە بەرداکرد، بە پێکهاتەیەکی نوێوە ئاوێتەی کرد بە ڕەگەزگەلێکی نوێ، کە زیاتر گونجاو و سازاوبێت لەگەڵ ڕەوتی ژیان، ئەوەی کە ئیسلام نەخشەی بۆ کێشا بوو.

نەك هەر هێندە، بەڵکو عەقڵیەتی موسڵمانان بەتێکڕا توانای ئاشکراکردن و داهێنانی بەهاگەلێکی نوێی هەبوو، وەك بەرهەمێکی پێگەیشتوو ڕەنجی شان پێشکەش بەو جیهانەی بکات، ئەوەی موسڵمانان کردوویانە تەنها بۆ ئەوە نەبووە کلتووری کۆن بپارێزن، یان بۆ جارێکیتر لێکدانەوە و ڕاڤەی بۆ بکەن، یان پەراوێزێکی بۆ بکەن، یان ئەو کلتوورە تاکە ڕێبازێکە بۆ هەر جموجوڵێکی زانستی، یان ڕاستیەکی ڕەهایە و قوفڵکراوە و تێکڕای عەقڵەکان دەبێ تەسلیم بن پێی و بوارێك نیە بۆ دەرچوون لەو سنوورەی کە بۆی دانراوە.

عەقڵیەتی موسڵمانان، هەر لە سەرەتادا، داهێنانی جۆرییانکرد لە زۆر مەیداندا، دەرەنجامی گەورەیان هێنایە کایەوە لە یاسا و ڕێسا زانستیەکان، ئەوەش خۆی

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٥٦٨ ـ ٥٦٩.

لەخۆیدا وەك بنەماگەلێکی بنەڕەتی بوون بۆ بونیاتنانی زانستەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم زەویەدا، ئەو ئەرکی دەوڵەمەندکردن و بوژاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلامییە، پێویست دەکات چارەسەر بکرێت لەو دیدگا فراوانەوە، لەکاتێکیشدا ئەزنەکی جوڵە و خۆدەرخستنیدا، سەرنگون نەکرێت، هەر لەبەر ئەوەی پێشتر شوێنکەوتەیەکی ئەمین و گوێڕایەڵ بووە بۆ مامۆستا یۆنانیە کۆنەکان، یان ئەو قوتابیەکی گوێڕایەڵ و کارابوو لە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکان، ئیتر بواری چوونە دەرەوە نیە لەو کۆتوبەندی یاسا و ڕێسا کۆنەکان، هیچ بەهانەیەك لە پەنای ئەوەدا جێگای نابێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە و ڕووخان و ئاڕاستە گۆڕین، یان ئیتر ڕێپێنەدراوە هەر داهێنان و نوێگەراییەك بێتە کایەوە، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیدار نیە بە مەبادیئ و زانستە کۆنەکانەوە، چونکە دیدگا نوێکان توانای خۆڕێکخستنەوە و داهێنانیان هەبوو، ئەوان لە ئاست جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا بوون، هەر بەو شێوەشیان کرد کە کردیان.

ئا لەو میانەدا گەواهی نامە زۆر و زەبەندەیە بۆ ڕۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی و دەوڵەمەندکردنی زانستە مرۆییەکان و گێڕانەوەیان لە ئاسۆ نادیارەکان و ئاشکراکردنی بەها و ئەزموونکراوە نوێکان، هەموو ئەوانەش لە کتێبی نووسەر و توێژەر و زانا و ئەکادیمیەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا تۆمارکراوە، تاڕادەیەك ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت کام لەوان وەرگرێت و کامیشیان وەرنەگرێت، لێرەدا ئەوەندە بەسە چەند نموونەیەك وەرگرین وەك گەواهیدانێك لەمەڕ ئەو بەرەنجامانە.

لویس یونگ: ئەو پێشخستنەی کە موسڵمانەکان کردیان بۆ کلتووری یۆنانیەکان، یەکێکە لە گرنگترین هەڵقە مێژووییەکان لە جیهاندا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت شارستانیەتی ئیسلامی تەنها و تەنها ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی شارستانیەتی یۆنانیە کۆنەکان بوبێت، پێویستە هەردەم ئەوە لە زەینماندا چەسپاوبێت، مشتومڕ و هەڵسەنگاندنمان بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، ئەو بیرۆکە

داهێنەرە بێت کە لە نیوەدورگەی عەرەبیدا هات لەگەڵ ئیسلام و پێش ئیسلامیش، لەوێدا موسڵمانان توانییان کلتووری یۆنانی ئاوێتە بەو بیرۆکە نوێیە بکەن، بەڵام بە ڕەنگێکی نوێ و داڕشتنێکی کەم وێنەوە، ئەو دەپرسێت: شارستانیەتی عەرەب و موسڵمانەکان چیان بەجێهێشت لە ئەوروپا؟ وەڵام دەداتەوە: جێدەستی ئەوان دەردەکەوت لە هەموو ئاستەکاندا، هەر لە فۆلکلوورەوە، تەنانەت زانستەکانی گەشتەوانیە ئاسمانییەکان دەستەواژەی عەرەبییان بەکاردەهێنا لە کاتی گەشتکردنیان بە ئاسماندا، لەسەر نەخشەکانی مانگ لە زۆر جێدا ناوی هەندێك لە زانا عەرەبەکانی لێنرابوو، وەك: الزركلي، البتاني، ابو الفداء، زۆر شت هەن بەردەوام هەتا ئەمڕۆش دەبێت ڕۆژئاواییەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیەوە وەریگرن.[1]

سارتون: موسڵمانە بلیمەتەکانی ڕۆژهەڵات، کلتوور و دەستکردیان ڕێکدەخست لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، گەورەترین پەرتووکی بەهادار و ڕەسەنیان بە زمانی عەرەبی نووسی، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەوە هەتا کۆتایی سەدەی یازدەهەم، زمانی عەرەبی زمانە باڵاکەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بوو، تەنانەت ئەگەر کەسێك بیویستایە ئاشنایی هەبێت لەگەڵ ڕۆشنبیری سەردەم و ڕووداو و شێوازەکانی بزانێت، دەبوو زمانی عەرەبی بزانیایە، بێگومان زۆرێك لە گەلانی دی هەستان بەم کارە و خۆیان فێری ئەم زمانە کرد، کە عەرەبیش نەبوون.[2]

سیدیو: لەنێوان سەدەی نۆهەم هەتا سەدەی پازدەهەم گەورەترین کۆڕی زانیاری پێکهات لە مێژوودا، شتی بەرهەمهێنراو و دروستکراو و هەمەچەشنە داهێنراوی گەورە و گران دەرکەوت، کە هەموو ئەوانە بەڵگە بوون لەسەر زەینێکی

[1] أثر العرب في الحضارة الأوربية: عەباس مەحمود عەقاد: چاپخانەی دار المعارف، قاهیرە ـ ١٩٦٠ز، چاپی دووەم، لا٤٥ ـ ٤٦.

[2] العرب وأوربا، لا٣٦٢.

کراوە لەو سەردەمەدا، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر ئەوروپا هەبوو، دەتوانین بڵێین عەرەبەکان لە هەموو زانستەکاندا ڕۆڵی مامۆستایان دەگێڕا، هەرچەندە هەوڵی ئەوەمان دا لە پلە و پایەی عەرەبەکان کەم بکەینەوە لە ڕۆژگارێکدا، بەڵام ڕاستییەکان هەر دەردەکەون، پرشنگی خۆیان دەدەن بە هەموو لایەکدا، ڕاکردن لە ڕاستیەکان مەحاڵە، هەر دەبێت ئەوە بگێڕینەوە بۆ ئەو کەسەی کەوا شایەنیەتی.[1]

دریبر: دەبێت لێرەدا ئەو ناعەدالەتی و فرتو فێڵانەی کە لە ئەدەبی ئەوروپیدا کراوە بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان دژ بە کلتوور و زانستی موسڵمانەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێمە، بخرێتە بەردیدی هەموان، چونکە ئەوە هەتا کۆتا مەنزڵ وناکرێت لەبەرچاوان، ئەو ستەمەی کە کراوە بەهۆی کینەی ئاینی و غروری نیشتمانیەوە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام نابێت.[2]

نیکلسون: هەرکردەیەکی زانستی عەرەبەکان ڕێکیان دەخست ورد و ئاسۆ فراوانبوو، زانستی سەردەم لێی بەهرەمەند بووە، بەو واتایەی کە لێکی بدەیتەوە، کاریگەریی و تواناکانی زیاتر بووە لە هەر گریمانەیەك.[3]

دومیللی: لەسەر دەستی کۆمەڵێك کەسایەتی زانستی لە سەدەی نۆهەمی زاینیدا ئەستێرەی ئەوان پرشنگیدا، پاشان عەرەبەکان قۆناغی تەنها وەرگێڕانیان تێپەڕاند، بۆ قۆناغی هەنگاوی کراوەتر و ڕۆڵی زاناکان لە ئەرزی واقیعدا.[4]

---

١ أثر العرب في الحضارة الأوربية: جەلال مەزهەر: چاپخانەی دار الرائد، بەیروت ـ ١٩٦٧ز، ل١٧٠ ـ ١٧١، ١٩٢.

٢ هەمان سەرچاوە.

٣ هەمان سەرچاوە.

٤ العلم عند العرب، ل ١٣٢.

لێرەدا ئەركی سێهەم هەیە كە شارستانیەتی ئیسلامی جێبەجێی كردووە، جێگۆڕكێی جوگرافی و بڵاوبوونەوە، ئەگەر شارستانیەتی ئیسلامی لە سەرەتادا جێبەجێی عەقڵانی كردبێت لەگەڵ كلتوور و زانستەكانی كۆندا، هەنگاوی دووەمیش شیكردنەوە و تاوتوێكردن و بۆ زیادكردن و داهێنان و دەوڵەمەندكردن بووبێت، ئەوا ئێستاش حاڵەتێكی كرانەوە جێبەجێ دەكات لەگەڵ مرۆڤایەتیدا، بەتێپەڕاندنی ئەو دۆخە تەقلیدیە داخراوە، هاوكات ڕەدكردنەوەی دیاردەی تەنها هەرخۆم و ملهوڕی و لەخۆبایی بوون.

موسڵمانەكان ئامێزیان كردبوویەوە بۆ هەر خوێندكار و زانستخوازێك، ئیتر لە هەر كوێوە هاتبێت، سەرجەم دەلاقە و دەروازەكانیان خستبویە سەرپشت بۆ ئەوەی تیشكی ئەو ڕووناكیە نوێیە هەموو كیشوەرەكان ڕووناك بكاتەوە، هەرچی ئەوان ئاشكرایان كرد و بەرهەمیان هێنا، خستیانە بەردەم هەموان و بە دەنگی بەرز هاواریان كرد: هەركەس هەرچی دەوێت ڕێگاكان كراوەن، بەڕاستی پێدانی ئەوان نەبڕاوە بوو.

(گۆستاف لۆبۆن) جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەكاتەوە: بەڕاستی كاریگەری عەرەبەكان لەسەر ڕۆژئاوا گەورە و گران بوو، ئەوروپا بەو شارستانیەتەی كە هەیەتی قەرزاری عەرەبەكانە، ئێمە ناتوانین تێبینی ئەو كاریگەریە بكەین هەتا حاڵی ئەوروپا نەزانین بەرلەوەی شارستانیەتی عەرەبیی پێبگات،[1] (لكبیر) دەڵێت: دەتوانین دەرك بەو شۆڕشە فیكریە بكەین كە لە ڕۆژئاوادا هەڵی كرد بەهۆی وەرگێڕانی كتێبە عەرەبیەكان بۆ زمانی لاتینی و سودمەندبوونی زاناكانی لاتین لەو بزووتنەوەی وەرگێڕانەدا، ئەو وەرگێڕانەش فاكتەرێكی جەوهەریی بوو بۆ پێشخستن و بڵاوكردنەوەی زانستی عەرەبی، كە لە تەنیشت ڕۆژئاوادا لە گوڕوتینی بووژانەوەدا

---

١ حضارة العرب، چاپی چوارەم، ل١٧٠ ـ ١٧١.

بوو، هیچ کەس نیە [1] وتەکانی مسیو لیبری نەزانێت: ئەگەر عەرەبەکان نەهاتنایەتە گۆڕەپان و شانۆی مێژوو، ئەوا ڕاپەڕینی ئەوروپا لە ئادابدا بۆ چەندین سەدە دوادەکەوت.[2]

هەمووومان ئەو ڕێچکانە دەزانین کە بەرەنجامەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لێوەی گوازرایەوە بۆ جیهانی ڕۆژئاوای چەقبەستوو، لەوڕۆژەدا لە دۆخی متبوونێکی قوڵدا بوو: ئیسپانیا، دورگەکانی دەریای ناوەڕاست، کەنارەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەنادۆڵ، وێڕای ئەو بەریەککەوتنەی کە هەبوو لەنێوان مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەدا چ لە ئاشتی و چ لە شەڕدا، لەنێوان گەلانی موسڵمان و ڕۆژئاواییەکاندا، هەرچۆنێك بێت شارستانیەتی عەرەبی گەیشتە ئەوروپا، لویس یۆنگ دەڵێت: عەرەبەکان کلتوور و شارستانیەتیان لە سێ ڕێگاوە گەیاند، هەریەك لەوانەش گرنگی و پێشینەی تایبەتی خۆی هەبوو: ئیسپانیا، صقلیە، سووریا، بەڵام ئیسپانیا گرنگترین دەروازەبوو کە شارستانیەتی عەرەبی لێوە بگاتە ئەوروپا، کاریگەریی بەردەوامی ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبەکان لەسەر ئیسپانیا بە هۆی ئەوەوە نەبوو، کە بۆ ماوەی هەشت سەدە دەسەڵاتی عەرەبەکان لەوێدا حوکمی دەکرد، چونکە شارستانیەتی عەرەبەکان ئیسپانیای تێپەڕاندبوو ڕووە و ئەوروپا، ئیتر ئیسپانیا لەو دەمەدا ڕۆڵی بنکەیەکی ستراتیژیی دەبینی بۆ وەرگێڕانی فەلسەفە و زانسەکان لە مەودایەکی فراواندا، ئەوەش لە شاری (طليطلة)دا بوو کە مەسیحیەکان لە ساڵی ١٠٨٥ز گێڕایانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئیتر ڕۆشنبیری عەرەبەکان لەڕێی توێژەرەکانەوە دەگوازرایەوە بۆ ئەوروپا، بۆ باشووری فەڕەنسا، تۆلۆز، مارسیلیا، ناربون، مۆنبیلیە، لە سەدەی دەهەمدا، زانستی عەرەبەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی دەگەیەنرایە (اللورين)، کە هەر ئەوەش وایکردبوو ببێتە بنکەیەکی

---

١ هەمان سەرچاوە، ل١٩٢.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٥٦٨ ـ ٥٦٩.

ڕۆشنبیری گرنگ بۆ ماوەی دوو سەدە، هەروەها چەندین شوێنی تر هەبوون ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ناساندن و گەیاندنی ڕۆشنبیری و زانستی شارستانیەتی عەرەبەکان، لەوانە شارەکانی: لایبزیگ، کۆلۆن و هی تریش، هەر لە (لورین)ەوە ڕۆشنبیریەکان بڵاودەکرایەوە تا دەگەیشتە بەشێك لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا.

صقلیە دەروازەی دووەم بوو کە شارستانیەتی ئیسلامی لەوێوە خۆی گەیاندە ئەوروپا، لە سەدەی دوازدەهەمدا شارستانیەتی مەسیحی ئیسلامی صقلیە هاتە کایەوە، هەماهەنگی و کاری هاوبەش هەبوو لەو نێوەندەدا، ئەوەش لە بەرەنجامی ئەو سیاسەتە نەرمە بوو کە (النورمانديون) جێبەجێی دەکرد لە صقلیە، بۆ خراپی بەختی هەرلایەك ئەو دیاردەی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنە بۆ بونیاتنانی شاستانیەت زۆر کەم بەدی دەکرێت لە مێژووی پەیوەندی نێوان عەرەب و ئەوروپادا، بەڵام (نۆرماندی) سەرمایەی زۆری کۆکردەوە لە دابونەریت و ئاداب و زانستی عەرەبەکان، زمانی عەرەبی بووبوو بە زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانەکانی لاتینی و یۆنانیدا، دواتر دراو لێدرا لەسەر شێوەی دراوی عەرەبەکان.[١]

دواجار سووریا دەروازەی سێهەم – سەردەمی جەنگی خاچپەرستان □ لە بواری بازرگانی، سەربازیی، کشابەشی، پیشەسازییدا، بەڵام لە بواری زانستەکانی (العلوم الصرفة) کیمیا، فیزیا، پزیشك، فەلەك، ئەندازە، فەلسەفە، لەو میانەدا گۆڕەپانی سووریا، کاریگەریی ئەوتۆی نەبوو، لە پاڵ ئەوەشدا ئەدەبی ڕووسی کرانەوە و دەوڵەمەندی بەخۆوە دی، بەهۆی هێرشی خاچپەرستان و ئەوەی کە لەگەڵ خۆیان بردیان لە هونەری (چیرۆك و ئەفسانە)ی هەردوو شارستانیەتی بێزەنتی و عەرەبی، بازرگانەکان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە گواستنەوەی ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ ئەوروپا لە دەروازەی سووریا و سەردەمی خاچپەرستان، ڕێگای بازرگانی موسڵمانەکان تێدەپەڕیی لە سووریا و دەریای ڕەشەوە، دواتر دەگەشتنە

---

١ العرب وأوربا: هەڵبژاردەی بەشێك لە لاپەڕەکانی ١١٩ ـ ١٢٣.

شاره بازرگانیەکانی ئیتالّیا، وەك (جنوة، لوكا، البندقية)، کەرەستە بازرگانیەکانیش بە نزیك شاخەکانی (الألب)دا تێدەپەڕی، لەوێوە بۆ بنکە بازرگانیە گەورەکان لە ئەوروپا، وەك: ئۆکسبۆرگ، نۆرنبرگ، واولم، ریجنسبرگ، هی تریش، بەڵام ڕێگای بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتەوە گوزەری دەکرد لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی ئیسلامیەوە بە ڕووسیادا تێدەپەڕی و لەوێوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.[١]

بارودۆخەکە هەرچۆن بێت، شارستانیەتی ئیسلامی وەك ئەوەی جێبەجێی ئەو دوو ئەرکەی کرد، وەك لەپێشدا باسی لێوەکرا، بەهەمان گوڕ و نەفەس ڕۆڵی هەبووە لە پەلهاویشتنی جوگرافیدا، لە گشت بارودۆخەکاندا لەپێناو مرۆڤەکاندا ڕۆڵی دەگێڕاو کاری دەکرد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، ئەگەر ئێمە وەك پێویست شیکردنەوە بکەین بۆ قەبارەی ئەو ڕۆڵەی کە ئیسلام جێبەجێی کردووە وەك (شارستانیەت)، بەراورد بەو ڕۆڵەی کە مەزهەب و شارستانیەتەکانی تر گێڕاویانە، ئیتر: لە دەستکردی مرۆڤەکان بێت، یان ئاینێکی دەستێوەردراو بێت، ئەوا ئەو مەیدانە هێندە فراوانە، مەحاڵە پێوانە و چوواندن بکرێت لەنێوانیاندا، بەتایبەت ئەگەر ئەو سێ ئەرکە بنەڕەتیە  کە لەپێشدا باسی لێوە کرا – حیساب بکەین کە شارستانیەتی ئیسلامی جێبەجێیدەکرد.

بەدڵنیاییەوە هیچکام لە شارستانیەتەکانی سۆمەری، بابلی، ئاشووری، فینیقی، میصری، هاوکات ئیغریقی، هیلینی، لاتینیی، بێزەنتی، هەروەها فارسی، هیندی، چینیەکان.. هتد، وێنەی شارستانیەتی ئیسلامی زەخیرەی نەخستووە و بەخششی بێسنوور نەبووە و هیچکام لەوان لەتوانایدا نەبووە وەها ڕۆڵێك بگێڕێت لەو جیهانەدا.

---

١ هەمان سەرچاوە.

هاوكات هیچكام له فەلسەفەكانی یۆنانی و هیندی، یان مەزاهیبە دەستكردە ئەوروپیەكانی سەردەمی ڕاپەڕین و ڕۆشنگەریی له ئەوروپادا، هەتا (طوباویات)ی فەرەنسی و ئینگلیز و ئەڵمانەكانیش، هەتا دەگات بە بوونگەرایی، هیدغر، كیر كغارد، سارتەر، كامی، دواتر (مثالیات)ی هیگڵ و مادیەتی ماركس و ئەنجلز – (دوو ڕەوت بوون بە دوو گۆشەی تەواو پێچەوانەی یەكتر) –، (براگماتیەت)ی مەزهەبێكی پراكتیكی بوو، كه وا دەبینێت سەركەوتن له كارەكاندا تاكه پێوەره)– جون دیوی ئەمریكی، بێجگه لەوان زۆری تریش هەن، هیچكام لەوان توانای ئیسلامی نیه وەك: ئەوەی جێبەجێ كرد و لەهەگبەیدا هەیە، نەك تەنها هەر له جەموجۆر كردنی زانستەكان و گەشەپێدانی، بەڵكو بە گۆڕینی قیەم و بیرۆكەكان بۆ واقیعێكی بەرجەستەكراو و بینراو، بۆ ئەزموونێكی سەركەوتوو و خاوەن شارەزایی و گەشەدار له هەموو گۆڕەپان و كاتێكدا.

بەڵام شارستانیەتی ڕۆژئاوای هاوچەرخ، بە هەموو باڵەكانیەوە، تەنها كەسایەتیە تاوانكارە لاكەوتووەكەی بەسە، كه گیرخواردنی له ئەركەكانیدا، وەك چەرمەسەریەكی بە ئێش و كەموكەموڕی و لەدەستدانی هاوسەنگی لەنێوان دوانەكیەكاندا، ئەوەی كه شارستانیەتی ئیسلامی لێهاتووانە توانی بەڕێوەی ببات و درێژەی پێبدات و ببێتە مایەی ڕێز و سەرسامبوونی هەموان.

## پوختەی ئەرکەکانی شارستانیەتی ئیسلامی

زۆر بە کورتی ئەوە ئەو ئەرکە بنەڕەتیانە بوون لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەدرێژایی مێژوو، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەی ئیسلام لەگەڵ ڕۆشنبیریەکانی تردا، دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە دیاردە بنەڕەتیەکانی بکەین لە چەند خاڵێکدا:

١ـ مێژووی ئیسلام وەها دەستەواژە و پێناسەیەکی بەخۆوە بەدی نەکردووە – بێجگە لە چەند گۆشەیەکی دیاریکراو نەبێت  ئەوەی کە پێناسەی ئیسلام دەکات بە (ڕۆشنبیریە ئاڕاستەکراوەکە)، واتە دەسەڵات بە فەرمی چووەتە ناو چالاکیە زانستییەکان و ئاڕاستەی کردووە بۆ چەند وێستگەیەکی دیارییکراو.

٢ـ بەشداریکردنی دەسەڵات لە دامودەزگا فەرمیەکاندا و لە ئاڕاستەکردنی چالاکیە زانستییەکان، لە حاڵەتگەلێکی کەم و هاوێرکراودا بوو بەجۆرێك لەجۆرەکان شێوازێکی پابەندبوون، یان ناچارکردن بوو بۆ ئەوەی خۆبگلێنێت لە جموجوڵ و چالاکیەکان، یان لە گۆشەیەك لە گۆشەکانیدا، هەر ئەوەشبوو کە ڕوویدا  وەك نموونە.

لە کۆتایی سەدەی یەکی عەبباسیدا، کاتێك کەوا عەبباسیەکان مەزهەبی (موعتەزیلەکان)ی جێبەجێ کرد، هاوکات هەندێك لەو ڕووداوانە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەندەلووسیەکان ڕوویدا کۆمەڵێك کردار و پەرچەکردار بوو لەنێوان فەیلەسوف و صۆفیەکان و مرابطین، موەحدین.. هتد، بەڵام مەودا فراوانەکە بۆ مومارەسە دەسەڵات لەوێدا بە فەرمی پاڵپشتی چالاکیە زانستیەکانی دەکرد بە هۆکاری جۆراوجۆر، بۆ وێنە: ڕۆڵی دەزگای حیکمە بۆ نووسین و بەرهەمهێنان، هاوکات هەوڵی خەلیفەکانی عەباسی یەکەم لە بواری وەرگێڕانی ڕۆشنبیرییەکانی تر بەتایبەت یۆنانیەکان. بەدەر لەو حاڵەتە دیاریکراوانە، گەر بەراورد بکەین بە حاڵەتەکانی تر، کەسی ڕۆشنبیر، یان زانا موسڵمانەکان، بە

ئازادی بای باڵیان داوە لە توێژینەوەی ڕۆشنبیریی ئەوانی تردا، بەڵام بە سیستمێکی بۆ ڕێکخراو و پێوەرەکانی ئەو بیروباوەڕەی کە ئینتیمای هەبووە بۆی.

٣ـ ئازادیی لە هەڵبژاردنی زانست و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەوانی تردا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەرگاکانی خستبووە سەرپشت، هەر ئەوەشبوو وایکرد کەسانێکی زۆر لەوانە کە سەرقاڵن بە زانستەکانەوە بچنە پەڕی ئەوپەڕ لە مامەڵەکردنەدا، جاروبار هەندێك لە ڕێساو پێوەرەکانی بیروباوەڕ و شەریعەتیشی بەزاندووە.

وێڕای ئەوە ئەو هەندە، بە بیروڕای ئەو کەسە خۆی هەر لەنێو بازنەی باوەڕدایە، ئەو بەو چالاکیە زانستییەی وای دەبینی کرانەوەیە، هێز و وزەیە بۆ بینشی ئەو وەك موسڵمانێك، هەمان ئەو حاڵەتە دەچەسپێت بەسەر زۆرێك لە فەیلەسوفەکاندا، کەمێکیش لەوانەی گرنگی دەدەن بە بواری ئەدەب و وەك هۆکارێك بۆ تەعبیردان لە خود، زۆر بەکەمی ڕوویداوە کەسێك لەوانە لە ئایین لایدابێت، هاوکات لەخۆبایی و لوتبەرزیش نەبوون، وەك ئەوەی لە بازنەی ڕۆشنبیرییەکانی تردا بەدی دەکرا لەو ئاینەی ئەو ئینتیمای هەبوو بۆی لای دەدا، دەبێت لێرەدا بە وردی تێبینی ئەوە بکەین هەندێك لە بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکان لە ڕووی بیروباوەڕەوە ناچنە چوارچێوەی ئەو باسەوە، دواجار ئەوان بزووتنەوەیەکی دیاریکراو بوون، ناکرێ لەسەر ڕەوتی ئیسلام هەژمار بکرێت و بەراورد بکرێت بەوانی تر، هەر لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا پابەند نەبووە، یان دەرچووە لە بنەما بنەڕەتیەکانی ئاین.

٤ـ نەبوونی هەژموونی دەسەڵات لە ناوەندە زانستیەکان و ئاڕاستەکردن و دیارییکردنی چەندو چۆنی چالاکیە زانستییەکان بۆ زانا موسڵمانەکان، ئیتر لە ڕووی داهێنانەوە بوبێت، یان هاوردەکردن لەوانی ترەوە، دەبێت لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لە دیاردە هەرە گرنگەکان بدەین لە مێژووی شارستانیەتی موسڵمانەکاندا، کە هەڵقوڵاوی  وەك ئەوەی ڕوونە  دیدی زانستیانەی ئیسلامە لە ئاڕاستەکردن و

دەرخستن و کەنەکردن وەدووی نادیارەکاندا، بانگەواز و داکۆکیکردنی ئەو بۆ گونجاندن لەنێوان زانست و باوەڕدا، بەو پێیەی یەکەمیان ئامێرێکی گرنگە بۆ پاڵپشت و تۆکمەکرنی دووهەم.

بەوشێوە مێژووی زانستیمان هیچ جۆرە سەرکۆنە و گرفتێك نەبووە لەنێوان دەسەڵات و دامودەزگاکان و لەنێوان ئەو زانایەی کەوا ڕاستیەکی زانستی ئاشکرا بکات، یان پێشنیازی بیردۆزێك بکات، یان یاسایەك دابڕێژێت، یان وشەیەك داهێنێت لە میانەی چالاکی زانستییدا (ئەوەی کە ئەمڕۆ ناودەبرێت بە زانستە شیکاریەکان، یان زانستە پەتیەکان). ئاشکراکردنی هەرشتێك سەبارەت بە فەلەك، فیزیا، کیمیا، بیرکاریی، پزیشك، ڕووەك، ئاژەڵ.. هتد، خاوەنەکەی ڕاپێچ نەکردووە بۆ بەردەم دادگا، یان سەرکۆنە بکرێت، نووسراوەکانیشی نەبراوە بۆ سووتاندن، یان سەری کەوتبێتە بەردەستی جەلادەکان، وەك ئەوەی لە واقیعی ئەورووپادا ڕوویدا لەسەر (غالیلە، کلبر، برونو.. هتد).. بە پێچەوانەوە لە کاتی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی زانیاریەکاندا متمانە و باوەڕ زیادی کردووە، نەك دورخستنەوە و سەرکۆنەکردن.

وێڕای ئەوەی کە ئیسلام لەمیانەی بیروباوەڕەکەیەوە کە (قورئان و سوننەتی نەبەویە)، مەنهەجی کارکردنی داوە بە موسڵمانان لە بازنەی چالاکیە زانستییەکاندا، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕۆڵ و کاریگەریی ئەوتۆی هەبوو لە ڕاپەڕینە ڕۆشنبیرییەکاندا، بەڵام ڕێچکەکانیان دیاریی نەکردبوو بۆ چەندێتی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆشنبیریەکانی تردا، پۆلێنکاری بکات بۆ هەریەك لەوان چی وەربگرێت و چی ڕەدبکاتەوە، یان ئەولەویەت بدات بە لایەکی دیاریکراو، یان هێڵی سووری دانابێت لەسەر ئەو دیاردانەی دەبنە پەتا و بەڵا بەسەر بەرەنجامەکانی ئیسلامەوە.

ئەکرێت ئەوەش لە هەردوو ڕووە باش و ناباشەکەیەوە نوێنەرایەتی ئەو بینشە ئیسلامیە ئازادە بکات، لە چۆنیەتی مامەڵەی شارستانی بەدەر لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی، بە هەرحاڵ ئێمە لێرەدا بۆ ماوەیەك تێبینی جۆرە

بێسەروبەری و فەوزا و لەدەستدانی هاوسەنگیمان کردووە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکانی تردا، ئەوەش لەسەر دوو ئاست پاشەکشەی دروست کرد:

أ- ئاستی چەندێتی: ئەوەبوو زەمینەی ڕەخساند، ڕەگەز و دەستەواژەگەلێکی نامۆ و دژ خۆبخزێنێتە نێو عەقڵی موسڵمانەکان.

ب - ئاستی چۆنیەتی: سەرجەم بەرەنجامە کەڵەکەبووەکانی فەلسەفەی یۆنانی گواستەوە بەشێوەیەکی تەواو و تاڕادەیەك ناکام، لەگەڵ لاوازیەکی تێبینی کراو لە گۆشە زانستیەکانی تردا (بۆ وێنە وەك ئەدەب)، هەرچەندە بەهانە بۆ ئەوە دێننەوە گوایە موسڵمانان باش لەوە گەیشتبوون فەلسەفە کەرەستەیەکی نوێیە بەکاردێت بۆ مشتومڕپێکردن لەنێوان بەرەکاندا، بەڵام بەجۆرێك لە ترس و دڵە خورپەوە دەیانڕوانی بۆ ئەدەب، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕاستە و تا ئاستێکی بەرچاو دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی زیاتر پەیوەستە بە ناخ و خودەوە لە کاتی بەرجەستەکردندا زیاتر ملەجەڕە دەکات.

لەگەڵ ئەوەدا بەرهەمە ئەدەبیە گەورەکان لەو ڕۆژگارەدا زیاتر مشتومڕ و ناکۆکی ئاشکرا لەنێوانیاندا هەبوو سەبارەت بە بتگەری، ئەوەش خۆبەخۆ هەر لە سەرەتادا بەرکەوتن و قەیران دروست دەکات بە بیروڕای ئیسلام لەسەر مانای یەکتاپەرستیی.

٦- لە زۆر حاڵەتدا جۆری ئەو زانیارییانەی کە وەردەگیران لە ڕۆشنبیرەکانی ترەوە، خۆی لەخۆیدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو بە لای زانا موسڵمانەکانەوە، بەڵکو هۆکارێك بوو بۆ بەهێزکردنی ئامانجەکانی بیروباوەڕ، یان هەرکارێك، لە هەموو حاڵەتەکاندا ئامانج پێی خزمەتکردنی ژیانی ئیسلامیە، پاڵپشت بێت بۆ هێز و تواناکانی لە سەرجەم ئاستەکاندا، پێشتر باس لەوە کرا چۆن فەلسەفە بەکارهێنرا لە گەلێك مەودای فراواندا.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە زۆرێك لەو زانستانە بكەین كە لەمڕۆدا ناودەبرێت بە (العلوم الصرفه والتگبيقيه) وەك زانستەكانی ئەندازە، فیزیا، كیمیا، لەهەمانكاتدا سست و خەمساردیی نواندن و سودوەرنەگرتن بەتایبەت لە بازنەی ئاداب و هونەرەكاندا، چونكە زۆربەی ئەوانە پێچەوانەی خواستی موسڵمانانە لەسەر هەردوو ئاستەكەدا.

٧ـ لە ڕوانگەی هەموو ئەمانەوە، زانا موسڵمانەكان تەنها بەوە نەوەستان ئەو كاراكتەرە زانستیانە لەوانی ترەوە وەرگرن، بەڵكو گەشەی پێدا، گۆڕانكاری بەسەردا هێنا، بۆی زیادكرد وەك لەپێشدا ئاماژەمان پێدا، لەو حاڵەتانەی كە گۆڕەپانەكە فراوان بوو بۆ مامەڵەكردن هەرچی نقلْ بكرایە دەوەستا لەسەر چەندێتی و چۆنیەتی، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئاماژە دەكات بە دوو ڕاستی بنەڕەتی، یەكەمیان خۆی دەنوێنێت لە چالاكیە زانستییەكانی ئەوانی تردا ئەو وەها نەیڕوانیوە بۆی كە كۆتایی هەموو شتەكان بێت، یان ئەوپەڕی كەمالیەتی وەرگرتبێت، بەڵكو وایبینیوە ئەوە تەنها قۆناغێكە لە قۆناغەكانی چالاكیە مرۆییەكان. ئەكرێت بە حوكمی یاسای كۆكردنەوەی ئەزموونەكان، هەر زیادبوونێكی بۆ بكرێت لەلایەن خودی موسڵمانانەوە، وەك ئەوەی كە لە ڕەوتی مێژووی زانستیماندا ڕوویدا، جارێكی تریش وایڕوانیوە تەنها هۆكارێكە بۆ خزمەتكردنی ئامانج و مەبەستێكی دورتر، لە زۆربەی كاتەكاندا خول و دەوری خواستەكانی ئەو ئاینەیەتی.

دووەمیشیان: خۆی دەنوێنێت لە هەستێكی لاواز بەرامبەر بە ڕۆشنبیریی ئەوانیتر، دواجار تەسلیم بوونە بە موفرەدە و دەستەواژەكان، بەڵام لەڕاستیدا عەقڵیەتی موسڵمان لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ئەو هەستە لاوازە تێدەپەڕێنێت بەوەی بالاترە لە دەرهاویشتەكانی بەرامبەر و فشارە زانستیەكانی، بەجۆرێك ئەو دەرهاویشتانە دادەڕێژێتەوە كە ئەوە خۆی لەخۆیدا ئامانجێكی مەعریفی نیە، دواجار ڕەخنەلێگرتن و بەرپەرچدانەوەی لەلایەكی ترەوە، سێهەمجاریش بۆ زیادكردن و خستنەپاڵ .

# بەشی سێیەم
# دارمانی شارستانیەتی ئیسلامیی

بەر لە تێپەڕبوون بەسەر ئەو هۆکارانەی کە بوونە مایەی دارمانی شارستانیەتی ئیسلامی، دەبێت جەخت بکەینەوە لەسەر چەند تێبینیەکی گرنگ و تایبەت بەم تەوەرەوە:

١ـ مەبەستمان لە (نەکسە یان نوشست)هێنان، دارمانی یەکجارەکی و گەڕانەوە نیە لە سەرجەم گۆڕەپان و ناوەندەکاندا بە ڕەهایی، ئەوە بەنیسبەت شارستانیەتەوە بەگشتی، بەتایبەت شارستانیەتی ئیسلامی، کە سەرجەم فاکتەر و هۆکارەکانی بوون و بەرپاکردنی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر بوو (دروودی خودای لەسەر)، کە ئەو دوو سەرچاوەش وەك لە بەشی یەکەمدا باسی لێوەکرا کۆمەڵە سیستەم و مەرجگەلێکی گونجاوە، هاندەر بوون بۆ کردنەوە و بەرهەمی شارستانی، بەپێچەوانەی هەندێك شارستانیەتی تر کە بە تەواوی تێکڕای هۆکار و

فاكتەرەكانی گەشەكردنی خامۆش كردبوو، ئەوەش بەجۆرێك بوو مەحاڵە گەڕانەوەی جارێكی تر بۆ گۆڕەپانی بوون، ئەو مەودایانەی، كە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا شكستی هێنا لە بوارە شارستانیەتەكەی و كردە شارستانیەتەكەیدا بوو، نەك بنەماكانی بیروباوەڕ و واقیعیی بوون و بووندا.

٢ـ نوشستهێنان هەروا كوتوپڕ نایەتە بوون، یان بە تێپەڕبوونی كاتگەلێكی كورت، بەڵكو بە چەندین پاڵنەری لێرەو لەوێ، ئەوەش لە ماوەیەكی درێژخایەندا ڕوو دەدات، ئەكرێت كەڵەكەبوونی چەندین سەدە بووبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تاكە هۆكارێك نابێتە مایەی نوشست هێنان، بەڵكو بە تێپەڕبوونی كات هۆكارەكان یەكانگیر دەبن و كارلێك دەكەن، بەجۆرێك ئەستەمە ناسین و جیاكردنەوەی هەریەك لەوانە هەتا قەبارە و مەترسیی هەریەك لەوانە بزانرێت.

دارمانی شارستانیەتی ئیسلامی لە ماوەیەكی درێژخایەن و دۆخگەلێكی جۆراو جۆردا بووە هەریەك لەوان كاریگەریی لەسەر ئەوەی تر هەبووە □ بە جۆرێك لە جۆرەكان —، وەك بیروباوەڕ، سیاسەت، ئیدارە، ئابووری، كۆمەڵایەتی، جوگرافی، ئەخلاقی.. هتد.

لە ڕوانگەی ئەمەوە دەتوانین كۆمەڵێك سەلبیاتی ڕوخێنەر ئاماژە پێبدەین □ بۆنموونە □ لە ئەزموونە سیاسیی و ئیداریەكەدا، وە لە هەردوو جەمسەرەكانی (سەركردایەتیەكی) ستەمكار و (گەلێكی) ژێردەستە، یان لە چۆنیەتی ئیدارەكردنی پرسە كۆمەڵایەتەكاندا □ بەشێوەیەكی وەها □ كە زیادەڕۆیی بێت لە خۆشگوزەرانی، یان نائومێدكردن لە هەوڵەكان بۆ ژیان، یان كۆمەڵگا بێبەش كرا بێت لە ئامانجە سیاسیەكان، ئەوەی كە ئازادی گەل پێیەوە بەندە و لەو پێناوەشدا تەقالای دابێت، دواتر ڕۆچوون و جێبەجێكردنی نائەخلاقی بەجۆرێك ئەو گەلە دارِنێت لە بەها باڵاكان، ئەوەی كەوا بوون و ماهیەتی شارستانیەت پێیەوە بەند بووە .. هتد.

ئەو تێچڕان و کەڵەکەبوونە، سەرەتا بە شتگەلێکی پاتاڵ و بێبەها و بچڕ بچڕ سەری هەڵداوە، ئەوانەش هەموو دەرچوون بووە لە دید و یاسا و ڕێسا و ئاڕاستەکان بە گشتی، ئیتر ئەوان جار لە دوای جار، کەڵەکەیان کرد هەتا بەرئەنجام تەوژمگەلێکی پڕمەترسیی وێرانکار خۆی دا لە سەرجەم نێوەندەکان، هەرچی لەو نێوەندەدا بوەستایە ڕایدەماڵی، سەرجەم چالاکیە مرۆییە کاراکان لەکارکەوتن، بەرئەنجامەکەشی هەڵوەشاندنەوە و لەباربردنی هەموو ئەو داهێنان و ڕاهێنان و ئەو بەرهەمانەبوون کە لە چەندین سەدەدا بەرهەم هێنرابوون.

خۆگری و بەردەوامبوونی شارستانیەت بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەو پرسانەوە کە باسی لێوەکرا، هەرکات دیاردە سەلبیەکان کەڵەکەیدا لەو ناوەندەدا تواناکانی کۆمەڵگا و مرۆڤەکان سست دەبێت، بەرئەنجام بەربوونەوە و شکستهێنان دەبێت.

یەکسەرانە هۆکارەکانی لاواز بوون، یان نوشستهێنان وابەستە بکرێت بە هەبوونی یەك دیاردەوە وەك ئەوەی کە میثالی و ماددی و ئابووری زان و... کێ و کێی دیکە ڕاڤەی دەکەن، ئەوە خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی تەقلیدانەیە و بەسەرچووە، واتە تەفسیرێکی واقیعبینانە نیە، بەڵکو دەبێت تەفسیرێکی گشتگیرانەتری بۆ بکرێت، ئەوەی کەوا هۆکار و کاریگەریەکانیت بەتێکڕا بۆ دەستنیشان دەکات، ئەوەش خۆی لەخۆیدا نزیکترین و گونجاوترین تەفسیرێکە  بە بۆچوونی ئیسلام  کە بکرێت بۆ واقیعەکە و شـتەکان بەتێکڕا لەجێی خۆیدا دابنێت.

٣  شارستانیەتەکان بەتێکڕا و لەنێو ئەواندا شارستانیەتی ئیسلامیش ڕووبەڕووی کەوتن و دارمان بوون و دەبنەوە، ئەگەر ئەزموون و کردە شارستانیەتەکان لاواز بووبێت، یان نەمێنێت لە ناوەندەکاندا، ئا لەوێدا هیچ جۆرە گرەنتی و پاڵپشتێکی خودایی بۆ ئەو شارستانیەتە بوونی نابێت، با ئەو

شارستانیەتەش سیمایەکی ئاینی پۆشیبێت، بەردەوامی و بەرقەراری شارستانیەتەکان بەندە بە چەندێتی و چۆنیەتی کارو دڵسۆزی و بەردەوامبوونی ڕۆڵەکانی ئەو شارستانیەتە خۆیان بۆ خۆیان، ئەوەش دەبێت لە چوارچێوەی کۆمەڵە زەوابت و پاڵنەرگەلێکدا تەنزیم بکرێت، ئەگەر بە (سوء الاستفادة) خراپ مامەڵە بکرێت لەگەڵ ئەوانەدا بەرئەنجامەکەی لە گۆڕنانی ئەو شارستانیەتەیە، لە میزانی خوایدا  بۆ ئیدامە و ئیدارەدانی کاروبارەکان  شتێك نیە بەناوی خاترگەرایی و نەوازش و دەستوپێوەند، بەڵکو فاکتەرگەلێك تەحەکوم لە واقیعەکەدا دەکات بۆ ئامانجگەلێکی مەنتیقی و دادگەرانە.

خوای گەورە لە سورەتی (ئال عیمران)دا سەبارەت بە شکستی موسڵمانەکان لە غەزای (ئوحود) دا کە لە ساڵی (٣ی کۆچیدا)دا بوو فەرموویەتی: ﴿قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (١٣٧) هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِينَ (١٣٨) وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (١٤٠) وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٧  ١٤١).

قورئانی پیرۆز زۆر بە وردی ناوەرۆکی ئەم بەشە مێژووییە باس دەکات، بەتایبەت چەند وشەیەکی تێدایە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە، وەك: سونەن، دەستاودەست، سەرەتا و دەستپێکردن– هیچکام لەوانە نابوێرێت، موسڵمانانیش نابوێرێت: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ دەفەرموێت ﴿بَيْنَ النَّاسِ﴾ واتە: ئەو سونەن و یاسا خوداییە گشتگیرە، دەربازبوون نیە لێی ئەوەش  بێگومان  جاری دەبێت بە هۆکار و پێشەکیگەلێك کە لە ناوەڕۆکدا کردەی مرۆڤەکان خۆیانە.

قورئانی پیرۆز بنەمای (دەستاودەست) باس دەکات وەك کردەیەکی (داینامیکی) ئامانجی پاککردنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، هاوکات بەگەڕخستنی ململانێی بەردەوامە لەنێوانیاندا، ئەوەی وادەکات لە مرۆڤەکان پوخت و دڵسۆزانە کارە مێژووییەکانیان ئەنجام بدەن، کەشێکی گونجاو و لەباریش ساز دەکات بۆ ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان گرووپ و لایەنە جیاوازەکاندا.

بنەمای (دەستاودەست)کردنی دەسەڵات لە قورئاندا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و حەتمی، ئاماژەی پێنەکراوە، بەزۆرەملێ هەردەبێت ببێت و دەسەڵات لە کۆمەڵێك بسەنرێتەوە و بدرێتە کۆمەڵێکی تر وەك ئەوەی کە باوە لە سیستمە ئیدارییەکانی سەردەمدا، بەڵکو واقیعبینانە دەڕوانێت بۆ پرسەکە، مەبدەئی (مەفاسید و مەصالح) لەپێش چاو دەگرێت لەو ئاڵوگۆڕ پێکردنەدا، بۆ ئەوەی لە بزاوتن و جوڵە و نوێبوونەوە و هیوای بەردەوامدا بێت، ئیسلام ڕەدی قۆرخکردنی مێژوو دەکات بۆ هەرکەس و ئایدیایەك، ئا لێرەدا هیچ بەهانەیە نیە بۆ بێ هیوا بوون و داڕمان، زلهێز و تاکڕەوەکانی ئەمڕۆ لە دەسەڵات و حوکمدا ڕەوتی ڕۆژگار سەرەوژێریان دەکات، بە دڵنیاییەوە ئەوە هەردەبێت، چونکە لە بەرەنجامی کردار و ویست و ڕەوتی ئەوانە، دەستاودەستی ئەو دەسەڵاتەی کە قورئان ئاماژەی پێکردووە کۆمەڵێك مەرج وئیجابیاتی لەخۆگرتوو، جوڵەی بەردەوام، کێشمەکێش و ململانێی بەردەوام و کاریگەر، سرووشتی مرۆڤەکان بەو جۆرەیە بێزاری و گاڵتەجاڕی بەجارێك ڕەد دەکاتەوە﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٩).

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو دەستەواژە و شکڵ و شێوازە بکەین کە قورئانی پیرۆز باسی لێوەکردووە لە (سزادان و داڕمان) چونکە پەیوەندییدارە بەو بابەتەی کە لەبارەیەوە دەدوێین، دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین پەیوەندیی نێوان ئەو دوو دەستەواژەیە پەیوەندیەکی جەوهەریە، چونکە هەر ئەزموونێکی شکستخواردوو، یان ڕاستەوخۆ سزای خوایی لەپشتەوەیە، یان ناڕاستەوخۆ بەپێی سونەنە

مێژووییەکان مرۆڤەکان ئامراز و کەرەستە بوون لەو نێوەندەدا، ئەوەش وەك سزایەکە و لە پاداشتی کەمتەرخەمی و خەمساردی لەو ئەرکەیە کە بە مرۆڤەکان سپێرراوە و ئەرکی جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەیە.

ئەو سزا و دارمانە بەشێوەیەکی گشتی کاتێك دادەبارێت کە مرۆڤەکان بەهانەکانی بەردەوام بوون لەو نێوەندەدا بەزایە بدەن، لێرەدا هەر گورزێك ئاراستەی ئەو کەسە یان ئەو ڕەوتە بکرێت بەسە بۆ ئەوەی لە ڕاڕەوی خۆی بێهێز و پێزی بکات، لە بەرامبەر ئەوەشدا دەروازەکان ئاچووخ دەکات لەبەردەم ئەوانی تردا، ئەوانەی کە پابەندی سونەن و ڕێسا مرۆیی و واقیعەکان دەبن، ئەمەش بە گوێرەی ئەو پێوەرە قورئانیەی کە باسی لێوە کرا.

دەکرێت ئەو گورزە هێزێکی دەرەکی بێت، یان یاخیبوونی ناوخۆ بێت، یان ململانێی ئەندامان و پلە بالاَکان بێت و دەگونجێت کارەساتێکی سروشتی بێت، لە سەروو ئەوەوە بێت، کە توانای مرۆڤەکان ڕووبەڕووی ببێتەوە ﴿قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِنْ فَوْقِكُمْ أَوْ مِنْ تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُمْ بَأْسَ بَعْضٍ انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ﴾ (الأنعام: ٦٥)، ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ (٩٧) أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾ (الأعراف: ٩٧- ٩٨).

مەبەست لە نازلّ بوونی سزا یا دارمان، ئەوە نیە ئەو شارستانیەتە کۆتایی هاتبێت و هیچ شوێنەوار و دیاردەیەکی نەمێنێت، وەك ئەوەی کە بەسەر هەندێك گەل و نەتەوەدا هات لەپێش ئیسلامدا، بەڵکو مەبەست پێی پارچە پارچە بوون و جۆرێك لە هەڵوەشانەوەیە، ئەوەش بۆ ئەوەیە ڕێبەر و کەسایەتیە ناودارەکان بەخۆدا بچنەوە و دەستبەرداری هەڵوێست و مامەڵە چەوتەکانیان ببنەوە و بۆ ئەوەی کەسانێکی تر ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکە لە ئەستۆ بگرن ﴿وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنْ بَعْدِكُمْ مَا يَشَاءُ كَمَا أَنْشَأَكُمْ مِنْ ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ

آخَرِينَ﴾ (الانعام: ١٣٣)، ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾ (هود: ٥٧).

بەو دید و واقیعەی کە هەیەتی بۆ ئەو چەمکە و جەختکردنەوەی لە بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەو ناوەندەدا، ئا لەو دەلاقەوە قسە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەکات، ئەگەر دەستبەرداری بەها باڵاکان و خزمەتگوزاریە مرۆییەکان بن، یاسا و ناموسە گەردوونیەکان پێشێل بکەن.

لەو دەلاقەوە بەئاگایان دێنێت لە مەترسی و بەرئەنجامی خراپ بەسەر ئەو نەتەوە و هۆز. قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەبێت سەرکردە و چینی نوخبە لە ئاستی بەرپرسیارێتی و متمانەی خوا و خەڵکدا بن: ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ (محمد: ٣٨)، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ (المائدة: ٥٤).

چەمکی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەردەوام ئیسلام جەختی لێ دەکاتەوە، تاکو ئامانجەکانی دەپێکێت، ئەو دەستاو دەست و ئاڵوگۆڕە هەر لە ئەزەلەوە و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەوە ویستێکی خودایی بووە و دەبێت: ﴿كَمْ تَرَكُوا مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٢٥) وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٢٦) وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ (٢٧) كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ (٢٨) فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ وَمَا كَانُوا مُنْظَرِينَ﴾ (الدخان: ٢٥ – ٢٩).

ئەو گۆڕانکاریە کە قورئان باسی لێوە دەکات هەروا بە هۆکارگەلێکی سەرەتای و لە سنووری زمکانێکی پڕ لە ڕۆتیندا نایەتەبوون، بەڵکو ئەوەبەندە بەو سوننەتە گەردوونییەی کە خودا بڕیاری لەسەر داوە کە هەر ئەوەش دەبێتە مایەی بەرقەرارکردنی ئەو ئامانجە مەزنە، ﴿فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ (١٣)

وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِهِمْ ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ﴾ ( ابراهيم: ١٣  ١٤)، ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ (١٠٥) إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغًا لِقَوْمٍ عَابِدِينَ ﴾ (الأنبياء: ١٠٥  ١٠٦)، ﴿وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا﴾ (الأعراف: ١٣٧)، ﴿وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ (٥) وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ (القصص: ٥  ٦)، ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (النور: ٥٥).

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین (لەم بەشەدا) وەك پێویست بەڵگە مێژووییەکانمان نەخستەڕوو لە میانە و تەوەرەی باسەکەماندا، کە باس لە هۆکارەکانی داڕمان دەکەین، زیاتر لەبەر قەبارەی کتێبەکە، کە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشی پێویست باسکراوە، هەروەها هەمان ڕەوتمان گرتووەتەبەر لەمەڕ بەڵگەهێنانەوە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەوەشدا زۆرجار ئاماژەمان کردووە بۆ کتێبی (دليل التأريخ والحضارة في الأحاديث النبوية) کە لە (پێڕستدا) نێوی هاتووە، بەشی پێنجەمیش ئەو باسانەی بە وردیی لەخۆگرتووە، کە بەتێکڕا وەرگیراوە لە فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) سەبارەت بە نەمان و داڕمانی دەوڵەت و شارستانیەتەکان.

### ١ـ کشانەوە لە جیهاد و بێبایەخ ڕوانین بۆ فەرمان بە چاکە و ڕێگریی کردن لە خراپە:

لەو ڕۆژەی کە دەوڵەتی ئیسلامی بەرپابوو لە مەدینە، بە درێژایی ئەو سەدانەی کە هێز و چالاکی و جیهادیش بەردەوام بوو لە ناوچە دورەکانی سنووری ئیسلام سەرجەم ڕەهەندە شارستانییەکان لە ڕێڕەوی خۆیدا بوو، بەڵام پرسی فەرمان بە چاکە و ڕێگریی کردن لە خراپە ئەوە لە ناوخۆی دەوڵەتی ئیسلام و لە نێو موسڵماناندا بوو، ئەوەش یەکێکە لەمەودا پڕ بایەخ و گرنگەکانی دەوڵەتی ئیسلام، ئەم چالاکیە شارستانیە بواری لەباری سازاند بۆ گەشەسەندن و برەودان بە واقیعی موسڵمانان و ئیسلام لە سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکاندا، جیهادکردن خاکی موسڵمانانی دەپاراست، پێگەی نیشتمانی بەهێز دەکرد، هاوکات لە بوارە جیاجیاکاندا توانا و یارمەتی دەدات بە گەلانی موسڵمان بۆ زیاتر هەڵکشان و بەرهەم و بەخشین، نەك هەربەوەی موسڵمانان بەئاگاو چالاك بن لە واقیعێکی داخراودا، بەڵکو بەردەوام چالاك و تواناساز بوون لە زۆرێك لە ئاستە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مادی و فەرهەنگی لەو دەمەدا، وێڕای گەشەیەکی بەردەوام لە بوارەکانی بیروباوەڕ و سیاسەتدا، دواتریش شارستانیەت.

لەمیانەی ناوخۆشدا فەرمان بە چاکە و ڕێگریی کردن لە خراپە ئەمەش دەوڵەت و دامودەزگاکان ئیدارەی دەکەن، یان ئەو کەسانە کە خاوەن فیقهو، بانگخواز و زانا و پسپۆڕان لەو بوارەدا، جێبەجێکردنی کردنی ئەم ئەرکە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) بەردەوام دووپاتیان لەسەر کردووە و پێویستبوونەکەیان نرخاندووە بە ڕەچاوکردنی ڕەهەندەکانی و پابەندبوون پێیەوە، چونکە ئەو پرسە ناوەڕۆك و ئامانجی ئاینە، هەربەوەش کۆمەڵگای موسڵمان پارێزراو دەبێت لە ون بوون و دووبەرەکی و هەڵوەشاندنەوە،

بەردەوامیش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ هەڵنانی موسڵمانان، هەتا تێکۆشەر و چاکەکار بێت بۆ ئەوەی لە کۆتایدا شارستانیەتێکی زیندوو چالاك بوونی هەبێت.

لە مێژووی ئیسلامدا بەشێوەیەکی بەرفراوان، چەمکی جیهاد بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە پراکتیزە کراوە و ئامانجەکانی خۆی پێکاوە، ئیتر بە ئیدارەکردنی دەسەڵاتەکانی ناوخۆ بووبێت وەك خەلیفەکانی ڕاشیدین و ئەمەوی و عوسمانیەکان، یان لە ژێر سایە و دەسەڵاتی هەرێمیدا بووبێت، وەك ئەوەی کە ڕوویدا لەسەر دەستی ئیمارات و مەمالیکە ئیسلامیەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.[1]

بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، ڕێبەر و دەسەڵاتدارانی موسڵمانان دەستبەرداری ئەو پرسە گرنگە بوون و وەلایان نا، لەهەمانکاتدا زۆر شلگیرانە ئەرکی فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە بوونەوە، دەسەڵاتداران ئەو پرسە گرنگەیان  وەك خۆدزینەوەیە  لە سەنتەری دەسەڵاتەوە گواستەوە بۆ ئاستە جۆراو جۆرەکانی نێو کۆمەڵگا، ئیتر سەربەخۆ هەر دەستە و گرووپێك چۆنیان بوێت ئاوا پراکتیزەیان دەکرد، حاڵیش ئا بەو جۆرە ! ئەو دوو پرسە چارەنووسسازە گرنگە بێبایەخ دەبێت، ئامانجەکان ون دەبن، ناوبەناویش ئەو دوو چەمکە وەگەڕدەخرێن بۆ مەبەستگەلێکی... بۆ دونیا و دونیاویستی، ڕێچکەکان واڵا دەبن بۆ خۆخۆری و چەوسانەوەی بێ حەسانەوە، ئەوە لەلایەك و بڵاوبوونەوەی فەسادی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و جوداخوازی لەلایەکی ترەوە، ئەوەش بووە مایەی دروستکردنی حاڵەتگەلێکی سلبی مەترسیدار لە ڕەوشی شارستانیەتیدا، بەرەنجامەکەشی سنوردارکردنی توانا و هەوڵەکان و دروستکردنی ئاژاوە و سست بوونی ئینتیمای کۆمەڵگا بوو بۆ سەرجەم ڕەهەندە ئاینی و مرۆییەکان.

---

[1] بڕوانە: في التأصيل الإسلامي للتأريخ : د. عیمادەدین خەلیل: چاپخانەی دار الفرقان، عمان ـ ١٩٩٨ز، بەشی دووەم. ل٢١٧.

لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمە نەخوازراوەدا لەگەڵ نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامدا، بازرگان و زاناكان ڕۆڵی بەرچاو و كارایان گێڕاوە لە گەیاندن و بڵاوكردنەوەی ئیسلام لە سنوورە دورەكانی ئاسیا و ئەفریقادا، فەرهەنگ و شارستانیەتی ئیسلامیان گەیاندووە بەو گەلانە، هەرچەندە ئەوە خۆی لەخۆیدا بەس نیە بۆ ئەوەی ئەو گەلە تازە ئاشنابوانە ڕووی ڕاست و تەواوی شارستانیەتی ئیسلام بناسن، چونكە ئەوەی كە ڕوو دەدات لەنێو خاكی موسڵماناندا دیوێكی ترە، جیاواز لەوەی موسڵمانان باسی لێوە دەكەن، واتە پەیوەندیی دەسەڵاتداران بە چەمكەكانی جیهاد و فەرمان بە چاكە و ڕێگریی لە خراپە، دیوێكی تری پێچەوانە دەدات بە گەلانی تازە ئاشنا بە ئیسلام، هەروەها لە ناوجەرگەی گەلانی موسڵمانانیشدا دۆخێكی مەترسیداری دروستكردووە لەنێوان موسڵمانان و بیروباوەڕەكەیاندا، بەرئەنجامەكەشی هەڵتەكاندن و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بوو بە سەرجەم ڕەهەندەكانیەوە لەنێو كۆمەڵگای موسڵماناندا.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بە هۆكارگەلێك بكەین كە ڕۆڵی سلبی و مەترسیداری هەبوو لەسەر لاوازكردن و سنووردراكردنی جیهاد و فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە، هۆكاری ئەمەش گرژبوون و لاوازی بیروباوەڕ بوو، كە هەر ئەمەش هۆكاری سەرەكیە لە بونیاتنانی دەوڵەت و شارستانیەتەكاندا، هاوكات بە نەمان و لاوازبوونی ڕۆڵێكی مەترسیدار دەگێڕێت لە داڕمان و لاوازكردنی نەتەوە و شارستانیەتدا و هەر ئەوە ڕەوتی شارستانیەتەكان تۆكمە و كارا دەكات، مەعالیمە دەرەكیەكانی یەك دەخات. ڕوون و ئاشكرایە سەرجەم فەیلەسوفەكانی مێژوو و توێژەرانی بواری شارستانیەت وادەبینن: هەر شارستانیەتێك دەستبەرداری بیروباوەڕ بووبێت، یان ڕۆڵی بیروباوەڕ لاواز بووبێت، یان مەعالیمەكان پەرتەوازە كرابێت بەجۆرێك لەجۆرەكان، ئەوا هێز و توانا و گەشە و بەردەوامبوونی خۆی لەدەست دەدات، ئەو هۆكارانەی كە بڕگەكانی پەیوەست كردووە پێكەوە لێكدەترازێت، ڕەوتی كار بەئاڕاستەی پێچەوانەوە ڕوو لە ئامانج دەنێت.

## ٢ـ لاوازبوونی واتای یەکتاپەرستی و دزەکردنی شیرك و گومڕایی:

یەکتاپەرستی  هەروەك ئەوەی زانراوە  بیلبیلەی ڕوئیای ئیسلامە بۆ گەردوون و ژیان و بوونەوەر و مرۆڤایەتی، ئەو خاڵەیەش کە هەمیشە جەختی لەسەر دەکاتەوە، یەکتاپەرستی ئەو حاڵەتە پاکە هەمیشە زیندووەیە لە دەروونی مرۆڤەکاندا، کە بەو سروشتە هەڵکەوتووەی سەرچاوە دەگرێت لە قورئان و سوننەتەوە، موعجیزە دەخولقێنێت، لەتواناشیدایە کێوەکان لەجێی خۆی جێگۆڕکێی پێ بکات، (ڕۆجێ گارودی) لەم بارەوە لە کتێبەکەیدا (وعود الاسلام) دەڵێت: یەکتاپەرستی لە دیدی موسڵماناندا لەهەمانکاتدا تاکە پاڵنەر و ئامانجە، چونکە لەگەڵ ئەودا زۆرێك لە موفرەدە و توانا شاراوەکان و جومگەکانی ژیانی لەخۆگرتووە، هاوکات ئەو چەمکانە ڕووکەش دەکات بە ڕەنگێکی خودایی کە جیای دەکاتەوە لە سەرجەم دەرهاویشتەکانی تر.[١]

بەڵگەنەویستە هەر کەموکوڕیەك ڕووبەڕووی چەمکی یەکتاپەرستی بێتەوە، یان هەر تەمومژێکی لەدەور بێت، بەرئەنجام کۆمەڵگا بەرەو حاڵەتێکی سلبی و بۆشاییەکی نەخوازراو و گوماناوی دەبات، خۆبەخۆ ئا لەو حاڵەتەدا بانگەشەکردنە بۆ شێوازەکانی شیرك و بتپەرستی و ملهوڕی، دواجار هەستێکی نامۆ دەخولقێنێت لەنێو کۆمەڵگای موسڵماناندا هەستی خۆبەکەمزانین و بێ ئیرادە و بێ ئیدارە و.. تواناکانی توانا پیشەگەری و داهێنان و بەرهەمەکانی بەجارێك لێدادەماڵێت و سەرگەردانی دەکات، بەرئەنجام شارستانیەتێکی سست و لاواز لە هەر ئەدایەك کە ببێتە جێی سەرەنج، چونکە هۆکارەکانی بوون و ماهیەتی لەدەست داوە.

---

[١] بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو فەرموودە صەحیحانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون بڕوانە: عیمادە دین خەلیل و حەسەن ڕەزو: دلیل التاریخ والحضارة في الأحادیث النبویة الشریفة، چاپخانەی الأردن للمعهد العالمی للفکر الأسلامی، عومان، ٢٠٠٣ز، بەشی دووەم: چەمکی (هاوبەش پەیداکردن و بتپەرستی).

لێرەدا ڕووبەڕووی دوو ڕیانەیەك دەبینەوە، یان ئەوەیە دەوڵەت و گەل و مرۆڤەکان مامەڵەیەکی دروست و تەندروستانە بکەن لەگەڵ چەمکەکانی یەکتاپەرستیدا بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە، ئەوەی کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) – بەو مەودا فراوانە –ئاماژەی پێکردووە، یان ئەوەیە جار لە دوای جار دارِمان و کشانەوە دەبێت لە مەوداکانی باوەڕ و یەکتاپەرستی و دواتر دیاردەکانی کەرتبوون و مرۆڤپەرستی و تەسلیمبوون بە هەوا و ئارەزووەکان، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هێدی هێدی وەك شێرپەنجە هەموو جومگەکانی شارستانیەت هەڵدەوەشێنێت، مەترسیی و کاریگەریەکانی لە پاشدا سەرهەڵدەدەن، هێندە نابات دارونەداری مادیی و مەعنەویی لەو نێوەندەدا ڕیشەکێش دەکات.

بەردەوام قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، مرۆڤەکانی ئاگادار کردووەتەوە لە بەرەنجامە مەترسییدارەکانی ئەو پەتایە، لە کاریگەریە خراپەکانیشی چەندە ئاستەنگ لەبەردەم ڕەوتی کاری شارستانیەتدا دەخولقێنێت، بەرەنجامیش لێکترازان و کپبوونەوەیەك.

به بایەخترین شتێك کە گەلانی موسڵمان داویانە بە مرۆڤایەتی  بەگشتی  بیروباوەڕی یەکتاپەرستییە بە سەرجەم ئەو ڕەهەندە ئەخلاقی و بەها باڵایانەی کە لەخۆی گرتووە، بەڵام موسڵمانانی هاوچەرخ لەمڕۆدا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی و هەڵمەتی فیکری سەردەم، سەرجەم بەها و حاڵەتە دەروونیە بەهێزەکان لە دیدی ڕۆژئاواوە دەبینێت و وەردەگرێت، لە ناخیاندا هەست بە قورسی و بەهای باوەڕ ناکەن، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەنرخترین دیاردەیەکە بۆ مرۆڤەکان و ماهیەتی ئەوان دەسەلمێنێت، ڕێنوماییشمان دەکات بۆ باشترینەکانی دونیا و دوارۆژ، زۆر حەکیمانەش هەڵسوکەوتمان، بیرمان، هەست و نەستمان ڕێکدەخاتەوە، هەر لەو دەلاقەوە مرۆڤەکان باڵاتر دەبن، ڕێزدارتر دەبن لە جێ و ڕێی گونجاوی خۆیدا

دایدەنێت، بەوپێیەی کە ئەو خەلیفەیە و داوای لێکراوە زەوی ئاوەدان بکاتەوە، لە ڕۆژگارێکدا باوەڕ کاریگەرییەکی کارا و سەنگینی هەبووە لە ژیانی موسڵماناندا، لە بەدیهێنانی هەردوو بزووتنەوەی زانستی و شارستانیەتدا.

لەئەساسدا مانای یەکتاپەرستی پرۆژەیەکی شارستانیە، ئەگەر گفتوگۆ عەقڵانیەکان دەلاقەی تێنەکەن و دزە نەکەنە ناویەوە لەڕێی فەلسەفەی یۆنانی و سێبەرە مەسیحیەکەی، گەر وابوو، ئەوە وەك جەدەلێکی هەمیشەیی و بێ ئەنجام لە دوتوێی کتێبەکاندا هەر دەمێنێتەوە، ناسنامە و پەیامی موسڵمانان بۆ گشت جیهان چەمکی یەکتاپەرستیە، هەربەوەش دەتوانن لە ئاست ئەو ململانێیەدا بن کە بانگەشەی بۆ دەکەن، چونکە یەکتاپەرستی بەو توانا سەرسوڕهێنەرە کە هەیەتی، لەتوانایدایە نەخشەی شارستانیەتێك داڕێژێت جیاواز لەوانی تر.

**٣ـ زۆرەملێی سیاسیی:**

زۆرەملێی سیاسی بەرامبەرە بە ستەمی کۆمەڵایەتی لە وێرانکاریی و لەباربردنی تواناکانی کۆمەڵگا، هاوکات ئاستەنگ دروست کردن لە بەردەم داهێنان و ڕێگرییکردن لە گەشە عەقڵیەکان و بەرهەمەکانی. لێرەدا گرنگی شورا و ئازادیی سیاسییمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بانگەشەیان بۆ کردووە لە زۆرێك لە ئایەت و فەرموودەکاندا، ئەوەش کە خەلیفەکانی ڕاشیدین کاری بەردەوامیان کرد هەتا توانیان خواستەکانیان بەرجەستە کرد لە واقیعی سیاسیی و کۆمەڵگادا.[١]

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین سورەتێك لە قورئاندا بەناوی (الشوری)وەیە، ئەو ئایەتەش کە فەرمان دەکات بە پێغەمبەر لە ژیانی خۆیدا، پرس

١ بڕوانە: کیف نکتب التاریخ الإسلامي: عیمادەدین خەلیل، چاپخانەی دار الکتاب الإسلامي، ١٩٩٢م، ل١٨٧.

و ڕا فەرامۆش نەکات لە کار و فەرمانەکانیدا ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ (آل عمران: ١٥٩)، ئەو ئایەتەش کە وەسفی کۆمەڵگای موسڵمان دەکات هەر لەو دەلاقەوەیە کار و فەرمانەکانیان بە پرس و ڕایە ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشوری: ٣٨)، هاوکات پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) لە هەموو کاروبارەکانیدا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا زۆر بە هەند گرتبوو بۆ ئەوەی موسڵمانان بە گەورە و گرنگ ئەو پرسە وەربگرن، نرخ و بەهای شوورا و ئازادی چەند و چۆنە لە داڕشتنەوە و بەرقەرارکردنی شەریعەت و مێژوو بۆ ئەم ئاینە و ئەو ئاسۆ فراوانەی کە فەراهەمهێنرابوو لە بوارەکانی شوورا و ئازادی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا کەشێکی لەباری خولقاندبوو بۆ دەورووبەر، سەرچاوە مێژووییەکان زۆر بە زەقی ئەو ڕاستیەیان تۆمار کردووە، شێوازی پەیوەندیی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا لەنێوان دەسەڵات و گەلدا تاڕادەیەك وەك ئاوێنە وابووە، ئەوە یان پیشانداوە بە یەك، کە پێویست بووە پیشانبدرێت، حاڵی گەلانی موسڵمان لەو دەمانەدا هەر بەو شێوە دەگوزەرا.[١]

بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا، سەرەتا وەك شەڕی ناوخۆ لەنێو موسڵماناندا ناوی (فتنة)ی لێنرا و ڕووداوگەلێکی نەخوازراوی بەدوادا هات، سەرەتا پرسی شورا بوو بە قوربانی لەبری ئەوەش دەسەڵاتی پاشایەتی هاتە کایەوە، هەتا کار گەیشتە ئەوە سوڵتان کەسی یەکەم و کۆتا بوو لە بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەی بڕیارەکاندا، لەوێشدا نەوەستا، بەڵکو سوڵتانیان بە سێبەر و هێمای دەسەڵاتی (خودا) دەبینیەوە لەسەر زەویدا، بەدەر لەوەش ناوی بێناوەڕۆکی تریان دەدا بە سوڵتان کە سەرجەمیان پێچەوانەی بنەما و گیانی ئیسلام بوو، ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات، ڕەوتی گەلانی موسڵمانی سست و پەست کرد، هەموو تواناکانی لەکارخست،

---

١ بڕوانە: عیمادەدین خەلیل و حەسەن ڕەزو: دلیل التاریخ والحضارة بەشی چوارەم، تەوەری (الأمة والسلطة).

ئازادییەکانی زەوت کرد، ئا لەوێوە سەرجەم دەروازەکانی کار و داهێنان داخران بە ڕووی گەلانی موسڵماناندا.

داڕمان و شکستخواردوویی لە سیاسەت و دەوڵەتداریدا، ڕاستەوخۆ پەیوەست نیە بە ڕەوتی شارستانیەتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو ڕیتم و ئاوازە خراپەوە هەیە کە کەڵەکەی داوە لەنێو واقیعی گەلدا، بەهۆی زۆرەملێی سیاسیی و ناڕەوایی لە ئیدارەی دەوڵەتدا جموجوڵە ئیداری و سیاسەکانی بەجارێك لاواز و نەزۆك کردووە.

لەو ڕووەوە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) مەترسی ئەو جۆرە مامەڵە سیاسیە ناتەندروستانە هەست پێدەکات و ڕۆڵەکانی گەل لە مەترسی و دەرهاویشتە خراپەکانی بەئاگا دێنێت، بەرامبەر بەوەش کۆمەڵێك دەستەواژە ئاڕاستە دەکات لەمیانەی فەرموودەکانیەوە کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا وەك گرنتیەکی زامنکار وایە لە کار و کایە سیاسیەکاندا و دەیپارێزێت لە هەر لادان و زۆرەملێیە و ڕێگرە لەوەی گەل سنووری خۆی تێپەڕێنێت و ئازادی خۆی لەدەست نەدا.[1]

لە مێژووی موسڵماناندا زۆرجار دامودەزگا ستەمکارەکان هۆکار بوون بۆ داڕمان و لەناوبردنی دەوڵەتە ئیسلامیەکان، سەرجەم نسکۆ و شکستەکان لە مێژووی ئەواندا پەیوەندیان بە باری نالەباری دەسەڵاتدارانەوە هەبووە کە دەیانخوڵقاند بۆ گەلانی موسڵمان و هەر ئەو شکستە یەك لە دوای یەکانە کە تەپەیان دابوو لە مێژووی موسڵماناندا هۆکارگەلێك بوو بۆ لەکارخستنی تواناکان و کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ڕەوتی شارستانیەتی ئیسلام.

بەردەوام لەنێوان ئەو دوو شێوازەدا (سیاسی و شارستانی) دوو جۆر هۆکاری کارا هەبوون بۆ دواخستن و داڕمان، جۆری یەکەم: بێباك بوون لە بەرەنجام و دواڕۆژی دەوڵەت و کیانی گەل، جۆرەکەی تریش: بەر بووبوویە توانا و سامانی گەل

---

[1] أزمة العقل المسلم: د. عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان، چاپخانەی الدار العالمیة للکتاب الإسلامي والمعهد العالمي للفکر الإسلامي، فیرجینیا ـ ١٩٩٤ز، چاپی سێهەم، لا٤٧ ـ ٥٠.

و شارستانیەتی ئیسلام بە ڕاست و چەپدا بە هەدەری دەدا وەك ئاگرێك كە دەكەوێت لە پوش و پاوانێك.

قورئانی پیرۆز لە ڕووە سیاسیەكەوە تاوان و لۆمەی داڕمان لە ئەستۆی سەركردایەتی و جەماوەر دەنێت وەك یەك، بەو حوكمەی كە گەل لە نێوان هەردوو لادا ئەڵقەی بەیەكگەیشتنن، چونكە سەركردەكان مومارەسەی هەر كردەیەكی چاك و خراپ ناكەن بەشێوەیەكی ئاشكرا و دیار نەبێت و لەبەردەم جەماوەرەكەیاندا.

لەسەر ئاستی سەركردەكان، قورئانی پیرۆز وامان پێدەڵێت: كاتێك دەسەڵاتدارە ستەمكارەكان جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرنە دەست، چۆن لە سۆنگەی ئەو دەسەڵاتەوە هەڵسوكەوتگەلێك مومارەسە دەكەن و سەردەكێشێت بۆ كەرتبوون و هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵگا، ئەو كۆمەڵگایەی كە پێشتر متمانەی بەوان دابوو كاروباری ئیداریی و سیاسیی وڵات بگرنە دەست، هەر ئەوان بە پشتەسوری دەسەڵاتەكەیان كە پێیان درابوو، یاخیبوون، ملهوڕی و ئاژاوە و خراپ هێنان و فرتوفێل و ڕەدكردنەوەی هەر داوایەك كە دژ بەو دەسەڵاتە بێت، نواندنی ئەوپەڕی دڵڕەقی و سوكایەتیكردنیش بە نەیاران و ڕیشەكێشكردنی لایەنگرانی نەیارەكان، بەو بەهانەی كە تێكڕای یاسا و ڕێسا و دیدی ئەوان بە ڕەهایی تەندروست و لە بەرژەوەندیی هەمواندایە.

بۆیە ناكرێت تانەلێدان و هەمواركردنەوەی ﴿يَا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ يَنْصُرُنَا مِنْ بَأْسِ اللَّهِ إِنْ جَاءَنَا قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ﴾ (غافر: ٢٩)، قورئانی پیرۆز پێماندەڵێت ئەو ستەمكارانە ئامێرێكن وان بەدەست خواوەندەوە، بەكاریان دێنێت، ژێربارن، بەڵام بەخۆ نازانن هەتا سزای دادگەرانەی خوایی دادەبارێتە سەر هەردوو لای تاوانەكە، دەسەڵات وەك ستەمكار، جەماوەر وەك ئەوەی ڕازیی بوون بەو ستەمە ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا (١٦) وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ

الْقُرُونِ مِنْ بَعْدِ نُوحٍ وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا﴾ (الإسراء: ١٦  ١٧)، ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنْفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ (الأنعام: ١٢٣)، ﴿وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا (٦٧) رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾ (الاحزاب : ٦٧ – ٦٨)، ﴿وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ (الأنعام: ١٢٩).

لەپێناو ئەوەدایە قورئانی پیرۆز داوا دەكات لە سەركردەكان كار لەسەر ئەوە بكەن ستەم لەسەر گەلان نەهێڵن، ئەگەر كار بگاتە سەر ئەوەش ئەو خاكە بەجێبهێڵن و كۆچ بكەن بۆ جێیەكی تر كە ئازادی و دادگەری لەو ناوەندەدا بوونی هەبێت ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (٩٧) إِلَّا الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا﴾ (النساء: ٩٧  ٩٨)، ﴿وَسَكَنْتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ﴾ (ابراهيم: ٤٥).

قورئانی پیرۆز سەرجەم توێژەكانی كۆمەڵگا بەئاگا دێنێتەوە لە سزایەكی وەها كە هەموان تێوەگلێن پێوەی، ئەوەش لەكاتێكدایە ئەگەر سەركردەكان ستەم و زۆردارییان ئەنجام دا و كۆمەڵگا بێ هەڵوێست و دەسەپاچەیی خۆی نواند، ئەوا هەموان دووچاری خەشم و سزای خوا دەبن، چونكە هەردوو لا بەجۆرێك لەجۆرەكان، دەستیان هەبووە لە بەرقەرار كردنی ستەم و زۆرداریەكەدا، گومانیش لەوەدا نیە، پشك و پرشی زۆرینەی ئاگری سزا بەر گەل دەكەوێت، لەبەرەنجامی بێ هەڵوێستی و ڕازیی بوون و بەرەنگارنەبوونەوەیان بۆ ستەمكار و زۆرداران ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (٢٤) وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (الأنفال: ٢٤  ٢٥).

### ٤ـ کەرتبوون و ترازانی نێوان هەردوو سەرکردایەتی (فیکری و سیاسی):

لە سایەی زۆرەملێ و ستەمی دەسەڵاتی سیاسی لەنێو گەلانی موسڵماناندا جودایی و دابڕان کەوتە نێوان سەرکردەکانی فیکر و سیاسەت، عەرەبە دەشتەکیەکان توانییان کۆتایی بێنن بە خەلافەتی ڕاشدین، چونکە ئەوان دەسیانگرتبوو بە سەرجەم جومگە هەستیارەکانی ناو سووپادا، دواتر سیستمی پاشاگەرایی ئەمەویەکانیان دامەزراند، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا سەرەتای لادان بوو  لە مێژووی ئیسلامدا  ئەو گۆڕانکاریە کاریگەری سلبی مەترسیداری خوڵقاند لە مەوداکانی (دەسەڵات و مەعنەویدا)، بەتایبەت مەترسی لەسەر ئەوەی دووەم زیاتر بوو، چونکە دوبەرەکی و ئاژاوەی نایەوە لەنێوان سەرکردەکانی فیکر و سیاسەتدا، کە ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ شەڕی خۆبەخۆیی و گەڕانەوە، هۆکارێکی سەرەکیش بوو بۆ لەباربردنی توانا پڕبەها و دیارەکان، کە ئیسلام بونیاتی نابوون لەنێو واقیعی گەلانی موسڵماناندا.

پاش هاتنە سەر تەختی دەسەڵات، لە لایەن کەسانێکی دەمارگیر و ملهوڕ و تۆڵەسێن، سەرانی فیکری ئیسلامی، ئەوانەی پابەندبوون بە ئەصالەت و یاسا و ڕێسا و دەقەکانی شەرع و سوننەی خەلافەتی ڕاشیدینەوە، زووبەزوو هاتنە دەمودەس لە ڕووی ئەو دەسەڵاتە نادادپەروەرانە، بێدەنگیش نەبوون لەمەڕ ئەو زۆرداریی و گەندەڵیەی وا دنیای ئەوانی تەنی بوو، بەرەنگاربوونەوەکەش لەسەر بنچینەی بیروباوەڕ و فیکر بوو، نەك هۆزگەرایی.

بۆ زیاتر لە سەدەیەك شۆڕشی دژبەیەك و شەڕی ناوخۆ لەنێو تایەفە و هۆزەکاندا، هەموانی شەکەت و لاواز کردبوو، خاوەن بیر و فەقیهەکانیش سەرکەوتوو نەبوون لەوەی گەلانی موسڵمان بەئاگابێنن لە مەترسی و ئامانجە خراپەکانی تایەفەگەری و خێڵەکی و بەرژەوەندی بنەماڵە و نەتەوە پەرستەکانەوە، لەلایەکی تریشەوەکەسە زانا و فوقەهاکان نەچوونە ژێر هەژموون و ئیرادەی

دەسەڵاتدارەکان، بەهەر بەهانەیەك بوایە خۆیان دەرباز دەکرد لە سیاسەت و ئیرادەی ئەوان، چوون دەبوو فەقیهەکان بە ویستی ئەوان فەتوا و بنەماشەرعیەکانیان دابڕشتایەتەوە، دەسەڵاتیش لەو سەردەمەدا هیچ کەموکوڕییەکی نەدەکرد لە گرتن و ڕاوەدوونانیان.

ئیتر بەشی ئەوان هەر گرتن و واوەیلاو ئەشکەنجە و نەهامەتی بوو بۆیان، لە کۆی ئەوانە چوار ئیمامە بەڕێزەکە، ئیمام (ئەبو حەنیفە) لە ساڵی (١٥٠ك/ ٧٦٧ز) لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد، چونکە ئەو ڕازیی نەبوو دەسەڵاتی قەزا وەرگرێت لە سایەی دەسەلاتێکدا کە پابەند نەبوو بە یاسا و بەها مرۆییەکانەوە، ئیمام (مالك) لە ساڵی (١٧٩ك/ ٧٩٥ز) کۆچی دوایی کرد، ئەو بەهۆی ئەشکەنجە و ئازارەوە دەستێکی گۆج بوو، چونکە ئەو لە بەرامبەر دەسەڵاتدار و ناڕەواییەکاندا، دەستی بڵند کردبوویەوە، ئیمام (ئەحمەد) لە ساڵی (٢٤١ك/ ٨٥٥ ز) ئەو بەهۆی ئەو ئەشکەنجە و ئازارەی کە پێیان دابوو، لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد، ئیمامی (شافیعی) لە ساڵی (٢٠٤ك/ ٨٢٠ز) ئەو زانایە کۆتوبەند لە گەردنی ئاڵابوو، چونکە دەسەڵاتداران لەو دەمەدا فەتوا و بیروبۆچوونەکانی ئەوانی بە مەترسی دەزانی، ناچار زێدی خۆی بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە وڵاتی غوربەت دەکات، وڵاتی (مصر).

ئەو ناکۆکی و دوبەرەکیە دۆخێکی نالەبار و ڕووخێنەری دروستکرد لە ناوەندە فیکری و سیاسیەکاندا، بەگژاچوون و یەکترنەخوێندنەوەوە، هەموو ڕیسەکەی کردەوە بە خوریی، دەروازەکانی واڵا کرد لەبەردەم نەیار و تەماعکاراندا، ئیتر ئیرادە و تواناکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبوون، بەجۆرێکی لێهاتبوو دەتگوت نەبووە.

تاکە شتێك کە مابوو بۆ شارستانیەتی ئیسلام و هیوابەخش بێت بۆی، تروسکاییەکانی بیروباوەڕ و دەروونە نوزە لێبڕاوەکان بوو، گەلانی دەوروبەری موسڵمانانیش لەو دەمەدا لە دواکەوتوویەکی وەهادابوون نەدەبوو ببنە جێگرەوە بۆ

شارستانیەتی ئیسلام، هەرچەندە بووبوونە مەترسیش لەسەر خاك و خەڵكی ئیسلام، ناوبەناویش هێرشیان دەكردە سەر سنوور و ناوجەرگەی خاكی ئیسلام و داگیریان دەكرد بۆ ماوەیەك، هەر لە بەربەریەكان و مەغۆل و ڕۆم و خاچپەرستانەوە.

لێرەدا گرنگ ئەوە نیە چەندو چۆن دەرك بەو ناكۆكی و پەرتەوازەییە بكەین كە بە سەر شارستانیەتی ئیسلامیدا هات لە دوای نەمانی خەلافەتی ڕاشیدینەوە، بەڵكو ئەولەویەت لێرەدا ئەوەیە دەرك بەوە بكەین چۆن موسڵمانان لە سەرەتای ئیسلامدا بە گوڕم و تین هێز و توانایان كۆكردەوە و زاڵ بوون بەسەر هێزی مادیگەریدا، ئەوەی كە بۆ چەندین سەدە تەپەی دابوو لەنێو ئەو كۆمەڵگایەدا، لەڕاستیدا هەرئەوەش بوو گەلانی پێش ئیسلامی لاواز كردبوو لە بەرامبەر ئەوانی تردا، هەمان سیناریۆش بۆ جارێكی تر بەسەر گەلانی موسڵماندا دوبارە بویەوە (ئەوەش لەكاتێكدابوو ئینتیمای ئاینی و مرۆییان لا لاواز بووبوو) ئەوەش بەندە بە چەندێتی بوونی ئەو حاڵەتە سلبیانەوە لەنێو كۆمەڵگاكاندا، تەنانەت ئەمڕۆش بەڕێژەیەكی بەرچاو بوونی هەیە لەنێو گەلانی موسڵماندا، لەگەڵ بوونی ئەو دیاردە سلبیانەدا گەلانی موسڵمان ناتوانن ڕەوتی كاری ئیسلامی هاوسەنگانە جوڵە پێبكەن، چونكە هەردوو تایەكە لاسەنگن نایەنەوە، بەرەنجام دووچاری خۆخۆری و ململانێی ناشەریفانە دەبنەوە، دواتر ئاڵۆزی لە كۆمەڵگا و سەرجەم جومگەكاندا بەئاشكرا ڕەواجی پێدەدرێت وەك ئەوەی واقیعە و هەیە و دەبینرێت.[١]

---

١ بڕوانە ئەو ئایەتانەی ئاماژەن بەم بابەتە لە: سورەتی البقرة: ١٢٨، ١٤٣، سورەتی آل عمران: ١٠٤، ١١٠، سورەتی الأعراف: ١٨١، سورەتی الأنبیاء: ٩٢، سورەتی المؤمنون: ٥٢.

## ٥ـ لوتبەرزی و ملهوڕی خێڵ و ناوچەگەریی و ڕەگەزپەرستی بەسەر مانای گەلدا:

ڕوون و ئاشکرایە ئاینی ئیسلام لە زۆربەی دەقەکانیدا جەختی کردووەتەوە لەسەر مانای (نەتەوە)، یان (گەل)،[1] لە سەرەتای ئیسلامدا هەوڵی لەڕاددە بەدەر هەبوو بۆ ڕاستکردنەوە و بەرجەستەکردنی ئەو چەمکە بە ئایەتی (براءة) و دواتر بە سڕینەوە و وەلانانی سەرجەم دیاردەکانی بتپەرستی و سەردەمی نەفامیی.

خەلیفەکانی ڕاشیدینیش (خوا لێیان ڕازی بێت) بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕەوتە، بۆ ئەوەی مەعالیمەکانی ئەو چەمکە بگەیەننە فراوانترین ئاسۆ، لەو دەمەدا دەوڵەتی ئیسلامی بەرقەرارتر بوو، چەمکی نەتەوە ئاوێزان بوو بەسەر هەموو جێیەکدا و ئەوانەش کە تازە ئاشنا دەبوون بە ئیسلام، وێڕای ئەو جیاوازیەی کە لە ڕەنگ و ڕوخسار و هۆز و جوگرافیا و کلتووریاندا هەبوو، ئیسلام تێڕوانینێکی واقیعبینانەی هەبوو بۆ ئەوانە، هەرئەوەش وای کرد زانیاری و ئەزمونەکان لەیەکتر پێون ببن، شارستانیەتی ئیسلامیش زیاتر بەهرەداربوو، بەهرەکانیشی قەڵبەزەی کرد بەگوزەرە جۆراوجۆرەکانی ژیان.

هێندەی نەبرد ئەو مشتومڕ و جودایی و چەند بەرەکیە کاریگەری نەرێنی خۆی هەر لە سەرەتادا باراند بەسەر ئیسلامدا، ململانێکان پەرەیانسەند، تالآویان داباری بەسەر دوو تەوژمدا، تەوژمی ئیسلامی بەو حوکمەی کە بانگەشەی بۆ یەکتاپەرستی دەکرد و تەوژمی هۆزگەرای و نەتەوەپەرەستی، کە بانگەشەیان بۆ جودایی و دابڕان دەکرد، ئەوەش خۆی لەخۆیدا کۆمەڵێك کاردانەوەی نەرێنی لێکەوتەوە لە مێژووی ئیسلامدا، هەر لە سەرەتاوە جەنگی هەڵگەڕاوەکان، کە بە (حروب الردة) و ململانێ

---

١ بڕوانە: دلیل التاریخ والحضارة: عیمادەدین خەلیل و حەسەن ڕەزو: تەوەری (الأمة والسلطة) و (الفتن والفرقة والعصبیة).

خوێناویانەی، کە لەنێوان عەرەبەکانی باکوور و باشوور، یان (القیسیین و الیمانیین) ڕوویدا، تاکو دواجار جەنگ و هەرا بەرپابوو لەنێوان عەرەبەکاندا بەگشتی.

ئەو ململانێ و دوبەرەکیە برینێکی قووڵ بوو لە جەستەی ئیسلامدا، زۆرێك لە بەها باڵاکانی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی لەناوچوو، لەسەروو هەموانەوە یەکڕیزی و توانای موسڵمانان بەجارێك لێك دابڕاو ترازا، یان بەشێوەیەکی تر، هەوڵەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لاواز بووبوو پاش ئەوەی لەسەر ڕەوت و گەشەی بەرچاو و دیاری هەبوو، دوور و بەدەربوو لە هەر ململانێ و خۆبەخۆی و کەرت و پەرت بوونێك، لە کۆتایشدا هەر ئەو باکگراوند و پاشەکەوتە عەمبارکراوە بوو وای کرد جارێکی تر شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر پێکانی خۆی بوەستێت.

لە ئێستادا با ئەوە وێنا بکەین، گەر شارستانیەتی ئیسلامی ڕەشەبای دووبەرەکی و هۆزگەرایی و نەتەوەپەرستی هەڵی نەکردبایە بەسەر واقیعی موسڵماناندا، دەبوو ئێستا شارستانیەتی ئیسلام لە گۆڕەپانی واقعدا چ کاریگەرییەکی هەبوایە، لەبەر ئەوەیە قورئانی پیرۆز گەلانی موسڵمان بەئاگا دێنێت لە هەر دووبەرەکی و ململانێی هۆزگەرایی و نەتەوەگەرایی ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ (الانفال: ٤٦)، ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾ (النساء: ٥٩)، ﴿حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ﴾ (آل عمران: ١٥٢).

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەهەمان ئاراستەی قورئان هەڵوێستی وەردەگرت، بە توندی بەرەنگاریی هەر شتێك دەبویەوە کە زیان بە یەکڕیزی گەل و نەتەوە بگەیەنێت، یان هەر ئاستەنگێك دابنێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕەوتی جێنشینایەتی ئیمانیەکەیدا لەم جیهانەدا.[1]

---

١ أزمة العقل المسلم: د. عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان: ل٤٦.

له سەرەتای ئیسلام و هەتا سەردەمی خەلیفەکانیش، ئەو ڕەوتە بەردەوام کارابوو، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی فیتنەی دووبەرەکی و خۆخۆیی لەناو سەرکردەکاندا، پاش خەلافەتی ڕاشیدینئەو ڕەوتە لەتمەی خوارد بەجۆرێك تواناکان سست و پەست بوون، هۆی ئەو گۆڕانکاریە ئەوەبوو دەوڵەتەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) متمانەی تەواوی لەسەر هاوەڵان بوو، ئەوان بوون ڕاگر و بانگەشەکار بۆ دەوڵەتی ئیسلام، بە دڵسۆزیی و لێبڕانی ئەوان ئیسلام گەیشتبووە ترۆپکی هێز و دەسەڵات، لەو ڕووەوە سەرجەم هۆز و عەرەبە دەشتەکی و کەمفام و کاڵفامەکانی ناو عەرەبە خێڵەکیەکان پەیوەندیان کرد بە دەوڵەتی ئیسلامەوە، بەرامبەر بەوەش هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) زۆربەیان چووبوون بە تەمەندا، زۆرێکی تریان لە جەنگەکاندا شەهید بووبوون، ئیتر ڕۆڵی هاوەڵان سنووردار بوو لە ئیدارەی دەوڵەتدا.

ئالێرەدا بۆشاییەکی ئیداریی دروست بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداریە، هۆزەکانی عەرەب ئەوانەی تازە ئاشنا بووبوون بە ئیسلام کەوتنە ناو جومگە ئیداریەکانەوە، توانیان کاروباری سووپا و کاروباری دەوڵەت بەدەست بێنن و ڕابەرایەتی بکەن، بەڵام بە دیدێکی نەتەوەپەرستی و خێڵایەتی و نەیاندەتوانی پابەندی یاسا و ڕێسا و نەریتەکانی ئیسلام بن، وەك ئەوەی کە هاوەڵان پابەندبوون لە سەرەتای ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامدا، سەردەمی زێڕینی ئەوان لەگەڵ حەزو ئاواتی هۆزە عەرەبەکان و نەتەوەپەرستەکاندا نەدەهاتەوە.

بۆیە هەردەبوو ئاگری فیتنە و دووبەرەکی خۆش بکەن، لەو دەلاقەوە پۆستە باڵاکان بەدەست بێنن هەتا لەپشت ئەوەوە حەزە ناڕەواکانیان بەدی بێنن، بەرەنجامی ئەوە، خەلافەتی ئیسلامی نەما، لە شوێنی ئەوان دەسەڵاتی هۆز و دەمارگیریی و ڕاوەدوونان و زۆرەملیّ، هاتە کایەوە.[١]

---

[١] بڕوانە: مقال في العدل الإجتماعي: عیمادەدین خەلیل، چاپی سێهەم، بەشی دووەم، ل٣٣ ـ ٦٦.

### ٦ـ ستەمی کۆمەڵایەتی:

ئەگەر دیدی مادی گەرایی و هەوادارانی، فاکتەرێکی کارا و سەرەکی بووبن لە مێژوودا بۆ بووژانەوە و گوڕوتیندان بە ڕەوتی هۆزگەرایی نەتەوەپەرستی و بونیاتنانی شارستانیەت و ڕووخاندن و هەرەسپێهێنانی هەندێکی تر، هاوکات ئەگەر یەکلایەنانە ڕێگر بوو بێت لەبەردەم ئەو هۆکارانەی کە شارستانیەتەکان گەشەیان پێ کردبێت، یان مەوداکانی تەنگەبەر کردبێتەوە، ئەوا ئەوەی کە گومان هەڵناگرێت ستەمی کۆمەڵایەتی و بەهەدەردان و خراپ دابەشکردنی سەروەت و سامان و کەرتوپەرتکردنی کۆمەڵگا بۆ چەندین کەمایەتی، کە جڵەوی دەسەڵات بەڕێوە بەرێت و حوکمی زۆرینە بکات لە کارە هەنوکەی و ستراتیژییەتی مادی گەرایی بووە، هەرلەوێوە زۆرینەش برسیی بکرێت و سوکایەتی بە بوون و پیرۆزییەکانی بکرێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا هۆکارگەلێکی مەترسیدارە بۆ کەرتوپەرتکردنی نەتەوە و کۆمەڵگاکان و بۆ لاوازکردن و تەفروتوناکردنی شارستانیەتەکان.

قورئانی پیرۆز لە چەندین شوێندا مرۆڤەکانی بەئاگا هێناوەتەوە لە بەرەنجامی خراپ و مەترسیەکانی ئەو تەرزە بیروبۆچوونانە[1]، هاوکات تەئکید لەسەر بونیاتنانی کۆمەڵگایەك دەکاتەوە، کە دامەزرابێت لەسەر ئەساسی دادگەریی و لە سایەی یەکبوون و دەستەبەرکردنی خواستەکانی گەلدا بێت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە زۆرێك لە فەرمودەکانیدا جەختی کردووە لەسەر پێویستی بوونی ئەو دوو چەمکە (دادگەری و دەستەبەرکردن)، چونکە ئەو دوو مەیدانە لە هەرە خواستە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایە، لەو دەلاقەوە تێکڕای مەبادئو قیەمە ئاینی و مرۆیی و باوەڕی پتەو دادەمەزرێت، هاوکات بە فەرامۆشکردن و وەلاخستنی، بەرەنجامی خراپ و تێکڕای ئینتیماکان لاواز تر دەبن.

---

١ بڕوانە: دليل التاريخ والحضارة: عیمادەدین خەلیل وحەسەن رەزو: بەشی چوارەم و پێنجەم ، تەوەری: (العدل والتكافل والسلام الإجتماعي ) و (التمزق والظلم الإجتماعي) .

کۆمەڵگەی موسڵمانان لە سەرەتای ئیسلامدا، دواتریش لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا ئەزموونی پڕ فەڕ و دیاریان پێشکەش کردووە بە مرۆڤایەتی بەتێکڕا، سەرجەمیان دامەزرابوون لەسەر بناغەی دادگەری و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەل، هەر ئەوەش بوو بەپاڵپشتی ئەو گەلە تازە دەرکەوتووە، یەك دەنگ و کۆك و تۆکمە بن، خۆگربن لەمیانەی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا و توانیان لە مەودایەکی کاتیی کەمدا مێژوویەك تۆمار بکەن، ئامانجەکان بەدەست بێنن، مەترسیەکان بڕەوێننەوە، وەك ئەوەی توانیان جەنگی هەڵگەڕاوەکان (حركة الردة) ڕیشەکێش و دوابڕاو بکەن، نەك هەرهێندە، بەڵکو برەو بە فتوحاتی ئیسلامی بدەن، ئەو دەوڵەتە تازە پێگەیشتووە فراوانتر و تۆکمەتر بکەن و ببنەپاڵپشت بۆ دامەزراندنی ئەو تۆڕە شارستانیەتەی کە دواتر گەشەی سەندو پرشنگی دایەوە بە دەوروبەردا، سەرجەم گەلانی تری دونیا لە خێرو بێری بێبەش و بێ نیاز نەبوون.[1]

بەڵام ئەو دۆخە درێژەی نەکێشا، دیاردەی ستەم و زۆرەملێ و لێکترازان سەری هەڵدا لە ناوەندە سیاسی و ئیداریەکاندا، گەلانی موسڵمان دابەش بوون بە سەر چەندین ئاستی کۆمەڵایەتیدا، سامان و داهاتەکانیش خراپ سودی لێوەردەگیرا، دۆخەکە هەرلەوێدا نەوەستا، بەڵکو کۆتوبەند گەلێك دانرا لەسەر جوتیار و پیشەوەر و خاوەن مەزراکان، ئەوان کەوتنە ژێر ئەو بارگرانیە، کە بە ئەستەم بۆیان جێبەجێ دەکرا، کۆمەڵێك باج و سەرانە دانرابوو بەهیچ شێوەیە لەگەڵ دەق و ڕێسا شەرعیەکاندا نەدەهاتەوە، باری ئابوری دەوڵەت لە قەیرانێکی ڕەهادا بوو، بۆیە لەسەر داوای خەلیفەی عەباسیەکان، قازی و فەقیهی ئەو سەردەمە (ئەبو یوسف) هەستا بە نووسینی کتێبی (الخراج)، کە بە وردی باس لە لێکەوتە خراپەکانی سیستمی ئابووری دەکات لەودەمەدا، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەبوو دۆز و

---

١ بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەشی چوارەم و پێنجەم ، تەوەری: (المال) .

چارەیەکی گونجاو بەدی بکات بۆ ئەو دۆخە نالەبارە کە ئابووری ئیسلامی پێوە گلابوو.

ئەو گەندەڵی و کەرتوپەرت بوونە، تەنها باری ئابووری ناوەندە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەنی بوو، بەڵکو گەلانی موسڵمانیشی دابەش کردبوو، جیاوازی دەکرا لە نێوان عەرەب و غەیری عەرەبدا، نەك هەر هێندە، بەڵکو جیاوازی دەکرا لەنێوان عەرەبەکانیشدا، ئەوەش بە مەبەستی بەرپاکردنی دوبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لەنێوان کەمایەتی و ئەو گەلانەی کە تازە ئاشنا بووبوون بە ئیسلام، ئەو ڕەوتە نالەبارە، دۆخێکی ناجێگیری دروستکرد لەنێو گەلانی موسڵماندا.

زۆرێك لە سەرکردە و خەلیفە و فەرمانڕەواکان لە هەوڵی ڕاستکردنەوە و لەبارکردنی ئەو دۆخەدا بوون، لە هەوڵی ئەوەدابوون گەلانی موسڵمان یەك بخەنەوە بۆ یەك هەڵوێستی لە سیاسەت و دادگەریی و دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی کە هەر ئەوەش بوو لە سەرەتای ئیسلامدا دەوڵەتی موسڵمانی لەسەر دامەزرا، سەردەمی عەباسیەکان (عومەری کوڕی عەبدولعزیز)ی تێدا بوو (٩٩  ١٠١ ك)، هەر لە سەردەمی عەبباسیەکاندا (نور الدين محمود بن عماد الدين زنكى) ئەو فەرمانڕەوای (مصر و شام) بوو (٥٤١  ٥٦٩ ك) ئەو لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ یەکخستنەوە و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە باسی لێوەکرا، بەڵام گۆڕەپانی ئیداری لەو دەمەدا فراوان بوو، گەندەڵی ئیداریش زۆربەی زۆری ناوەندە ئیداریەکانی تەنی بوو، ستەم دەکرا، گەلانی موسڵمان بەش بەش کرابوون، دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەجارێ فەرامۆش کرابوو، سکاڵاکان بەردەوام لەزیادبووندا بوون لەسەر خراپ بەکارهێنان و خراپ دابەشکردن و زیادبوونی باج و زۆرەملێی دەسەڵاتداران.

مێژوونووسان شتی زۆریان لەوبارەوە نووسیوە، هەر ئەوەش بە هۆکارگەلێکی سلبی و ڕێگر دادەنێن لەمەڕ سست بوون و گەشەنەکردنی شارستانیەتی ئیسلام،

کۆمەڵگای موسڵمانان لەو سەدانەدا  سەدەکانی دوایی – تاڕادەیەك دەسەپاچە بوون، سست بوون لە ئەدای کاری شارستانیدا بەگشتی .

ئەوەی پێویست بوو لەم بارەوە لە بەشی چوارەمی پەرتووکی (مدخل الی التاریخ الاسلامی)دا باس‌و خواسی لێوەکراوە، تێکڕای دەنگۆ و ناڕەزاییەکان کە لە کۆمەڵگای موسڵماناندا بەرز دەبویەوە، شۆڕش بەرپا دەکرا، خەبات دەکرا، خوێن دەڕژا، هەموو ئەوانە لەپێناو ئەوەدا بوو ستەم و زۆرداریی ڕامالڕێت، دادگەری کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە، دۆخ و گوزەرانی خەڵکی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ سایەی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر).

## ٧ـ خۆشگوزەرانی و زیادەڕۆیی:

پەندێك هەیە هەردەم لەسەر زمان دووبارە دەبێتەوە، دەڵێن: خۆشگوزەرانی نیعمەتەکان لەبەین دەبات، بەڵکو ئەوە  لە ڕاستیدا  ژیان ئاڵۆز دەکات، سامان بەهەدەر دەدات، ڕەوتی شارستانیەت لەنگ و لار دەکات، ئەو ڕۆڵێکی سلبی وێرانکار دەبینێت، کە بەردەوام ئەنجام دەدرێت.

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) زۆر هەستیارانە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە دەخەنە ڕوو، زۆرێك لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە ئاماژە بەوە دەکەن، موسڵمانان بەئاگا دێننەوە لە بەرکەوتە خراپەکانی،[1] خۆشگوزەرانی زیاد لەپێویست دیاردەیەکی وێرانکارە لەسەر کۆمەڵگا، یان لەسەر ئەوانەی کە بەفیعلی مومارەسەی دەکەن، چاویان کوێر دەکات، ڕۆحیان خامۆش دەکات، سەرجەم هەست و بەها ئەخلاقیەکان لەناودەبات ﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَذَا إِلَّا بَشَرٌ

[1] بڕوانە: ابن خلدون اسلامیا: عیمادەدین خەلیل، چاپخانەی المکتب الأسلامی، بەیروت ـ ١٩٨٥ز، چاپی دووەم، لا٥٨ ـ ٦٥.

مِثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ (٣٣) وَلَئِنْ أَطَعْتُمْ بَشَرًا مِثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَخَاسِرُونَ﴾ (المؤمنون: ٣٣  ٣٤)، ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ (الاسراء: ١٦)، ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِنْ قَبْلِكُمْ أُولُو بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّنْ أَنْجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ (١١٦) وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ (هود: ١١٦  ١١٧).

ئەوە سوننەتی خوایە لەم گەردوونەدا، ناگۆڕێت و پێچەوانەش نابێتەوە، بەردەوام لە جوڵەی مێژوودا بەدی کراوە و بەدی دەکرێت، زێدەڕۆکاران هەرچی و چۆن بن بە بەرئەنجامی کاری خۆیان دەکەن: ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِنْ قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنْشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ (١١) فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُمْ مِنْهَا يَرْكُضُونَ (١٢) لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَى مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ (١٣) قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ﴾ (الأنبياء: ١١  ١٤).

(ابن خلدون) لە کتێبەکەیدا (المقدمە) زۆری وتووە لەسەر کێشە و گرفتەکانی خۆشگوزەرانی، بێگومان (ابن خلدون) لەوەدا کاریگەری قورئانی پێوە دیارە، وێڕای ئەوەی توێژینەوە و دیدەوانی و خوێندنەوەی وردی کردووە بۆ گەل و دەوڵەتەکانی سەردەمی خۆی.

(ابن خلدون) وادەبینێت: خۆشگوزەرانی پەیوەندی بە ڕەوتی شارستانیەتەوە هەیە، هەر ئەو دیاردەیە کۆمەڵگاکان دەگوازێتەوە لە هەژاری و ژیانی دەشتەکیەوە بۆ دەوڵەمەندی و شارستانی و نیشتەجێبوون لە شارە گەورەکاندا، ئەو بە بۆچوونەکانی چارەسەری گرفتەکانی کردووە (بە هەردوو بەشە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکەوە) لە یەکەمدا باسی ئەوەی کردووە: خۆشگوزەرانی چەمکە ئەخلاقیەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ورەی کۆمەڵگا کەمتر دەکاتەوە ئەوەش خۆی لەخۆیدا کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر ڕەوتی شارستانیەت، گوڕوتینی داهێنان

نامێنێت بەرەنجام هەڵوەشاندنەوە و وێران بوونە. لە دووەمیشدا باسی لەوە کردووە: زیادەڕۆییکردن لە گوزەراندنی ژیاندا لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت هاوسەنگیی ناهێڵێت لەنێوان بەرهەم و بەکارهێناندا، هەرگەلێکیش زیاد لەپێویستی شتومەکەکانی ژیان بەکاربێنێت لەسەر حیسابی گەشەکردن و بەرهەمەکان، هەمان کاریگەری نەرێنی تری دەبێت لەسەر ڕەوت و پێشکەوتنی شارستانیەت.[١]

لە ڕابردوودا زۆرن ئەو دەوڵەتانەی بە هۆی زیادەڕۆیی لە گوزەراندنی ژیاندا دارمان و تێدا چوون، بە جۆرێك بێ ناوونیشان بوون، لەمڕۆدا زۆر پێویستە پشکنینی ورد بکرێت بۆ ئەو دیاردە نالەبارانەی کە بەسەر مێژووی موسڵماناندا هاتووە لە ڕوانگەی (دەقەکانی قورئان و سوننەت و ڕوئیاکانی ئیبن خەلدونەوە) لەپێناو ئەوەی پەنجە بخرێتە سەر خاڵە لاواز و ناکۆکەکان، ئەوەی کە دەستەڵاتدارەکان لە گێژاویدا سەرقاڵ بوون.

تەنها بە بەراوردکردنێکی سەرەتایی لەسەر ئەوەی کە مێژووی ئیسلامی لە هەموو حاڵەتەکاندا بەخۆوە بەدی کردووە لە بونیاتنانی شارستانیەت بە سەرجەم ڕەهەندەکانیەوە و لەنێوان بەهەدەردان و تەخشان و پەخشان پێکردنی سامان و داهات و..، دەکرێت بگەینە بەرەنجامێکی سەرەتایی، چ ئەوەی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا بێ، یان لە قۆناغ و سەدەکانی دوای ئەوان، وەك سەردەمی (عومەری کوڕی عەبدولعزیز/ ٩٩ – ١٠١ک)، یان سەردەمی (نورالدین زنکی/ ٥٤١ – ٥٦٩ک) و زۆرێکی تر لە خەلیفە و فەرمانڕەواکان لە سەردەمی ئەمەویی و عەباسییەکاندا کە بەردەوام کاریان لەسەر ئەوە دەکرد واقیعی موسڵمانان پابەند بکەنەوە بە بەها ئاینی و خواستە مرۆییەکانەوە.

---

١ بڕوانە: تأريخ الإسلام السياسي والديني والثقافي والإجتماعي (تفاصيل زواج الخليفة العباسي المأمون ببوران بنت الحسن بن سهل ...، وزواج الخليفة العباسي المعتضد بقطر الندى بنت خمارويه بن أحمد بن طولون...): د. حەسەن ئیبراهیم حەسەن: چاپی شەشەم، بەشی دووەم (٣/ ٤٥٦ ـ ٤٥٨).

پاش ئەوانیش سەردەمەکانی پاشا و وەلی عەهد و چی وچیەکانی تر کە چۆن وەك خۆرە بەربوونەتە وێزەی سامان و داهاتی نیشتمان هەموو سات و کاتەکانەکانی ڕۆژانەیان، شەوانەیان لە خۆشگوزەرانی و سازاندنی کۆشك و عەیش و نۆش و پۆشینی بەرگی گرانبەها و ئاهەنگی هاوسەرگیری و بۆنە گشتی و کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان، دەبەخشیەوە بە سەر شاعیر و کاسەلێسەکاندا بۆ ئەوەی دەستەمۆیان بکەن لەپێناو بەرێکردنی بەرژەوەندییە نامەشروعە تایبەتەکانی مەلیك و شازادەکاندا بەکاریان بێنن.[١]

ئا بەو بەراوردکردنە خێرا و سەرەتاییە قەبارە و کاریگەریی و مەترسیی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (بەهەدەردانی سامان و زیادەڕۆیی کردن) چ زیانێکی بە ڕەوتی شارستانیەتی ئیسلامی گەیاندووە، چەند لەمپەرو ئاستەنگی دروستکردووە لە میانەی پێشکەوتن و گەشەکردنی شارستانیەت.

## ٨ـ سستبوونی ڕەوشت و سلوك:

ڕەوشت و سلوکی تاکەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەرییان هەیە بە دۆخی شارستانیەتەوە، ئەگەر ئەو مەودایە لە نێوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا تۆکمە و بەهێز بێت، گەشە و تین دەخولقێنێت بەرەنجامی ئیجابی لێدەبێتەوە، هاوکات بە نەمانی بەرەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە.

چەمکی ئەخلاق لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا واباوە تایبەتە بە تاکەکانەوە و کردەیەکی خودی تاکە کەسیە بەڵام لەڕاستیدا ڕاستەوخۆ کاریگەریی سلبی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەیە لەسەر ئاستە جیاوازەکان، بەرەنجام هەوڵ و چالاکیەکان ڕاەگرێت، ڕەوتی شارستانیەت ئاڵۆز دەکات.

---

١ بڕوانە: دليل التاريخ والحضارة : عیمادەدین خەلیل و حەسەن رەزو: بەشی چوارەم و پێنجەم، تەوەری: (حسن الخلق ..) و (المرأة ..) و (سوء الخلق ..).

ڕەوتی تەندروستی شارستانیەت بەندە بە ڕەوتی کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگا لە هەر مەودایەك لە مەوداکان لادان و بێباکی بنوێنێت، ئەنجامی خراپ دێنێت، شارستانیەتی تەندروست بەندە بە بەها ئەخلاقیەکانەوە، گەر کۆمەڵگا مومارەسەی لائەخلاقیی سێکس و ڕۆچوون لە ئارەزووبازیی و مەی و گەعدە و سەما و داوێنپیسیی و فرتوفێڵ و درۆ و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و لوتبەرزیی و ڕیاکاریی و غەدر و دووڕوویی و خیانەت و گەواهیدانی درۆ و هەستنەکردن بە بەرپرسیایێتی و نەمانی ویژدان لای تاکەکان و گزیی کردن و پابەندنەبوون بە عەهدو پەیمانەکان و زایەکردنی ئەمانەت.. هتد.

گوزەرکردن ئا بەو ڕووبەرە فراوانەدا و مومارەسەکردنی ئا بەو شێوە و بەو ڕەهاییە دور و بەدەر لە هەر ئیلتیزاماتێکی مرۆیی، کە ئەوانە لە فەرهەنگی شارستانیەتدا بۆ بونیاتنان و بەردەوام بوون و داهێنانە، بەڵام ئەوانە سەرجەم تاسا بوون، خەفە بوو بوون، خراپ کەڵکیان لێوەرگیرا، بەرەنجام بێ توانا بوون و تووشی داڕمان بوو.

لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەم چەمکە پانتاییەکی فراوانی گرتووە، لە زۆر شوێندا موسڵمانان بەئاگا دێنێتەوە و جەختی کردووە لەسەر پابەندبوون بە ئاکارە مرۆییەکانەوە و پێکهێنانی کۆمەڵگایەك بە ڕەهایی ڕۆچووبن بە قووڵایی بەها باڵاکان، بێگومان چەمکە ئەخلاقیەکان فاکتەرێکی کاراو گرنگە بۆ ڕەوتی شارستانیەت و گەلان بەتێکڕا، وزەبەخشێکی بەردەوامە لەو میانەدا و ئاڕاستەکارێکی ڕاستەوانەیە لەسەر ئاستی چەندو چۆندا.[١]

---

١ بڕوانە: حول إعادة كتابة التاريخ الإسلامي: عیمادەدین خەلیل، چاپخانەی دار الثقافة، دەوحە ـ ١٩٨٦ز، لا ٥٤ ـ ٦٥.

هەركات كۆمەڵگا پابەند بێت بە ڕەوتی مرۆڤبوونەوە، زۆر بە سانایی دەتوانێت ئاستەنگەكان تێپەڕێنێت و پارێزگاریی لە كیانی خۆی بكات و درێژە بە تەمەنی شارستانیبوونی خۆی بدات، هاوكات دێوەزمەی شكست و داڕمان لە خۆی دوربخاتەوە، هەركاتێك كۆمەڵگا خۆی بێنیاز بكات و بەهاكان وەلانێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا و هەوڵنەدا بۆ جوانكردن و قوڵكردنەوە و مومارەسەكردنی، زووبەزوو ماهیەتە خودی و دەرەكیەكانی تێك و پێك دەشكێت، دواڕۆژێكی خراپتر ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

لەمڕۆشدا جێكەوتە و پاشماوەی ئەو بەها ئەخلاقیانە بەدی دەكەین كە كۆمەڵگای موسڵمانانی لەسەر دامەزرابوو، لە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و هەستی بەرپرسیارێتی و جوامێریی و دڵسۆزیی و ئارامگرتن و فیداكاریی و.. هاوكات بەگژداچوونی درۆ و خیانەت و ترسنۆكی و تۆقاندن و خۆپەرستی، ئەوانەش خۆی لەخۆیدا ڕۆڵێكی كارا و بەرچاویان هەبوو بۆ بە واقیعیكردنی كۆمەڵگا و یەكخستن و پێشخستنی لەسەر هەموو ئاستەكان، قورسی و بەهای شارستانیەتیش لەوەدایە.

ئاشكرایە گەر بەها ئەخلاقیەكان سەرچاوە بگرێت لە باوەڕ و هەستی ئیمانیەوە ماهیەتی خۆی بەدەست دێنێت لە واقیعی كۆمەڵگادا و لە فەلسەفە و نهێنی بیروباوەڕی خۆی دەگات، بەجۆرێك یەك لەسەر دەی ئەو باوەڕە بەدی ناكرێت لای ئەو كۆمەڵگایانەی كە خودی خۆیان بونیات ناوە لەسەر بناغەی مادیی گەرایی و بەرژەوەندیی تاكە كەسی و بەهانەی بێ بنەما، لەوێدا ماهیەت و عمومیەتی بوونی خۆی ون دەكات و دەبێتە دیلی لایەنگریی و شوێنكەوتەیە، ئەوەش بە تێكڕا ئیسلام ڕەدی دەكاتەوە ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ (المائدة: ٨)، ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ (الأنعام: ١٥٢).

خەلیفەی یەکەم (ئەبوبەکری صدیق) خوا لێی ڕازی بێت لە یەکەم وتاریدا بۆ گەلەکەی وتی: (لە هەر گەلێکدا خراپەکاریی بڵاوبێتەوە خوای گەورە ڕیسوا و زەلیلیان دەکات).

وێڕای ئەوە مرۆڤ ڕاڕایە لەوەدا یەکسەرە باوەڕ بکات بەو دیاردانەی کە دەگێڕرێنەوە لە خەلیفە و ئەمیر و مەلیك و دەسەڵاتداران بەگشتی لەمەڕ ئەو خراپەکاریی و ڕەوشت و... لە مێژووی ئیسلامدا، بە دڵنیاییەوە زیادە وتنێك لەوێدا وتراوە، هەرچەندە ئەوانەش  بە پلەی یەکەم  باس کراون لە دوتوێی کتێبەکاندا، وەك لە (الأغاني)دا هاتووە، لە نووسینی (ابی الفرج الأصفهانی) و (العقد الفرید) لە نووسینی (ابن عبد ربه)و (المستطرف) لە نووسینی (الابشیهی).. هتد.

توێژەران سەبارەت بەو نووسراوانە دەڵێن: قبوڵکردنی ئەو زانیارییانە کە لەو کتێبانەدا هاتووە هەروا ئاسان نیە؟ (ابن الخلدون)یش لە (المقدمة)دا ئاماژەی بە وەها باسێك کردووە، ئەوەی کە دەکرێت وەربگیرێت– وەك پەیامێك – لەو ڕیوایەت و باسانە، بەسە بۆ ئەوەی ببنە وانەیەکی ئەخلاقی و بەڵگە لەسەر مومارەسەی خراپ و کاریگەریی سلبی و ئاستەنگ دروستکردن لەسەر گەشە و ڕەوتی شارستانیەتی ئیسلام، بەرەنجامیش پوکانەوە و داڕمان.[1]

دەیان و سەدان نموونە هەن بخرێنە ڕوو، لەوانە بڵاوبوونەوەی کەنیزەك و گۆرانی و مەی خواردنەوە و ئەوانە بەجارێك خەڵکیان غافڵ کردبوو لە عیبادەت و جیهاد و بەها باڵاکانی تر.

سەرەتا گەندەڵی و خراپەکاریی لە بەغداوە سەری هەڵدا، لە کۆشکی خەلیفە و ئەمیرەکانەوە، دواتر لە تەلار و باڵەخانەی دەوڵەمەندەکانەوە، ئیتر لەنێو گشتیدا

---

[1] بڕوانە: واقعنا المعاصر: موحەمەد قوتب: چاپخانەی مکتبە رحاب، جەزائیر، چاپی دووەم، لا ١٣٧ ـ ١٣٨.

بوو به سكەيەكی هەرزان با، هەركەسە و مامەڵەی پێوەدەكرد، هەندێك خراپ ڕۆچوو بوون لە مومارەسەكردنیدا، خەڵكێكیش نەبوو وەك پێویست بەرەنگاریان بێتەوە هەندێكی تریش بە تەواوی بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، بەڵام ناوچە و هەرێمەكانی تری سنووری ئیسلام ئەو دیاردە خراپە خۆماڵیانەی پێنەگەیشتبوو، هەر لەسەر دابونەریتەكانی ئیسلام مابوونەوە، تاڕادەیەك باوەڕ و ئیمان لە دڵەكاندا ڕەگ و ڕۆڵی هەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند پەتاكە تەشەنەی كرد بۆ زۆربەی هەرێم و ناوچەكانی تر.

ئەوەش سوننەتی خوایە لە گەردووندا كەی مرۆڤەكان لایان دابێت لە ڕەوتی مرۆڤ بوون و دەستبەرداری شەریعەت و دەستووری خوایی بوو بن، گەندەڵیی لەونێوەندەدا بڵاودەبێتەوە، دەروونەكان گرژ دەبنەوە، شێوازی ژیان بە گشتی سەخت دەبێت، وەك ئەوەی بەسەر كۆمەڵگای موسڵمانانندا هات ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ (الروم: ٤١)، ئەگەر لەسەر ئەوە بەردەوام بن و نەگەڕێنەوە، بۆ كاركردن بە شەریعەت و دەستووری خودایی ئەوا دژەكەی دێتە كایەوە، گەندەڵی بڵاودەبێتەوە، كۆمەڵگا دووچاری داڕمان دەبێتەوە.

گەندەڵی و تاوان بەجۆرێك تەشەنەی كردبوو، هەموو مەوداكانی تەنی بوو، بەردەوام بڵاودەبویەوە و ڕیشكی دادەكوتی، تا تەتەر هات بە زەبر و دەستی ئەوان دەوڵەتی عەباسییەكان ڕوخا، لە ڕۆژئاواش ئەندەلووس تەفروتونا كرا بە دەستی خاچپەرستان.[١]

١ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە بڕوانە: ملامح الإنقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز: عیمادەدین خەلیل: بەشی: (الإدارة والتخطيط ): الرجل والتجربة: نورەدین مەحمود، چاپی دووەم، بەشی: (في ميدان الإدارة والقضاء ).

**٩ـ گەندەڵی کارگێڕیی:**

ئەگەر ئەرکی دامەزراوە کارگێڕییەکان ڕێکخستنی پەیوەندیی گشتی بێت و دابینکردنی خزمەتگوزاریی بێن، بۆ ئەوەی کاروباری دەوڵەت تۆکمە و ڕێك بخات لە پێشبڕکێ جۆراو جۆرەکاندا و پاراستنی مافی گشتی و ئاڕاستەکردنی توانا و وزەی گەل بێت بۆ کار و بەرهەمهێنان، دەستەبەرکردنی مافە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانیش بێت بۆ هاووڵاتیان بەتێکڕا، لەو دەلاقەوە دەرك بەو ڕاستیە دەکەین کە گەندەڵی کارگێڕیی ئالەتێکی وێرانکارە لە جەستەی گەلانی موسڵماندا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕەوتی شارستانیەتەوە هەیە، هەر گۆشەیەکیش لەو ناوەندەدا پەیوەندیدارارە بە مومارەسەی کاری سیاسیەوە، پەیوەندی نێوان ئەو دوو مەودایە پەیوەندیی دوو ڕاستە هێڵی تەریبە.

هەرکات سەرکردەکان، ستەمکار و ملهوڕ بن، دامودەزگا کارگێڕییەکان گیرۆدە دەبن، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئامڕازێکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت، بەرەنجام لێکترازان و پەرتەوازەبوونە، بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو مەترسییانە بوو زۆرێك لە دەسەڵاتدارەکان لە مێژووی ئیسلامدا، وەك خەلیفەکانی ڕاشیدین و (عومەری کوڕی عبدالعزیز) و چەندانی دیکە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان یەکبخەن و پەیوەستیان بکەن بە سیاسەتی گەلانەوە، وایاندەبینی باش مومارەسە کردن و پەیوەست بوون پێیەوە، گەرەنتییە بۆ ئەوەی سەرکردەکان وەکو ئامێرێك بتوانن ئامانجە گشتیەکانیانی پێ جێبەجێ بکەن.[1]

لێرەدا دەستەواژەی زۆر و جیاواز هەیە □ نزیکە هەژمار نەکرێت □ بۆ گەندەڵی کارگێڕیی، لەوانە: دانانی کەسی نەشیاو لە پۆست و جومگە کارگێڕیە

---

[1] بڕوانە: حەسەن موسای نۆبەختی: فرق الشیعة، عەبدولقاهری بەغدادی: الفرق بین الفرق، ئەبو حەسەنی ئەشعەری: مقالات الإسلامیین وإختلاف المصلین، لێکۆڵینەوەی: موحەمەد محیە دین عەبدولحەمید، چاپخانەی مکتبة النهضة المصریة، قاهیرە ـ ١٩٥٠ز.

هەستیارەکاندا، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی، هاوکات دورخستنەوەی کەسانی لێهاتوو و ئەزموندار، لە هەموو ئاستەکاندا هەر لە خەلیفە و سوڵتان و پاشا و ئەمیر و وەزیر و سەرکردەی سەربازیەوە هەتا کارمەندێکی ئاسایی، لەوانە سەیرو سەمەرەتر فرۆشتنی هەندێك پۆست لە دەوڵەتدا بە هەر کەسێك کە نرخی زیاتر بدات!، هەر لەوانە بڵاوبوونەوەی بەرتیل و دەستبەسەرا گرتنی سەروەت و سامانی خەڵکی و دەستەمۆکردنی کارمەندەکان و چڵێسکردنیان و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی خودی تاکە کەسی و دەست گرتن بەسەر دامودەزگا کارگێڕییەکاندا.

قورس و ئەستەم نیە ئەگەر پەنجە بخەینە سەر سەدان نموونەی مێژوویی، بەڵکو هەزاران، لەمەڕ گەندەڵی کارگێڕی و خراپ بەڕێوە بردن لەو چەرخانەی دوایی، لە مێژووی موسڵماناندا (کە زۆر بە پەرۆشەوە بەڕێوە دەبرا)، خەندەقێکی ئێجگار قووڵ بوو لەنێوان دەسەڵات و گەلدا و لەنێوان دامەزراوەکان و کۆمەڵگای خەڵکیدا و نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی لەنێو بازنە ئیداریەکاندا بەجارێك ڕەوتی ئیداری فەلەج و ئاڵۆز کردبوو.

## ١٠ـ مەزهەب و مەزهەبگەرایی:

بەرەنجامەکانی کەرتبوون و بەرپابوونی ململانێیەکی توندوتیژ بوو لە مەوداکانی بیروباوەڕ و شەریعەت و سلوکیات بەگشتی، تێکڕا ئەو چەمکانە بە مشتومڕ و شەڕ و هەرا بەسەر دەبران، ڕۆڵێکی مەترسیداری بینی لە پەرتەوازەکردن و بەهەدەردانی وزە و توانای موسڵمانان و ئاستەنگ لەدوای ئاستەنگ لە بەردەم ڕەوتی شارستانیەتدا.

بە تێڕوانینێکی خێرا بەنێو نووسراو و بەرە جیاجیاکان لەنێو موسڵماناندا [١] دەتوانین پەنجە بخەینە سەر بەرکەوتە ترسناکەکانی ئەو پەرتەوازە بوونە، ئەو

---

١ الفرق بین الفرق: بەغدادی، لا ٤ ـ ٥.

ژماره ئەفسانەییانەش کە لەسەر تاقمە جۆراوجۆرەکان تۆمارکراون، هەریەك لەو تاقم و دەستانەش بووبوون بە چەندین بەرەی جیاواز لەیەك، (عبدالقاهر البغدادی) لە کتێبەکەیدا (الفرق بین الفرق) کە لە (٤٢٩ ك) وەفاتی کرد، زیاتر لە (١٠٠) تاقمی باس کردووە. دۆخەکە تەنها لە سنووری مشتومڕدا نەوەستا، بەڵکو زۆرجار تێدەپەڕی بۆ زۆرەملێی مەزهەبی، تووندوتیژی، شمشێر ڕاکێشان لەیەك، تەنها لەبەر ڕای جیاواز لەنێوانیاندا.

لەو دەمەدا زنجیرە شۆڕشێك بەرپابوو، خوێنی بەناحەق ڕژا، زۆرێك لە شار و شوێنەکان وێران کران، موعتەزیلەکان لە دژی حەنبەلیەکان، لەدوایدا عەباسیەکان لە سەردەمی خەلیفە (المأمون، المعتصم، الواثق) لە ساڵەکان (١٩٨  ٢٣٢ك/ ٨١٣  ٨٤٧ ز) مەزهەبی موعتەزیلەکانی لاپەسەند بوو.

هەروەها لە سەردەمی عەباسیەکاندا زنجیرەیەك شەڕ و هەرا گەلێکی تر بەرپابوو لەنێوان سوننە و شیعەکاندا، کوچە و بازاڕەکانی بەغداد بووبوویە گۆڕەپانی ئەو هەراو ململانێیە، لەو پێناوەشدا خوێنی هەزاران کەس ڕژا، (ابن الجوزی) لە کتێبی (المنتظم)دا، زۆرێکی تریش لە مێژوونووسان ئەو باسەیان بە درێژیی هێناوە. دیاردەی تاقم و بەرەگەرایی یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ئاستەنگ و گرێ کوێرەی زۆری دروستکرد لەمەڕ ڕەوت و مێژووی موسڵماناندا، بەرەنجام کەرت بوون و جودایی لێکەوتەوە، گەلانی موسڵمان بەجارێك بێسەروبەر بوون، شەڕ بوو بە شەڕی خۆبەخۆیی، فەوزای فەتوا و ڕای تاکڕەوانە، هیچ کەس بە ڕێەی کەسی نەدەپێوا.

ئەوانە هەمووی ڕاستی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرمان بۆ دەسەلمێنن، کە ئەو هەردەم موسڵمانانی بە ئاگادەهێنایەوە لە بەرکەوتە خراپەکانی ئەو دیاردانە، بەردەوامیش نموونەی بۆ دەهێنانەوە و مەترسیەکانی بۆ باس دەکردن، بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی نەگلێن بە دەردی جودای و خۆبەخۆیی، وەك لەو فەرموودەدا هاتووە

و بەردەوام دەوترێتەوە (ئوممەتەکەی من پەتەوازە دەبن، دەبنە حەفتا و سێ تاقم، لەنێو ئەوانەدا تەنها تاقمێك لەسەر حەقە و سەرفرازە)، فەرموودەکەش ئەبو هورەیرە ڕەزای خودای لێبێت، گێڕاویەتەوە (افترقت اليهود على احدى وسبعين فرقة، وافترقت النصارى على اثنين وسبعين فرقة، وتفرقت أمتي على ثلاث وسبعين فرقة).[1] بەدڵنیاییەوە بوونی ئەو تەفرەقە و هەمەبەرەییە خۆی لەخۆیدا مەدلول و واتای پڕ بەها دەبەخشێت بە کۆمەڵگای موسڵمانان، پەرتەوازەبوون و مەزهەبگەرایی چەندە، چەندە کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا هاوکات پابەندبوون بە چەمکەکانی قورئان و سوننەت و یەکڕیزیی موسڵمانان و ڕەدکردنەوە و پەراوێزخستنی بەرەگەرایی ئەوە ئەوەیە کە دەقەکانی قورئان و سونەت فەرمانیان پێکردووە، چونکە یەکڕیزیی موسڵمانان بەوە دەپارێزرێت، هەر لەو دەلاقەشەوە دەتوانین ببینە گەواهیدەر بەسەر گەل و نەتەوەکانی ترەوە لەکاتێکدا ئەو مەشخەڵانە وەك بیروباوەڕ لە دڵا جێگیر و دامەزرا بێت.

لەکاتێکدا بەدواداچوون دەکرێت بۆ ئەو واقیعە پڕ لە پەژارەیە، بە لەدەستدانی ئەو هەموو توانا عەقڵی و جەستەیی و کەرت و پەرت بوون و دیاردەی تەفرەقە و بەرەگەراییە، چەندە کاریگەری سلبی جێهێشتوە بەسەر ئیسلام و موسڵماناندا، قەبارەی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت چی لەدەست چووە، ئەوەی کە ئەو گەلە موسڵمانە لە ڕابردووی خۆیدا بونیاتی نابوو، وێڕای ئەوە دەکرا ئەو توانا و سامانە نەتەوەییە سوودی لێوەربگیرێت لە ڕەوتی شارستانیەتدا بەخەرج بدرێت لە بوارە گشتیەکاندا، ببێتە یاریدەدەرێکی لەباریش بۆ درێژەدان و گەشەدان و داهێنانی نوێ، بەڵام مەخابن لەبری ئەوە شیر و تیر ڕاکێشان بوو، لەباربردنی تواناکان بوو.

---

١ بڕوانە: دليل التاريخ والحضارة: عیمادەدین خەلیل و حەسەن رەزو: بەشی پێنجەم، تەوەری ( الغلو والتشدد).

## ١١ـ زێدەڕۆیی و توندوتیژیی:

لەبەرەنجامی پەرتەوازەیی مەزهەبی، زێدەڕۆیی و توندوتیژی ملی نا بۆ مشتومڕێکی ناکۆتا، لەبری سۆز و مرونەت و لێبوردەیی و ئاسانکاری و سلوکی بەجێ، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، جەستەی ئیسلام سەراپا بوو بە پەڵەی ڕەش، ڕۆشنبیر و فەیلەسەف و بانگخواز و توێژەران لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی تریش گیرۆدەی ئەو پەتایە بووبوون، مشتومڕیان بوو لەهەر لایەك هەرابوو، هەرای بێ جێ و بێ ئەنجام، لەکاتێکدا بەردەوام قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان، گەلانی موسڵمانی بەئاگا دەهێنایەوە لە دەرهاویشتە و ئاکام ومەترسیەکانی.[1]

ئاینی ئیسلام بەڕەهایی ئاڕاستە دەکات بۆ لێبوردەیی و گوزەشت، هاوکات ئاینێکە دەخوازێت بەشێوەیەکی عەقڵانی و زانستیانە، تاوتوێی چەمکە ناکۆکەکان بکەن بە بەڵگە و بورهان هەستی یەك ببزوێنن، لەو دەمەدا هەرچی ڕوویدا، بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە بوو، بەرەنجام توانا عەقڵیەکان کەرت و پەرت بوو، لەمیانەی مشتومڕی بێ جێ و فەلسەفە و مەنتیقدا، ئەو ڕەوتە نامۆیە ڕێگری کرد لەوەی توناکانیان وەگەڕ بخەن لە نەخشە و چالاکی شارستانی ئیسلامیدا، نەك هەرهێندە، بەڵکو زەمینەیەکی نالەباری وەهای سازاندبوو، نەوە لەدوای نەوەی گەلانی موسڵمان تیایدا دەتلایەوە، هەرکەس بە گەز و گوریسی خۆی دەبڕی و دەی دووریی، بازاڕی مەزهەب و مەزهەبگەرایی بەجۆرێك تاوی سەندبوو ئەوسەری نەبێت، بەرەنجامەکەشی توندوتیژی و پەڕگیری و هەڵکوتانە سەر بوو.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، ژیانی ئیسلام و موسڵمانان ئاوێتە بوو بە دابونەریتی گەلانی ناموسڵمان، لادان دروست بوو لە سەرجەم جومگەکانی ژیاندا، لە ڕەوتی ئاسایی و تەندروست لادانی جۆری دروست بوو، موسڵمانان ڕۆشنبیری و نەریتی

---

١ خصائص التصور الإسلامي ومقوماته: سەید قوتب: بەشی یەکەم، دار إحیاء الکتب العربیة، قاهیرە ـ ١٩٦٢ز، لا ٩٧ ـ ١٢.

تریان بەرچاو و گوێت کەوت، زیادلەپێویست موسڵمانان سەرقاڵ بوون بەو نەریتانەوە، چەمکی (جهاد) تێکۆشان بەجارێك لای موسڵمانان بێسەروبەر بوو، خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی ژیان مەست و پەستی کردبون، هەتا وەخۆکەوتن ئەوجا زانییان تەفرەقە و مەزهەبگەرایی و ململانێی سیاسی، چی پێکردوون.

لەلایەکی تریشەوە سەرقاڵ بوو بوون بە فەلسەفەی ئیغریقی و لێکۆڵینەوە لە چەمکی ئاینزانی ئەوەی کە گاورەکان پێیەوە سەرقاڵ بوو بوون، هەر ئەو فەلسەفە و بیرۆکانەش وەرگێڕدران بۆ زمانی عەرەبی، بەجارێك سەرقاڵ بووبوون بەو بیر و نەریتە نوێوە، بیروبۆچوونی نامۆ و نەشاز تێکەڵ بە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی موسڵمانان بوو، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسی و ئەندەلووسیەکاندا، ئەوە لەکاتێکدا کە دەبوو تواناکان، توانا عەقڵی و لۆژیکیەکان بەگەڕخرێت لە بوارەکانی عەقیدە و بیناکردنی ڕۆحی و ئاوەدانکاریی و سەرجەم مەوداکانی تر، مەخابن ئەوانە هەموو لە دوتوێی کتێبەکاندا بەندکران، لەبری ئەوانە مشتومڕ و چەلەحانێ بوو لەسەر چەمکگەلێك کە لە دەرەوەی سنووری دەرك و عەقڵی مرۆڤەکاندا بوو.

هەر زەمەنێك خاڵی نەبووە لە پیاوی خۆی لەو دەمەشدا کۆمەڵێك زانا و دانا لە موسڵمانان بەشێوەیەکی عەقڵانی و دوروبەدەر لە هەر دەمارگیری مەزهەبی و ئاینی بۆ ڕاستکردنەوە و ڕووماڵکردنی ڕاستییەکان، ئەوان بێباکانە ملیان لێنا، سەرەتا بە توێژینەوە کردن لە بیری لاهوتی و فەلسەفەی ئیغریقی، بۆ ئەوەی گومانەکان بڕەوێننەوە، ئەوەی کەگوترابوو لەسەر خودا و سیفەتەکانی و بیروباوەڕی یەکتاپەرستیی و قەزا و قەدەر و کردەوەی مرۆڤەکان و پاداشت و تاوان و تەوبەکردن و هەر بابەت و مەسەلەیەکی تر، کە دزەی کردبوویە نێو بیر و ئەندێشەی موسڵمانان.

لەلایەکی تریشەوە زۆرێك لە زانا و پیاوە ناودارەکانی ئوممەتی ئیسلام، کەوتبوونە ژێر هەژموونی فەلسەفەی ئیغریقی، بەتایبەت فەلسەفەی (ئەرەستۆ) – یان بە واتایەکی تر مامۆستای یەکەم  و بۆ ئەو توێژینەوانەی کە کرابوون بۆ ئاینزانی و (میتافیزیکی)  زانا موسڵمانەکان واگومانیان دەبرد هیچ بیرمەندێکی موسڵمان

تواناکانی کامڵ نابێت ئەگەربێتو ئاوێتە بەو چەمکە فەلسەفی و لاهوتیانە نەبێت، لێرەدا مەبەستی ئەوان لەوەبوو لەو دەلاقەوە فەلسەفەی ئیسلامی داڕێژنەوە وەك فەلسەفەی (ئیغریقی)، زانستی بیروباوەڕیش (علم الكلام) لەسەر شێرازە و ڕەزمی فەلسەفەی لاهوتی و لۆژیکی ئەرەستۆ، لەو پێناوەشدا چەندین کتێب نووسرا. بەڵام لێرەدا ئەوەی مایەی تێڕامان و جێگەی پرسیارە ئەو نوسراوانەبوون کە دەدوان لەسەر فەلسەفەی ئیغریقی و لاهوتی مەسیحی، ئەوان نووسراوگەلێك بوون چەمکی (جەدەل) مشتومڕی بێ مانا و بێ بنەما، یان دەوروژاند، موسڵمانانیان بە ئاڕاستەی چەند بەرەیەکی نەیار و جوداخواز برد، وا بەمەرج گیرابوو دەبوو چەمکەکانی فەلسەفەی نوێ، ڕەنگ و دەنگدانەوەی هەبێت لە ناوەندە ئیسلامیەکاندا، لەوەش خراپتر هەر ڕاڤە و تەرجەمەیەك، کە دەکرا بۆ فەلسەفەی ئیغریقی ناتەواو و لە تەوەری خۆی شێوێنرابوو، لێرەدا بەراوردکردن لەنێوان ئیسلام و فەلسەفەی ئیغریقیدا، کەمفامی و کاڵفامی ئەو کەسانە نشان دەدات کە لەو دەمانەدا پێوەی سەرقاڵ بووبوون، چونکە فەلسەفەی ئیغریقی هەر دەمە و بە ڕیتم و ئاوازێك دەم دەکوتێت لەسەر چەمکە زانستی و مرۆیی، واتە لێکدانەوە و ئاڕاستەکانی بۆ واقیع و بوون، بەگشتی لاسەنگ و هاودژبوون، بەپێچەوانەی دیدی ئیسلام بۆ شتەکان، بەگشتی سەرجەم دیدو سەرەنجەکانی لەگەڵ سەرچاوە ئەصلی و بنەڕەتیەکاندا هاوسەنگ دێنەوە.

فەلسەفەی ئیغریقی لە کەشێکی بتپەرستیدا گەشەی کردووە، کەشێکی لێوانلێوە بە ئەفسانە، ئەو فەلسەفەیە، لەسەر ئەو دوو بنچینەیە ڕەگی داکوتا بوو، دواتر پەلی هاویشت، ئالێرەدا هەر هەوڵێك بۆ یەکخستن و هاوسەنگ ڕاگرتن لەنێوان ئەو فەلسەفانە و دیدی ئیسلامیدا، کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی ڕەها دامەزراوە گاڵتەجاڕیەك.[1]

---

١ أخرجه أحمد وأبو داود.

## ١٢ـ زاڵبوونی دیاردەی هیواخواستن:

لە دێر زەمانەوە بیرۆکەی پڕ سەیر و سەمەرە لەنێو موسڵماناندا بوونی هەبووە و پەیڕەو دەکرا، لەوانە چەمکی (رجا) تکاخوازی، واتە: تکایان وابوو گەر مرۆڤ بەفیعلی خواپەرستی نەکات، ئەوە هەر خوا لێیان خۆش دەبێت، لە دیدی ئەواندا کاری بەندایەتی پەیوەندی بە ئەصلی باوەڕەوە نیە (مادەم مرۆڤەکان باوەڕیان بە خودا و بە ڕۆژی دوایی هەیە هێندە بەسە) واتە مرۆڤەکان هەرچی و چۆن بکات زیان بە باوەڕ ناگەیەنێت هەر ئەوەندە بەسە مرۆڤ باوەڕدار بێت، هەر بەوە دەچێتە بەهەشتەوە، با نوێژ و.. باقی کردەوە عیبادەتەکانی تریش ئەنجام نەدات، نەك هەرهێندە، بەڵکو ئەگەر تاوانیش ئەنجام بدات زیان بە ئاینەکەی ناگەیەنێت، واتە ئەوان بەپێچەوانەوە لە هاوکێشەکە گەیشتبوون، چونکە باوەڕی ئیسلامی دەیەوێت باوەڕداران بەردەوام لە پێگەی کارا و کاریگەربن لەسەر دەوروبەر، شوێن دەستی دیار و داهێنانیان هەبێت، واتە هاوسەنگ بن لەگەڵ واقیعدا، بەڵام ئەو بیرۆکە نامۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو چالاکیە عیبادی و مرۆییەکان لە گشت مەوداکاندا کەم کەم بنەبڕ بکات، کەسانی تر غەیری باوەڕدار  شوێن دەستیان هەبێت لە ناوەوە و دەرەوەی موسڵماناندا، کۆمەڵگای موسڵمان کۆمەڵگایەکی بێ ئیرادە و بێ ئیدارە و سست بێت لە ئاست گەشە و توانا مرۆییەکاندا.

لێرەدا گەل متمانە و تواناکان لەدەست دەدات، قورسایی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا نامێنێت، بەرەنجام شکستخواردو دەبێت – لەسەر هەموو ئاستەکان –لە بەرامبەر هێزە دەرەکیەکاندا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەردەوام موسڵمانانیبەئاگا دەهێنایەوە لە مەترسیی و بەرکەوتە خراپەکانی (یوشك أن تداعی علیکم الأمم کما تدعی الأکلة علی قصعتها)، هاوەڵان وتیان:(أمن قلة نحن یومئذ یارسول الله؟) لە وەڵامدا فەرمووی: (انکم یومئذ کثیر، ولکنکم غثاء کغثاء

السيل، ولينزعن الله مهابتكم من صدور أعدائكم وليقذفن في قلوبكم الوهن) وتيان: (وما الوهن يا رسول الله؟) فەرمووی: (حب الدنيا وكراهية الموت).[1]

واتە: لەوەدایە گەلانی دونیا هەڵکوتنە سەرتان هەروەك چۆن گەلەگورگ بەردەبنە لاکی ئاژەڵێکی مرداربوو، یەکێك پرسی: بۆ لەو کاتەدا ئێمە هێندە کەمین؟ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: (نا، ئێوە لەو ڕۆژەدا زۆرن، بەڵام وەك کەفی سەر دەریا وان، خوای گەورە هەیبەت و ترس و شکۆی ئێوە لە دڵی دوژمناندا نامێنێت، لاوازی و لەرزیش دەخاتە دڵتانەوە، وتیان: ئەو ترس و لەرزە چییە؟ فەرمووی: خۆشویستنی دونیا و حەزنەکردن لە مردن).

### ١٣ـ بڵاوبوونەوەی سۆفیگەرێتیەکی لادەر و بیدعە و ئەفسانە و خورافات:

دیدی ئاواتەخوازی بە سۆز و بەزەیی خودایی و نەمانی ئیجتیهاد و نوێبوونەوە و لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی کوێرانە و بڵاوبوونەوەی ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی و زیادەڕۆیی و گەندەڵبوونی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵکدا و زیادبوونی کێشەی سیاسیی و تۆقاندن، بۆشاییەکی فراوانی دروستکرد لە عەقڵییەت و گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و هەڵسوکەوتی موسڵمانان، یان بەجۆرێکی تر موسڵمانان لە هاوکێشە سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتیەکاندا هاوسەنگیی خۆیان لەدەستدابوو، پاشکۆبوون، هەر هێزێك لەو ناوەندانەدا بەجۆرێك لەجۆرەکان فشار و کاریگەری هەبوو لەسەریان مەدو جەزری پێدەکردن، یاسای گەردوونە، هەرکات بزووتنەوە و جوڵەی مرۆڤەکان ئاڕاستەی تەندروست نەبوو، ئاین و ئایدۆلۆژیا گیرۆدەی گەندەڵی هات، ڕەشەبای وێرانکاریی هەڵدەکات، هەژموونە سامناکەکان باڵ دەدا، هەموو گۆشەیەك دەتەنێت.

---

١ بڕوانە: دلیل التاریخ والحضارة : عیمادەدین خەلیل و حەسەن ڕەزو: بەشی پێنجەم، تەوەری ( إنتشار الجهل والخرافة والبدعة ).

واقیعی ئیسلام و موسڵمانان هەر لە سەرەتادا وێڕای ئەو هاوسەنگییەی کە هەیبوو، باڵی دابوو بە ئاسمانی پڕ سەیری بەهرەکاندا، هێندەی نەبرد بیری نەشاز و نەساز لێی هەڵکرد، سۆفییەت و گۆشەگیریی ئەفسانەئامێز  ئەڵبەت ڕەوتی سۆفییەتی لادەر – ڕەوتەکەی لەنگ و لار کرد، بە گوزەرێکی لەنگ و تاردا بردی، بیری سۆفیگەرایی تابوو پەرەی دەسەند، بیر و هۆشی موسڵمانان بەجارێك ژاراوی بوو، بە ژەهری ئەفسانە و بیدعە و خورافات و فالگرتنەوە و جادوو و گومان و.. چی و چی تر، وێڕای ئەوە سەوابتی ئیسلامی لەنێو موسڵماناندا وەك خۆی مابوو، قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر)[1] موسڵمانانی دەدوواند، ئاکامە خراپەکانی دەخستە پێش چاو، بۆ ئەوەی تێکەڵ بە واقیعی ئیسلام و موسڵمانان نەبێت، دواتر ڕووە و هەڵدێر و ناواقیعی و نەشازیان بەرێت، موسڵمانان بە هەموو جۆرێك چواردەور درابوون، تەنانەت بیروباوەڕیشیان تەنرابوو بە درۆ و خورافات و تەمومژی (تناسخ الأرواح) واتە کەسێك مرد گیانی دەچێتە کەسێکی ترەوە و (وحدة الوجود) یەك بوونی بوون، تاکە کردەی موسڵمانان تەنها کۆمەڵێك ویرد و تەسبیحات و سەما و مشتومڕ لەسەر کەرامات و کردەی لە توانا بەدەربوو، ئەوەی کە ناوی جیهاد و ئاوەدانکردنەوە و فەرمان بە چاکە و ڕێگرییکردن لە خراپە بوو، بەجارێك فەرامۆش کرابوو.

پەیدابوونی سۆفیگەریی وەك پەرچەکردارێك بوو دژ بە زێدەڕۆیی و عەیش و نۆشی دەسەڵاتدارانی عەباسییەکان، ئەوان لە بەهەدەردانی سامان و دەستدرێژیی کردنە سەر نامووس و بە کۆیلەکردنی خەڵك درێغیان نەدەکرد، ئا لەوێدا کەسە دەروون پاك و زاهیدەکان بۆ ئەوەی خۆیان قوتار بکەن لەو دۆخە پڕ لە گەندەڵییە، و بۆ ئەوەی باوەڕ و ڕەفتاریان تێکەڵ بەو دۆخە خراپە نەبێت پەنایان دەبردە بەر گۆشەگیریی، تاکو دڵسۆزانە خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خوا و بۆ خواناسی، وێڕای

---

١ واقعنا المعاصر: موحەمەد قوتب: هەڵبژاردەی لاپەڕەکانی ١٣٩ ـ ١٥٠.

ئەوە بیروباوەڕی یەهودی و نەصرانی و مەجووسیی و هیندۆکی بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاوێتە بوو بوو بە بیری سۆفییەت و ڕەفتاریان، هەرچەندە وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، هۆی بەرپابوونی سۆفیەت، دەروون پاکی و دڵسۆزیی و خۆ تەرخانکردن بووە بۆ خوای تاك و تەنها، بەڵام ئەوان بەجۆرێك ڕۆچووبوون لەنێو گۆشەگیری و خواپەرستیدا زێدەڕۆیی بوو، ڕۆحی ئیسلام ئەوەی پێ پەسەند نەبوو، ئەوان بەجۆرێك خۆیان دەبینیەوە مرۆڤ تەنهاو تەنها دەبێت بایەخ بە چەمکە ڕۆحی و عیرفانیەکان بدات، دەستبەرداری شتەکانی تر ببێت، چونکە لە دیدی ئەواندا کردەوە هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان نزیك بکاتەوە و ئاشنایان بکات بە خودا، بەڵام مرۆڤ پێویستی بە هۆکار چیە گەر ئەو بەفیعلی گەشتبێت بەو پلەیە؟

لەگەڵ ڕەوتی سۆفیەتدا زیاتر دیاردەی پشتبەستن بە کەسە پیرۆز و کاریزمییەکان پەرەی دەسەند، لە بەرامبەر ئەوەشدا پشت بە خودا بەستن، ئێجگار لاواز بووبوو کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا ناوەڕۆك و جەوهەری باوەڕە، وزەیەکی ئیجابی و پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی باوەڕداران هۆکارەکان وەك پێویست وەربگرن، نیازمەندبوون بە جگە لە خوا، بەرکەوتەی سلبی دەبێت لەسەر واقیع و ڕەفتاری باوەڕداران، تواناکان لەناو دەبات، ڕێگرە لە وەرگرتنی هۆکارەکان وەك پێویست، بەهانەی جۆراوجۆر دێننەوە لەوەی ڕاستەوخۆ نیازەکان بدرکێنرێن لەگەڵ خوادا.

پشتبەستن بە جگە لە خودا، بەجارێك بیروباوەڕی موسڵمانانی تێك و پێك دابوو، بەتایبەت چەمکی قەزاو قەدەر، کە تەواوکاری بیروباوەڕە و هەر بەوەش باوەڕ دادەمەزرێت، ئەو چەمکە هەستیارە بەجۆرێك لە ڕەوتی خۆی لادرابوو، ئەوان هەر بارودۆخێك بە سەریاندا بهاتبایە، تەنانەت گەر نەخۆشیش بکەوتبایان، یان هەژار و کەنەفتە بونایە، یان ڕووبەڕووی هەر دۆخێکی دژوار ناهەموار بونایەتەوە، بە بەهانەی ئەوەی کە قەدەرە و خودا بەسەر ئەویدا هێناوە، ناشێ چارەسەر

بکرێت، یان ڕووبەڕووی ببنەوە، چونکە گەر خودا غەیری ئەوەی گەرەك بوایە ئاوادەبوو!

هەر لەگەڵ ڕەوتی سۆفیەتدا پرۆسەکانی بیناسازیی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەجارێك فەرامۆش کرابوو، چونکە ئەوان وایاندەبینی دونیا شتێکی بێنرخ و نەفرەت لێکراوە لای خوداوە، بۆیە دەبێت مرۆڤەکان تەنها سەرقاڵی ئاخیرەت و ژیانی دوارۆژ بن و هەوڵ و تەقالایان بۆ ئەوێ بێت، لە ژیانی دونیاشدا هەر ئەوەندە بەسە مرۆڤەکان بژی و نەمری پێی بژین، ئا بەوەش مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێت ڕۆحی خۆی ئازاد بکات لە دونیا و دونیاویستی، واوەیلاو نەهامەتیەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت و بایەکە هەموو تواناکان لەکار دەخات، دەروازەکان والاّ دەبێت لە ئاست ناحەزاندا، زۆر بە سانایی دەتوانن ئەوە بقۆزنەوە و ئامانجەکانیان بەجێ و بەدی بێنن لەنێو گەلانی موسڵمانان‌دا.

لەکاتێکدا کە مرۆڤە دڵسۆز و کاریزمییەکان گۆشەگیربن و تێکەڵ بە واقیعی گەل نەبن □ بۆ ئەوەی دور لە خەڵکی دەروونیان پاك بکەنەوە لە خراپەکان □ کێ دەمێنێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا؟ کێ لەو نێوەندەدا دێت و دەڕوات؟ ئایا ئەو گۆشەگیریە ڕێچکەکان والاّ ناکات بۆ خراپەکاران، چی و چۆنیان بوێت ئەسپی خۆیانی تێدا تاوو بدەن و کەسێك نەبێت ڕێگرییان لێبکات، لەگەڵ ئەوەدا ئەرکی هەنوکەیی ئەو ڕێبەرە ڕۆحی و کاریزمییانە ئەوەیە لەنێو کۆمەڵگادابن فەرمان بە چاکە بکەن، ڕێگریی لە خراپە بکەن، بە ڕەفتار و گوتاریان دەسەلاّتداران ڕێنومایی بکەن، بەئاگایان بێنن لەو پەیمانەی کە لەنێوان ئەوان و خوادا هەیە، گەل ئەمانەتی ئەوان کراوە.

گومان لەوەدا نیە، لە مێژووی سۆفیگەریدا کەسانێك هەبوون پابەند بوون بە ڕێنومایییەکانی ئیسلامەوە، تێکۆشەر بوون لەڕێی خودا و بۆ گەل، بە سامانیان، بە خوێنیان، فەرمانیان دەکرد بە چاکە و ڕێگریان دەکرد لە خراپە، ڕێنومایی

ئیسلامیان بڵاودەکردەوە، ئەوانە سۆفی بوون بە واتای سۆفییی، لادەر نەبوون، بەڵکو کەسانێکی پارێزکار و زاهید و لەسەر ڕێڕەوی سۆفی ڕاست و دروست بوون.[1]

## ١٤ـ نەمانی ئیجتیهاد و زاڵبوونی تەقلید و پەیڕەوکردنی:

بەدرێژایی چەند سەدەیەك بەجارێك ئیجتیهاد فەرامۆش کرابوو، ئەوەی کەوا دەلاقەیەك بوو بۆ والاکردنی هزر و بیری موسڵمانان، وەڵامی پرسیارەکان و کێشە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای موسڵمانانی چارەسەر دەکرد، ئەو چەمکە جار لە دوای جار خواستە سەرەکی و هەنوکەییەکانی بەجۆرێکی وا دادەڕشتەوە کە لەپێناو شارستانیەتی ئیسلام و موسڵماناندا بێت، نەك هەر گوتارێك بێت لە قەوانە کۆنەکەدا، بەڵکو گوڕو تیندان بوو، بەردەوامی بوو، پێدان بوو، لەو دەلاقەوە گەلانی موسڵمانی لە پێشەنگی گەلانەوە دەناساند، وەك ئەوەی کە لە سەدەکانی دوایدا بەدیی کرا لە داهێنان و بەردەوامی، گەڕانیش بوو بە دوای نهێنیەکان و سازکردنی زەمینەکان بوو لە سەرجەم بوارە زانستیە جۆراو جۆرەکاندا.

لەبری ئەوە دیاردەی تەقلید و پەیڕەوکردن لە مەزهەب و بۆچوونی تاکە کەسی بوو، یەکجار عەقڵی موسڵمانان لاواز بوو بوو، فیقهی ئیسلامی کە ڕێکخەری کاروباری ژیانی خەڵك بوو، ئەو ڕۆڵەی نەما هەتا ئەمڕۆش کاریگەریی سلبی هەر ماوە لەسەر هزری موسڵمانان، لە ئاست داهێنانەکاندا بەجارێك بێ دەسەڵاتن، حەشاماتێکی بێشومارن لە پاشکۆبوون و داری دەست، ئەوەی ناوی متمانەبوون بەخۆ بێت، بەدی ناکرێت، ناتوانن دەرباز بن لە ڕەوتی ڕابردوو، لەوەی کە لە

[1] وشەی (العمل) لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوازە جۆراو جۆرەکانی نزیکەی (٣٦٠) جار هاتووە. بڕوانە: المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكریم: موحەمەد فوئاد عەبدولباقی، چاپخانەی دار الکتب المصریة، قاهیرە ـ ١٣٦٤ کۆچی، ل٤٨٣ ـ ٤٨٨.

هەست و نەستیاندا دەربپڕن، وەك باووباپیران چۆن لە سەردەمێکدا وەك شێری ناو بێشە ڕاپەڕین، ئەوەی کردیان کە کردیان بۆ شارستانیەتەکان.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر)[1] لە دەیان، بەڵکو لە سەدان جێگادا، گرنگی ئیجتیهاد و داهێنان و بەردەوام بوون لە مەوداکانی ژیاندا باس دەکات دەنرخێنێت، تەنانەت گەر پێویستیشی کرد لە ڕابردوو بەهرە وەربگرن بۆ ئەوەی زووتر و زیاتر بتوانن خۆبگونجێنن لەگەڵ واقیع و سەردەمدا، زووتر پەی بە نهێنیەکان ببەن و وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزەکان بدەنەوە ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (البقرة: ١٣٤)، ﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ (الزخرف: ٢٣).[2]

### ١٥ـ نەمانی زانست و بڵاوبوونەوەی نەفامیی:

بەڵگەنەویستە لاوازبوونی زانست و هونەر و بەهرەکان بەگشتی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەمفامی و بیّ بیرو بیرنەبەری موسڵمانانەوە هەیە، کاتێك کە دەرگای ئیجتیهاد و ڕۆڵی فوقەها چەقبەستوو بێت، ئیتر مەوداکانی ژیان بەتێکڕا خولانەوەیە لە بازنەیەکدا.

لە بەشێکی تری ئەم نووسراوەدا تاوتوێی چەند چەمکێکی ئەم هاوکێشەیەمان کرد بە وردی، ئەو هۆکارانەشی کە بوونە مایەی دارمانی شارستانیەتی ئیسلامی، لێرەدا دەمانەوێت ساتەوەختێ بوەستین لەسەر چەمکی نەمانی زانست و بڵاوبوونەوەی نەفامی، وەك یەکێك لە هەرە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەوتی شارستانیەت و مەترسی و کاریگەریە خراپەکانی لەو ناوەندەدا، سەردەمەکانی

---

[1] بڕوانە: دليل التاريخ والحضارة: عیمادەدین خەلیل و حەسەن ڕەزو: بەشی پێنجەم، تەوەری (العمل والاعمار).

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، تەوەری (الجهل والخرافة والبدعة).

سەرەتای مێژووی ئیسلام کاردانەوە بوو بۆ داخوازیەکانی قورئان و سونەت لە چوارچێوەی چالاکی گەلێکی زانستی، هەرلەوێوە جەهل و نەفامی بەجارێك تاساندبوو، ئیتر ئەو قۆناغە گەشە و داهێنان و ئەزموونی زانستی خولقاند، ئەو کەش و ڕەوتە سەردەمێك بەردەوامبوو، هێندەی نەبرد دیاردەگەلێکی خراپ بارودۆخەکەی گرژ و لاواز و پوکانەوە، جەهل و نەفامی بەشێوازی جۆراو جۆر گەڕایەوە، ڕووبەرێکی فراوانی داگرتبوو لە ژیانی موسڵماناندا، بەشێوەیەکی سلبی کاریگەری هەبوو لەسەر چەند و چۆنی گەشەی شارستانیەتی ئیسلامی.

پێغەمبەر (درووردی خودای لەسەر) بەردەوام موسڵمانانی بەئاگا دەهێنایەوە لە مەترسیی و نەهامەتیەکانی جەهل و نەفامی و کاریگەریە خراپەکانی لەنێو گەلاندا، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) زۆرباش دەرکی بەوە کردبوو، کە پەیوەندیەکی تۆکمە و کارا هەیە لەنێوان نەفامی و داڕمانی شارستانیەتەکاندا.[1]

مێژوو بۆماندەگێڕێتەوە لەم چەرخانەی دواییدا جەهل و نەفامی چۆن موسڵمانانی گەوجاندبوو بە شێوازی جۆراو جۆر لەژێر زۆر پەردە و ناونیشاندا، ئەوەش لەکاتێکدا بوو پیاوە پیتۆڵ و چازانەکان خەمسارد و کەنارگیربوون لە کۆمەڵگا، لەبری ئەوان مرۆڤە هەلپەرست و دەمارگیرەکان سەرجەم مەوداکانی ژیانیان تەنی بوو، ئەوان نوێنەرایەتی واقیعی موسڵمانانیان دەکرد، بەجارێ ڕۆچووبوون لە خورافات و ڕەواج دان بە جادوگەریی و هاوشێوەکانی، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هەر لە سەرەتاوە پێچەوانەی بنەماکانی بیروباوەڕە.

(ابن خلدون) زۆر باش بەدواداچوونی کردووە بۆ ئەو بابەتە، چونکە ئەو بە وردی دەکۆڵییەوە لە هۆکارەکانی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازیی و یاسا و ڕێسا مرۆییەکان لەو بوارانەدا، مەبەستی بوو هۆکارەکانی گەشەسەندن و پوکانەوە ڕوون بکاتەوە،

---

١ مقدمة ابن خلدون: ٣/ ٩٩٠ ـ ٩٩١.

(ابن خلدون) له بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر جۆرەکانی زانست و ڕێگاکانی فێربوون[1].

ابن خەلدون حاڵەتگەلێکی زۆر باس دەکات کە پەیوەندیدارە بەو پرسەوە، لەوانە: زانستەکان کاتێك بەرقەرار دەردەکەون، ئاوەدانکاری بەدی بکرێت، ئەوجا مەوداکانی شارستانیەت بەرفراوان دەبێت، تەنها باسکردن و تۆمارکردنی زانستەکان و بەندکردنی لە دوتوێی کتێبەکاندا ئەوە خۆی لەخۆیدا سنووردارکردنە بێبایەخیە بۆ زانستەکان[2]. دابونەریتی تر زۆر و زاڵ بوون بە سەر ژیان و عەقڵیەتی موسڵمانانداندا لەو چەرخانەی دوایدا، بەرئەنجام ڕوو لە هەڵدێران و متبوون و چەقبەستن بوو.[3]

## ١٦ـ ململانێی نێوان ( ثنائیات ) دوانەکیەکان :

سەرجەم ئاینەکان لە هەوڵی ئەوەدابوون (کۆکردنەوە و گونجاندن—جمع توفیق) دروست بکەن لەنێوان تێکڕای دوانەکیەکاندا، ئەوەی کەوا ژیان و فیکر و بوونی لەخۆگرتوە، لەو پێناوەشدا هەرچی ئاستەنگ و لەمپەرێك هەبووبێت لەنێوان بیروباوەڕ و شتە تەباو گونجاوەکاندا و ڕامالیوە، هاوکات بواری دەرەخساند بۆ گوڕ و گەشەدان بەو هەوڵانەی کە دەدران بۆ شارستانیەت و یەکخستنی تواناکان و جەمسەرەکان، بە یەك ڕەوت و بۆ یەك ئامانج.

پێچەوانەی ئەوە ڕووی داوە لای زۆرێك لە مەزاهیب و ئاینە خولقێنراو و خێچوخوارەکان، بەردەوام لە هەوڵی بەگژادانی چەمکی دوانەکیەکان بوون،

---

١ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٠٧.

٢ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٣٢.

٣ هەمان سەرچاوە: ٤/ ١٢٣٨.

هەرلایەکی بەجۆرێك خۆی ساز بکات دژبەوی تر، بۆ ئەوەی ململانێکان زیاتر گوڕو تین وەرگرن و وزە و تواناکان لەو ناوەندەدا بە هەدەر بڕوا.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکەین (پێشتریش لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێکرد)، کە چۆن لە سایەی ئیسلامدا هاوسەنگیی و ڕەوتی خۆیان دەپاراست، لەوانە: دیار و نادیار، مادە و ڕۆح، سروشت و ئەوەی لە پاش سروشتەوەیە، خاك و جوڵە، یەکجۆری و هەمەجۆری، ئەخلاق و بەرژەوەندی، تاك و کۆمەڵگا، دادگەریی و ئازادی، وەحی و ئەزموون، دونیا و دواڕۆژ، فەنابوون و هەمیشە مانەوە، دەکرێت چەندین دوانەکی تر لێرەدا بدرێتە پاڵ ئەوانەی پێشوو، وەك: دین و دەوڵەت، خودگەرایی و بابەتیی، فیکر و واقع، مادده و خەیاڵ، هۆکار و ئامانج، نەگۆڕ و گۆڕاو، کۆن و نوێ، ڕاستی و هێز، دەق و ژیری، هەوڵدان ئیجتیهاد و شوێنکەوتن.

بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی یۆنانی توانی بکشێتە ناو فیکری ئیسلامەوە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە کەوتە ژێر کاریگەری ئاینی مەسیحیەوە، ئاینێك لێوان لێو لە خورافات و چەواشە، سێهەمجاریش کەوتە ژێر کاریگەری شارستانیەتی هیند و فارس و چینەکان، هەریەك لەوانە بەجۆرێك ڕۆڵی خۆی دەگێڕا لە خولقاندنی ئاستەنگ و خروقاتگێڕان لە نێوان ئەو دوانەکیانەدا، موسڵمانان لە نێوان ئەو دوو ئاڕاستە نەگونجاوەدا هاوسەنگی خۆیان لا ئاوەژوو بوو، بوو بە هەرا و مشتومڕ و ململانێی نەبڕاوە. ئەوان وایان نشان دەدا چەمکە دوانەکیەکان دژن بەیەك، مادە دژ بە ڕۆحە، قەدەر پێچەوانەی ویستە، پێویستیەکانی ژیان پێچەوانەی جوانکاریەکانن، سروشت نەیاری ئەودیو سروشتە، دەق و عەقڵ دژبەیەکن، ئیجتیهاد دژ بە شوێنکەوتنە.

ئەو تەرزە ڕەوت و بیرۆکانە، حاڵەتگەلێکی هەڵاواردن بوون، داباری بووە سەر واقیعی موسڵمانان، عەقڵ و واقیعی ئەوانی تاڕادەیەك ژاوەژاو و ئاڵۆز کردبوو، ئەوەش لەمیانەی کۆمەڵە کۆڕ و سیمینارگەلێکدا کە سەرقاڵ بووبوون بە فەلسەفە و مەنتق و ئاینزانی و سۆفیگەریی، هەندێکیش لە فوقەها و زانایانی فەرموودە، لەسەر

هەمان ڕیتم و ڕەوت بوون لە سنوورێکی دیاریی کراودا، بەڵام ئاگری جەنگی لێرەو لەوێ خۆش دەکرد، فیتنە و دووبەرەکی قووڵتر دەکردەوە لەنێوان نەوەکانی ئەو دەمە و دواتریشدا، بەشێکی هەرەزۆری وزە و تواناکان بە هەدەر درا کە دەکرا ئەوانە خزمەتێکی وەهای پێبکرێت نەوەکانی دوایی لێی بەهرەمەندبن، زەمینەکان ساز و لەبارترین بۆ ئەدای زیاتر، بەڵام ململانێ و توونڕوتیژیەکانی نێوان موعتەزیلە و حەنبەلیەکان لە ڕۆژهەڵات و لەنێوان فەیلەسوف و سۆفیەکان لە ڕۆژئاوا هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندبوو، موسڵمانان بۆ چەندین سەدە باجی خراپی مشتومڕ و هەرای ئەوانی دەدات.

## ١٧ـ مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ ئەزموونی ئەوانی تردا:

لە بەرەنجامی ئەو پشێوییەی کەپێشتر باسی لێوەکرا، سەرەتا بەکەمزانین و بێبایەخ ڕوانین و مامەڵەی خراپی موسڵمانان بوو بۆ شارستانیەتەکانی تر، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و تێپەڕاندنی چەندین ئەزموون، دیدی موسڵمانان سەبارەت بەوانی تر گۆڕا، هەریەکەو بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەوی تری قبوڵ بوو، مامەڵەیان کەوتە سەر ئەساسی سودمەندبوون تاڕادەیە لە شێوە بازرگانیەك دەچوو، لەگەڵ پابەندبوون بە ڕەسەنایەتی و سەوابتی شەرعی و کلتووریی و بیروباوەڕەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دابونەریتێکی بەرفراوان تێکەڵ بە دابونەریتی موسڵمانان بوو بەهۆی وەرگێڕان و تێکەڵ بوون بە شارستانیەتەکانی ترەوە، بەدەر لە هەر سانسۆر و هاوسەنگیکردنێك بۆ ئەو دیاردانە، ئابەوەش □ تاڕادەیەك □ شارستانیەتی ئیسلامی هاوسەنگی خۆی لەدەست دا، کەموکوڕی کەوتە نێو دەرهاویشتەکانی، بەجۆرێك ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت بەشێوەیەکی خراپ ڕەوتی خۆی بەڕێ دەکرد. هەرچەندە لە نێو موسڵماناندا ڕەوتی تر هەبوو بە ڕەهایی ڕەدی ئەوەیان دەکردەوە ئەزموونی غەیری موسڵمانان مومارەسە بکرێت،

زیانەکانی ئەو بۆچوونە هیچی کەمتر نەبوو لەوانی پێشتر، بەهۆی ئەو بیرۆکە نەشازانەوە، شارستانیەتی ئیسلامی هەلی زێڕینی بێشوماری لەدەستدا، کە دەکرا لە پشت ئەوەوە داهێنان و بەرهەمی زیاتر و ئاسۆی ڕوونتر بوایە، بەرامبەر بەوە زۆرینەی موسڵمانان بانگەشەی کرانەوەیەکی ڕەهایان دەکرد بە ڕووی شارستانیەتەکانی تردا، لەسەر ئەوەبوون دەبێت سودمەند بین لە زانستە جۆربەجۆرەکانی گەلانی غەیری موسڵمان، ئەزموونەکان فراوانتر و کاراتر بکرێن، چونکە بە هەرحاڵ بێ ناتەباو نابەجێ نیە لەگەڵ بنەما گشتیەکانی ئەم ئاینەدا.

خەلیفە (عومەر) خودا لێی ڕازی بێت، کاری بۆ هەمان مەبەست دەکرد، هەمیشە دەیگوت: خاوەن پیشە و ئەزموونەکان با بێن، ئێمە سودمەند دەبین لە بەهرە و ئەزموونەکانی ئەوان، لە ڕووی ئیداریی و ئابووریی و سەربازیی، هەر لەسەر ئەوەش بەردەوام بوو هەتا سنووری چالاکیەکان، بەگشتی هێندە فراوان بوو، شارستانیەتی ئیسلامی گەیشتبووە دۆخێك دەیانگوت لە چڵەپۆپەدایە، هیچ ئاستەنگ و لەمپەرێکیش، ئەزموونی موسڵمانانی ڕانەگرت.

## ١٨ـ خراپ بەکارهێنان و دانەنانی شتەکان لە شوێنی خۆیدا:

لە بەشی پێشوودا لەم بارەوە ئاماژەمان بەوە کرد قورئانی پیرۆز ئەوەی دەوێت لە پەیڕەوانی کە لەنێوجەرگەی جیهاندا بمێننەوە، لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم زەویەدا بوونیان هەبێت، ڕێنوومایی و پەیامی خودایی بە هەموو دونیا بگەیەنن، قورئانی پیرۆز ئەرکی موسڵمانانی ئاوا دیاری کردووە (ئاوەدانکردنەوەی ئەم زەویە) و دانانی شتەکانە لە شوێن خۆیدا، ئەوەش لە سورەتێك لە سورەتەکانی قورئاندا باسی هاتووە، بەناوی سورەتی (الحدید)، لە یەکێك لە ئایەتەکانیدا ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت چۆن ئاسن بەکاربێنین، خزمەتگوزارییەکانی چۆن پێشکەش بکەین بە مرۆڤایەتی، چۆن  لە لایەکەوە  لە

ئاشتەوایدا بەکاربێنین، هاوکات چۆن وەك کەرەستەی سەربازیی لە بۆ پاراستنی باوەڕ و بەها مرۆییەکان ئا لەو جیهانەدا بەکاربێنین.

بەردەوام سەرکردە و کەسایەتیە ناودارەکانی ئیسلام بەئاگاییەوە دەیانڕوانی و مامەڵەیان دەکرد لەگەڵ ئەو ڕاسپاردە قورئانیەدا، زۆرباش دەرکی ئەوەیان کردبوو کە چۆن تەندروستانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەن، چۆن شتەکان لە شوێن خۆیدا دابنێن بەشێوەیەکی زانستیانە لەسەر دەستی پسپۆڕ و زانایان، یان لە ڕووی جێبەجێکردنەوە لە واقیعدا لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە. لە ڕابردوودا شارستانیەتی ئیسلامی زۆرباش توانیبووی ئاوێتە ببێت لەگەڵ گۆشەکانی تری ئەو جیهانە، هەموو تواناکانی وەگەڕخستبوو لە بەکارهێنان و گەشەپێدانی ئەو شارستانیەتەدا و بۆ پاراستنی بەدەستهاتووەکانی لە تیاچوون و پووکانەوە و ڕاگرتنی ئامانجە گەورەکانی لە کورتهێنان و دوژمنکاریی.

شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمەکانی گەشە و هەڵکشان و سەرکەوتندا ئەوەی بەخۆوە بەدی کرد □ بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار □ موسڵمانان سست و پەست بوون، خاوبوونەوە نەیانتوانی وەك پێویست دەستبگرن بەسەر بوون و هەبووی خۆدا، عەقڵیشیان لە ئاست دەرك پێکردن و سمینی نهێنیەکان خاو بوویەوە، موسڵمانان ملیان نا بەرەو تەمەڵی و پاڵ دانەوە، پەیوەندیان بەو زەمین و زەمانەوە یەکجار لاوازبوو، بێدەسەڵات بوون لە ئاست وەڵامدانەوەی پرسیار و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، هەرئەوەش وایکرد ببنە پاشکۆ لە گشت بوارەکاندا، زانستی، کرداری، غەیری موسڵمانان ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا، ڕەوتی موسڵمانان لەو بوارانەدا بەجارێ خاوبوونەوە و پووکانەوە.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار هەژار مانەوە، هانایان دەبرد بۆ غەیری خۆیان هەتاکو کاروباری ژین و ژیانیان بۆ ڕێك بخاتەوە، نهێنیەکانی ئەو گەردوونە و یاسا و ڕێساکانی خوای گەورە وەها ڕێکیخستووە هەرلایەك هەوڵی بەردەوام بدات

پابەندبێت پێیەوە، وەك پێویست هەوڵ بدات توانا عەقڵی و جەستەییەکان بخاتە گەڕ ئەو کەسە دەبێتە خاوەن بڕیار لە گشت مەوداکانی ژیاندا ﴿كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾ (الاسراء: ٢٠).

## ١٩ـ کات بەفیڕۆدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا:

بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار هێز و توانای موسڵمانان لە قۆستنەوە و وەگەڕخستنی کاتدا ئێجگار لاواز بووبوو، هەلەکان دەهاتن و تێدەپەڕین، موسڵمانانیش بێدەست و ئیرادە، بەجۆرێك بوون دەتگوت نەبوون، هەروابووە ڕەوتی شارستانیەت کاتێك گوڕوتین وەردەگرێت مرۆڤەکان ئاوێتە بن بە واقیعی کات و شوێنی ئەو شارستانیەتە، شلگیری و خەمساردی نواندن ئاستەنگ بەرپا دەکات، ڕەوتەکان لە ڕێچکەی خۆیان دەردەچن، بەرەنجام بێزاربوون و نوشست هێنانە.

ئالێرەدا سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنان و وەگەڕخستنی کات، قورئانی پیرۆز جەخت دەکاتەوە  وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد  کە چەندە گرنگە هەوڵدان لەو پێناوەدا و خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی ئەوان دەکات بە ﴿يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ و ئەوان واتە تێکۆشەران ﴿لَهَا سَابِقُونَ﴾، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەردەوام هاوەڵانی بەئاگاهێناوە لە نەهامەتیەکانی کات بەفیڕۆدان بۆ ئەوەی ئەرك و ڕەوتی ئاوەدانکردنەوە ڕێچکەی خۆی وەرگرێت و دەبێت باوەڕداران بەردەوام بن لەوەدا هەتا ئەو ساتەی ژیان بەردەوامە، ئەگەر ژیانیش لە کۆتا ساتەکانیدا بوو: لقە دارێك، یا نەمامێك لە دەستی ئێوەدا بوو و نیازی چاندنی هەبوو، با بیچێنێت، چونکە بۆ ئەو کەسە بە چاکە تۆمار دەکرێت.[١]

---

١ ذكره علي بن العزيز في المنتخب باسناد حسن عن أنس (رضي الله تعالى عنه): بڕوانە: (عمدة القاري في شرح صحيح البخاري ) بەدرەدینی عەینی: باب: الحرث والزراعة.

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، باوەڕداران لەو مەیدانەدا سست بوون، پاڵیان لێداوە ئەو هەلە دەگمەنەیان هەروا لەکیس چوو، بەرهەمی شارستانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەپووکایەوە، ڕۆژگار تێدەپەڕی بە سەدە و ساڵ و مانگ و حەفتە، هەر کۆست کەوتوو بوو، بەڵکو تاکو ئەو سەدانەی دوایش بارگە و بنە و بازاڕی شارستانیەتی موسڵمانان تەواو لاواز بوو، لەکاتێکدا بەردەوام ئەوە بەگوێی موسڵماناندا دەدرا بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکەن، لە هەوڵی چالاککردنیدا بن لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە، لانی کەم لە زانستە فێرکاری و کرداریەکاندا، بەردەوام گوتارێك دەبیسترا لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە (ئێمە بە سەدان ساڵ لە پاش بەرامبەرداین)، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەرامبەر بەدەست نایەت، بە هۆی ئەو بەربەستە کاتییەوە کە هەزاران کەموکوڕی بۆ دروستکردوین، کاتمان ون کردووە، شوێنمان ون کردووە، لێمان نابێتەوە مەگەر....

**٢٠- هەڵەی سەرکردە ئیسلامیەکان لەو دواییانەدا :**

لێرەدا دیاردەیەك هەیە  نەك کۆتا دیاردە  دیاردەی هەڵە، هەڵە نامۆ نیە بە کیانی مرۆڤەکان، بەڵام مەترسیەکەی کەمتر نیە لەوانەی پێشووتر، هەڵەش وەك ئەوەی کە گەورە سیاسەتزانی فەڕەنسی (تالیران) دەڵێت: (گەورەترە لە تاوان) ئەوەش ئەوەبوو کە هەردوو دەسەڵاتی (مەمالیك و عوسمانیەکان) بە چڕوپڕی کەوتبوونە ناو ئەو گێژاوە و مومارەسەیان دەکرد لە مێژووی موسڵماناندا، ئەوان خەمسارد و بێباك بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمناندا لە مەوداکانی پیشەسازی و برەودان بە تەکنەلۆژیا و کەرەستەی سەربازیی.

بە تێپەڕبوونی کات، جیاوازیەکە لەزیادبووندا بوو لەنێوان جیهانی ئیسلامی دواکەوتوو و ڕۆژئاوای پێشکەوتوو، لەم چەرخانەی دوایدا، کار گەیشتبووە ئەوەی بۆ تێپەڕاندنی ئەو پاشکۆییە، پێویستی بە موعجیزە دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێسا

گەردوونی و مێژووییەکان تێپەڕێنێت و ناومکێن بخولقێنێت، ئەوە لەکاتێکدا بوو قورئانی پیرۆز دەخوازێت لە موسڵمانان برۆن پرش و بڵاوببنەوە بەو جیهانەدا، سود لە ئەزموون و توانا و کانزاکان وەربگرن لە چەندو چۆنی بەکارهێناندا، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای موسڵمانان لەو جهانەدا نموونەیی بێت، پارێزراو بێت وەك لەپێشتردا باسی لێوەکرا.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرسوڕمانە، دەسەڵاتی عوسمانیەکان هیچ پەندێکیان لەو مێژووە پڕ حەسرەتە وەرنەگرت، ئەوان لە ماوەیەکی کەمدا ڕووبەڕووی مەمالیکەکان بوونەوە لە (مرج دابق)، لە نزیك شاری (حەڵەب) لە ساڵی (٩٩٢هـ/ ١٥١٦ز)، لەو جەنگەدا مەمالیکەکان نەیانتوانی لە ڕووی ئاگری تۆپەکانی عوسمانیەکاندا خۆگربن، مەمالیکەکان شکان شکانێکی خراپ، هێندەی نەبرد لە لاپەڕەکانی مێژوودا هەر ناویشیان نەما.

پاش سێ سەدە عوسمانیەکانیش هەروا دوچاری شکست هاتن لەکتوپڕێکدا کاتێك زانیان به تۆپ و کەرەستەی سەربازیی کۆن و تەکتیکی لەکارکەوتووی کەنارکەوتوو – ڕووبەڕووی سووپا و کەرەستەی سەربازیی پێشکەوتووی بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا بوویەوە، بە یەکە دەریاییە پێشکەوتووەکان و تانك و زرێپۆشەکانی کە هیچ شتێك ڕێی لێ نەدەگرتن، ئەوان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هێزی ئاسمانیدا هەبوو وخاوەن هێزێکی سەربازیی تۆکمە و یەکانگیر بوون، هێندەی نەبرد دەسەڵاتی عوسمانیەکان کۆمەڵە شکستێکی یەك لەدوای یەکیان خوارد.

هەرچەندە موسڵمانان لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فیداکارانەیان ئەنجامدا دژ بە ئەوروپیەکان، بەڵام ئەوە بەردەوام نەبوو، هێزی گەل بەجارێك کۆتایی پێ هات، ئەو جەنگە نەدەکرا بەردەوام بێت، چونکە هاوکێشەکان لاسەنگ بوون، جیاوازیەکی گەورە هەبوو لەنێوان چەك و جبەخانە و ڕێکخستنەکانی

نێو سووپا و بیروباوەڕ و ئەوەی کە پێغەمبەر بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە، ئا لەو جیهانەدا پارێزراو نابێت تەنها بە ئاسن نەبێت، هەروەك ئەوەی لە سورەتی (الحديد) دا هاتووە.

وێڕای ئەوە عوسمانیەکان لە سەردەمی هێز و دەسەڵاتی سیاسی خۆیاندا توانیبوویان جڵەوی کاروبار و بزووتنەوەی مێژوویی و توانا سەربازییەکان ڕابگرن و لە سەردەمی ئەواندابوو فەتحی (قسطنطينية) کرا لە ساڵی (٨٥٧ھ/ ١٤٥٣ز) لەسەردەستی سوڵتانی گەورەی عوسمانیەکان (محمد الفاتح)و بە یەکێك لە شاکارەکانی مێژووی موسڵمانان هەژمار دەکرێت، لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی عوسمانیەکاندا، ئەوان هەر لەو دەروازەوە توانیان ڕەوتی سیاسی و ئیداری خۆیان ڕاگرن و نیوەی خاکی ئەوروپا بخەنە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی خۆیان و دەروازەکانی (ڤێننا) بهەژێنن.

هۆکاری ئەوانە ئەوەبوو (محمد الفاتح) باش دەیزانی چۆن توانا ئەندازەیی و سەربازییەکان وەگەڕ بخات لە وشکانی و لە دەریاشدا، ئەو ئەوەی کرد کە خەلیفەکانی (بەنی ئومەییە و بەنی عەبباس) دەسەوسان بوون لە بەرامبەریدا، عوسمانیەکان هەر لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بوون، بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بێئاگابوون لەوەی چی دەگوزەرێت لە ناوجەرگەی ئەوروپادا، لە ئیشکردن و کارگە سەربازیەکانی، لەو توێژینەوە سەربازییانەی کە دەکرا لە پەیمانگا و ئەکادیمیای جەنگی لە ئەوروپادا.

ئەکرێت عوسمانیەکانیش دەرکیان بە حەتمییەتی ئەو مەترسیانە کردبێت، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدا نەبوون چی بکەن بۆ ئەوەی گوڕ و پێشخستنێك بدەن بە توێژینەوە و کەرەستەی سەربازیی، بەجۆرێك بتوانن هاوشێوەی نەیارەکانیان بەرهەمهێنن، بەڵام هەلەکان لەدەست چووبوو، دۆخەکە لەبارنەبوو، هەلەکان بەسەرچووبوون، بەجۆرێك چووبووە بواری ئەستەمەکانەوە، دوژمنانی ئیسلام و

موسڵمانانیش بە قۆستنەوەی ئەو هەلانە، توانییان بەربەستی عوسمانیەکان بشکێنن، ئەوەی کە بۆ ماوەی چەندین سەدە پارێزەری ئیسلام و موسڵمانان بوو، لە ناوخۆ و لە دەرەوەشدا ناوی (الدولة الفاتحة)ی لێنرابوو، ئەوەی کە ئەوروپای ناڕەحەتکردبوو، دواتر ئەوروپیەکان ناویان نابوو پیاوە نەخۆشەکە، دواجار خەلیفەی عوسمانیەکان ناچارکرا بنکە و پێگەی خۆی چۆڵ بکات ئەوەی کەوا دەسەڵات و کاروباری گەلانی موسڵمانی بەڕێ دەکرد، هەر ئەو شوێنە بووبووە هێلانەی بێباوەڕ و ماسۆنیەت و خاچپەرستان و جوولەکەکان.

هەر لەوێوە شارستانیەتی ئیسلامی ڕووبەڕووی چەندین لێدانی پڕئێش و ئازار دەبوویەوە، لەق بوو و جوڵا لەجێی خۆی، قەبارە و قورسایی نەما، زۆرێك لە فەرهەنگ و دەستەواژەکانی سڕایەوە، بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار بووبوویە کاولەکۆن، شوێنەوار، هەربەوەش نەوەستان، بەڵکو ئیتحادی و عەلمانیەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون پەیوەندیەکان بپچڕێنن لەنێوان گەلانی تورکیا و بنەما ڕەسەنەکانی شارستانیەتی ئیسلامیی.

## ٢١ـ هۆکارە دەرەکیەکان:

لە دەرەوەی جوگرافیای ئیسلامدا گەردەلولی نەهامەتی بێ شومار هەڵی کرد بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، نەهامەتی و نەهاتەکانی هیچی کەمتر نەبوو لە ناوخۆکان، بەڵام ئەگەر ناوماڵی موسڵمانان پێگەی باوەڕیان تۆکمە و دامەزراو بوایە، ئەوا هێزە شەڕەنگێزەکانی دەرەوە، مەحاڵ بوو بیانتوانیایە ئەو ڕۆڵە سلبیە بەسەر شارستانیەتی ئیسلامیدا بێنن، دەبوو جیهانی ئیسلامی لە ڕووی داگیرکەران بوەستایە، چونکە داگیرکەران تەنها ئەوەیان مەبەست نەبوو دەسەڵات لە دەستی موسڵماناندا نەهێڵن، بەڵکو لەگەڵ خۆیاندا بیرۆکەی کوشندە و پلانی ستراتیژیان دانابوو بۆ لەباربردن و لەناوبردنی سەرجەم بەها ئاینی و کلتووری و نەتەوەییەکان،

ئەوەی کە موسڵمانان لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بونیاتیان نابوو، لەسەروو هەموو ئەوانەوە ڕەوڕەوەی ڕەوتی کاری موسڵمانان لەکاربخەن بەجۆرێك نەتوانن هەستنە سەرپێ، گەر هەوڵێکیش لەئارادابوو لە هەر جێیەك، هەر لە سەرەتادا بە گورزی سەربازی لەناوی بەرن.

دەبوایە موسڵمانان بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر بەرەنگاری داگیرکەرانیان بکردایە، چونکە هێرشە دەرەکیە دڕندانەکان یەك لەدوای یەك ڕووبەڕووی جیهانی ئیسلامی دەکرایەوە، تەنانەت بواری ئەوەی نەبوو جیهانی ئیسلامی هەناسەیەك هەڵمژێت، ئاهێك بە دەروونیا بێتەوە، توانا و کاروباری ناوخۆی ڕێکبخاتەوە، بەجۆرێك کە بتوانێت خاك و خەڵکی خۆی بپارێزێت، موسڵمانان باجی ئەوەیان زۆر گران لەسەر کەوت، هەر خۆیان هۆکار بوون لەو ناوەندەدا، دوژمنانی ئیسلام لەسەر حیسابی موسڵمانان سەرجەم هۆکارەکانی پێشکەوتن و داهێنان و ئایندەیان قۆستەوە.

هەر لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی و یازدەی زاینی، ئەوروپا بە هەموو توانایەکی سەربازیەوە لە ژێر ناونشانی (جەنگی خاچپەرستان) بۆ ماوەی دو سەدە هەڵیانکوتایە سەر جیهانی ئیسلامی، دواتر هێرشی بەربەریانەی مەغۆلەکان، سووپایەکی دڕندە زیاتر لە سەدەیەك دارو نەداری جیهانی ئیسلامیان بەتاڵان برد، کردیان ئەوەی کردیان.

دوای ئەوانیش هێرشگەلێکی تر لەوانە بزوتنەوەی گێڕانەوەی ئیسپانیا (ریکو تکو یستا)، پاش ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەخراپترین شێوە بەربوونە پەیکەری شارستانیەتی ئیسلامی، بێ کەموکوڕی، کردیان ئەوەی کردیان، ئاینیان لەناوبرد، فیکر و هزری ئیسلامیان بێ ناوونیشان کرد، هەر دوای ئەوان پرتوگالیەکان هاتن بۆ سێ سەدە مانەوە، دوای ئەوان داگیرکەری مژدەدەرەکان (داگیرکەرانی فیکر) بۆ ماوەی دوو سەدە دەهات و دەچوو لە دێ، لە شاران، لە نێو

کۆڕ و بازاڕەکان، لە گشت جێیەك، هەتا خۆیدا لە داگیرکەرانی سەردەم (ئیمپرپیالیزم)ی جیهانی بە هەردوو باڵەکەیەوە، سەرمایەداری و شیوعیەت، بە پشتیوانی زایۆنیزم و خاچپەرستان.

هێرشەکان ڕاستەوخۆ جیهانی ئیسلامیان کردبووە ئامانج، لەنێو جەرگەی جیهانی ئیسلامیشدا زەمینە تەواو ساز و لەباربوو بۆ ئەوە، ئەوەش وای کردبوو وەك (مالك بن نبی) دەڵێت: داگیرکەران بتوانن جێ پێی خۆیان بکەنەوە و سنوورەکانی دەسەڵاتیان فراوانتر بکەن و کۆتایی بە بوونی شارستانیەتی ئیسلامی بێنن لەنێو گۆڕەپانی واقیعدا □ پێشتر هۆکارەکانمان باسکرد □ ئاستەنگ زۆر لە جیهانی ئیسلامیدا بەرپابوو، سات لە دوای سات لە هەڵوەشان و داڕماندا بوو، مشتومڕ و هەراو شەڕی خۆبەخۆیی بەجارێك زەمینەی ساز کردبوو بۆ بەرجەستەکردنی پیلان و پرۆژە وێرانکارەکانی ناحەزان و ڕیشەکێشکردنی سەرجەم پایە و پێکهاتەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لەلایەکی تر.

بۆ وێنە هێرشی خاچپەرستان وزە و توانای گەلانی موسڵمانی بەهەدەردا لە گشت مەوداکاندا، توانا مرۆییەکان توانا ئابووریەکان، لە شام، لە فەڵەستین، لە میصر، دواتر پایە و ڕاگرەکانی شارستانیەت بەجارێ داڕما، ئینجا مەغۆل هات، کردیان ئەوەی کردیان، سەدان هەزار موسڵمانیان کوشت و کوشتار کرد، سەدان شاریان یەختەسار کرد، هەزاران پیاوی پیتۆڵ و زانا لە بوارە جیا جیاکاندا کۆچیان کرد، هاتنی ئەوان زیانێکی ئێجگار مەزن بوو.

ئیسپانیەکان بۆ گێڕانەوەی ئیسپانیا، گەلێکیان بەتەواوی قەتڵ و عام کرد، مێژوونووسان مەزەندەی دەکەن بە دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار موسڵمان، کەلەپووری موسڵمانانیان بەتەواوی سووتاند، سەدان هەزار کتێب و دەستنووسیان سووتاند، لە کۆی ئەو نوسراوانە، مێژوونووسان نووسیویانە: تەنها دوو هەزاریان ماوە.

پاش ئیسپانیەکان، پرتوگالیەکان زیانێکی ئێجگار گەورەیان دا لە ئابووری موسڵمانان، نەك هەر زیان، بەڵکو بە تەواوی خستبوویانە ژێر هەژموونی خۆیان، تەنها لە بەرژەوەندی خۆیان وەگەڕیان دەخست، بازاڕی نوێیان بەدی کرد بۆ بازرگانی و ساغکردنەوەی کاڵاکان ئەوەش گورزێکی تری کوشندەبوو، بەرەنجامەکەشی شکستهێنان و لەکارخستنی بازرگانی و ئابووری موسڵمانان بوو.

کۆنە داگیرکەرەکان هەر لە بنەڕەتدا هێرش و هاتوهاواریان تەنها بۆ چەوساندنەوە و ژێربارکردنی گەلانی هەژار و ستەمدیدە بووە، هەرچیش ئەو ئامانجەی بەدی هێنابن درێغییان لیێ نەکردووە، ئالیەتی جۆراوجۆر و ئاستەنگ و هەرایان دەخولڵقاند تا گەلانی ژێردەستە دەستەمۆ بن و نەتوانن هەستنە سەرپێ بۆ ئەوەی بەردەوام لە بازنەیەکدا بخولێنەوە، هەمیشە پاشکۆ بن، بێ بیر و بیر نەبەر بن، دەبێت گورزی کوشندە بسرەوێننە پێگە و پایەکانی ئاوەدانکردنەوە، ئەوەش لە دەستپێکی سیاسەتی فەڕەنسەکان و ئیتاڵیەکانە، یان نابێت هاوکاری بکرێن لە ئاوەدانکاریی و بیناسازیدا، ئەمەشیان سیاسەتی ئینگلیزەکانە.

تا سەرەی داگیرکەرانی نویێ هات، ئەوەی ماوە دەبێت نەمێنێت، ناسنامە و شارستانیەتی ئەو گەلە، تەنانەت دەبێت لەبیریشیاندا هەر نەمێنێت، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چواردەوردان و ژێربارکردنی، دواتر بیتوێننەوە لەنێو شارستانیەتی ڕۆژئاوای زاڵ و ملهوڕدا.

بۆ جارێکی تر تێکڕای ئا ئەو هێرشانە بۆی نەدەکرا ئەوەی دەیویست جێبەجێی بکات ئا لەو دۆخە سلبیە نەخوازراوەدا، ئەگەر موسڵمانان وەخۆبکەوتنایە، هۆکارەکانی مانەوەیان وەگەڕبخستایە و بایەخیان پێبدایە، بەڵام □ بەهۆی دونیاویستی و کردە چەوتەکانیان –کەل و کەلێنی وەهایان کردبویە شارستانیەتی ئیسلامی دوژمنان لە هەر کوێوە بیانویستایە، بەڕێزەوە تەراتێنیان بوو، هەتا پێیان کرا، گورزی کوشندەیان وەشاند، شکست لەدوای شکست لەناوخۆدا، پاڵەپەستۆی بەردەوامیش لە دەرەوە، بەرەنجاموشك بوون و ژاکان.

# بەشی چوارەم
# ئێستا و داهاتووی شارستانیەتی ئیسلامی

لە توانای کەسدا نیە– لە ڕوانگەی ئەوەی خرایە ڕوو لە بەشی پێشوودا – نکوڵی لەوە بکات، گەلانی موسڵمان لەمڕۆدا ئەناڵێنن بە دەست دواکەوتن و پاشکۆییەوە، خۆی لەخۆیدا واقیعی موسڵمانان گوزارشت لەو ڕاستیە دەدات بەشێوازی جۆراوجۆر، مەترسیی ئەوە هیچی کەمتر نیە لەوەی مێژوونووسی بەریتانی (ئارنۆڵد توینبی) تێبینی کردووە لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی □ وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد □ لە توێژینەوەکەیدا تایبەت جەختی کردووە لەسەر ئەو شەش شارستانیەتەی کە ماون لە کۆی دەیان شارستانیەت کە بوونیان هەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، شەش لەوانە لە مێژووی هاوچەرخدا بونیان هەیە، یەکێك لەوان شارستانیەتی ئیسلامیە، ئەویش لە دواهەناسەکانیدایە لەبەردەم شارستانیەتی ڕۆژئاوای زاڵ و گەورەیەدا، شارستانیەتی ئیسلام لە بەردەم هەرە مەترسیی گەورەدایە، لە هەر ساتەوەختێکدا ڕووبەڕووی کەرتوپەرت بوون و تووناو توون ببێت لە نێو ئەو شارستانیەتانەدا.

زانا و بیرمەندە ئیسلامیەکان تێبینی ئەوەیان کردبوو، کە موسڵمانان لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کاتێك کە شارستانیەتی ئیسلامی شەکەت و هەناسەسوار بووبوو، دەیناڵاند بەدەست دووبەرەکی ناوخۆ و هێرشی بێبەزەییانەی دەرەوە، ئا لەو دۆخە پڕ داخەدا، سەرانی گەلانی موسڵمان و کەسایەتی و زانا و ڕۆڵەی موسڵمانان بەگشتی، چۆن بەبێ وردبونەوە و چاوداخراوانە، وەك (مالك بن نبی) دەڵێت: بە مۆڵی دابو نەریت و چی و چی تری ڕۆژئاوایان هاوردە دەکرد و ڕەسەنایەتی خۆیان پێ کەم بوو  قەڵابەستەی ئەزموون و شکستگەلێکی بێ سەرو بنیان کردبوو، بەڵام ئا بەوە شارستانیەت بونیات نانرێتەوە، یان بۆ جارێکی تر داچڵەکێت و لەسەر پێکانی ڕاوەستێتەوە.

مەترسیەکان خۆیان لەو هاوردەکردنەدا مەڵاسدابوو، جیاوازی نەدەکرا لەنێوان شتێك و بیرۆکەکاندا، ئەگەر لە یەکەمدا کارێکی باش و پرۆژە هەبێت و خزمەت بێت بە بوارە شارستانیەکە، ئەوا لە دووەمدا عەقڵ و بیروباوەڕ و دیدو بۆچوونە نەگۆڕ و بنەما و تایبەتمەندێتیەکانی نەتەوەیەك بە تێکڕا داگیر دەکرێت، دەگۆڕێت بە وشە و دەستەواژەگەلێك هزر و هێزی موسڵمانان دووچاری داڕمان و نوشستی بەردەوام دەکات، لە گۆڕەپانی ململانێکاندا مل وەلا دەنێت، هۆکارە ڕەسەنەکانی مانەوە دەچنە دونیای فەنابوونەوە، هەربەوەش ماهیەتی خۆی لەدەست دەدات، لە کۆتایدا دەبێتە شوێنکەوتە و لە بازنەیەکدا بەدوای ئەوی تردا گەمژەو گێژ دەبێت.

پاش گۆڕانکاریەکان لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پاش کەرت و پەرتبوونی یەکێتی سۆڤێت و نەمانی فرە لایەنی و دوو جەمسەریی، کە پێشتر حوکمی جیهانی دەکرد، دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکڕەوانە ڕابەرایەتی سیاسی و سەربازیی و شارستانیەتی بە میرات بۆماوە بەرەنجام نازناوی سیستمی نوێی جیهانی یەکگرتووی پێدرا، پاش ئەوە بەرپابوونی ململانێی نێوان ئەو سیستمە نوێیە و جیهانی ئیسلامی، هاتنە کایەی تیۆریا و ڕاوبۆچوون گەلێك کە

گوزارشتی له باکگراوندی فەلسەفی دۆخی نوێ دەکات، لەژێر بەهانەگەلێکدا بەناوی گەشە و بەردەوامی دان بە ڕەوتی ژیان، ئەوەش بە زەقی لە دوتوێی نووسراوەکانی کۆتایی مێژوو لە نووسینی (فرانسیس فۆکۆیاما) و (ململانێی شارستانیەتەکان) لە نووسینی (صاموئیل هانتگنتۆن) هەر لەوێوە تا خۆی دەدات لە واتای جیهانگیریی، کار بۆ ئەوە دەکات جیهان وەك گوندێکی بچکۆلە بنوێنێت و ئەمریکا حاکم و ڕابەری بێت بە دروشمەکانی جولەکەوە، بە بڕیار لەسەر بەرەنجام و دوارۆژی گەل و نەتەوە و وڵاتانی دونیا بدەن.

لە کۆتایدا هەرچی ئابووری و خێرو بێری جیهان هەیە لەژێر دەست و قەڵەمڕەوی تاکڕەوانەی ڕۆژئاوادا بێت، چۆنی بوێت ئاوا بیجوڵێنێت، لەپێناو بەجێهێنانی ئامانج و سوودە براگماتیە تایبەتەکانی، لەپێناو هەیمەنە و پێگەی ڕۆژئاوا لەسەر حیسابی گەل و نەتەوەکانی تر، بەتایبەت ئەوەی کە ئەندازەی بۆ کردووە و درێژ دەبێتەوە لە باشووری هێڵی (طنجة  جاکارتا)، ئەوەی کە پێشتر (مالك بن نبی) باسی لێوە کردبوو، ئەوەی کە جیهان دابەش دەکات بۆ باکوور و باشوور، یان جیهانی گەورە و بچوکەکان، یان دەوڵەمەند و هەژارەکان، یان بەهێز و لاوازەکان، ئەوەش هەموو لەپێناو ئەوەدا هاتووە کە گەلانی موسڵمان ڕووبەڕووی تۆڕی ململانێی نەخوازراو بکاتەوە، هەتا زیاتر تەنگەتاوی بکات، بەجۆرێك بیخاتە ژێر فشار و شکستی پێ بهێنێت، هەر لەخۆیدا بپوکێتەوە و لە کۆتایدا بتوێتەوە لەنێو شارستانیەتی ڕۆژئاوای زاڵ و گەورەدا.

ئەگەر چەمکی (ململانێی شارستانیەتەکان) وەك سامۆئیل هانتگنتون ئاماژەی پێداوە، مامۆستای زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبەری دامەزراوەی (جۆن ئۆلین) بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان لە زانکۆی هارفارد، لە گوتارێکدا لەسەر (پێکدادانی شارستانیەتەکان) ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەو باس لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و گۆڕانکاریەکان دەکات بەگشتی، ئەو بابەتە لە گۆڤاری کاروباری دەرەوە، لە

حوزەیرانی ١٩٩٣ بڵاوبویەوە، کورتەی بابەتەکە باس لەوە دەکات: ڕۆژئاوا – پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت – پێویستیەکی ئەوتۆی هەیە بە دوژمنێکی نویێ بۆ یەکخستنەوەی وڵات و گەلەکەی، جەنگ هەر بەردەوام دەبیێ ئەگەر تفەنگەکانیش بێدەنگ بن و پەیوەندیە دبلۆماسیەکانیش توندوتۆڵ بن، ئا بەو واتایە جەنگێك بەرپا دەبێت جەنگی شارستانیەت لەنێوان سەربازگەی ڕۆژئاوا بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا و لایەکی تر پێدەچێت (جیهانی ئیسلامی) بێت، یان (چین)، ئەگەر ئەو بیرۆکەیە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بێتە کایەوە و لە واقیعدا مومارەسە بکرێت، ئەوا ئێمە لە بەرامبەر مەترسییەکی ڕوون و ئاشکرادابن، کە خۆی دەنوێنێت لە بیردۆزی (کۆتایی مێژوو)، یان سیستمی نوێی یەکخستنی جیهان واتە عەولەمە بەجهانی بوون، بەوپێیە هەموان بەجۆرێك پەیوەندیدارن پێکەوە، هەر ئەوەش دەستپێك و مەبەستی بابەتەکەیە، بەتایبەت ئەگەر گوتەکەی (کروتشە) فەیلەسوف و مێژوونووسی ئیتاڵی وەربگرین، ئەو دەڵێت: مێژوو بەتێکڕا ئۆقرە دەگرێت و شیی دەبێت لە مێژووی هاوچەرخدا.

تیۆریای (کۆتایی مێژوو) کار بۆ ئەوە دەکات ڕەهەندە مێژووییەکان پووچەڵ بکاتەوە، هەموو گەل و نەتەوەکانی دونیا بیێ پەلوباڵ بکات، لە ئاست هەیمەنەی ئابووریەکدا هەموان گەردنکەچ و نیازی ئەو بکەن، بۆ بەردەوامی و گەورە ڕاگرتنی هەیمەنەی ڕۆژئاوا، دەبێت پارەدار و خاوەن کارەکان زیاتر فشار بخەنە سەر هەژار و بێنەواکان، واتە زیندووکردنەوەی سیستمی کۆیلایەتی، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا باڵی ڕەشی بکێشێت بەسەر هەموو شتەکاندا.

ئەوە بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان مانۆڕێکی فیکریە، کار بۆ ئەوە دەکات مومارەسە بکرێت لە سەرجەم مەوداکاندا، هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە هەرچی ناوی بەهای مرۆی و ئەخلاقی و ئاین و بیروباوەڕ و خواستە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی

تێپەڕێنێت و لە پەنای ئەم مانۆڕەدا، پیلانی ستراتیژیی نەگۆڕی خاچپەرستان و جولەکە و داگیرکەران و سەرمایەدارەکان، خۆی مەڵاسداوە.

سڕینەوەی چەمکی مێژوو لە زەینی گەلاندا و حاکمداریەتی بتی ئابووری پڕچەك کراو بە هەموو هێزێکی زانستی و تەکنەلۆژیی سەربازیی سیاسی ڕۆژئاوا، کار بۆ ئەوە ناکات هەژارەکان لەسەرپێی خۆیان ڕاوەستن، یان دەوڵەمەندەکان نزیك بکاتەوە لە هەژارەکان، بەڵکو لەوە دەگەڕێت چەوساوەکان لەو جیهانەدا داماڵێت لە ناسنامە و ئەو مێژووەی کە هەیان بووە، بەردەوام لەبیری ئەوەدابن چۆن خۆیان بسازێنن لەگەڵ ئەو هێزە باڵادەستەی کە دەستی گرتووە بەسەر سەرجەم ڕێکارە ئابووریەکان لەو جیهانەدا.

ئابووری وەك بتێکی هەژموندار تەنها لە سەردەمی نوێدا وەك خودایەك بۆی نەڕوانراوە، بەڵکو هەر لەدێر زەمەنەوە ئەو هەژموونەی هەبووە لەنێو گەلاندا، خەڵکی بە پەرۆشەوە هەڵپەیان بۆ بردووە، وێڕای ئەوە ناوبەناو ئەو پەیکەرە بە بەرگی نوێوە دەرکەوتووە، بەڵام بەردەوام هەر لە نوێبونەوە و گەورەتر بووە بۆ ئەوەی بەردەوام هەژمونی تەواوی بەسەر شتەکاندا هەبێت، بە هەرجۆرێك بێت شتێکی نوێ و نامۆ نیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، هەوڵدان بۆ دنەدان و سڕینەوەی مەحاڵە، کاریگەری و مەترسیەکانی لەسەر هەموو ئاست و توێژێکە، نەك هەرهێندە بەڵکو، هێرشی کردووەتە سەر پیاوە ئاینیەکانیش، بەتایبەت لە پەیڕەوانی ئاینی یەهود ﴿وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ﴾ (البقرة: ٩٣)، هەروەها خاچپەرستان ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ﴾ (التوبة: ٣٤).

لە ئێستادا هەوڵێکی نوێ لە ئارادایە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو (بتە) بە ڕووخسارێکی نوێوە، لە سەردەستی بیرمەندی ئەمریکی (فرانسیس فۆکۆ یۆما) بە ناوی (کۆتایی مێژوو)، بەر لە سەدەیەك زیاتر لەمەوبەر پێش فۆکۆ، هەوڵی جدی درا لەلایەن ڕێبەرانی مارکسیەتەوە (مارکس و ئینجلز)، بەڵام تەواو بە دوو

ئاڕاستەی پێچەوانە، لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاستڕەو، ئەڵبەت لەو نێوەندەشدا ڕەوتی ئاینی هەیە دەڕواننە ئابووری وەك خودایەك، هەرچۆنێك بێت دوو ڕەوتن بۆ یەك شارستانیەت، شارستانیەتی ماددی، وەك ئەوەی کە (جیورو جیو) وتوویەتی لە کتێبی (الساعة الخامسة والعشرون) لە کاتژمێر بیست و پێنجدا.[١]

پاش سەدە و نیوێك ئەزموونی یەکەم شکستی هێنا، ئەزموونێك لێوان لێو لە هەڵە، پاش ئەو بڕۆکەی کۆتایی مێژوو بەدڵنیاییەوە ڕاوی خۆی دەکات، بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتیی بەر لە ئاشکرابوونی گومڕایی و ڕۆژە نەگریس و تاریکەکانی.

دابڕانی ئەو جیهانە لەو بەرگە ڕۆحیە و لەو پەیوەندیە بنچینەییەی کە هەیەتی لەگەڵ نادیاردا و کەوتنە ژێر هەژموونی بتگەلی ئابووری، ئەوە تێکڕای هاوکێشەکان لا تەریب و ژیان بەجۆرێك ئاوەژوو دەبێت تەنها بۆ نوخبەیەکی ملهوڕ و بێباك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چۆن دەگوزەرێنێت، مەترسی ئەو ڕەوتە نوێیە زۆرێك لە بیرمەند و فەیلەسوف و توێژەرەکانی ڕۆژئاوا دەرکیان پێکردووە، لەوانە (لیوبولد فایس) (محمد أسد) ئەو بە متمانەوە دەڵێت ئەو سەدەیەی کە تیایدا دەگوزەرێن  بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکان – پێوستیەکی ئەوتۆی هەیە بە باوەڕ، باوەڕێك پێمان بڵێ بوون و هەیمەنەی ماددی هەر لەبنەڕەتدا لەسەر بەتاڵ دامەزراوە، چونکە تەنها بایەخ و تەقالای بە دونیا و ژیانی دونیایە (ئەوەش خۆی لەخۆیدا ڕەوتی ئەو بوونەوەرە سەرداره سالارە لەنگ و لاسەنگ دەکات).[٢]

لێرەدا باوەڕ وەك پێویستییەك بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ژیان خۆی دەنوێنێت، باوەڕێك ڕێنمایمان بکات چۆن هاوسەنگی ڕاگرین لەنێوان خواستە ڕۆحی و جەستەییەکاندا، (جۆرج سارتون) پاش دەیان ساڵ توێژینەوە و ڕۆچوون لەسەر مێژووی زانستەکان دەڵێت: ئەو پێشکەوتنە مادیە ڕووتەی ئەمڕۆ کارێکی خۆکوژیی

---

١ وەرگێڕانی: فائیز کەم نەقش، چاپی سێهەم، چاپخانەی دار اليقظة العربية، دیمەشق ـ ١٩٦٦ز.

٢ الطريق إلى مكة، لا ٣٢٣ ـ ٣٢٤.

و وێرانکاریە، بەڵکو ئەوە بە ڕەهایی پێشکەوتن نیە، بەڵکو لە بنچینەدا دواکەوتنە، پێشکەوتنێکی تەندروست ئەوەیە خۆی بونیات نەنێت لەسەر بناغەی بە بتکردنی ئامێرە زەبەلاح و بارهەڵگرەکان، بەڵکو دەبێت خۆی بنوێنێت لەسەر بناغەی بنەمای ئاین، خۆشەویستی خودا[1]، ڕۆجیە گارودی لە کتێبی (وعود الإسلام)[2]دا دەڵێت: وێنەیەکی شێتانەیە لە گەشەدا، ناتوانێت بەردەوامی بە ژیان بدات، بەڵام ئەوەتا بتپەرستی دەرفەت دێنێت جوجەڵە بەرهەم دێنێت لە کۆمەڵگاکاندا: بتی گەشەپێدان، بتی تەقەنیات، بتی هێز و چەك و سوپا، بە هەموو شێوازە یاساغ و حەرامکراوەکانیەوە، بە هەموو ڕموزە پیرۆز و نەریتێکیەوە.[3]

لەپەنا هەموو ئەو بتانەوە، خاوەنی سامان و ئابووری لەسەر کێوە سەختەکەی سیستەمی نوێی جیهانی غار دەدات و دەلەوەڕێت، بەو هیوایەی هەژموونی خۆی بەسەر هەر شتێکدا بسەپێنێت.

ماسۆنیەکانیش بەجۆرێکی تر هەمان یاری و گەمەیان مومارەسە کرد، هەموو ئەوانە بۆ یەکلاکردنەوەی مامەڵە و حساب گەلێکە یەهودەکان ئیدارەی دەکەن، بۆ ئەوەی سەرجەم جومگە هەستیارەکان کۆنترۆڵ بکەن، ئەوانەش وا هەڵدەپەڕن بەو ئاواز و ئایدۆلۆژیا کەڕ و کوێرانە، بای باڵ دەدەن، فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن، ئەوەش ئینتیحارێکی یەکلاییە بۆ گەلە ژێردەستەکان.

شیوعیەکانیش بۆ ماوەیەك بای باڵیان دا، بەڵام هەلپەرست و ملهوڕەکان باڵادەست بوون، مافی کرێکار و چەوساوەکانیش وەك ئاوەکەی پار ڕۆچوو بە ناخی

---

١ الثقافة الغربية في رعاية الشرق الأوسط: وەرگێڕانی: د. عومەر فەروخ، مکتبە المعارف، بەیروت ـ ١٩٥٢ز، لا٧٢ ـ ٧٣.

٢ وەرگێڕانی: ذوقان قەرقوط، چاپخانەی الوطن العربي، قاهیرە ـ بەیروت ـ ١٩٨٤ز.

٣ وعود الإسلام: لا ٢١٧ ـ ٢١٨.

زەویدا، بەردەوام ڕووسەکان دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و ناودار بوون، دەیان گەل و نەتەوەی ئەو دونیایە لە سایەی ئەواندا نەحەسانەوە وبوون بە بەندە.

وا سەردەمی تیۆریای نوێیە، تیۆریای مێژوو، ئەمجارەیان جڵەو لە دەستی عەقڵی ڕۆژئاوایە، ئەمریکاش تێڕوانینی بۆ سیستمی نوێی جیهانی، سڕینەوەی هەر شتێکە کە پەیوەندی دروست بکات لەنێوان مرۆڤ و بیروباوەڕ و خاك و مێژوودا، زان و ئەزموونی ماسۆنیەت و شیوعیەکان هەر باوە، بەڵام بە زیاد بۆ کردنێکی هەندێك دەستەواژە و ڕەهەندی تر، ئەوە هەموو لەپێناو یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان گەلە هەژار و سیستمی نوێی ملهوڕی ئابووری جیهانی، دەسەڵاتدارانیش دەم بەدەم پارەدار و پایە بڵند دەبن، هەژارانیش هەژارتر دەبن، بەدبین دەبن، تیۆریای کۆتایی مێژوو و ئەوەی وا لە هەگبەیدایە وەك پاش خوان، خەونی لارو چەوتە، تەنراوە بە ڕێساگەلێك بەتێکڕا پێچەوانەی ئاڕاستەیە.

ڕای پێ چەوانە و م شتومڕی ج یاواز و هەرای هە مەجۆر، خۆی لە خۆ یدا ناوەڕۆکی چالاکیەکانی مرۆ ڤە، لە ڕۆژێ کدا مرۆڤ دوو ڕ ێی ناوە تە سەر ئەم زەمینە لە ئەندێ شە و بیر یدا هەر بووە ﴿وَلَوْلاَ دَ فْعُ ال لّهِ ال نَّاسَ بَعْ ضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَ سَدَتِ الأَرْضُ﴾ (البـ قرة: ٢٥١)، ﴿وَلاَ يَزَا لُونَ مُ خْتَلِفِينَ (١١٨) إِلاَّ مَن رَّ حِمَ رَ بُّكَ وَ لِذَلِكَ خَلَقَ هُمْ﴾ ( هود: ١١٨ـ ١١٩)، ﴿إِ نَّا خَلَقْ نَاكُم مِّن ذَ كَرٍ وَأُنْ ثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ (الحجرات: ١٣).

هەر هەوڵێك بۆ سڕینەوەی یادەوەریەکانی مێژوو، بە بەهانەی سازکردنی کاروباری سامان و ئابووری و واتای تەکنەلۆژیا، ئەوە خۆی لەخۆیدا باڵدانی بێپەڕوپۆیە بەحەوادا، بەرەنجام درێژەدانە بۆ ماوەیەك، بەڵام ئەنجام ڕوونە، چونکە مرۆڤەکان هەر لە بنەڕەتدا ئینتیمایان بۆ مێژوو هەبووە (دابڕان لە مێژوو کوشتنی ئایندەیە)، هەر هەوڵێکیش درابێت بۆ دابڕانی مرۆڤەکان لە مێژوویان ئەنجام نەهاتووەتە دی، کات وەك کاراکتەرێك سەرجەم تایبەتمەندیەکان و خاڵە

بەهێزەکانی لەو پێناوەدا لەخۆگرتووە و پاراستویەتی و کاری لەسەر ناوەڕۆك و مومارەسەی ئەزموونەکانی کردووە.

بەڵام لەمەڕ سیستمی تاك جەمسەری نوێی جیهانی، بوار هێندە ڕەخساو نیە بۆ درێژەدان بەو باسە، لێرەدا  له ڕوانگەی ئەزموونە مێژووییەکەوە  پرسیارێك خۆی دەدات لە هزر و بیرمان، کە گریمانەی ئەوە هەیە سیستمێك یەکلایەنە جڵەوی هێز و دەسەڵات قۆرخ بکات، بڕیار و چارەنووسی تێکڕای شتەکان لەوێوە بێت. هەرچۆن بێت لێرەدا تاکڕەوانە بیرو بڕیاری ڕۆژئاوا ئەنجامەکان یەکلاناکاتەوە، چونکە لەو ناوەندەدا ڕەوتێکی تر بوونی هەیە (ئەو واتایە دوانەکیەیە کە پێشتر باسی لێوەکرا)، بڕیاری یەکلاکەرەوە لە لاکەی تردایە بە پشتەسوریی، مەزهەب یان فیکر، یان بەرژەوەندیی، هەر ئەوەیە قەزیەکە ناردەی گۆڕەپانی ململانێی ئەوی تر دەکات.

هەردەم لە هزری –مێژووی – ڕۆژئاواییەکاندا لایەك بەرامبەر بەوی تر بوونی هەبووە و دەبێت، ڕۆما بەرامبەر بە ئەسینا، پاپا لە بەرانبەر قوستەنتینیەکان، فەڕەنسا بەرانبەر بەریتانیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا، بەریتانیاش بەرانبەر هەموو کیشوەر، ئەمریکا بەرانبەر بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپا بەرانبەر ئەمریکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یەکلابوونەوەی هێز و دەسەڵات بۆ لایەك نەبووە بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارە پڕ هەراو کێشمەکێشە، کەلێنی ئیسلامیش لەمڕۆدا بەرباوە، ئیسلامێکی چواردەوردراو، ئەو دۆخە بخولقێنێت و دۆخەکە بۆ لایەك یەکلابێتەوە (نا مومکینە) ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ (هود: ١١٨  ١١٩)، ﴿وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ (آل عمران: ١٤٠)، ﴿وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَـكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ (البقرة: ٢٥١)، ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا﴾ (الرعد: ٤١).

جیهانی ئیسلامی  ئەمڕۆ – نابێت هیوابڕاوبێت لەمەڕ گۆڕانكاریە ناسروشتیەكان و یەكلابوونەوە و باڵادەستبوونی ئەمریكا بەسەر هەموو شتەكاندا، دەبێت تواناكان توانا هزری و زانستیەكان گوڕ و تینی پێ بدرێت، پەیوەندیەكان تۆكمە و دامەزراوەتر بكرێت، بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێن و كەلەبەرانەی كە لەنێو حاڵ و ماڵی ئیسلام و موسڵمانانداا بەرپاكراوە لەسەر دەستی زاڵی ڕۆژئاوا، دەبێت موسڵمانان بەرلەوەی هەست بە شكستخواردوویی خۆیان بكەن دەرك بەوە بكەن لە فیكری ئیسلامیدا هێز و باكگراوندێكی خۆماڵیی بوونی هەیە لە بوارە نەفسی، فیكری، ستراتیژی، ئابووریی، شارستانیەت و لەسەروو ئەمانەشەوە دوو دیاردە ئیسلام و موسڵمانان جیا دەكاتەوە لە سەرجەم ئاین و ئایدۆلۆژیاكانی تر، ئەوەش (بیروباوەڕ و مێژوویەكی دێرینە) و تەنها گوتەیەك نیە بوترێت بۆ خەڵەفاندنی خۆی، بەڵكو هەرئەوە لە ڕابردوودا بەرهەمی بەرچاوی هەبووە لە گشت مەوداكانی ژیاندا، لە بارگەیدا هێندە هەیە دیراسە و هەڵسەنگاندنی دۆخەكان بكات و حەقوحسابی خۆی پێبدات و پارێزگاری لە ماهیەتی خۆی بكات، نەك هەر هێندە، بەڵكو بۆ جارێكی تر ڕەوتی یەكبخات و ڕوو لە ڕەوتی نەخشەی جیهانی نوێ بكات و بەشدار بێت لە بڕیارەكان و لە داڕشتنەوەی بڕیارە چارەنووسسازەكاندا.

لە كۆتایی ئەو هەزارەی دوایدا ململانێی سەخت و دژوار لەنێوان بەرەی ئەمریكا و ئیسلامدا تاوی گرتووە، بەڵام لە هیچ كام لەوانەدا ڕۆژئاوا نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر ئیسلامدا، لە هەر بارودۆخێكدا ئیسلام وەلا نەكەوتووە و نەچووەتە ژێر هەژموونی شارستانیەتی زاڵ و گەورەیی ڕۆژئاوا.

جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ لەبەردەم دۆخێكی چارەنووسساز و مێژووییدا خۆی دەبینێتەوە – هەرچەندە ئەوەش شتێكی تازە نیە ، لەوانەیە كاردانەوەی ئەو تەنگەژە دەروونی و ژیاریە بێت، كە ڕۆژئاوای تێكەوتووە (لە ڕووی چەندو چۆنەوە)، بەڵام لە بنەڕەتدا ململانێكان ئەڵقەگەلێكی دورودرێژە لە (ئەسینا)وە

دەستی پێکردووە بەڵام لە (واشنتۆن) کۆتایی نایەت، لەمڕۆدا گۆڕانکاریەکان بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو، بە بەرگی ئاڵا و واڵا و هەمەجۆرەوە پەلی هاویشتووە (بەنێونشانی سیستمی نوێی جیهانی)، بەڵام هەتا ئەمڕۆ نەگەیشتووەتە کەناری ئارامی، ئەوروپای ڕۆژئاوا وایەکدەگرن  پێدەچێت  لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبێت، کۆمارەکانی ئەوروپای یەکیەتی سۆڤێتی جاران یەك دەگرن پێدەچێت بۆ پاڵپشتی یەکێتی ئەوروپا بێت، یابانیەکان هەنگاوی گەورە و فراوان هەڵدەگرن لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و ئابووری بەشێوەیەکی زانستیانە، بە خەملاندن و حسابی ئەندازەیی ئەشێت مەترسیی بێت بۆ جەمسەر و تاکڕەوی ئەمریکا لە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراودا، چین و وڵاتانی جیهانی سێهەم کار دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە هەموو توانا و خێر و بێری دونیا هەیە لەژێر ڕکێفی ئەودا لەناودەبرێت، ئەو بەرەو ئایدۆلۆژیا جیاوازانە لە هەوڵدان بە ئالیەتی جۆراوجۆر شتێك بۆ مرۆڤایەتی بکەن، هەر هیچ نەبێت کاردانەوەیەکیان هەبێت لە بەرژەوەندی هەیمەنەی ڕۆژئاوادا نەبێت، دواتر جیهانی ئیسلامی کە بەردەوام مەترسیەکانی دەوروبەر وای کردووە ناوماڵی خۆی جارێکی تر ڕێکبخاتەوە، کارا و بەگوڕ بێت.

چەمکی جیهانگیری بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەکە هەموانی سەرسام کردووە، بەرهەمی سیستمی نوێی جیهانیە، ئیتر لە دیدی (ململانێی شارستانیەت)ەوە بێت، یان (کۆتایی مێژوو).

چەمکی عەولەمە لە ڕواڵەتدا وادەگەیەنێت کار دەکات بۆ برەودان و تۆکمەکردنی پەیوەندیەکان لەنێوان گەل و نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا، بە ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، یان هەناردەکردن و گواستنەوەی شمەك و دەسمایەکان، یان بڵاوبوونەوەی زانیاری و بیرۆکەکان.

ئەمە وەك دیوی دەرەوە، بەڵام دیوی ناوەوە  کە ئەوە ڕووی ڕاستی عەولەمەیە  کار دەکات لەسەر هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی خاك و خەڵك و

سووپا و کۆمەڵگا و خێزان و ناو و ناوبانگ و ڕامالین و داماڵینی تاکەکان لەهەر جۆرە ئەخلاق و بەها و پێگەیەکی ئاینی و فەرهەنگی، سڕینەوەی هەرشتێك کە لەبەردەم دامودەزگا و کۆمپانیا جۆربەجۆرەکانیدا مەترسی لێبکرێت.

لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریشدا، عەولەمە بە ڕابەرایەتی ئەمریکا، هەوڵ دەدات جیهان بەگشتی یەك تەرز و یەك جۆر بێت، بەتایبەت فەرهەنگی ئەو گەلانەی کە توانای بەربەرەکانیٚ و بڵاوبوونەوە و کاریگەریان هەیە لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەجۆرێك دارشتنەوەیان بۆ بکات، تەنها لەپێناو بەرژەوەندی مادە و مادیەکاندا هەبن و لەپێناو بەرژەوەندی تاك و سەرمایەداراندا جموجوڵ بکەن و مرۆڤایەتی بەتێکڕا دابنێت لە سەرجەم بەها مرۆیی و ئاینیەکان، میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕەهایی لەمڕۆدا کار بۆ گشتاندنی رۆشنبیری ئەمریکی دەکەن، لە کۆی ئەو هۆکارانەی کە دەسەڵاتی رۆشنبیری ئەمریکی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

١ـ هەژموونی ڕاگەیاندنی ئەمریکا بەسەر جیهاندا و زاڵبوونی ئابووری ئەمریکی بەسەر بازاڕەکانی جیهاندا، لەبەرامبەر ئەوەشدا زۆربەی وڵاتانی جیهان تەواوی متمانەی خۆیان وابەستەکردووە بە ئابووری ئەمریکاوە.

٢ـ هەڵکشانی ئەمریکا لە بواری فیلمسازی و موزیك و سوودمەندبوونی لە بازاڕەکانی دەرەوەدا لەڕێی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کە لە هەموو کوچە و ماڵێکدا پەخشی دەبینرێت لە جیهاندا.

٣ـ بازارگەرمی شمەك و کاڵا و باڵا ئەمریکیەکان لە بازاڕەکاندا، کە هەر کاڵایەك بە چەند رۆشنبیرییەك ڕەنگڕێژ کراوە، هەر بەرهەمێکی ئەمریکی ڕەچەڵەك و ناسنامەیەکی دیاریی کراوی نیە.

٤ـ ئەمریکا زیاتر برەو و بایەخ دەدات بە داهێنان و هەناردەکردنی مۆدێلێکی نوێی ڕۆشنبیری، بەتایبەت بۆ چینی لاوەکان لە دەرەوە و ناوەوەی ئەمریکا، کە

ئەو توێژە دیارترین و فراوانترین توێژن لە جیهاندا، ئەوان پیاوی دواڕۆژن، ئیدارەی کار و فەرمانەکان لە کۆنترۆڵی ئەواندایە.

٥ـ ئەمریکا سەرجەم پەیمانگا و زانکۆکانی □ لەسەر ئاستی جیهاندا □ والآ کردووە بۆ خوێندکاران، لە هەرکوێی دونیاوە بیانەوێت بێت دەتوانن، ئەوانەش وا ڕوو لەو پەیمانگا و زانکۆیانە دەنێن چینێکی نوخبەن لە وڵاتی خۆیاندا، پاش گەڕانەوەیان بارگاوی دەبن و هەڵگری مۆدێلێکی نوێی رۆشنبیری و فیکری ئەمریکین.

٦ـ لەو ناوەندەدا فاکتەرێکی سەرەکی دەسەڵاتی رۆشنبیری ئەمریکای جێگیر کردووە، دۆخەکەی لە ڕووی سیاسیەوە یەکلاکردوەتەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکا، ئەوەش لە پاش داڕمانی یەکیەتی سۆڤیەت، هەرئەوەش وای کردووە لە وڵاتە گەورە و بچوکەکان لە جیهاندا و سەرکردە و بیرمەندەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو واقیعە قبوڵ بکەن و مەنهەجی ڕاست و دروست هەر ئەوەیە کە ئەمریکا دایڕشتوە بۆ ڕێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی، ئەوەش وایکرد ئەمریکا تواناکانی چڕتر بکاتەوە بۆ سەپاندن و چەسپاندنی ئەو مۆدێلە سیاسەتە نوێیە بەسەر هەموو گەل و وڵاتانی جیهاندا، هەموو دونیا شوێن پێ و هەمان ڕەوتی ئەو هەڵگرن.

لە ڕووی ئابووریەوە سیستمی نوێ وا نیشان دەدات بازاڕەکان ئازادن، هەناردەکردنی کاڵاکان بە ویستی بازاڕەکان دەبێت پشکی تایبەت و سەربەخۆییان هەیە، بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕاستە، ئەو تێدەکۆشێت بۆ سەپاندن و هەیمەنەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا بەسەر سەرمایە و بازاڕەکانی جهاندا، کار دەکات بۆ ڕاماڵینی هەر ئاستەنگ و بەربەستێکی مادیی و مەعنەوی، بۆ زیاتر بوونی هەیمەنە بە سەر بازاڕەکانی جیهاندا لە گشت مەیدانەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن و بەرهەمهێنان و پیشەسازیی و کشتوکاڵ و وزە و زامنکردنی سەلامەتی ڕەها لە هەرجێیەك کە مومارەسەی چالاکی و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

لێرەدا ئەوەی کە دەگوزەرێت لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەی کە ئەمریکا دایڕێژاوە، زەوتکردن و قۆرخکردنی سامانی نیشتمان و گەلە، دواتر تەسلیمکردنی ئەو سامانەیە بە گەورە بازرگان و کۆمپانیا زەبەلاح و خانەدانەکان، لە دەرەوە و ناوەوەی ئەمریکا.

لە بواری کۆمەڵایەتیدا عەولەمە وانشان دەدات دەستەبەری مافەکانی منداڵ و ئافرەت و خێزان دەکات، بەڵام واقیعی عەولەمە پێچەوانەی ئەو واقیعە دەردەکەوێت، بەڵکو کار دەکات لەسەر هەڵوەشانەوە و گەوج و دەبەنگکردنی ئەو توێژە گرنگانەی کۆمەڵگا و بێنەواکردنی ئافرەتان و بازرگانیکردن پێیانەوە و تێرکردنی ئارەزووە جنسیەکانیان، بەجۆرێکی تر بڵاوکردنەوەی خراپەکاری لەنێو کۆمەڵگادا، لە بەرامبەر ئەوەشدا سەپاندنی بیرۆکەی کەمکردنەوە و سنوردارکردنی زاوزێ و وەچەخستنەوە و ئافرەت نەزۆککردن، بۆ ڕەواجدان بەو سیاسەتە پاکتاوکارە، لە بەرامبەر ئەوەشدا کۆنگرەی وەهمیی جۆراوجۆر ساز دەکرێت بە ناوی (کۆنگرەی مافی منداڵ)، (کۆنگرەی ئافرەتان لە پەکین)، (کۆنگرەی دانیشتوان)، بەرەنجام ڕاگەیاندنی چەندین بڕیار و ڕێکەتن و ڕێنومایی بۆ گەل و وڵاتانی دونیا، دواتر پابەندکردنیان بە بڕیارەکانەوە، بەرەنجام تێکڕای دەرهاویشتەکانی سلبی دەشکێتەوە لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵگا و تاکدا، خێزان هەڵدەوەشێتەوە، کۆمەڵگا بەجۆرێك لەجۆرەکان شەلەل دەکات و دەبێتە کۆمەڵگایەکی ئاژەڵئاسا، هەر هەوڵ و تەقالایەکیان بۆ تێرکردنی شەهوەت و ئارەزووە جنسیەکانە، چاکە و خراپە تەنها دوو زاراوەن، داماڵراون لە هەر وابەستەبوونێکی خێزانی و کۆمەڵایەتی، ئەگەر بایەخیشی پێ بدرێت ئەوا بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە جنسی و زاتیە تایبەتەکانە، دواتر بە بایەخەوە بۆی دەڕوانن.

دۆخی کۆمەڵایەتی – ئەمڕۆ  لە جیهاندا کەوتووەتە ژێر هەژموون و هەیمەنەی یاساکانی (داروین) و (فرۆید)ەوە، کە دەبێت لەو ناوەندەدا (هێز) و (چێژ) وەك ئامانج و وەسیلە یەکانگیر بکرێن وەك ئەوەی لە دیدی (میکاڤیلیدا)یە.

لەسەر ئاستی سیاسیی، ئەمریکا ڕاشکاوانە کار لەسەر بە سیستمەکردنی بەرژەوەندی تاکڕەوانەکانی دەکات، هەر بەو ڕوئیاشەوە خۆدەگلێنێت لە هەموو کاروبارە ناوخۆیەکانی سەرجەم وڵاتانی جهان، نەك هەرهێندە، بەڵکو بەجۆرێك سیاسەتەکانی دەسەپێنێت، ئەوەی ناوی سیادە و سەربەخۆیی بێت لە هەر قوژبنێکی ئەو جهانەدا دەستی ئەمریکای پێگەیبێت لە دەستی داوە، بۆ وێنە هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی سووپا بەجۆرێك وەك شێرەبەفرینەی لێدەکات، ڕێگریکردن بەڕەهایی لە پیشەسازی چەك، بەتایبەت چەکەپێشکەوتووەکان و چەکە خاپوور کارەکان، وروژاندنی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و سەپاندنی سزای جۆراوجۆر و پەیوەندی شێواندن و گەمارۆدانی ئەو وڵاتانەی کە دژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن، (ریتشارد کاردن) ڕاوێژکاری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: بڕبڕکردنی وڵات و گەلانی جیهان و نەمانی سیادەیان، بەشێوەیەکی خێراتر دەمانگەیەنێت بە بەرجەستەکردنی سیستمی نوێی جیهانی، ئاسانتر دەتوانین جەنگە تەقلیدیەکان ببەینەوە.[1]

وێڕای ئەوە عەولەمە بەو هەموو هەڵمەت و هەژموونە بێ سنوورەوە، ئامانجەکانی ونە و نەگەیشتووەتە کەناری ئارامی، هاوکات بەرەنگاربوونەوە و لەڕوو وەستانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی عەولەمە نامومکین نیە، ئەگەر هیممەت و

[1] بڕوانە بابەتی: موحەمەد مەسعود سەماحە، بە ناونیشانی: العولمة الامریکیة والعولمة البدیلة، لە گۆڤاری نور، ژمارە ٨٥، ساڵی نۆیەم، مایس ١٩٨٨ز، لا ٢٢ ـ ٢٣، هەروەها مەلەفی: العولمة (١) و (٢) لە گۆڤاری المستقبل العربي، لە بڵاوکراوەکانی مرکز دراسات الوحدة العربیة، ژمارە ٢٢٨ و ٢٢٩، فبرایر/ مارس ١٩٩٨ز.

نیازی ڕووبەڕووبوونەوە و پلان هەبێت، بەدەر لەوە، گەرەکە ڕاستیەك هەیە وەبیر خۆمانیدا بێنین (گەلانی موسڵمان لەئێستادا تاکە ئامانجی عەولەمە و سیستمی نوێی جیهانە)، بەرامبەر بەوە موسڵمانان تواناگەلێکی لەڕادەبەدەریان هەیە لەو مەترسیە، ئەوە لەکاتێکدا گەر دەرك بەوە بکەن چۆن هێز و تفاقی خۆیان کۆبکەنەوە، سود وەربگرن لە هۆکار و داهێنراوە نوێکان بە هەموو شێواز و جۆرەکانیەوە و چی و چۆن بکەن بۆ وەگەڕخستن و چالاککردنی تواناکان لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی عەولەمە و لە ڕوو وەستانی.

ئیسلام پەیامێکە بۆ گشت جیهان، ئا لەو دەرچەیەوە گەلانی موسڵمان دەتوانن عەولەمەیەکی دژ بە عەولەمەی ڕۆژئاوا بەرپا بکەن، بەو حوکمەی ئیسلام پەیامێکی ئاسمانیە و راگەیاندنی ئەو پەیامە واجبە، چونکە ئازادیەکان بەڕەهایی تێدا پارێزراوە، مرۆڤ سەربەخۆ دەکات لە هەرچی هەڵبژاردندا وەك فیکر و لەکویێ هەڵبژاردندا وەك شوێن، دەروازەکان دەکاتەوە بۆ گەلان چونیەك بەتێکڕا لە ڕۆژهەڵات هەتا رۆژئاوا، ئەوەش بە ئامانجی گەیاندنی پەیامەکەیەتی، پەیامی خودایی، نەوەك سەپاندنی بەسەر ئەوانی تردا، یان زۆرەملێ بۆ گەوجاندنی ئەوان و گونجاندنی خۆ و لەقاڵبدانیان وەك ئەوەی عەولەمەی ئەمریکی هەڵپەی بۆ دەکات.[١]

هەرچی و چۆن بێت، ئەو دۆخە کە ئەمڕۆ موسڵمانانی پێگەیشتووە، هیچ کام لە گەل و نەتەوەکانی ئەو دونیایە حەسودی پێ نابات، چونکە دۆخ و دەرکەوتە سلبیەکانی ئەوەندە زۆرن ناکرێت بە کەم و بێ بایەخ بۆی بڕوانرێت، ئەو بارە نالەبارە هەروا لە کوتوپڕێکدا هەڵنەتەقیوە پێماندا، یان غافلگیر کرابین، بەڵکو ئەوانە  وەك لە بەشی سێهەمدا باسکرا  پەرەیان سەند لەنێو موسڵماناندا کاتێك ئەوان زۆر بوون، بەڵام هێندەی زۆری موسڵمانان دیاردەی گەندەڵی و غەفڵەت

[١] بڕوانە: پەراوێزی پێشوو.

چەکەرەی دابوو لە گەشە و پەرەدا بوو، هەتا گەلانی موسڵمانی گەیاند بەوبارە نالەبارە، بەتایبەت لەو دوو سەدەی دوایدا دارو نەداریان لەدەستچوو، گیرۆدە بوون بە دۆخگەلێکی نەخوازراو و نامۆ.

لە سەدەی هەژدەهەمدا، چەرخی ڕاپەڕین، فەڕەنسیەکان هەیمەنە و دەسەڵاتی خۆیان بە سەر (مصر)دا سەپاند، هەرچەندە میصریەکان لە زۆر ڕووەوە وەك فەرەنسیەکان دەبوون، بەڵام ئەوەی جەنگەکەی یەکلاکردەوە بۆ ڕۆژئاوا، تەکنەلۆژیا و هێز بوو، لەو نێوەندەدا جیاوازیەکی بێ ئەندازە هەبوو لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا، هۆکارەکەش هەرئەوەبوو زۆرێك لە هەوڵ و شۆڕش و بزوتنەوەکان یەك لەدوای یەك سەرکەوتوو نەبن، باوەڕ و فیکر و فیداکاریی چارەسەر نەبوو، بەڵکو چارەسەر چەك و هێزی سەربازیی بوو، زۆر بە سانایی هاوکێشەکان دەگۆڕا!

ناوبەناو بزوتنەوە و بەرەنگاربوونەوەی جۆراوجۆر بەرپا دەبوو دژ بە داگیرکەران، وەکو بزوتنەوەی سنوسیەکان و مەهدەویەکان، وێڕای ئەو جیاوازیە بەرچاو و بەراوردنەکراوە لەنێوان هێزی داگیرکەر و بزوتنەوەکاندا لە ڕووی سوپا و کەرەستەی سەربازیەوە، بەڵام توانی پەیامی خۆی بخاتە بەرچاو و گوێی داگیرکەران، سەلماندیان گیانی بەرخودان و بەرەنگاربوونەوە پۆڵاینە و لەبن نەهاتووە، داگیرکەران بە پاڵپشتی خاچپەرستان بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەن بە هەر نرخێك بێت موسڵمانان خاوەن هێز و کەرەستەی سەربازیی نەبن.

هەر بزوتنەوەیەك  لە سەرەتادا  بەرپا دەبێت لەسەر بناغەی ڕێکخستن و کۆمەڵە مەرجێکی جێگیر و نەگۆڕ نیە، بەڵکو وەك کاردانەوەیەکی کاتی چالاکیەکانی ئەنجام دەدات، لەو ڕووەوە دووچاری خەلەل و خاڵگەلێکی لاواز دەبێتەوە، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا وەك ئەو چەقۆ کوشندەیە کە لە جەستەی کەسێکدا چەقێنرا بێت.

بەڵام ڕێکخراو و بانگەشەکارانی چاکسازیی ناچەکدار، قەیرانی ئەوان زۆربەی کات ناتوانن بچنە ناو دڵی جەماوەر، بەردەوام دابڕاون لەنێو کۆمەڵگای موسڵمانان‌دا، چونکە لەتوانایاندا نیە بوونی خۆبسەلمێنن لەبەردەم هەڵمەت و هەژموونی داگیرکەراندا، ناتوانن لەڕێیاندا ڕابوەستن و مافەکان وەربگرنەوە، سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، لەگەڵ هەیمەنەی داگیرکار و واوەیلاکانی، ئەو ڕەوت و بانگەشانە زیاتر وەك پرۆژەیەکی فیکری ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لە عەقڵی داگیرکەراندا، وەك بانگەوازەکەی (الکواکبی) لەکاتێکدا بوو ڕۆژئاوا بەر بووبوویە جەستەی خاك و خەڵکی موسڵمان توناو تونی دەکرد ئەوە خۆی لەخۆیدا دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، زۆرێك لەو بزوتنەوانە هەماهەنگیان هەبوو لەگەڵ چالاکوانە هەرێمخوازەکان، هەندێکجاریش لەگەڵ ڕەوتە لادینیەکان، دژ بە کۆمەڵگەی ئیسلامی کە دەوڵەتی عوسمانیەکان بونیاتی نابوو، بەرلەوەی بە تەواوی بڕوخێت لەسەر دەستی (اتحادیە)کان، ئەو شێوازە بانگەوازە ئا بەو ڕیتم و ئاوازە پاڵپشتێکی وایان نەبوو لەنێو موسڵمانان‌دا هەتا دۆخەکە بەئاقارێکدا گوزەر پێبکەن کاریگەر بێت، یان بەجۆرێکی تر بڵێین، بانگخوازانی چاکسازیی، بەردەوام مومارەسەی دوو جۆر هەڵەی تەجرەبەکراویان دەکرد، هەرئەوەش ڕێگربوو لەوەی نەتوانن خۆقوتار بکەن لە حاڵەتگەلێکی چەقبەستوو، بۆ ئەوان تا ڕادەیەك وەك خولانەوە بوو لە بازنەیەکدا، بەجۆرێك لاڕێ کەوتبوون ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی بێ وەڵامی کردبوونەوە.

**هەڵەی یەکەم:** هەبوونی پەیوەندیەکی بتەو لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی فیکر و مومارەسەی سیاسی و زاتی و خودسەری.

**هەڵەی دووەم:** یەکجار بەرائەتو زوهدیان دەکرد لە بزوتنەوە و چالاکی و چالاکوانە جهادییە چەکدارەکان، ناوبەناو فەتوای ناشەرعیبوونیشیان دەدرا، یان لانیکەم بێبایەخانە بۆیان دەڕوانین.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەو بزوتنەوانە لە ڕابردوویاندا دیدێکی پەرتەوازە و جوداخوازیی زاڵ بوو بەسەر ڕەوتی کار و بیرکردنەوەیاندا، لە ئاست خواستی شارستانیەتی ئیسلامدا نەبوون، ئەوەی کە موسڵمانان لەمڕۆدا بە بایەخەوە کاری لەسەر دەکەن، بە قوڵییەکی فیکریەوە مومارەسەی چەمکەکانی دەکەن.

بەکورتی، لێرەدا موسڵمانان بارگرانکراون بە قورساییەکانی مێژوو، هەڵە و پەڵەگەلێکی ڕابردوو لەمڕۆدا کۆبووەتەوە، ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێساکانی قورئانی پیرۆز و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، وەك ئەوەی کە ئەو دوو سەرچاوە لەخۆیان گرتووە لە ڕێنمای و ئاڕاستەکردنی بزوتنەوەکاندا.

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بەردەوام ڕێنمایی دەکەن بۆ کاری ڕێکخراوەی و مومارەسەی بەها باڵاکان، ڕزگارکردنی مرۆڤەکان و ویستی مرۆڤەکان لە کۆتوبەندی ملهوڕ و بەندایەتی، بە قوڵییەکی فیکریەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەن، تەقلیدی کوێرانە و پابەندبوون بە ڕابردوو بە ڕەهایی ڕەدبکەنەوە، هەروەها سەرکۆنەکردنی ئەو هەموو میزاجبازی و سیحر و خەڵەفاویە بکەن، بەرامبەر بەوە دەبێت عەقڵ ڕۆڵی هەبێت، هەست و هۆش کارا بکرێت، ساز بکرێت بۆ مامەڵەی دروست و تەندروست لەگەڵ جیهاندا، بنەماکانی تەسخیر و ئیستخلاف ڕابگەیەنرێت، چونکە ئەو دوو چەمکە ناکرێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن هەتا توانا مادیەکان و یاسا و ڕێساکانی بەتەواوی دەرك پیێ نەکەن، ئەوجا دەکرێت سودمەندبوون لە توانا شاراوەکان.

قورئان لە زۆر شوێندا ڕاشکاوانە جەخت لەسەر بوون و بەرهەمی پیشەسازیی دەکاتەوە، هێندە بە بایەخ و گرنگ باسی لێوە دەکات، وەك مەرجێك لە بۆ پاراستنی بیروباوەڕ، پاراستنی باوەڕ هێزی دەوێت بە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە، لە کۆی ئەوانە، باس لە ئاسن دەکات، وەك هۆکارێك بۆ بەرجەستەکردنی شەڕ و

ئاشتی، ڕووداوی (ذو القرنين) له قورئاندا بۆ پاراستنی چەوساوەکان بووە لەسەر زەویدا، هاوکات بوونی ئەو هەموو پیشەسازیە لە سەردەمی (داود و سلیمان) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

له یەك دوو سەدەی ڕابردوودا باووباپیران بەشێوەیەکی لۆژیکی و واقیعبینانه مامەڵەیان نەکردووه لەگەڵ دەقەکاندا، لە مەبەست و مەدلولی ئایەتەکان وردو وەردیان نەداوەتەوە، قورئانی پیرۆز لە هەموو مەودا زانستی و هونەریەکاندا ئاڕاستە و ڕێنومایی دەکات، وەکو پێنووس کە ئەڵقەی گەیاندنە لەنێوان مرۆڤەکان و زانستدا و ڕاوێژکردن کە مرۆڤەکان سەربەخۆ و ئازاد دەکات، وێڕای ئاسن کە هێز و دەسەڵاتبەخشە.

کاتێکیش کە بێداربوینەوە و خۆمان ناسی، نیازی خۆناساندنیشمان کرد لە بەرامبەر بەرامبەردا، ئا لەوێدا بێبەرنامە بووین، چونکە ئاینمان لە زۆرێك لە بوارەکانی ژیاندا وەلا نابوو، ئا بەوەش ئەو هێزەی کە جەمسەرەکانی یەکانگیر دەکرد، بوون و ماهیەتی زاتی و شارستانیەتی دەنرخاند لەدەستماندا.

شکست لەدوای شکست لەو هەوڵانەی کە بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاری دەدرا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لەسەر ئاستەکانی فیکر و ڕێکخستن و جیهاد، وێڕای ئەو تەنگەژە و مەترسییە تۆقێنەرەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و سەرانی سیاسی و ڕێبەرانی مەزهەبی سەپاندوویانە بە سەر جهانی ئیسلامی و موسڵماناندا، ئەو هەلومەرجە مەترسیدارە وای دەخواست ئەوانەی وا پەیوەندیدارن بە واقیعی موسڵمانان و ئایندەی ئەوان، چاو بگێڕنەوە بەو ڕەوت و دۆخە مەترسیدارانەی کە ئاماژەی پێدرا، دواتر بەدیل چی بێت بۆ ئەو مەترسیانە، ئەی چۆن گەلانی موسڵمان لەو تەنگەژە دەروونی و هەست بە شکستخواردوییە، دەرباز بکەن، چۆن بیانگێڕنەوە بۆ ئەو ڕەوت و ڕۆڵەی کە پێشتر هەیانبوو بۆ بونیاتنانی شارستانیەت و ئێستا لەدەستیانداوە.

گۆڕەپانی ئیسلامی لە سەدەی ڕابردوودا هەوڵ و تەقالای بەرهەمداری بەخەرج دا، هەنگاوە پڕ ئەستەم و دژوارەکانی سەرەتای ڕێی بڕی، ئا لێرەدا سەرپێییانە بە چەند وشەیەك ناکرێت باس لە هەوڵ و تێکۆشانەکان بکرێت، یان نرخ بەوە بدەین کە بەدەست هاتووە، لێرەدا ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە  وەك نموونە  بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی کە پەیمانگای جیهانی بۆ فیکری ئیسلامی – وەك توێژینەوە و هەڵسەنگاندن کاری لەسەر کردووە لەو بوارەدا  و ئەو کورتە باسانەشی کە خرانە ڕوو، وەك سەرەتا و بوژانەوەیە بۆ ڕۆحیەت و گوڕ و تیندان بەو ڕێچکانەی کە خەمی بزاوتن و بێداری ئیسلامی و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکاندا هەبوون، لەوێشەوە گوزەر بکات بۆ ڕەوشی فیکری و ڕۆشنبیری و زانستی و شارستانی و مرۆییەکان.[1]

## یەکەم: ڕەوشی فکریی:

سەرەتا لە گۆشە فیکریەکەوە تاوتوێی چەمکە جۆراوجۆرەکان دەکەین، کە ئەو گۆشەیە وەك پێگەیەکی بنەڕەتی و سەرەکیە بۆ هەر چاکسازی و گۆڕانکاریەك، لەپێناو کاراکردنی عەقڵی موسڵمانان وئاوەڵاکردنی دەرگای ئیجتیهاد، بۆ ئەوەی جارێکی تر توانا جۆراو جۆرەکان یەکبخرێتەوە و ژیانێك گوزەر بکات بە گوێرەی مەبەست و داخوازیەکانی شەریعەت.

---

١ بۆ زیاتر ئاشنا بوون بڕوانە: د. عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان: أزمة العقل المسلم (چاپی سێهەم ١٩٩٤ز)، د. تەها جابر علوانی: إصلاح الفكر الإسلامي (چاپی دووەم ١٩٩٢ز)، الأزمة الفكرية المعاصرة (چاپی دووەم ـ ١٩٩٢ز)، ڕاوێژکار تاریق بیشری: مشكلتان وقراءة فيهما (چاپی دووەم ١٩٩٢ز)، عومەر عوبید حەسنە: مراجعات في الفكر والدعوة والحركة (١٩٩١ز)، فادی ئیسماعیل: الخطاب العربي المعاصر (چاپی یەکەم ١٩٩١ز)، موحەمەد غەزالی: تراثنا الفكري (چاپی دووەم ١٩٩١ز)، دکتۆر یوسف قەرزاوی: الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف (١٩٩٨ز)، عیمادەدین خەلیل: حول تشكيل العقل المسلم (چاپی پێنجەم ١٩٩٢ز)، د. زەغلول راغیب نەجار: أزمة التعليم المعاصر (١٩٩٠ز)، د. سولەیمان خەتیب. فلسفة الحضارة عند مالك بن بني (١٩٩٣ز).

گرفتەکانی سەردەمی نویێ و گۆڕانکارییەکانی، مەترسییەکی گەورەن بۆ موسڵمانان، یان تاقیکردنەوەیەکە بۆ موسڵمانان و پێگەی ئەوان لە واقیعدا و لە چەندێتی متمانە و پابەندبوونی ئەوان بە بنەماکانی ئیسلام، واتە قورئان و سوننە و ڕابردووی موسڵمانان و ئالیەتی فیقهی ئیسلامی، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە تەنها بە وەڵامی ئەو پرسیارانە نادرێتەوە لە کێشمەکێشەکانی ژیاندا، بەڵکو دەبێت لەسەر هەردوو ئاستی بیروباوەڕ و شارستانیەت بێت، چونکە ئاینی ئیسلام  تەندروست ، ئا لەو دوو سەرگەوە دەتوانێت ڕێچکەکان و ڕەوتی ژیان بە گوێرەی دیدە ناوازەکانی لە گشت زمکانێکدا دابڕێژێتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆژەی شارستانیەتەوە هەیە، دەبێت خولیای زاکیرەی موسڵمانان بێت، چونکە ئا بەو پێودانگ و ڕۆحیەتەوە دەتوانێت ڕووبەڕوو بێتەوە، یان تاکە بەدیلە لە واقیعدا بۆ ڕامالینی ئەو حاڵەتە سلبیانەی کە موسڵمانانی دیل گرتبوو لە سەدەکانی ڕابردوودا بە هۆی ڕەفتاری چەوتانە یان کاریگەری هێزی دەرەکی و غەزوویفیکری و شارستانی بە شێوەیەکیگشتیی.

هەوڵ و کۆششکردن ماکێکی بنەڕەتی و سەرەکیە لە ژیانی موسڵماناندا، تەنها نوێژ و ڕۆژوو و حەجکردنی ماڵی خوا بەس نیە، یان تەنها جێبەجێکردنی خواستەکانی عەقیدە و شەریعەت لە ژیاندا بەس نیە، هاوکات هەر ئەوەندەش بەس نیە شۆڕش بکات و بجەنگێت و شەهید ببێت، ئەوانە هەموو بەشێکن لە پابەندبوون بە ڕەهەندەکانی ئەو بیروباوەڕەوە کە هەڵیبژاردووە و ئینتیمای بۆی هەیە، بەڵام لێرەدا شتگەلێك هەیە ناکرێت لە بەهای کەم بکەینەوە، هەرچەندە لە (فەرزی کیفایە)یە، واتە دەبێت لەنێو موسڵماناندا کۆمەڵێك هەبن ئەو ئەرکە جێبەجێی بکەن و شان بدەنە ژێری ئەو بارە، دەبێت داخوازیەکانی ئیسلامیش بە مومارەسە و ئیجتیهاد بگەیەننە مەودای خۆی، هاوسەنگیش بێت لەگەڵ ڕەوت و بزاوتنی مێژوودا، بەجۆرێك بێت لە گشت بوارەکاندا نموونە ئامێز و سومبولی نێو واقیع بێت،

وەك ئەزموونێكی سەركەوتووی تەجرەبەكراو بەكاری بێنن لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا، لە هەموو قۆناغەكانی ژیانیشدا.

واتە ئیسلام حاكم بێت، ڕێنشاندەر و ئاڕاستەكاربێت، دروستكار و داهێنەر بێت، ڕەنگی ئیسلام بدات بە تێكڕای كردەو بەرهەم و ئاوەدانكاریی و دامەزراوەكان لە گۆڕەپانی ژیاندا، یان هەر چالاكی و ئەزموونێكی تر كە مومارەسە دەكرێت، هەتا شارەكانمان، ڕێگاوبانی هاتوچوونمان، گەڕەك و ماڵ و شوێنە گشتی و سەیرانگاكانمان، ئەوە پێویست دەكات لەسەرمان تێبكۆشین بە تێكۆشان و بەرهەمهێنان تەفسیری واقیعی ئیسلام بكەین، لەبیرماندا، لە ویژدان و باوەڕماندا، لەو حەز و ئارەزووەشماندا كە هەردەم هۆگری ئەوەیە، نیگامان بۆ دەكات دیارو نادیارەكان ئاسمان و زەوی پێكەوە ببەستینەوە.

ئەگەر منارە هەڵكشاوەكان بەرەو ئاسمان ئاماژە بن بۆ هێز و توانای هونەری موسڵمانان لە چۆنیەتی نەخشەسازیی و بیناسازیی، ئەوەی كە گوزارشت دەدات لە دیدی موسڵمانان بۆ گشت جیهان، ئەوا واقیعی ئێستای موسڵمانان بە سەرجەم ڕەهەند و شێوازەكانیەوە وا دەخوازێت موسڵمانان بەگوڕ دەرپەڕن بێحەسانەوە و پسانەوە، گوزارشت بدەن لە ئیسلامبوونێكی ئەصڵ و ڕەسەن.

ئیجتیهاد  بە هەر شێوەیەك بێت – چەمكەكانی شەریعەت دەپارێزێت لە داخران و وشكێتی، لە وێڵبوون و هەركەس بۆ خۆی، ئەوەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەنەویستە ڕاستیەكە و مشتومڕ نەخوازە، بەڵام موسڵمانان چەندین سەدەیە لەو دەروازەیان نەداوە بەدەرو دوورن لە ئیجتیهاد و هەڵێنجانی ئەحكام و یاسا و ڕێسای نویێ.

بە جۆرێك لە جۆرەكان ڕاهاتوون لەسەر ڕەوت و ڕۆیشتنێك چەندین سەدەیە هەر وابووە، بە خشتەیەك كار دەكەین پێشتر داڕێژراوە، ئەوەش دەبێتە هۆی

چەقبەستن و ڕەق هەڵاتنی دەمارەکان، یان خاوبوونەوە و واڵا بوون و لەدەست دەرچوون.

ئیسلام ئاینێکە هەنگاو هەڵدەگرێت، بەرەو ئامانج، بەرەو گونجان، گونجان لەگەڵ سوننەتەکانی بوون و جیهاندا، لەگەڵ ڕەوت و ئاوازەکانی گەردوون و سروشتدا، بۆیە ئەولەویەت ئاوایە (سەرەتا لەگەڵ خۆدا لەنێوخۆدا تەبا و گونجاو)، ئەوجا ڕوو لەهەر لایەك دەنێت، یان بەشێوەیەکی وردتر بڵێین: هەر پرسێك کە ئیسلام لێی بدوێت دەبێت بۆ ژیان و سازدانی ژیان بێت، دەبێت هەردەم هاوسەنگ بێت لەگەڵ کێشە جۆربەجۆرەکاندا، چونکە گشتیان  بە قەبارەی خۆی  پەیوەندییان بە بوون و جیهان و ژین و ژیانەوە هەیە، دەبێت بە یەك ڕیتم و بە یەك ئاواز سەرجەم ئەو دەستەواژانە لەخۆبگرێت، ئەگەر ئیجتیهاد ئەو کارە لە خۆنەگرێت و کاری لەسەر نەکات و هەوڵ نەدات بۆ یەکخستن و گونجاندن لەنێوان واقیع و گوتارە ئیسلامیەکاندا و لەنێوان ئەوان و جیهاندا، ئەی کێ ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت؟

ئیجتیهاد  بەو واتایە – ئەرکێکی دووسەرانە جێبەجێ دەکات: پاراستنی نەخشەڕێگای ئیسلامە لەلایەکەوە و بەرجەستەکردن و چەسپاندنیەتی لە واقیعی مێژوودا لە لایەکی ترەوە، واتە لە هەردوو ڕەهەندی زمکانەوە، ئەوەش تەنها لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان و پێگە ناوازە و بەهێزەکەیەتی لەوجیهانەدا.

هەر لە سەرەتاوە تاکە هۆکار بۆ گرژبوون و چەقبەستنی بزووتنەوەی ئیجتیهاد لەم چەرخانەی دوایدا، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و کەمتوانایی موسڵمانان لەمەڕ ئیجتیهاد، هاوکات نەمان و لەدەستدانی زۆرێك لە مەرجەکانی فیقهو قاعیدە فیقهیەکان، ئەوەی کە جیلی پێش ئێستەی موسڵمانانی بە توانا و زانا کردبوو، ئەوەی کە زاناگەلێکی بێشوماری ئامادە کردبوو بۆ ئەو ئەرکە، ئەرکی ئیجتیهاد.

ئەوەش ڕاستیەکە بواری مشتومڕی نیە، حاشا هەڵنەگرە، بەڵام وەلانان و لەکارخستنی هۆکارەکان سەرمان دەکێشێت بۆ هۆکارگەلێك کە هیچی کەمتر نیە لەوی تر، ئەوەش ئەو تافو تەرزە بیرە پڕ ئێشەیە کە جیاوازیی دەکات، ئاستەنگ بەرپا دەکات، لەنێوان ڕەوتی هەڵکشان بە بەردەوامی و لەنێوان شەریعەت و واقیعدا، ئەوەش تەنها لەسەر ئاستی دەسەڵات و دامودەزگاکاندا نا بە تەنها، بەڵکو لەسەر ئاستی جەماوەر و هەمەشێوازە جۆربەجۆرەکانی ژیان.

ئەو دابڕان و پەرتەوازەبوونە، ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ئاڵۆزی مەرحەلی و جیهانیی بوون، کە لێرەدا بەو خێراییە باسی لێوە ناکرێت، بەڵام هێندە مەترسیدارو کاریگەربوو، لەوەدابوو دارو نەداری ئیسلام بەجارێك سنوردار بکات، تەنها و تەنها لە خواپەرستی و باری کەسایەتی، یان وردتر بڵێین بەشێکی سەرەکی دۆخەکە بە جۆرێکی لێهاتبوو ئەو پرسانەی کە دەبوو بە ئیجتیهاد چارەسەری بۆ بدیبایە و ڕووبەڕووی موسڵمانان دەبویەوە زۆر بە دڵەڕاوکێ و ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد.

بیرمەندە موسڵمانەکان کاتێك دەبینن ڕاڕەو و تەشریعی مرۆڤایەتی بەجۆرێك کاریگەری کردووە لەسەر وەلانانی شەریعەتی ئیسلام لە ژیانی ڕۆژانەی موسڵماناندا و لەبری ئەو دەستوور و تەشریعی مرۆڤایەتی لە ژیانی ئەواندا بوونی هەیە، یاسا و ڕێسا مرۆییەکان بە هەڵپەوە ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبنەوە هەڵدەکوتنە سەر هەر ڕووداوێك بە دیدێکی نوێ و وەڵامێکی واقیعی و گونجاوی پێ دەدەن، بەندو بنودی وەهای بۆ ڕێکدەخرێت بەردەوام لەگەڵ واقیع بگونجێت و لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا خۆی بساچێنێت، بەجۆرێك هەر ڕۆژە ئاسایی مومارەسە بکرێت، ئەی زانا و موجتەهیدی موسڵمان لەو ڕووەوە چی لەتوانادایە ئەنجامی بدات، جگە لە گریمانەگەلێك نەبێت هیچ دەرفەتێك نارەخسێنێت بۆ ئاوێزان بوون لەگەڵ واقیعدا.

ڕووبەڕووی وەستانەکان بەرهەمی دابڕان و شپرزەیی ئیجتیهادە لە واقیعی موسڵمانانیدا، هەر ئەوەش بارودۆخەکەی بە گوزەرێکدا بردووە مەزهەب و دەستووری مرۆڤەکان باڵی کێشابێت بەسەر ڕەوتی ژیاندا، لەڕاستیدا ئەوەش بەرهەمی سستی و لاوازی ئیسلام و مەنهەجی خودایی نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەندێتی و چۆنیەتی مومارەسەکردن و دابەزاندنی دەقەکان لەگەڵ واقیعدا.

هەرئەوەشە وای کردووە لە بیرمەند و موجتەهیدە موسڵمانەکان لە ئێستادا ئەو وتە بەناوبانگە بخەنەوە بەر دید و هزر و مومارەسە بکرێت، وەك ڕێگرییکردنیش لە هەر هەوڵێك بۆ ئیجتیهاد، دواتریش هەڵپەساردن و پەیوەستکردنی بە کاتەوە، دەڵێت: ئیجتیهاد بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە ڕێپێنەدراوە و وەك مومارەسە و تەجرەبەکردن، مەگەر لەکاتێکدا تەنها ئیسلام حاکم و باڵادەست بێت بەسەر سەرجەم ڕێچکە و جومگەکانی ژیاندا و لەسەر هەموو ئاستەکاندا هەر لە (جمهور)ەوە هەتا دەسەڵات، ئەگەر نەتوانرا ئەو گونجاندن و یەکخستنە بەرپا بکرێت لەنێوان ئیسلام و هەردوو ڕەهەندی زمکانەوە، هەر بەرەنجام و دەرهاویشتەیەکی ئیجتیهاد، بێ کەڵك و بێ سوودە.

سەرەتای مشتومڕ ئا لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئایا هەر دەبێت تەسلیم بەو وتەیە ببین؟ بواری ڕەخنە و ڕەدکردنەوە نیە؟ یان بەپێچەوانەوە، سەرپشکین لەوەدا، هەرچەندە هەندێك بیرۆکە و پێگەی بەهێزی لەخۆگرتووە تاڕادەیەکی زۆر باش قەناعەت ئامێزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەنگ گەلێکی ئاڵۆز دەخولقێنێت لەمەڕ ڕەوتی ئیجتیهاددا، یان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بین، کە بە مەرج گیراوە بۆ ئیجتیهاد، هەرچەندە ئەو ڕۆژە نزیك نیە؟ یان دەبێت گریمانەیەکی تر لە زەینی خۆماندا گەڵاڵە بکەین، کە زۆرێك لە بیرمەند و خاوەن هزریی هەستیار لەمڕۆدا گرنگی پێ دەدەن، ئەویش ئەوەیە دەبێت دەروازەی ئیجتیهاد واڵا بکرێت، لەوێوە گوتاری

ئیسلامی خۆی بکات بە هەر کوچە و ماڵ و دامودەزگایەکدا و لە هەرجێیەك ئامادە بێت.

ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت لە واقیعی موسڵمانناندا، ئیسلام  وەك ئیسلام – هیچ ئامادەگییەکی لەوەدا نەبووە، بەڵام لێرەدا دەبێ وەڵاممان بۆ ئەوە هەبێت بە خستنەڕووی چارەسەر، نەخشە و سیستمی کار، پێدەچێت بۆ هەریەك لەو دوو دیدە تروسکاییەك هەبێت، چونکە هەریەك بە ئاواتێکەوە دەگەڕێت لە شوێن پێیەك تا پێگەی خۆی لە شەوەزەنگی نوتەك و هاوچەرخدا جیگیر بکات، یان پێدەچێت  لەگەڵ ئەوپەڕی گریمانەدا  چارەسەر ئامادە کرابێت بۆ ئەمڕۆ لەکاتێکدا بەدەردی جودای و پەژارەوە دەناڵێنن، جارێکی تر سەرلەنوێ یەکرێز و یەکبەند دەبێت، ئەو ئاینە نازڵ دەبێت و لەلایەن خوداوە تێکەڵ دێت و دەبێت لەگەڵ سەرجەم جومگەکانی ژیاندا.

یان لەوانەیە خاڵی هاوبەش هەبێت بۆ نزیکخستنەوەی ئەو دوو دیدە جیاوازە، هەردوو ڕەوتەکە کار بۆ بەگەڕخستنەوەی چەمکی ئیجتیهاد بکەن، ئامانجی بایەخدان بێت بە پرسە هەستیار و گەورەکان، ئەوەی هەتا ئەمڕۆ بە هەڵپەسێنراوی ماوەتەوە و چاوەڕێی وەڵام دەکات و تێپەڕێت  قۆناغ بە قۆناغ  بۆ چارەسەرکردنی ورد و درشتی پرسە کۆمەڵایەتیەکان.

بارودۆخەکە هەرچی و چۆن بووبێت فەقیهەکان ڕەوتی ژیانیان بەڕێ دەکرد، بەڵام لەو سەدانەی دوایدا کەوتنە پەراوێزی ژیانەوە، ئیدارەی کاروبارەکان لەدەست ئەواندا نەما، واقیعی بەڕێوەبردن حەز و ئارەزووی کۆمەڵگا و میزاج و پلەوپایە بەڕێی دەکرد، هەرچەندە فەقیهەکان خاوەن عەقڵێکی ناوازە و بە گوڕو تین بوون و لەتوانایاندا هەبوو هاوسەنگی تەواو ڕاگرن لەنێوان پرسە کۆمەڵایەتیەکان و ئامانجەکانی شەریعەت، بەجۆرێك ڕەوتی ژیان بەردەوام بێت، بەڵام بەوجۆرە نەبوو، بەمەبەست وەلانرا و لەباربرا.

ئەوەش لە ژێر فشاری حاڵەتگەلێکی کۆمەڵایەتیدا، بەتێکڕا شوێنکەوتەی پێشینەکان بوون، بەڕەهایی شوێن پێی ئەوانیان هەڵدەگرت، وێڕای دەستێوەردانی دەرەکی و مەرامی نالەباری ئەم و ئەو بۆ پەکخستنی ڕەوتی ئیجتیهاد و دابڕانی چەمکەکانی شەریعەت لە ژیان، پردی پەیوەندی نێوان شەریعەت و کۆمەڵگایان بەجارێك داڕماند، فەقیهەکانیش لەو ناوەندەدا بەجارێك پەراوێز بوون لە بەڕێوەبردنی کاروبار و داڕشتنەوەی فیقهی نوێ و ئیجتیهاددا، ئەوان لە واقیعی موسڵماناندا، تەنها وەك ئامۆژگاریکار ڕۆڵ و دەنگیان هەبوو، یان وەك وتاربێژێك لە ڕۆژانی هەینیدا، یان وەك وانەبێژێکی ئاین و زمانی عەرەبی، بەرامبەر بەوەش بڕە مووچەیەکی وەردەگرت لە دەسەڵات، مووچەکەش □ بە مەبەست □ هێندە کەم بوو، بژێوی ژیانی پێ دابین نەدەکرا، زانا و فەقیهەکان لەو دەمەدا نەیاندەتوانی مومارەسەی پیشەیەکی تر بکەن، بۆ ئەوەی باری ژیانیان سووکتر یان باش بکەن، ئەوانە هەمووی کاردانەوەی سلبی جۆراوجۆری خوڵقاند، تێکشکاو، ڕیسوا و بەرباد، لاواز و سست، زۆربەی کات □ ئەوان □ کەسایەتیەکی وا نەبوون کە زاڵ بن بەسەر واقیع و کەمەندکێشی هەست و نەستی دەوروبەرەکەیان بکەن و ئەرکی خۆیان وەك پێویست بەجێ بێنن، بەڵکو کەسایەتیەکی کەنار کراو، گۆشەگیرکراو، بارتەقای ئەوەش جلوبەرگێکی تایبەتیان بۆ دابینکرابوو هەتا زیاتر دابڕاوبن لە کۆمەڵگا و لە ژیان.

ئەگەر داگیرکەرەکانمان، ڕزق و ڕۆزی بەرەکانمان، لە هەوڵی ئەوەدا بووبن کۆمەڵگا دابڕن لە زانا و ناودارەکان، لە پیاوە پیتۆڵ و چاکزانەکان، تەنها بۆ ئەوە بووە ئەو دوو بەشە گرنگە دابڕن لە مانای ژیان □ ڕاشکاوانە بڵێین: لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بوون □ هەر لەنێو ماڵەکانماندا غەزوو کراین، بەڵام ناچارنەکراوین لەم دۆخە نالەبارەدا بەردەوام بین، کوێرانە وەدووکەوین، هەر دەبێت تێکۆشین بۆ

ڕامالّینی واقیعێکی سەپێنراو، بەڵام بە ویست و دەستی خۆمان سازاندمان، دواتر داگیرکەرانی بیر و هۆشمان، دەستی تێوەرداو وەلاڕێدا برا.

لە سەرەتادا، واپێویست دەكات چاوێك بخشێنینەوە بە كۆلێژ و پەیمانگاكانی (زانستە شەرعیەكاندا)، كە بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەو ناوە زانستی شەرعیی دابڕاندووە لە چەمكە زانستی و مرۆییەكان، ئایا ناكرێت ئەو پاشگرە لە كۆلێژ و پەیمانگاكان بكرێتەوە كە پەیوەستن بە زانستە مرۆییەكانەوە، یان بەشێكی بۆ بكرێتەوە لە كۆلێژ و پەیمانگاكاندا، بۆ ئەوەی لەو دابڕانە بێتە دەرەوە، وەك ئەوەی كۆلێژی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية) كردوویەتی لە (الجامعة الإسلامية العالمية في ماليزيا) بۆ ئەوەی یەكخستنەوە و پەیوەندی دروست ببێتەوە لەنێوان ئامانجەكانی شەریعەت و لەنێوان سەرجەم زانستە مرۆییەكاندا، وەك كارگێڕیی و ئابووری و یاسا و ڕامیاریی و دەروونناسی و كۆمەڵناسی و جوگرافیا و مێژوو، زمان و ئاداب و هونەرەكان.

ئەوەش خۆی لەخۆیدا بوارێكی گونجاوتر دەڕەخسێنێت بۆ زیاتر ناساندن و موسوڵمانكردنی سەرجەم زانستەكان، یان هەرنا با هەنگاوەكان ڕاست و دروست بن، چونكە ئەوە دەمان بات – هەرچەندە درێژەش بكێشێت □ بۆ بەرەنجامێكی عەقڵانی و پێكەوە كاركردن لەگەڵ سەرجەم دەستەواژە زانستییەكان لە هەموو ئاستەكاندا، ئەوكات (الوحي والوجود) بەگشتی هەردووك پێكەوە دوو سەرچاوە دەبن بۆ زانست، هەر لەوێشدا ئەو بەربەستە دەڕەوێتەوە لە نێوان زانستە شەرعیەكان و ژیانەوە.

لەلایەكی ترەوە، پەیمانگا و كۆلیژە پەیوەندیدارەكان بە زانستە شەرعیەكانەوە دەبێت – وەك ئەوەی كە ڕۆڵی خۆیەتی □ ئەو باس و بابەتانە قبوڵ بكات ئەوەندەی ڕەخساوە كە باس لە زانستی مرۆیی دەكات، بۆ ئەوەی قوتابی و ئەو كۆلێژ و پەیمانگا هاوچەرخانە بە توێژینەوە و بەرهەمەكانیانەوە ئاوێتە بەو ناوەندە

بن، لەپێناو زیاتر تۆکمەکردن و زانستیی بووندا، هاوکات هاریکاریشیان بکات بەپێدانی ئەوەی کە لە هەگبەدا هەیە، ئەوەش بێگومان بەرهەمگەلێك دەدات بەدەستەوە.

بۆ وێنە، یارمەتیدەرە بۆ ڕامالّینی ئەو بەستەڵەکەی کەوتووەتە نێوان شەریعەت و زانست، شەریعەت و ژیان، دەرچووی ئەو دامودەزگایانە زیاتر چالاکتر و زووتر دەچنە ناو ناوەندە مرۆییەکانەوە، چالاکترن لە دواندن و قەناعەت پێ کردندا، سەرکەوتووانە دەتوانن بچنە ناو زانستەکانی سەردەم، بەتواناترن لە ڕەخنەگرتن و بەراوردکردن و بژار و پاکوپیس کردندا، زووتر و زیاتر خواست و زانستە شەرعیەکان دەگەیەنێت و ئامانجەکانی شەریعەت بەرجەستە دەکەن، لەکاتێکدا هاودژەکان بەرپا دەبن، ناتەبایی بەرپا دەبێت لەنێوان بەرهەمە زانستی و مادیەکاندا و دەستڕۆیشتووتر دەبن لە داڕشتنەوەی پرۆژەی شارستانی ئیسلامیدا، وەك جێگرەوە.

ئا لەوێشدا خزمەتێکی دیار و ناوازە بەرهەم دێت، ئەویش ڕەواندنەوەی هەستی خۆ بەکەم زانینە کە هەیمەنەی تەواوی هەیە بەسەر نەوەی نوێدا، ئەو نەوەیەی کە زیاتر بایەخ دەدەن بە زانستە شەرعیەکان، بەتایبەت لەو دوو سەدەیەی دوایدا، هەرچەندە زانستە شەرعیەکان، هەستی متمانەبەخۆ دەخولقێنێت لە ناخی هۆگرەکانیدا، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەستێکی ناتەواو دێنێتە ئاراوە، ئەویش نەبوونی متمانەیە لە ئاست دروستکردن و داهێناندا.

ئێستەش کاتی تێپەڕاندن و ملنەدانە بۆ سەردەمێك کە تێپەڕیوە بۆ مەنهەجێك کە تەقلید کردنەوەی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێك کە غەیری ئەم سەردەمەی ئەمڕۆیە، موفرەدە و دەستەواژەکانی گونجاو نین بۆ سەدەی سەردەم، بۆیە مومارەسەکردنی مەنهەجێك زیاتر کراوەتر و گونجاوتر بێ، تاکەکان تواناداراتر دەبن لە بەرەوڕووبوونەوە و خۆدان لە زانستە سەردەمیەکان، دواجار زۆر بە سانایی

دەتوانن ئەو دۆخی دابڕان و نامۆبوون تێپەڕێنن، بەرەو گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێکانی سەردەم و مەودا زانستی و ڕۆشنبیریەکان، یارمەتیدەر بێت بۆ برەودان و داڕشتنەوەی پرۆژەی شارستانی چاوەڕوانکراو.

هاوکات کاتی تێپەڕاندنی کاری بازاڕی و نامەنهەجیە، بەرەو کار و متمانە، بەرەو مەنهەجی داڕێژراو، لە سەردەمێکدا کە هەموو شتەکان بە میکانزمێکی نوێ بەڕێوە دەچێت بە بەرنامە و بەرنامەڕێژکراوە، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە هەر چالاکیەکی ڕۆشنبیری شارستانی بە ئامانجەوە ممارەسە بکرێت وزە و تواناکان بەو ئەندازەی کە بوونی هەیەلای تاکەکان دەکرێت هاریکار بێت لەوەدا ئەنجامی جۆری بدات لەسەر هەموو ئاستەکان.

لە گۆڕەپانی کاردا پێویستیەکی ئەوتۆمان بە کرداری ئیجتیهاد و چالاکی کۆمەڵایەتی و بەرنامەدار و هەنگاوی بۆ داڕێژراو و نەخشەبۆکێشراوی هەیە لەپێناو کۆکردنەوەی وزە و توانا فیکریە ئیسلامیەکاندا، بۆ سەلماندنی بوونی خۆ و بۆ تێپەڕاندنی دووفاقیی و کەوتنە ناو گێژاوی هاودژبوون و پەرتەوازەیی، ئا لێرەدا کۆمەڵێك دید و پێشنیاز وەبیردا دێ، لەمەڕ ئەو هۆکارانە دەبێت چی بن بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە ئیجتیهادیەکان لە ئاستە جیاجیاکاندا، لێرەدا ئاماژە بە چەند پێشنیازێ دەکەین:

١. دانانی نەخشە و پلانێکی فراوان و گشتگیر، دەرهاویشتە و بەرهەمە فیقهیە (مێژووییە)کان لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەش دەبێت تەوەرە و بابەتەکانی بەش بەش بکرێت بە چەند قۆناغێکی زەمەنی بۆ داڕێژراو و دەبێت چەندین لیژنە بۆ ئەوە پێکبهێنرێت و لەژێر چاودێری ئەواندا جێبەجێ بکرێت، دەبێت ئەو کەسانە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕبن لە بواری تایبەت بە خۆیان، وێڕای ئەوە، دەبێت هۆگربن، ئەمانەتپارێز و دڵسۆزبن لە ئەرکەکاندا.

ماوەیەك بەرلەئێستە، هەوڵگەلێك لەو جۆرە خرابویە بەرکار، هەندێك لەوان هەنگاوگەلێکی بڕیبوو، بەڵام بە هەر هۆیەك بێت لە ڕەوتی خۆی بەردەوام نەبوو، هەندێك لەوانیش هەر لە سەرەتادا بەرکەوتوو نەبون، ڕەوتی سێهەمیش بەردەوامە لە کار و چالاکی، بەڵام لە ئاست ئەو خواستەدا نیە کە چاوەڕێی لیَ دەکرێت، هەمان کات هەوڵی یەکخستنی سەرجەم ڕەوتە فیقهیەکان دەدات لەسەر ئاستی سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، لەوانەشە لە توانای دامودەزگا ئیسلامیەکاندا هەبێت جارێکی تر بەشێوەیەکی مەبدەئی و جدی هەنگاوێکی تر هەڵبگرێت، هەنگاوێکی پڕ بایەخ و بوێرانە لەپێناو دانانی هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ئیجتیهاد لە سەرەڕێیەکی تەندروست و بەرنامە بۆداڕێژراودا، پاش چەندین سەدە بشێوی و لەدەستدانی بەهاکان، وەها پرۆژەیە بوونی هەبێت، هەروا لەبار ناچێت مادەم ویست و ئیرادەی باش و سامانی دارایی بیَ حساب بوونی هەبێت دەخوازێت بە دوای پرۆژەی گەورە و گراندا بین بە جۆرێك کە خزمەت بکات بە بێدارکردنەوەی ئەو نەتەوەیە، وەهابێت کە لەنێو گەلاندا خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت، دیار و جیاواز بێت لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە.

ئەو پێڕستە گشتگیرە بەو پێودانگە کلیلی دەروازەکان دەداتە دەستی توێژەر و موجتەهیدەکان بۆ ئەوەی بە ڕوونی شوێنپێکانیان هەڵبگرن، لەکاتێکدا کە ئەوان لە ناوەندی فیقهێکی ئاڵۆز و چڕدا هەنگاو هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بە سانایی ڕەوتێکی تەندروست بگرنەبەر و هۆکارەکان کۆبکەنەوە و کار بۆ پرۆژەی بەردەوام و نویَ بکرێت، ڕۆتینیات کەمتر و وەلا بنرێت.

بۆ بەردەوامی ئەو حاڵەتە بەردەوام دەبێت هەوڵگەلێك بەگەڕخرێت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگە و زانیارییە سەرەتاییەکان لەو دارستانە جەنگەڵ و جەنجاڵەدا کە لێوان لێوە لە سلبیات، بۆ ئەوەی هاوکێشە و ئەزموونگەلێك ئامادە بکرێت کە لە

توانایدا بێت مامەڵە لەگەڵ دەزگا زانستیە جۆراوجۆرەکاندا بکات، بە ئامانجی یەکخستنی چالاکیە زانستیەکان لە گشت بوارەکاندا.

٢. بە ئەنجامگەیاندنی هەنگاوەکان، لەمەڕ دەرهاویشتەکانی فیکری ئیسلامی نوێ و هاوچەرخدا، ئەوەی کەوا پرسیارە فیقهیە ناوازەکانی لەخۆگرتووە، یان ئەوەی کە لە گۆڕەپانی ئیجتیهاددا دەخرێتە ڕوو، یان هەر دید و پێشنیازێکی تر هەبێت لەمەڕ چەندێتی و چۆنیەتی ئیجتیهاددا، هەر پرۆژەیەك ئا بەو پێودانگە □ هەر لە سەرەتادا □ بەرەنجام و قورسایی خۆی دەبێت، چونکە خۆی لەخۆیدا هەوڵگەلێك بووە بۆ زەمینەسازکردن لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی هاوچەرخدا و بۆ ئەوەی ئیسلام بوون و کاریگەری هەبێت بەو ڕێسایەی کە بۆی داڕێژراوە و بۆ ئەوەی موسڵمانان تۆکمە و کارابن لە چۆنیەتی گفتوگۆ کراوەکاندا لە هەرکوێیەك بن و هەرچی پێشنیاز بکرێت و بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لە پرسە هەمە جۆرەکانی سەردەم.

هەرچی لە چوارچێوەی ئەمەدا نووسرابێت ڕاستەوخۆ سودبەخشە و کاریگەریی خۆی دەبێت بۆ ڕەوتی ئیجتیهاد، دەکرێت وەڵامی بەجێ بداتەوە لەمەڕ ڕووداو و گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا، سەردەمی شارستانیەت، بەڵکو هەندێك لەو نوسراوانە، یان چەند بەشێك لەو نوسراوانە بەلانی کەمەوە دەکرێت هەژمار بکرێت بە ئیجتیهاد، ئیجتیهادێك وەڵام بداتەوە، ئەگەر لە هەندێك بارودۆخیشدا مەرجەکانیشی تێپەڕاندبێت، بەڵام لە هەنگاوە بەرینەکانیدا – لەوەشدایە بڵێین – بەتێکڕا باڵانسگەلێکی باش دەبێت لەو گۆڕەپانەدا.

٣. چەند دەیەیەك دەبێت هەندێك بیرمەندە ئیسلامیەکان گرفت و ئاستەنگ و دابڕان دەخوڵقێنن لە بەردەم ڕەوتی ئیجتهاد و گێڕانەوەی متمانەبەخۆ، ئەگەر ئیجتیهادی ئیسلامی ئاستەنگی بۆ بەرپا نەکراوە و لە ڕەوتی ئاسایی کاری خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەمەڕ گۆڕانکاریەکانی ژیانی هاوچەرخ و نوێدا، ئەوکات دۆخەکە

جیاواز دەبوو لەوەی وا ئێستە هەیە، دواتریش زەمینەساز و لەبارتر دەبوو بۆ بەرقەراربوونی ئیجتهادێکی کاراو بە توانا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

لێرەدا بواری ئەوە نیە درێژە بە دواندن بدەین، لەمەڕ ئەو هۆکارانەی کە بوەتە مایەی ئەو دۆخە پڕ حەسرەت و پەژارەیە، پێدەچێت هۆکاری نەبوونی حوکمی ئیسلام بێ بەو شێوەی کە دەبێت هەبێت و ئێستە نیە، لەوانەشە ئەو بۆشاییە بێت کە دامودەزگا ئیسلامیەکان پێیەوە گیرۆدەن، لەوانەشە شکستە یەك لە دوای یەکەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بێت، لەوانەشە نەبوونی عەقڵێکی کارا و بە توانا بێت لای موسڵمانان، لەوانەشە کاریگەری سلبی هێرشی خاچپەرستان و تەتەرەکان و دواتریش داگیرکەران و ئەو واوەیلاو وێرانکاریانە بێت کە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هات، لەوانەشە تێکڕای ئەو هۆکارانە و کاریگەرییەکانی بێت، کە ئەو دۆخەی دروستی کردووە ڕەوتی ئیجتهاد بکەوێتە خۆی، گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە ئەوەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت و کاری بۆ بکرێت پێش شکستخواردن لە ئایندەی نزیك و دوردا.

پرسیارەکە لێرەدا لەوەدایە: ئایا دەتوانرێت ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەرچە ئیجتهادیەکان ئامانج بپێکن بەو پێودانگ و مەرجانەی کە دەبێت هەبێت؟ ئایا ناکرێت موجتەهیدەکانی سەردەم سەربەخۆبن لەو ڕوو وەستانەدا، وەك پێشینەکان چۆن سەنگەریان گرتبوو بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان.

هەوڵدان بۆ سارێژکرنی کەموکوڕیەکان زەمینە ساز دەکات بۆ پرۆسەی ئیجتهاد و موجتەهیدەکانی هاوچەرخ تەندروست بن لە بیر و بڕیاردا، هاوکات بەرهەمگەلێکی بەردەوام، درێژە پێدەدەن دور و بەدەر بێت لە هەر دابڕان و نامۆییەك بە ڕەوت و ڕۆحی شەریعەت، ئەمەش قەدەرێك نیە و داباریبێت و ژێربار کرابین، بەڵکو قەدەرەکە عەقڵی ئیسلامیە، عەقڵی خودی موسڵمانی هاوچەرخە، دەبێت سەنگەر بگرێت ڕووبەڕووبێتەوە، وەڵامی دروست و بەجێی پێبێت بۆ کێشە جۆراوجۆرەکان

که دێنه پێش، هاندەر و کار بۆ ئەوە بکات ئیسلام بوونی هەبێت لە نێوجەرگەی جیهاندا، ئەوسا دەتوانین بڵێین شوێنکەوتەی ئیسلام و پێشینەکان، ئەوانەی کە بەردەوام لە سەنگەردا بوون بۆ ڕامالینی کێشە و گرفتەکان، بۆ ئەوەی بیروباوەڕەکەیان بەردەوام ئامادەگی هەبێت بەو یاسا و ڕێسایەی کە پێی ڕێسراوە، جێدەستی دەرکەوێت لەسەر ڕەفتارەکان لە سەرانسەری دونیای موسڵماناندا.

هەرچۆن بێت، دەکرێت ئاستەنگەکان وەلانرێن و ئەو دۆخە تێپەڕێنرێت، پێشنیازەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، پڕ بەو کەلێن و کەلەبەرانەی وا هەیە، ئا بەوەش دەکرێت بەردەوامی بدرێت بە هەردوو ڕەوتەکە لەنێوەندی کۆمەڵە مەبادیئ و دەستەواژە و مەرجگەلێك کە پێشتر هاوڕا و کۆك بوین لەسەری، بۆ ئەوەی لایەنێکی بەگوڕ و هەوڵەکان چالاك و بوار و مەوداکانی ئیجتهاد فراوانتر بکات.

٤. داڕشتنی نەخشەیەکی چاکسازیی هاوچەرخ بۆ دیدی فیقهی ئیجتهاد و مەوداکانی، کە سەرچاوەیان وەرگرتبێت لە:

أ ـ بەدەستهاتووەکانی ئەو سێ حاڵەتەی کە پێشتر باسی لێوەکرا.

ب ـ سرووشتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەردەم وادەخوازێت ئەولەوییەت بدرێت بە فاکتەرە گرنگەکان، ئەوەش دەبێت لە ژێر چاودێریی پسپۆڕگەلێکی کارامە و بەتوانا بەڕێوە بچێت، یان دامودەزگایەك ئەرکی □ لەو ناوەندەدا □ بەدواداچوونە و بڕیار لەسەر ئەوە بدات لەگەڵ پۆلێن و پلەبەندکردن بۆیان بەگوێرەی واقیع و ئەو نەخشەیەی کەوا کێشراوە بۆی.

ج ـ بەجۆرێك گونجاندن لەنێوان بیردۆزەکان و چەسپاندنیدا بکرێت، واتە لەنێوان چارەی ئامادەکراو بۆ دەستبەکاربوون لەسەر زەمینەی واقیعدا، هاوکات پرۆژە و چارەگەلێکی تر ئامادە بێت لەو زەمینەدا لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو دەستەواژەیە کە دەڵێت: ئیجتهاد ناکرێت تەنها لە کاتی جێبەجێکردنیدا نەبێت).

د ـ تێپەڕاندنی حاڵەتی دەمار بەرزبوونەوە و گرژبوون لە ئاست پرسە سەرەتایی و لاوەکیەکان، واتە: هەموو هەوڵەکان یەکبخرێت لە خەرمانی پرسە مەبدەئییەکاندا، بەجۆرێك کە سەرجەم پرسە سەرەتاییەکان لەخۆ بگرێت و پێوانەی هەموان لەسەر ئەو بکرێت.

هـ ـ ئەگەر کۆدەنگیەك پێشنیاز بکرێت لەمەڕ چۆنیەتی کار و قۆناغبەندی کردن بۆی لەمەڕ جێبەجێکردنی (دید و ئیجتهاد)ەکاندا کارێکی ئومێدبەخش و بە بەرهەم دەبێت.

بۆ وێنە دەبوو چەند پرسێك بخرایەتە بەرباس، لەوانە چەمکی ئیجتهاد لە سەرەتای سەدەی ڕابردودا دەبوو چۆن بوایە؟ دەبوو موسڵمانان چۆن توێژینەوەی ڕەفتار و شێوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بکردایە؟ لە کۆی ئەوانەوە دەبوو هەڵوێستەیەکی بوێرانە هەبوایە لەسەر چالاکی دامودەزگا سامانی و ئابووریەکاندا، ئەوەی کە لەمڕۆدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، دەکرا هەر لە سەرەتاوە کۆدەنگیەك هەبوایە لەمەڕ ئەولەویەتی کار لەوێدا.

٥. لەپێش هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێکرد، دەبێت دیراسە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ جوگرافیای فیکری جیهانی ئیسلامی بکرێت لەسەر هەموو ئاستەکان، دواتر دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر تواناکاندا بەگوێرەی ئاڕاستەکان و پسپۆڕیەت و پابەندبوون بەو خاڵانەی کە هەماهەنگ و تەبا و بەرهەمدارە.

ئەوەش لەپێناو ئاوەڵاکردنی دەرگای گفتوگۆ لەنێوان توانا هەمەجۆرەکاندا، بۆ ئەوەی بینشەکان ڕوون و ئاشکرا بەرجەستە ببێت و بۆ تێپەڕاندنی دیدی تاکڕەوانە، دۆخێك بێتە ئاراوە سەرجەم ڕێڕەوە مەزهەبی و ئیجتهادییەکان توانا و هێزی خۆیان بخەنە گەڕ لەپێناو زیاتر بەرهەمی چاوەڕوانکراودا.

ئەو هەنگاوە گرنگە کە باسی لێوە کرا تەنها مەرجگەلێکی گونجێنەر ناخاتە ڕوو بۆ چۆنیەتی کرداری ئیجتهاد و بەس، بەڵکو هەڵمەتی یەکخستن و تۆکمەکردنی

یەکە فیکریەکان دەدات لە جیهانی ئیسلامیدا، لە نێوان مشتومڕێکی بەردەوام و کارادا و هەوڵگەلێکی بەردەوام.

ئەوەش  لەباری واقیعدا  ئامانجێکی گەورە و گرنگە، لەو سەردەمەدا سەردەمی دابڕان و دوورکەوتنەوە و گۆشەگیری، لە سەردەمێکدا ئاڵۆزکارەکان بە بیری ئاڵۆز و هەمەجۆریان دابڕان دەخولقێنن لە ناوەندە فیکری و بیرمەندەکاندا و لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤەکاندا.

## دووەم: ڕەوشی ڕۆشنبیریی:

### ١. توانا رۆشنبیرییەکان

بەوپێیەی کە بواری ڕۆشنبیری شادەماری چالاکیەکانی شارستانیەتی ئیسلامیە، هەر لەو ڕووەشەوە ئەو تایبەتمەندیە شارستانیەتی ئیسلامی جیا دەنرخێنێت لەنێو شارستانیەتەکانی تردا، هاوکات توانا و کاریگەری هەیە و ئومێد دەکرێت بە دارِشتن و دانانی نەخشەیەکی (ستراتیژی ڕۆشنبیری) بۆ گەلانی موسڵمان، لەو دۆخە پڕ لە نەهامەتیانەدا، یەکێکە لە باڵاترین خواستەکانی ڕاپەڕینی شارستانیەت و زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە دیاردەی جودای و هاودژبوون و پەرتەوازەبوون لەنێوان بەرهەمە سەقافیەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا تێپەڕێنرێت، دواتر وەرچەرخانێکی جۆری  لەبری ئەوە– بۆ کۆکردنەوە و یەکخستن و یەك ئاوازی، بۆ ئەوەی ڕەوتەکان بەرچاوڕوون و بە بەرهەم بێت، ئا لەو سەردەمەدا کە سەردەمی پێشبڕکێی شارستانیەتەکانە، سەردەمی بەهەدەرنەدانی کات و بایەخدانە بە کات و قۆستنەوەیەتی، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە باڵاکان بقۆزرێتەوە.

ئا لێرەدا توانا رۆشنبیری و زانستییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو و کارا دەردەکەون، کە دەکرێت وەك چەکێکی دووسەرانە بەکاربێت، ئەوانەش کە

ستراتیژیەت دەخەنەگەڕ لەگەڵ توانا ڕۆشنبیرییەکاندا زۆر بەئاسانی و خێراتر دەتوانن سودمەندبن لە دۆخە ڕەخساوەکاندا، هەرچی ئەوانی تریشە کە خاوەن ئەو ستراتیژە نین، بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ژاوەژاو و ئاڵۆزی و نەهامەتی نەبێت هیچی تر نادات بەدەستەوە، بەرەنجامیش لەدەستدانی کەسایەتی ڕۆشنبیری و خولانەوە دەبێت لە بازنەیەکدا.

بەدەر لەمەش، لە جیهانی ئیسلامیدا حاڵەتی جیاوازی هەیە، بەڵام بە قەبارە و ڕووبەری دیاریی کراو، هاوکات بۆشاییەکی سامناکی دروستکردووە لەو ناوەندەدا، هەر ئەوەشە جیهانی ئیسلامی پێوە دەتلێتەوە لە بوارە ڕۆشنبیریەکاندا، وێڕای ئەوە بارودۆخی زۆر لەبار و گونجاو ڕەخساوە بۆ سودوەرگرتن لە نەخشەڕێگاکان، ئەوی کەوا کاردانەوەی ئیجابی دەبێت و خواست و داواکاریەکان گرێ دەدات لەنێوان جهانی ئیسلامی و دونیاکانی تر لە گشت مەوداکاندا، هەرئەوەش وادەکات پەلە بکرێت لە دانانی نەخشەگەلێکی ستراتیژی بنکە فراوان.

ئەگەر موسڵمانان وەها بیر بکەنەوە، ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ شارستانیەتی هاوچەرخ جێبەجێی دەکات دژ بە شارستانیەتی ئیسلامی، لە ناوەرۆکدا ململانێیەکی ڕۆشنبیری ڕەهایە، وەها داڕێژراوە رۆشنبیری ئیسلامی نەزۆك و ڕیشەکێش بکات، لەبەر هەر ئامانجێك بێت، ئا لەو دەلاقەوە دەبێت دەرك بەوە بکرێت سەنگەرگرتن بەرامبەر بەو مەترسییانە هەروا سەرپێییانە ناکرێت گەربێتو کارەکان بە پێودانگ و ستراتیژیەتێکی لێکۆڵینەوە لەسەر کراو نەبێت، بەجۆرێك پەنجەبخاتە سەر ناسنامەی بنەڕەتی ڕۆشنبیری موسڵمانان، کە هاوڕابێت لەگەڵ بیروباوەڕ و کلتووری پڕ لە بەهای موسڵمانان، دواتر دەبێت تەرکیز لەوە بکرێت موسڵمانان دەبێت پێگەیەکی زانستی و عەمەلی بەرچاو و دیاریان هەبێت لە دونیای هاوچەرخ و نوێدا، نەك پاشکۆبوون و لاساییکردنەوە و کەڵەکەکردن، بەڵکو بە خۆناساندن بە ڕەسەنایەتی و بە قووڵبوونەوە لە نێو مەفهومەکاندا بەجۆرێك

دەرکەوێت موسڵمانان بە خودکەفائی و تایبەتمەندی خودی پشکی دیار و بەرهەمی بەردەوامیان دەبێت.

بەهیوای کاریگەری بەرچاو لە ئایندەدا، جارێکی تر گێڕانەوەی پێگەی ڕەسەنایەتی موسڵمانان بۆ ئەو واقیعەی کە دەبێت موسڵمانان خاوەنی بن، یا ئەوەی کە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بانگەشەی بۆ دەکەن کە مامناوەندیە و گەواهیدانە بەسەر مرۆڤەکاندا بەتێکڕا ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ (البقرة: ١٤٣)، سودمەندبین ئەوەندەی کە دەکرێت سودمەندبین، ئەوەی گەر تەندروستانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت چی و چۆنەکانی ڕۆژگارمان بۆ ژێربار دەکات، ئەو ئاوێزانبوون و نزیکبوونەوەی کە دەبێت ببێت لەگەڵ جهانی نوێدا و وادەپێدراو دەبێت ئەو بەستەڵەکە تێکبشکێنرێت، ئەوەی کە دەستی ڕۆژگار جودایی خستە نێوان ئەو موسڵمانانەوە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ.

**٢ـ بۆچوونە بنەڕەتیەکان:**

بە گشتی ستراتیژیەتێك ئا بەو شێوە لەو ململانێیەدا دەبێت بە دوو ئاڕاستە جوڵە بکات، یەکەم: جوڵە لە ڕووی خودی موسڵماناندا، دووەمیش: لە ڕووی غەیری موسڵماناندا، بەدڵنیاییەوە هەر هەوڵ و نەخشەیەك بۆ ئەوەبێت یەکێك لەو دوو ڕەوتە وەلانێت کەموکوڕی دێنێت لە گشت مەوداکاندا، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بنەمای (تعارف) یەکترناسین و ئاشنابوونی مرۆڤەکان وەك ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بانگەشەی بۆ کردووە هەر دوو ڕەوتەکە لەخۆدەگرێت، دەقی ئایەتەکە سەنتەرێکە بۆ لێکدان و بەیەکگەیاندنی ئەو دوو جەمسەرە ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (الحجرات: ١٣).

لەسەر ئاستی گەلانی موسڵمانیش بنەمای ڕۆشنبیری و یەکڕیزی موسڵمانان ئەوە ناخوازێ تایبەتمەندیەکانی گەلانی ناموسڵمان وەلانرێت و مەعنی نەبن بەو تایبەتمەندیانە هەر لەبەر ئەوەی کە سەر بە کۆمەڵگای موسڵمانان نین، چونکە یەکبوون و هەمەچەشنە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دوو وێنەی هاودژ و نەگونجاو نین بەو ئەندازەیەی فاکتەرێکی بەهێز و دەوڵەمەندە بۆ ئەم شارستانیەتە، سەرچاوەیەکی بەپیت و دەوڵەمەندیش دەبێت، ئاسۆی بەرقەرار و ڕووناکتر دەبێت، نەك لەبەر ڕەهەند و گۆڕانکاریە مێژووییەکانی، بەڵکو لەو پێگە بەهێز و بیروباوەڕە نەگۆڕ و جێگیرەی کە وەك سمبولێك وایە بۆی لە هەر کات و زەمەنێکدا، لەبەرئەوەی سنوورەکان دیار و شەفافن، پارێزراون لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئا لەو دەستپێکەوە هەر هەوڵێك بۆ یەکخستنی رۆشنبیری موسڵمانان □ بە هەر هۆکارێك بێت لە هۆکارەکان □ دەبێت لەوەدا حیساب بۆ دولایەنەی ڕەهەندەکانی (یەکبوون و هەمەچەشنەیی، گۆڕاو و نەگۆڕاوەکان، توندوتیژی و نەرمونیانی، بەردەوامی و گۆڕانکاریی بکرێت، واتە: دەبێت لەسەر بنەماکانی بیروباوەڕ و مومارەسەی زیندوو بێت لە یەك کاتدا.

ئەو حاڵەتە دوانەکیەی کە دەبێت بوونی هەبێت ئەگەر خراپ ئەندازەگیری بۆ بکرێت ئەوە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆکارگەلێك بۆ جودایی و دورکەوتنەوە، تێپەڕاندن و دەستە دەستەیی، موسڵمانان پەرتەوازەتر دەکات، بەرامبەر بەوەش ئەگەر باش بەگەڕ بخرێت ستراتیژییەتی کار لەو ناوەندەدا بوونی هەبێت دەبێتە مایەی یەکخستنێك کە ئومێدی ئایندەیەکی دڵ ئارام وگەش بێت.

لەسەر ئاستی چەندو چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تریشدا، هەمان بنەما پەیڕەو دەکرێت، بە بایەخەوە ڕوانین بۆ گۆڕانکاریەکان و سودمەندبوون لێی، زیاتر نزیکبوونەوە و ئاشنابوونی موسڵمانان لەنێو خۆداو هاوکات لەگەڵ کلتوور و بەرهەمی رۆشنبیری ڕۆژئاوای هاوچەرخ.

مامەڵەیەك ئا بەو جۆرە لەنێوان موسڵمان و غەیری موسڵماندا بەرهەمی نابێت، ئەگەر موسڵمانان هەر لە سەرەتاوە یەكدەنگ و یەكڕیز نەبن، پارێزگاری لە ناسنامەی ڕۆشنبیری خۆیان نەكەن، هەربەوەش بوونی خۆیان دەسەلمێنن لەسەر نەخشەی جیهاندا و قورساییان دەردەكەوێت، شەختەی ڕێچكەكان لەبار دەبێت بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەجۆرێك بێمەترسی بێت و ئەنجامی ئیجابی لێكەوێتەوە و كەسایەتی ئەوان بە گوڕو تین بكات.

ئا لەو ناوەندەدا دەكرێت رۆشنبیری ئیسلامی ڕۆڵی كاریگەری هەبێت لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی لە چوون یەكخستن و ڕەسەنایەتی و نمونەییدا، ئەو مۆدێلە رۆشنبیریە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەیەكی ئیسلام و بیروباوەڕی ئاینی دامەزراوە، ئا لەو ساتەوە جیاوازترە لە هەر ڕۆشنبیریەكی تر بە كۆمەڵێك تایبەتمەندی، ئەو تایبەتمەندیانە تەنها و تەنها لەو چوارچێوەدا كۆدەبێتەوە دیارترینی ئەوانەش ئەو توانا لەڕادەبەدەرەیەتی كە بەردەوام سەرجەم دوانەكیەكان كۆدەكاتەوە لە ژێر چەترێكدا، ئەوەی كەوا بۆچوون و رۆشنبیریەكانی تر پەرتەوازەی كردووە، چونكە گەلانی موسڵمان بە هێزی بیروباوەڕ ئەوان هەموو كۆدەكاتەوە و پێشڕەویان بكات بۆ خزمەتكردن بە مرۆڤایەتی و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی چون یەك، بۆ وێنە كۆمەڵێ دوانەكیمان هەیە وەك: مادە و ڕۆح، جەستە و ویژدان، هەست و ژیریی، ئاشكرا و شاراوە، دیار و نادیار، توانا و ویستی هەڵبژاردن، پێویستیات و جوانكاریەكان، سروشت و ئەودیو سروشت، خاك و جوڵە، یەكبوون و هەمەچەشنەیی، خودڕەوی و ئەخلاقیەت، تاك و كۆمەڵگا، دادگەریی و ئازادیی، وەحی و ئەزموونگەرایی، دونیا و دوارۆژ، ڕێژەیی و ڕەها، فەنابوون و هەمیشەیی.

ئەمانە هەموو گونجاو و هاوئاوازن لە رۆشنبیری ئیسلامیدا، بەڵام لە رۆشنبیریەكانی تردا لە ململانێ و دژایەتیدان، ئەوەش سەرچاوەی نەهامەتیەكانە بۆ گەلانی غەیری موسڵمان، بۆیە بەردەوام بە دوای جێگرتنەوەدان بۆ پڕكردنەوەی

ئەو بۆشاییانە، دەکرێت ئەوەش چانسێك بێت بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی هەتا ئەسپی خۆی تاو بدات لە گۆڕەپانی واقیعدا، ئەوجا هونەری خۆی نمایش بکات.

بەو ئەندازەیەی دۆخەکە پەیوەستە بە ستراتیژیەتەوە لەکاردا، لەهەمانکاتدا ئەوە پێوست دەکات لەسەر موسڵمانان مەودای پەیوەندیەکان فراوانتر بکرێت، نەك هەر بۆ ئەوەی سودمەند بن و ڕۆشنبیرییان دەوڵەمەند و چڕتر بکەنەوە، بەڵکو ئەو قەناعەتە لای بەرامبەر گەڵاڵە ببێت، پێویستی بە ڕۆشنبیری موسڵمانان هەیە، دەبێت لێی بەهرەمەند بێت، یان لانی کەم بەجدیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات سوور بێت لەسەر ڕاگرتن و بەردەوامی پەیوەندیەکان لە هەموو مەوداکاندا، جیاواز ئەمان ببینێت لە بونیادناندا، لە ئایندەی مرۆڤەکاندا.

**٣ـ سەرەنجگەلێك لەسەر ڕۆڵی دام و دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن:**

لێرەدا پێویستە  بۆ ساتێك – وەستان و لەسەر وتن و خستنەڕووی سەرەنج و تێبینیەکان لەمەڕ ڕۆڵی چالاکی و دامودەزگا پەروەردەی و فێرکردن و ڕاگەیاندنەکان لە یەکخستنی ڕۆشنبیری ئیسلامی و ستراتیژیەتی کاردا، بەو پێیەی ئەو چالاکی و دامودەزگایانە ئالەتێکن بۆ جێبەجێکردن و بەجێهێنانی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان، ئەوەش لەکاتێکدایە ئێمە گوزەر دەکەین بە سەردەمێکدا کە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان و تەقینەوەی زانیاریەکان و زیادبوونی ڕۆڵی ئامێرەکانی ژمێریاریی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەنگاوی جۆری نانە بە هۆکارەکانی پەیوەندی و رۆشنبیری جیهانگیری، کە ئینتەرنێت لە نوێترین و کاراترین ئامێرەکانە لەو ناوەندەدا.

**یەکەم:** بەردەوام ئیسلام وەك بیروباوەڕ و مومارەسەیەکی فیعلی خواپەرستی دەرکەوتووە، ئەوەش بەرهەمگەلێکی تایبەتی داوە بە ڕۆشنبیری موسڵمانان، شتێکی بەڵگەنەویستە ئاینی ئیسلام هەمان ئەو ڕۆڵە بسەلمێنێت بەسەر ئەو

کۆمەڵگایەی کە بۆ ماوەی چواردە سەدە لەگەڵیاندا ژیاوە، ئاینی ئیسلامیش سەرەکیترین هۆکار و ئەڵقەی گەیەنەر بووە لە یەکخستنەوەی رۆشنبیری موسڵمانان و کاراو کاریگەرکردنی ئەوان لەسەر دەوروبەر هەرئەوەش وایکردووە رۆشنبیری موسڵمانان رۆشنبیرییەکی جیاواز و ناوازە دەرکەوێت، بەوپێیەی کە ئاین سەرچاوە و داڕێژەری بنەما و مەبادیئە سەرەکیەکانی ڕۆشنبیری موسڵمانانە.

مەبەست لێرەدا تەنها جەختکردنەوە و باسکردنی ئەو حەقیقەتانە نیە، بەڵکو توێژینەوەیەکی مەیدانی و بابەتیانەیە لەسەر سەرجەم کاردانەوەکانی ئیسلام بۆ ژیان، لەسەر چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی هاوچەرخی موسڵمانان، لەشکرگەلێکی ئامادەی دەوێت بۆ ئەوەی بە سانایی پەنجە بخاتە سەر ئەو هۆکار و ڕەگەزانەی کە پەیوەندیدارن و پەیوەندی نێوان ئیسلام و ڕۆشنبیری موسڵمانان چالاك و زیندوو ڕادەگرێت، ئەو فاکتەرانەی‌کە دەبێتە مایەی لاوازکردنی و لەناوبردنی، ئەو نهێنی و پاڵپشتەیە کە ڕەگەزەکان لەو ناوەندەدا بەردەوام بەهێز و چالاك ڕادەگرێت، واقیعی ڕۆشنبیری موسڵمانان بەرجەستە دەکات.

ئا لەو حاڵەتەدا یەکڕیزیی رۆشنبیری موسڵمانان و دیدو ئەزموونی موسڵمانان بە ڕێژەیەکی دیار و بەرچاو بەرجەستە دەبێت، نەك هەر بۆ ئەوەی هەنگاوەکان هەڵگرێت و ڕێ تەی بکات، یان بەجۆرێك لە جۆرەکان نمایش بکات، بەڵکو بۆ ناساندن و گوزارشتدان لەخۆ، بە ڕیتمێکی پڕ لە ڕەسەنایەتی و ئەصالەت، هەتا گونجاوتر، زەمینە ساز بکەن بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکە و بۆ دامودەزگا پەروەردەی و زانستی و ڕاگەیاندنەکان.

**دووەم:** زمانی عەرەبی، زمانی قورئانە و فاکتەرێکی سەرەکی و بنەڕەتیە بۆ دەربڕین و گوزارشتدان لە بیروڕاکان و پاڵنەرێکی سەرەکیە لە پاش بیروباوەڕ، بۆ نزیکخستنەوە و یەکخستنی بیروڕاکان و ڕۆشنبیری گەلانی موسڵمان، ئەمەش واپێویست دەکات هەوڵێکی جیاواز وەگەڕبخرێت لەلایەن دامودەزگا پەروەردەی و

زانستی و ڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەکی تایبەت، لەپێناو جێگیرو تۆکمەکردنی ئیدارەیەکی کاراو گێڕانەوەی ئەو ڕۆڵە ناوازەیە کە جێگەی تێڕوانین و سەرنجە – وەك زمانی ئیسلام بۆ ئەو گەلانەی کە لەژێر بەیداخی ئەم ئاینەدا □ جەمسەر بگرێت بۆ ئەوەی گەلانی موسڵمان متمانەبخەنە سەر زمانی سەرەکی و بنەڕەتیی خۆیان، یان لانیکەم لەو پلە و ئاستەدا بێت کە لایەق بەوە.

وێڕای ئەوە دەبێت گرنگی بدرێت بە پاراستنی وێنەی پیتەکان بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە گۆڕانکاری و کەرت و پەرت بوون □ وەك ئەوەی کە بەسەر پیتەکانی ئەلف بێی عەرەبیدا هات لەسەر دەستی کەمالیەکان لە تورکیا □ ئەوەش لەپێناو ئەوەدا کە پردی پەیوەندیەکان هەردەم کراوە بێت لەنێوان گەلانی موسڵمان لەلایەك و لەنێوان زمانی نووسین و بیروباوەڕ و مێژووی دێرینیان لەلایەکی ترەوە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە بەدواداچوونێکی جدی بکرێت بۆ ئەو هۆکارانەی کە زمانی عەرەبییان سنوردار کردبوو لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری ئیسلامیدا بەدرێژایی ئەو سەدانەی دوایی، دەبێت بۆ جارێکی تر ئەو هۆکارانە بخرێتەوەگەڕ، ئەو دەستەواژانە دەستاو دەستی پێی بکرێت، کە نێوان زمان و نێوان گەلانی موسڵمان بۆ جارێکی تر یەکانگیر بکاتەوە.

**سێهەم:** چالاکیە پەروەردەیی و زانستیەکان لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە لەتوانایاندایە یەکڕیزیی ڕۆشنبیری موسڵمانان بپارێزێت هاوکات بەهێزی بکات، چونکە □ لەڕاستیدا □ هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەئەنجامگەیاندن و بەردەوامبونی ڕۆشنبیریەکی بەردەوام لەنێوان موسڵمانان و بیروباوەڕەکەیان، ئا لێرەدا وەك ئەرکێکی هەنوکەیی ئەو پرۆژە و دامودەزگایانە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەن تێکڕای دیدمان، بیروباوەڕمان، ژیانمان، فەرهەنگ و دەستەواژە پرۆگرامیەکان ڕەنگدار بکرێت بەو ڕەنگانە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو دەرچووی خوێندنگاکان

له جیهانی ئیسلامیدا ئاشنابن بەو ڕەسەنایەتیە، ئا بەوەش رۆشنبیریەکی جیاواز و ناوازە بەرقەرار دەبێت، دەرکەوتەکانی ڕەسەنایەتی پێوە دیار دەبێت.

پێگە و شوێنەوارێکی دیاری دەبێت لەسەر نەخشەی جیهاندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەر بەرنامە و ستراتیژێکی رۆشنبیری کاریگەریەکی وەهای نابێت و ئامانج ناپێکێت ئەگەربێتو جێبەجێکردنی پەروەردە و فێرکردن بەهەند وەرنەگرێت و لە ناوەرۆکدا پێیەوە پابەند نەبێ، ئا لێرەدا جێی خۆیەتی ڕۆڵی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی باس بکرێت لەو ڕۆڵە ئەکتیڤەی کە هەیبووە سەبارەت بە کارکرد لەسەر چەمکی ئیسلامێتی مەعرفە یان بنەمادۆزی ئیسلامی ڕەسەن بۆ مەعریفە، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە سەرەکیترین چالاکیەکان، کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە بواری نەخشەدانان و ستراتیژێك بۆ ڕۆشنبیرییەکی یەکگرتوو.

هەروەك ڕوونە، فیکر و بیری ئوممەتی ئیسلام، وەك ئەوەی کە بەدی دەکرێت پێویستی بە چاکسازی هەیە، حاشا هەڵنەگرە باری دەروونی ئوممەت وەك ئەوەی هەیە لێوان لێوە لە کەموکورتی، خۆ ئەگەر تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لەتوانایاندا هەبێت زانیاری و بیرۆکەی نوێ پێشکەش بکەن، هەر ئەوە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی زەین و عەقڵێکی دیار و تەواو، جیاوازە لە ناوەڕۆکدا لەو هەوڵەی کە پێشتر دەدرا لە سەردەمی هەرزەیی و سەرەتایی مرۆڤەکاندا، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە لە پاشدا دەدرا بۆ بیناکردنی دەروونی مرۆڤەکان لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکی بەتوانا و پێگەیشتوو بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگا، هەرچیش لەو سەرچاوەوە دەرکەوت بۆ ڕاستکردنەوەی دیدو ئاڕاستە و ئامانجەکان بوو، کاریگەریەکەی سەرچاوەی دەگرت لە وزە و توانا و سیفاتگەلێکی دەروونی کە لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەندا وەریانگرتبوو: ((خیارکم في الجاهلية خيارکم في الإسلام اذا فقهوا))[1].

---

١ رواه البخاري .

ئا لەو دەلاقەوە، عەرەبە دەشتەکیەکان ئەوانەی کە بەهێز و سوارچاك و جوامێربوون، کاتێك کە بیروباوەڕی ئیسلامیان قبولّ کرد، توانییان لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەمگەلێکی بە سام و پڕ لە هەیبەت نمایش بکەن، لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە، ئالێرەدا ئەرکی نەوەی ئایندە لەنێو گەلانی موسڵماندا دەرکپێکردنی سروشتی گۆڕەپانەکەیە و سروشتی کار و تواناکان و وەگەڕخستنی بیرۆکەی نویّ و بونیاتنانی شوێنێکە بۆ جیلی تازەپێگەیشتوو و پێگەیاندن و تێگەیاندنیان لەسەر نموونەهێنانەوە، بەئامڕازی تەندروست و لەبار بەجۆرێك کە ئاکار و ڕەوشتە جوانەکان گەشە پێبدات، باوەڕێکی قوڵیان هەبێت بە ئامانجەکانی ئیسلام و (مقاصد) مەبەستەکانی شەریعەت.

توانای گۆڕان لە نێو بوونیە و پێکهاتەی ئەو گەلەدا، لە کار و پرۆژەی ئایندەدا خۆی دەبینێتەوە، بە ئامادەکردنی جیلی تازە پێگەیشتوو لە ڕووی دەروونی و فیکریەوە، لەسەر بنەماگەلێکی تەندروست و گونجاو، بۆ ئەوەی ئامادە بکرێت هەتا ڕۆڵی شارستانی خۆی بەجیّ بهێنێت، ئەگەر نەوەی ئەمڕۆ ڕۆڵی خۆی بەجیّ بهێنێت بۆ پێکهێنانی نەوەی ئایندە، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت لەو ڕۆڵەی کە پێی سپێردراوە، بەڵام ئەگەر بە گومانەوە بڕوانێت بۆ تواناکانی، بێگومان ئامانج ناپێکێت، وزە و تواناکان بەهەدەر دەدات بەهۆی هەڵە کەڵەکەبووەکان، لەگەلّ بوونی وەها حاڵەتێکدا، ئەستەمە گۆڕین و زاڵبوون بەسەریدا لە قۆناغی ئەمڕۆدا، بەرەنجام سوڕانەوەیە لە بازنەیەکی تەنگدا، توانای ئەوەی نیە ئەو گەلە لە قەیرانە جۆربەجۆرەکان دەرباز بکات.

ڕۆلّ و بایەخی ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ بەپلەی یەکەم لەوەدایە کار بکات بۆ تەیارکردنی ئایندە، لەبارکردنی پێگەکان بۆ جوڵەیەکی گونجاو و بەرقەرار بەهۆکارگەلێکی گونجاو بۆ ئامادەکردنی جیلی چاوەڕوانکراو، بۆ باش هەڵگرتنی هەنگاوەکان گرنگە ڕەچاوکردنی:

١ـ کۆکردنەوەی تواناکان بۆپێکهێنان و پاراستنی لەتیاچوون.

٢ـ داهێنان و بەرهەمهێنانی فیکر و چەمکە مەعریفی و ڕوئیایەکی ئیسلامی تەندروست.

٣ـ ئاڕاستەکردنی وزە و تواناکان بەمەبەستی شرۆڤەکردن و گەیاندنی چەمکە ئیسلامیەکان، بۆ ڕاهێنانی جیلی نویێ، جیلێك متمانەی بەخۆی هەبێت، بەتوانا و کاریگەر.[1]

**چوارەم:** بوارەکانی ئەدەب و هونەر، کۆمەڵە هۆکارێکن هەمان بایەخ و کاریگەری ئەوانەی پێشتریان هەیە، لەمەڕ یەکترناسین و نزیککردنەوەی ڕۆشنبیری گەلانی موسڵمان، چونکە لەبنەڕەتدا دەستەواژە و بەرهەمەکانی سەرچاوە دەگرن لە ناخێکی ڕاستگۆ و کاریگەر، وێڕای ئەوە ڕووبەرێکی فراوان لە ئەدەب و هونەر لە جیهانی ئیسلامیدا لایانداوە لە بنەما بنەڕەتی و سەرەکیەکانی بیروباوەڕ و کاوێژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییان دەکەن، هەرلەو ناوەندەدا ئەوەندە هەیە کە جێی ئاوات و هیوا بێت، لەتواناشیدایە گوزارشت بدات لە دیدی ئیسلام بۆ ژیان، دەکرێت بۆ جارێکی تریش ئەو ڕۆڵە بگێڕێت لە داڕشتنەوەی ستراتیژێکی رۆشنبیری ئەگەر ژیرانە تواناکان وەگەڕ بخرێن و گەشەیان پێبدرێت، هەروەك ئەوەی یەککگرتووی ئیسلامی لە هیندستان جێبەجێی دەکات، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دامەزرا بۆ یەکخستن و بەرچاوڕوونکردنی ڕەوتێکی ڕۆشنبیری لە جیهانی ئیسلامیدا.

هەرئەوەندە بەس نیە ڕەوتی کاری ئەدەب و هونەر تایبەت و چەقبەستوو بکرێت تەنها و تەنها بە ڕەوت و ئاڕاستەی ئیسلامەوە، بەڵکو دەبێت ئەو سنوورە تێپەڕێنێت، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری گەلانی تر بخاتە بەرباس و جێبەجێکردنەوە، هەتا گۆڕەپانەکە فراوانتر بێت – ئەوەندەی کە لەتوانادای هەیە –، بەڵام بە گیانێکی ڕەسەنایەتی و متمانەبەخۆ و گیانی موسڵمان بوونەوە،

---

١ بڕوانە: أزمة العقل المسلم: د. عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان: ل٢١٩ ـ ٢٢٠.

لەپێناو ئەوەدا دەستەواژەکانمان زیاتر دەردەکەوێت ڕاستگۆیانە بێت، دەبێت ناسنامە و ماکی ئیسلام بوون ڕەنگبداتەوە، تایبەتمەندی ئیسلامبوونی پێوە دەرکەوێت، وەك سیمبولێك دەرکەوێت.

**پێنجەم**: لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامی و زمانی عەرەبی و چەمکە زانستی و پەروەردەییەکان و بەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکاندا، دامودەزگا و ئالەت و فاکتەرەکانی ڕاگەیاندن هەیە، دەکرێت لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا ڕۆڵی چاوەڕوانکراو بگێڕێت، گوڕوتین و بەردەوامی بدات بە نەخشە و ستراتیژی رۆشنبیری ئیسلامی، هەمان کات پشتگیر بێت بۆ بەرقەراربوونی.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تیڤی و سینەما و شانۆ و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بەگشتی، دامودەزگاکەلێکی پڕ بەهاو کاران لە گەیاندن و ناساندنی ناسنامەی رۆشنبیری لەلایەکەوە و نەخشە و ستراتیژ دانان لەلایەکی ترەوە، بەڵکو شا دەماری پەیوەندین لەنێوان گەلانی موسڵمانانداا، بەجۆرێك گوڕوتین بە ڕەوتی ژیان دەدات بەردەوام زیندوو و دیار و درەوشاوە و خاوەن ڕەسەنایەتی ئیسلامیە.

بۆ گەیاندن و پێشکەشکردنی ئەو بەرهەم و بەها ئاینیانە لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، چەند سات و بەرنامەیەك بەس نیە، بەڵکو کەناڵی سەربەخۆ و چالاکی دەوێت، زۆر بە قوڵی ڕۆچێت لە شیکردنەوە و گەیاندندا لەلایەکەوە، بۆ ئەوەی گیانی یەکترناسین و نزیکبوونەوە فراوانتر بێت لەنێو گەلانی موسڵمانانداا، هاوکات لەگەڵ هەموو جهاندا لەلایەکی ترەوە.

لێرەدا زۆر گرنگە سەرپەرستیارانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگی و بایەخ بە ئاڵوگۆڕکردنی بەرنامەکان لەنێوخۆدا بدەن، هاوکات هەماهەنگی و پەخشی هاوبەش، کە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی  وڵاتە ئیسلامیەکان  ئامادەگیەکی کاراو کاریگەری هەبێت هەر دەزگایەك هەماهەنگ و هاوکاربێت بۆ ئەوی تر بەپێدانی سەرەنج و پێشنیاز و چالاکی جۆربەجۆر بۆ ئەوەی

زیاتر ئاشنا بن بەخودناسی و لێك نزیكبوونەوە لەسەر خواست و ئامانجە زیندووە هاوبەشەكان.

ئەو كتێبەی كە بڵاودەكرێتەوە زیاتر لە وڵاتێكی ئیسلامی هەوڵ دەدات بۆ چاپكردن و پەخشكردنی و ئەو فیلمەی كە بەرهەم دەهێنرێت، یان ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنی و گۆڤار و ڕۆژنامانەی كە پەخش دەكرێت لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بەگشتی ئاوات و خواستی ئەو گەلەیە، ترپەی دڵی هاوبەشە، ئەوانە بەتێكڕا هاوبەشن لە داڕشتنەوەی ستراتیژێكی رۆشنبیری ئیسلامی، بۆ ئەوەش هەوڵ و هیمەتی جدی دەوێت، بۆ ئەوەی ڕەهەند و ئاكامەكانی، دیاریی بكرێت.

## سێهەم: ڕەوشی زانستی:

ئالێرەدا ئەوەی بێ بایەخە لەو نێوەندەدا ئا لەوەی كە پێشتر باسی لێوە كرا ئەوەیە گەلانی موسڵمان دەبێت خولیا و بە هەند وەریگرن گێڕانەوەی تواناكانە، خۆگونجانە لەگەڵ سونەن و یاسا و ڕێساكاندا، دەبێت بەجۆرێك ئەوە جێبەجێ بكرێت، بەجۆرێك ڕۆڵ لەو ناوەندەدا بگێڕرێت ژیان سادە و ئاسان بكات، بەرگریی لە زاتیەت بكات، ڕێزگرتن لە بەرامبەر ببێتە دیاردەیەكی سەلمێنراو.

بێگومان لەمڕۆدا زۆر بەئاسانی تێبینی ئەوە دەكرێ بەهۆی پەی بردن بە بوارە زانستیەكان و چالاككردنی، ئەوەی كە ناودەبرێت بە تەكنەلۆژیا بە هەردوو لایەنی ئاشتی و شەڕەوە بە پاڵپشتی ئەوە وڵاتانی پێشكەوتوو ڕۆڵی شارستانی خۆیان دەگێڕن و پارێزگاری لێدەكەن.

ئەگەر تەوەرەی یەكەم ئەوەی كە باسی لێوەكرا لەم وەرزەدا زیاتر بایەخی بە لایەنی فیكری دابێت بۆ ژیانەوەی شارستانیەت، ئەوا تەوەرەی دووەم زیاتر بایەخ بە لایەنی ڕۆشنبیری دەدا، چونكە تەوەرەی دووەم دەڕژێتە سەر بەشە مەدەنیەكە، واتە بەشە مادیەكەی شارستانیەت، كە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هیچ كەم

بایەختر نیە لە گۆشە و بەشەکانی تر، ئا لەو ڕووەوە پێویستە چەند ساتێك لەسەری ڕاوەستین، زانستی سەردەم □ بە هەردوو بەشە تیۆری و پراکتیکیەکەوە بەدەر لە دیدوبۆچوونەکانی □ کافرێکی یاخیبونیە یەخەی لێ هەڵتەکێنین و شەڕ ڕابگەیەنین لە دژی، ئەو تەنها ئالەتێکی دوو لایەنەیە دەکرێت بەکار و وەگەڕی خەین بۆ بەهێزکردن و سەلماندنی بوونی خود و بیروباوەڕ، هەروەك ئەوەی زانست تەنها و تەنها کوڕە ژیکەڵەی ڕۆژئاوا نیە، هەتا ڕاڕاو دودڵ بین لەگەڵیدا، بەڵکو بیری بەردەوام و ئەزموونی کەڵەکەبووی مرۆڤەکانە، بەرهەمی شارستانیەتە جۆربەجۆرەکانە سەرجەم گەلە زیندووەکانی ئەو سەر زەویە بەشدارن تیایدا، بەتایبەت شارستانیەتی ئیسلامی □ وەك پێشتر باسی لێوەکرا □ پشکی فرەی هەبوو لە پاڵپشتکردن و پێبەخشین و بەرنامەدانان.

ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ئا لەو میانەدا تەواو هەماهەنگ بوون، بەتێکڕا جەختیان لەسەر مەودا زانستی و مەعریفیەکان کردووتەوە و نرخاندویانە، هاوکات چارەدۆزییان بۆ گشت بەش و گۆشەکان داناوە، ڕێچکەکانیان والاو ڕووناك کردووەتەوە، بەرنامەڕێژییان بۆ پرۆگرامەکان کردووە.

کاتێك کە قورئانی پیرۆز □ لە زۆر جێگادا □ جەخت دەکاتەوە لەسەر جێنشینی مرۆڤی باوەڕدار لەم سەرزەویەدا و ژێربارکردنی ئەو بەشە نزیك و کەمەی کە لەو گەردوونەدایە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ بە ئاسانی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت و بەهێز دامەزرێت، ئا ئەوە هەمووی لەپێناو ئەوەدایە مرۆڤەکان بەردەوام لە هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنیە زانستیەکان و پراکتیزەکردنیدا بن، بۆ ئەوەی هەرچی لەم گەردوونەدا ژێربارکراوە وەك ئەوەی پێویستە بخرێتەگەڕ، بێجگە لە زانست هیچ هێزێك نیە بتوانێت دەرك بە یاسا و ڕێساکانی ئەو گەردوونە و نهێنیەکانی بکات، ئەوەی کە جیهان و هەرچی وا لە دەوروبەردا بە خواست و مەرامی ئەو هەڵدەسوڕێت دەکات،

سوودەکان تەنها لەوێوە وەدەس دێت ڕۆڵی ئاوەدانکردنەوەی مرۆڤەکان لەو سەر زەویەدا تەنها لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.

خوای گەورە و پەروەردگار ڕەهەندەکانی ئاسمان و دونیا و جیهان و سروشت و یاسا و ڕێسا و قەبارەی دیاریکردووە بەجۆرێك گونجاوبێت لەگەڵ ئەرکە بنەڕەتیەکانی مرۆڤدا، بەجۆرێك کە بتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی و ئیجابی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بیچەسپێنێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ﴾ (النحل: ١٢)، ﴿وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا﴾ (النحل: ١٤)، ﴿مَنْ كَانَ يَظُنُّ أَنْ لَنْ يَنْصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنْظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ﴾ (الحج: ١٥)، ﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ (لقمان: ٢٠)، ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ (القمر: ٤٩)، ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ (ص: ٣٦) .

قورئانی پیرۆز ئاماژەگەلێکی بەرچاو و دیاری خستووەتە بەردید و زەینی مرۆڤەکان تایبەت بە وەگەڕخستن و کاراکردنی بەرهەمە زانستیەکان و ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە دەیگێڕێت لە سازدانی ژیانی ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان و جێنشینی مرۆڤە دامەزراوەکان بەردەوام بێ لەو ژیانەدا، وەبتوانن بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی مەترسیە جۆربەجۆرەکان ببنەوە.

ئەگەر سەرپێییانە لەو قسانە بڕوانین، هەر لە سەرەتاوە ئەو پرسیارە دروست دەبێت، پەیوەندی ئایەتەکانی قورئان بە جیهان تەکنەلۆژیاوە چیە؟ لەکاتێکدا تەکنەلۆژیا قۆناغگەلێکی دورو درێژی بڕیوە و بەرهەمی زانستی نوێیە؟

بەڵام پێدەچێت ئەو حاڵەتە زووبەزوو بڕەوێتەوە ئەگەر بێت و سەرەنج بدەین چۆن قورئانی پیرۆز باس لەو چەمکە زانستیانە دەکات، هەر گومان و دوودڵیەك دەڕەوێتەوە، گەر سەرەنج بدەین لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ئایەتانە بەرچاو دەکەون: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ (١٠) أَنِ اعْمَلْ

سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (١١) وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَنْ يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَنْ يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ (١٢) يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِنْ مَحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَاسِيَاتٍ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا وَقَلِيلٌ مِنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ﴾ (سبأ: ١٠ – ١٣) له برِگەیەکی تر له ئایەتەکانی سورەتی (ص)دا هاتووه وەك دلّنیاکەرەوه و تەواوکاری باسەکه ﴿اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ (١٧) إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ (١٨) وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَهُ أَوَّابٌ (١٩) وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ﴾ (ص: ١٧ – ٢٠)، ﴿قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ (٣٥) فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ (٣٦) وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ (٣٧) وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ (٣٨) هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ (سورة ص: ٣٥ – ٣٩).

لێرەدا باس له دوو زاتی موبارەکه (داود و سلیمان) سەلامی خوایان لێبێت، بۆ ئەوان هێز و دەسەلاتێکی بەربلاو له سروشت و جیهانی نادیار ژێربار کرابوو، هیچ هێزێك لەو نێوەندەدا پێی نەدەکرا ڕێگری بکات، لەو نێوەندەدا مەخلوق گەلێکی بێشومار ئامادەکرابوو ئەوان هەموو له ئاست بەرپرسیارێتیدا بوون، له ژێر فەرمانی ئەواندا بوون له: ئەسپ و بالّندە و ئاسن و ڕەشەبا و مسی تواوە و ئەوانه بۆ ئەوەی لەمەودا مرۆیی و خزمەتگوزاریتەکنیکی و پیشەسازیی و بیناسازیی و ئاوەدانکاری و هونەرەکاندا وەگەڕ بخرێن، بەجۆرێك ئاکامەکانی مایەی سەرەنج و تێڕامان بێت، ئەو ئاماژانەی که له ئایەتەکاندا هاتووه بۆ ئاسن و وزە جۆربەجۆرەکان، بایەخی ئەو دوانه له سەردەمی نوێدا چەندو چۆنه، چەندە گرنگ و ئەساسن له بۆ بنیاتنانی بنەماکانی شارستانیەت له ڕابردوو له ئێستەشدا، بروزی شارستانیەتەکان لەمەودا جۆربەجۆرەکاندا وا بەستەن بەو هۆکارە مادیانەوە،

خوای پەروەردگار تەنها ئاسنی بە خەڵات نەدابوو بە (داوود) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، بەڵکو ڕێنومایی کردبوو چۆن نەرمی بکات و سوودی لێوەربگرێت.

لێرەدا بە مرۆڤێکی باوەڕدار بە پێغەمبەرێك ئاشنا دەبین بە زاتێك کە بە ڕەهایی لە نیعمەتەکانی خودای باڵادەست گەیبوو، لە هێز و توانا و نهێنیەکانی، دواتر ئەو تێکڕای ئەو وزە و بەهرە و تواناکانی بۆ مرۆڤەکان بۆ ئاوەدانکاری و داهێنان و پێشخستنی ژیان خستبووە گەڕ، بەو پێیەی ئەوە ئەرکی ئەو مرۆڤەیە و کراوە بە جێنشین لەو سەرزەویەدا، لەپێناو بەرژەوەندی و حەزی ئەوانی تردا بەکاری دەهێنا، نە بۆ سوودی زاتی و ئازاردانی ئەوانی تر، بەڵکو بۆ ئاوەدانکردنەوەی نێوان مرۆڤەکان و خودای پەروەردگار، سورەتی (الحدید) ئاماژە بە گرنگی ئەو پەیوەندیە دەکات پەیوەندی مرۆڤ بەم زەویەوە، سورەتێك بە تەواوی ناونراوە بە ناوی مادەیەکی خام و پڕ مەترسیی، لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکات لە موسڵمانان تێبکۆشن بۆ خۆئامادەکردن و داهێنان و بونیاتنان، ئاینی ئیسلام ئەو ڕاستیە دەخاتە بەر زەینی مرۆڤەکان ڕابن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە و دەبێت بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکی بێت لە ئەخلاقیات و باوەڕ و ڕەفتاریاندا.

ئەو ئایەتەی باس لەو نیعمەتە مەزنە دەکات کە داویەتی بە بەندەکانی، ئاسن ﴿فیه بأس شدید﴾ توندوتیژی و هێز و بڕەشتی زۆرە، لەکاتێکدا ئەوەش دەردەکەوێت خۆبنوێنێت لەخۆ پڕچەککردنی کەرەستەی سەربازیدا، ﴿المنافع﴾ ئامێر و کەرەستە جۆربەجۆرەکان، ئەوەی کە مرۆڤەکان دەتوانن پەی پێ ببەن لەو مادە خامە بۆ خزمەتگوزاریە ئاشتی و بونیاتنانی مرۆیی، ئایا جگە لەو دوو پێداویستیە کە قورئان ئاماژەی پێداوە بۆ سودوەرگرتن لە ئاسن بە درێژایی ڕۆژگار شتی تر باس و بەدی کراوە، لەمڕۆشدا بە بەهاترین هۆکارێك هەژمار دەکرێت لە گۆڕەپانی دەسەڵات و ململانێی بۆ ئاشتەوایی و شەڕی نێودەوڵەتیدا؟ وڵاتانی سەردەم ئەوانەی کە خاوەنی ئاسنی خامن ئەتوانن هەژموونی خۆیان بسەپێنن،

دوژمنەکانیان بتۆقێنن، هەر بەوەش کەرەستەی سەربازیی کۆدەکەنەوە بە ئامانجی لە ڕوو وەستانی هەر هێزێکی نەیار و مەترسیدار، کە ئاسن لەو ناوەندەدا بڕبڕەی پشتی پیشەسازیی و دەوڵەمەند کردنیەتی؟!

هەر تەوجیهێکی قورئانی  بێگومان  هەیکەلێکی وەها تۆکمە پێکدێنێت کە دەکرێت هەموان پشکداربن بە دەستەواژە و ڕەهەندەکانی، تەنها بەوەی ئەو ئایەتانەی کە پەیوەندیدارن بەیەکەوە و لەسەر هەڵوێستێك دەدوێن یەکبخرێن، لە ئابووریدا، لە کۆمەڵناسیدا، لە سیاسەتدا، لە تەشریعدا لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا، لە بیروباوەڕدا، لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتندا... هتد، لە هەموو بەشێك لەو ەشانەدا دەگەین بە چەند ئاکامێکی لەبارو تەواو پێکەوە گرێدراو تێکڕای ئەوانە نەخشەڕێژ و داڕشتنەوەی بۆ دەکات کۆمەڵێك ئایەت کە سەرجەمیان لە دوتوێی قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرن.

کاتێك کە باس لە ئاسن دەکەین، ڕاستەوخۆ سورەتێك لە قورئانی پیرۆز دێتە بەرچاو و زەینمان، هاوکات ئەو ئایەتانە بە بیرمان دێتەوە کە پێشتر لە سورەتی (سبأ) خرانە ڕوو ئەوەی باس لەو نیعمەتانە دەکات کە خوای گەورە دابووی بە داود پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە کۆی ئەوانە ئاسنی بۆ نەرم کردبوو، ئەوەش بۆ بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازییە، هاوکات (ذو القرنين)مان بە بیردێتەوە کە بە هانای ئەو خەڵك و هۆزانەوە دەچوو کە ستەمیان لێ دەکرا بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لە شەڕەنگێزەکان، ﴿آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ حَتَّى إِذَا سَاوَى بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انْفُخُوا حَتَّى إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا (٩٦) فَمَا اسْطَاعُوا أَنْ يَظْهَرُوهُ وَمَا اسْتَطَاعُوا لَهُ نَقْبًا﴾ (الكهف: ٩٦  ٩٧)، لە پاش ئەمەوە ئایەتێکی تر دێت بانگەوازی کۆمەڵگای موسڵمان دەکات ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ

اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ (الانفال: ٦٠).

ئەو مادده خامە مەترسیدارە لە زۆر جێدا باسكراوە و سورەتێك بەو ناوە هاتووە، مادەیەكی بنەڕەتی و بە هەژموونە بۆ خۆ بەهێزكردن، بۆ ترساندنی دوژمنان لە جیهانێكدا كە هەر لایەك خاوەن هێز و دەسەلآت نەبێت چەوساوە و ژێردەستە دەبێت، هێز و دەسەلآت بەردەوام پەیوەستن بە چەندێتی پێشكەوتن لە بواری پیشەسازی تەكنەلۆژیدا. ئالێرەدا پێویستە زۆر بە وردی تێفكرێین لەو ئاوێتە بوون و پەیوەندیە ئەساسیە كە لەنێوان ئایەتەكانی ئاسن و هەناردەكردنی پێغەمبەران و ئەو پەیامەی كە نازڵ بووە بۆیان و دانان و بەرجەستەكردنی ترازوی دادگەری لەنێوان مرۆڤەكاندا و لەنێوان نازڵكردنی ئاسنئەوەی كە لە مادەدا خۆی حەشارداوە، بێگومان ئەوە هەموو بۆ ئەوە هاتووە هەتا خوای پەروەردگار بزانێت ﴿مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾ و ﴿إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾.

تەنها بیروباوەڕە دەرك بەوە دەكات چۆن مرۆڤەكان هۆگر بكات بەو زەویەوە، هاوكات ڕێنومایی دەكات بۆ كەنەكردن و ئاوەدانكردنەوە و پاراستنی، موسڵمانان كاتێك دەتوانن بیپارێزن و سەركەوتووبن و جێدەستیان هەبێت، بەدەست ڕەنگینی باوەڕ ئەوەی كە دەزانێت چۆن وەدوی ئاسندا بگەڕێت و بەرهەمی بێنێت لەپێناو پاراستن و پێشكەوتن و سەرخستنیدا، سستی نواندن لەو میانەدا و كشانەوە لێی و لەبری ئەوە هەڵوێستی تر وەبەر گرێ ئەوە لە خۆدا پێچەوانەی ویستەكانی مرۆڤە، پێچەوانەی بیروباوەڕە، بەرەنجام شكست دێنێت مادەم پشتی هەڵكردووە لەو بانگەوازە قورئانیە، هەرگیز سەركەوتن و بەركەوتن پاراستن و هاوسەنگی لە نێو بەها باڵاكان و دادگەری و ئەوەی كەوا ئاین دەیخوازێت بۆ جێبەجێكردن لەو زەویەدا بە دەست نایەت، با موسڵمانان ساڵەهای ساڵ خۆ بەند بكەن لە نێو مزگەوتەكاندا، هاوار بكەن، بكڕوزێنەوە.

بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی (تەکنەلۆژی) لە لۆژیکی ئیسلامدا ئەوە شتێکی واریدە، ئەو فاکتەرانەی کە عەقڵی موسڵمانان ساز و لەبار دەکەن و دایدەڕێژنەوە لە ئاسۆی ئیسلامدا دیار و ئاشکرا دەدوێن بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت خۆی بگوجێنن لەگەڵ گۆڕانکاری و ڕەوتی ژیانی ئیسلامی و پاراستنی □ لە هەمانکاتدا □ لە جوداکاری و دابڕان و هاودژ بوون.

بێگومان تەکنەلۆژیای ئیسلامی ئەوەی کەوا پەیوەندیدارە □ بەو سروشتەی کە هەیەتی –بە ڕەوتی ئیمانەوە زۆر بە هەند وەردەگیرێت نەك تەنها لەسەر ئاستی کۆمەڵگای ئیسلامی، بەڵکو لە ئاستی تێکڕای مرۆڤایەتی، چونکە زۆرباش دەزانێت چۆن و کەی هەنگاوەکانی هەڵنێت و دۆخەکان ڕێکبخات و بارگاویان بکات بە نەریتە ئاینی و مرۆییەکانەوە ئەوەی کە خودا فەرمانی پێکردووە، ئا لەو حاڵەدا تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان دەبێت، ئەو مرۆڤانەی کەوا دەردی سەری و واوەیلای زۆریان چەشت لە سایەی تەکنەلۆژیای کوفری جیهانی و دەمارگیری و خۆپەرستی و ملهوڕی ئەواندا.

لەمڕۆدا لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و وزەدا موسڵمانان دەبێت لە بیری وەبەرهێنانی وزەدابن، ئاشنابن بەو یاسا زانستیانەی کە ئاڵوگۆڕ بە (وزە) دەکات لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، دۆخی کرداری و داهێنان، دەبێت بەرۆکی ڕۆژگار بگرن هەموو شتەکان بکەن بە (مادە) بۆ ئەوەی ڕەوتی زانستی موسڵمانان هاوتا بێت لەگەڵ ڕەوتی ئەوانی تردا، نەك هەر هێندە، بەڵکو بەرقەرارتر بێت، ئەوەش نامومکین نیە، مادەم دەقەکانی ئاین جەخت لەسەر بیرۆکەی زەمەن دەکات و ئەو ڕۆحیەتە بوونی هەبێت لە هەستی موسڵماناندا، دواتر مرۆڤی باوەڕدار باشتر دەزانێت کەی و چۆن ئەو ململانێ جێبەجێ بکات و پێشکەوێت: ﴿أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ﴾ (المؤمنون: ٦١).

ئەگەر لەمرۆدا لەبیری ئەوەدا نەبین تاقیگەکانمان بونیات بنێین و بخەینە گەڕ بەو توانا عەقڵیەی کە هەیە و نەوەی ئایندە پەروەردە نەکەین بەوشێوەی کە دەبێت ببێت، ئەوا لەو جیهانەدا نە نەخشە، نە شوێن نە پێگەمان نابێت و هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری ئەو دابونەریت و باوە ببین کە پێیەوە گیرۆدەین، ئەنجام هەر کەوتن و هەستانەوە دەبێت هەرگیز دەربازمان ناکات لەو حاڵەتە، حاڵەتی دارِمان و نوشست و شکست ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ﴾ (آل عمران: ١٦٥).

## چوارەم: ڕەوشی شارستانیەت:

ئەو گریمانە و ئەگەرانەی کە پێشتر باسی لێوەکرا لە سەرجەم ڕەهەندە فیکری و رۆشنبیری و ماددیەکەیەوە بەتێکڕا ئاماژە بە بوونی کەشێکی شارستانی دەکات لە سەرجەم مەوداکاندا، واتە زەرورەت و ڕۆڵ و بوونی ئەو شارستانیەتە بەو شێوە و ڕیتمە کە دەبێت ببێت، دەبێتە بەدیل بۆ سەرجەم پرۆژە دەستکرد و مرۆڤ کردەکان ئەوەی کە لە دارِمان و ونبوندایە و مرۆڤەکان بەگشتی پێویستیان بە چەترێکە کۆیان بکاتەوە، یان کەشێکی شارستانی خاوەن هێز و توانایەکی وابێت زووتر بەتەنگ داخوازی و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و زووتر و زیاتر ڕۆڵی خۆی بگونجێنێت لەو جیهانەدا.

لەو دوو دەهەی دوایدا گفتوگۆی زۆر کراوە سەبارەت بەو پرۆژەیە، توێژینەوە و دیراسە و پێشنیازی پڕ بەهاو بایەخ کراوە لەسەری، هەوڵی تریش دراوە هاوشێوەی ئەوانی پێشوو، بەڵام ئەندازێك نادیار و ناڕۆشنی پێوە دیارە، ئا لەو ڕووەوە ئەم تەوەرە چەمکەکانی چەندین پرسی گرنگ ڕوون دەکاتەوە.

بەهۆی ئەو ناڕۆشنی و تەفسیرانە کە دەکرا بۆ ئەو واقیعە گرفتی جۆراوجۆر سەری هەڵدا، لەوانە نەبوونی مەنهەجیەت بۆ واقیع، هەندێکی تر خەیاڵ پلاوانە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە ئاسمانەوە موعجیزەیە نازڵ بێ لەکاتێکدا بێخەم

ڕاکشاوە و هیچ هەوڵ و تەقالایەك نادرێت، کە بێتەوە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی سەردەم و کۆمەڵگای نوێ و خواستەکانی، لەنێوان ئەم و ئەوی تردا کەسی باوەڕدار هەست بە داڕمان و شڵەژان دەکات، بەرەنجام بێزاری و تەسلیم بوونە، یان هەڵاتنە بەرەو ئاوات و خەونەکان ئەوەش شتێك ناخاتە ڕوو شایستە و شیاوی باس بێت لە مێژووی شارستانیەتەکاندا، بەهۆی هەموو ئەوانەوە دۆخەکە وا دەخوازێت وریا و لەسەرخۆ بین، ورد حیسابی خۆمان بخەملێنین، ئەوەندەی دەکرێت شوێن پێی خۆمان بەهێز بکەین، بۆ ئەوەی بە زمانێکی ڕوون و دیاریکراو گوزارش بدەین لە خواستە پرۆژەکانمان.

ئالێرەدا هەوڵ و تەقالای تیۆری بەپێز خراوەتە ڕوو لەو بارەوە، لەلایەکی تریشەوە هەوڵی جێبەجێ کردن و بەرجەستەکردن دراوە، لەو پێناوەشدا هەنگاوی دیار و بەرچاونراوە گوڕوتینی بە واقیعی ئیسلامی تارادەیەکی زۆرباش داوە لە گشت مەوداکاندا، بەڵام هەر دەبێت زیاتر هەوڵەکان چڕبکرێتەوە بۆ ناساندن و دیاریی کردن و ڕێکخستنی ئەولەویەتی کار، بۆ ئەوەی پرۆگرام و پرۆژەیەکی تەندروست لە گشت ڕوویەکەوە بخرێتەڕوو، تێزێکی واقیعی بە یەك ڕیتم و ڕەوت هەنگاو هەڵگرێت بۆ هەزاران میل بە ویستی کردگار.

ئا لێرەدا دیدی جیاواز هەیە لەمەڕ داڕشتنەوەی ئەو پرۆژەیە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا:

**یەکەم: لەسەر ئاستی گفتوگۆ:**

پرۆژەی شارستانی پرۆژەیەکی بەرفراوانە و گشتگیرە بۆ سەرجەم ڕەهەندەکان، واتە تەنها هەوڵێکی ڕۆحی یان دروشمگەلێك، یان ڕەفتار و پەروەردەی زانستی و فیکری و ڕۆشنبیری و سیاسی و بانگەواز و بزاوتنێك نیە، بەڵکو هەموو ئەوانەیە.

لەوەیە هەریەك لەو چەمكانە گوڕوتین بدات بەو پڕۆژەیە، ناوبەناو ئامانجەكان بپێكێت لێرەو لەوێ، بەڵام ئەگەر هەریەكە و سەربەخۆ بەدەر لەوی تر، كاری سەربەخۆ ئەنجام بدات، شتێكی وا بەرچاو و بە بایەخ نادات بەدەستەوە وەك لەو سەدانەی دوایدا وەها ڕەوتێ بە دی و جێبەجێ دەكرا.

مەبەست لە پڕۆژە و داڕشتنەوەی پڕۆژە، واتە داڕشتنەوە و فۆڕماتكردنی نەتەوەیەك بەتێكڕا، ڕاستكردنەوەی جێبەجێكردنە چەوتەكان، بوژاندنەوەی گیانی داهێنان و جوڵەی بەردەوام، بۆ ئەوەی ڕاستڕەوانە ڕەوتی خۆی ئەدا بكات، بەو شێوەی كە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و هاوەڵان و ئەوەی كە شوێنكەوتووی ئەوانن جێبەجێ بكات.

بانگەوازەكە لێرەدا بۆ گەلانی موسڵمانە، دەبێت ئامانجەكانی شەریعەت بەرجەستە بكەن، بۆ ئەوەی ببنە بەڵگە بەسەر مرۆڤایەتی و مێژوو بە گشتی و گۆڕینی ژیان بەو جۆرە بێت كە خوا و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) مەبەستیان بووە، ئەوەش ئەركێكی گشتگیرانەیە وابەستەیە بە ڕەهەندەكانی شارستانیەتەوە، بەڵكو پڕۆژەی ئیسلامی هەر لە سەرەتای بوونیەوە لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) پڕۆژەی مەدەنی هەبووە، ئامانجی ئەوە بووە مرۆڤەكان لە گێژاوی نەفامی و تاریكیەوە بەرەو ڕووناكی بەرێت، بیانژێنێتەوە دەربازیان بكات لە تەنگەژە و ژاوەژاوی دونیا بۆ ئاسۆیەكی فراوانتر و لە ستەم و زۆرەملێی ئاین زاكانی تر بۆ دادگەری ئیسلام، لە بەندە پەرستییەوە بۆ بەندایەتی خودای تاك و تەنها، سەرجەم بنەماكانی جێنشینی و ژێرباركردن و ئاوەدانكردنەوە لەبەردەستی ئەواندا بێت و موسڵمانان هان دەدات بۆ چالاك كردن و وەگەڕخستنی چۆنیەتی سازدانی كردە عەقڵی و هەستی و ڕۆحیەكان و پێدانی كلیلەكانی داهێنان و هێز، دواجار چالاكتركردنی ڕەهەندەكانی شارستانیەت.

ئا لەو دەلاقەوە پرۆژەی شارستانیەت ڕوو لە کەشێکی فراوانتر دەنێت لە واقیعی موسڵماناندا، لە گشت ڕەهەندەکانی کات و شوێن و مێژوو و جوگرافیا، هەر چمکێك لەوانەش قورسایی خۆی هەیە و دەبێت بە هەند وەربگیرێت، واتە تەنها جموجوڵ و ڕەوتێکی قۆناغبەندی و ناوچەیی نیە بۆ مەودایەکی دیاریکراو (هەرچەندە لە بنەڕەتدا لەوێوە دەستپێدەکات)، بەڵکو چالاکی گەلێکی بەردەوامە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکان بۆ ئەوەش چەندین جیلی یەك لەدوای یەکی دەوێت، بەتایبەت گەر لە بیری ئەوەدا بین (ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و نالەبار دەبینەوە) بۆ چارەسەری، ڕووبەڕووی کۆمایەك لە ڕووداوی کەڵەکەبووی سەدەکانی ڕابردوو دەبینەوە، هەمانکات لە بۆشاییەکی چاوەڕوان نەکراوداین، شکست و کارەسات لەدوای کارەسات، بەتایبەت لە نیو سەدەی ڕابردوو ئەو درم و نەهامەتیانە تەشەنەی کردبوو، لە هەموو جێیەکدا بە پەرۆشەوە جێبەجێ دەکرا لەلایەن دەزگا دەرەکی و مەزهەبە لادەرە ئاینیەکانەوە.

کاتێك کە گوتاری ئیسلامی دیدێکی شارستانی لەخۆگرتبێت، ئیتر هەر هەوڵێك لەو ناوەندەدا بدرێت با لاوازیش بێت دەڕژێتە خەرمانی کاری ئیسلامی کە دەکرێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر ببێت، بە مەرجێك هەموو هەوڵەکان دەور و خولی ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراو بێت، بەمەبەستی گەڕانەوەی ناسنامەی شارستانیەتە ونبووەکە.

ڕەوتی کاری ئیسلامی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە دەبێت بەردەوامە، بەڵام چالاککردنی دەخوازێت لە قاڵبێکی شارستانی ئامانجدارو خاوەن پرۆژە بێت بۆ ئەوەی ئەو گەلە دەرباز بکات لە کۆت و بەندەکان، هەر ئەوەشە هەموان هەوڵی بۆ دەدەن.

داواکراو لێرەدا ئەوەیە: دۆخی پەرتەوازەی و زاتیی تێپەڕێنین، زایەکردنی وزە و تواناکان، ئەوانە وەلانێین کە هەندێك لەوان بەوی تر ناخۆن، بەرنامەکاری داڕێژری،

بەرنامەی ئامانجدار، یەکخستن و گونجاندن لەنێوان سەرجەم دەستەواژە و موفرەدەکاندا، ئاڕاستەکردنیان بە یەك ئاڕاستە و یەك ئامانج بۆ ئەوەی پرۆژە و دەرکەوتەکانی شارستانیەت بەدی بێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەولەویەت لە – هاوکێشەکەدا – واپێویست دەکات هەوڵەکان یەکخرێن لەسەر دوو ئاست، یەکەم: نەخشەڕێگای کار لەتوانایدا بێت سەرجەم چالاکیەکان لەخۆبگرێت لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بەگشتی، هاوکات یەکخستنی موفرەدەکان یەك بخرێت بۆ یەك ئامانج. دووەم: نرخاندنی ئیرادەی کار و داهێنان لە هەموو ئاستەکاندا بۆ ئەوەی بەرهەمەکان زووتر بێنە بەرهەم، پرۆژەکان دەوڵەمەند بکرێت لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەنیەتی جۆرەوە وەك یەك.

بەو واتایەی هەر هەوڵێکی ڕۆحیی، یان پەروەردەیی، سیاسیی، بانگەوازی، یان هەر بزوتنەوەیەك، یان هەر زیادەیەکی زانستی فیکری رۆشنبیری، هەر توێژینەوە و نووسراوێك بنووسرێت، یان هەر دامودەزگایەك دامەزرێت، یان هەر ئەزموونێك و بنەماکانی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وەرگرێت، دەکرێت هەموو ئەوانە پێشڕەوی ڕەوتە جۆراوجۆرەکان بکات، بەمەرجێك گەر کۆمەڵێك ڕێبەری فیکری خاوەن توانا و نەرمی و خاوەن ئاستێکی دیاربن و بەدەربن لە کۆت و بەندەکانی ڕابردوو، بە ئەرکی خۆیان بزانن کۆکردنەوەی وزە و تواکان و ڕێکخستن و یەکخستنی نێوانیان لە بۆ بەرجەستەبوونی دۆخێکی ئیجابی بەرهەمدار لە سنووری جوگرافیای موسڵمانان‌دا.

دەکرێت ئەو پێشنیارە تاڕادەیەك نەیەتەدی، بەتایبەت ئا لەو دۆخەدا کە ڕووبەڕووی دابڕان و پەرتەوازەی فیکری و سیاسی بووین و لەژێر باری گرانی دوبەرەکی و خۆخۆیدا دەناڵێنین.

وەڵام ئالێرەدا لەوەدایە: پرۆژەی جێگرەوە و گوتاری شارستانی ئەرکی هەموو گەلانی موسڵمانە، گەر وانەبوو تەنها جوڵەیە لە بۆشایدا، ئەگەر زەمینەکەی باش بۆ

ساز نەکرێت، بژارە زیانبەخشەکانی لێ بژار بکرێت، زۆر باش کێڵگەکە ئامادە بکرێت بۆ چاندنەوەیەکی تر هەتا بەرهەمەکەی ببێتە جێگەی سەرەنجی وەرزێرەکان، ئا لەو ڕووەوە پرۆژەکە هەوڵی دووسەرانەی دەوێت:

یەکەم: تێکدان و ڕەدکردنەوە.

دووەم: بوونیادنان و دڵنیایی.

دووەم: داخوازی ساتەوەختی مێژوویی:

ئەو پرۆژە شارستانیەی کە لە سەدەی ڕابردوودا کراوە – وەك نەخشەڕێگا – جیاوازترە لەوەی لە ڕابردوودا هەوڵی بۆ دراوە، بۆیە گرنگی هاوکێشەکە لێرەدا دەردەکەوێت، دڵنیابوون لە ناسنامەی ئیسلامی کە لە ئاستی تموحی شارستانیەتدا بێت لە بەرامبەر ئەو تۆڕە ئاڵۆزە پڕ لە گۆڕانکاری و مەترسیەدا، هاوکات ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێك دەرهاویشتەی بەردەوام و نوێگەرایی، کە وەڵامی عەقڵانی و رازیکەر دەخوازێت بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی بپارێزێت و نمایش بکات هەتا وەڵام بێت بۆ پرسە تایبەت و جێگیرە شەرعیەکان.

ئێستا لە ساتەوەختە مێژووییە هەنووکەییەکان دەخوازێت  بۆ وێنە– بۆ پێدانی وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا بەرامبەر بە سەرجەم ئەو موفرەدانەی ڕۆژئاوا کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەی کە هەژموونی تەواوی هەیە بە سەر ژیان و زانیاری و ئەزموونەکاندا، واتە دارشتنەوەی پرۆژەی ئیسلامی هەر لە سەرەتادا هەوڵی دووسەرانە دەخوازێت بۆ پێکهێنانی پێگەیەکی تۆکمە و بەرهەمدار، هاوکات بۆ قبووڵکردن و ڕەدکردنەوە و پوختەکردنی دەستەواژە و موفرەدەی ئەوانی تر لە ژێر ڕووناکی و پێوەرێکی شەرعی شەفاف و بەبڕشت.

لێرەدا ناچار دەبین بچینە بوار و گۆڕەپانی گفتوگۆ لەگەڵ شارستانیەتەکانی تردا، چونکە هەڵاتن لە ڕووبەڕووبوونەوە دەمانخاتە لاڕێ و گرژ و گۆشەگیرمان دەکات، هەروەها قبولکردنی دەستەواژە و کلتووری بەرامبەر بە ڕەهایی

تایبەتمەندی خۆمان لەدەست دەدەین، بۆیە دەبێت شێوازی گفتوگۆ بە بەرنامە و نەخشە بۆ کێشراو بێت، بەجۆرێك زۆرترین سوود و بەرهەمی شیاوی ڕۆژئاوا تێکەڵ بەپرۆژەی شارستانیمان بکەین، ئسلامێتی مەعرفە – بۆ نموونە – یەکێکە لە ئەرکە هەنوکەییەکان و دەبێت کاری بۆ بکرێت: مامەڵەکردن لەگەڵ زانستی ڕۆژئاوا، یان چەند لایەنێکی، بەجۆرێك کە دواجار لە نەخشەڕێگای کاری ئیسلامیدا شوێن پێی گونجاوی خۆی هەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها وەڵامی خواست و ساتە هەستیارەکانی مێژووش خۆی لەخۆیدا پێویستیەکی هەنوکەییە، چونکە جوگرافیای جیهانی ئیسلامی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی ئەم سەدەیەشدا چوون یەك نیە، هاوکات بارودۆخی مێژوویش چوون یەك نیە.

مێژوو وەك ئەوەی زانراوە، بە گەز و گوریس ناپێورێت، بۆیە دەبێت عەودالّی پرۆژە بین، پرۆژەگەلێك خاوەن جومگە و نەرمونیان، شایانی گۆڕانکاری بێت بۆ ئەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا وەك پێویست بچەمێتەوە، لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش، لەگەڵ ڕێگەدان بە ڕەوتە جیاوازەکان، هەریەك لەوان شێوازی کاری گونجاو بە خۆیان هەبێت، هەموان بە یەك ئاواز هەوڵ بدەن بۆ خزمەتێکی هاوبەش، لەپێناو خولقاندنی فەزایەکی هاوبەش، بۆ ڕاپەڕاندنی شارستانیەتی ئیسلامی وەك جێگرەوەیەك بۆ واقیع.

شوێنگەلێك هەیە ساز و لەبارە بۆ کردەی زانستی و فیکری، یان ڕۆشنبیری بەگشتی، بەڵام لەبارو گونجاو نیە بۆ کرداری بانگەوازی و پەروەردەی و حەرەکی و سیاسی، هاوکات زەمینەی گونجاویش هەیە بۆ دەزگاکان، بەڵام گونجاو نیە بۆ هەر کردەیەکی تر کە لە سنووری ئەودا نەبێت، هەروەها ئەگەر ئێمە توانیمان ئەو ڕاستیە قبوڵ بکەین، لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە وا دەردەکەوێت پێچەوانەی پرۆژەی کاری ئیسلامیە، ئەگەر توانیمان بیکەینە هۆکارێك بۆ بونیاتنان و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، بەڵام بە تەعبیراتی جیاوازتر، ڕوو لە یەك ئامانج بنێت و

بەگوێرەی جێگیرەکان یەکخراو، بەجۆرێك کە بۆچوون و بیرۆکە جیاوازەکانی لەژێر چەترێکدا کۆکردبێتەوە، بارودۆخێك بڕەخسێنێت هەموان لە چوارچێوەی ئیسلامدا دەرکەون، هەروەك ئەوەی لە مێژووی پڕشکۆی ئیسلامدا □ لەمەوبەر □ ڕوویدابوو کە سەرجەم گەل و نەژادە جۆربەجۆرەکان بە دەستەواژەی جۆراو جۆر گوزارشتیان لە بوون و ناوی خۆیاندا و توانا و بینشی رۆشنبیری خۆیان دەخستەگەڕ.

**سێهەم: من و ئەوی تر:**

ئێمە ناتوانین ئەوانی تر دڵنیا بکەینەوەبە دید و پرۆژەکان، ئەگەر بێتو پرۆژەی کار لە دۆخی تیۆریەوە نەبەینە دۆخی کرداری، واتە: بەرجەستەکردنی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژین – وەك پێویستییەك □، هاوکات قەناعەتی تەواومان هەبێت بەوەی کە لەخۆی گرتووە، واتە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ، کات تێپەڕاندن، تەنها قسە لەسەر پرۆژە و ناوەڕۆکی پرۆژە نەبێت، چۆن داڕێژراوە، چی لەخۆگرتووە لە ڕووی فیکر و فەلسەفە و ئاینە شێوێنراوەکان.

هەوڵێکی لەو جۆرە زیاتر بە بازدانێك دەچێت بە حەوادا، سەرەتا دەبێت پرۆژەکە بۆخۆمان بێنینە پێشێ، بەرلەوەی باس لە تەنگ و چەڵەمەکانی ئەوانی تر بکەین و پێویستی ئەوان بە جێگرەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) هەتا دەوڵەتی دانەمەزراند، بانگهێشتی پاشا و فەرمانڕەواکانی نەکرد بۆ ئیسلام، هەتا بیروباوەڕ و شەریعەتەکەی جێگیر نەبوو ڕووی گوتاری نەکردە ئەوانی تر. پاش ئەوە قۆناغی بانگەواز و ڕووی گوتاری کردە بەتریك و پاشا و فەرمانڕەواکان، ئەگەر بەر لەوە وەها هەنگاوێکی بنایە ئامانجەکەی نادیار دەبوو، پرۆژەی کار ئامانجەکانی نەدەپێکا، هەلە مێژووییەکانی نەدەقۆستەوە، گەر لەوکاتەدا بە ناوی

دەوڵەت و شەریعەتەوە ڕووی گوتاری ئاڕاستەی ئەوان بکردایە، بەدەر دەبوو لە واقیعی پەیامەکەی.

زۆرێك لەوانەی کە دەدوێن سەبارەت بە پرۆژەی شارستانیەت، چەمکەکان تێك و پێك دەدەن، وادەبینن تەنها بە خستنەڕووی پرۆژە، کۆتا ئەرکە و هەموو ئەرکەکانیان بەجێهێناوە بۆ ئەوانی تر، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەیان لەبیر کردووە  لە ناخی خۆیاندا  هەر بەخۆیان بێئاگان لە ناوەرۆك و داواکاری پرۆژەکەیان، وێڕای ئەوە پرۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی نەچووەتە بواری جێبەجێ کردن. ئالێرەدا لەبری ئەوە پێویستیەکی یەکلایی هەیە، ئەوەش وەگەڕخستنی وزە و تواناکانە لەسەر هەموو ئاستەکان، بۆ ئەوەی بەرهەمەکان بەردەوام بڕژێتە سەر پرۆژەکاری شارستانیەتی ئیسلامی، بەگوێرەی نەخشە بۆکێشراوێکی ورد و لەژێر چاودێریدا، بۆ ئەو ئامانجە خوازراوەی کە موسڵمانان هەر لە سەرەتادا نەخشەڕێژییان بۆ کردبوو، بەنیسبەت موسڵمانانەوە بە وێنەی هەلێکە، پێگەی خۆیانی تێدا بەدی بکەن لە نەخشەی جیهاندا.

بەکورتی: ئێمە ناتوانین قەناعەت بەوانی تر بکەین بە پێودانگە شارستانیەکەمان، هەتا خۆدەرباز نەکەین لەو گەمە و کێشمەکێشە نالەبارەی کە هەژموونی خۆی بەسەردا سەپاندووین، خۆمان ڕێك بخەینەوە لەگەڵ ڕەوتی شارستانیەتدا ئەوی کەسەرچەم هێزکارو بنەماکانی لە ئیسلامەوەیە، وەڵامی پێیە بۆ هەموو سات و وەختەکانی مێژوو، لەئێستادا ئەرکی ئێمە هەر ئەوەیە، لەوەشدایە بۆ ماوەیەکی زەمەنی دورو درێژتر بەرلەوەی بیر لەوە بکەینەوە پرۆژەکەمان بخەینە بەردیدی ئەوانی تر، کە لەنێوانماندا هەزارەها سەنگ و ئاستەنگ هەیە هیچیان کەمتر نیە لە قورسی نەبوونی پرۆژە لە گۆڕەپانی جوگرافیا و مێژوودا.

**چوارەم: دانانی هێما لەسەر بەرنامەی کار:**

تێبینی و دیدو بۆچوونەکانی پێشتر نرخێکی وایان نابێت ئەگەر بێتو بەرنامەی کاریان بۆ دانەنرێت و دەبێت هەلومەرجی لەبار بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی دید و موفرەدەکانی نێو پرۆژەکە ببێتە ئەزموونێکی بەرجەستەکراو لە هەردوو بارودۆخەکەدا بۆ ژیانێك لەگەڵ ساتەکاندا سروت بکات، گەشە بکات، بەردەوام ڕیشاڵەکانی لە بڵاوبونەوەدا بێت بە گشت ئاسۆکاندا.

ئەو کارە هەمەڕەهەندە ڕێچکە و جەمسەرەکانی دەبێت بەجۆرێك چنین و تەونی بۆ بکرێت هاوتای نەبێت، تاڵەکانی دەبێت چنراوی دەستی سەرجەم توێژەکان بێت، تاك، کۆمەڵ، گەل، دامودەزگاکان، دەوڵەت، جوڵەی زانستی، فیکر، ڕۆشنبیری، ئەگەر تەونکاران توانیان سەرجەم جەمسەرەکان یەك بخەن و کۆبکەنەوە، یان ئەو گۆشانەی کە شایانی بە ئەسلەمەکردنە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا گۆڕەپانەکەی فراوانە، بەرهەم و دەرهاویشتەکانیشی فراوانە، ئەگەر لەتواناادا هەبوو توانا و پرۆژە پەرتبووەکان یەکخەن، ئاڕاستە بکرێن بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك، ڕوو لەیەك ئامانج بۆخزمەتکردن بە پرۆژەکە، ئا لەو کاتەدا هەنگاوەکان لەسەر ڕاستەڕێ گوزەر دەکەن.

سەرجەم کردە و دروشمە خواپەرستی و پەروەردەی و بانگەواز و جموجوڵە سیاسی و جیهادی و فیکری و ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی، ئەگەر باش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و قەبوڵ بکرێت لەبەرئەوەی دەستەواژەیەکە و گونجاو و لەبارە بە ژیاندنەوەی پرۆژەکە، دەکرێت هەماهەنگ و پشتیوان بێ بۆ ڕەوت و ئامانجی کار.

گۆڕانکاریەکان  بە حوکمی جیاوازییان  لێرەدا وادەخوازن دژ بە واقیعی خۆمان بەکار نەیەن، بەڵکو هەلێکی گونجاو و لەباربێت بۆ وەگەڕخستن و دامەزراندنی ناوخۆ بە هەلومەرجی تایبەت و گونجاندن بۆ تەواوکردن، بەجۆرێك کە

دروشمە خواپەرستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جیهادی و فیکری و مەعریفیەکان، تێکڕا لە ئاستێکدا یەکانگیربن لەگەڵ ئاسایی بوونی دیدو کردەی جیاواز.

ئالێرەدا لە توانای هەر مرۆڤێکدا هەیە  لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێبینیانەی کە باسکرا  دەست بخاتە سەر کردارگەلێکی زانستی یەکخراو و ڕێکخراو لە پرۆژەی دەستبەکاربووندا، ئەوەش وەك جێگرەوەیەك لەو ناوەندەدا، مەبەست لێرەدا (وەك جێگرەوە نا بۆ شارستانیەتەکانی تر) وێڕای کەموکوڕی و هاودژبوونەکان لە پرۆژەکەدا، بەڵام هەرچۆن بێت دەبێت وەها پرۆژەیەك بوونی هەبێت، چونکە لەمرۆدا لە پێویستی و لەپێشینەی کۆمەڵگاکەمانە هەتا لەو دەلاقەوە بتوانین شوێنپێیەکی گونجاو دەستنیشان بکەین لە نەخشەی جیهاندا.

داواکراو لێرەدا  زۆر بە کورتی  دەکرێت لەم هاوکێشەیەدا بێت: تێپەڕاندنی ئەو شێوازە ڕەوتەیە کە ناوی ئیسلامی بەسەردا براوە، هەوڵ و کۆششەکانیش زۆربەی کات ناوەکی و سەرپێییانە بوو، مەنهەجێکی یەکخراونەبوو، ئاڕاستەی پێچەوانە و تاڕادەیەك پەرچەکرداربوون، بۆیە ئامانجەکان نادیاربوون، دیدێکی گشتگیرانەی وانەبوو سەرجەم دیدو ئاڕاستەکان یەکخاو پێشڕەویان بکات ڕوو لە یەك ئامانج بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی کاردا تۆکمە و قورسایی خۆی هەبێت.

سەرەتایەکی تەندروست بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئەزموونە خراپە  ئەوەش پێویستیەکی فیکریە  هەوڵی دووسەرانەی دەوێت، یەکەمیان: چاکسازیی و خۆمەحکەمکردن و جارێکیتر فۆڕماتکردن و داڕشتنەوەی دەستەواژەی نوێ، خۆگونجێن و وەڵام بێ بۆ واقیع، بەوپەڕی ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بکات، ئالێرەدا ئەوەی زەمینە لەبار دەکات، کردنەوەی دەرگای ئیجتهادە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئەڵقەیەکی بنەڕەتی و سەرەکیە لەو ناوەندەدا، بەڵکو ناوەرۆك و بەردی بناغەیە، ئەگەر ئەوەش بەرجەستە نەبێت بەپێودانگ و مەرجە

دیاریکراوەکان، ئەوا هەر هەوڵێکی تر بۆ چاکسازیی لە مەنهەج و فیکردا هیچ بەرەنجامێك پێشکەش ناکات، سەرکردە ئیسلامیەکان دارشتن و چنینی تاڵە سەرەتاییەکانی پرۆژەی شارستانیەت دەکەن، ئەبێت ئەوان موجتەهیدبن، بەتوانابن بۆ دارشتنەوەی فیقهێك کە لەتوانایدا بێت ڕووبەڕووی نوێگەرایی و گۆڕانکاری و جەنجاڵەکانی ڕۆژگار بێتەوە.

ئەو پرۆژەیە ئا بەو حاڵەوە، فەقیهو بیرمەندی دەوێت، پیاوی پیتۆڵ و چاکزانی دەوێت، چونکە هێندە بەس نیە بیرمەند هەبێت و خاوەن ئالیەتی ئیجتهاد نەبێت، هاوکات موجتەهید بێت و خاوەن ئەزموون و شارەزایی و زانستی سەردەم نەبێ.

ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە لە دێر زەمانەوە موسڵمانانی دابڕاندوە لەوەی وەك پێویست هەنگاو هەڵنەگرن لەگەڵ گۆڕانکاری و داهێنانەکاندا، پێویستە وەلانرێن، ئەو چاڵانە پڕ بکرێنەوە، بۆ جارێکی تر سەرلەنوێ ڕاپەڕین مەحاڵە ئەگەر ئەو دوو جەمسەرە لێکدابڕاوە یەك نەخرێتەوە، بە هاوسەنگکردن و یەکخستنی توانا فیکریەکان، دۆخەکە ڕەخساوتر دەبێت بۆ مومارەسەکردنی ئەزمونە زانستەکان و جێبەجێکردنی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و دامودەزگا و یاسا و دەوڵەتداریدا، هەتا موفرەدە و چالاکیەکان زیاتربن لە ڕووی چەندو چۆنەوە، ئەوا ڕیسەکە فراوانتر پەلوپۆ دەهاوێت.

هەرچەندە لە ڕۆژگارە دێرینەکانی ڕابردوودا، زۆرێك لە هەوڵ و تەقالای ئیسلامی، بوونیان هەبووە، بەڵام هیچ کام لەوان بە ئەنجامێکی وا بەرچاو نەگەیشتوون هەر ئەوەش وای کرد زۆرێك لەوان دەستبەرداری کارو چالاکیەکان بن، هەندێکی تریش لەوان لە کەنارەکانی نائومێدی و داڕماندا خۆیان بینیەوە، تاقمی سێهەمیش بەردەوام بێ بەرنامە و بێ ئامانج لە ڕەوتی خۆیان بەردەوام بوون.

لێرەدا تەنها دوو شت کورتی هێناوە و بوەتە مایەی لاڕێ کەوتن، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوە دوو پێویستی هەیە، یەکەمیان: دەبێت کارو کردە زانستیەکان ڕووپۆشێکی فیکری بۆ داڕێژاو بکرێت لە ژێر ڕووناکی دەقە شەرعیە نەگۆڕەکان لەلایەکەوە، هاوکات خواستی ساتە مێژووییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەلایەکی ترەوە، واتە سەرەتا چاکسازیکردن لە مەنهەجی فیکریدا، دواتر هەنگاو هەڵگرتن بۆ پراکتیزەکردنی لە واقیعدا، هەر ئەمەشە هەتا ئێستە وەك پێویست هەنگاوی بۆ نەنراوە.

**دووهەم**: کاری هاوبەش و هەماهەنگیە □ بە مەنتقی گونجاو و تەواوکاری – لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ فراوانکردنی جوگرافیای جیهانی ئیسلام، کە بەردەوام قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) جەختیان لەسەر کردووەتەوە، مەخابن شلگیرانە بۆ ئەو ئەرکە دەڕۆین، نەك هەر هێندە، بەڵکو لەبری ئەو، جێگرەوەی خراپ هاوردە کراوە و دۆخی بۆ ڕەخسێنراوە، هەوڵی تاکەکەسی، کەنارگیری، یەکتر نەخوێندنەوە، ململانێی بێ جێ، چی و چی تر، بوونەتە جێگرەوەی نەگۆڕە شەرعیەکان، – مێژووی هاوچەرخمان □ بە کورتی و بە کوردی مێژووی هەڵوەشاندنەوە و پەرتەوازەکردنی هێز و تواناکانە، هیچ نەتەوە و هۆز و بەرەیەك، دۆخی وەها سلبی بەخۆوە نەدیوە.

بەڵام خۆشبەختانە ئەندازیارانی پرۆژەی ڕاپەڕین زۆرباش □ بۆ ماوەی دوو دەیە دەبێت □ دەرکیان بەو هەڵە و مەترسیەکانی کردووە، هاوکات زۆرباش دەرکیان بەو ئاستەنگ و لەمپەرانە کردووە کە گەلانی موسڵمانی لە بازنەیەکی بەتاڵدا هێڵاوەتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا توانرا ئەو دیدە بە هەردوو جەمسەری (فیکر و کردار) گرێ بدرێت بە وەعی ئیسلامی هاوچەرخ، ئەوا سەرەتایەکی باش و تەندروست و بەرهەمگەلێکی ناوازە دەدا بە دەستەوە، هەنگاوەکان دەبێت بە وریاییەوە بنرێن، ئەوەش کاتی دەوێت، بازدان نیە بە حەوادا، قاڵەی دەم و هەرا

نیە، پرسیارەکە لێرەدایە: گۆڕەپانی ئیسلامی هەموو کات و ساتێك ئامادەیی ئەوەی نیە هەوڵە دوو سەرانەکان (فکر و کردار) قبوڵ بکات، دەکرێت هەر لە سەرەتادا بارگرانی بێ لەبەر بوونی ئاستەنگەکان لەبەردەم هەوڵەکاندا.

ئەوە ڕاستە، هاوکات ئەوەش ڕاستە کە دەوترێت واقیعی ئیسلامی لە هەموو دەمێکدا ئامادەیی ئەوەی هەبووە ئەزموونە ڕەسەنەکان وەرگرێت و ناڕەسەنەکانیش وەلانێت، ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی فیکر، دەبێت قەبارەی هەلە ڕەخساوەکان ئاشکرا بکەن لە بۆ فراوانکردنی مەوداکانی پرۆژەکە و تۆکمەکردنی ڕێچکەکانی، ئەوەش سەرپێییانە ئەنجام نادرێت، کاری بەردەوام و ژیری دەوێت، بۆ شیاندن و گشتگیری و تێپەڕاندنی کاری بێ بەرنامە و پەرتەوازەکردنی تواناکان.

دەکرێت وەك هەلێکی بۆ ڕەخساو، هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوانی تردا بکرێت، یان بەناچاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان بەبێ ئەوان خۆبەخۆ دەستبەکاربن لە لایەنە جۆراو جۆرەکاندا، وەك ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لەدوا دەیەکانی ڕابردوودا، چەندین هەوڵ و تەقالا درا لەسەر هەردوو ئاستی فیکری و کرداری، هەرچەندە هەندێك لەو هەولانە هەر لە سەرەتادا لەگۆڕنران، بەهۆی ئەوەی داڕشتنێکی ئەندازەیی وای بۆ نەکرابوو هەتا بەردەوام و خۆگربێت و بتوانێت ئاستەنگەکان تێپەڕێنێت، دواتریش لایەنی بەرامبەر لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ لەباربردنی پرۆژەکان هەر لە سەرەتاوە، بەڵام بازنەی کارو پرۆژەی تری جۆراو جۆر بەردەوام بوونی هەبوو لە کار و چالاکی، بەتێکڕا گەر هەموو ئەوانە  باش وەگەڕ بخرانایە  هاوکار و پاڵپشتێکی نموونەیی دەبوو بۆ تۆکمەکردن و فراوانترکردنی پرۆژەکان، دەبێ ئێمە هەردەم لەبیری ئامادەکردنی بەدیلی گونجاودا بین بۆ ئەوەی جێی ئەوئەزموونانە بگرنەوە کە گونجاو نین بۆ زەمەن و واقیعی ئەمڕۆ، هەرچەندە ناوبەناو ئەزموون و پرۆژەی گونجاو و لەبار دەخرانە ڕوو، بەڵام

هەر لە یەکەم ساتەکانیدا چواردەور دەدراو تەفروتوونا دەکرا، ئیتر لەبەر ئەم هۆکارە بێت، یان هەر هۆکارێکی تر.

بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و سڕینەوەی کەموکوڕیەکان دەبێت جێگرەوە پێشنیاز بکرێت، بۆ ئەوەی گوڕ و تین بگەڕێتەوە بۆ دەروونە شکستخواردووەکان و کاریگەریە سلبیەکانی ڕامالێ بە سەر کۆمەڵگای ئیسلامیەوە، بەتایبەت لەو سەدانەی دوایدا دەتوانین ئەوە وەبیر خۆماندا بێنینەوە  لە کۆتایی ئەوەی ئاماژەمان پێدا  جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵانەی مایەی تێڕامانە و دەکرێت لەسەری ڕاوەستین بۆ جێبەجێکردنی هەندێ لە فەرعیاتی نێو پرۆژەکە، کە لە دەیەکانی ئەم دواییەدا دەرکەوتەکانی بەشێوەیەکی ئیجابی و بەرچاو، مژدە بەخشبوون، بەڵام جار لەدوای جار ئاتاجمان زیاتر دەبێت بەو دەستەواژانە و دەرکەوتەکانی و کۆکردنەوە و ئاوێزانکردنیان ڕوو لە یەکئامانج، کە هەر ئەوەش لە کۆتا جاردا ئامانجی شارستانیەتە.

ئا لێرەدا – وەك نموونە  دەبێت:

١ـ ئەدای فیکری هەبێت، وەك: (خولی جۆراو جۆر، کتێب، کاری دامەزراوەی و دامودەزگا، خوێندنگا، زانکۆ، پەیمانگا، کۆڕ، دیدار، کۆنگرە).

٢ـ ئەدای زانستی، وەك: (توێژینەوە و دیراسە، داهێنان).

٣ـ ئەدای کۆمەڵایەتی، وەك بوونی (ڕێکخراوە خێرخوازیەکان، دامودەزگا خزمەتگوزارەکان، یان دارایی و ئابورییەکان).

٤ـ ئەدای ڕاگەیاندن، وەك: (ڕۆژنامەگەریی، شانۆ، سینەما، ڕاگەیاندن، تەلەفزیۆن، وێنەی ڤیدیو بیستن و بینین).

وێڕای هەموو ئەوانە، هۆکارگەل و توانای تر هەیە ئەشێت سودی لێوەرگیرێ، ئەوەش لە کەرەمی ئەم ئاینەوەیە کە بۆی ڕەخساندوین، هیچ کام لە ئاین و مەزهەبەکانی تر وەها بوارێکیان بۆ شوێنکەوتەکانیان نەڕەخساندوە وەك

(مزگەوت، مینبەر، حەج، زەکات، بەخشین، ئەوقاف .. هتد)، هەموو ئەوانە ئەگەر باش وەگەڕخرێن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەرکەوتەکانی، ئەگەر لەو سنورەشدا بێت کە بۆی دیاریی کراوە ئەوە لەتوانایدایە کاری بەرز و ناوازە بدا بە پرۆژەکە و تۆکمە و بەگوڕی بکات، بەمەرجێ کەسانی پسپۆڕ و لێزان ئیدارەی بکەن، بۆ ئەوەی هەلومەرجەکان لە بەرژەوەندی پرۆژەکە بقۆزنەوە و ئاوێزان و هاوسەنگی بکەن لەگەڵ خواستەکانی شەریعەت و ساتە هەستیارەکانی مێژوو، سەرکردەگەلێك هەم فەقیهو موفەکیر، هەم موفەکیر و فەقیهبێ، لەسەر دەستی ئەوان ساتە لەدەستچووەکان یەك بخەنەوە و زەمزەمەکەن، هاریکاربێ بۆ ئەوە ڕووە و ئامانج هەڵپەی بەردەوام بێ بەوپەڕی زامنکردنی سەلامەتی ڕێڕەوەکان.

**پێنجەم: لە ڕەوشی مرۆیدا:**

ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت لە واقیعی کۆمەڵگای موسڵمانا ندا ژیاندنەوەی شارستانیەتە، ئەوەش وەك پێویستیەك سەرەنجمان دەبات  لە کۆتایی ئەم وەرزەدا  بۆ پرسی ئایندەی ئەم جیهانە و بەشداری چاوەڕوانکراوی ئیسلامیەکان ڕووە و ئامانج.

بێگومان بیروباوەڕ و بەهاکانی ئیسلام، کاریگەری ئەوتۆی هەبووە  لە ئاستێکی فراواندا  لە گشت مەوداکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا بە درێژایی مێژوو، – ئەمەشلە بەشی دووەم و سێهەمدا باسی لێوەکرا  تایبەتمەندیە جۆریەکەی وای بۆ ڕەخساندبوو، نەك هەر بەردەوام بێ لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا، بەڵکو توانای تێپەڕاندنی ئەوەیشی هەبوو تۆڕە مەعریفیەکانیش پەی پێببات و بژێنێتەوە و دەستێکی دیار و باڵای هەبێت لە دیاریکردنی ئایندەدا.

ئەگەر ئامانجی بیروباوەڕ دروستکردنی مرۆڤێکی ڕووناکبیر و هاوسەنگ و بەختەوەر بێت، ئەوا دەرکەوتەکانی ئەو شارستانیەتە کە لەسەر بناغەی باوەڕ

دامەزراوە، هەماهەنگ و پشتیوانە بۆ هەمان ئامانج کە باوەڕ کاری لەسەر دەکات، زۆر بە سانایی دەتوانین دەرك بەو ڕاستیە بکەین، لەکاتێکدا تەنها ئەوە بەبیر خۆماندا بێنین شارستانیەتە لا دینیەکان چ واوەیلایەکیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هێناوە لە کۆن و نوێدا.

لێرەدا بواری درێژەدان بەو باسە کەمە، هەرچیش پێشتر ئاماژەی پێدرا، باسگەلێکی سەرپێیانە بوو، ئەوەش کە مرۆڤەکان گیرۆدەی بوون و پێیەوە دەناڵێنن، لەو شوێنانەدایە کە باوەڕ تیایدا بوونی نیە، یان ڕەدیان کردوەتەوە، یان لاکەوتوون لە ڕەوتی ژیانی واقعی، بێزاربوون و ڕاڕایی و ڕەشبینی هەستی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و عاتیفی بەجارێك لێ ون کردوون، وێڕای بوونی هۆکارەکانی ژیان، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و تێبینی کراوە، واقعی حاڵیش هاوار دەکات، بیرمەندو ڕاگەیاندنەکان گەواهی لەسەر دەدەن.

لادەرانی ڕەوتی باوەڕ و بیر و بەهای مرۆڤایەتی لەمڕۆدا بەجۆرێك لایانداوەتەوە بەلای دەسەلات و هەیمەنەی دەسەلاتداران و بانگەشەکردن بۆ برەودان بە گیانی ئەنانیەت و دەمارگیری نێودەولەتی و مەزهەبی، زێدەڕۆیی دەرهەق بە ڕەفتاری مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی بەرهەم و دەستکەوتە مەعریفیەکان وەك چەکێك بەکاربێت لە ڕووی مرۆڤەکاندا نەك لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان.

بەرهەمهێنانی بۆمبی زەڕڕە و هایدرۆژینی و نیترۆژینی و چەکە ناوکییەکان و بەکارهێنانی لە ساتە هەستیارەکاندا □ وەك لە هێروشیما و ناکازاکی ڕووی دا □ بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە دەکات بۆ کارەسات ئەگەر بەوشێوە سەرکەشەی ئێستا سەرەڕۆیی بکات، وەدەرچێت لە خواست و بەها بالاکانی باوەڕ، ڕێکنەخرێت و بەرامبەر نەکرێت بە تەرازوی دادگەری خودایی، ئەوەی کەوا هێز و داناییەکان □ بەردەوام □ لە هەردوو تای ترازووەکەدا دادەنێت.

ڕەوتی کار و بیری باوەڕدار پێچەوانەی بێباوەڕی و لادینیە، ئەو تێکڕای هەبووەکانی دەبەخشێت بە دەوروبەر، خودڕەو و ناشەفاف نیە، ڕاستیەکان ناشارێتەوە  بە پاڵنەری (براغماتی) سوودی لەوانی تر –گشتی مرۆڤەکان لە کۆتایدا سودمەند دەبێت لە زانست و ماریفەتی باوەڕدار، بەرامبەر بەمەش تێکڕای گەل و نەتەوەکان لەم دونیایەدا سودمەند بوون لە بەرهەمی زانستی لادینی، ئەوەش مافی ئاسایی و یاساییە لەو بەرهەمانە سود وەرگرن، بەڵام بەهۆی بەرهەمە زانستی و چەکە کۆکوژی و کاولکارەکانیان هەمان ئەو گەل و نەتەوانە ژێربار و چەوساندوەتەوە، هەژموونی خۆیان بەجارێ سەپاندووە و سامان و دەرامەتی گەلانیان بە تاڵان بردووە.

ئایندە و ڕەوتی شارستانیەتی ئیسلامی هاوچەرخ، ئاماژە بەوە دەکات – وەك لە ڕابردوودا ڕوویداوە  سەرهەڵدانەوە و ئەزموونە بەردەوامەکانی مژدەبەخشە، ئاستەنگەکان دەبڕێت  بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی  بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئەوەی کە لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێکرد، بەو دۆخە تایبەتەی خۆیەوە بەرامبەر بە هەر شارستانیەتێکی تر بەتایبەت شارستانیەتی ڕۆژئاوای ئێستا، بەدەرلەمەش، یان دەقیقتر بڵێین شارستانیەتی ئیسلامی پێویستیەکی حەتمی و هەنوکەییە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی نالەباری ئەمڕۆ، چونکە ئەو لەتوانایدایە بەدیلی گونجاو بخاتە ڕوو بۆ ڕاستکردنەوەی لارو خێچە سەرەڕۆکان، ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گیرۆدەی بووە.

لە تایبەتمەندیەکانی باوەڕ لە شارستانیەتی ئیسلامیدا  بۆنموونە  ڕووبەڕووی ڕەوتی مادیگەرایی دەوەستێتەوە زیاتر لە شارستانیەتەکانی تر، پابەندبوونەکەی جڵەوگیری دەکات لەوەی بەها ئەخلاقیەکان لەدەست دەرچێت و سنوورەکان تێپەڕێنێت، ئەو واقیعبونەکەی دەیپارێزێت لەوەی ئاواتە فیکریەکان دوری بخاتەوە و بیباتە جیهانی خۆزگە و خەون و خەیاڵەکان، هەر ئەو ڕەسەنایەتیە واتایەکی پڕ

بەپێستی داوە بە ڕەوتی مرۆڤایەتی، گشتگیری و تواناکانی وای بۆ ڕەخساندووە هاوسەنگی ڕاگرێت لەنێوان دوانەکیەکاندا، هاوکات کۆیان بکاتەوە، ئاوزەنگ لێبدا بۆ نۆشین و بەهرەی زیاتر لە زانیاری و رۆشنبیری ئەوانی تر، مرۆڤبونەکەشی سنوور و بەربەستەکانی دەمارگیری و ڕەنگ و جوگرافیا و مەزهەبگەرایی تێپەڕێنێت، هەر ئەو خودگەراییە فریادڕەسی مرۆڤەکانە و لە زەبرو زۆری بتگەرایی و ئەندێشە پڕ ئێشەکانی بیکاتە مرۆڤێکی خاوەن هەست و هۆشمەند، مرۆڤ بەرهەمی دەستی پەروەردگارە، ئەو سەرداره بەسەر هەرچی لەم بونەوەرەدا هەیە، بەوشێوەیە بۆ ئەوەی کورتبڕی بکەین دەکرێت خوێنەر هەواڵەی ئەو تایبەتمەندیانە بکەین کە لە بەشی دووەمدا باسی لێوە کرا.

توێژەرە ڕۆژئاواییەکان بێئاگا نەبوون لەوە، بەڵکو زۆر بە وریاییەوە تاوتوێی دۆخەکەیان کردووە، بۆ ئەوەش ئازایانە گەواهی دەدەن و دان بەو ڕاستیانەدا دەنێن، ئەوان پشتبەست بە دیدێکی عەقڵانی و بەڵگەدارەوە، بەتۆمارکردنێکی بەراوردکارانەوەدان بەوەدا دەنێن کە شارستانیەتی ئیسلام خاوەن داب و بەها و تایبەتمەندی بێوێنە و چالاکە، دەکرێت هەردەم بەجێهێنانی و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە داڕشتنەوەی ئێستای مرۆڤەکان و ئایندەی ئەواندا.

مافناسی فەرەنسی هاوچەرخ (بوزار) دەڵێت: ئەم ئاینە یەکێکە لە چارەسەریەکان بۆ ئەو کێشە و نەهامەتیانەی کە مرۆڤەکان دەیسازێنن) بەردەوام لە ڕا و بۆچوونەکانیدا دەڵێت: جیهانی ئیسلامی لەتوانایدایە  لەگەڵ ئەوانی تردا  بەشداربوونێکی بنەڕەتی و دیاری هەبێت لە پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگا نێودەوڵەتیەی کە چاوەڕوانکراوە) و یەکێکە لە فاکتەرە بنەڕەتی و گرنگەکان بە لای مرۆڤایەتی لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەو بە توێژینەوە و دەستەواژە جۆربەجۆرەکانی گوزارشت لە ڕا و بۆچوونەکانی دەکات، (بوزار) دەڵێت: موسڵمانان یەکجار ئەو ڕاستیەیان پێکاوە یاسا و پەروەردە ئاسمانیەکان و بەها

بالآکانی هەردەم گرەنتین بۆ پێدانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانی جیهانی هاوچەرخ.

(بوزار) دەڵێت: پێشکەوتنی زانستی مادی بەتەنها بەس نیە ئەگەر ڕێکنەخرێت بە بەهاگەلێکی ئەخلاقی، چونکە هەر ئەوە کار دەکات لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان، لەمیانەی ئەو دیدە ئەخلاقیەوە بۆ چالاکیە زانستیە مادیەکان، ئیسلام لەتوانایدایە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ڕێکخستنەوەی جیهانی هاوچەرخ کاتێ کە لێی بچێتەپێش بە دیدێکی بەرزو بڵند بۆ بەها ئەخلاقیەکان).[1]

پێویستی بەشداربوونی ئیسلام لە دیدی (بوزار) دا لەوەدایە هاوسەنگی فەراهەم دێنێ لەسەرجەم ناوەندەکاندا، بەدەر لەوەی کە تەعبیر دەدات لە گرنگی ئاین بۆ ڕەوتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەنێوان پێشکەوتنی مادی (تەکنیکی) و خواستە ڕۆحی و مرۆییەکان بەگشتی،[2] ئاوێزان بوونی کۆمەڵگا لەگەڵ تەکنەلۆژیادا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا، ئەوە وا لە موسڵمان ناکات کە ئینکاری چەمکەکانی ئاین بکات، بەڵکو بۆ وردبوونەوە و ڕۆچوونە لەبەردەم ئەو جیهانە و لە بەردەم خوادا، ئەوەش وەك واجبێك دەبینێت لەسەر خۆی، لە هەوڵی وەگەڕخستنی هەستپێکردن و تواناکانیدا بێ بەشێوەیەکی باشتر لە چوارچێوەی ئیسلامێکی گشتگیردا).[3]

لێرەدا (بوزار) پەنجە دەخاتە سەر یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی دیدی ئیسلام بۆ کردە شارستانیەکان، ئەویش هاوکێشەی هاوسەنگی بونە کە زەرورەتێکی حەتمیە بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە لەنێوان دین و دونیادا، لەنێوان ئاسمان و زەویدا، لەنێوان ڕۆح و جەستەدا، ئا لێرەدا باوەڕێکی دیار و ئاشکرا لە

---

١ إنسانية الإسلام: ل٤٣١.

٢ هەمان سەرچاو، ل٤٣٩.

٣ هەمان سەرچاوە، ل٣٨٧.

ژیاندا بوونی نیە گەر گوزارش لە خواستە دەروونیەکانی مرۆڤ نەدات لە چوارچێوەی چالاکیگەلێك کە هەموو دوانەکیەکان توابێتەوە لە ناویدا، بەیەك ئاواز ڕەوتی خۆی نمایش بکات، ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام ئا بەو نەزمە واتای دژایەتی ناگەینێت، بەڵکو نزیکبونەوە و ئاوێزان بوونە، بەگەڕخستنەوەی تواناکانە، توانا لەپێناو پێکهێنانی ژیانێکی ئیسلامی ڕەسەن و پێشکەوتوو، زەرورەتی ئاین وەك ئەوەی بوزار دەرکی پێکردووە (بوونی خۆی دەسەلمێنێ لە گشت مەوداکاندا، هەر شتێك بەبێ ئەو نابێت، یان بەجۆرێکی تر بەردەوامبوونی گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی، یان هەر نوێگەراییەکی مادی نامومکینە بەبێئاین.[1]

ئەو پەیوەندیە ئەساسیەی نێوان ئاین و تەکنەلۆژیا لە دیدی ئیسلامدا هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت شارستانیەتی ئیسلامی ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی بەڕێوە دەبات لە گۆشەیەکی لاکەوتوودا و دور لەو دونیا فراوانە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو شارستانیەتە (بەشێوەیەکی سروشتی لێبوردەیە و کراوەیە، دەچێتە پێش بۆ ئەرکەکان بە سیفەتی شەراکەتی کاراو کار بۆ دونیا و دەوڵەت)، دەبێت هەردەم لە زەینماندا وەك حەقیقەتێکی تەواو ئەوە هەبێت سەرکەشی ماددەگەرایی شارستانیەتی ڕۆژئاوا چ نەهامەتی و واوەیلای بۆ مرۆڤایەتی بەتێکڕا خوڵقاندوە، دەرکەوتەکانی ئیمان و پەیمانی مەرگ دەدات بە مرۆڤەکان، تەنها بە مرۆڤەکان، ئەبێت ئەوە لە زەینماندا  وەك سەوابت  بوونی ئیسلام لە گۆڕەپانەکەدا و گێڕانەوەی ئەرك و فەرمانەکان بۆ سەر ڕێڕەوی خۆی، تەنها ئەوە بەس نیە، بەڵکو دەبێت کار بۆ ڕێکخستنەوەی ڕەوتی مرۆڤەکان بکرێ ئەوەی کە وەلاڕێ خراوە.[2]

(بوزار) بۆ جارێکی تر جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوەی کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەدا لەو میانەدا (متمانەبەخۆ و دڵارامیە کە ئەوەش فاکتەرێکی

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٣٣٠ ـ ٣٣١.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٣٦٩.

بەهێزە)،[1] هەمان کات ئەوەشمان وەبیردا دێنێتەوە (لە ئایندەدا ڕۆڵی ئیسلام لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بە هیوا و خەون نایەتە بەرهەم، بەڵکو بەندە بەوەی کە موسڵمانان بەخۆیان چۆن و چی دەکەن؟)[2]

ئەوەی کە (بوزار) گوتی سەبارەت بە ڕۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی لە هاوسەنگی گێڕان بۆ ئایندەی ئەو جیهانە، ئەو ڕۆڵەی کە ئاین دەیگێڕێت لە گۆشەنیگای دەقەکانیەوە ئا لەو شارستانیەتەدا بۆ ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی کردە مەعریفیەکانە بۆ مرۆڤەکان، هاوشێوەی ئەوە دەتوانین تێبینی بکەین لە مەبەستی (لیوبولد فایس) محمد ئەسەد، بەڵام ئەم بە بەراوردکردن و بەڕادەیەکی بەرچاو لەسەر بابەتەکە ڕۆیشتووە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات (ئێمەی مرۆڤەکانی سەردەمی ئێستا (نوێ)، زیاتر پێویستمان بەو پەیامە هەیە وەك ئەوەی سەردەمی (محمد) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) پێویستیان پێ بوو، ئەوان لە ژینگەیەکدا دەژیان سادەتر بوو لەم ژینگەیەی ئێمە، ڕەواندنەوە و چارەسەرکردنی کێشە و سەختیەکانی ژیانی ئەوان، بەجارێك ئاسانتر بوو لەوەی وا لە ئێستادا دەگوزەرێت.[3]

ڕەوتی ژیان لەو دونیایەی ئەمڕۆدا لاواز بووە، چەمکەکانی خێر و شەڕ ئاوەژوو کراون، سیستم و ڕێگا چارەیەك لەو نێوەندەدا بوونی نیە هەتا مرۆڤەکان خۆدۆزی پێ بکەن، هاو ڕا باری کۆمەڵایەتی و ئابووریش بەهەمان شێوە، من هەرگیز باوەڕم وانەبوو کە مرۆڤەکان فریادڕەسێکیان دەوێت، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکانی سەردەمی ئێستا بە ڕەهایی پێویستیان بە فریادڕەس هەیە، ئێستە لە هەموو کات زیاتر هەستم بەوە کردووە سەردەمی ئێستا پێویستی بە بنەماگەلێکی ئایدۆلۆژی هەیە بۆ سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگای نوێ: پێویستمان

---

١ هەمان سەرچاوە، لا ٣٨٧ ـ ٣٨٨.

٢ هەمان سەرچاوە، لا٣٨٨.

٣ هەمان سەرچاوە، لا٣٨٨.

به باوەڕە، باوەڕێك ئەوەمان پێ بڵێت گەشەی مادی ئەمڕۆ لەپێناو خۆیدایە، نەك شینی مرۆڤایەتی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا مافی ژیانی دونیا دەدات، باوەڕێکمان دەوێت بۆمان بەیان کات چۆن بتوانین هاوسەنگی بپارێزین لەنێوان پێداویستیە ڕۆحی و جەستەییەکاندا، ئا بەوە ڕزگار دەبین لە فەنابونێك کە هەڵپەی بۆ دەبەین بە هەڵەشەیی و نسکۆ لە دوای نسکۆ).[١]

زۆر بەکورتی بڵێین ژیانی مرۆڤایەتی واتایەکی زیاتر لەوە گەورەترو قوڵتری هەیە کە گرنگی بە زۆری شتەکان بدات، لەمڕۆدا ئەوەی کە لەسەرشانی موسڵمانانە دەبێت ڕۆڵیان لە ئایندەدا هەبێت نابێت لێگەڕێن شتەکان ونیان بکات و گرنگی ڕۆڵی خۆیان لەدەست بدەن، بەها ڕۆحی و ئەخلاقیەکان لەدەست بدەن، ئەوەی کە ئیسلام پێیبەخشیون، ئەگەر ئەوان بە پارێزگاری لە پەیوەندی و خۆڕاگریان قایل بن بە پلە باڵاکان وەك هۆکار نەك ئامانج، ئەوا لێرەدا نەك هەرتەنها دەتوانین پارێزگاری لە ئازادیە دەروونیەکەیان بکەین و بەس، بەڵکو لەتواناشیاندایە نهێنی و تامی ژیان کە مرۆڤی ڕۆژئاوا لەدەستی داوە بۆ ئەوانبگێڕنەوە.[٢]

شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە تاکە چاوێکەوە هەڵمەت بۆ پێشەوە دەبات، بەتێپەڕ بوونی کاتیش هێز و توانای بینینی لە دەست دەدات، بینینی چەمکە ڕۆحی و ئەخلاقیەکان، بەو حوکمەی ئەو دوو بەهایە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە بوونی مرۆڤەوە، پەیوەندیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو هەر بەوەش بایەخدارتر و جیاوازترە لە باقی بوونەوەرەکانی تر، ئەو پێشکەوتنە مادیەی کە بەدەرو دور لە ڕەوتی خۆی ڕێ تەی دەکات، هەرگیز خزمەتێك بە مرۆڤ ناکات پارێزراو نابن لە بەرەنجامی هەڵپەکانی، چونکە هەر لە سەرەتادا ڕێکنەخراوە بە بەها و پێوەرگەلێك ڕێنومایی بکات، بۆیە بەرەنجامەکانی لە ئایندەدا مەترسیدارە، کەڵەکەبوونی

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٣٨٩.

٢ هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٣ ـ ٣٢٤.

مادیگەرایی بەجۆرێك لەزیادبوندایە سەرسامکەر و سامناکە، سات بەسات دوردەکەوێتەوە لە هەر بەهایەکی ئەخلاقی و دیدێکی ڕۆحی.[1]

لێرەدا ناکرێ بیرمەندێکی وەك (جۆرج سارتون) تۆمەتبار بکرێ کە ئەو بە تەواوی هەتا بنگوێی نوقمی توێژینەوەی مێژووی زانستەکان بووە، ئەو بەجارێك ئەم پێشکەوتنە مادیانە مەحکوم دەکات (بەڕاستی ئەوە خۆی لەخۆیدا وێران کارە، هەرگیز ئەوە پێشکەوتن نیە، بەڵکو لە بنچینەدا دواکەوتنە، چونکە پێشکەوتنی تەندروست  واتە باشکردنی گوزەرانی ژیان  ناکرێ بونیادی خۆی بکات لەسەر بتی ئامێر و باربەرەکان، بەڵکو دەبێت بونیات بنرێت لەسەر بنچینەی ئاین و هونەر و لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە زانستە، زانستێکی پاکو خاوێن، لەسەر خۆشەویستی بۆ خوا، بۆ جوانی و دادگەری، ئەوەش زۆر ڕوون و ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کاتێ کە ئاوڕ بدەینەوە بۆ ڕابردوو، هەرچی لەوێ بەدی بکەین ڕوون و ئاشکرایە، ئەبێت ئەوەش لەپێشچاو بگرین کاتێ دەڕوانین بۆ پێش خۆمان هەنگاوەکان دەمان بەن بەرەو ئایندە.[2]

سارتون دەڵێت: مەدەنیەت پەتا نیە، بەڵام دەکرێت هەڵگەڕێتەوە و ببێتە پەتا و خراپەکاری، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت ماکە ڕۆحیەکەی لەدەست بدات و بەها ئەخلاقیەکان ڕوو لە داکشان بکات، ئا لەو حاڵەتەدا تەنها ئامانجی زۆربوونە، زۆربوونی بێ ئامانج و بێ ناوەرۆك، ئەوەش بوترێ مەدەنیەت تەنها قۆرخکراوی کۆمەڵگایەك نیە و پەیوەندی بەوانی ترەوە نەبێ، واتە بە قسەی (سارتون) نە ڕۆژهەڵاتیە و نە ڕۆژئاوایی، شوێنی ئەو چۆن لە واشنتۆنە هاوکات لە بەغدادیشە و دەکرێت لە هەر جێگایەك بێت کە مرۆڤی چاك و چاکەخوازی لێبێت، لێی تێ بگەن و بزانن چۆن سوودی لێوەرگرن و خراپ بەکاری نەهێنن، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٣٧٦.

٢ الثقافة الغربية في رعاية الشرق الأوسط: لا ٧٢ ـ ٧٣.

ڕۆژگارێك بوو لانكی ڕۆشنبیری بوو، هۆكارەكانی ڕزگاربوونی جیهان لەوێوە سەری هەڵدا، لەكاتێكدا لە چەرخەكانی ناوەڕاستدا ئاگر و ئاسنی ئەوروپیەكان جیهانی كردبوو بە دوو لەتەوە، ئەرسەدۆكسی و كاسۆلیكی، ئەوەتا ئێمە لەمڕۆدا بە چاوی پێزانین و چاكسازیەوە دەڕوانین بۆ ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمانكات دەڕوانینە ئاییندەش بە چاوی هیوا و گەشبینیەوە، ئەوەش مەحاڵ نیە وەك ئەوەی هەندێ ڕەشبینن و بە دوری دەزانن، (چونكە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دوو ماوەی دورو درێژ ڕابەرایەتی جیهانیان كردووە، هەر ڕێگریەكیش نیە لەبەردەم ئەودا بۆ جارێ تر جڵەوی كاروبار و دەست بگرێتەوە و نەخشە بۆ ئایندە داڕێژێ.[1]

موسڵمانان نابێت ڕۆڵێ بگێڕن تواناكانی بەرامبەر لەسەروو ئەوانەوە بێ، بەڵكو دەبێت لە دۆخ و گوزەرێكدا بێت بەرامبەر لەو ئاستەدا نەبێت، یان لانی كەم شتێكی شیاوی لەبارەوە بزانێت، شارستانیەتی مادی هەرگیز لێ ناگەڕێت جڵەوی كار لەدەستی دەرچێت، بەڵام بیروباوەڕ كە ڕۆڵی چالاكیە شارستانیەكانی لەخۆگرتووە ئەو زەمینەساز دەكات، دەتوانێ ئەو ڕەوتە و ناوەڕۆك و ئامانجەكان بۆ مرۆڤەكان بگێڕێتەوە، بەتایبەت بۆ ڕۆژئاواییەكان ئەوەی كەوا ونیان كردووە (نهێنی تەڕ و پاراوی ژیانێكی ونبوو) ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر بۆچوون و دەستەواژەكانی (لیو بولد فایس) لەبەر چاو بگرین.[2]

(جەمیلە قەرار) كەسێكی نەمساویە و موسڵمان بووە دەڵێت: ئەو ئاینە گوڕو تین و جموجوڵی هەستیار و بەردەوامە، لەتوانایدایە بە فەزڵی موسڵمانان شۆڕشێكی بەهێز بەرپا بكات، شۆڕشێك كە مرۆڤەكان لەژێردەستەیی و بەكارهێنان سەرفراز بكات، بەتایبەت لە هەیمەنەی مادە و تراویلكەكانی، پێشڕەویان بكات بۆ

---

١ سەرچاوەی پێشوو، لا٧٤.

٢ بڕوانە: رجال ونساء أسلموا: عەرەفات كامیل عەشی، چاپخانەی دار القلم، كوەیت ـ ١٩٧٣ ـ ١٩٨٣ز، چاپی سێهەم (٤/ ١٠٨ ـ ١٠٩).

بونیاتنانەوەی کۆمەڵگای پڕ لە زیندوێتی و چالاك لە گشت مەوداکاندا، بۆ گوڕو تیندان بە تواناکان توانا ئیجابیە جۆربەجۆرەکان)، ئەو دەخوازێت لە موسڵمانە ڕۆشنبیرەکان (ڕوونی بکەنەوە بۆ غەیری موسڵمانان ئەوانەی وا عەودالی ئامانجی نوێن، عەودالی بەهاکانی ژیانن، ئیسلام خالی دەسپێکێکی نوێیە لە بۆ تێکڕای مرۆڤەکان)، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە دەسکەوتە مادی و مەدەنیەکان بەجارێك وەلانرێت، چونکە (ئیسلام ئاینێکە بۆ گشت جیهان و بیروباوەڕێکی گەردوونیە و گونجاوە بۆ هەموو قۆناغ و پێشکەوتنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە تێکڕا، ئیسلام هاوڕاو هەماهەنگە لەگەڵ هەر کردەیەك کە مرۆڤەکان بەرهەمی دێنن).[1]

(کویلریونغ) ئاماژە بەو دەستکەوتە ڕۆشنبیریە پڕ بایەخانە دەکات کە ئیسلام پێشکەشی کردووە بە شارستانیەتی هاوچەرخ، هەرگیز ناچێت بە عەقڵدا ڕۆشنبیریەکی زیندوو وەك ڕۆشنبیری ئیسلام کاریگەری نەبێت لە واقیعدا بە کردەوە، یان لە ڕووی هێزەوە لە بەرهەمە زانستیە هەنوکەییەکاندا (درمنغم) دەڵێت: ئەو بەشداریکردنە دەکرێت ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە ببەستێتەوە و جیهانی ئایندە دەوڵەمەندتر بکات بە گەنجینەکانی جیهانی کۆن)، (ئەتین دینیە) ئیسلام ئایندەیەکی پڕ بایەخ و هیوایەکی گەورەیە، بە بەشداریەکی شارستانی کارا، بە ئاشکرا بوون و ئاشنا بوون بە ئیسلامێکی ڕاست و دروست).[2]

مێژوونووسی بەریتانی هاوچەرخ (مونتغمری وات) ئەو وا دەبینێت (موسڵمانان لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن، وێڕای ئەو سەختی و ئاستەنگانەی کە یەخەیان پێدەگرێ، ئەوان قورسایی خۆیان دەبێ لەسەر ڕای گشتی جیهان، لانی کەم ئەوەی وابەیوەستە بە چەمکە ئەخلاقیەکانەوە، لەوانەشە لەتوانایدا بێت لە گۆڕەپانی فراوانی فیکری ئایندەدا یارمەتیدەر بن بۆ دەوڵەمەندکردنی جیهان، چونکە ئەوان

---

١ هەمان سەرچاوە، (٤/ ١٠٩).

٢ الثقافة الإسلامية والحياة المعاصرة: ل٢٥٥.

پارێزگاریان کردووه لەو هێزه گەورەیه بۆ گوزارشتدان له هەندێ بیرۆکه وەك بوونی (خوداوەند) پەروەردگار، ئەوەی که له ناوەنده رۆشنبیری و ئاین و ئاینزاکانی تردا بەجارێك فەرامۆشکراوه).[1]

لەکۆتایدا دەگەینەوه به (گارودی)، له کتێبەکەی (وعود الاسلام) لەگەڵ سەرەنجه به بڕشتەکانیدا لەوەی که پێشکەشی کردووه بەو شارستانیەتەی که ئەم ئاینه پێکی هێناوه، ناونیشانی کتێبەکه ڕەهەندێکی داهاتوویی لەخۆگرتووه[2]، سەرەنجەکانی ئەو تابلۆیه دەنوێنێت بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، سەرگەردان، پەرتوبڵاو، که هەموان دەتوانن خۆدۆزی بکەن، سودمەندبن له ئەزمونەکانی ئیسلام، لەوی وا داویه و دەیدا به مرۆڤایەتی.[3]

سەرنجەکانی (گارودی) له چەندین تەوەرەوه گوزەر دەکات و دێته نێو گۆڕەپانی ئیسلامەوه، گرنگترینیان: هاوسەنگی بوونی ئیسلام و میانجه گەریەکانی، بەها ئەخلاقیەکانی، دواتر دیده شمولی و توانا ناوازەکەی لەپێدانی واتایەکی تەواو به ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی ئا لەم جیهانەدا، ئیسلام سەرلەنوێ هەلێکی مێژوویی بۆ ڕەخساوه بۆ گەیاندن و دەربڕینی بیروباوەڕ و نیازەکانی، وەڵامه بۆ سەرکرده و ئەزموونەکانی ڕۆژئاوا، ئەوانەی وا نموونەیەکی خراپیان داوه به مرۆڤەکان، وەڵامه بۆ دڵەڕاوکێ و پەرتەوازەبوونی ئابووریی و سیاسیی و ئەخلاقیی، ئیسلام وەڵامی خۆی داوەتەوه لەسەر هەڵوەشاندنەوه و کەرتوپەرتبونی ئیمپراتۆریەتەکان).

---

١ حياة محمد (صلى الله عليه وسلم): لا٣٧١ ـ ٣٧٢.

٢ بڕوانه: محمد رسول الله (صلى الله عليه وسلم): به هاوبەشی لەگەڵ سولەیمان جەزائری، وەرگێڕانی د. عەبدولحەلیم مەحمود وموحەمەد عەبدولحەلیم مەحمود، چاپخانەی الشركة العربية، قاهیره ـ ١٩٥٩ز، چاپی سێهەم، لا٣٤٥ ـ ٣٤٦.

٣ محمد في المدينة: وەرگێڕانی شەعبان بەرەکات، چاپخانەی المكتبة العربية، صەیدا ـ بەیروت، بەبێ ساڵی چاپ، لا٥٠٩.

لەو نێوەندەدا بنەما، یان یاساگەلێکی ئەخلاقی هەیە، دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ شارستانیەتی ئیسلامی بەشدار بێت بۆ بونیاتنانەوەی ئایندەی جیهان، بۆ ئەوەش خاوەن ئامازە و کۆمەڵێك چاکێتی و بەهایە، هەر ئەوەش وای کردووە زۆر بە پەرۆشەوە هەڵپە بکات لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤایەتی، ئەم بەشداریکردنەش وەك (گارودی) تێبینی کردووە (ڕاگرتنی کاری شێتانە و پاراستنی مرۆڤایەتی و ڕزگارکردنی ئەوان لە تیاچوونێکی حەتمی کە ڕۆژئاوا ڕابەرایەتی کردووە پێویستییەکە لەسەروو هەموو ئەوانەوە).[1]

واوەیلاو نەهاتەکانی زانست و تەکنەلۆژی سەردەم شاراوە نیە، تێکڕای مرۆڤایەتی باجی ئەوەیان داوە، بەدەرە لە هەر چاودێرییەکی ئەخلاقی، لەوێدا کۆیلە بوونە، کۆیلە بوون بۆ هەموو شتەکان، لەو نێوەندەدا ڕەوتی زانستی ئیسلام چی کردووە، یان دەبێت چی بکات ئەوەی کە ڕێکخراوە و پابەندە بە ئەخلاقی ڕەها و ئامانجە ئاینیەکەی، ئا لێرەدا زۆر لەسەر ڕۆڵی ئیسلام ناڕۆین کە لە ناوەندە زانستیەکاندا چی وەگەڕخستووە و چی بە ڕۆژئاوا داوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا لە تایبەتمەندیەکانی ئیسلامە، چونکە ئەو بە گەردنکەچیەوە شوێن هۆکارگەلێکی مرۆیی کەوتووە، کە سەرجەم ئەو هۆکارانە ئامانجیان خودایە، ئا لەو دەلاقەوە لە ئێستە و لە ئایندەشدا دەکرێت لە ئیسلام و ئامانجەکانی ئیسلام بە باشی بگەن.[2]

بۆ جارێکی تر شارستانیەتی ئیسلام بەو ئەخلاقیەتە ناوازانەی کە داویەتی بە مرۆڤایەتی، بە یەکێك لە هەرە پایە گرنگەکانی ئیسلام و بیروباوەڕی ئیسلام دادەنرێت، بەردەوام مرۆڤی باوەڕدار ڕوو لە هەڵکشان و بە گوڕ و پڕتاو هەنگاو

---

١ وعود الإسلام: لا٢٠٨ ـ ٢٠٩.

٢ بڕوانە: د. مەحمود حەمدی زەقزوق: الإستشراق والخلفية الفكرية للصراع الحضاري، زنجیرەی: كتاب الأمة، دەوحە ـ ١٤٠٤ کۆچی، لا١٤٤ ـ ١٤٥، (سیمینارێك بوو کە: گاروودی لە زانکۆی قەتەر لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ز، بەناونیشانی: الإسلام وأزمة الغرب).

هەڵدەنێت، ئەوەش وەك دابێکی چەسپاو و نەگۆڕ موسڵمانان جێبەجێی دەکەن (بۆ بونیاتنانی ئایندەیەکی ئینسانی لە جیهانێکدا کە هەموو شتەکان بوونەتە بەندە، وەها شێتانە باڵی کێشاوە بە سەر بەهاکاندا مەحاڵە بەردەوامی بە ژیان بدات).[1]

بەڵام دیدی گشتگیرانەی شارستانیەتی ئیسلامی و ئەو واتایەی کە دەیبەخشێت بە ژیانی مرۆڤەکان، لە گرنگترین پێدانەکانیەتی بۆ ئەوان، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەوە بە بیر خۆمان بێنینەوە کە چۆن سات لە دوای سات هەستی مرۆڤەکان لە زیادبووندایە، سەبارەت بەو گاڵتەجاڕیە بێ مانایە، کە ژیان لە مرۆڤەکان دەکات بە ژان، هەستی مرۆڤ بوون زەوت دەکات، هەوڵ و تەقالا زانستیەکان دەگۆڕێت بۆ هەڵوێستگەلێك دورو بەدەر لە مرۆڤ بوون و بەرژەوەندیە مرۆییەکان، هەرچەندە ناوبەناو بۆ خواست و حەزە مرۆییەکان وەگەڕدەخرێت، بەڵام دواجار هەڵوەشانەوە و لێکترازانی جەمسەرە لێك ئاڵاوەکانە، دابڕانە لە ڕەوتی ئاسایی ژیان.[2]

بە تەنها گوزەرکردنێکی خێرا بە ئادابی سەردەم و هونەر و فەلسەفەکانیدا واوەیلاو تاڵاوەکانی ژیان دەرك پێدەکەین، یەکە یەکەی مرۆڤی ڕۆژئاوا لە هەموو پەیوەندیەکانی دابڕاوە لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگا و خودای خالقدا، دابڕاوە لە سروشت لەکاتێکدا وایدەبینی کە گەورە و خاوەنداری ئەوە، گاورەکانیش لەوەدا نەیانتوانی هەماهەنگی مرۆڤەکان بکات، هەرچەندە مرۆڤەکان لە ناخیاندا ترسی ئەوەیان هەبوو هەر لە سەرەتای چەرخی ڕاپەڕینی تەکنەلۆژیاوە، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد وەڵامی سەرجەمپرسیارەکان دەداتەوە، پارێزگاری لەو ڕەهەندە گەردونیە دەکات، لەو پەیوەندیە گەرمو گوڕەی کە هەیە لەنێوان بووندا بە تێکڕا، کاتێك کە ئیسلام لەو ناوەندەدا بوونی نیە، دیدی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ هەموو چەمکە مرۆیی و ئەخلاقیەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، بەڵام لە بیر و ئەندێشەیدا توانایەکی وا

---

١ وعود الإسلام: ل١١١ .

٢ هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

هەیە خاڵ لەسەر وشەکان دانێتەوە، هەموو شتەکان بخاتەوە سەر ڕەوڕەوە و ڕەوتی ئاسایی خۆی، ئەوەش لە ماکی ڕەسەنایەتی و ناوەرۆکی بیروباوەڕیدا خول دەخوات.[1]

زۆر بە کورتی (بیروباوەڕی ئیسلام و مەبەستەکانی)، ئەوە خۆی لەخۆیدا وەڵامە بۆ ڕاڕایی و دڵە خورپەی جیهانی نوێ، ئەوەی کەوا ڕۆژئاوا دروستی کردووە، ئەونموونەیەی ئەگەر ڕۆژئاوا[2]، ئا بەوە لوتبەرزی خۆی دەربڕێت، کە بە دەستەکانی خۆی سازاندوویەتی بەهۆی زانست و تەکنەلۆژیاوە، کە ئەو دوانە ڕۆژئاوایان گەیاندوەتە ئاستێکی بڵند و سەخت، بەڵام هەتا ئێستاش نە زانست و نە تەکنەلۆژیا توانای ئەوەیان نیە ئایندە و چارەنووسی مرۆڤەکان بگەیەننە کەناری ئارامی و بەختەوەر بکەن، ئەگەر پەیوەندیدار نەبێت بە فیکر و فەلسەفە و بیروباوەڕەکەیەوە، جموجوڵەکان وابەستە و پەیوەست بکات بە خودی مرۆڤەوە، دواتر واتا و ئامانج و مەغزای پێ ببەخشێت، هەتا ئێستاش بە تەنها ئیسلام توانیویەتی ئەو وەڵامانە بداتەوە.[3]

(گارودی) دەپرسێت: ئیسلام دەتوانێت چیمان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە زانست و تەکنەلۆژیا ئاڕاستەی مرۆڤەکانی دەکەن لەمڕۆدا؟ هێندە نابات وەڵام دەداتەوە: گرفتەکە گەردوونیە، هەر وەڵامێك تەواو نابێت ئەگەر لە ئاست گەردووندا نەبێت.[4]

کەواتە: گیروگرفتەکە پەیوەندی بە ئایندەمانەوە هەیە، ئایندەی مرۆڤەکان، لێرەدا کتێبی (وعود الإسلام) تەنها کتێبێك نیە لەبارەی مێژوو، هەروەك

---

١ هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨ – ٢٠٩.

٣ هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

٤ هەمان سەرچاوە، ل١٨٧.

نووسەرەکەی گوتوویەتی، بەڵکو نزیکبوونەوەیەکی نوێیە لەنێو خودی ئیسلام خۆیدا و لە پاش ئەوەشەوە وەك هێزێکی زیندوو، نەك هەر لە ڕابردوودا، بەڵکو لە هەر شتێکدا کە بتوانێت دەستی هەبێت لە داهێنان کاری بۆ ئاینده.

بەڕاستی ئیسلام و شارستانیەتەکەی ئەوەی کە بە پێویست ناوبرا تۆوی گۆڕانکاری و ڕیشەیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی).[1]

❁❁❁

---

١ هەمان سەرچاوە، ل١٥٦.

# سەرچاوەکان


+ المعجم الوسيط/ مجمع اللغة العربية.

+ بناء المفاهيم/ المعهد العالمي للفكر الاسلامي/ دراسة نقدية في الكتاب والقرآن/ محمد شحرور.

+ الخصوصية الحضارية للمصطلحات/ المعهد العالمي للفكر الاسلامي/ تحرير: د. عبدالوهاب المسيري.

+ إشكالية التحيز/ تحرير: د. عبد الوهاب المسيري.

+ بناء المفاهيم/ مفهوم الشرعية/ د. سيف الدين عبد الفتاح.

+ الحضارة. الثقافة. المدنية/ نصر عارف  تقديم: د. طه جابر العلواني.

+ سلسلة المفاهيم/ المعهد العالمي/ نصر محمد عارف.

+ الإسلام والحضارة/ الندوة العالمية للشباب الإسلامي.

+ تأريخ الحضارة الإسلامية والفكر الاسلامي/ أحمد شلبي.

+ معركة الحضارة/ قسطنطين زريق.

+ شجرة الحضارة/ د. رالف لنتون.

+ المدنية/ جورج باستيد.

+ مراكز الحضارة الإسلامية/ د. أبو غنيم.

+ الإسلام والحضارة الغربية/ د. محمد محمد حسين.

+ الحضارة الإسلامية/ د. أحمد شلبى.

+ الحضارة / د. حسين مؤنس.

+ المقدمة/ ابن خلدون.

+ المستشرقون والتأريخ الإسلامي/ د. الخربوطلي  المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية.

+ الحضارة الإسلامية/ د. توفيق الراعي.

+ معالم على طريق تحديث الفكر العربي/ د. معن زيادة.

+ سوسيولوجية الثقافة/ د. الطاهر لبيب.

+ الموسوعة الفلسفية/ د. معن زيادة.

+ الأصول الحضارية للشخصية/ رالف لنتون  ترجمة: د. اللبان.

+ الإنسان في المرآة/ كلاليد كلو كهون  ترجمة: د. شاكر مصطفى.

+ ثلاثي الثقافات والعلاقات الدولية/ جان فريمون  مجلة الفكر العربي المعاصر.

+ لسان العرب والقاموس المحيط.

+ الثقافة، الحضارة/ سلامة موسى  مجلة الهلال.

+ فقه الحضارة/ ول ديورانت – ترجمة: د. زكي نجيب محمود.

+ مناهج الألباب المصرية/ رفعة الطهطاوي.

+ رسالة جديدة فى التمدن/ محمد قدري.

+ التصور الإسلامى للوجود/ د. حسن الحياري.

+ مفهوم التجديد  بناء المفاهيم/ د. سيف الدين عبد الفتاح.

+ فقه التحضر الإسلامى/ د. عمر عبد المجيد النجار.

+ ميلاد مجتمع  شبكة العلاقات الإجتماعية/ مالك بن نبي.

+ سنن قيام الحضارات/ محمد هشور.

+ شروط النهضة/ مالك بن نبي.

+ الإسلام والمدنية الحديثة/ المودودي.

+ الحضارة الإسلامية أسسها ومبادئها/ المودودي.

+ إقتصادنا/ محمد باقر الصدر.

+ التأريخ والمؤرخون/ د. حسين مؤنس.

+ قصة الحضارة/ ول ديورانت  ترجمة: د. زكى نجيب محمود.

+ تدهور الغرب/ شبنجلر.

+ حضارة الغرب/ د. غوستاف لوبون  ترجمة عادل زعيتر  السنن النفسية لتطور الأمم/ غوستاف.

+ الحضارة العربية الإسلامية/ د. عماد الدين خليل.

+ الآثار الباقية عن القرون الحالية/ البيروني  أبو الريحان محمد بن أحمد.
+ الإنجازات العلمية في الحضارة الإسلامية/ د. يوسف محمود.
+ موسوعة الحضارة الإسلامية/ د. محمد أحمد خلف الله.
+ أخبار جابر بن حيان/ لإبن النديم.
+ موسوعة الحضارة العربية الإسلامية/ د. فاضل الطائي.
+ طبقات الأمم/ صاعد الأندلسي.
+ الحضارة الإسلامية في ق٤  تعريب محمد عبد الهادي أبو ريدة.
+ شمس العرب تسطع على الغرب/ في الأصل (شمس الله تسطع على الغرب) تعريب فاروق بيضون، و كمال الدسوقي.
+ أضواء على الحضارة الإسلامية/ السائح.
+ صفة جزيرة العرب/ الهمداني  الحسن بن أحمد  الجغرافية والرحلات عند العرب.
+ أعلام الجغرافيين عند العرب/ د. عبد أحمد حميدة.
+ الإعلان النفيسة/ ابن رستة  اخوان الصفا  الرسائل ج٢ المثلثية التجارية الكبرى.
+ الدراسة التأريخية والمستقبلية في التراث العربي الإسلامي/ أحمد صدقي الدجاني.
+ التأريخ الإسلامي في ضوء أسلمة المعرفة/ اعداد: د. حسن نصر.
+ قضايا اشكالية/ المعهد العالمي للفكر الاسلامي.
+ لمحات في المكتبة والبحث والمصادر/ د. محمد عجاج الخطيب.
+ المكتبات في الإسلام/ د. محمد ماهر حمادة.
+ تأريخ العلوم عند العرب/ د. عمر فروخ وآخرين.
+ مجتمع المدينة في عصر الرسول (صلى الله عليه وسلم)/ عبدالله بن ادريس.
+ الإرادة المحلية الإسلامية/ احسان علي الحلاق  النظرية الوظيفية للعمائر الدينية/ عبدالستار عثمان.
+ ابن هشام / السيرة.
+ الحضارة العربية/ جاك ريسلر  ترجمة غنيم عبدون.
+ الخطط/ المقريزي.

+ كتاب الأصنام/ هشام بن محمد بن السائب الكلبي.

+ التفسير الإسلامي للتأريخ/ عماد الدين خليل.

+ تأريخ العرب المطول/ د. فيليب.

+ الوحدة والتنوع في الحضارة الإسلامية/ تحرير: فونكرو نباوم  ترجمة د. صدقي حمدي.

+ إنسانية الإسلام/ ترجمة: د. عفيف دمشقية.

+ القرآن الكريم والتوراة و الإنجيل (دراسة الكتب المقدسة في ضوء المعارف الحديثة).

+ مختصر دراسة للتأريخ/ ترجمة: فؤاد محمد شبل.

+ الإسلام/ ترجمة: د. خليل الجر.

+ الإسلام على مفترق الطرق.

+ تراث الإسلام: تصنيف شاخت و بوزورث  ترجمة: محمد زهير السمهوري ورفاقه، سلسلة عالم المعرفة.

+ الشرق الأدنى: مجتمعه وثقافته، تحرير: كويلر يونغ، ترجمة: د. عبدالرحمان محمد أيوب.

+ دراسات في حضارة الإسلام.

+ الإسلام والحضارة العربية/ محمد كرد علي.

+ تأريخ العرب: جواد علي/ التاريخ السياسي للدولة العربية: عبدالمنعم ماجد/ معجم البلدان: ياقوت الحموي/ تأريخ اليعقوبي/ الأصنام: للكلبي/ المعارف: لابن قتيبة/ فتوح البلدان: البلاذري.

+ النظم الإسلامية/ الدوري.

+ الأحكام السلطانية/ للماوردي.

+ الوزراء والكتاب/ الجهشياري.

+ السياسة الشرعية/ ابن تيمية.

+ الشورى بين النظرية والتطبيق/ د. قحطان الدوري.

+ الطبقات الكبرى/ ابن سعد.

+ الموافقات/ الشاطبي.

+ الفقه الإسلامي  مدخل الى نظام المعاملات/ د. محمد يوسف موسى.
+ الملكية ونظرية العقد/ أبو زهرة.
+ عمر بن الخطاب وأصول السياسة الإدارية/ سليمان الطماوي.
+ مقومات الإقتصاد الإسلامية/ عبد السميع المصري.
+ الخراج والنظم المالية/ أبوعبيد  الخراج: لأبي يوسف.
+ السياسة الاقتصادية في اطار النظام الإسلامي/ المعهد الإسلامي للبحوث والتدريب وقائع ندوة.
+ الرقابة المالية في الإسلام/ د. عوف الكفراوي.
+ الإدارة العامة/ د. سيد الهواري.
+ مباديء علم الإدارة/ د. الطمادي.
+ مباديء القانون الإداري/ د. ثروة بدوي.
+ دراسات في القانون المقارن/ د. محمد طبلية.
+ نظرية الإدارة في الإسلام  د. أحمد ابوسن/ التنظيم بين الإدارة الإسلامية والإدارة العامة  د. فرناس البنا/ التنظيم الإداري في الفكر الإسلامي  د. ابو ركبة/ التنظيمات الإدارية في الإسلام  محمد جاهين/ الفكر الاداري الإسلامي المقارن  د. حمدى أمين عبد الهادي.
+ القيادة الإدارية في الإسلام/ عبد الشافعي أبو الفضل.
+ العقد الفريد/ ابن عبد ربه الأندلسي.
+ المسند/ الإمام أحمد بن حنبل.
+ في ظلال القرآن/ سيد قطب.
+ جواهر البخاري وشرح القسطلاني/ للأستاذ مصطفى محمد عنارة.
+ عبقرية الصديق/ عباس محمود العقاد.
+ الوزراء والكتاب/ الجهشياري.
+ تأريخ الطبري/ الطبري.
+ أخبار عمر/ الطنطاويان/ مناقب عمر، ابن الجوزي.
+ العراق في عهد الحجاج/ د. عبد الواحد ذنون طه/ عيون الأخبار، ابن قتيبة.

+ سيرة عمر بن عبد العزيز/ ابن عبد الحكيم أبومحمد عبدالله.
+ بدائع السلك في طبائع الملك/ ابن الأزرق.
+ لطف التدبير/ الأسكافى.
+ أجهزة الرقابة الإدارية الخارجية على أعمال الإدارة في الدولة الإسلامية/ د. سعيد الحكيم.
+ اللؤلؤ والمرجان/ محمد فؤاد عبد الباقي.
+ دليل التأريخ والحضارة/ عماد الدين خليل وحسن الرزو.
+ أزمة العقل المسلم/ د. عبدالحميد سليمان.
+ مقال في العدل الاجتماعي/ عماد الدين خليل.
+ ابن خلدون اسلاميا/ عماد الدين خليل.
+ تأريخ الإسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي/ د. حسن إبراهيم حسن.
+ واقعنا المعاصر/ محمد قطب.
+ ملامح الإنقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبد العزيز/ عماد الدين خليل.
+ الحسن بن موسى النوبحتي، فرق الشيعة/ عبد القاهر البغدادي.
+ خصائص التصور الإسلامي ومقوماته/ سيد قطب.
+ المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم/ محمد فؤاد عبد الباقي.
+ عمدة القاريء في شرح صحيح البخاري/ لبدر الدين العيني.
+ كتاب الطبقات الكبير/ ابن سعد، ٨٤٤م.
+ الديارات/ ابوالحسن على بن محمد، ٩٩٨م.
+ الملل والنحل/ الشهرستاني، ١١٥٣م.
+ نكت الهميان في نكت العميان/ صلاح الدين خليل، ١٣٦٣م.
+ تأريخ الرسل والملوك/ الطبري، ٩٢٣م.
+ العواصم من القواصم/ القاضي أبوبكر، ١١٤٨م.
+ الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ١٤٤٨م.
+ دائرة المعارف العثمانية/ حيدر آباد الدكن، ١٣٤٩هـ.
+ فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة/ ابو حامد الغزالي، ١١١١م.

+ صبح الأعشى في صناعة الإنشاء/ القلقشندي، ١٤١٨م.

+ البداية والنهاية/ ابن كثير، ١٣٧٢.

+ التنبيه والإشراف □ مروج الذهب ومعادن الجوهر/ المسعودى، ٩٥٧ ١م.

+ نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب/ أحمد بن محمد التلمساني، ١٦٣١م.

+ الخطط المقريزية/ تقي الدين أحمد، ١٤٤١م.

+ فرق الشيعة/ الحسن بن موسى، ٨١٧م.

+ نهاية الأدب في فنون الأدب/ شهاب الدين أحمد النوبري، ١٣٣١م.

+ تهذيب سيرة ابن الهشام/ لعبد السلام هارون، ٨٣٣م.

+ مغازي رسول الله/ محمد بن عمر الواقدي، ٨٢٢م.

+ معجم البلدان/ ياقوت الحموي، ١٢٢٩م.

+ تأريخ اليعقوبي/ أحمد بن واضح اليعقوبي، ٨٥٩م.

+ الدعوة الى الإسلام/ أرنولد: سير توماس □ ترجمة وتعليق: د. حسن ابراهيم حسن ورفاقه، ١٩٧١م/ تراب الاسلام، اشراف ارنولد، تعريب: جرجيس فتح الله، ١٩٧٢.

+ العلم عند العرب وأثره في تطور العلم العالمي/ الدوميلى، ترجمة: د. محمد يوسف موسى، ود. عبدالحليم النجار، ١٩٦٢م.

+ ضحى الإسلام/ أحمد أمين، ١٩٥٦م.

+ الفكر العربي ومركزه في التأريخ/ اوليرى، ترجمة: إسماعيل البيطار، ١٩٧٢م.

+ دراسات في تأريخ فلسطين في العصور الوسطى/ بارتولد، ترجمة: عزيز حداد، ١٩٧٣.

+ تأثير الفلسفة الإسلامية في تطور الفكر الأوروبى/ أرنست بانرث، محاضرة القيت في الموصل عام، ١٩٥٥م.

+ عصر الخلفاء الراشدين/ د. عبدالحميد بخيت، ١٩٦٥م.

+ الإسلام في المغرب والأندلس/ ليفى بروفنسال، ترجمة: د. محمود عبد العزيز ومحمد صلاح حلمي: بدون تاريخ.

+ تأريخ الشعوب الإسلامية/ كارل بروكلمان، ترجمة: فارس والبعلبكي، ١٩٦٥م.

+ إنسانية الإسلام/ مارسيل بوازار، د. عفيف دمشقية، ١٩٨٠م.

+ القرآن الكريم والتورات والإنجيل/ موريس بوكاى، دراسة الكتب المقدسة في ضوء المعارف الحديثة، ١٩٧٨م.

+ أهل الذمة في الإسلام/ أرثر ستانلى، ترجمة وتعليق: د. حسن حبشي، ١٩٦٧م.

+ صفحات مشرقة في الحضارة العربية/ كاظم التميمي، ١٩٨١م.

+ مختصر دراسة للتأريخ/ أرنولد توينبي، ترجمة: فؤاد محمد سبل، ١٩٦٠ – ١٩٦٥م.

+ الإتجاهات الحديثة في الإسلام/ سير هاملتون، تعريب: جماعة من الاساتذة الجامعيين ١٩٦١م.

+ الإسلام وحركة التأريخ/ أنور الجندي، ١٩٦٨م.

+ من تأريخ الحركات الفكرية في الإسلام/ بندلى جوزي. بدون تاريخ.

+ الإسلام منهج حياة/ فيليب حتى وزملائه. تعريب، د. عمر فروخ، ١٩٦٥م.

+ انتشار الإسلام في القارة الافريقية/ د. حسن ابراهيم، ١٩٦٤م.

+ مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة،١٩٨٧م.

+ الرسول القائد/ محمود شيت خطاب، ١٩٦٠م.

+ حملة رسالة الإسلام الأولون/ محب الدين الخطيب، ١٩٧٣م.

+ الثقافة الإسلامية والحياة المعاصرة/ جماعة من الباحثين، جمع وتقديم: محمد خلف الله، ١٩٦٢.

+ عماد الدين خليل/ آفاق قرآنية ١٩٨٢م – الأمارات الأرتقية في الجزيرة والشام،١٩٨٠م – دراسة في السيرة، ١٩٩٧م – دليل التأريخ والحضارة في الأحاديث النبوية الشريفة، بالإشتراك مع المهندس حسن الرزو، ١٩٩٩م – في التأريخ الإسلامى، فصول في المنهج والتحليل ١٩٨١م – قالوا عن الإسلام، الندوة العالمية للشباب، ١٩٩٢م – المستشرقون والسيرة النبوية. بحث مقارن في منهج المستشرق البريطاني المعاصر مونتغمري وات١٩٨٩م – مقال في العدل الاجتماعي، مؤسسة الرسالة، ١٩٨٤م – المقاومة الإسلامية للغزو الصليبى، عصر ولاة السلاجقة في الموصل، ١٩٨١م – ملامح مأساتنا في أفريقيا، ١٩٨٨م.

+ القوميات والدولة السوفياتية/ هيلين كارير دانكوس، ترجمة: هنري عبودي، ١٩٧٢م.

+ حياة محمد/ اميل درمنغهم، ترجمة: عادل زعيتر، ١٩٤٩م.

+ سيرة الرسول، صور مقتبسة من القرآن الكريم/ محمد غزة دروزة، ١٩٦٥.

+ تفسير التأريخ، د. عبدالعزيز الدورى وزملائه، ١٩٦٣م  الجزور التأريخية للشعوبية، ١٩٦٢م  مقدمة في التأريخ الإقتصاد العربي، ١٩٦٩م.

+ قصة الحضارة/ ول ديورانت، ترجمة: محمد بدران وآخرين، ١٩٦٤  ١٩٦٧م.

+ تأريخ الحروب الصليبية/ ستيفن رنسيمان، ترجمة: السيد الباز العريني، ١٩٦٧  ١٩٦٨م.

+ مناهج العلماء المسلمين في البحث العلمي/ فرائز روز نثال، ترجمة: د. أنيس فريحة، ١٩٦١م.

+ الحضارة العربية/ جاك ريسلر، ترجمة غنيم عبدون، بدون تاريخ.

+ الدولة الأموية: دولة الفتوحات الجزء الثامن من مشروع العلاقات الدولية في الإسلام/ د. علاء عبدالعزيز ابوزيد، ١٩٩٦م.

+ تأريخ العرب منذ ظهور الإسلام حتى سقوط الدولة الأموية/ السيد عبدالعزيز سالم، بدون تاريخ.

+ الشعوبية: حركة مضادة للإسلام والأمة العربية/ د. عبدالله سلوم السامرائي ١٩٨١م.

+ حاضر العالم الاسلامي/ لوثروب ستودارد، ترجمة: عجاج نويهض، ١٩٧١م.

+ الإسلام/ دومينيك سورديل، ترجمة: د. خليل الجر، ١٩٧٧م.

+ تاريخ العرب العام/ ل. م. سيديو، ترجمة عادل زعيتر ١٩٤٨م.

+ تراث الإسلام/ جوزيف و. س، ترجمة: محمد السمهوري و زملائه، سلسلة عالم المعرفة، ١٩٧٨م.

+ التأريخ الإسلامي، العهد الأموي/ محمود شاكر، ١٩٨٢م.

+ العالم الاسلامى في العصر العباسي/ د. أحمد ابراهيم الشريف ١٩٦٦م  مكة والمدينة في الجاهلية وعصر الرسول، ١٩٦٥م.

+ التأريخ الإسلامي والحضارة الإسلامية/ د. احمد شلبي، ١٩٦٦م.

+ الجزري رائد التطبيق الميكانيكي/ د. جلال شوقي، ١٩٧٣م.

+ العلوم عند العرب/ قدري حافظ طوقان، سلسلة الألف كتاب، بدون تاريخ.

+ الحركة الصليبية / د . سعيد عبد الفتاح عاشور، ١٩٦٣م.

+ التأثيرات الأندلسية العسكرية على اللغة الإسبانية والجانب الحربي الاسباني/ د. محمد بشير العامري، ١٩٩٢م.

+ المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم/ محمد فؤاد عبد الباقي، ١٣٦٤هـ.

+ دراسات في تاريخ العلوم عند العرب/ حكمت نجيب، ١٩٧٧م.

+ الحدود الاسلامية البيزنطية بين الاحتكاك الحربي والإتصال الحضاري، بدون تاريخ.

+ الشرق الأوسط والحروب الصليبية/ د. السيد الباز العريني، ١٩٦٣م.

+ أثر العرب في الحضارة الأروبية/ عباس محمود العقاد، ١٩٦٠.

+ الإسلام والحضارة العربية/ محمد كرد علي، ١٩٦٨م.

+ تراجم الاسلام/ محمد عبدالله عنان، ١٩٧٥ □ مواقف حاسمة في تاريخ الاسم ١٩٦٢م □ نهاية الأندلس وتاريخ العرب والمنتصرين، ١٩٥٨م.

+ في سبيل حوار الحضارات/ روجية (رجاء) غارودي، ترجمة: د. عادل العوا ١٩٨٢ □ وعود الاسلام، ترجمة: ذوقان قرقوط، ١٩٨٤م.

+ لصيد التاريخ/ هنرى غوسية، ترجمة: محمد خليل باشا، بدون تاريخ.

+ جوهر الحضارة الاسلامية/ د. إسماعيل الفاروقي ١٩٨٩م.

+ دفاع عن الاسلام/ لورافيشيا فاغ ليرى، ترجمة: منير البعلبكي ١٩٧٦م.

+ تاريخ الدولة العربية وسقوطها/ يوليس فلها وزن، ترجمة: د. محمد عبدالهادي ابوريدة ١٩٦٨م.